نووسەری کورد 2008

2008-04-19

# مێژووی ئەدەبیاتی جیهان

# ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان

# ( ئەمریکا و ئینگلستان )

**تاريخ ادبيات جهان (جلد دوم)**

**باكنر ب.تراويك / عربعلى رضايي**

**چاپ اول:** 1373

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە**

**حەمە کەریم عارف**

2007

## پێڕست:

**بەشی یەکەم**

**ئەدەبیاتی ئەمریکا:**

1- قۆناغی مهاجیرنشینی (1607- 1763)
سەدەی هەژدەیەم: رۆشنگەری
2- قۆناغی شۆڕشی (1763- 1810)
هۆزان
شانۆنامەو رۆمان

3- قۆناغی رۆمانتیك (1810- 1865)
قوتابخانەی نیكربوكرز
هۆزان
رۆمان
شانۆنامە
مێژوو
بەرزی خوازی
براهمەنەكانی ئینگلستانی نوێ
والت ویتمن

4- قۆناغی سەركەوتنی ریالیزم (1865- 1914)
بزووتنەوەی مۆركی ناوچەیی
نووسەرانی لایەنگری بزاڤی مۆركی ناوچەیی لە رۆژئاوا
نووسەرانی لایەنگری بزاڤی مۆركی ناوچەیی لە باشوور
نووسەرانی لایەنگری بزاڤی مۆركی ناوچەیی لە ئینگلستانی نوێ.

سەردەمی زێڕین: محافەزەکاری و بت شکێنی
ریفورم خوازان، مێژوو نووسان، فەیلەسوفان
دیموکراسیەت و بەشەریەت.
سوننەت و یاخی بوون لە شیعردا
ناسیونالیزم و ئەنتەرناسیونالیزم
شانۆنامەنووسان.

5- سەدەی بیستەم (1914- 1917)
رۆماننووسان و نووسەرانی کورتە چیرۆك
شاعیران
شانۆنامەنووسان

بەشی دووەم
ئەدەبیاتی ئینگلیز:

6- ئەدەبیاتی کۆنی ئینگلیزی (600پ. ز- 1066 ز)
7- ئەدەبیاتی ئینگلیزی ناڤین (1066ز- 1485ز)
8- رینیسانس و سەردەمی ئیلیزابت (1485- 1625)
هۆزان
پەخشان
شانۆنامە

9- سەدەی هەڤدەیەم (1625- 1700)
شیعری کاڤالیرەکان و پیرایشگەران
پەخشانی کاڤالیرەکان و پیرایشگەران
شیعرو درامای سەردەمی گەڕانەوە
پەخشانی سەردەمی گەڕانەوە.

10- سەدەی هەژدەیەم (1700- 1798)
سەردەمی پۆپ: شیعر
سەردەمی پۆپ: پەخشان
سەردەمی جونسون: پەخشان
شیعری بەر لە رۆمانتیك

11- سەدەی نۆزدەیەم:

**سەردەمی رۆمانتیك** ( 1798- 1832 )

**هۆزان**

**پەخشان**

**رۆماننووسان**

12- سەردەمی **ڤیكتۆریا** (1832- 1900)

**شاعیرانی سەردەمی ڤیكتۆریا**

**رۆماننووسانی سەردەمی ڤیكتۆریا**

**رۆماننووسانی دیكە**

**پەخشاننووسان**

13- سەدەی بیستەم:

**شاعیرانی سەدەی بیستەم**

**شاعیرانی دیكە**

**رۆماننووسانی سەدەی بیستەم**

**رۆماننووسانی دیكە**

**شانۆنامەنووسانی سەدەی بیستەم**

**پاشكۆ:**

**براوەكانی خەڵاتی نۆبڵ.**

**سلێمانی** 2007/11/2

**حەمە كەریم عارف**

((1))

# قۆناغی مهاجیرنشینی

## 1763 -1607

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

**مێــژووی وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا بــە دۆزینــەوەی ئــەمریکا لەلایــەن کریســتوف کولومبیستەوە"1" لە ساڵی 1492دا، دەست پێدەکات، کۆلومبس بەدەم گەڕانەوە لە رێگەیەکی ئاوی بەرەو رۆژهەڵاتی دوور، گەییە دورگەکانی باهامای ئەمڕۆکە.**

**کۆلومبس ئەم دورگانەی ناونا سەن سالڤادور (فریاڕەسی پیرۆز)، و دانیشتووانی ئەوێندەری بەهندی ناوبرد، چونکە وایدەزانی ئەم دورگەیە یەکێکە لە دورگەکانی هندوستان. لە ساڵی 1497دا ئامریگۆڤیسپوچی"2" گەییە سەر زەمینی ئەسڵی ئەمریکاو یەکەم کەس بوو کە زانی وڵاتێکی تازە دۆزراوەتەوە، و ئەم وڵاتە بە ناوی ئەوەوە ناونرا ئەمریکا. لە هەمان ساڵدا جون کابوت (1450– 1498)ی دەریاوانی ئیتاڵیایی نەژادی ئینگلیزی گەییە کەنارەکانی باکووری ئەمریکاو کەنەدا ئەم دەریاوانە لە دۆزینەوەکانی ئەمریکادا پێشەنگو سەرقافڵەی ئینگلیزەکان بوو. لەساڵانی دواترا دەریاوانانو گەشتیارانی وەکو فەردیناند ماجەلان"3"و جاك کارتیە"4"، و هرنانـدو دی سـوتۆ"5" ناوچـەیەلێکی دیکـەی ئـەمریکایان دۆزییـەوە. یەکـەمین کۆلـۆنی هەمیشەیی ئەوروپایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمرۆدا لە ناوچەی سەنت ئوگوستین (فلۆریدای ئێستا) لە ساڵی 1565دا دامەزرا. لە ساڵی 1607دا یەکەمین کۆڵۆنی هەمیشەیی ئینگلیزی لە جیمزتاون (ڤیرجینیا) دروست کرا، و ساڵی دواتر یەکەمین کۆڵۆنی فەرەنسی لە کبیك (کەنەدا) دامەزرا.**

**لـە سـاڵی 1620شـدا ئاوارەکـان"6"، دووەمـین کۆڵـۆنی هەمیشـەیی ئینگلیزییـان لـە بلیمـوت (ماساچوست) دامەزراند. زۆر مهاجیرنشینی دیکە بەریز لەم ساڵانەدا دامەزرا، لە ساڵی 1630 لە بۆسنی ئەمڕۆ، لە 1634 لە مریلاند، لە ساڵی 1635 لە کونکتیکت، لە 1636 لە رۆدئایلاند، لە 1638 لـە دیـلاوەر، نیوجەرسـی و نیویـورك، لـە 1670 لـە کارولینـای باشـوور، لـە 1681**

لەپەنسیلڤانیا، و لە ساڵی 1732دا سێزدەمین مهاجیرنشین لە جۆرجیا دامەزرا. بەمجۆرە دامەزراندنی کۆڵۆنییە ئینگلیزییەکان تەواو بوو.

بەرە بەرە ریفۆرمخوازانی هەلاتوو لە وەزعوحاڵی شەپڕێوی ئاینی و رامیاری ئینگلستان، فەڕەنسەویانی ناڕازی لە ستەمی هۆگونۆتەکان"7"، بێکاران و سەرکێشانی ولاتانی دیکەی ئەوروپا بە هێڤی ژینێکی چاکتر روویان کردە ولاتە یەکگرتووەکان. لە هەر هەموو مهاجیرنشینەکان (کۆڵۆنی) کاری کشتوکاڵی و بازرگانی رەواجی پەیدا کرد، رێکخراوێن پارلەمانی چێ بوون، و باوەڕ بوون بە پەروەردەو فێرکردن، بووە مایەی دامەزراندنی دام و دەزگای فێرکاری بالای وەکو هارڤەرد (1636)، ییل (1701)، پرینستون (1747)، و کینگز کۆلیج (1754، زانستگەی کولومبیای ئێستا).

لە ساڵی 1643دا، مهاجیرنشینەکانی کەنداوی ماساچۆست، پلیموت، کونکتیکت، و نیوهەڤن بە مەبەستی یەکخستنی ئاوارەکان و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش،یەکێتییەکیان بە نێوی ئیئتیلافی ئینگلستانی نوێ دامەزراند. یەکێ لە ئاکام و ئەنجامەکانی ئەم ئیئتیلافە، سەرکەوتنی ئاوارەکان بوو لە جەنگی خوێناوی ناسراو بە جەنگی شا فیلیپ (1675– 1676)، کە لە ئەنجاما فیلیپ (لەنێوان 1639– 1676)ی رابەری هیندییەکان کوژراو ژیانی خێڵەکیانەی هندییەکان لە باشووری ئینگلستانی نوێ کۆتایی هات.

لە ساڵی 1754دا نوێنەرانی حەوت کۆڵۆنی باکووری، کۆنگرەیەکیان بە مەبەستی یەکێتییەکی هەمیشەیی، لە ئەلبانیادا بەست، کە شکستی هێنا، لەم بارودۆخەدا، ئەسپانییەکان، فەڕەنسییەکان، ئینگلیزەکان، هۆڵەندییەکان و سوێدییەکان هەر یەکەیان چاویان بڕی بووە پارچەیەکی ئەمریکای باکوور، و ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوانیانا. بە هەر حاڵ هەڤرکی راستەقینە لە نێوان ئینگلستان و فەڕەنساو (هندییە هاوپەیمانەکانی) لە ئەمریکای باکوور لە سالانی 1689– 1763) روویدا، گرنگترین شەڕێن ئەم زنجیرە شەڕە، بەریز ئەمانە بوون: جەنگی شا ویلیام (1689– 1697)، جەنگی شابانۆ ئان (1702– 1713)، جەنگی شا جۆرج (1744– 1748)و جەنگی فەڕەنسادا بوو. جەنگی ئیستیعماری نێوان ئینگلستان و فەڕەنساو هندە سورەکان (1754– 1763). ئەم جەنگەی دواییان کە ئەنجام بەرەو ئەوروپا کشا، بە قۆناغی ئەمریکایی شەڕی حەوت ساڵە دێتە ژماردن. ئەم جەنگە کە لە نێوان ئینگلیزەکان و مهاجیرنشینەکان لەلایەک و، فەڕەنسییەکان و هندە هاوپەیمانەکانی لەلایەکی دیکەوە روویدا. بەوە شکایەوە. کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر کیبیك دا گرت. لە ئەنجام دا بەپێی پەیماننامەی پاریس (1763) فەڕەنسییەکان دەستیان لە کەنەداو ناوچەکانی رۆژئاوای ئەمریکای باکوور هەڵگرت و دەسەلاتی ئینگلیز بەسەر ئەمریکای باکووردا چەسپی و بڕایەوە.

## نۆڕینێکی گشتی:

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی نزیکەی سەدەو نیوێك بریتی بوو لە کۆمەڵێك مهاجیرنشینی (کۆڵۆنی) پەڕاگەندە بەسەر کەنارەکانی رۆژهەلاتی ئەمریکای باکورا، ئەدەبیاتی

ئەمریکاش لە سەرەتادا ئەدەبیاتی مەهجەر بوو کە دەربارەی خەون بینین بە دنیای نوێوەو ئەو هەوڵو کۆششانە بوو کە لە پێناوی ناساندنو ناسینی ئەو دنیا نوێیە دەدران. ئەم ئەدەبیاتە لەلایەن ئینگلیزانێکەوە دەنووسرا، کە ئینگلیزیانە بیریان دەکردەوەو بە ئینگلیزی دەیاننووسی. وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بوو بە کۆڵۆنی ئینگلیزەکان، زمانەکەی ئینگلیزی بوو، و رەگو ریشەی ئەدەبیاتەکەشی لە دابو نەریتی ئینگلیزی دابوو. لێ ئەمرۆکە ئەدەبیاتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە ئەدەبیاتێکی نەتەوەیی تایبەت دەزانرێ، کە بە هێزی، راشکاوی، حەنەکچیاتی، وردبینی، و دیالۆگ ئامێزی، لە تایبەتمەندییەکانیەتی.

ئەدەبیاتی سەرەتای ئەمریکا لەسەر بنەمای پراگماتیو پێشڤەبرنی ئارمانجێن وەخت رۆنرا بوو، و واریقاتنامە، راپۆر، بیرەوەری، نامە، ئامۆژگاری مەزەبی، مێژوو و هۆزانی لە خۆ دەگرت. مەبەستی خاوەنی ئەم بەرهەمانە، نیشاندانی چەند وێنەو نموونەیەك بووە لە سەرکەوتنەکانی مهاجیرنشینەکانو پاکانە کردن بۆ مەرام و کردارەکانیان تا لەم رێگەیەوە ببێ بە رێنوێنیێ بۆ مهاجیرانی ئایندەش، زۆربەی نووسینە کۆنەکانی مهاجیرنشینان دەربارەی ئینگلیستانی نوێیە. لە باشورا، ئەو سەرکێشانەی کە لە جیمزتاون نیشتەجێ بوون (1607)، لە رووی توانا، کنەکاری، و دیدی جیهانییەوە، نموونەی نەوعی ئینگلیزانی سەردەمی ئیلیزابت بوون. ئەوانە دەربارەی نا هەمواریەکان، شتە تازەکان، و هندە سورەکان بە جۆشو خرۆشەوە دەشیعرێنو دەیاننووسی، پەخشانیان بەهێز، وەستایانە، و زندووبوو، بەڵام شیعری پڕ لەخۆ هەڵکێشانو موبالەغە ئامێزیان بێ هەوێنو مایە بوو.

<u>**جۆن سمیت** (1579– 1631):</u>

بە مێژوونووسو ریوایەتبێژێکی بە توانا، دامەزرێنەری ئەدەبیاتی ئەمریکا دەزانرێ. گەنجایەتییەکی پڕ لەسەر کێشی هەبوو. لەمەجەرستانا دژی ترکە عوسمانییەکان بەشداری شەڕی کردو یەخسیر بوو، جارێکیش لەلایەن تیرەیەکی هندەوە دەستگیر کرا، کە بە یارمەتی پوکهانتس (کیژی سەرۆکی تیرەی نێوبراو) ئازاد بوو. جۆشو خرۆشی وی بۆ سەر زەمینی نوێ لە کتێبی (شرۆڤەی راستەقینەی ئەو رووداوو واریقاتانەی کە لە ڤێرجینیا روویان داوە... (لەندەن 1608) هاتۆتە نیشاندان. ئەم بەرهەمە کە بە یەکەمین کتێبی ئەدەبیاتی ئەمریکا دەژمێردرێ راپۆرتێکی راشکاوانە، وردو تازە لەمەڕ جێگیر بوونو ئاکنجی بوونی ئینگلیزەکان لە جیهانی نوێدا، نیشاندەدات.

سمیت بەرهەمی جۆراو جۆری دەربارەی مهاجیرنشینانی ئینگلیزی لە ئەمریکا، و سەفەرەکانی خۆی نووسیوەو هەوڵیداوە ئینگلیزەکان بە ئەگەری دامەزراندنی کۆڵۆنیان لە دنیای تازەدا شارەزاو ئاشنا بکات. وەسفی ئینگلستانی نوێ (1616)، مێژووی گشتی ڤێرجینیا، دورگەکانی سامر، و ئینگلستانی نوێ (1623)و سەفەرە راستەقینەکان (1629) لە جوملەی بەرهەمەکانی ئەون.

**وليليام براد فۆرد** (1588– 1657):

لەو ئاوارانە بوو کە لە ساڵی 1620دا بۆ ئەمریکا چوون، و لە پلیموت (ماساچوست)دا دووەمین مهاجیرنشینی هەمیشەیی ئینگلیزیان دامەزراند. (مێژووی کشتوکاڵی پلیموت– 1856) شاکاری ئەوە، گێڕانەوەیەکی سادەو ڕەوانە دەربارەی سەرکەوتنی ئاوارەکان، و سەرچاوەیەکی ڕەسەنی زانیارییە لەمەڕ مهاجیرنشینەکانی ئەوێ. ئەم بەرهەمە بە گرنگترین کتێبی ئاوارەکان دەژمێردرێ.

## ریفۆرمخوازان

ڕاپەڕینی ریفۆرمخوازی (puritans)، کە تێکەڵەیەك بوو لە بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئەخلاقی، و ئاینی باو لە نێو پروتستانەکانی ئینگلستاندا، لە سەردەمی پاشایەتی ئیلیزابێتی یەکەمداو بەمەبەستی ڕزگارکردنی کلێسا لە کۆتو بەندی خورافاتو هەندێ ڕێسای عیبادەتکاریو دەسەڵاتی کەشیشان دەستی پێکرد، و لەوێندەرەوە بۆ ئەمریکا ڕۆیی. ریفۆرمخوازان کە لە ساڵی 1630دا کۆلۆنی کەنداوی ماساچوست–یان دامەزراند، لە کاروباری ئاینیدا زۆر سەختگیر بوون. کە ماڵو ئارامی کۆمەڵگەیان لە جێگیر بوونی دەسەڵاتی خواییدا دەبینییەوەو کاریان بۆ دروست کردنو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك دەکرد لەسەر بنەمای یاساکانی کتێبی مقەدەس. ریفۆرمخوازان لە نووسینەکانیاندا دەقی کتێبی مقەدەسیان ڕەچاو دەکرد، و کتێبی مقەدەس هەم سەرمەشقی یاساکانیان بوو و هەم سەر مەشقی شێوازی ئەدەبی وشكو سادەی وان بوو.

## پەخشانی ریفۆرمخوازان

**جۆنو ینتروپ** (1597– 1670):

دیارترین نووسەری ریفۆرمخوازانو یەکەمین حوکمڕانی ماساچوست بوو. گەورەترین بەرهەمی وی جۆڕناڵە کە لە ساڵی 1790دا بە زنجیرەو بەش بەش بڵاوی کردەوەو لە ساڵی 1826دا بە تەواوەتیو لە ژێر سەرناوی (مێژووی ئینگلیستانی نوێ لە 1630 تا 1649) بڵاوبووەوە. وینترۆپ لەم کتێبەدا باسی مێژوو، خواناسی، سیاسەت، ئابووری، و ژیانی ڕۆژانە دەکاتو دانیشتوانی کۆلۆنی کەنداوی ماساچوست و خەونەکانیان وێنە دەگرێت.

**ناتانیل وارد** (1578– 1652):

دەرچووی زانستگەی کمبریج بوو، لە ساڵی 1634دا چوو بۆ ئەمریکاو بوو بە کەشیشی شاری ئیپسویچ (ئاگاوامی جاران). خاوەنی یەکێك لە نایابترین بەرهەمی ریفۆرمخوازانو خۆشترین

بەرهەمی سەدەی هەڤدەیەمە بە ناوی (پینەدۆزی ساویلکەی ئاگاوام– لەندەن1647). ئەم کتێبە ئیعترازنامەیەکە دژی گیانی لێبوردەیی، مۆدەی ژنان و قژی درێژی پیاوان. شێوازی وارد راستگۆیانە، حەنەك ئامێز، کینایەدار، بەهێزو، یەجگار رازاوەیە.

<u>روجەر ویلیامز</u> (دەوروبەری 1604– 1683):

لە هەوەڵین دانیشتوانی ئینگلستانی نوێ، و دامەزرێنەری کۆڵۆنی رود بوو، لە زنجیرە وتاریکی جەدەلی دا (1643 تا 1652) کەوتە بەرەڤانی لە چەمکێن مینا جیابوونەوەی کلێساو حکومەت (جیابوونەوەی ئاین لە سیاسەت)، لێبوردەیی لە هەنبەر باوەڕێن مەزەبی جیاواز، سپاردنی دەسەڵات بەگەل. یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی ویلیامز (کلیلێك بۆ زمانی ئەمریکا– 1643)یە، بەرهەمێکی دیکەی (جەزمیاتی زاڵمانەی تاقیبو ئازاری ئاینی– 1644)ە کە گفتوگۆیەکی نێوان (ئاشتی) و (حەقیقەتە). شێوازی وی وەستایانەو رازاوەیە بەڵام تاقەتبەرە.

وەعزو ئامۆژگاری وەعزدا دەرانی ریفۆرمخوازان بەشی سەرەکی ئەدەبیاتی ئینگلستانی نوێی ئەم قۆناغە پێك دەهێنن. یەکێك لەم وەعزانە، کە پاش بڵاوبوونەوە دەکەوتە بەر دەستی جەماوەری خەڵك، (جەزمیاتی زاڵمانەی مەحو بووە– 1647)ی بەرهەمی جۆن کووتن (1584– 1652)ی واعیزو رۆحانی خەڵکی بۆستن–ە. لە نووسەرە واعیزەکانی دی دەکرێ، ئاماژە بۆ ئەندامانی خانەوادەی ماتر بکرێ، واتە ریچارماتر (1596– 1669)، ینکریس ماتر (1639– 1723)، و کووتن ماتر (1663– 1728).

ریچارد واعیزی دورچستر (ماساچوست) بوو و چەند نووسینێکی لەمەڕ هونەری وەعزو بەلاغەت نووسی. ئینکریس–ی کوڕی، کەشیشی "کلێسای باکوور" بوو لە بۆستن، کە شازدەساڵیش سەرۆرکایەتی هارڤاردی لە ئەستۆ بوو. جگە لە وەعزە کورتو راشکاوەکانی، کۆمەڵە رووداوێکی غەریبی لەژێر سەر ناوی (نامەیەك بۆ تۆمارکردنی بەرهەمە دیارەکانی مەشیەتی خوایی– 1684) بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1900دا کتێبی (بیرەوەرییەکانی) بڵاوبووەوە. کووتن–ی کوڕی ینکرس، کە لە نەیارانی سەر سەختی کۆیلایەتیو نووسەرێکی مرۆڤدۆستو خاوەنی بەرهەمێکی فرە بوو، نزیکەی چوار سەدو پەنجا بەرهەمی جیاوازی نووسیوە. گرنگترین بەرهەمی وی لە ژێر سەرناوی (بەرهەمێن گەورەی مەسیحی ئەمریکا یان مێژووی کلێسای ئینگلیستانی نوێ لە 1620 تا 1689)یە– 1720، لەو بەرهەمەدا شوێنەواری مەشیەتی خوایی لە ئینگلیستانی نوێو لە ژیانی شەست کەسایەتی گەورەی ئەو سەر زەمینەدا وێنە دەگیرێت. یەکێك لە بەرهەمەکانی دیکە کووتن کتێبکە دەربارەی ئەنگێزەی بەشەر دۆستی لە ژێر سەر ناوی (بونی فاسیوس– Boni facius – 1701)، هەروەها کتێبێکی دیکەش دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان زانستو ئاین لە ژێر سەر ناوی (فەیلەسوفی مەسیحی– 1721).

بە کورتی، زۆر نووسەر باسی ژیانی کۆچەرنشینانیان کردووە: جۆن هاموند (1635– 1650)، لیەو راحێل، یان دوو خوشکی کارامە، ڤیرجینیاو مەریلاند (1656)ی نووسیوە، و دانیل دنتون (لە دەوروبەری 1696دا مردووە) وەسفێکی گشتی نیویورك (1670)ی نووسیوە. ماری

رولاندسن (1635– 1678)، خانمی ریفۆرمخواز، واریقاتی ئەسارەتی خۆی بە دەستی هندە سورەکان لە کتێبی (دەسەڵاتو چاکی خوا – 1682)دا تۆمار کردووە. ئەو لەم بەرهەمەدا کە ئاوێتەیە کە لە وەعزو رۆمانو سەربوردە، بە ئینگلیزییەکی باو، ژیان سورپێستان وێنە دەگرێت.

**سمیوئیل سیوال (1652– 1730):**

یادداشت نووسێکی ریفۆرمخواز بوو، لە ریزی پێشەوەی ئەو نووسەرانە بوو کە دژی کۆیلایەتی کەوتە خەبات، و گوتاری "فرۆشتنی یوسف– 1700"ی لەم بارەیەوە بلاوکردەوە، بەرهەمێکی دیکەی وی لە ژێر سەر ناوی (بیرەوەرییەکانی سمیوئیل سیوال دایە: 1674– 1729) کە لە ساڵانی 1878 تا 1882 دا بلاو بووەوە، ئەم بەرهەمە بریتییە لە رۆژانە رووداوان، پوختەی وەعزان، هەستو سۆزەکانی نووسەر.

## هۆزانی ریفۆرمخوازان

هۆزانگەلێکی فرە لە قۆناغی کۆچەرنشینی دا گوتران، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان نایابو بەرجەستە بوون. شاعیرانی ریفۆرمخواز پتر روو لە میتافیزیکا بوون. سەنعەتە جوانکارییەکانی وەکو قەلبو جیناس باو بوو، بەها ئەخلاقییەکانیان لە بەها ئەدەبییەکان بە گرنگتر دەژمارد. لە راستیدا نێوەرۆکیان مەبەست بوو نەك فۆرم، لە خەمی رازانەوەدا بوون، نەك جوانی.

**جون ویلسن (دەوروبەری 1590– 1667):**

کەشیشی بوستون بوو، لە سەنعەتی قەلبدا باڵا دەست بوو. شیعرەکانی لە دیوانێکا بە نێوی بەستەی رزگاری (1680) بلاوبووەوە.

دیارترین شاعیرانی ریفۆرمخواز سێ کەس بوون، کە هەر سێکیان لە هەوەڵی لاوییەوە، لە ئینگلتەراوە بۆ ئەمریکا رۆییشتن:

**ئان برادستریت (1612– 1672):**

دایکی هەشت منداڵ بوو: "هەشت جوجکەم لە یەك هێلانەدا هەڵهێنا –چواریان کەڵەشێرو ئەوانی دی بارۆکە بوون". دەفتەری شیعرەکانی بەناونیشانی "دەیەمین خواوەندی شیعر کە لەو دواییانەدا لە ئەمریکا دەرکەوتووە– 1650" رەنگدانەوەی هەستی ئەوە لەمەڕ مەزەبو خانەوادەکەی. برادستریت یەکەمین ئەمریکایی بوو کە وەکو شاعیر دەرکەوت.

**ئیدوارد تایلەر (1645– 1729):**

دووەمین شاعیری بەرجەستەی ئەمریکا، دەرچووی هارڤەرد، و ماوەی پەنجا ساڵان کەشیشی شاری سنووری وستفیلد بوو، هۆزانە دەرونیو سۆفیانەکانی سەرریژن لە هەست، بەشی

سەرەکی یەکێك لە دەستنووسەکانی کە لە قاڵبی غەزەلی شەش برگەیی دا دانراون دوو سەدو هەڤدە پارچەی لە خۆی گرتووەو (بیرکردنەوە سەرەتاییەکانی من بەر لە چوونە عەشای رەبانی)ی ناوە. (بڕیارەکانی خوا دەربارەی هەڵبژاردەکانی خۆی) ناوی کۆمەڵە هۆزانێکی دیکەیەتی. تایلەر بەهرەدارترین، و لەوەیە گەورەترین هۆزانڤانی ریفۆرمخوازی سەدەی هەڤدەیەم بێ.

<u>مایکل ویگلز ورت</u> (1631– 1705):
سێیەمین شاعیری قۆناغی مهاجیرنشینی، دەرچووی زانستگەی هارڤارد، و کەشیش و پزیشك بوو. شیعرەکانی پتر دەربارەی فێر کردن و پەروەردەی ئەخلاقە.
(رۆژی پەسلانێ – 1662) کۆمەڵە شیعرێکییەتی لە مەڕ داوەری کۆتایی. دوو کۆمەڵە شیعری دیکەی هەیە بە ناوی (باس و خواسی خوا لەگەڵ ئینگلستانی نوێ دا– 1662)و (گۆشت لە زاری گۆشتخۆرا– 1670) کە بریتین لە هۆزانێن وەعزئامێز.

## سەدەی هەژدەیەم: رۆشنگەری

هزری ئەمریکایی و نووسەرایەتی سەدەی هەژدەیەمینی ئەم وڵاتە لە ژێر کاریگەریی ئەقڵانیەتی ئەوروپادا مەیی و قاڵبی خۆی وەرگرت. هەڵبەتە سەدەی هەژدەیەم سەردەمی رۆشنبیریی یان سەردەمی ئاوەزگەرایی بوو لە ئەوروپادا. پێشکەوتن و گۆڕانکارییە زانستی و ئەقڵانیەکانی سەدەی هەڤدەیەم (وەکو دۆزینەوەکانی نیوتن) و برەوسەندنی ئەقڵانیەت و ئەزموون، کردییە کارێك خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی پشت بە یاساو رێسا گشتییەکانی تەبیعەت ببەستن. پرسە ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان مۆرکی زانستی و ئەقڵانیەتیان لە خۆگرت، نۆڕین و بۆچوونی نە ئاییینی دەربارەی کاروباری جیهان و پێشکەوتن و کەماڵی بەشەریەت پەیدا بوو، هزرڤانان، بە زەبری باوەڕ بە ئاوەزی مرۆڤ، کەوتنە کەشف کردن و دۆزینەوەی ئەو پرەنسیپ و سەرەتا گشتییانەی کە حوکمی تیرەی بەشەر، سروشت و کۆمەڵگەیان دەکرد. مرۆڤ بەرە بەرە خۆی لە کۆت و بەندی بیروباوەڕی نادروست، خورافات، و دابە مردووەکان رزگار کردو، سەختگیری، بتانی رۆحانی و ئامۆژگارییە عیبادەتکارییەکانی بەر هێرشی رەخنە دا.
بێزاری لە قەرقەشەی ئاینی، و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی زانستی، خەڵکی لەمەڕ سیستەم و هاوئاهەنگی جیهان هشیار کردەوە، و بۆوە مایەی پەیدا بوونی ماناو چەمکی خوایەك کە لە رێگەی یاسایێن سروشتییەوە کاری دەکرد، نەك لە رێگەی سروش و موجیزات و ئیلهام و سەرۆوە. دەستەیەك لە هزرڤانان و نووسەران کەوتنە خەبات لە پێناوی دامەزراندنی دیانەتێکی سروشتی لەسەر بنەمای ئاوەزو ئازادی لە تەحقیق و لێکۆڵینەوە، بێ پەنا بردنە بە سروش و میتافیزیکا، ئەمانە کە بە پەیڕەو کارانی فەلسەفەی ئاینی، ناسراو بە (خوا پەرستی) یان دیانەتی

سروشتی (DEISM) ناسرابوون، ئاوەزیان بە مەحەکی ئاینی راستەقینە دەژمارد، ئاین و ئەخلاقیان بە دیاردەێن سروشتی دەزانی، و باوەڕیان وابوو کە سروشت باشترین ڕێنوێنی بنیادەمە لە ژیانی ئاینی و ئەخلاقیدا.

دەروونناسی و فەلسەفەی سیاسی جان لاك (1632– 1704)ی حەکیمی ئینگلیزی–ش کاریگەرییەکی قوڵی لە پێشڤەبرنی هزری ئەمریکایی لە سەدەی هەژدەمدا هەبوو. لاك، کە فەلسەفەکەی لەسەر بناغەی باوەڕ بوون بە یاسای تەبیعەت و ماف سروشتی مرۆڤ ڕۆنراوە، باوەڕی وایە کە دەسەڵاتی سیاسی وەکو ئەمانەتێکە لە دەستی حوکمڕاندا، و دەسەڵاتی حوکمڕان دەبێ مەرجدار بێ نەك رەها، هەر تاکێکی کۆمەڵگەش ماف ئازادی موڵکداری، هزرین، دەربڕین، و هەڵبژاردنی کاروپیشەی خۆی هەیە، و ئەم تێورییە سیاسیانە بوون بەبناغەی شۆرشی ئەمریکا.

ئەدەبیاتی ئەمریکای سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم لە چاو ئەدەبیاتی سەدەی هەڤدەیەمی ئەم وڵاتەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بە خۆوە نابینێ. لە ئینگلستانی نوێدا پەخشان سادەتر دەبێ، هۆزان لە بازنەی دەسەڵاتی ئەلکساندەر پۆپ"8" و نەوکلاسییەکاندا جێگیر دەبێ. بە شێوەیەکی گشتی، لە ساڵانی سەرەتای سەدەی هەژدەیەما دابە ئەدەبییە کۆنەکان کەم و زۆر بەردەوام دەبێ. یەکێك لە بە دەسەڵات ترین ڕێبوارانی ڕێگەی دا بە کۆنەکان جونەتان ئیدواردز (1703– 1758)ی دوا حەکیمی خوایی و نووسەری گەورەی ریفۆرمخوازان بوو کە ئامۆژگارییەکانی وی، (راپەڕینی بێداری گەورە"9")ی لە ئینگلستانی نوێدا نایەوە. ئەم راپەڕینە کاریگەرییەکی مەزنی هەبوو لەسەر بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە چێکردنی پەیوەندییان لە نێوان ماجیرنشینەکان و لەسەر هەڵدانی گیانی ئازادی و لێبوردەیی ئاینی دا.

جونەتان ئیدواردز، کە لە خانەدانی کەشیشان بوو، لەکونکتیکت لە دایك بوو، و لە کۆلیجی ییل خوێندی، لە واعیزو خوتبەخوێنە بە دەسەڵاتەکانی ماساچوست بوو، بە هۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ کۆمەڵگای کڵێسای نورتمپتون، دەستی لە کار کێشایەوەو ماوەیەك وەکو ئەندامانی کۆمەڵەیەکی مەزەبی کەوتە خزمەتی سور پێستەکان.

ئیدواردز بە تەما بوو ماهیەت و جەوهەری عیسەویەت، بە گوێرەی بیروبۆچوونەکانی کالڤن، دووبارەو بە شێوەیەکی ئاسان بڵاو بکاتەوە. ئیدواردز بە هۆی باوەڕی تەواوی بە ڕۆڵی هەست لە ئەزموونی ئاینیدا، کەوتە ریزی داکۆکیکارانی (راپەڕینی بێداری مەزن)ەوە. لە راستیا، لە باری بنەمای باوەڕەوە فۆرمێکی ڕێکوپێکی بەم راپەڕینە بەخشی بەجۆشترین و کاریگەرترین وەعزی ئیدواردز کە لەمیانی "راپەڕینی بێداری مەزن"ەوە دای، "گوناهکاران لە دەستی خوایەکی تووڕەدا"ی ناوە کە لە ساڵی 1741دا بڵاو بووەوە. بەرهەمەکانی دیکەی ئیدواردز بریتین لە: "مەحەبەتی مەزەبی– 1746) کە بەرەڤانییە لە "راپەڕینی بێداری مەزن"، (ئازادی ویست– 1754)، کە دەربارەی جەبرو چارەنووسە، و (ماهیەت و فەزیلەتی راستەقینە– 1765). شێوازی ئیدواردز یەجگار سفت و کورتە.

<u>ویلیام بێردی دووەم (1674– 1744):</u>

که لـه وسـت ئـوڕ (ڤیرجینیـا) مـوڵکێکی زۆری وەکـو مهاجیرنشـینێکی دەوڵەمەنـد هـەبوو، لـە سـاڵی 1709 بە دواوە بیرەوەرییەکانی خۆی لە شێوەی یادداشتنامەدا تۆمـار کـرد، لـەم یادداشـتنامەیەدا وێنـەی زۆر وردی ژیـان لـە باشـوور گـیراوە... بێـرد شـەرحی مەسـاحی لایـنی سـنووری نێـوان ڤیرجینیـاو کارولینـای بـاکووری، کـە بـە خـۆی لێـی بـەرپرس بـوو، بـە دیـدێکی تـەنزئامێزەوە لـە (مێژووی لاینی سنووریا – 1728) گێڕاوەتـەوە. زۆربـەی بەرهەمـەکانی دەربـارەی موڵکـە فرەکـانی خۆیـەتی، لەوانـە: (گەشـتێك بـۆ وڵاتـی عـەدەن– 1733)و (پێشـڕەوی بـەرەو کانـان– 1732). بێـرد زمانێکی چڕو روون و حەنەك ئامێزی هەیە.

ئـارەزووی تونـدی شۆڕشـی ئـەمریکا، ئـەو ناکۆکییانـەی توندترکرد کـە لـە نێـوان ئـەمریکاییان و ئینگلیزانـدا لەسـەر پرسـە سیاسـییەکان چـێ بـوو بـوو، مهاجیرنشـینەکان شۆڕشـیان بـەکارێکی حەتمی دەزانی، و بە شێوەیەکی گشتی لـە ژێـر کاریگـەری نووسـەرانی وەکـو بـەنجامین فـرانکلین و تۆماس پیندا بوون.

<u>بەنجامین فرانکلین</u> (1706– 1790):

لـە بۆسـتۆن و لـە خێزانێکـی شەمسـاز چـاوی بـە دنیـا هـەڵێنا. لـە دوانـزە سـاڵیدا لـە چاپخانەکەی برایەکەیدا کەوتە کـار، پـاش ماوەیـەك بـۆ فیلادلفیـا چـوو، و ئـەنجام لـە لەندەنـەوە سـەری دەرهێنـا. لەوێندەر کتێبێکی لەمەڕ میتافیزیك بەناوی (نامەیـەك دەربـارەی ئـازادیو ئیلـزام– لـەزەت و ئـازار– 1745) نووسی. دوای گەڕانەوەی بۆ فیلادلفیا چاپخانەیەکی دامەزرانـد کـە سـەرکەوتنێکی فـرەی بەدەسـت هێنـا. لـە سـاڵی 1729دا گۆڤـاری پەنسلڤانیای کـڕی، و لـە سـاڵی 1736دا کۆمپانیـای کتێبخانـەی فیلادلفیـای دامەزرانـد، لـە سـاڵی 1733 تـا 1758 سـاڵنامەی ریچـاردی هـەژاری بڵاوکردەوە.

فرانکلین لە ساڵی 1741 شدا بڵاوکراوەیـەکی بەنـاوی (گۆڤـارێکی گشـتی و رووداوە مێژووییـەکان) بڵاوکردەوە کە دووەمین گۆڤاری کۆلۆنییەکان بوو. دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەلسـەفەی ئـەمریکاو فەرهەنگستانی فیلادلفیا لە ساڵی 1742دا، و پێشنیازی پرۆژەیەك بـۆ یـەکێتی مهاجیرنشـینەکانی ئەمریکا لە ساڵی 1754دا، لە جوملەی چالاکییەکانی دیکەی فرانکلین بوون.

گـرنگترین بەرهـەمی بـەنجامین، ئۆتۆبیـۆگرافی بەنجامین فـرانکلین (1789)ـە کـە لـە مـاوەی سـاڵانی 1771و 1784دا نووسراوەو لە ریزی بەرهەمـە کلاسیکەکانی ئـەدەبیاتی ئەمریکادایـە. ئـەم کتێبـە کـە بـە سـادەیی و راشـکاوی و حەنەکچـیاتییەوە نووسـراوە، وێنەیـەکی دیـار لەمـەڕ فـرانکلینی داهێنـەر،هزرڤان، سیاسـەتوان، نووسـەرو هزرمەنـد بـە دەسـتەوە دەدات. یـەکێك لـە بەرهەمـە بەناوبانگـەکانی دیکـەی فـرانکلین کۆمەڵـە پەنـدو قسـەیەکی نەسـتەقییەتی کـە لـە کتێبی "رێگـەی دەوڵەمەند بوون"دا کۆکراونەتەوە. بە هەر حاڵ فرانکلین بەرجەستەکاری رۆشـنبیریی و سـەردەمی ئەقڵانییەتی ئەمریکا، و رەمزو نیشانەو دەربڕو نموونەی ئەو شتە بوو کە لە سەدەی هەژدەیەمدا بە "مرۆڤی کامیل" دەژمێردرا.

<u>تۆماس پەین (1737– 1809):</u>

لە خێزانێك لە کویکرەکان"10" لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، و لە ساڵی 1774دا لەسەر راسپاردەی فرانکلین چوو بۆ فیلادلفیاو گۆڤاریکی دەرکرد. یەکەمین بەرهەمی ئەو نامەیەی کە بە ناوی (ئاوەزی ساغڵەم– 1776) کە لەو بەرهەمەدا لایەنگری لە "مافێن مرۆڤانی و وڵاتانی سەربەخۆو ئازاد بۆ ئەمریکا" دەکات، ئەم نامەیە پرۆژەی راگەیاندنی خۆیبوونی خێراتر کرد، ئەم زنجیرە نامانەی کە پەین لە ژێر سەر ناوی (قەیرانی ئەمریکا – 1776– 1783)دا نووسینی بووە مایەی بەرزکردنەوەی ورەی وڵاتپارێزانی ئەمریکا لە شۆڕشی ئەم وڵاتەدا. (ماف مرۆڤ– 1791– 1792)، بەرهەمێکی دیکەی ئەوە کە بەرگرییە لە شۆڕشی فەرەنسا. پەین لە ساڵی 1792دا بە ناچاری بۆ فەرەنسا هەڵات، و لە ساڵی 1793 دا بە هۆی دژایەتی ژاکوبنەکانەوە"11" کەوتە زیندان. لە زندانی فەرەنسادا کتێبی (سەردەمی ئاوەز، دوو بەشە، 1794، 1796)ی نووسی و لەو کتێبەدا کەوتە هێرش بۆ سەر مەسیحیەت، و داکۆکی لە مەزەبی "خواپەرستی" (دیزم). (نامەیەك بۆ جۆرج واشینگتۆن– 1796) بەرهەمێکی ژەهراوی و تاڵی پەین–ە، کە دۆستانی واشینگتۆنی زۆر قەڵس کرد.

<u>ژێدەران:</u>

1– کریستۆف کۆڵۆمبس (1451– 1506): خەڵکی جەنەوای ئیتاڵیایە.

2– ئامریگوڤیسپوچی (1454– 1512): دەریاوانێکی ئیتاڵییە.

3– فەردیناند ماجەلان (1480– 1521): دەریاوانێکی پورتوغالییە.

4– جاك کاریتەر (1491– 1557): دەریاوانێکی فەرەنسییە کە روباری سەنت لورانس–ی دۆزییەوە.

5– هرناندۆ دی سوتۆ (1500– 1542): ئەسپانیای دۆزییەوە.

6– ئاوارەکان– PILGRIMS:

ئەم جەماعەتە لە جودایی خوازانی SEPARATISTS ئینگلیزی پێك هاتبوو کە لە ساڵانی 1607– 1608 لە ئینگلتەراوە بۆ هۆڵەندا کۆچیان کردو پاشان بە کەشتی میفلاڤەر بەرەو ئەمریکا چوون.

7– هۆگۆنۆتەکان– HUGUENOT: ناوێکە کە کاتولیکانی فەرەنسایی لە کالونیستەکانیان نابوو.

8– ئەلکساندەر پۆپ (1688– 1744): شاعیرێکی بەناوبانگی ئینگلیز بوو.

9– راپەڕینی بێداری گەورە– GREAT AWAKENING:

ناوی راپەڕێنێکی ئاینییە کە لە نیوەی دووەمی سەدە هەڤدەیەمدا لە کۆلۆنییەکانی ئەمریکادا بەرپا بوو. راپەڕینەکە لە نیو جەرسی و لە ئەنجامی بانگەشەی کەشیشێکا بە ناوی گیلبرت تننت (1703- 1764) دەستی پێکرد.

10- کویکرەکان- QUAKERS:

ناوی ئەندامانی "ئەنجومەنی دۆستان- SOCIETYOF FRIENDS بوو کە لە سەدەی هەڤدەیەمدا بەرابەرایەتی جۆرج فاکس سەری هەڵدا. ئەم دەستەیە باوەڕیان وابوو کە مرۆڤ بە کۆمەکی روحول قودس و راستەوخۆ دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ پەروەردگارا چێبکات. ناو نانی پەیڕەوکارانی ئەم ئەنجوومەنە بە کویکرز (واتە لەرزۆکان) لەوەوە هاتبوو کە لە کاتی عیبادەتکرنا لە سام و ترسا دەلەرزین.

11- ژاکوبنەکان- JACOBINS:

ناوێکە کە لە فەرەنسادا بە دومینیکیانەکان دەگوترا. بەناوی کلێسای سەن چاکەوەیە کە ئەم ئەنجوومەنە یەکەمجار لەپاریس لەوێندەر گیرسانەوە.

((2))

# قۆناغی شۆڕش

# 1810-1763

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

پاش کۆتایی جەنگی حەوت ساڵەو بەستنی پەیمانی پاریس، دەوڵەتی ئینگلستان کە زۆر قەرزار بوو بوو، بۆ دانەوەی قەرزە قورسەکانی و بەدەست هێنانی مەحمیە لە "کیشوەری تازە" سیاسەتێکی تازەی لە مەحمیەکاندا گرتە بەر، کە یەکێك لەوانە قانونی باجی پول بوو (کە بە گوێرەی ئەو یاسایە دەبوایە پول لە هەر هەموو رۆژنامەو بەڵگەنامەو نووسراوە فەرمییەکان بدرێ".

هەڵبەتە مهاجیرنشینەکان ملیان بۆ ئەم سەپاندنانە نەدا. پێکهێنانی کۆنگرەی باجی پول (لە نوێنەری 27 مهاجیرنشین پێك هاتبوو بۆ رەت کردنەوەی قانونی باجی پول) یەکەمین هەنگاو بوو لە رای یەکێتیی مهاجیرنشینان لە هەنبەر ئینگلستاندا.

هەنگاوی دووەم پێکهێنانی کۆمیتەی پەیوەندیان بوو بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی مهاجیرنشینان لە جەرەیانی رووداوەکان. پارلەمانی ئینگلستان لەم وەزع و حاڵەدا کۆمەڵە قانونێکی پەسند کرد کە بە "یاسایێن تەحەمول ناپەزێر(1)" ناوبانگی دەرکرد، کە بووە مایەی ناڕەزایی مهاجیرنشینەکان. یەکەمین کۆنگرەی گشتی، کە لە نوێنەری هەموو مهاجیرنشینەکان پێك هاتبوو، لە ساڵی 1774دا، لە فیلادلفیا کۆبووەوەو داوای هەڵوەشانەوەی یاسایێن تەحەمول ناپەزێری کرد.

لە سەرەتاکانی ساڵی 1775دا شەڕێك لە نێوان هێزە ئینگلیزییەکان و مهاجیرنشینەکاندا هەڵگیرسا کە سەرەتای شۆڕش بوو. لە هەمان ساڵدا دووەمین کۆنگرەی مهاجیرنشینان، جۆرج واشینگتۆنی "2" بە فەرمانەدەی گشتی هێزی مهاجیرنشینەکان هەڵبژارد، و دەستەیەکیش بۆ ئامادە کردنی بەیاننامەی خۆیبوون دامەزرا. ئەم بەیاننامەیە کە لە تەمووزی ساڵی 1776دا لەلایەن کۆنگرەوە پەسند کرا. بە بەڵگەنامەیەکی گرنگی جیهان دەژمێردرێ.

بە هەر حالْ، ئەو جەنگەی کە لە ساڵی 1775دا دەستی پێکردبوو تا ساڵی 1783 درێژەی کێشاو بە جەنگەکانی خۆیبوون ناوی دەرکرد. لە ئەنجاما پەیماننامەی ئاشتی لە ڤێرسایدا مۆرکرا (1783)، و بەریتانیا بە فەرمی دانی بە سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، نا. لایەنگرانی خۆیبوونی ئەمریکا بە مەبەستی دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کۆنگرەیەکیان لە نوێنەرانی پەنجاو پێنج مهاجیرنشین پێك هێناو، دەستووری ئەمریکای باکووریان رێك خست و پەسندیان کرد (1787). جۆرج واشنگتۆنی قارەمانی شۆڕشیش، بە یەکەمین سەر کۆمار هەڵبژێردرا.

لە سەردەمی واشنگتۆندا، ئەلکساندەر هەمیلتون و پەیڕەوانی، حزبی فیدرالیست–یان دامەزراند کە یەکەمین حزبی گەورەی سیاسی بوو لە وڵاتدا. ئەم حیزبە، حیزبێکی محافەزەکارو لایەنگری دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی، پشتیوان و پارێزەری پیشەسازی، و پشتیوانی بەرژەوەندی بازرگانان و گەورە موڵکداران بوو. لە سیاسەتی دەرەکیشدا لایەنگری لە ئینگلیستان دەکرد. حزبی فیدرالیست لە ساڵی 1824 دا نەما. ئەنتی فیدرالیستەکان کە پاشان بوو بە کۆماریخوازان، لایەنگری ئەو بنەماو پرەنسیپانەیان دەکرد کە لەلایەن توماس جیفرسونەوە دانرا بوون، ئەمانە پتر چاویان لە ریفۆرمی زەوی و زار بوو، لایەنگری ئازادی تاك و سنوورداری دەسەڵاتی دەوڵەتی فیدرالْ بوون. بە شێوەیەکی گشتی، ناکۆکی دوو حیزبەکە زادەی مەسەلە ئابوورییەکان بوو.

## نۆڕینێکی گشتی:

لە قۆناغی شۆڕشدا، خەڵکی لە مەزهەبەوە روویان کردە سیاسەت و پرسەکانی دیکە، یاسای باجی ساڵی 1765 بووە مایەی بلاوبوونەوەی چوار گوتاری جۆن ئادامز"3"، و بەرهەمێکی جۆن دیکنسون"4" بە ناوی (چەند نامەیەك لە جووتیارێکی پەنسلڤانیاوە) جۆنەتان یوشەر (1738–1804)ی رۆحانی کلێسای ئینگلیز، کە دەربارەی ئازادی مەدەنی وەعزی دادەدا، وەعز و خوتبەکانی لە ژێر سەر ناوی (چاوخشانێك بە هۆو ئەنجامەکانی شۆڕشی ئەمریکادا– 1797) بە چاپ گەیاند.

پەخشانی ئەم قۆناغە پتر مۆرکی سیاسی هەبوو، و بە دەوری تەوەری جەنگی شۆڕشگێڕی و قبوڵکردنی دەستووری بنەڕەتی دا دەسوڕایەوە... گەشتنامەو بەرهەمێن زانستی بە رادەیەکی زۆر بلاو بوونەوە. بەلام گوتاری رۆژنامەیی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

سەرهەڵدانی رۆمان و شانۆنامە لە دنیای پەخشانا لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەردەمەیە.

لەم ساڵانەدا ژمارەیەك لە نووسەران پایەی پێشەواییان بە دەست هێنا، لەوانە نووسەرانی گوتارێن فیدرالیست، و تۆمس جیفرسون.

## گوتارێن فیدرالیست:

(تێکرا هەشتاو پێنج گوتارن– 1787– 1888) کە دەربارەی چۆنیەتی پەسەند کردنی دەستووری بنەڕەتی ئەمریکا بە پێنووسی پیاوانی سیاسەتی ئەم سەر زەمینە، ئەلکساندەر هەمیلتون

(1757– 1804)، جیمز مەدیسن (1751– 1836)و جۆن جی (1745– 1829) نووسراون، ئەم بەرهەمە بە گەورەترین بەرهەمی ئەمریکایی لە واری تێوری سیاسی دا دەژمێردرێت.

تۆمس جیفرسون (1743– 1826):

سێیەمین سەرکۆماری (1801– 1809) وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و لە نووسەرە بالا دەستەکانی سیاسەت بوو، بە "باوکی دیموکراسی ئەمریکا" ناو دەبرێ‌و ئایدیالەکانی سەردەم لەودا خڕ بوونەتەوە: جیفرسۆن لە ناخی ناخەوە دڵبەندی زانست، جووتکاری ئەزمونگەری، تەلارکاری، زانست پەروەری، پەروەردەو فێرکردن بوو، و باوەڕی بە پڕەنسیپە بنەڕەتییەکانی "دیزم"، مافی سروشتی، و یەکسانی سیاسی هەبوو، لە ئەدەبیاتا، ئەدەبیاتی کلاسیک بەگەن دەکرد، بەڵام بەینی لەگەڵ شیعرو ڕۆمان دا نەبوو، و ڕۆمانی بە کۆسپی سەر ڕێگەی پەروەردەو فێرکردن دەژمارد، بەرهەمەکانی بریتیین لە:

"چەردەیەك لەمەڕ تێوری مافی ئەمریکای بەریتانیا– 1774" کە باسی دەستووری بنەڕەتی بەریتانیاو هەروەها مافی سروشتی دەکات.

"بەیاننامەی خۆیبوون– 1776". کە زۆربەی بە قەڵەمی جیفرسۆن نووسراوە، کە بە شێوازێکی ڕەوان‌و پاراو هۆیەکانی دابڕان لە دەوڵەتی ستەمکاری ئینگلیز، و زەرورەتی خۆیبوون شرۆڤە دەکات. "چەند سەرنجێك لەمەڕ ویلایەتی ڤیرجینیا– 1784" کە بۆچوونە سەرەکییەکانی جیفرسۆن لەخۆ دەگرێت.

# هۆزان

لە شیعری قۆناغی شۆڕشدا مەحەك‌و پێوەرەکانی جاران وەکو خۆیان مانەوە. ناوەڕۆکی سەرەکی هۆزانان بریتی بوو لە بابەتێن ڕۆژ، و تەنز ڕەواجێکی زۆری پەیدا کرد. عادەتەن فیلیپ فرینو (1752– 1832)ی ناسراو بە "شاعیری شۆڕشی ئەمریکا" بە باشترین نوێنەری شیعری ئەم قۆناغە دەزانن، دەستەی شاعیرانی ناسراو بە "خواوەندانی زەوقی هار تفورد یا کونکتیکت"ش نموونە کۆنەکانیان کرد بە سەر مەشقی هۆزانێن سیاسی‌و حەماسی خۆ.

فیلیپ فرینو:

کە بە یەکەمین شاعیری وڵاتی ئەمریکا دەژمێردرێت، لە نیویورك لە دایك بووە. لە قۆناغی شۆڕشدا سەربازی هێزی دەریایی بوو. چەند سەفەرێکی بۆ دوڕگەکانی ئانتیل کرد، و دووجار ئەسیری ئینگلیزان بوو. شیعری تاڵی "کەشتی زیندانی ئینگلیزی– 1781) یادگاری ڕۆژانی دیلی ئەوە.

چەند شیعرێکی بەرجەستەی لەپاش بەجێماوە بەم ناوانە: "ماڵی شەو– 1779"، "جوانیەکانی سانتاکروز– 1776"و "گۆڕستانی سورپێستان– 1788". "گوڵی کێوی– 1786" (گوڵێکی تایبەتی ئەمریکایە) شیعرێکی نایابی دیکەی فرینۆیە. هەوەڵین هۆزانانی فرینو کۆمەڵە تەنزێك بوون دەربارەی شەڕی شۆڕش، بەڵام پاشان شیعرەکانی لایەنی جۆراوجۆری ژیانی ئەمریکاییان لە خۆ گرت. ئەم شاعیرە گەورەیە، کە بە هۆی بەهرەی رەسەنی خۆیەوە بە "باوکی شیعری ئەمریکا" ناسراوە، ئیلهام و سەرۆی لە "خوا پەرستی" "دئیزم"ی زانستی سەدەی هەژدەیەمەوە وەرگرتووە.

## خواوەندانی زەوقی هارتفورد یاکونکتیکت:

ئەمانە دەستەیەك بوون لە شاعیرانی دوا دەیەکانی سەدەی هەژدەیەم کە لە هارتفوردا (کونکتیکت) تەنزی سیاسیان دەگوت. ئەم شاعیرانە کە پتر دڵبەندی خۆیبوونی ئەدەبی ئەمریکا بوون، لە هەندێ رووەوە بە ئەندامی یەکەمین قوتابخانەی شیعری ئەمریکایی دەژمێردرێن. دامەزرێنەری دەستەکە، جۆن ترومبل (1750– 1831) شاعێرێکی بە بەهرەو سەلیقەدار بوو کە بەر لە شۆڕش ژیانی دادەوانی خۆی دەست پێکردو سەرەنجام بوو بە قازی دیوانی باڵای بۆستون. "پێشکەوتنی بێ زەوقی– 1772" یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی و یەکەمین تەنزی ئەمریکاییە دەربارەی پەروەردەو فێرکردن. شیعرێکی بەناوبانگی دیکەی "مفینگال– 1775"ی ناوە، بەیتێکی تەنزئامێزە دەربارەی رۆڵی تورییەکان"5" لە شۆڕشدا.

## تیموتی دوایت (1752– 1817):

ئەندامی دەستەی "خواوەندانی زەوقی هارتفورد" بوو کە ماوەیەکیش سەرۆکایەتی کۆلیجی ییل–ی لە ئەستۆ بوو. یەکێك لە شیعرە جوانەکانی "فەتحی کەنعان– 1785"ـە کە بریتییە لە یانزە دەفتەر. چیرۆکی شیعرەکە لە "سەحیفەی یوشع" لە کتێبی مقەدەسەوە وەرگیراوە، بەڵام باسی مهاجیرنشینەکانی ئەمریکاو شۆڕشی وڵاتی ئەمریکا دەکات. چیرۆکە شیعرێکی درێژی دیکەی دوایت "گرینفیلدهیل– 1794"ـە، سەبارەت بە وەسفی کونکتیکت دانراوە.
دوایت لە هەجوو و تەوسیشدا شاعیرێکی باڵا دەست بوو. "سەرکەوتنی بێ ئەمەکی– 1788" یەکێکە لە شیعرەکانی ئەم مەیدانەی. دوایت دوو بەرهەمی گەورەشی بەپەخشان نووسیوە کە "تیولۆجی– پێنج جزمە، 1818– 1819"و "گەشتێك بۆ ئینگلستانی نوێ و نیویورك– چوار جزمە، 1821– 1822"یان ناوە.

## جویل بارلۆ (1754– 1812):

گەنجترین و بەرزە خەیاڵترین شاعیری دەستەی "خواوەندانی زەوقی هارتفورد یاکونکتیکت"، لە سەردەمی شۆڕشدا کەشیشی سوپا بوو، پاشان بوو بە بڵاوکەرەوەو وەکیلی دەعوایان، و ئەوجا رووی کردە مامەڵەی زەوی، لە ساڵی 1788 وەکو نوێنەری معامەلاتی موڵکی بۆ فەرەنسا چوو و بە

نووسین کەوتە داکۆکی لە شۆڕشی ئەو وڵاتە. بارلو لە ئەنجاما لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە راسپێردرا تا لەگەڵ ناپلیۆن دا (لە رێی گەڕانەوەی دا لە مۆسکۆ) گفتوگۆ بکات، بەڵام لە یلنا بە هۆی نەخۆشی سینە پاڵووەوە مرد.
یەکێك لە کۆمەڵە شیعرەکانی بارلو "ئاسۆی ئاشتی – 1778)ـە کە دەربارەی ستایشی دیموکراسی، ئاشتی و میللەتی ئەمریکایە. "خەونی کولۆمبس– 1787" چیرۆکە شیعرێکی درێژە لە نۆ دەفتەردا، دەربارەی کۆڵۆمبسە، شاعیر بەخۆی گوتویەتی کە لەم شیعرەدا مەبەستی "ئەخلاق و سیاسەت" بووە. بە ناوبانگترین شیعری بارلۆ بەیتێکی تەنز ئامێزە بە ناوی "HASTYPUDDING– 1796" کە کنەکارییەکی پرشنگدارە لەمەڕ بەڵاکانی سیاسەت.

## شانۆنامەو رۆمان

دژایەتی مەزەبی بۆ شانۆنامە لە ئەمریکادا هێندە توند بوو کە لە رووی یاساییەوە تا ساڵی 1797 لە فیلادلفیا و تا ساڵی 1791 لە بۆستۆن دا رێگەی نمایشکردنی هیچ شانۆنامەیەك نەدەدرا. تەنیا لە دوا ساڵەکانی سەدەی هەژدەیەمدا چەند شانۆنامەیەکی گرنگ لە واری مێژوویيدا، نمایش کران. یەکەمین شانۆنامەی کۆمیدی ئەمریکایی لە ساڵی 1787دا بە هەوڵ و هیمەتی ئەکتەرانی پیشەیی خرایە سەر شانۆ، ئەم شانۆنامەیە کە "دژ– CONTRAST– 1790"ی ناو بوو، لە نووسینی رویال تایلەر (1757– 1826)ی مافناس و قازی شاری ورمونت بوو، تایلەر رۆمانێکی پیکارسکی–شی دەربارەی هەجوی پەروەردەو فێرکردن بە ناونیشانی "دیلی جەزائیری – 1797" نووسی کە بەڵگەی باڵا دەستی ئەوە لە رۆماننووسیدا، بە هەر حاڵ لە قۆناغی شۆڕشدا، چەند شانۆنامەیەك دەربارەی جەنگ بڵاوبوونەوە.
یەکەمین رۆمانانی ئەمریکاییش یادگاری ساڵانی شۆڕشن ویلیام براون هیل (1765– 1793) بە نووسەری یەکەمین رۆمانی سەر زەمینی نوێ، بە ناوی (توانای هاوخەمی – 1789) دادەنرێ. کاراکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە پیاوێکە کە پێدەزانێ ماشوقەکەی، زڕ خوشکی خۆیەتی، خۆی دەکوژێت.
هەر لەو ساڵانەدا، سوزانا هاسویل راوسن (1762– 1824) رۆمانی (شارلوت– 1791)ی نووسی، ئەم چیرۆکە کە پتر لە سەد جاران چاپ کراوەتەوە سەر قافڵەی رۆمانانی ناتورالیستە.

<u>**هیوهنری براکنریج** (1748– 1816):</u>
رۆماننووسێکی دیاری دیکەی قۆناغی شۆڕشە، لە خێزانێکی جووتکاری دەستکورت لە سکۆتلاند لە دایك بووە. لە پێنج ساڵی دا بۆ ئەمریکا کۆچی کرد، خوێندنی لە پرینستون تەواو کردو لە

مریلاند بوو بە مامۆستا. لە ساڵی 1778دا بوو بە کەشیشی سوپا، و لە ساڵی 1786دا لە پەنسلڤانیادا کەوتە کاری پارێزەری، پاشان بۆ پۆستی قازی دیوانی باڵا هەڵبژێردرا. یەکەمین شانۆنامانی لە قاڵبی شیعری بێ قافیەو دەربارەی رووداوانی رۆژ بوون. "جەنگی بانکرزهیل- 1776"و "مەرگی جەنەراڵ مونتگمری- 1777" لەو نموونانەن. گرنگترین بەرهەمی براکنریج رۆمانێکە لە ژێر سەر ناوی سوار چاکی مودرێن، کە لە ساڵی 1792ەوە تا ساڵی 1815 بە زنجیرەو بەش بەش بڵاوبووەتەوە. ئەم کتێبە کە بەچاولێکەری دونکیشۆت نووسراوە، بە یەکەمین رۆمانی گرنگی ئەمریکایی دادەنرێ، و لە رووی تەنزی دڵگیرەوە کە دەربارەی دیموکراسییەو لە رووی ئەو وێنەیەوە کە دەربارەی ژیانی مەرزنشینی بە دەستییەوە دەدا، زۆر دڵگیرو شایستەی خوێندنەوەیە. براکنریج لە بەرهەمەکانی خۆیدا لە ژێر پەردەی شۆخی و گاڵتەوە، تەوس بە تەماعکاری و چاوچنۆکی سەردەم دەکات.

<u>چارلز بروکدن براون (1771- 1810):</u>

لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە فیلادلفیا لە دایك بوو. ماڤ خوێند، بەڵام لە بری کاری دادەوانی، نووسەری کرد بە پیشە. یەکەمین بەرهەمی گرنگی "ئەلکوین: Alcuin- 1798"ـە، یەکەمین رۆمانە کە بۆ داکۆکی لە ژنانی ئەمریکا نووسراوە. سەرکەوتووترین رۆمانی لە ژێر سەر ناوی "ویلاند- 1798"ـە، کە چیرۆکێکی گەرم و گوڕەو هێرش دەکاتە سەر خورافات. "ئورموند- 1799" رۆمانێکی تری بروکدون براونە، تەوەری رۆمانەکە ژیانی کیژێکی پاك و زیرەکە کە ئاشقە دەوڵەمەندە بێ وێژدانەکەی خۆی دەکوژێت. "ئارتور میرڤین- 1800" رۆمانێکی دیکەیەتی، ماجەراو بەسەرهاتی کوڕێژگەیەکی دێهاتی لە شارێکی گەندەڵدا دەگێڕێتەوە.

لە رۆمانی "ئیدگار هانتلی، یان بیرەوەری خەورۆیەك- 1799" مەیدانی چیرۆکەکە بیابانێکە کە مەیدانی جەنگی سورپێستان و سنوورنشینانە، "کلارا هوارد- 1801و جین تالبوت- 1801" دوو رۆمانی براونن لە قاڵب و فۆرمی نامەدان و نیشانەی دوورکەوتنەوەی نووسەرن لە سۆزپەروەری، ئەم رۆمانانە لە رووی لێکۆڵینەوەی دەروونی کاراکتەرانەوە شایستەی بایەخ پێدانن. براون، زێدەباری رۆمانانی سایکۆلۆژی و پۆلیسی، چەند رۆمانێکی لەمەڕ ژیانی سنوورنشینان، کورتە چیرۆکان، نامە، و گوتاری رامیاریشی نووسیوە.

<u>ژێدەران:</u>

1- یاسایێن تەحەمول ناپەزێر: هەندێ لە قەرارەکانی ئەم یاسایانە بریتی بوون لە: داخستنی بەندەری بۆستنن، قەدەغەکردنی ناردن و هێنانی کاڵای بازرگای لەوێوە، قەدەغە کردنی کۆبوونەوە لە شاردا، دادگایی کردنی سەربازانی تاوانباری ئینگلیزی لە خودی ئینگلیستاندا.

2- جۆرج واشنگتۆن (1732- 1799): یەکەمین سەر کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو (1789- 1798):

3- جۆن ئادامز (1735- 1826): سیاسەتوانی ئەمریکایی و رابەری حیزبی فیدرالیست بوو.

4- جۆن دیکنسون (1732- 1808): سیاسەتوان و گوتارنووسی ئەمریکایی بوو.

5- تورییەکان: TORIES: لە سەردەمی شۆڕشی ئەمریکادا بە هەر ئەمریکاییەکی لایەنگری ئینگلیزان دەگوترا.

((3))

# قۆناغی رۆمانتیك

## 1865-1810

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

له ماوەی شەڕەکانی ناپلیۆندا، بازرگانی ویلایەتە یەککگرتووەکان گرفتاری ناکۆکی نێوان دەوڵەتە شەڕکەرەکان بوو، هەر یەکێك له دوو وڵاتی ئینگلتەراو فەرەنسا رێگەی هاتوچۆی کەشتیانی وڵاتە یەکگرتوەکانیان بۆ بەندەرەکانی یەکدی نەدەدا، لە سەردەمی سەرکۆماری مەدسن"1"دا، کە هەستی شەڕخوازیش پەرەی سەند، شەڕی نێوان وڵاتە یەککگرتووەکان و بەریتانیا دەستی پێکرد.

ئەم شەڕە کە بە شەڕی ساڵی 1812 ناسراوە، بە پێی پەیماننامەی گان (بەلچیك 24/دیسامبەر/1814) کۆتایی هات، و دان بەسەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نرا. دوا بە دوای شەڕ، هەستی میللی ئەمریکایی بە خێرایی برەوی سەند و وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو قۆناغی دوور کەوتنەوە لە کاروباری ئەوروپا هەنگاوی نا.

لە سەردەمی جیمزمانرۆ"2"دا، ململانێی حیزبی خاو بووەوەو قۆناغێکی تەبایی هاتە پێشێ کە لە مێژوودا بە "قۆناغی تەبایی" ناسراوە. لەم قۆناغەدا مانرو بە بەیاننامەیەك ئەو وڵاتە ئەوروپاییانەی کە بە نیاز بوون خۆ لە کاروباری ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵقورتێنن، ئاگادار کردەوە کە کیشوەری ئەمریکا هی ئەمریکاییەکانەو هیچ دەوڵەتێك هەقی ئەوەی نییە دەست بخاتە کاروباری رامیاری ئەم وڵاتەوە. ئەم ئاگادارکردنەوەیە بنەمای پرەنسیپی مۆنرۆ پێك دێنێ کە بەمەبەستی رێگری لە هەر جۆرە دەخالەتێکی ئەوروپا لە کیشوەری ئەمریکا و ئیستعمار کردنی ئەمریکا هاتە ئاراوە (1823).

لـەم حـالّو بـارەدا دەولّـەتی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان بەبـەردەوامی فـراوان تـر دەبـوو، تـا لـە سـالّی 1850دا ژمارەی ویلایەتـەکانی گەییـە سـی ویلایـەت. لـە لایـەکی تـرەوە، لـە سـالّی 1820 بـە دواوە جیاوازی نێوان ناوچە جیاوازەکانی ولاّت بووە مایەی سەر هەلّدانی جیـاوازی و نـاکۆکی رامیـاری، بـاکوور مەلّبەنـدی پیشەسـازی و کارخانـان بـوو، و باشـور مەلّبەنـدی کشـتوکالّ. پێشـکەوتنی داهێنان و پەرەسەندنی پیشەسازی و تەکنولۆژیا لە باکووردا، کرێکارانی دەویست. ئەم پێویستییە هاتنی کرێکارانی کۆچبەری ئەوروپایی زۆرتـر دەکـرد. بـەلاّم لـە باشـووردا کـە مەلّبەنـدی کشـتوکالّ بـوو کۆیلـەداری لـە بـرەودا بـوو و باشـوورییەکان کۆیلـەدارییان بـە بـاش و رەوا دەزانـی، بـەلاّم باکوورییەکان کڕین و فرۆشتنی مرۆڤیان بە کارێکی نـا پەسـەند دەزانی و دژی بوون. ئەم پرسـە لـە ئەنجاما ناکۆکی لە نێوان نوێنەرانی باکوورو باشووردا نایەوە. "سازشی 1850" (ناونیشـانی ئـەو بڕیارانـە بوو کـە لـەم سـالّەدا لەلایـەن کۆنگرەوە پەسـند کـرا). کـە لەسـەر بنـەمای هـەقی حاکمیـەتی مـەردم بـوو و بـەپێی ئـەوە دەبوایـە "یاسـای کۆیلانی هـەلاّتوو(3)" بـە شێوەیەکی بنجـبڕ جێبـەجێ بکرێ، ئەمە بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بە ناتەبایی نێوان باکوورو باشـوور هێنـا. وێـڕای ئەمـەش، ژمارەی کۆیلانی هـەلاّتوو رۆژ بـە رۆژ زیـادی دەکـردو دارو دەسـتەی دژی کۆیلـەداری پێـك دەهـات و دادەمەزرا. لـە سـالّی 1854دا لـە کـۆی هـەموو حیزبـە نـەیارەکانی پەرەسـەندنی کۆیلـەداری حیزبـی کۆماریخواز پێك هات و خەباتی هەلّوەشاندنەوە"4" خوازان شێوەی جیهادی لە خۆ گرت. رابەرانی باشـوورییەکان، کـە خوازیـاری جیابوونـەوە بـوون، لـە کۆمەلّگـەی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان هاتنـە دەرێ و ویلایەتە کۆنفدرالیەکانی ئەمریکایان (1861– 1865) پێك هێنا.

سەرەنجام، لە سەردەمی حوکمڕانی لینکولّن"5"دا، بـە دەسـت پێکردنـی شـەڕێن نـاوخۆی ئـەمریکا (1861– 1865)، قۆناغی بە سوێ و ئازاری ئـەم سـەرزەمینە هاتـە پێشـێ. ئـەم قۆناغـە دوای چـوار سالأن بە سەرکەوتنی باکوورو وێرانی باشوور کۆتایی هات.

## نۆڕینێکی گشتی:

سەدەی نۆزدەیەم سەردەمی سەرهەلّدانی ئەدەبیاتە. وەکو چۆن نووسـینانی سـەدەی هەڤدەیـەم لـە بناوانـدا مەزەبییــەو نووسـینانی سـەدەی هەژدەیـەم بـە زۆری رامیارییـە، نووسـینانی سـەدەی نۆزدەیەم ئەدەبیاتە لە قەلّـەمڕەوی هونـەرا. لـەم قۆناغـەدا شـێوەی زالّ رۆمـانتیزم بـوو، کـە جـەختی لەسـەر تاکپـەروەری، سـۆز پـەروەری، گەڕانـەوە بـۆ رابـردوو لـە رۆمانـانی مێـژوویی، چـیرۆکانی سەرکێشـی و ئاشـقانەی موبالەغـە ئـامێزو گەڕانـەوە بـۆ سروسـت دەکـردەوە. لەگـەلّ گەشـەکردنی تەبیعـەت دۆسـتیا، جوانییـە سروشـتییەکانی سـەر زەمـینی ئـەمریکا بوونـە مایـەی بایـەخ پێـدان، رابردووی ئەم ولاّتە، و هەروەها ولاّتانی دیکە، هاتنە ناو رۆمانسانەوە، و ئایدیالە نەتەوەییەکان بە هـەولّ و هیمـەتی پیـاوانی وەکـو ئەمرسـون و والـت ویـتمن پـەرەی سـەند، کۆمەلّگـەی ئـەمریکایی کۆمەلّگەیەکی کشتوکالّی بوو، و هەر ئەمەش بووە هـۆی داهێنـانی کۆمـەلّێك وێنـە دەربـارەی ژیـانی دێهـاتی و مامەلّــەی شـۆخی ئـامێز لەگـەلّ سـادەیی و سـاکاری گوندییانـدا، بـەلاّم ویلایەتـە یـەکگرتووەکان، وەکـو ولاّتێکـی تـازە کـورە، گـیرۆدەی چەشـنە هەسـتێکی حـەقارەت و "گرێـی

کۆچنشینی " بوو، که ئەمە بە نەتەوەخوازی ئەدەبی و جەخت کردنەوە لەسەر پەروەردەو رەفتاری ئەخلاقی شکایەوە. پاش جەنگ، و بە تایبەتی دوای شەڕی سالّی 1812، هەنگاوێن گەورە لە واری داهێنانی ئەدەبیاتی بەڕاستی نەتەوەیی نرا. لەگەڵ نزیك بوونەوەی سەدەی نۆزدەیەما، نووسەران و شاعیرانی ئەمریکایی وردە وردە لە مەشغەڵەتی بیری دامەزرانی نەتەوەیی نویٚ بوونەوە،و لە ئەنجامدا ئەدەبیات هاتە ئاراوە.

## قوتابخانەی نیکەر بوکەر

ئەم قوتابخانەیە بەو کۆمەڵە نووسەرو شاعیرانە دەگوترێ کە لە دەیەی 1800دا لە نیویورك ناوو ناوبانگیان دەرکرد، ناوی ئەم قوتابخانەیە لە ناوی دیدریك نیکەر بوکەرەوە وەرگیراوە، کە ناوی خوازراوی واشینگتۆن ئیروینگ—ە. بەلای کەمەوە بیست شاعیرو نووسەرێك ئەندامی ئەم قوتابخانەیە بوون، کە لە نێویاندا ناوی سێ سیمای دیاری ئەدەبیاتی ئەمریکا– واشینگتۆن ئیروینگ، ویلیام کولن براینت، و جیمز فینمور کوپر – دەدرەوشێتەوە. دواتر رۆماننووسان و شاعیرانی وەکو فیتزگرین هالك (1790– 1867)و جوزیف رودمن دریك (1759– 1820)ی شاعیر، و جیمزکرك پولدوینگ (1778– 1860) لە ریزی گەورەترین سیمایانی ئەم قوتابخانەیەدا دەگیرسێنەوە.

<u>واشینگتۆن ئیروینگ</u> (1783– 1859):

وتارنووس، چیرۆکنووس، مێژوونووس و بیۆگراف نووسێکی فرە بەرهەم بوو، لە سالانی 1807– 1808دا بە هاوکاری دۆستەکانی (سەلما گاندی) بلاوکردەوە کەکۆی بیست شیعرو گۆتاری تەنزئامێزو حەنەك ئامێزە دەربارەی ژیانی خەڵکی نیویورك. بەرهەمی هەرە بەناوبانگی ئیروینگ کە بە ناوی خوازراوی دیدریك نیکەر بوکەرەوە بلاو بووەوە، "مێژووی نیویورك– 1809"ی ناوە، ئیروینگ لەم کتێبە تەنز ئامێزەدا حەقیقەت و ئەفسانەی بە "شێوازی ئەمریکایی" ئاوێتەی یەکدی کردووە. ئیروینگ لە سالّی 1815دا بۆ ئینگلتەرا رۆیی. ماوەی هەڤدە سالان لە ئەوروپا مایەوە، و راستەوخۆ کەوتە کاری ئەدەبیات.

"کتێبی سکێچان– 1820" کۆمەڵەیەکی دیکەیە لە گوتاران، کورتە چیرۆکان و نووسینەکانی ئیروینگ کە بە ناوی خوازراوی جفری کریون بلاوبووەوەو چیرۆکانی دڵگیری وەکو ریپ ڤان وینکل و ئەفسانەی دۆڵی کپ–ی لە خۆ گرتبوو کەناوی نووسەرەکەیان خستە سەرزاران، یەکێك لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی دواتری ئیروینگ (حیکایەتەکانی رێبوارێك – 1824)ی ناوە.

ئیروینگ لە سالانی 1826– 1829دا ملحەقی سەفارەتی ئەمریکا بوو لە ئەسپانیا. سەردەمی ئاکنجی بوونی وی لەو ولاتەدا بوو بە ئیلهامبەخشی وی لە نووسینی (مێژووی ژیان و سەفەرەکانی کریستوف کۆڵۆمبس– 1828)، (رووداوەکانی فەتحی غەرناتە– 1829)و کۆمەڵە سکێچ و

چیرۆكانی شیرین و دڵگیری (ئەلحەمرا- 1832). ئیروینگ لە ساڵی 1829 تا 1832 سكرتێری سەفارەتی ئەمریكا بوو لە لەندەن، پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆ بەرهەمی وەكو (ئاستوریا- 1836). (بەسەرهاتەكانی كاپیتان بونیڤیل- 1837)، و (ژیانی ئۆلیڤەر گۆڵد سمیت- 1840)ی كە ژیاننامەیەكی سەركەوتوو بوو بڵاوكردەوە، ئیروینگ لە ساڵانی 1842- 1845ش دا سەفیری ئەمریكا بوو لە ئەسپانیا. بەرهەمەكانی دوا ساڵانی تەمەنی كتێبانی (محەمەدو خەلیفەكانی- 1850)، و (ژیانی واشینگتۆن-ـە، پێنج بەرگ، 1850- 1859)، و كۆی سكێچەكانی، هێلانەی ولفرت – 1855) لە خۆ دەگرێت.

ئیروینگ حەزی لە نووسینی كورت بوو و لە واری ناساندنی كورتە چیرۆكا، وەكو ژانرێكی ئەدەبی سەربەخۆ هەوڵێكی زۆری داوە. شێوازی وی پەرەسەندنێكی ئاسایی هەبوو: نووسینەكانی لە رۆژگاری لاویدا هەڕەمەیی، لە سەردەمی كامڵی دا دەوڵەمەند، و لە دوا ساڵانی تەمەنی دا چڕو كورت بوون. پەخشانی وی سادەو بێ گرێ و ئاوێتە بە ناسكی و حەنەكی زەوقدارە.

## هۆزان

<u>ویلیام كۆلن براینت (1794- 1878):</u>

شاعیرێكی رۆمانتیكی خەڵكی كامینكتن (ماسا چوست) بوو، ماڤ خوێندو بوو بە قازی، بەڵام لە ساڵی 1825ەوە ئیدی كەوتە كاری رۆژنامەوانی. گرنگترین كۆ هۆزانی وی بریتین لە: "سەرچاوە- 1842"، (كەڵەكێوی لاق سپی- 1844)، (نزا- 1864)، و(سی هۆزان- 1864). هەردوو بەیتی ئیلیاد (1870) و ئۆدیسە (1871)شی بە شیعری تازە داڕشتەوە. كاریگەریی وردزورت بە ئاشكرا بە هۆزانەكانی براینت-ەوە دیارە. لە هۆزانی درێژی "رامان لە مردن- 1817" قوڵبوونەوەی وی لە مەسەلەی مەرگ دەردەكەوێ. شیعری "وەنەوشەی زەرد- 1814" هەست و هزری وی لەمەڕ سروشتی سەر زەمینی ئەمریكا دەردەبڕێت. شیعری "بۆ مراوییەك- 1815" كە شاكاری ئەوە، باڵا دەستی وی لە كێش دا ئاشكرا دەكات، لە شیعری لیریكی دڵگیردا "بۆ كۆ شادی ژاكاو" پەیامی هێڤی بەدی دەكرێت، هۆزانانی وەك "رەسەنایەتی ئازادی – 1842"، "ئەی دایكی نەژادی بە توانا- 1846"، "گازیی نیشتمان- 1861"، "مەرگی لینكۆڵن- 1865"و "مەرگی كۆیلایەتی- 1866" نیشانەی نیشتمانپەروەری و دڵبەندی براینت-ـە بە بزوتنەوەكانی رزگاری لە سەرانسەری جیهاندا. بۆچوونە ئەدەبییەكانی ئەم شاعیرە داهێنەرە بریتییە لە: پەنا بردنە بەر هەست، خەیاڵپەروەری، دژایەتی فەزڵفرۆشی، سوودوەرگرتن لە سروشت بۆ دەربڕینی هزر، جەختكردنەوە لەسەر جوانیی ئەخلاقی، و باوەڕ بە ئازادی كێش-ی شیعری، عەیبی دیاری ئەو، ئەنجامگیریی راستەوخۆی ئەخلاقی و زێدەڕۆییە لە بایەخدان بە ئەخلاقیات.

ئیدگار ئالن پۆ (1809– 1849):

شاعیری شیعری سمبولیك و رۆمانتیك، وخودانی چیرۆكێن خەیاڵی و بەسامو ترسناك و پۆلیسی و رەخنەگری دیار، كوڕی داك و بابێكی ئەكتەری خەڵكی بۆستۆن بوو. لە یانزە ساڵیدا هەتیو كەوت و لە ماڵی بازرگانێكی زەنگینـدا بە نێوی ئالن گەورە بوو. ساڵانی (1815– 1820)ی لەگەڵ خاوخێزانی ئالنـدا لە ئینگلستان بە خوێنـدن بردە سەر. لە ساڵی 1826دا ماوەیەكی كەم لە زانستگەی ڤیرجینیا خوێندی. لە ساڵی 1827دا ماڵی ئالن–ی بەجێهێشت و چووە ریزی سوپاوە. پۆ، پاش تەواو كردنی خزمەتی سەربازی (1831) رووی كردە نووسەرایەتی و گۆڤار دەركردن، و لە ساڵی 1835 دا بوو بە بەڕێوەبەری گۆڤاری "پەیامی ئەدەبیی باشوور".

یەكەمین كۆ شیعری پۆ لە ژێر سەر ناوی (تەیمور لەنگ) لە ساڵی 1827دا بڵاوبووەوە. پاشان نۆرەی شیعرە جوانەكانی هات.

"ئەلئەعراف– 1829":

شیعرێكی دژوارە كە جۆرە تاسەیەكی رۆمانتیكی ئەورووپایی لە خۆ گرتووەو جەخت لەسەر تەسامی و بەرزی روح لە رێگەی رامان لە جوانییەوە دەكات.

"بۆ هیلین– 1831":

شیعرێكی لیریكی جوانە، خەمی شاعیر بۆ مەرگی ژنێك نیشان دەدات.

"ئیسرافیل– 1831":

شاعیر لێرەدا ئایدیالێك وێنە دەگرێت و یەكێكە لە باشترین نموونانی ناسكە دەربڕین و كەماڵی وەزن.

"شار لە دەریادا– 1831":

شیعرێكە بەتۆنێكی ترس ئەنگێز، كە ئاماژەیە بۆ شاری گوناه یان شاری مردووان.

"كۆشكی روحان– 1839":

شیعرێكی دڵگیرو جیلوەیەكە لە زەینی پەرێشان.

"قەلەڕەش– 1839":

بەناوبانگترین شیعری پۆیە كە ناوەڕۆكی خەمی شاعیر بۆ مەرگی ژنێكی جوانی تیا دووبارە دەبێتەوە. شاعیر لە كاتێكا هەوڵدەدا یادو بیرەوەری ئەشقی لە دەست چووی لینور– (Lenore) فەرامۆش بكات، باڵندەیەكی پیری ترسناك و شوومو ناشیرین دێتە دیدەنی، لە كۆتاییدا، قەلەڕەش وەكو رەمزێكی "بیرەوەری تاقەتبەرو بێ كۆتایی" دەردەكەوێ: "و قەلەڕەش كە هەرگیز نافڕێ، بە

دەقی خۆیەوە هەڵنیشتووە، هەڵنیشتووە- لەسەر پەیکەری کاڵی پالاس، ڕێك لەسەر سەردەری ژوورەکەی من- و چاوەکانی وەکو چاوی دێوێکە کە خەریکە خەون دەبینێ- و ڕووناکی چراکە کە لەسەر ڕووی ئەوە سێبەرەکەی دەخاتە ناو ژوورەکە- ئایا ڕوحی من لە چنگی ئەو سێبەرە بزۆزەی سەر تەختی ژوورەکە دەردێ- هەرگیز!" پۆ لە نامیلکەیەکدا بە ناوی فەلسەفەی شیعر گوتن، شێوازی خۆی لە دانانی "قەلەڕەش"دا شیکردۆتەوە.

"ئولالوم- 1847":

شیعرێکی کورت و چڕە کە شاعیر بۆ مردنی هاوسەرەکەی خۆی گوتووە.

"ئیلدورادو- 1849":

شیعرێکە، ڕەنگدانەوەی تاقیبی بێ کۆتایی شاعیرە بۆ بەختەوەری.

"ئانابل لی- 1849":

مەیلەو شیننامەیەکە دەربارەی یاری ئازیزی لە دەست چوو.

پۆ شیعری ڕۆمانتیکی ئەمریکایی، کە بە هەوڵ و هیمەتی براینت دەستی پێکرد بوو، گەیاندە لوتکە، ژێرخانی شیعرە جوانە لیریکی و خەمینەکانی یەجگار مکوکە، قوتابخانەی ڕەمزییەت بەرادەیەك لە ژێر کاریگەریی شیعری ئەودا بووە کە شارل بۆدلیر کەم و زۆر ئەوی بە سەر مەشقی خۆی داناوە.

پۆ سەرباری باڵا دەستی لە شیعرا، لەواری کورتە چیرۆك و ڕەخنەی ئەدەبیشدا پایەیەکی بەرزی هەیە. وەکو گەورەترین ڕەخنەگری نەوەی خۆی، و وەکو باوکی کورتە چیرۆك و چیرۆکی پۆلیسی ناوبانگێکی پایەداری بەدەست هێناوە.

پۆ لە ساڵی 1840ەوە دەستی بە نووسینی چیرۆکانی نهێنی ئامێز کرد. لە هەندێ لەم چیرۆکانەدا هاماجێکی ترسناك دەخوڵقێنێ، و هەندێکی دیکەیان ئاوێتەی ئەنجامگیرییانی دروست دەکات. بە کورتیەکەی پۆ دامەزرێنەری ڕۆمانانی پۆلیسی تازەیە. پۆ باوەڕی وایە کە ئەوەی بەلای هونەرمەندەوە گرنگە ئەو کاریگەرییە گشتی و یەکپارچەیەیە کە لەلای وەرگر دەیهێڵێتەوە، و کورتە چیرۆك باشترین قاڵبە کە ئەم مەبەستە بەدی دینێ. پۆ شەیدای چیرۆکانی خەیاڵی و ترسناکە. دڵبەندی ئەو، بە زەمینەێن غەریب و ناوەڕۆکێن ترسناکیش زادەی هەمان شەیداییە. شاکارە ترسناکەکانی پۆ، لە ریزی چیرۆکە ترسناکە گەورەکانی جیهاندان. لەوانە: "هەرەسی ماڵی ئاشەر" لە کۆمەڵە چیرۆکانی عەجیب و عەرەبانە- 1840، "دەمامکی مەرگی سوور- 1842"، "بۆشکەی ئامونتیادو- 1846"، "گورپەی ڕەش"، و "دڵی نهێنی بێژ" هەر هەموو ئەم چیرۆکانە سەرو سەختیان لەگەڵ خەیاڵ و هزری نەخۆشانەدایە. یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم چیرۆکانە خوڵقاندنی هاماجی تایبەتی سایکولۆژییە بە مەبەستی زیاد کردنی کاریگەری ترس، و ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە شێوازە دیارەکانی پۆ لەواری چیرۆکنووسیندا.

پۆ، لە کورتە چیرۆکانی سەرکێششدا دەستێکی باڵای هەیە. "کەوتنە ناو گێژاو"، یەکێکە لە نموونە باشەکانی ئەم مەیدانە.

پۆ، وەکو ئامازەمان کردێ، داهێنەری چیرۆکی پۆلیسیشە. بە چیرۆکانی وەکو، "تاوانێك لە گەڕەکی غەسالْخانە"، "رازی ماری روجیە"، و "نامەی دزراو"، شێوازی چیرۆکی پۆلیسی چەسپاند.

پۆ چەند چیرۆکی جوانیشی بە پەخشانە شیعر نووسیوە، کە جوانترینیان "سێبەر"، "ئیلینورا"، و "پەخشەی زێڕین"یان ناوە. لەم چیرۆکانەدا ترس بە تەواوەتی کەم دەبێتەوە.

پۆ لە بواری رەخنەگریش دا ناوبانگێکی بەرزی هەیەو دەچێتە ریزی دیارترین تێوریسینانی هونەری نووسینەوە.

پرەنسیپ و دیسپلینەکانی وی بۆ داوەری دەربارەی شیعر بەمجۆرەیە: شیعر دەبێ:

1- فێرکاری نەبێ

2- کورت بێ.

3- داهێنانی جوانییەکی هاوسەنگ و وەزندار بێ.

4- جوانییەکی ئایدیالی بخولْقێنێ و بەرزی بە روح ببەخشێت.

5- ژنی جوان تەوەری ناوەڕۆکەکەی بێ.

<u>پۆ دەربارەی کورتە چیرۆکیش حوکمی ئاشکرای هەیە:</u>

1- دەبێ کاریگەرییەکی گشتی و پەکپارچە لە دوای خۆی بە جێ بێڵێ.

2- ئەسڵ و بنەمای چیرۆکەکە بە یەکەمین رستە دەست پێ بکات.

3- ئامانجی حەقیقەت بێ.

4- کورت بێ.

5- کۆتاییەکی سست و لاوازی نەبێ، ئەو هەموو ئەم پرەنسیپانەی لە بەرهەمەکانی خۆیدا بەکار دەهێنا.

پۆ باوەری وابوو کە ئامانجی هونەر جوانییە، نەك حەقیقەت. یەکەمین نووسەری ئەمریکایی بوو کە تێوری "هونەر بۆ هونەرێ" خستە روو. لە بەرهەمەکانیدا هیچ نیشانەیەکی دڵبەندی بەکاروباری نەتەوەیی، دیموکراسی، سنوور نشینی، سیاسەت، یا ریفۆرمی کۆمەڵایەتی نییە. خۆی لە کێشمانەکێش و گرفتەکانی جیهانی واقیعی دەبواردو پەنای دەبردە بەر دنیای شیعرو خەیاڵ، لە روانگەی پۆوە بەرهەمی هونەری بە مەبەستی دانی زانیاری، داکۆکی لە حەقیقەت، یان وروژاندن نایەتە ئاراوە، بە کورتییەکەی ئامانجی هونەری "ئەم دنیایی" نییە، لە پرینسیپەکانی شیعردا- 1850، باسی خودی شیعر دەکات، پۆ هیچ دەربەستی کۆمەڵگە نییەو پەیامی وی هونەری پەتییە. لە بەهەرمەکانی ئەودا نەك هەر هیچ ناوونیشانێکی ئەخلاق نەهاتووە، بەڵکو ئەخلاق وەکو شتێکی

**دژی هونەریش مەحکوم دەکریّ، بە باوەڕی پۆ، داهێنان و ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبی، لە حوکمی بینایەکدایە کە بیناساز دروستی دەکات و ئەوەی گرنگە، هاوئاهەنگی و هاوسەنگییە.**

**هنری تیمرود** (1828– 1867):

**خەڵکی کالیفورنیای باشوور، و لە باشترین شاعیرانی باشوور بوو، باوەڕی وابوو کە جوانی بە تەنیا ناتوانیّ ببیّ بە سەرچاوەی شیعر، بەڵکو کاریگەریی و حەقیقەتیش بایەخیان هەیە. باشترین هۆزانی تیمرود، "قۆزاخەی پەمو– 1861"ی ناوە.**

**پۆڵ هەمیلتون هین** (1830– 1886):

**شاعیرێکی گەورەی دیکەی باشوور بوو کە لە شیعری غەزەلیات دا دەستێکی باڵای هەبوو. "ئەفسانان و لیریکان– 1872" یەکێکە لە کۆ شیعرەکانی.**

# رۆمان

**جیمز فنیمور کۆپەر** (1789– 1851):

**رۆماننووس و رەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی لە برلینگتون (نیو جرسی) لە دایك بوو. ماوەیەکی کورت لە زانستگەی ییل خوێندی، و ساڵانی 1806– 1811ی لە خزمەتی هێزی دەریایی دا بەسەر برد. یەکەمین رۆمانی کۆپەر بە ناوی "پاریّز" لە ساڵی 1820دا بڵاو بووەوە، رۆمانی دووەمی "جاسوس– 1821"ی ناوەو بووە مایەی ناوبانگی. دوای ئەم رۆمانە کە سەرەتای زنجیرە رۆمانێك بوو دەربارەی شۆڕشی ئەمریکا، کۆپەر چوو بۆ نیویورك. لەویّ سەنتەرێکی بەناوی "نانەی نان و کەرە" دامەزراند کە نووسەران و شاعیرانی وەکو ویلیام کولن براینت و فیتزگرین هالك ئەندامی بوون، کۆپەر لە ساڵی 1826 دا چوو بۆ ئەوروپا و کتێبی "تەسەوراتی ئەمریکاییان– 1828"ی نووسی کە نیمچە رۆمانێك بوو لە قاڵبی نامەدا، سیّ رۆمانی دواتری ئەو "بژی – 1828"، "هایدن مۆر– 1832"و "جەلاد– 1833" دەربڕی زیانەکانی سیستەمانی ئەرستۆکراتی ئیتاڵیا، ئاڵمان و سویسران، کۆپەر لە ساڵی 1833دا بۆ ئەمریکا گەڕایەوە. ساڵی دواتر رۆمانی نامەیەك بۆ هاوولاتییەکانی بڵاوکردەوەو باوەڕی خۆی لەمەڕ دەستوورو رۆڵی رابەران دەربڕی بوو. بەرهەمەکانی دواتری، "دیموکراتی ئەمریکایی– 1838" پەیامێکی سیاسییە دەربارەی رەخنە لە دیموکراسی ئەمریکاو، "مێژووی هێزی دەریایی– 1839" کە یەکەمین مێژووی تەواوەتی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. کۆپەر لە دوا دەیەی تەمەنیا چەند رۆمانێکی دڵگیری نووسی. رۆمانە سیّ بەشییە کۆمەڵایەتییەکەی بریتییە لە: "قامکی پێی شەیتان– 1845،**

زنجیربکێش– 1845، و سورپێستان– 1846"، کۆپەر لەم سێ ڕۆمانەدا ماڧ موڵکداری لە ماوەی سێ نەوەی یەك خێزانی ریشەداری نیویورکی دا دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. ڕۆمانەکانی دوا ساڵانی تەمەنی کۆپەر کەش و هەوایەکی مەزەبیان هەیە. ڕووداوانی ڕۆمانی زارکی گڕکان– 1847 لە دەریاکانی باشووردا روو دەدەن و نووسەر عەوداڵی دۆزینەوەی یۆتۆبیایە (مەدینەی فازیلە)، و "شوێنە کراوەکانی بێشەی بەڕوو– 1848" دوا ڕۆمانی کۆپەرە دەربارەی سور پێستان. بەلای کەمەوە سێ و پێنج ڕۆمان لە پاش کۆپەر بەجێماوە کە دڵگیرترینیان زنجیرە چیرۆکانی گۆرەوی چەرمییە. ئەم زنجیرەیە بریتییە لە پێنج دانە ڕۆمان، بەم ناوانە: ڕاوچی ئاسك– 1841، دوایەمین موهیکنەکان– 1826، چارەساز– 1840، پێشەنگان– 1823 و سەوزەزار– 1827، کە هەر هەموویان نیمچە داستانانی ململانێ و شەڕی نێوان سورپێستان و پێشەنگانن. کۆپەر ڕۆمانانی دەریاییشی نووسیوە کە بەناوبانگترینیان "کەشیتوان– 1824 و دوو دەریا سالار– 1842"یان ناوە.

کۆپەر لە ڕۆمانەکانیا، لە ڕێگەی دروست کردنی دڵە خورپەو ڕاچڵەکاندن و وروژاندن و عەجایەب سازییەوە خوێنەران رادەکێشێت. بە هۆی زاڵی بەسەر زاراوەێن دەریاوانی و دروستی بەکارهێنانی ئەو زاراوانەوە، بە داهێنەری چیرۆکی دەریاوانی دەناسرێ، و لە باری ئەو هزرو هەستەوە کە لە چیرۆکەکانیا دەربارەی بێشەو دەریا و کۆمەڵگەی بەشەری بەکار هاتووە بە نووسەرێکی پێشڕەو دەژمێردرێ. عەیبی گەورەی بەرهەمەکانی، وەسفی دوورو درێژو تاقەتبەرە.

<u>هیرمان ملڤیل (1819– 1891):</u>

شاعیروو ڕۆماننوسێکی گەورەی ئەمریکییە، لە نیویورك چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. لە یانزە ساڵیدا بۆ ئەلبانیا چوو و ماوەی چوار ساڵ لە ئاکادیمیای ئەوێندەر خوێندی. لە هەژدە ساڵیدا سەفەرێکی بۆ لیڤەرپول کردو پاشان ماوەیەك کەوتە دەرس گوتنەوە. لە بیست و دوو ساڵیدا بە کەشتییەکی تایبەتی ڕاوە نەهەنگ بەرەو دەریاکانی باشوور ڕۆیی. پاش نۆزدە هەیڤان کەشتییەکەی بەجێ هێشت و ماوەیەك گیرۆدەی بنیادەمخۆرانی دوڕگەکانی مارکیز بوو. ئاقیبەت هەڵات و خۆی گەیاندە تاهیتی و هونولولو و بوو بە کەشتیوانی کەشتییەکی ئەمریکایی. یەکێك لە سەفەرە گرینگەکانی ملڤیل سەردانی فەلەستین بوو لە ساڵی 1856دا. ئەم سەفەرانە بوون بە سەرچاوەی ئیلهامی نووسینی هەندێ لە ڕۆمانەکانی ملڤیل، لە ڕاستیدا ملڤیل نووسەریی لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی خۆی دەست پێکرد. یەکەمین کتێبی ئەو، تای پی: سەرنجێك لە ژیان لە پۆلینزی– 1846، ماجەرای گیرۆدە بوونی خۆی لە دوڕگەکانی مارکیز شرۆڤە دەکات.

لەم ڕۆمانەدا کەلتوری سەرەتایی بنیادەمخۆران وێنە دەگرێت. ئوموو: گێڕانەوەیەکی هەندێ بەسەرهاتی دەریاکانی باشوور– 1847، حیکایەتی سەفەری ملڤیلە بۆ تاهیتی. ئەم کتێبە و تای پی.... لەو سەفەرنامانەن کە مۆرکی ڕۆمانیان لە خۆ گرتووە. ڕۆمانی (ماردی – 1849) بە ماجەرای دەریایی دەست پێدەکات، بەڵام بەرەبەرە بە حیکایەتی فەلسەفی، هۆزانی لیریکی و بابەتی موبالەغە ئامێز ئاوێتە دەبێ، و سەروکار لەگەڵ میتافیزیکاو ڕەمزییەتدا پەیدا دەکات. ئەم ڕۆمانە

یەکەمین هەوڵی ملڤیله بۆ گۆڕینی سەفەرنامە بە چیرۆکی فەلسەفی. "ردبرن– 1849"، رۆمانێکی ترەو زادەی ئەزموونی سەفەری ملڤیله بۆ لیڤەرپول: "چاکەتی سپی– 1850" رۆمانێکی شاش و درشتەو یادەوەری ژیانی ملڤیله لە کەشتییەکی جەنگیی ئەمریکاییدا. بەناوبانگترین رۆمانی ملڤیل، "موبی دیکە، یا نەهەنگی سپی– 1851" کە لە چەشنی خۆیدا شاکارێکی زندووە. لەم بەرهەمە ئاڵۆزەدا، کە رەمزییەت بە گێڕانەوەیەکی ریالیزمی ئاوێتە بووە، ئەو چیرۆکانەی کە لە دەریاوانانی، دەربارەی نەهەنگێکی سپی زەلام ژنەفتوە، لە چوار چێوەی چیرۆکێکی رەمزیو داستانیدا دەگێڕێتەوە. دیمەنی سەرەتایی چیرۆکەکە، و کارەساتی تۆڵە ئەستاندنی نە هەنگەکە، کە چیرۆکەکە دەگەیەنێتە لوتکە، بە شێوەیەکی بەرزو کارامەو هاڕوژێنەر وێنە گیراوە. موبی دیك رۆمانێکە پڕ بە مانای راستەقینەی وشە رەمزییە، و رەمزەکان زۆر ئاڵۆزو بە تەمتومانن. نە هەنگە سپییەکە رەمزو نیشانەی چ شتێکە کە بەو چەشنە سەرنجی کەشتیوان ئەهاب رادەکێشێت (کە کۆمەڵێك دەریاوانان خڕ دەکاتەوەو هەموویان – جگە لە گوتیاری چیرۆکەکە– بەرەو مردن بکێش دەکات. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم رۆمانە بە لێکۆڵینەوەو رامانێکی فەلسەفیو ئەخلاقی دەربارەی ماهیەتو جەوهەری خێرو شەڕ، هێزی ویست لە بەرانبەر قەدەرا، و شەڕی هەمیشەیی نێوان مرۆڤ و بوونەوەران، لە قەڵەم دراوە. لاوازی رۆمانە کە لەمەدایە کە خوێنەر هەمیشە نازانێ کە گوتیاری چیرۆکەکە کێیە، و ئەو پارچەو پەرەگرافانەی کە بۆ روون کردنەوە دەربارەی نەهەنگ لە رووی مێژووی سروشتییەوە تەرخان کراون، زنجیرەی چیرۆکەکە دەپچڕێنێ. (پی یر– 1852) رۆمانێکی دیکەی ملڤیلەو لەسەر بناغەی سایکۆلۆژی رۆنراوە، و (ئیسرائیل پاتر– 1855) رۆمانسێکی مێژووییە. (چیرۆکانی مەیدان– 1856) یەکێکە لە کۆ کورتە چیرۆکەکانی ملڤیلو نیشانەی توانای ئەوە لەواری سکێچو کورتە چیرۆکانا.

دوایەمین لێکۆڵینەوەی ملڤیل لەمەڕ ماهیەتی خێرو شەڕ لە کورتە رۆمانی مەیلەو رەمزی (بیلی بود– 1864)دا بەرجەستە بووە. ئەم رۆمانە بەسەر هاتی دەریاوانێکی قۆزی لاوەو بەسەرهاتی دادگاییو مەرگی بەناهەقی ئەو دەگێڕێتەوە. بەرهەمەکانی دوا ساڵانی تەمەنی ملڤیل کۆمەڵە شیعرێکن بەناوی "چەند پارچە شیعرێکی جەنگ– 1866، دەربارەی شەڕەکانی جیا بوونەوەن، و (کلارل– 1876)، شیعرێکە لە دوو دەفتەرا، و یادەوەری سەفەری ملڤیله بۆ فەلەستین.

### ریچارد هنری دانا (1815– 1882):

رۆماننوسو مافناسە، لە باری وردی دەربڕین و دڵگیریی رۆمانتیکییەوە رۆمانەکانی مایەی سەرنجن. ریچارد کە ساڵەهای تەمەنی بە دەریاوانی بەسەر برد بوو، ئەزموونو بیرەوەریانی ژیانی دەریایی خۆی لە قاڵبی رۆماندا دەربڕیوە. (دوو ساڵ لە بەرانبەر ریکدا – 1840) بەناوبانگترین رۆمانی دانایە، کە بەسەرهاتی سەفەری دەریایی خۆی دەگێڕێتەوە.

### جۆن پندلتون کندی (1795– 1870):

ناوە خوازراوەکەی مارك لیتلتون—ە، رۆماننوس و سیاسەتوانێکی خەڵکی ویلاند بوو. کۆ سکێچەکانی بەناوی (عەماری دانەوێڵەی پەرەسێلکە– 1832) وێنەیەکی وردی مەزراکانی ڤیرجینیا دەگرێت. (رۆبینسۆنی ناڵبەند– 1835) رۆمانێکی زۆر جوانیەتی دەربارەی قۆناغی شۆڕش لە کارولینا.

<u>ویلیام گلیمۆر سیمز</u> (1806– 1870):
رۆماننووس و رۆژنامەوانێکی خەڵکی کارولینای باشوور بوو کە شاعیرو رەخنەگرێکی باڵا دەستیش بوو. بەیەکەمین نووسەری پیشەیی "جەرگەی باشوور" دەژمێردرێ کە پتر لە سی بەرهەمی چیرۆکڤانی نووسیوە. بە ناوبانگترین رۆمانی لە ژێر سەر ناوی (یەماسی– 1835) دایە، چیرۆکی کۆمەڵێك سورپێستانە کە لە ساڵی 1715دا دەیانویست مهاجیرنشینی ئینگلیزی کارولینای ژێری لە نێو بەرن. سیمز زنجیرە رۆمانێکنی مێژوویی دەربارەی هندە سورەکانی باشوورو جەنگی سنووری لە ماوەی شۆڕشی ئەمریکادا نووسیوە. (پارتیزان– 1835)، سەرەتای ئەو رۆمانانەیە کە دەربارەی شۆڕشی ئەمریکا نووسراوە.

## شانۆنامە

لە قۆناغی رۆمانتیکدا، درامای ئەمریکایی وەکو جاران بە مەبەستی سەر گەرم کردن دەنووسرا، نێوەرۆکی سەرەکی دراماکان ئەو شتانە بوو کە مایەی پەسندی خەڵکی بوو، وەکو مێژووی ئەمریکا، هندە سوورەکان و ئیتاڵیا. تاقە درامانووسی گەورەو دیاری ئەم سەردەمە پوکەر بوو.

<u>جۆرج هنری بوکەر</u> (1823– 1890):
لە زانستگەی پرینستون خوێند بووی، و پانزە شانۆنامەی شیعری نووسیوە. دوو کۆمیدیای دڵگیری ئەو (دەزگیرانداری– 1850)و "زەوجینی بێوەژن– 1852"یان ناوە. (فرانچسکا داریمینی– 1856) شاکاری ئەوەو، باشترین شانۆنامەی شیعرییە کە لە سەدەی نۆزدەیەم دا بە ئینگلیزی دەرهێنراوە.
(نا بوتبوون– 1840) یەکێکە لە شانۆنامە باشەکانی تری. بوکەر لە شاعیرە لیریکییە هەرە باشەکانی سەردەمی خۆی بوو. کۆمەڵە شیعرێکی لە دیوانێکا بە ناوی (هۆزانێن جەنگ– 1864) بڵاو بووەتەوە.

**<u>کۆمیدی نووسی:</u>**

**کۆمیدیای لە جۆری ئەمریکایی کە کەم و زۆر پشتی بە موبالەغەو رووبەڕوو بوونەوەی ناسروشتی دەبەست، بە خاوی پەرەی سەند. یەکەمین کۆمیدیای ئەمریکایی لە ساڵی 1787دا پێشکەش کراو کەسایەتی یانکی"6"– YANKEE: خەڵکی ئینگلستانی نوێ، ئەمریکایی– لەسەر شانۆ دەرکەوت. لە پاش جەنگی ساڵی 1812ـەوە، کەسایەتیانی نا شایستەی ئینگلیزی خرانە بەر تەوس و توانجان، و سەرەنجام سبا سمیت (1792– 1868) لەبەرهەمێکیا بە ناوی، ژیان و بەرهەمی جك داو نینگ– 1834 شێوەو فۆرمی واقیعی بە کەسایەتی یانکی بەخشی. لە ڕێبازی کۆمیدیا نووسی باشووردا پتر تاکید لەسەر چیرۆکانی سەرکێشی موبالەغە ئامێز دەکرا. کۆمیدیا نووسانی ناوچەی رۆژئاوا بابەتی عەجیبی مێژووی کۆمەڵایەتیان هێنایە ناو نووسینی خۆیانەوە.**
**جەنگی ناوخۆش دووبارە، لە هەردوو لای سنوورا سیاسەتیان تێکەڵ بە کۆمیدیا کرد. داڤید رۆس لاك (1833– 1888) لە ساڵی 1861دا کەسایەتییەکی بەناوی پترولیوم ڤی. ناسبی داهێنا کە واعیزێکی نەزان و گەندەڵ بوو و ڕێنوسی وشەکانی بە هەڵە دەنووسی. لاك بەرهەمەکانی خۆی بە ناوی ئەم کەسایەتییەوە، کە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرا، بڵاودەکردەوە. لەو بەرهەمانە: نووسراوەکانی ناسبی– 1864، و رای جیاوازی بەڕێزی تۆ پترولیوم ڤی. ناسبی.**
**کومیدیا نووسان لە بەرهەمەکانی خۆیاندا پەنایان وەبەر شێوەی جۆراوجۆری وەکو گەمەی زمان، بەکارهێنانی زمانی عامیانە، ڕێنووسی نادروست، تێك شکاندنی ڕێزمانی دەستووری، رەگەزدۆزی، هەڵەی پێکەنیناوی، و هەروەها پێکەوە دانانی هزرێن جیاواز دەبرد.**

**<u>هنری ویلەر شاو (1818– 1885):</u>**

**کۆمیدیا نووسێکی خەڵکی ماساچوست بوو، کاری خۆی لە رۆژنامە نووسییەوە دەست پێکرد، و ناوی خوازراوی جۆش بیلینگز–ی بۆ خۆی هەڵبژارد. لەواری کاراکتەرسازی و تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆك دا لاواز بوو، بەڵام لە قسەی کورت و سادەدا دەستێکی باڵای هەبوو. باشترین نووسینی عەوام پەسندی شاو لە کۆ بەرهەمی (پەندەکانی جۆش بیلینگز– 1865)دا کۆکراونەتەوە.**

**<u>جۆن فارەر براون (1834– 1867):</u>**

**خەڵکی ویلایەتی مین بوو، و بە ناوی خوازراوی ئارتیموس وارد بەناوبانگ بوو. ئەو سکێچە کۆمیدیانە کە لە رۆژنامەی کلیولند دەینووسین شۆرەت و ناوبانگیان گەیاندە ئینگلستان. زیرەکی ئارتیموس وارد لە بەکارهێنانی ڕێنوسی نا دروستی وشەن، و سەرنج تیژی وی لە تەبیعەتی ئینسانی، کەسایەتییەکی جوانی پێ بەخشیوە. نووسینەکانی لە دوو کۆ بەرهەمدا بە ناوانی (سەرجەم بەرهەمەکانی ئارتیموس وارد 1875، و کۆی بەرهەمەکان– 1890) بڵاوبوونەتەوە.**

**<u>ئیدگار ویلسن نی (1850– 1896):</u>**

به بیل نی بەناوبانگە، و لە ریزی باشترین کۆمیدیانووسانی سەدەی نۆزدەیەمی ئەمریکادایە. نی، زۆربەی چیرۆکە کۆمیدییەکانی هەوەڵجار لە گۆڤاری لارامی بومرنگ بڵاوکردەوەو پاشان لە کتێبێکدا بەناوی (بیل نی و بومرنگ– 1881) کۆی کردەوە.
نی، روانگەو دیدێکی مرۆڤانی هەبوو، و جوانی کاری ئەو لە ئاوێتەکردنی ئاوەزی ساغڵەم و کۆمیدی کاریدا بوو.
لە کۆتاییدا، دەبێ ئاماژە بە چارلز هنری سمیت (1826– 1903) بکرێ کە بە ناوی خوازراوی "بیل ئارپ" دەینووسی. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەم کومیدیانووسە کالیفورینایییە لە قاڵبی نامەدا نووسراون.

# مێژوو

لە قۆناغی رۆمانتیک دا سێ مێژوونووسی ئەمریکایی ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کرد. ئەمانە توێژەرانی راستگۆو مامۆستایانی شێوازە پەخشانێکی وەرچەرخانساز بوون. لەگەڵ ئەمەشا. بەرهەمەکانیان بەهۆی کەموکورییە رۆمانتیکییەکانی وەکو بەخشینی لایەنی چیرۆکڤانی لە رادەبەدەر بەمێژوو، و مەیلی قارەمانپەروەری، ئاسیوی زۆریان دیوە.

<u>ویلیام هیکلینگ پرسکوت</u> (1796– 1859):
بەرهەمی گرنگی ئەم مێژوونووسە کە دەنگدانەوەیەکی زۆری نایەوە، مێژووی سەڵتەنەتی فردیناندو ئیزابیل–ی کاتولیک (3بەش، 1837) بوو. بەرهەمەکانی دیکەی ئەم مێژوونووسە بریتیین لە: مێژووی فەتحی مەکزیك (سێ بەش، 1843)، مێژووی فەتحی پیرو (دوو بەش، 1847)، مێژووی سەڵتەنەتی فیلیپ، شای ئەسپانیا (سێ بەش، 1855– 1859)، و مێژووی پاشایەتی شارلی پێنجەم (1857).

<u>جۆن لوتروپ موتلی</u> (1814– 1877):
مێژوونووسێکی ورد بوو کە پەیڕەوی خەتی گەورە مێژوونووسانی دەکرد و شێوازێکی رەوانی هەبوو. پێی وابوو کە مێژوو لەسەر تەوەری ژیانی گەورە پیاوان دەگەڕێ و دەبێ رەنگدانەوەی ئازادی فیکر بێ.
هەڵهاتنی کۆماری ئاڵمان (سێ بەشە، 1856) و ژیان و مردنی جۆن بارنولد (1857) لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی موتلی–ن. ئەم مێژوونووسە دوو رۆمانیشی بە ناوانی: هێڤی مورتن (1839)و مری ماونت (1849) لە پاش بەجێماوە.

**فرانسيس پاركمن** (1823– 1893):

**خەڵكی بۆستون و دەرچووی هارڤارد بوو. یەکەمین بەرهەمی پارکمن (ئۆریگن تریل– 1849)، کە بریتییە لە هەواڵی سەفەری خۆی بۆ ڕۆژئاوا بە مەبەستی توێژینەوەی ژیانی هندە سوورەکان، و دەسیسەی پۆنتیاك (1851)، کە باسی شەڕی نێوان فەرەنساو ئینگلستان لەسەر دۆڵی ئۆهایو دەکات. پارکمن، بە نووسینی پێشڕەوانی فەرەنسەوی لە دنیای نوێدا (1865)، نووسینی زنجیرە بەرهەمێکی مێژوویی دەست پێکرد، کە گرنگترینیان ئەمانەن: یەسوعیان لە باکووری ئەمریکا لە سەدەی هەڤدەیەمدا (1867)، کەشفی ڕۆژئاوای مەزن– 1869)و نیو سەدە خەبات– 1892، پارکمن تۆنێکی ڕۆمانتیك، کاریگەرو زیندووی هەیە. بەگشتی کۆی بەرهەمە جوانەکانی باشترین نووسینی مێژوویین لە ئەمریکادا.**

# **بەرزی خوازی**

**ڕاپەڕینێکی هزری بوو کە لە ساڵانی 1835– 1845دا گەشەی کردو بە بەرزی خوازی ناوبانگی دەرکرد. ئەم ڕاپەڕینە گەلێك لە ڕۆمانتیکەکانی ئینگلستانی نوێی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەم ڕاپەڕینە، یا بزوتنەوەیە ئیلهامێکی زۆری لە سەرچاوانی فەلسەفی و ئەدەبی جۆراو جۆری وەکو ئەفلاتون، پێشگۆیانی هندو، ئایدیالیستانی فەرەنسەوی و فەیلەسوفی ئاڵمانی، کانت وەرگرتووە، بزووتنەوەی بەرزی خواری لە ڕاستیا فەلسەفەی ئیلتیقاتی ڕاڵف والدو ئەمرسن بوو کە لە هەمان کاتدا ئایدیالیزم، گەشبینی، و پشت بە خۆ بەستنی بڵاودەکردەوە. یەکەمین بەرهەمی گرنگی ئەمرسن بەناوی (سروشت– 1836)ە کە بەهەق بە "پرۆگرامی" فەلسەفی ئەم بزووتنەوەیە لە قەڵەم دراوە. ئەو لەم نووسینەدا کە هزری "وەحدەتی وجود"ی بڵاودەکردەوە، هەوڵی دابوو ئەوە نیشان بدات کە تەبیعەت وەکو شیعری ڕەمزی وایە کە دەبێ چەمك و ماناکەی کەشف بکرێ و بدۆزرێتەوە. ئەمرسن تەبیعەت و سروشتی بە ڕەمزێکی ڕوح دەزانی و بە دووپات کردنەوەی ئەمەی کە پەیڤان نیشانانی حەقیقەتە سروشتییەکانن، بەرزی خوازی هێنایە ناو ئەدەبیاتەوە.**

**ئامانجی فەلسەفەکەی ئەمرسون فێرکردنی سادەیی و هێزی باڵاترین یاسا واتە یەکێتیی بەشەر بوو. بە گوێرەی پرەنسیپی یەکەمی ئەم فەلسەفەیە، هەموو بنیادەمان پاژی زندوو و ژیانی یەك بوونن، و ئەو بوونەش بەشەرە. بەم پێیە دەبێ "یەکێتیی و یەکپارچەیی مرۆڤ" وەکو "پاژێك لە خوا" حەساو بکرێت. ئەمرسون کە بۆ بیری "یەکپارچەیی مرۆڤ"و پەیوەندی مەعنەوی ئەو بە خواوە زاراوەی بەرزی خوازی (لە کانتەوە وەری گرتبوو) بەکار دەبرد، دەڵێت هەموو مرۆڤان پاژی یەکسانی خوان. پرەنسیپی دووەمی فەلسەفەکەی ئەمرسون ڕەنگدانەوەی جەختکردنەوەی ئەوە**

لەسەر گەورەیی ئینسان (بەخۆت دنیای خۆت بنیاد بنێ). ئەو دەیویست مرۆڤ پشت بە خودی خۆی ببەستێت.
بە کورتی، بەرزی خوازی واتە روو کردنە کاروباری میتافیزیکی، کاروباری تێوری رووت لە هەنبەر کاروباری بابەتی و پراکتیکی، و هەر شتێك-ی ئالۆز بەڵام حەقیقەتدار.

**رالف والدو ئەمرسۆن** (1803- 1882):

شاعیرو فەیلەسوف و گوتارنووسێکی خەڵکی بوستونە. لە قوتابخانەی لاتینی بوستون و کۆلیجی هارڤاردا ئیلاهیات (خواناسی) خوێندووە، پاشان، بە گوێرەی دابی خێزانی، بوو بە کەشیشی دووەمینی کلێسای بۆستون (1829). لەساڵی 1832دا دەربارەی رێورەسمی عیشای رەبانی، لەگەڵ بەرپرسانی کلێسادا تێگیراو ئیستیقالەی دا. ساڵی دواتر بۆ ئەوروپا چوو، و لەوێندەر بە تەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەری کارلایل-ەوە.
دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا، لە کنکورد (ماسا چوست) ئاکنجی بوو و خوتبەخوانی و نووسەریی کرد بە پیشە، ئەمرسۆن لە کنکورد کەوتە هاوکاری لەگەڵ پەیڕەوکارانی بزووتنەوەی بەرزی خوازی، کە بە خۆی یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی. بەرزی خوازان کە مایل بوون بەلای جۆرە وەحدەتێکی وجودەوە، بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ بانگەشەیان دژی رێبازانی ئەسبەقیەتی ئەزموون، مەتریالیزم، خۆ پەروەری، کالونیزم، و دئیزم "خوا پەرستی" دەکرد ، بە ناو بانگترین نووسەرانی ئەم بزاڤە کە هاوکاری نزیکیان لەگەڵ ئەمرسۆن دا هەبوو بریتین لە: جۆرج ریپلی (1802- 1880)، مارگارت فولر_1810- 1850)و جیمز فریمن کلارك (1810- 1880).
بڵاوکەرەوەی هزری ئەوان بڵاوڤۆکی دایل- DIAL بوو کە لە ساڵی 1840 تا 1844، و ماوەیەك بە سەرنووسەرایەتی خودی ئەمرسۆن بڵاوبووەوە.
ئەمرسۆن دوای گوتاری (سروشت- 1836)، کە بە پرۆگرامی بزاڤەکە ناسراوە، خوتبەیەکی بە ناونیشانی (توێژەری ئەمریکایی- 1837)دا، کە لە یەك کاتدا چەمکی مەزەبی، مەعنەوی و سیاسی لە خۆ گرتبوو. لەم خوتبەیەدا، کە بە "بەیاننامەی خۆیبوونی مەعنەوی ئەمریکا" ناسراوە، توێژەر بە کەسێکی زانا دەزانێ کە لە تەبیعەت و رابردوو وکارەوە ئەزموون فێر دەبێ و وەردەگرێ. زۆربەی بەرهەمەکانی ئەمرسۆن شێوەو قاڵبی خوتبە (گوتار) یان هەیە، چونکە زۆرێك لەم بەرهەمە خوتبەییانە پاشان بوون بە وتاران، و دوو کۆمەڵەیان بە ناوی (گوتاران- 1841- 1844) لێ بڵاوبووەوە. کۆمەڵەی یەکەم گوتارانی وەکو ئەڤین، دۆستایەتی، دووربینی، قارەمانی، حاڵی بوون، هونەر، مێژوو، و پشت بە خۆبەستنی لە خۆ گرتووە، و کۆمەڵەی دووەم گوتارانی وەکو شاعیر، ئەزموون، سروشت، ریفۆرمخوازانی ئینگلیستانی نوێی لە خۆ گرتووە. هەندێ لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەمانەن: پیاوانی نموونە- 1856، بریتییە لە ژیاننامەی شەش کەسایەتی نموونە (ئەفلاتون، سویدنبرگ، مونتنی، شەکسپیر، ناپلیون، و گوتیە). خەسڵەتی ئینگلیزیان- 1856 لەبەر رۆشنایی بینین و ئەزمونەکانی ئەمرسۆن لە سەفەرێکیا بۆ ئینگلیستان نووسراوە.

ڕێنـوێنی ژیـان– 1860، کۆمەڵێکـە لـە وتاربێژییـەکانی ئەمرسـۆن کـە باسـی بابـەتانی وەکـو چارەنووس، دەسەڵات، سەروەت، پەرستنکاری، ڕەفتارو ئەتوار، کەلتور، و جوانی دەکات.

ئەمرسـۆن زۆر شـیعری لەمـەڕ تەبیعـەت، بـەرزی خـوازی، نیشـتمان، خـەڵکی و ژیاننامـەی خـۆی نووسـیوەو گوتـووە کـە لـە چـەند دەفتـەرێکا بـە نـاوانی هۆزانـان– (1847)، ڕۆژی مـانگی مـایس (1867)، هۆزانێن هەڵبـژاردە (1876) کۆکراونەتـەوە. لـە گوتـاری "شـاعیر"دا (لـە دووەم کۆمەڵـەی گوتاران دایە) دەڵێت: ئەوەی لە شیعردا گرنگە دیتن و فەلسـەفەو پـەیامی شـاعیرە، نـەك وردەکـاریی هونـەری. چـونکە شـاعیر شـیعر دەخـولقێنێ نـەك کـێش و وەزن. ئـەوەی مـرۆڤ دەکـات بـە شـاعیر تەبیعەتە، نەك هونەرو سنعەتی شیعری. شاعیریش بنیادەمێکە لـە نێـو بنیادەمـان، بـەڵام ئـەو زیـاتر پیاوی قسەیە تا پیاوی کار بێ،

ئەمرسۆن، لە پەخشاندا شـێوازێکی سـادەو دوور لـە تەمومـژی هەیـە، لـە بنـەڕەتا ئامۆژگارییـەکانی لەسەر بناغەی سادەیی دەربڕین ڕۆنراوە. بە باوەڕی ئەو شێوازی دروست ئەوەیە کە بـە پێـی توانـا لە تەبیعەتەوە نزیك بێ، چونکە لەم حاڵەدا پتر گوازرشت لە خودی ئینسان دەکات.

<u>هنری دەیڤید توریۆ</u> (1817– 1862):

شاعیرو گوتار نووسێکی خـەڵکی کنکـورد بـوو، لـە کـۆلیجی هارڤـارد خوێنـدویـەتی، و ماوەیـەکیش خـەریکی دەرس دانـەوە بـوو. لـە دۆسـتە نزیکـەکانی ئەمرسـۆن و لـە پـەیڕەوانی ڕاپـەڕینی بـەرزی خوازی بوو.

یەکەمین کتێبی توریۆ کە لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونـانی سـەفەری خـۆی نووسـراوە، نـاوی (هەفتەیـەك لە کەناری ڕووبارانی کنکوردو مریمەك– 1849)ـە، ئەم کتێبە بەپێی ڕۆژەکانی هەفتـە ڕێـك خـراوە، و بە هەمان ئاسانی ڕەوتی ڕوبارێك، بە بەینی دیتنان و بیراندا، بە نێوان هۆزان و هەڵبەستا دەڕوات. لە ڕاستیدا، فۆرمی کتێبەکە ڕێك وەکو ئەو پەیوەندییانـە وایـە کـە لـە نێـوان دیاردەکـانی تەبیعەتـدا هەیـە. کتێبێکـی دیکـەی توریـۆ لـە ژێـر سـەر نـاوی (والـدن: یـا ژیـان لـە بێشـەدا– 1854)ـە، لەسـەر بنەمای سەرنج و تێفکرینی ئەو لـە مـاوەی دوو سـاڵ و دوو مـانگ ئـاکنجی بـوونی لـە گـۆلاوی والـدن نووسراوە. ئەو لەم ماوەیەدا لە گۆلاوی والدن، لە کوخێکی دارینا کە بە خۆی دروسـتی کردبـوو، بـە ڕاوو کشـتوکاڵ دەژیـاو کتێبەکـەی بـە شـێوەیەکی نزیـك لـە تەبیعەتـەوە نووسـی. ئـەم کتێبـە کـە بـە گـوێرەی وەرزەکـانی سـاڵ ڕێـك خـراوە. بـە زمـانێکی دوو لۆنـە بـاوەڕو بۆچـوونی نووسـەرەکەی دەربارەی ژیانی سادە نیشاندەدات و دەردەبڕێ، بە قەناعـەتی توریـۆ بەختـەوەری لـە سـادەییدایە، چونکە مرۆڤی شارستانی لەزەتەکانی ژیان لە پێناوی گوزەرانا بە فیڕۆ دەدات، مرۆڤ دەتـوانێ بـەبێ منەتی دەوڵەت و تەنانەت بەبێ ئەوزارو پارە ئەوەی حەزی لێیە فەراهەمی بکات.

توریۆ: THOREAU، نووسەرێکی بوێرو ڕاستگۆ بوو. بە باوەڕێکی بتەوەوە سەرپێچی لە دانی باج کردو چووە زیندان. لە نەیارانی سەرسەختی کویلەیەتی بوو و یارمەتی کۆیلە هـەڵاتووەکانی دەدا. تەنانـەت بـە ئاشـکرا لـە کـۆڕی داکـۆکی لـە (جـون بـراون– 1800– 1859) وەکـو شـەهیدی ڕێگـەی دژایـەتی کردنـی کۆیلایـەتی، قسـەی کـرد. یـەکێك لـە نووسـینەکانی ئـەو لـەواری دژایـەتی کردنـی

کۆیلایەتیدا گوتارێك بوو بە ناوی "سەرپێچی مەدەنی- 1849" کە بووە مایەی پەسندی گاندیو ئیلهامبەخشی ئەو لە هەڵبژاردنی "بەرگری سەلبی" وەکو ئارمی راپەڕین دژی کۆیلایەتی. گوتارێکی بەناوبانگی دیکەی تورێو لە هەمان مەیدانا، "کۆیلایەتی لە ماساچۆست- 1854"ی ناو بوو.

تورێو لە پەخشانا شێوازێکی جوانی هەبوو، بەڵام هۆزانڤانێکی مامناوەندی بوو و کەشو هەوای میتافیزیکی هەبوو.

<u>ویلیام ئیلیری چانینگ</u> (1780- 1842):

سیمایەکی گەورەی تری بزاڤی بەرزی خوازی، و دەرچووی هارڤارد بوو، بە گوتارێك لە ژێر سەر ناوی گفتوگۆیەکی ئەخلاقی لەگەڵ کالونیزمدا- 1850، رێگەی بۆ گفتوگۆیەکی بەرزی خوازان هەموار کرد. چانینگ بە خستنەڕووی ئەم باسە کە ئینسان دەبێ پشت بە زەینی خۆی ببەستێ، و بالاترین بەهرەی خوایی ویژدانی مرۆڤە، پشتیوانی تێوری ئازادیی ویستی کرد، ئەم باوەڕە قوڵو مکومە بە پرەنسیپەکانی ئازادیو خۆیبوونی فەردی، ئازادی خوازی مەزەبی، دیموکراسی سیاسی، و رۆمانتیزمی ئەدەبی لەگەڵ خۆیدا هێنا. چانینگ کە هزرڤانێکی بوێر بوو، لە مەیدانی خەبات دژی کۆیلایەتی بەرهەمی وەکو "کۆیلایەتی- 1835" نووسی.

## برەهمەنەکانی ئینگلستانی نوێ

هاوکات لەگەڵ درەوشانەوەی بەرزی خوازانا لە کنکورد (ماساچوست)، گروپێك لە نووسەرانی ئینگلیستانی نوێ کە پەیوەندییان بە کامبریجو هارڤاردەوە هەبوو، روویان کردە نەریتی ئەشرافی، کەلتوری ئەوروپایی. ئەم ئەرستۆکرات تەبیعەتانە -کە بە سوعبەتەوە ناوی برەهمەنانیان لە خۆ نابوو- لە چینی ئەرستۆکراتو شەیدای کەلتووری بێگانە بوون، هنری وادزورت لانگفلو، ئولیڤەروندل هلمز، و جیمس روسل لوول، هەموویان لە ئەشرافان بوونو مامۆستای دیارو چالاکی هارڤارد بوون، ئەمانە پتر رەواجیان بە پێوەرو مەحەکە تەقلیدییە کۆمەلآیەتی، ئەخلاقیو ئەدەبییەکان داو لە نووسینەکانیاندا جەختیان لەسەر وردی و دروستی و پەیڕەو کردنی قەراردادەکان کردەوە.

<u>هنری وادزورت لانگفلو</u> (1807- 1882):

لە پۆرتلاند (ویلایەتی مین)، لە خێزانێکی دەوڵەمەندو رۆشنبیر هاتە دنیاوە، لە کۆلیجی بودن (1821- 1825)، خوێندوویەتی، و بوو بە مامۆستای کورسی زمانانی تازەی هەمان کۆلیج،

سالآنی 1826- 1829ی بە گەڕانو سەفەراتی ئەورووپا بەسەر برد، لە ساڵی 1834دا بە مامۆستای زمانانی تازە لە هارڤارد دانرا.
لانگفلو لە ساڵی 1834دا کۆمەڵە گوتارێکی دەربارەی سەفەرەکانی خۆی لە ژێر سەر ناوی دەریایەکی دی بڵاوکردەوە. لە ساڵی 1839دا بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆ شیعری خۆی "دەنگەکانی شەو"، و پەخشانە چیرۆکی هایپریون، کە دەربارەی ژیانو ئاشقینی خۆی لەگەڵ کیژێکی خەڵکی بوستۆن دابوو، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد. ناخۆشترین رووداوی ژیانی وی لە ساڵی 1861دا روویداو لە ئاگر کەوتنەوەیەکدا ماڵەکەی لە بەین چوو و هاوسەری دووەمی لە دەستدا. لانگفلۆ لە شیعرێکی لیریکی دڵگیرا بەناوی خاچی بەفر ئەم کارەساتەی شەرح کردووە.
ئەو کتێبەی کە ناوبانگو شۆرەتی ئەم نووسەرەی چەسپاند، (هەڵبەستو هۆزانانی دیکە- 1841) بوو، بەرهەمەکانی دواتری ئەمانەن: "قوتابییەکی ئەسپانی- 1843" شانۆنامەیەکی شیعرییە دەربارەی سەماکارێکی ئەسپانیایی کە دەیەوێ لە داوی نەجیم زادەیەکی هەوەسباز دەرباز بێ.
"ئیڤانجلین: 1845- 1848): چیرۆکی کیژە جووتکارێکی دەوڵەمەندە کە ساڵانێك بە دوای دەزگیرانەکەیدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەڕوات. ئاقیبەت بە پیریو تاعون لێدراوی لەناو جێگەی مەرگا دەیدۆزێتەوە.
"بونیادی کەشتی: 1850": شیعرێکە بەناوەڕۆکێکی نەتەوەیی، کە لە رووی رێبازی کەشتی سازیو دەوڵەمەندی وشەی هونەرییەوە جوانە.
"بەستەی هیاواتا- 1855": رەنگدانەوەی دڵبەندی لانگفلویە بە سورپێستانو ئەفسانەکانی وانەوە.
"ئاشقێنی مایلز ستندیش: 1858":
چیرۆکە شیعرێکە لەبەر رۆشنایی یەکەمین دەستە ئاوارە کە بە کەشتی میفلاوەر بەرەو ماساچوست چوون. چیرۆکەکە، یان تەوەری چیرۆکەکە پەیوەندی ئاشقێنی سەربازێکی میانە ساڵی فشەکەرو کیژێکی پیرایشگەرە.
چیرۆکانی میوانخانەیەکی کەناری رێگا:( 1863- 1873):
زنجیرە چیرۆکە شیعرێکە کە بە چاولێکەری دکامرون-ی بوکاچو نووسراوە.
"مەسیح: نهێنییەك- 1872":
شانۆنامەیەکی شیعرییە لە سێ بەشدا: تراژیدیای خوایی، ئەفسانەی زێڕین، و تراژیدیاکانی ئینگلیستانی نوێ.
بەرهەمەکانی لانگفلو بۆ سەردەمی خۆی کاریگەری خۆیان هەبوو. بەڵام ئەوەی رۆژگارێك مایەی خوشەویستی ئەم شاعیرە بوو، ئەمڕۆ سواوو کۆن دەنوێنن. بیرەکانی خوێنەر نە ناچاری تێفکرین دەکەنو نە سەرسامی دەکەن، لە هۆزانە لیریکییەکانیا هیچ ئەنگێزەیەکی بەهێز نییە. سوود وەرگرتن لە تەبیعەت لە شیعرەکانی شاعیردا دەستکردو رێکەوتەکیە. لانگفلو، بە تێکڕایی نە هزرو

خەیاڵێکی بە هێزی هەبوو و نە توانایەکی داهێنەرانەی ئەوتۆ. بۆچوونەکانی سنووردار بوون، و پتر لاسایی کەرەوە بوو تا داهێنەر.
چیرۆکە شیعر کاری سەرەکی ئەوە بوو، هەوڵی دەدا لەم قا ڵبەدا هەرچییەك پەیوەندی بە مێژوویی ئەمریکاوە هەبوو، بگێڕێتەوە، بەڵام لەم حیکایەتخوانییەشدا بۆ ساتێك لە لایەنانی فێرکاری و پەنددادانی ئەخلاقی غافڵ نەدەبوو، لەگەڵ ئەمەشا، ئەوەی بووە مایەی شۆرەتی لانگفلۆو ئەوی گەیاندە پایەی شاعیری نەتەوەیی ئەمریکا (لە سەردەمی خۆیا)، دڵسۆزین سادەیی، ناسکی، و هەندێ جار تۆنی خەمینی شیعرەکانی بوو، هەر چەندە ئەم شیعرانە لە رووی خەیاڵو قووڵی و بەهێزی سۆزەوە لاواز بوون.

**ئۆلیڤەر وندل هۆلمز (1809– 1894):**

وتارنووس، شاعیرو رۆماننووس، خەڵکی کامبریج و کوڕی پیاوێکی روحانی زانا بوو، لە بوستۆن و پاریس پزیشکیی خوێندو لە ساڵی 1836 لە هارڤەرد پلەی دکتۆرای وەرگرت.
لە ساڵی 1838ـەوە تا ساڵی 1840 مامۆستای توێکاری بوو لە دارتموت. لە ساڵی 1847دا، دوای چەند ساڵێك دکتۆری و دەرس گوتنەوە، پایەی مامۆستای توێکاری و فیزیولۆجی هارڤاردی بەدەست هێنا. سەرەنجام لە ساڵی 1882دا خانەنشین بوو و وازی لە کار هێنا.

**گوتارو رۆمانان:**

گوتارەکانی هۆڵمز هەوەڵجار لە مانگنامەی ئەتلانتیکدا (1857– 1858) بلاوبوونەوەو پاشان لە کتێبێك دا بەناونیشانی "فەرمانڕەوای رەهای خوانی بەیانی– 1858" کۆکرانەوە. ئەم گوتارە حەنەك ئامێزو دڵگیرانە لە چوارچێوەی گفتوگۆیانی خەیاڵیدا کە لە یەکێك لە میوانخانەکانی بوستۆندا بەڕێوە دەچێت، نیشاندراون، باقی گوتارەکانی لە کتێبانی: مامۆستا لەسەر خوانی بەیانی: 1860، شاعیر لەسەر خوانی بەیانی: 1872، و لە سەرووی فینجانانی چایی: 1890 بە چاپ گەیەنراون. هۆڵمز لەم گوتارانەدا هەر شتێك و هەر کەسێك و هەر شوێنێ سەرنجی راکێشابێ باسی کردووە.
هۆڵمز سێ رۆمانی لەسەر بنەمای پزیشکی و سایکولۆژی، نووسیوە. ئیلیسی ڤێرنەر (1860) یەکەمین رۆمانی ئەوەو دەربارەی کیژۆڵەیەکە کە تەبیعەتێکی مارئاسای هەیە. لەبەر رۆشنایی ئەنگێزە و سۆنگەی ئەشقا دژی ئەم تەبیعەتە دەوەستێ. دوو رۆمانی دیکەی فریشتەی نیگابان (1867)و نەفرەتی کوشندە (1885) یان ناوە، نووسەر لەم رۆمانانەدا، کە بە خۆی ناوی ناون رۆمانی پزیشکی، هەوڵدەدا ئەوە بسەلمێنێ کە ئەوەی مرۆڤان ئەنجامی دەدەن، هۆ یان هێزێن دەرکی بەسەریدا سەپاندوون.

**هۆزانان:**

هۆڵمز یەکەمین هەڵبەستەوانی "هۆزانی کۆمەڵایەتی"یە لە ئەمریکادا. کەشتی کۆن (1830)، ئیعترازنامەیەکە دژی فەرمانی غەرقکردنی کەشتییەکی مێژوویی، و ئەم شیعرە کەشتییەکە رزگار دەکات. بەناوبانگترین شیعری هۆڵمز، "شاکاری شەماس"، یا "عەرەبانەی تاك ئەسپی": (1858)، ئەمە باسێکی سادەو دڵگیری گالیسکەیەکە کە سەد ساڵان تەمەن دەکا، بەلام.... ئەم شیعرە لە هەمان کاتدا تەنزێکە دەربارەی روخانی سیستەمی مەزەبی کالونیزم.
سەنگی هۆزانە کەمو زۆر تەنزئامێزەکانی هوڵمز لە مکومی بونیاد، دروستی کێش، وردیو ناسکی دەربڕین، هاوسەنگی نێوان بابەتە جددیو کۆمیدییەکان، پوختەی ریتمو تۆن، و کینایەتەکانیانایە. کەمو کوڕی و خەوشی ئەم هۆزاڤانانە سونەت گەراییە لە کێشو نەبوونی ئەندێشەی قوولی مەزەبی یان فەلسەفییە.

**جیمز روسل لوول (1819– 1891):**

شاعیر، گوتارنووسو سیاسەتوانی خەڵکی کامبریج، لە هارڤەرد خوێندویەتی، و لە ساڵانی 1855– 1886دا مامۆستای زمانە تازەکانی ئەم زانستگەیە بوو. لە ساڵانی 1857– 1861دا سەرنووسەریی مانگنامەی ئەتلانتیك–ی لە ئەستۆ بوو، لە ساڵانی 1862– 1872شدا هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری ئەمریکای باکوردە کرد. لوول لە ساڵانی 1877– 1880– سەفیری وڵاتی خۆی بوو لە ئەسپانیا، و لە ساڵانی 1880– 1885دا لە ئینگلستاندا سەفیر بوو.
گوتاربێژییەکانی هۆڵمز لەم دوو قۆناغەدا، کە رەوانیو زیرەکیان پێوە دیار بوو، بووە باعیسی شۆرەتی جیهانی ئەو.

**هۆزان:**

لوول شیعری لیریکی، مەزەبی، دژی کۆیلایەتی، بیوگرافی، و گوتارە شیعری گوتووە.
"حیکایەتێك بۆ رەخنەگران– 1848": بەیتێکی رەخنەییەو لە راستیا تەوسنامەیەکە کە بیروباوەڕی خەڵکی لەمەڕ نووسەرانی رۆژ دەردەبڕێت. ئەم بەیتە فۆرمێکی سادەو تۆنێکی شادو تیژی هەیە.
"خەونی سیرلانفل– 1848": حیکایەتێکی هەڵبەستەوانییە دەربارەی سوار چاکێك کە لە جیهانی خەوندا دەچێتە تاقیبی جامی مقەدەس (کە حەزرەتی عیسا لە دوا شاما بەکاری هێنابوو).
"گوتارانی بیگلو": (دوو کۆ گوتارە، 1848، 1867): کە زیاتر بە هۆنراوە نووسراون، لە رۆژگاری شاعیرا برەوێکی زۆریان پەیدا کرد، کۆ گۆتاری یەکەم، کۆمەڵێك گوتاری تەنز ئامێزی بە شێوەزاری ئینگلستانی نویٚ و دژ بە جەنگی مەکسیکی لە خۆ گرتووە. کۆ گوتاری دووەم، کۆمەڵێك گوتار دەگرێتە خۆ کە بە تەوسو توانجەوە تانەو تەشەر لە کۆیلایەتی دەداتو جەخت لەسەر یەکێتیی وڵات دەکات. بەم دووکۆ گۆتارە لوول وەکو تەنزنووسێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوبانگی دەرکرد.

یەکێك لە شیعرەکانی دیکەی لوول "بارینی یەکەمین بەفر- 1849"ـە، کە یادەوەری مەرگی یەکەمین منالّی خۆیەتی.

**پەخشان:**

پەخشانە وتارەکانی لوول لە چەند کۆ وتارێکدا کۆکراونەتەوە لەوانە: لە نێو کتێبەکانمدا (دوو کۆمەڵەیە: 1870، 1876)و پەنجەرەکانی ژووری خوێندنەوەی من (1871) کە رەنگدانەوەی راوبۆچوونی ئەوە لەمەڕ ئەمرسۆن، تورێو، وردزورت، رۆسۆ، شەکسپیر، میلتن، و چەند سیمایەکی بەرجەستەی دیکە. وتاربێژی و خوتبەکانی لوول لە کۆمەڵەیەکدا بەناوی دیموکراسی و چەند خوتبەیەکی دیکە (1887) بڵاو بووەتەوە.

لوول شاعیرێکی کراوەو حەنەکچییە، بەسەر فۆرمو قاڵبی غەزەلو چامەدا زاڵە، ستایشی سروشت دەکات، شارەزای دیالێکتی گوندییە، رەگو ریشەی شیعرەکانی لە دابە ئەدەبییەکاندایە، و رەمزو رازو کاریگەری کینایاتو هێمایان دەزانێ. هەموو ئەمانە ناسکییەکی تایبەتی بە شیعرەکانی دەبەخشێت. بەڵام کەسێکی فێرکەر، فەزڵفرۆشو پابەندی هەستیاریی سۆزی بێ بنجو بناوانی زانستی یان فەلسەفیشە. ئەم خەسڵەتانە لە سەنگو پایەی شیعرەکانی کەم دەکاتەوە. لوول لە مەیدانی رەخنەنووسیندا، دیدو بۆچوونی مێژوویی و زانیاری دەوڵەمەندی هەیە. زێدەباری ئەمە، وردبینو زەوق دروستە.

**جۆن گرینلیف ویتییر (1807- 1892):**

بە شاعیری کویکەر بەناوبانگە، لە ئەمزبری (ماساچوست) لە خێزانێکی کویکەر هاتۆتە دنیا، لە هەژاری و دەستکورتیا گەورە بووە، خوێندنی تەواو نەکردووە. رۆژنامەوانی کردە پیشە، و لەم رێگەیەوە، لە رای ئازادی رەش پێستاندا دەخەبتی.

گرنگترین نووسینی ویتییر بەرهەمێکی چیرۆك ئاسایە، بەناوی (چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکانی مارگریت سمیت- 1848) کە وێنەیەکی جوانی رۆژگاری مهاجیرنشینی دەنوێنێ.

گرنگترین شیعری ویتییر لە ژێر سەر ناوی "گرفتاری بەفرە- 1856" کە لە رووی وردی وێنەگرتنو ناوەڕۆکی رەسەنی ناوچەیی و نەتەوەییەوە لە شیعری ئەمریکیدا پایەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە.

شیعرە کورتەکانی ویتییر زیاتر بە دەوری تەوەری ناوەڕۆکی کۆیلایەتی، رۆژگاری مهاجیرنشینی، مەزەب، و بیۆگرافی دا دەسوڕێنەوە. ئەو کە خەباتکارێکی پشوو درێژی دژ بە کۆیلایەتی و کۆیلەفرۆشی بوو، شیعری پڕ جۆشی "لە ماسا چوستەوە تا ڤیرجینیا- 1843"ی دژی گرتنی کۆیلەیەکی هەڵاتوو داناوە، لە شیعری "ئیکابد- 1850"دا خەتیبی ئەمریکایی دانیل ویبستەر (1782- 1852) بە بۆنەی "خوتبەی هەوتەمی مارس"ییەوە کە پشتیوانییە لە سازشی ساڵی 1850و یاسای کۆیلانی هەڵاتوو، بەر رەخنەیەکی توندو تیژ داوە.

بـــەیتی "باربارافریچـــی – 1863"و "بـــەدوعا دایکـــی کۆیلـــەی ڤیرجینیـــایی– 1838"ش دژی کۆیلایەتی هۆنراونەتەوە. شیعری "میوانی پەنسیلڤانیایی" 1872" یادەوەری ئەمریکای قۆناغی مهاجیرنشینییە.
"کوڕی پـێ پـەتی– 1855" رۆژگـاری منداڵیـەتی شـاعیر وێنـە دەگرێـت. دوو هـۆنراوەی "خێـری ئەبەدی– 1865"و "خوای ئێمە– 1866" لە جوملەی پاڕانەوە ئاینییەکانی شاعیرن.

<u>ناتانیل هاثورن (1804– 1864):</u>

رۆمـاننووس و نووسـەری کورتـە چیرۆکان لـە سالم (ماساچوست) هاتۆتـە دنیا، لـە کـۆلیجی بـودن خوێندویەتی، و هەر لەوێندەر لانگفلو–ی ناسی. ماوەیەك لە ئیدارەی گومرگی بوستۆن کاری کرد، و چەند مانگێك لە بروکفارم نیشتەجێ بوو. لە ساڵی 1846دا بوو بە فەرمانداری بەندەری سالم, لە سـاڵی 1853ـەوە تـا 1856 کونسـوڵی ئـەمریکا بـوو لـە لیڤـەرپولی ئینگلیسـتان. هـاتورن سـاڵانی 1858– 1859ی لە روم بەسەر برد.
یەکەمین رۆمانی هاتورن لە ژێر سـەر نـاوی (فن شـاو) لـە سـاڵی 1828دا بڵاو بـووەوە. بـەڵام بـەبڵاو کردنـەوەی چـیرۆکانی دووبـارە گـوتراو (کـە دوو کـۆ چـیرۆك، 1837، 1842) بـوو ناوبـانگێکی دەرکرد. کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەی هەیە بە نـاوی (خەنـەتیفکی ماڵـە کۆنەکـەی کەشیش– 1846) کـە ئاوێتـەیەکـە لـە واقیعبینی و ناسـکی. هەنـدێ لـە چیرۆکە باشـەکانی ئـەم کـۆ چیرۆکە ئەمامـەن: "کیژی راپاچینی"، "مانگیران"، "دەمامکی رەشی کەشیش"، و "سیمای بەردینی گەورە".
شـاکاری هـاثورن، رۆمـانی بـەناوبانگی (داغمـەی نەنگـە– 1850)، یەکێکـە لـە بەرهەمـە رەسـەن و کلاسیکەکانی ئەدەبیاتی ئەمریکا.
ماجەرای چیرۆکەکە لە بۆستۆنی سەدەی هەڤدەیەما روو دەدا. هسترپرین–ی قارەمانی چیرۆکەکە، کە لـە قۆنـاغی دەسـەڵاتی ریفۆرمخوازانـدا منـاڵێکی حـەرام زادەی دەبـێ و لەکۆمەڵگـە وەدەردەنـرێ, رۆمانەکە پڕە لـە هێمـاو کینایـە، و لـە راسـتیدا خوێندنـەوەیـەکی شـوێنەوارە جیاوازەکانی گوناهـە، هـاثورن لـە هـەڕەتی شـۆڕەتدا، رۆمـانی مـاڵی حـەوت جەمـەلۆنی (1851)ی نووسـی کـە دەربـارەی نەفرین و کاریگەری ئەو بەسەر نەوە جۆراو جۆرەکانـە، رۆمـانێکی دیکـە هـاتورن لـە ژێـر سـەر نـاوی (رۆمانسی بلیزدیل– 1852)ـە، بیرەوەری و یادگاری مانەوەی شەش مانگەی خۆیەتی لە بروکفارم و رووداوەکانیشـی لـە هـەمان کۆمەڵگـەی نموونەییـدا دەسـوڕێتەوە. دوایـەمین و درێـژترین رۆمـانی هاثورن لە ژێر سەر ناوی (فونی مەڕمەڕی – 1860)ـە کە رووداوەکەی لە رومدا روو دەدا، قارەمانی رۆمانەکە بە هۆی ئەنجامدانی تاوانەوە روح و ڤیانی ژنێك داگیر دەکات، و نووسـەر لـە میانـەی ئـەم واریقاتەوە جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە کە مرۆڤ هەرگیز پایەیەکی ئایدیالی تەواو و رەهـا بـە دەست ناهێنێ.
هاثورن یەکەمین نووسەری ئەمریکایی بوو کە رۆمانی سایکۆلۆژی نووسی. لە وەسفی حاڵ و باری دەروونیـدا بـاڵا دەسـت، و لـە شـیکردنەوەی قـوڵایی روحـی مـرۆڤ و وێنـەگرتنی دنیـای ئاوێتـە لـە

خواناسی و تاوانکاریدا وەستاو مامۆستا بوو. بە هەر حاڵ، مەسەلەی گوناه هەمیشە هزرو زەینی هاثورنی مژول کرد بوو، بۆیەش چیرۆکنووسێکی خەمین و خەمبار بوو.

## والت ویتمن= پەیامبەری دیموکراسی ئەمریکا

**والت ویتمن** 01819- 1892):

لە لانگ ئایلاندی نیویورک لە خێزانێك لە کویکەرەکان چاوی بە دنیا هەڵێنا. بابی دارتاش و جووتکار بوو و لە منداڵی ویتمن دا ، بۆ بروکلین باری کرد. ویتمن لە یازدە ساڵیدا بوو بە شاگرد چاپخانە، و بەرە بەرە فێری پیت چنین بوو، و پاشان گەییە سەرنووسەریی رۆژنامە، بە دەم ئەو کارانەوە لە قوتابخانەکانیشدا کەوتە دەرس گوتنەوە. لە ساڵی 1862دا (لە ماوەی شەڕەکانی جیابوونەوەدا) چوو بۆ ڤیرجینیاو لە نەخۆشخانەکانی واشینگتۆن دا بوو بە پەرستاری زامدارانی جەنگ. پاش کۆتایی جەنگ، لە ساڵی 1865دا بوو بە کارمەندی دەزگاکانی دەوڵەت. لە ساڵی 1873دا دووچاری نیمچە سەکتەیەك بوو و دەستبەرداری خزمەت بوو.

بەرهەمەکانی ویتمن تا بەر لە بڵاوبوونەوەی "گەڵای گیا- 1855"، پتر گوتارانی رۆژنامەوانی بوون، کە لەو گوتارانەدا پشتیوانی لە فراوان بوونی قەڵەمڕەوی ئەمریکا بۆ ئەمریکای لاتین و بازرگانی ئازاد دەکرد. لە ساڵی 1842دا رۆمانێکی بەناونیشانی (فرانکلین ئیڤانز، یان هەمیشە مەست) بڵاو کردەوەوە.

گەڵای گیا هەوەڵجار بە پیت چنینی خودی شاعیرو بە تیراژی کەم، بە دوازدە شیعرو پێشەکییەکەوە بڵاو بووەوە. ویتمن لە پێشەکییەکەدا سەرباری جەخت کردن لەسەر پێویستی ئەدەبیاتی ئەمریکایی دەنووسێت کە ئەدەبیاتی ئەمریکا دەبێ سەربەخۆو رەنگدانەوەی کەلەپوری نەتەوەیی ئەمریکا- ژینگە، مێژوو و ئاوێتەیی نەژادی- بێ. ئەویش وەکو کارلایل، شاعیری ئایدیالی خۆی بە جۆرە پەیامبەرێك دەزانی، و میناوردزورت باوەڕی وابوو کە شاعیر لەم جیهانە روتەنی و کەمەدا دەبێ شتی نەمرو رەسەن بئافرێنێ. ئەم پێشەکییە کە لە چاپەکانی دیدا لابرا، لە رووی شێوازەوە شتێك بوو لە نێوان پەخشان و شیعر، و لە رووی جۆراوجۆری و پێکهاتەی ناکۆکی بابەتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لە هەندێ کۆپلە شیعرانی ناو کتێبەکە نەبوو. ویتمن لەگەڵ هەر چاپێکی ئەم کتێبەدا دەستکارییەکی شیعرەکانی دەکردو هەموو جارێ هەندێ پارچە شیعری دی بۆ زیاد دەکرد، بە رادەیەك کە لە ساڵی 1892دا دەیەمین چاپکرایەوە، چوار سەد شیعری تیا بوو. لە راستیا ئەم بەرهەمە شیلەی کاری عومرێکی شاعیر بوو.

گەڵای گیا، لە دوا چاپیا، بە مژول بوونی زهنی شاعیر بە خۆیەوە دەست پێدەکات، پاشان دەگاتە شەڕەکانی جیابوونەوەو، لەکۆتاییدا پرسی مەرگ و ئەبەدیەت دەخرێتە روو. بە گوتەیەکی دی،

ژیـانی بنیـادەم لـە لاوییـەوە تـامردن وێنـە دەگرێـت. ئـەم کتێبـە ڕەنگدانـەوەی قـاڵبی کـار، شـێوەی ڕەفتار، و جۆری هزرینی خودی شاعیرە، لە ڕاستیا قارەمانی شۆڕشگێڕ "هۆزانێن ئازاد" لـە گـەلاَی گیادا ویتمەنە. ویتمـەنێك کـە بـەم کتێبـە، قاڵبی "شـیعری ئـازاد(7)"ی هێنایـە ئاراوەو لـەم ڕووەوە شیعری ویتمن لە ئەدەبیاتی ئەمریکادا بە خاڵی وەرچەرخان دەژمێـردرێ. لـە زۆربـەی شـیعرەکانی گەلاَی گیادا پەیڤ و وشەگەلێکی بەکارهێناوە کە جیاواز بوون لە وشەی باو، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا هەوڵێك بوو بۆ داهێنـانی جـۆرە زمـانێکی شـیعری. ویـتمن بـە ئیلـهام وەرگـرتن لەسەرچـاوانی وەکـو کتێبی مقەدەس و هاینریش هاینە، شێوە کۆن و تەقلیدییەکانی شیعرو کێش و قافیـەی پشـت گـوێ خست و شیعری ئازادی خۆی گوت. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ویتمن شیعری کێش و قافیەداریشـی گوتـووە کەشـیعری "ئـەی کەشـتیوان، ئـەی کەشـتیوانی مـن" (1865) کـە لـە کـۆ شـیعری گـەلاَی گیادایە، لـەم نموونـانـەن، هەنـدێ لـە شیعرە دیارەکـانی کـۆ شیعری گـەلاَی گیـا بـریتیین لـە: "کـاتێ کەیاسـەکان لـە حەوشـەدا پشـکوتن- 1865" کـە خـەمباری شـاعیر بـۆ مردنـی لینکـۆڵن دەردەبـڕێ، "سروودی من"، کە نیشانەی ڕاستگۆیی شاعیر لەگەڵ خۆیدایە، و "گوزەرێك بە هندا- 1868" کـە زەمانێك وێنە دەگرێت کە شاعیر لـە جیهـانی خـەونـدا یـەکبوون و کۆبوونـەوەی تەسلیسـێکی تـازە - خواو تەبیعەت و مرۆڤ- دەبێنێ.

<u>بەرهەمە پەخشانیەکان:</u>

"سەرچاوەکانی دیموکراسیەت- 1871" گرنگترین بەرهـەمی پەخشـانی ویـتمن-ـە کـە ناوبـانگی پەیامبەری دیموکراسی پێ بەخشی. لەم کتێبەدا، لە هەنبەر گرفتـەکانی سـەر ڕێگـەی دیموکراسـی ئــەمریکا (بــە تایبــەتی هــەژاری و نــەزانی)، ئیمکانــاتی ئــەدەبیاتێکی گــەورەی نەتــەوەیی بــۆ پەروەردەکردنی جەماوەری خەڵك دەخاتە ڕوو. ویـتمن لـە ڕاسـتیا جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکـات کـە دیموکراسـی ئـەمریکا پێویسـتی بـە ئـەدەبیاتێکی نەتـەوەیی گونجـاو لەگـەڵ زەمانـەو وەزع و حـاڵی نەژادی و حکومەتی وڵاتا هەیە.

"ڕۆژانـی نموونـەیی- 1882" کتێبێکـی دیکـەی ویـتمن-ـە زۆر نووسـینی جۆراوجـۆری لـە خـۆ گرتووە، لەوانە یادداشتەکانی ڕۆژگاری جەنگ. لـەم یادداشـتانەدا ئـەزموون و بۆچـوونەکانی خـۆی لەمـەڕ شـەڕەکانی جیابوونـەوە (کـە لـەو کاتانـەدا لـە نەخۆشـخانە سـوپاییەکانی واشـینگتۆندا پەرستاری برینداراني دەکرد) نیشانداوە.

<u>هەڵسەنگاندن:</u>

ویـتمن خوازیـاری ئـەدەبیاتێکی نـوێ بـوو کـە لەگـەڵ پێداویستییەکانی دیموکراسـی دا بگونجێت، پێشنیازی شێوەو شێوازێکی دەکرد کە "لـە دەرونـەوە هـەڵقوڵێ" نـەك لـە دەرێ را بەسـەر شـاعیرا بسەپێنرێ. دەیگوت شیعری گەورە دەبێ لە گیانێکی گەورەو نەتەوەییەوە هەڵقوڵێ. هەر چەندە بـە تونـدی هەنـدێ ڕەگـەزی ڕۆمـانتیزم و ڕیـالیزمی ڕەتـدەکردەوە، هێشـتاش هـەر ڕەگ و ڕیشـەی لـە هەردووك قوتابخانەکەدا هەبوو.

ویتمن وەکو شاعیر لە ناو جەماوەری خەڵکا خۆشەویست نەبوو. باسکردنی راستەوخۆی مەسەلە سێکسییەکان و جۆری مامەڵەی لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا، لایەنگرانی داوێن پاکی و ئەخلاقی هاڕوژاندو بەنێربازی تۆمەتباریان کرد. ئەو لە بری باسی ڤیان و جوانی و رەنج و مەرگ، باسی ئاشتی و برایەتی و مرۆڤپەروەری دەکرد، کە بابەتی زەوقی زەمانە نەبوو، جگە لەمەی کە گوێ نەدانی بەکێش و فۆرم و، تۆنی هەندێ خۆ هەڵکێشانەی، لەگەڵ تەبع و تەبیعەتی رەخنەگراندا نەدەگونجا. لەلایەکی دیکەوە، بێ توانایی ویتمن لە کەشف و شیکردنەوەی دنیای دەروون، واتە رۆچوون بە قوڵایی کون و قوژبنەکانی روحی مرۆڤانیدا، ریز کردنی یەکنەوای وردە شتە جۆراوجۆرەکانا، و بەکارهێنانی شێوازێکی مام ناوەندی لە بەینی پەخشان و هەڵبەستا، بەخەوشی سەرەکی کاری ئەو هاتوونەتە ژماردن.

ویتمن وێڕای هەموو ئەو خەوشانەی کە بۆیان ریز کردووە، شاعیرێکی گەورەو رەسەنە. سیمایەکە ئاڵۆز بەڵام جوان، شیعرەکانیشی وەکو خۆی ئاوێتەیەکی ناکۆك و تێکەڵ و پێکەڵ بوو لە باوەڕی مەسیحی و شرك ئامێز، مەیلی فەردی و کۆمەڵایەتی، و حەزی عیرفانی و نەفسانی.

هۆگری ویتمن لەگەڵ سروشتدا، کەڵکەڵە و جۆش و خرۆشی بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگەی پیشەسازی و سیاسی، شارەزایی لە ئەمریکای سەردەم، دڵبەندی بە ژیانی شار، و ئاشنایەتی لەگەڵ تەبیعەتی دێهاتیدا، سیمایەکی درەوشاوەو زندووی پێ دەبەخشن.

بە کورتی، ویتمن-ی پەیامبەری دیموکراسی ئەمریکا، عومرێکی بە خەونی کۆمەڵگەیەکی نوێوە، کۆمەڵگەیەکی ئازادو بێ چینایەتی، لەپاڵ هاوڕێیانی دا بەسەر برد. لە هەمان کاتدا لە سەرانسەری ژیانیدا دەستبەرداری گیانی رۆژنامەوانی نەبوو. شیلەیەکی ئەزموونە رۆژنامەوانییەکانی بە زمانی شیعر سپارد. جۆرە ئازادییەکی بە شیعر بەخشی، و بە خۆی پێشەنگی شیعری ئازاد بوو، لەواری بایەخ و کاریگەریی ئەو لە ئەدەبیاتی جیهاندا دەبێ بڵێین کە ویتمن سەروسەختی لەگەڵ شیعری جیهانیدا هەبوو، و کاریگەریی ئەو لە ئەمریکا، ئەوروپاو ئاسیادا کەم وێنە بووە.

<u>ژێدەران:</u>

1- جمیس مدسن _1751- 1836): چوارەم سەر کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو _1809- 1817).

2- جیمز مانرۆ _1758- 1831): پێنجەمین سەر کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو (1817- 1825):

3- "یاسای کۆیلانی هەڵاتوو" یاسا پەسند کراوەکانی کۆنگرە لە ساڵی 1793و 1850دا واهی بوو کە ویلایەتەکان کۆیلە هەڵاتووەکان بۆ یەکتری بگێڕنەوەو سزای قورسیان بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە کۆمەکی کۆیلە هەڵاتووەکان بکەن.

4- هەڵوەشانەوەخوازان: لایەنگرانی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی بوون لە ئەمریکادا کە لە ساڵانی 1830- 1860دا چالاکییان هەبوو.

5- ئەبراهام لینکۆلن (1809- 1865): شانزەمین سەر کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو (1861- 1865).

6- کەسایەتی یانکی- YANKEE: بە ئەمریکاییانی، خەڵکی ئینگلستانی نوێ دەگوترا.

7- شیعری ئازاد:

شیعری ئازاد لە عورفی رۆژئاواییاندا هاو واتای ئەو شتەیە کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا (شیعری سپی) پێ دەگوترێ، واتە شیعرێك کە لە کۆت و بەندی کێش و قافیە ئازادەو شاعیر بە جۆرە تۆن و ریتمێکی ئاسایی زمان قەناعەت دەکات، لە کاتێکدا شیعری ئازاد (یا بە قەولی ئێمە "نیمایی") شیعرێکە لەسەر وەزنی عەروزی، بەڵام بەنیوە بەیتی کورت یان درێژ بە ئارەزووی شاعیر خۆی.

((4))

# قۆناغی سەرکەوتنی ریالیزم

## سەرەتایەکی مێژوویی:

قۆناغی دوای شەڕی ناوخۆ. قۆناغی بێ سەروبەری ئەخلاقی و گەندەڵی و بەرتیل خۆری بوو. سەر کۆمارەکان هەندێ ریفورمانیان ئەنجام دا کە یەکێك لەوانە دانی ماڤ رەئی دان بوو بە ژنان (1920) لەم سالأنەدا رەوتی بەپیشەسازی کردنی ولأت زیادی کرد، و ئابووری لەسەر بنەمای پۆلأو نەوت و رێگەی ئاسن و ئوتۆمبیل رەواجی پەیدا کردو لێشاوی پەنابەران و مهاجیران رووی کردە ئەمریکا، داهێنانی گرنگ ئەنجام درا، وهۆی نەقڵ و گواستنەوە پەرەی سەند. لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا شەپۆلێکی تازەی فراوان خوازی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا پەیدا بوو، و دورگەکانی هاوایی، پورتوریکو، دورگەکانی فیلیپین و گوام کەوتنە ژێر دەسەلأتی ئەمریکا، لەگەڵ نەخشەی "سیاسەتی دەرگای کراوە"(1)دا، ویلایەتە یەکگرتووەکان چاوی بڕییە چین، بەرە بەرە ولأتی ئەمریکا بوو بە دەسەلأتێکی جیهانی، و لە ئۆقیانووسی گەورەو ئوقیانووسی ئەتڵەسدا بەرژەوەندی پەیدا کرد. راپەڕینی ریفۆرمی تەرەقی خوازی (بەرزی خوازی) لەسەردەمی رۆزفلتەوە"2" دەستی پێکرد. رۆزفلت لایەنگری ماڤ "خەڵکی کەم دەرامەت" دژ بە "بەدکارانی خاوەن سەرمایەی زۆر" بوو، و لە زەمانی ئەودا، قانونی قەدەغەکردنی تەزویری خواردەمەنی (1906) و قانوونی پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان پەسند کرا.

**<u>نۆڕینێکی گشتی:</u>**

شیعر بەر لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکا، جگە لە لانیر، ویتمن و دیکینسن، هیچ سیماو شاعیرێکی گەورەی نییە. لەم قۆناغەدا گوتارنووسی وەکو خۆی مایەوە، درامای خۆماڵی، بە دوور کەوتنەوە لە نموونانی بێگانەو رووکردنە ناوەڕۆکی تازەو رەسەن، لەشانۆنامەکانی برانسن هوارد (1842–1908)، کلایدفیچ، ئوگستوس تومس، و ویلیام و. مودیدا قالبی بەست. کورتە چیرۆکی ئەمریکاییش بە هەوڵو هیمەتی برت هارت، هنری ک. بانر، ئەمبرۆز بیرس، ستیڤن کرین، هنری جیمز، هاملین گارلند، و چیرۆکنووسانی دیکەدا، فۆرمێکی ئەدەبی دیاری پەیدا کرد. ئەنجام لە شەڕی ناوخۆوە تا شەڕی جیهانی یەکەم لە ساڵی 1914، هەر دەیەیەك بە مۆرکی تایبەتی خۆی – بۆ نموونە دەیەی زێڕین 70، دەیەی مۆرکی ناوچەیی 80، دەیەی کۆتایی 90، و دەیەی پڕ جۆشی هەوەڵی سەدەی بیستەم– بە شێوەی جۆراو جۆر لەبەرهەمێن چیرۆکڤانی و نە چیرۆکڤانی دا رەنگی دایەوە، لەبەرهەمێن چیرۆکڤانی وەکو: رۆمانانی دڵگیرو سەرگەرم کەر، لە رۆمانانی سەرکێشی و مێژوویی، لەرۆمانانی ریالیستی و کۆمەڵایەتی و لە بەرهەمێن جۆراوجۆری نە چیرۆکڤانی وەك: گوتارانی پەیوەند بەسروشت، رەخنەی ئەدەبی، بەرهەمی مێژوویی، و نووسینانی رامیاری، زانستی، مەزهەبی، و فەلسەفیدا رەنگی دایەوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی ویلایەتە یەکگرتووەکانا، نۆرە هاتە سەر ئاوا بوونی رۆمانتیزم و هەڵهاتنی ریالیزم، و هاوڕێ لەگەڵ سەرکەوتنی تەکنولۆجیدا، بۆ یەکەمجار ئەدەبیاتی ئەمریکا لە هەندێ لایەنەوە لە حاڵەتی ناوچەیی دەرچوو و شێوەی نەتەوەیی بە خۆوە گرت.

لەم قۆناغەدا هەر چەندە عادەتی ژیانی سنوورنشینی بەرەو نەمان دەچوو، و لە دەیەی نەوەدا ئیدی هیچ ناونیشانێکی سنوورنشینی نەما بوو، بەڵام ئەفسانەی سنوورنشینی هەرمابوو، فردریك جەکسون تورنەر (1861– 1932)ی مێژوونووسی ئەمریکایی، بایەخی سنوورنشینی لە مێژووی ئەمریکادا، لە گوتارێکا کە بە هەمان ناونیشان لە ئەنجوومەنی مێژووی ئەمریکا، لە سالی 1893دا دای، دووپات و تاکید دەکاتەوە. ئەو کە سنوورنشینی بە پایەیەکی مکومی شارستانیەتی ئەمریکا دەزانی، لە گوتارەکەی خۆیدا، رای گەیاندبوو کە سەردەمی فراوانخوازی ئەمریکا کۆتایی هاتووەو، قۆناغی سنوورنشینی بەسەر چووە، و بە تێپەڕبوونی ئەو قۆناغە یەکەمین قۆناغی مێژوویی ئەمریکاش کۆتایی هاتووە. بە هەر حاڵ، لەوەیە بتوانرێ بگوترێ کە شێوەی رواڵەتیی ژیانی سنوورنشینان کەم و زۆر کاریگەریی بەسەر هەر نووسەرێکی ئەمریکاییەوە هەبووە، ئەمە جگە لەوەی کە ژانرو فۆرمە ئەدەبییەکانیش لەو کاریگەرییانە بەدەر نەبوون.

## بزووتنەوەی مۆرکی ناوچەیی

بزاڤی ناسراو بە مۆركی ناوچەیی، كە لە ساڵانی دوای شەڕی ناوخۆی ئەمریكا گەییە لوتكەی گەشانەوە، ئاوێتەیەك بوو لە رۆمانتیزم و ریالیزم، كە وا دیارە لە ژێر كاریگەری بەرهەمەكانی واشینگتۆن ئەروینگ، دابی نووسینی چیرۆكانی موبالەغە ئامێز لەمەڕ سنوورنشینەكان، و دابی رۆمانتیكی نووسەرانی ئینگلیزی و فەرەنسی دا بووە.

مەبەست و ئامانجی نووسەرانی سەر بە بزوتنەوەی مۆركی ناوچەیی ئەوە بوو كە ژیان لە ناوچە جۆراوجۆرەكانی وڵات بە دیدێكی واقیعیانە وێنە بگرن و لەم رێگەیەوە تەبایی نەتەوەیی قوڵ و ریشاژۆ بكەن و پەرەی پێ بدەن. ئەوانە شەیدای ناسكی دیمەنێن سروشتی، تەلار كاری، زمان، و داب و نەریت و كەلتوری ناوچەیی بوون و لە چیرۆكەكانیانا دیمەنە باوەكان، تایبەتمەندییە رواڵەتییەكانی هەر ناوچەیەك و زمان و كرداری كرێكاران و خەڵكی بازاڕی ناوچەییان بەرجەستە دەكرد.

لە ئاخرو ئوخری سەدەی نۆزدەیەمدا دەستەیەك لە نووسەرانی لایەنگری مۆركی ناوچەیی لە جاران پتر سوور بوون لەسەر نواندن و وێنەگرتنی ناوچەیەكی تایبەتی و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە، و وەسف لە رای وەسفی روتیان هەڵبژارد. ئەمانە لە ئەدەبیاتی ئەمریكادا بە ناوچە گەرایان ناوبانگیان دەركردووە.

بەشێوەیەكی گشتی چیرۆكی بەشانسی ئۆردوگای پڕ هەراو هەنگامە (1870)ی نووسینی برت هارت بە یەكەمین كورتە چیرۆكی مۆركی ناوچەیی لە قۆناغی دوای جەنگی ناوخۆی ئەمریكا دەزانن.

## نووسەرانی لایەنگری بزاڤی مۆركی ناوچەیی لە رۆژئاوا

**برت هارت** (1836– 1902):

رۆماننووس، نووسەری كورتە چیرۆكان و شاعیر، لە ئالبانی (نیویورك) هاتە دنیاوە. ماوەیەك لە كالیفورنیا خەریكی كاركردن لە دەرمانخانەو معەلمی بوو، و لە ساڵی 1863دا لە هەمان شارا بوو بە كارمەندی سكەخانە.

كۆمەڵێك هۆزانی كۆمیدی هارت بەناونیشانی كەشتی گوم بوو، لە ساڵی 1867دا بڵاوبووەوە، لە ساڵی 1868ـەوە تا 1871 سەرنووسەری مانگنامەی ئورلاند بوو كە لەوێدا باشترین كورتە چیرۆكی خۆی بڵاوكردەوە. ئەم چیرۆكانە لە ساڵی 1870دا لە كۆ چیرۆكێكدا بەناوی بە شانسی ئۆردوگای پڕ هەراو هەنگامە بڵاوبووەوە.

ئەم كتێبە بووە مایەی ناوبانگی هارت و مانگنامەی ئەتلانتیك گرێ بەستێكی دە هەزار دۆلاری بۆ هەر شتێك كە لە ماوەی ساڵێكا بینووسێت، ئیمزا كرد، هارت لە ساڵی 1878بوو بە كونسوڵی ئەمریكا لە كرفلد–ی ئاڵمان، و ساڵانی 1880– 1885ش كونسوڵی وڵاتی خۆی بوو لە گلاسكۆ.

**گرنگترین هۆزانی هارت، هۆزانێك-ی كۆمیدی بوو كه هەوەڵجار به ناونیشانی "زمانی سادەی جیمزی راستگۆ"و له ساڵی 1870دا بەناوی "چینی كافر" به چاپ گەیی.**
**له كۆ چیرۆكه كورتەكانی هارت، له دوای بەشانسی ئۆردوگای پڕ هەراو هەنگامه، كه به باشترین كاری ئەو دەژمێردرێ، دەبێ ئاماژه بۆ دوو كۆ چیرۆكی ئارگۆناتەكان (1875)و مێردەكەی خانم سكاگ (1873) بكرێ.**

**<u>ئیدوارد ئیگلستون (1837- 1902):</u>**

**كورته چیرۆكنووس، رۆماننووس، مێژوونووس و كەشیشی مندیست خەڵكی ئیندیانا بوو. ده ساڵی تەمەنی له شارەكانی مینەسوتادا به وەعزدادان و بانگەشه گوزەراند، و له ساڵی 1866ـەوه كەوته هاوكاری لەگەڵ كۆڤارانی كڵێساییدا.**
**یەكێك له رۆمانەكانی ئیگلستۆن، كۆتایی جیهان (1872)ـه، كه ناوەڕۆكێكی ئاشقانەی هەیەو واریقاتەكەی له ئیندیانا روو دەدا. قوتابی قوتابخانەی هوسیه (1883)، رۆمانێكی دیكەیەتی دەربارەی قوتابخانانی گوندییه. بەڕێوەبەری قوتابخانەی هوسیه (1871) كه باشترین رۆمانی ئیگلستونه ژیانی سنوورنشینی له رۆژئاوای ناڤین له قاڵبی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك دا له رۆژانی بەر له شەڕی ناوخۆ وێنه دەگرێت. ئیگلستون له مەیدانی مێژووی كەلتووری ئەمریكاییانشدا دوو بەرهەمی جوانی (پێشەنگانی میللەتێك- 1896)و (گۆڕانی مەدەنیەت- 1901) نووسیوه.**

**<u>جۆن (میلتن) هەی (1838- 1913):</u>**

**نووسەرو سیاسەتوان بوو. له شاری سالم (ئیندیانا) هاته دنیاوه، زۆربەی تەمەنی خۆی له كاری رامیاریدا بەسەر بردووەو له ساڵی 1897دا به سەفیری ئەمریكا له ئینگلستان هەڵبژێردرا. له سەردەمی سەر كۆماری مكینلی "3" و رۆزفیلت-شدا وەزیری كاروباری دەرەوه بوو زۆربەی هۆنراوەكانی هەی HAY دەربارەی سنوورنشینی و سنوورنشینانه. "ئالای سپی"و "ڤیانی ژنێك" دوو شیعری ئاشقانەن، "ئازادی" غەزەلێكه له قاڵبی شیعری ئازادا، و "نیوه پانتۆڵێكی كورت" شیعرێكی ئەوه لەمەڕ سنوورنشینی. یەكێك له پەخشانه بەرهەمەكانی هەی ناوی (رۆژانی كاستیلی- 1871)یه، كه كۆی هەڤده سكێچه دەربارەی شارستانیەتی ئەسپانیا- لەسەر گەرمی، رۆژانی مقەدەس، داب و نەریت، دیمەنانی سروشتی، هونەر، مێژوو، چۆنیەتی پەیوەندی بەكڵێساوه- ئەم كتێبه له باری پاشەكەوت و كورتی وشەو ناسكی شێوازەوه مایەی سەرنجه. بەرهەمی زندوو و گەورەی هەی بەرهەمێكه بەناوی (مێژووی ئابراهام لینكۆلن- 1890)، ده بەرگەو ملیۆن و نیوێك وشەیه، ژیانی لینكۆلن دەگێڕێتەوه.**

**<u>جواكین میلەر (1837- 1913):</u>**

**شاعیر، رۆماننووس، شانۆنامەنووس، سەرنووسەری رۆژنامه، قازی و له عەودالانی زێڕ، خەڵكی ئیندیانا بوو.**

"نموونـان- 1868" لـه شـيعرەكانی سـەرەتای شـاعيرن، كـه شـيعرێكی چيرۆكڤانی و شەخسـييە، هەندێ لە شيعرەكانی ديكەی بريتين لە "بەستەكانی سييرا"4"- 1871)، (بەستەكانی ئيتاڵيا- 1878)، (بەســتەكانی روح- 1896)و (هــۆزانێن ئۆڤيانووســی هێــدی- 1871) ميلــەر باســی سەفەرەكانی خۆی بۆ ئالاسكا، رۆژهەڵاتی دوورو هاوايی لە كتێبێكدا بە ناونيشانی "سروودی داهێنان- 1899) بڵاوكردووەتەوە.

كتـێبی (ژيـان لـە نـاو مودۆكـەكانا- 1873) ژياننامەيـەكی ناسـكی خۆيـەتی. شـانۆنامەيەكی رۆمانتيكی و موبالەغە ئامێز بەناوی (دنايتەكانی"5"سييرا- 1882) لە پاش ميلەر بەجێ ماوە كە بيرەوەری ژيانی سنورنشينييە.

## نووسەرانی لايەنگری بزاڤی مۆركی ناوچەيی لە باشوور

جۆيل چەندلر هاريس (1848- 1908):

وتارنووس، شاعير، كۆميدی نووس و رۆژنامەنووسێكی خەڵكی جورجيای ناڤين بوو. لەگەڵ چەند رۆژنامەيەك دا هاوكاری هەبوو، و زنجيرە سكێچ و هۆزانەكانی دەربارەی هاپۆريموس، كە يەكێك لە كەسـايەتييەكانی پـێش شـەڕی نـاوخۆ بـوو لـە رۆژنامـەی قـانونی ئاتلانتـادا (1876- 1900) بڵاوكـردەوە. هـاريس بـەهۆی وەسـفی هـاپۆ ريمۆسـی شـادو مايـەی پێكـەنين، و بـەكارهێنانی ديالتيكتی قولە رەشەكان و ئەفسانان (فابيل)، لە ئەدەبياتی نەتەوەيی ئەمريكادا پايەيـەكی بـەرزی هەيـە. هـەروەها وێنـەی بەهاداريشـی لەمـەڕ سـپييە هـەژارو بێنـەواكانی جورجيـا گرتـووە كـە لـە چيرۆكانی مينگو -1884، و دۆستان و ئاشناياني خوشكەجين- 1896دا بڵاوبووەتەوە.

زنجيرە نووسـينەكانی دەربـارەی هـاپۆريمۆس بريتييـە لـە چـەند بـەرگێك فابيـل بـە زمـانی قولـە رەشانەوە. جوانترين چيرۆكی ئەم زنجيرەيە بريتيين لە: گۆرانی و قسەكانی هاپۆ ريمۆس- 1880، شـەوان لەگـەڵ هـاپۆ ريمـۆس- 1892، و هـاپۆريموس دەگەڕێتـەوە- 1918، هـەر شـەوەی رەش پێستێ چيرۆكێك بۆ منالێك دەگێڕێتەوە.

لافكاديو هيرن (1850- 1904):

رۆژنامەوان، وەرگێڕ، وتـارنووس و قسـەزان بـوو، لـە دوڕگـەيـەكی بونيـايی دەريـای ئيجـە لـە بـابێكی ئيرلەندی و داكێكی يونانی لە دايك بووە. لە ساڵی 1869دا بۆ ئەمريكا كۆچی كردو لە نيويورك و سين سيناتی و نيوئورليـان كەوتـە كـاری پـەيامنێری و رۆژنامـەوانی، لـە سـاڵی 1890 دابۆ ژاپـۆن رۆيـی و لەقوتابخانـەكانی ئەوێـدا بـوو بـە فێركـاری ئينگليـزی. هـيرن لـە ژاپـۆن دا لەگـەڵ كيـژی خێزانێكی سامورايیدا زەماوەندی كردو بوو بە رەعيەتی ئەو وڵاتەو ناوی كويزومی ياكومو"6"-ی

له خۆی نا. بۆ ماوەی دە ساڵان مامۆستای ئەدەبیاتی ئینگلیزی زانستگەی پاشایەتی توکیو بوو و لە هەمان شارا مرد.
بەرهەمەکانی هیرن زیاتر رۆژنامەیی و ئاسان و رەوانە، ویڕای ئەمەش. بۆنی تیژی سەبارەت بە وشە، و وردی دیدو بۆچوونی لە دیتنەکانا، خستویەتیە ریزی مامۆستایانی وەسفەوە. باسە دڵگیرەکانی دەربارەی رەخنە، کە تاکید لەسەر ناوەڕۆکی سۆزداری ئەدەبیات دەکات، سەنگی رەسەنایەتی کارەکانی دەباتە سەرێ. شۆرەتی هیرن کەم و زۆر بەندە بەو بەرهەمانەیەوە کە رۆژهەڵاتی هەم بۆ رۆژئاواییان و هەم بۆ خودی رۆژهەڵاتیان تیا شرۆڤە کردووە، لێ دەربارەی دروستی یان نا دروستی ئەو وێنانەی کە هیرن دەربارەی ژاپۆن نیشانی داون، هەمیشە باس و مشتومڕ لە ئارادا بووە. وا دیارە هیرن چاو پۆشی لەحەقیقەتە تاڵەکانی ژاپۆن کردووەو تەنیا شیعرو جوانی و ئاوەزو عیرفانی دیتوە. ئەو کە خولیاو شەیدایی ژاپۆن ئازای گیانی تەژی کردبوو، تەنانەت ئاینی مەسیحیەتیشی رەتکردەوەو پەیوەندی بە ئاینی بودایی کرد. بەرهەمەکانی هیرن دەبن بە دوو دەستەوە ئەمریکایی و ژاپۆنی، دەربارەی ئەمریکا و دەربارەی ژاپۆن: هەندێ لە نووسینەکانی دەربارەی ئەمریکا ئەمانەن، یەکێك لە شەوەکانی کلیوپاترا (1882)، وەرگێڕانی چیرۆکێکی گۆتیەیە، هەندێ تاپۆی چینی (1887)، کە کۆمەڵە سکێچێکی رۆژهەڵاتی لە خۆ گرتووە، و گەلایانی سەیر لە ئەدەبیاتی سەیرەوە (1884)، ڤیان و نەفرەت و تۆڵە و مردنی رۆژهەڵاتی لە چوارچێوەی چیرۆکانی سەیرەوە کە لەسەرچاوەێن وەك انوار سهیلی و تەلمودەوە هەڵقولاون، دەگێڕێتەوە، هەندێ لە بەرهەمەکانی هیرن لەمەڕ ژاپۆن ئەمانەن، لە رێگەی رۆژهەڵاتەوە (1895)، هێشوچنی لە مەزرایانی بودا (1897)و چاوخشانێك بە ژاپۆنی نا ئاشنادا (1894).

<u>جۆرج واشینگتۆن کیبل (1844– 1925):</u>

رۆماننووس و کورتە چیرۆکنووس، خەڵکی نیوئورلیان بوو. لە ساڵی 1861دا چووە ریزی سەربازانی کۆنفدراسیۆنەوەو لە ساڵی 1865دا، لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆدا، روویکردە رۆژنامەوانی. بۆچوون و تێورییە لیبرال ریشەکانی کیبل لەمەڕ رەش پێستەکان بەلای باشوورییەکانەوە پەسند نەبوو، و بۆیە چوو بۆ ماساچوست لە باکوور.
بەرهەمەکانی کیبل بریتیین لە: کۆچەرییانی سپی پێستی لوئیزیانا (1884)، کە کۆمەڵێك سکێچی مێژوویی لەخۆ دەگرێت، باشووری ئارام (1885)، کە وەسفی ژیانی رەش پێستەکان دەکات، دڵە بەهێزەکان (1899)، کە کۆمەڵە چیرۆکێکە، چیرۆکە واقیعییە سەیرەکانی لوئیزیان (1889)و ئاشقانی لوئیزیانا (1918).
دیارترین رۆمانی کیبل لە ژێر ناوی، ماڵباتی گراندیزم–ە: حیکایەت و بەسەرهاتی ژیانی کۆچەرییانی سپی پێستی لوئیز یانا–یە (1880)، رۆمانێکی پیکارسك و رۆمانتیکە کە زەمینەکەی نیوئورلیانی قۆناغی کریاری لوئیزیانا–یە پڵۆتی چیرۆکەکە بەدەوری تەوەری دژمنایەتی دوو خێزانا دەسوڕێتەوە کە ئاقیبەت جووتێك ئاشق دەبنە مایەی ئاشتبوونەوەیان. جوانترین قارەمانی رۆمانەکە شای ئەفریقایە کە تا دەمی مردن تەحەمولی ئەشکەنجە دەکات و مل

بۆ کۆیلایەتی نادات. دکتۆر سڤیر (1885) ، رۆمانێکی دیکەی کیبلە، ژیان لە ئورلیان وێنە دەگرێت. کەسایەتی دکتۆر سڤیر، پزیشکی نەفسبەرز، ناسکییەکی تایبەتی بەم رۆمانە شپرزەو بێ فۆرمە بەخشیوە.
یەکێك لە کۆ کورتە چیرۆکەکانی کیبل، رۆژگاری کوچەرییانی سپی پێستی کۆنی لوئیزیانا–یە (1889)، کە کۆی حەوت چیرۆك لە خۆ دەگرێت، ئەم چیرۆکانە وێنەیەکی ئایدیالی لەمەڕ نیو ئیورلیانی سەدەی نۆزدەیەمو ژیانی سەیری کۆچەرییانی سپی پێست دەخاتە روو، یەکێك لە چیرۆکە کورتەکانی دیکەی کیبل، مەدام دلفین (1881)ە، کە لە راستیدا کورتە رۆمانە.

## <u>جیمزلین ئالن (1849– 1925):</u>

رۆماننووس و نووسەری کورتە چیرۆکانە، لە ویلایەتی کنتاکی لە دایك بووە. بەرهەمەکانی، کە پتر شێوازێکی دەستکرد، کاراکتەرسازی نا واقیعی، و بونیادی نوقستانیان هەیە، بریتین لە: شێرەژنی برونزی: یا پۆرترێتی کیژێك (1912) کە چیرۆکێکی ئاشقانەیە دەربارەی ژنێکی داوێن پاك، شمشێری لاوی (1915)، کە رۆمانۆکێکە لەمەڕ شەڕی ناوخۆ، باوڵی مەڕمەڕی سپی (1923) کە چەند چیرۆکێکە، یەکێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئالن (فلوت و ویلۆنە– 1891) بریتییە لە شەش چیرۆکی شاعیرانەی ورد چنراوی رازاوە بە هونەرە جوانکارییەکان، کەوا سووری کنتاکی (1894)، کورتە رۆمانێکی ئاوێتەیە بە هێزو گوڕی ژیان، هەستی هاوخەمی، و وەسفی تەبیعەت، هاو ئاوازانی نادیار (1897)، کە چیرۆکی ئەڤینی موعەلیمێکی ئایدیالیست سەبارەت بە ژنێکی مێرددار دەگێڕێتەوە.
لە نووسەران و شاعیرانی لایەنگری بزاڤی مۆرکی ناوچەیی لە باشوور، چەند دانەیەك بەلای کەمەوە لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا، ناوێکیان هەبووە:

## <u>هنری وودفین گریدی (1850– 1889):</u>

رۆژنامەوانێکی جورجیایی بوو، بە خوێندنەوەی چەند وتارێك دەربارەی مەسەلە نەژادییەکان، ناوی کەوتە سەر زاران. کۆی خوتبەو گوتاربێژییەکانی هنری و. گریدی (1910) لە پاش مردنی بڵاو بووەوە.

## <u>ئیروین روسل (1853– 1879):</u>

لە یەکەمین شاعیرانێ بوو کە بە زمانی ناوچەیی شیعری لە ستایشی رەشەکانا گوت. شاکاری روسل کۆ شیعرێکە لە ژێر سەر ناڤی (شەوی کریسمس لە سەربازخانەدا)، کە لە ساڵی 1917دا، واتە بە چەندین ساڵ پاش مردنی، بڵاو بووەوە.

## <u>تۆماس نیلسون پەیج (1853– 1922):</u>

نووسەرێکی دیاری لایەنگری مۆرکی ناوچەیی باشوور بوو کە زۆربەی بەرهەمەکانی وێنەیەکی بەرزی باشوور بەر لە شەڕی جیابوونەوە بەرجەستە دەکات. کۆی شەش کورتە چیرۆکی لە کتێبێك دا بە ناوی (لە ڤێرجینیای کۆندا – 1887) کۆکراوەتەوە، یەکێك لە رۆمانەکانی ئەم نووسەرە (تاوێری سوورە– 1898)، و لە وتارە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانیا، کۆمەڵەی باشووری کۆن (1892) شایستەی خوێندنەوەیە.

**<u>لە نووسەرە ژنەکانی لایەنگری مۆرکی ناوچەیی لە باشوورا، چوار دانەیان، شۆرەتی پایەداریان پەیدا کردووە:</u>**

**<u>کونستانس فینمور وولسن</u>** (1840– 1897):
رەنگە بە چەمکی تازە لە یەکەمین نووسەرانی ریالیست بێ. دوو کۆ کورتە چیرۆکی بەناوانی (قەلای نادیار– 1857)و (رودمانی نیگابان– 1880) کە بە هۆی وردی لە دیتن و ناسکی هەستەوە بایەخیان پەیدا کردووە.

**<u>مری نوای مرفری</u>** (1850– 1922):
زنجیرە چیرۆکێکی دەربارەی ژیانی سپی پێستانی دەستکورتی دەڤەری کمبرلاند نووسی کە یەکەمین کۆ چیرۆکی بە ناوی (لە چیاکانی تنسیدا– 1884)ە، بریتییە لە هەشت کورتە چیرۆك. کۆ چیرۆکێکی دیکەی، چیانشینانی لاو– 1897)ی ناوە، یەکێك لە رۆمانەکانی ئەم خانمە باشوورییە، سەنتەری بۆران– 1905 کە لەسەر جەنگی ناوخۆییە.

**<u>کیت شوپن</u>** (1851– 1904):
شرۆڤەکاری ژیانی دانیشتوانی دورگەکانی ئانتیل و لوئیزیانا–یە، بەرهەمە گرینگەکانی ئەمانەن: لە رۆمانەکانی، خەتاکار– 1890و بێداری– 1899، و لە کۆ چیرۆکە کورتەکانی: قەومی بایو– 1894 بریتییە لە بیست و سێ چیرۆك و سکێچی سادە، و شەوێك لە ئاکادی (1897)، بریتیە لە بیست و یەك چیرۆکی کورت.

**<u>گریس ئیلیزابت کینك</u>** (1853– 1932):
خاوەنی چەند کتێبێکی مێژوویی و چیرۆکی کورتە کە مەیدانی هەموویان نیوئورلیانە. یەکێك لە نووسینە مێژووییەکانی شوێن و خەڵکی نیوئورلیان (1898)ە، گێڕانەوەیەکی زندوو و تا رادەیەك خەیاڵ ئامێزە لەمەڕ چۆنیەتی دامەزراندن و پێشکەوتنی ئەم شارە، یەکێك لە کۆ کورتە چیرۆکەکانی، چیرۆکانی کات و شوێن (1892)ە، کە بریتییە لە پێنج چیرۆك دەربارەی نیوئورلیان، لە راستیا بە شێوەی ئیمپرسیونیستی نووسراون.

# نووسەرانی لایەنگری مۆرکی ناوچەیی لە ئینگلستانی نوێ

**هریت بیچرستو (1811– 1896):**

خانمی ڕۆماننووس، لە ویلایەتی کونکتیکت لە دایك بووە. بابی کەشیشێکی دیارو گەورە بوو، لە شەش برایەکەی پێنجیان بوون بەکەسانی روحانی و هەر هەموویان لە خەباتکارانی بە جۆشی دژە کۆیلایەتی بوون. هریت بە خۆیشی لە شەیدایانی کاروباری ئاینی و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بوو. لە ساڵی 1832دا لەگەڵ بابیا چوو بۆ سین سیناتی، کە مەیانی خەبات لە رای هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی بوو، و لەوێندەر لە نزیکەوە ئاشنای رەنج و دەردی کۆیلان بوو. لەم حاڵ و بارەدا،یاسای توندو قورس لەمەڕ کۆیلە فیرارەکان (1850) زۆر کاری تێکردو بەهاندانی مێردەکەی، کالڤین. ئی. ستۆ، کە مامۆستای زانستگە بوو، کەوتە نووسین.

جوانترین بەرهەمی هریت ڕۆمانی "کوخەکەی هاپۆ توم –1852" بوو کە پێشوازییەکی کەم وێنەی لێ کرا، لە ماوەی یەك ساڵدا سێ سەد هەزار دانەی لێ فرۆشراو بەلای کەمەوە بۆ سی و حەوت زمان وەرگێڕدرا، ئەم ڕۆمانە لە سالانی بەر لە شەڕەکانی سەربەخۆیی، هەستی باکوورییەکانی دژی کۆیلایەتی هاڕوژاند.

دەربارەی کاریگەریی ئەو ڕۆمانە، وا باوە کە چارلز سومنر (1811– 1874) وتاربێژو سیاسەتوانی ئەمریکایی، گوتویەتی کە ئەگەر ئەم کتێبە نەنوسرابا، لینکولن بەسەر کۆمار هەڵنەدەبژێردرا، و لینکولن لە دیدارێکی لەگەڵ خانم سنودا ئاماژەی کردووە، کە ئەو "کتێبێکی نووسیوە کە ئەم جەنگە گەورەیەی بەرپا کرد." (مەبەست لە جەنگی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیە). شا قارەمانی کوختەکەی هاپۆ توم کۆیلەیەکی پیرو وەفادارە، هاپۆ تۆمە، کە ئاغا دڵڕەقەکەی رەفتاری زاڵمانەی لەگەڵ کردووەو تا رادەی مردن بەر قامچیانی داوە. چیرۆکەکە بە دەوری تەوەری دادگاییەکانی ئەم کۆیلەیەدا دەسوڕێتەوە.

ستو، لە پێشەنگانی بزاڤی مۆرکی ناوچەییەو بەرهەمەکانی دەورێکی مەزنیان لەگەشەسەندنی ئەم بزاڤەدا هەبووە. لەو بەرهەمانەی: ئازار (1856) ڕۆمانێکە دژی کۆیلایەتی، خوازبێنی کەشیش (1859)، ڕۆمانسێکە کە رووداوەکەی لەکۆمەڵگەی پیرایشگەری ئینگلستانی نوێی سەدەی هەژدەیەمدا روو دەدا. مرواری دوڕگەی ئور (1862)و خەڵکی شارە کۆنەکە (1869)، هەردووکیان دەربارەی رابردووی ئەمریکان.

**سارا ئورن جویت (1849– 1909):**

باشترین نووسەری لایەنگری بزاڤی مۆرکی ناوچەیی ئینگلستانی نوێ، خەڵکی ویلایەتی مین بوو. باشترین کۆمەڵە کورتە چیرۆکی بریتییە لە: "لەنگەرگای قوول– 1877)، کە سیانزە سکێچی لە

خـۆ گرتـووه، و سـەر زەمـینی سـنۆبەرانی نـوك تیـژ (1896)، كۆمـەڵێكی دیكەیـە لـە سكێچـانی پەیوەست كـە ژیـان لـە شـارێكی بەنـدەری كـەنارەكانی ویلایـەتی مین كـە تەقریبـەن لـە دانیشـتوان خاڵییە، بە سوعبەتەوە وێنە دەگرێت. جویت بەم دوو كۆمەڵەیە، رۆمانی ستاتیكی داهێنـا، هەنـدێ لە كۆ كورتـە چیرۆكەكانی دیكـەی جویـت ئەمانـەن: چـەند چیرۆكێكی ئینگلستانی نوێ (1890)، دۆستانی كۆن و نوێ (1879) و بێگانان و رێبواران (1890).

رۆمـانی دورگـەی مـارش (1885) ڤیـانی نیگاركێشـێكی دەوڵەمەنـد بـۆ كیـژی ماڵـە جووتیارێـك دەگێڕێتەوە.

<u>**ماری ئی. ویلكینز فریمن (1852– 1930):**</u>

خـەڵكی ماساچوست و خـاوەنی شـانۆنامەیەك، چـەند رۆمانێك، دوو دیوانـە شـیعرو نزیكـەی دوو سـەدو چـل و پێـنج كورتـە چـیرۆكە. هەنـدێ لـەكۆ كورتـە چـیرۆكەكانی بـریتیین لـە، راهیبـەی ئینگلسـتانی نـوێ (1891) بیسـت و چـوار چـیرۆكی لـە خـۆ گرتـووە، و زیـاتر دەربـارەی ژنـانی ئینگلستانی نوێیە. با لە بنجی گوڵەباخدا– (1903)، چەند چیرۆكێكی تاپۆیانی لە خۆ گرتووە. رۆمانێكی ئـەم خانمـە نووسـەرە بـە نـاوی شـاپێی دڵ (1990)ـە، بەسـەرهاتێكە كـە لـە ڤێرجینیـای ساڵی 1682دا روو دەدا.

<u>**ئیـدوارد ئیڤـرت هیـل (1822– 1909):**</u> نووسـەرێكی دیكـەی لایـەنگری مـۆركی ناوچـەییە، كـە چـەندین رۆمانسـی ئایـدیالی و بیرەوەریـانی مێـژوویی هەیـە، جـوانترین چـیرۆكانی هیـل لـە كـۆ چیرۆكێكدا بـەناوی (ئەگـەر، بـەڵێ، و رەنگـە– 1868)دا كۆكراوەتـەوە. منـداڵی ئینگلیسـتانی نـوێ (1893)، بەرهەمێكی بەناوبانگی دی ئەوە، بریتییە لە كۆمەڵێك نووسینی ئوتوبیوگرافیانە.

لـە كۆتاییـدا دەبـێ ئامـاژە بـۆ مـاری كـاتروود (1847– 1902) بكرێـت كـە كورتـە چیرۆكەكانی بـە باشترین نموونەێن بەرهەمی سەر بە بزاڤی مۆركی نەتەوەیی دەژمێردرێن. رۆمانەكانیشـی لـە واری مێژووی پەرەسەندنی ئەدەبیدا پایەیەكی بەرزیان هەیە. یـەكێك لـە كۆ كورتـە چیرۆكەكانی لـە ژێـر سەر ناوی (تاقیبی سەنت كاستین– 1894)ـە كە بریتییە لە حەوت چیرۆك دەربارەی فەرەنساییانی دنیای نـوێ، ئـەم خانمـە نووسـەرە بـە بڵاوكردنـەوەی یەكـەمین چیرۆكی (پەرسـتاری نەخۆشـخانە– 1864) دەچێتە ریزی نووسەرانی ئەدەبی نەولاوانیشەوە.

## سەردەمی زێڕین

## محافەزەكاری و بت شكێنی

مارك توين، ناوی خوازراوی سمیوئیل لنگهورن کلمنز-ـه: (1835- 1910) لـه شاری فلوریـدای سـەر بە ویلایـەتی میسوری هاتۆتـە دنیـاوە. لـە چوار ساڵی دا چوون بۆ هانیبـالی سـەر بـە هـەمان ویلایەت. لە دوانزە ساڵیدا بابی لە دەستداو خوێندنی بە نیوەچڵی واز لێهێنا تا لە چاپخانەکەی برا گەورەکەیدا کەوتە شاگردی. لە ساڵی 1857دا لە میسی سی پی بوو بە رێنمای کەشتی، و لـە ساڵی 1862دا لـە نوادا کەوتـە کـار لـە کانـەکان و گـەڕان بـە دووی زێڕا. لـەم کـەین و بەینـەدا کـاری پەیامنێری رۆژنامانیشی دەکردو نووسینەکانی بەناوی مـار توین-ەوە بڵاو دەکردەوە. لـە ساڵی 1864دا بۆ سانفرانسیسکۆ رۆیی و لە رۆژنامانی جۆراوجۆردا کەوتە کار کردن. لـە هـەمان شاردا چەند کۆڕێکی دەربارەی دوڕگەکانی ساندویچ "هاوای ئەمڕۆ" گێڕاو هەندێ سکێچانی سـەبارەت بـە سـەفەرەکانی خـۆی نووسی. تـوین لـە سـاڵی 1865دا چیرۆکی "قورباقـەی بـزۆزی ناسـراوی ویلایەتی کالا ڤرارس"ی بڵاوکردەوە کە ناوبانگی پێ دەرکرد. لـە هـەمان ساڵدا سـەفەری دەوری دنیـای لەسـەر ئـەرکی یـەکێك لـە رۆژنامـەکانی سانفرانسیسـکۆ دەسـت پێکـرد. تـاکو مدیترانـەو فەلەستینیش رۆیـی (1867)، بـەڵام بـۆ ئـەمریکا گەڕایـەوە، و دیسـان کەوتـەوە رۆژنامـەوانی. دوا ساڵانی تەمەنی بە هۆی مەرگی هاوسەرەکەی و کیژەکەی و قەرزاری زۆرەوە لە خەمباری و پەژارەدا بەسەر برد.

**بەرهەمەکانی:**

چیرۆکانی موبالەغـە ئـامێز: ئـەم جـۆرە چیرۆکانە کـە یادگـاری داب و نـەریتی سنوورنشـینییە، لـە قۆناغی بزاڤی مۆرکی خۆماڵیدا گەییە لوتکەی گەشەکردن. ئەم چیرۆکانە عادەتەن بە تۆنێکی جدی بەڵام ئاوێتە بە تەنزو ریشخەن دەگێڕدرایەوە، و بەرەبەرە بـە جـۆرێ ئاوێتـەی موبالەغـەو زێـدەڕۆیی بوو کە شێوەی حیکایەتانی سەیرو سەمەرە، یان حیکایەتانی فولکلۆری لە خۆ گرت. لـە ریزبەنـدی بەرهەمـەکانی تـوین دا، ژمارەیـەك لـە نووسـینەکانی، لەخانـەی چـیرۆکانی موبالەغـە ئـامێزدا دەگیرسێنەوە، کـە لەوەیـە جـوانترین نموونـەیان چیرۆکی "قورباقـەی بـزۆزی ناسـراوی ویلایـەتی کالاڤرارس" بێ. ئەم چیرۆکە دەربارەی قورباقەیەکی پەروەردەکراوە کە لە پێشبڕکێیەکدا بەشداری دەکات، بەڵام رەقیبان بە دزییەوە ساچمەی دەرخوارد دەدەن و پێشبڕکێیەکە دەدۆڕێنێ.

**سەفەرنامەکانی:**

**"دڵپاکانی دوور لە وڵات"** (1869):

راپـۆرتێکی دیکەیـە لەمـەڕ سـەفەرەکانی مـارك تـوین بـە ئـەوروپاو سـەرزەمینی مقەدەسـدا کـە لـەو سـەفەرانەدا بـە تـۆنێکی سـوعبەتئامێزەوە باسـی شـتە سـەیرەکان، زیارەتگـەکان و داب و نـەریتی دنیای کۆن دەکات.

**"دژوارییەکانی ژیان-** 1872):

راپۆرێکە لەمەڕ ماڵ بە کۆڵی تۆین، و باسی کۆچکردنی لە میسورییەوە بۆ کالیفۆرنیاو دوڕگەکانی هاوایی.

"ژیان لە روباری میسی سی پی -1883):
ئەم کتێبە لە بنەڕەتا زنجیرە وتارێکە لەمەڕ بیرەوەری و ئەزموونەکانی مارک توین لەسەر روباری میسی سی پی کە لە ساڵی 1875دا لە ژێر سەرناڤی "رۆژگارانی کۆن لەسەر روباری میسی سی پی" لە مانگنامەی ئەتلانتیکدا بلاوبوونەوە. نووسەر لە ساڵی 1882دا سەفەرێکی دیکەی بۆ میسی سی پی کردەوەو دەقی دەستکاری کراوی وتارەکان لە ژێر سەر ناوی ژیان لە سەر رووباری میسی سی پی دا بلاو کردەوە.

(لە تاقیبی هێڵی کەمەرە- 1897):
راپۆرتێکی دیکەیە لەمەڕ سەفەرەکانی مارک توین بۆ وڵاتی هندو ئوسترالیا.

رۆمانەکانی:
"سەردەمی زێڕین- 1873، بە هاوکاری لەگەڵ چارلز دودلی وارنر":
ئەم رۆمانە کە ناونیشانی خۆی لە دوای جەنگێن جیابوونەوە وەرگرتووە، ژیانی رۆژگاری نووسەر هەجو دەکات.

"بەسەرهاتەکانی تۆم سایر- 1876":
رۆمانێکی دڵگیرە دەربارەی دنیای بێ خەمو خەیاڵی منداڵیەتی مارک توینو هاو وازییەکانی لە کەناری میسی سی پی، کە لەشێوەی سێیەم کەسدا دەگێڕێتەوە، قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە، تۆم، "کوڕیژگەیەکی بەد"ی شارۆچکەیەکە لە میسوری کە لەگەڵ مناڵەکانی دیدا مرەبا دەدزن، پەرژین رەنگی سپی دەکەن، خەرەنگێز لە کڵێسادا بەرەڵلا دەکەن، و تەنانەت لە رێوڕەسمی ناشتنی خۆشیاندا بەشداری دەکەن. لە کۆتاییدا مناڵەکان لە دادگادا دەربارەی قەتڵێك شایەتی دەدەنو شوێن پێی قاتیلەکە ئاشکرا دەکەن. ئەم رۆمانە لە باری یەکێتی تۆن، ریالیزم، و دوورە پەرێزی لەنموونانی تەقلیدی چیرۆکی لاوانەوە، لە خانەی شاکاراندا دەگیرسێتەوە.

"بەسەرهاتەکانی هوکلبری فین- 1884":
پاشماوەی بەسەر هاتەکانی تۆم سایرە کە بە زمانی هاکەوە، دۆستی بەدناو بەلام ئەمەکداری تۆم، بە شێوەیەکی سادەو ریالیستانە، بە راناوی یەکەم کەس دەگێردرێتەوە. هاك لەگەڵ روباری شکۆدارو مەنگو نهێنی ئامێزی میسی سی پی دا هەوێنی ئەم رۆمانەن، ئەوەی لە کەناری روبارەکەدا روو دەدا بە جۆرێکی خەیاڵیو بیرەوەری ئاسا وەسف دەکرێت. مارک توین هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ هاكو جیم-ی رەش پێستا، لە سەفەرەکەیانا بە یەك بەلەم لە میسی سی پی دا،

فرسەتی هێناوە تا ژیانی ئاڵۆزو نهێنی ئامێزی روبارەکە لە روانگەێن جیاوازەوە بداتە بەر زەین و وردکردنەوە، و لە پشت هەڵاتنی هاکەوە، ناڕەزایی جدی خۆی لەمەڕ ستەم و زەبری دنیای بەناو "شارستانی" نیشان بدات، قارەمانانی زندوو و هەمە جۆری ئەم رۆمانە، بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبیاتی ئەمریکادا، بە زمانێکی سادەی مرۆڤانی قسان دەکەن، نەك بە زمانی کتێب، بە هەر حاڵ بەسەر هاتەکانی هوکلبری فین داستانی میسی سی پی و شاکاری مارك توینە، و بە باوەڕی هەندێ لە رەخنەگران، گەورەترین رۆمانی ئەمریکاییە.

"تراجیدیای ویلسونی کەللە پوك- 1894":
قارەمانی سەرەکی ئەم چیرۆکە دڵگیرە، دیڤید ویلسونی خوانە ناسە و چیرۆکەکە بەدەوری بەسەرهاتی ئەودا وەکو خەفێیەکی ئاماتۆر (هاوی) و ئاشکرا کردنی نهێنی قەتڵی قازییەك دا دەسوڕێتەوە.

"شازدە و گەدا-1882":
لەم رۆمانسە مێژووییەدا شوێنی شازادە ئیدوارد (پاشان بوو بە ئیدواردی شەشەم) لەگەڵ کوڕیژگەیەکی گەدای هاوشێوەی خۆیا بەناوی تۆم کانتی دەگۆڕێ، تۆم دەبێ شازادە و جێنشینی قانونی وڵات. ئەم واریقاتە لە بەرە بەری تاجگوزاری ئەودا ئاشکرا دەبێ. مارك توین بەم رۆمانسە تەنز ئامێزو سفت چنراوە، مەیدان و دیمەنی چیرۆکەکە بۆ ئەوروپای سەدەکانی ناڤین دەباتەوە، و بە دروستکردنی هەڵوێستی کۆمیدیایی، بەڵاو نیسبەتانی کۆمەڵایەتی و ئابوری زادەی سیستەمی پاشایەتی، گاڵتەو تەوس بە ئینگلستان دەکات.

"یەنگی دنیایی لە لەندەن-1889":
بابەتی ئەم رۆمانسە مێژووییە، بەسەرهاتی خەیاڵی بابایەکی یەنگە دنیایی سەدەی نۆزدەمە لە دەربارو لە ناو سوارچاکانی ئارتور شادا لە سەدەکانی ناڤین دا، کە زوڵم و زۆر و ناڕەوایی سیستەمی ئەروستۆکراتیەت و فیودالیزم-ی ئینگلستان لەرۆژگاری ئارتور شادا بە زمانی تەوس و توانج ئاشکرا دەکات.

"بیرەوەرییە خودییەکانی جاندارك- 1896":
مارك توین ژیاننامەی راستەقینەی جاندارك لە قاڵبی ئەم رۆمانسە مێژووییەدا بەوەستایی و ناسکی دەگێڕێتەوە. لەپاڵ ستایشی ئەم کیژە پیرۆزەدا، سیستەمی مەزەبی وێ، بەتایبەتی لە فەسڵی دادگایی و شایەتی دانی ئەودا، مەحکوم دەکات.

<u>بەرهەمەکانی تری:</u>
"ئەو پیاوە کە هادلیبرگی خەراپ کرد- 1900":

رۆمانۆکێکی خەمینە ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن تەماعکاری روح، شارێك خەراپ دەکات. تۆژینەوەو شیکردنەوەیەکە لەمەڕ لاوازی بەشەر لە بەردەم گوشاری غایلەو وەسوەسەی پارەدا.

"بەشەر چییە -1906":
گفتوگۆیەکە کە لە رووی فۆرمەوە، نەك ناوەڕۆکی فەلسەفییەوە، بەشێوەی دیالۆگەکانی ئەفلاتون، لە نێوان پیاوێکی گەنج و پیرێکی رەشبیندا روو دەدا،

"بێگانەی رازدار- 1906":
رۆمانسێکی تەمسیلییە لەمەڕ دوو دلی لە حەقیقەتی خواو پلۆتێکە لەمەڕ مەسەلەی شەڕ، مارك توین لێرەدا چیرۆکی کۆمەڵە خەڵکێك لە شارێکی نەمساوی، سەدەکانی ناوەڕاست دەگێڕێتەوە.
هەندێ لە بەرهەمەکانی نووسەر بریتیین لە: تۆم سایر لە دەرێ- 1894، جمکانە سەیرەکان- 1894، تۆم سایری خەڤ- 1896، و هەندێ گوتارانی دژە مەزەبی، کە لە دوا ساڵەکانی شکست و نا ئومێدی خۆیدا نووسیویەتی.

<u>هەڵسەنگاندن:</u>
مارك توین ئەمڕۆکە بە یەکەمین نووسەری ئەمریکایی کە نوێنەری دنیای ناوەوەی ئەمریکایە دادەنرێ. بە هۆی دەربڕینی سادە، زمانی دڵگیری دیالۆگی، تۆنی پەیڤان، لێکچوونی زندوو و بوێرانە، داهێنان و چێکردنی بەسەرهات و رووداوی جوان و هەروەها سوعبەتبازی و حەنەکچیاتی و وێنەگرتنی قارەمانانی زندووەوە، ستایش کراوە، توین کە مامۆستای شێوەی دیالۆگی بوو، بەوپەڕی ئازادی لە نووسیندا، سەبارەت بە پەخشانی تازەی ئەمریکایی هەمان کاری کرد کە والت ویتمن سەبارەت بە هۆزانی تازە ئەنجامی دابوو، لە راستیا ئەو دەرکەیەکی نوێی لە نێوان پەخشانی دیالۆگ و پەخشانی نووسیندا کردەوە. مارك توین، وەکو کەسێکی سەرنج تیژو وردبینی ژیانی ئەمریکایی، بێ هیچ ریاو پەردە پۆشییەك خۆنوێنی و ریاکارییەکانی ئاشکرا کردو بەر تەوس و توانجی دان و ستەم و گوشاری سیستەمانی سواوو هەروەها مەسەلەی کۆیلایەتی و کۆیلەی بەزمانی تەوس و گاڵتە دەربڕی. ئەو نەك هەر تەنزنووسێکی بەرجەستە بەڵکو نووسەرێکی جددیش بوو و دڵبەندییەکی قوڵی بە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەکانەوە هەبوو. توین گەورەترین وتە بێژی رۆژئاوای کۆنیش بوو و لەبەر کاریگەرییە قوڵەکەی، وەکو دەسەڵاتی ناڕازی لە سەردەمی بێ فەرهەنگی و مادەییەتدا زندووە.

<u>ویلیام دین هولیز (1837- 1920):</u>
رۆماننووس، شاعیر، شانۆنامەنووس و رەخنەگر بوو. لە ویلایەتی ئوهایو هاتۆتە دنیا. قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی کورت بوو، و لە نۆزدە ساڵیدا بوو بە پەیامنێری گۆڤاری ویلایەتی ئوهایو. لە ساڵی 1860 دا کتێبی ژیانی ئەبراهام لینکولن- لە جەنگا-ی بڵاوکردەوە کە کارێکی گەورەی

لەسەرکەوتنی کاندیدی کۆماری خوازەکان بۆ سەرۆکایەتی کۆمار هەبوو، و پاداشتی هولیز–ش پۆستی کونسولی ویلایەتە یەکگرتووەکان (1860– 1865) بوو.
هولیز لە ساڵی 1866دا چووە ریزی هاوکارانی مانگنامەی ئەتلانتیك، و لە ساڵانی 1872–1881 بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری ناوبراو. لە ساڵی 1886ـەوە تا کۆتایی تەمەن هاوکاری لەگەڵ مانگنامەی هارپەردا هەبوو. هولیز یەکەمین سەرۆکی ئەکادیمیای ئەدەب و هونەری ئەمریکاش بوو (1909– 1920)، و دەرەجەی فەخری لە زانستگەکانی ییل، کولومبیا، هارڤەرد، پرینستۆن و ئوکسفورد وەرگرتووە.

<u>بەرهەمەکانی:</u>

1– شانۆنامان:
هولیز لە سەرەتای لاویا هەندێ شانۆنامانی نووسین کە زۆربەیان لە قاڵبی کومیدیای تاك پەردەیی یا "فارس" دا بوون. هەندێ لەم شانۆنامانە ئەمانەن: فیداکاری– 1916، فارسێکی تراجیدی بوو، شەوی پێش کریسمس– 1900، شانۆنامەیەکی ئەخلاقی بوو، لە دەرێی بابەت– 1877، و بەخشندەی مامەڵەچی– 1900 دوو کۆمیدی بوون. قیتاری ساڵۆندار– 1871، قیتاری تەختە خەودار– 1883، و تەڵەی مشك– 1889 کە بە فارس دەزانرێن.

2– هۆزانەکان:
گرنگترین هۆزانێن هولیز لە کۆ شیعرانی وەکو شاعیران و شیعری رۆژئاوا– 1860، و هۆزانێن دوو دۆست– 1860 کۆ کراونەتەوە.

3– سەفەرنامەکانی:
بەناوبانگترین سەفەرنامانی هولیز، ژیانی ڤینیسی – 1866، و سەفەرانی ئیتاڵیا– 1877یە، کە بیرەوەری ساڵانی ژیانی نووسەرن لە ئیتاڵیاو هەردوو کتێبەکە ژیانی لە ئیتاڵیادا وێنە دەگرن، هەندێ لە سەفەرنامەکانی دیکەی هولیز ئەمانەن: سێ گوند– 1884، شارەکانی توسکان– 1866 و هەوت شاری ئینگلستان– 1909 کە کەم تا زۆر ناوبانگیان هەیە.

4– سکێچ و چیرۆکەکانی:
هەندێ لەو بەرهەمانەی هولیز کە لە سەفەرەکانی خۆیەوە هەڵێنجراون، ئەمانەن: سکێچەکانی دەوروبەری شار– 1871، بریتییە لە چەند سکێچێکی شادو ریالیستانە دەربارەی دیمەن و خەڵکی رۆژگاری ئەو قیتارانەی بە ئەسپ رادەکێشران لە شاری کامبریج، مەسئولیەتی ترسناك– 1881، رۆمانۆکێکە دەربارەی مامۆستایەکی نەخۆشی ئەمریکایی لە ئیتاڵیا، لە نێوان تاریکی و رووناکی دا– 1907، و رۆمانسان– 1907 دوو کۆ چیرۆکن دەربارەی مەسەلە میتافیزیکییەکان.

5- ڕەخنەی ئەدەبی:
بۆچوون و تیۆرییەکان هولیز دەربارەی ریالیزم و مەسەلە ئەخلاقیەکان، بە زنجیرە وتارێك کە لە ژێر سەر ناوی کورسی دا لە مانگنامەی هارپەردا بڵاوبوونەوە، و هەروەها لە چەند بەرهەمێکی وەکو ڕەخنەو چیرۆك0 1891، حەزی ئەدەبی من- 1895، و ئەدەبیات و ژیان- 1902 هاتووەتە دەربڕین.
باوەڕی هولیز دەربارەی چیرۆك لە بنەڕەت دا لەسەر بنەمای چەمکی ئەخلاقی لە ڕوانگەی تولستوی و تیۆری هیپولیت تن دەربارەی یاسای بە دوای یەکدا هاتنی ئەنجام و هۆ ڕۆنراوەو کەمتر بایەخ بە دیموکراسی ئەمریکایی و پێشکەوتنە مادییەکان دەدات. "ڕەخنەو چیرۆك" باوەڕنامەی ئەدەبی ئەوە کە لە وێدا دەکەوێتە دژایەتی ڕۆمانی هاوعەسر و پشتیوانی و لایەنگری لە ریالیزم، جوانی، و دیموکراسی لە ڕۆمانی ئەمریکایی دەکات. هەندێ لە بەرهەمە بەرجەستەکانی دیکەی ئەو لەم وارەدا ئەمانەن: "شاعیرانی تازەی ئیتاڵیا- 1887"، "قارەمانانی ژنی چیرۆك- 1901"، "دۆستان و ئاشنایانی ئەدەبی- 1900"، "هەڤپەیڤینانی خەیاڵی- 1901"و "مارك توینی من- 1910".

6- ئۆتۆبیوگرافی:
لە بەرهەمە ئۆتۆبیوگرافیەکانی هولیز ئەمانە شایانی باسن: "شاری منالێك- 1890"، "کاریگەریی و ئەزموونان- 1896"، و "ساڵانی لاویم- 1916" کە تەواو نەبووە.

7- ڕۆمانەکانی:
"سەفەری مانگی هەنگوینی وان- 1871" یەکەمین ڕۆمانی هولیزە، کە سەربردەی سەفەری جووتە خۆشەویستەکەی ئەو، بازیل و ئیزابیل مارچ، بۆ نیاگارا، سنت لاورنس، مونترال و کیبیك دەگێڕێتەوە.

"ئاشنایی ڕێکەوتەکی- 1873":
ڕۆمانێکە لە رووی نەخشەو پلۆتەوە لاوازە، کە لە غروورو تەعەسوبی ئەمریکاییەکان دەکۆڵێتەوە.

"خانمی ئاروستوك- 1879":
ڕۆمانێکی جوانە لە مەیدانی ریالیزمدا، قارەمانی سەرەکی ڕۆمانە کە فێرکارێکی ژنی گەنجی خەڵکی ئینگلستانی نوێیە، کە وەکو تاقە ژنێ لە کەشتییەك دا بۆ ڤینسیا دەچێت. بوونی ئەو دەبێتە مایەی هەندێ دەمگۆیان، بەڵام فێرکارەکە، بە ئەدەبەوە درێژە بە سەفەرەکەی دەدات، و سەیر ئەمەیە کە شوو بە پیاوێك دەکات کە ترسناکترین هاوسەفەری بووە.

"وڵاتی نەزانراو– 1880":

واریقاتی ئەم رۆمانە لە بۆستۆن دا روو دەدا. رۆژنامەوانێك هەوڵدەدا پیاوێكی سەر بە ناوەندی روحانیەت كە كیژەكەی هەڵگرتووەو پەنای وەبەر دەستەیەكی مەزەبی بردووە، بدۆزێتەوە.

"نموونەی مودێرن– 1881":

رۆمانێكی كۆمەڵایەتی رەخنەییە كە سەربردەی دوو هاوسەر، لە ئاشقێنی، زەماوەندی ناكام، بیّ متمانەیی، هەڵاتنی هاوسەر، و سەرەنجام جیابوونەوەی ئەو جووتە دەگێڕێتەوە. یەكێك لە شا قارەمانەكانی ئەم رۆمانە، كیژێكی سەر سەخت و لاسارو رۆژنامەنووسی بیّ موبالات و خەمساردە.

"تەرەقی سیلاس لە فام – 1885":

بەناوبانگترین رۆمانی هولیز، و یەكەمین رۆمانی مەزنی ئەمریكاییە. سیلاس لە فام، شا قارەمانی رۆمانەكە، بازرگانێكە خۆی خۆی پێگەیاندووە، كە میزاج و خووی رێك پێچەوانەی كەلتووری ئەشرافی بۆستۆنە. سەروەت و سامانێكی مۆڵ كۆ دەكاتەوە، بەڵام بە هۆی گیرۆدە بوونی بە سفتەبازی و سەودای قومار ئاساوە ماڵ وێران دەبیّ.

"هەوای خۆشی كۆتایی پاییز– 1886":

واریقاتی ئەم رۆمانە، كە باشترین كاری هولیزە بەلای خۆیەوە، لە فلورانسدا روو دەدا، بابەتی رۆمانەكە ڤیانی پیاوێكی چل ساڵان و حیكایەتی ژنێكی میانە ساڵە. نوكتەو حازر وەڵامی كتێبەكە خۆشە، گفتوگۆكانی وەستایانەو جۆری گێڕانەوەی چیرۆكەكە شادو زندووە.

"ئانی كیلبرت– 1888":

حیكایەتی ژنێكی سی و یەك ساڵەیە بە هەمان ناوەوە كە دوای یانزە ساڵان لە ئیتاڵیاوە بۆ ئینگلستانی نویّ دەگەڕێتەوەو هەوڵدەدا دەستێك بە ژیانی خۆیدا بێنیّ. هولیز لەم رۆمانەدا سیمای ئەمریكای تازەی سەرمایەداری و پیشەسازی وێنە دەگرێت.

"مەترسی سامانانی تازە– 1890":

هولیز لەم ئاڵۆزترین و درێژترین رۆمانەی خۆیدا، كە بەرهەمێكی ریالیستییە، خۆی لە قەرەی پرسێن كۆمەڵایەتی وەكو مامەڵەی پیشەسازی و شۆڕش دەدات، شوێنی واریقاتی رۆمانەكە شاری نیویوركەو قارەمانانی چیرۆكەكە، كە لە چینی جیاوازی كۆمەڵگەوە هاتوون، هەر هەموویان لە دەوری گۆڤارێك بە ناوی دوو هەفتانە خڕ بوونەتەوە كە سەر نووسەرەكەی سیمایەكی خۆشەویستی هولیزە بەناوی بازیل مارچ. یەكێك لە جوانترین قارەمانانی رۆمانەكە دریفۆسی تازە پیاكەوتووە، یەكێكی دیكە پەناهەندەیەكی ئاڵمانی سوسیالیستە بەناوی لیندو، كە لە رووداوی مانگرتنێكی ناو شەقامەكانی نیویورك دا دەكوژریّ.

"چۆنیەتی بەزەیی- 1892":

رۆمانێکی سایکۆلۆژییە کە لە تاوان و گەندەڵی ئەخلاقی، واتە دوو دیاردەی زادەی سیستەمی ئابووری دەکۆڵێتەوە. لەم رۆمانەدا هەم دزی هەڵاتوو، هەم قەرارو بڕیارە کۆمەڵایەتییەکان، و هەم خودی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بە بەرپرسی تاوان لە قەڵەم دەدرێن.

"دنیای شانس- 1893":

ئەم رۆمانە بریتییە لە راپۆرێك لەمەڕ ژیانی ئەدەبی نیویورك، چیرۆکێکی ئاشقانە، و زێدەباری ئەمەش، نەخشەو تۆژینەوەی مەسەلەی نا ئەمنییە لە جیهانی پیشەسازی دا.

"ڕێبوارێك لە ئالتورياوە- 1894":

هولیز لەم رۆمانەدا شارێکی خەیاڵی و نموونەیی وێنە دەگرێت و قارەمانی سەرەکی چیرۆکەکە، مستەر هومس، بۆ ئەوێندەر دەبات تا ئەندێشە پەریشان و شپرزەکانی ئەو دەربارەی ژیانی ئەمریکایی بە بەراورد لەگەڵ باروودۆخی شارە نموونەییەکدا دەربڕێت. لەم رۆمانەدا لە رێگەی گفتوگۆیانی زندوو نوکتە ئامێز و داهێنانی کاراکتەرانی مجەڕەد، وەسفێکی تەنزئامێزو توندی ئەمریکای سەنعەت زەدە پیشان دەدات.

"لە کونی دەرزییەوە- 1907":

درێژەی رۆمانی رێبوارێك لە ئالتورياوەیەو هەمان شاری خەیاڵی لە رێگەی ئەو نامانەوە وەسف دەکات کە خاتوو هومس دەیاننووسێت.

یەکێك لە رۆمانەکانی تری هولیز، ئەنجامی چاوەڕوان نەکراو- 1875، ئەم رۆمانە بە دەوری تەوەری ڤیانی کەشیشێکی ڤینیسی بۆ کیژێکی گەنج و کەم دووی ئەمریکایی، و عەزابی روحی ئەو کەشیشەدا دەسوڕێتەوە.

خانەوادەی کەنتون- 1902، ئەمە حیکایەتی خێزانێکی خەڵکی ئوهایو دەگێڕێتەوە کە لە پێناوی رزگار کردنی کیژەکەیان لە ماجەراێن ئاشقانە، بۆ ئینگلستان و ئەمریکا سەفەر دەکەن و لەو رووپەڕانەدا دەکەونە گەشت و گەڕان. بیست و پێنجەمین مانگی هەنگوینی ئەوان – 1899، درێژترن سەفەرنامەی هولیزە لە قاڵبی رۆمانێکی ئاشقێنیدا.

هەڵسەنگاندن:

کاریگەریی هولیز لە پەرەسەندن و گەشانەوەی ریالیزم لە ئەدەبیاتی ئەمریکادا گەورە بوو. ئەو ریالیزمی بە جۆرە دیموکراسییەك لە قەڵەمڕەوی زەوقا دەزانی، و ئەرکی ریالیزمی بە تەفسیرو شرۆڤەی هەستی عەوامی خەڵك لە مەیدانی هونەردا دەزانی. بە باوەڕی ئەو هونەری ریالیستی تەنیا شرۆڤەی ژیانە، و مەحەکی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هونەریش هاوئاهەنگی و گونجانیەتی

لەگـەڵ واقیعـی ژیانـدا, هـولیز وەکـو رەخنـەگر، رۆمـانی وەکـو ئـەوزارێك بـۆ دژایـەتی بێـدادی شارستانیەتی نویٚ، بەکار هێنا، لە گێڕانەوەی چیرۆکی ریالیستیدا شێوازی سادەو ناسکی هەیە، گفتوگۆیەکانی وەستایانەیە، و نوکتەبێژییەکانی جوانو دڵگیرن. نووسـەرێکی حەقیقەتجۆ بـوو، و لە راستیا،حەقیقەت ئەوی دەهێنایە سەر شەوق و زەوق. هولیز، لەگەڵ ویتمندا، بە بە دەسـەلاّترین نووسەرانی ئەمریکایی دوای جەنگی ناوخۆ دادەنرێن.

دیـارترین کـەموکوڕی هـولیز لـە مەیـدانی رەخنـەی ئەدەبیـدا، نـەبوونی زەینەیـەتێکی بەڕاسـتی رەخنەیی، و داوەریی ئاوێتە بە لایەنگرییە، ئەو وێنەیەلی وردو جوان لە مەڕ شارو گوند دەگرێت، و لـە هەڵدانـەوەی ژیـانی ئـەمریکاییان زەبـەر دەسـتە، بـەلاّم لـە دوا ئـەنجاما پـتر راپۆرکـارێکی محافەزەکارە تا شرۆڤەکارێکی قوڵبین بیٚ، شێوازەکەی واقیعیانەیە، بەلاّم بەروبوومی کارەکـانی، نووسینانێکە کە زیاتر لە هەستو سۆزەوە هەڵقولاّون.

__هنری جیمز__ (1843– 1916):

رۆماننووسو رەخنەگر، لە نیویورك، لە خێزانێکی رۆشنبیری ئیرلەندی– سکوتلاندی نەژاد چاوی بە دنیا هەڵێناوە. بابی، واتـە هنـری نووسـەرێکی بەرجەسـتەی واری خوداناسـی، و ویلیـامی بـرای فەیلەسـوفێکی نـاودار بـوو. بـە خـۆی پـاش خوێنـدنێکی پچـڕ پچـڕ لـە سـاڵی 1862دا چووە بەشـی مافناسی زانستگەی هارڤەرد. لە ساڵی 1865ـەوە کەوتە هاوکاری دەگەڵ بلاّڤۆکەکانی ئەمریکادا.

لـە سـاڵی 1875 دا لـە ئـەوروپا نیشـتەجیٚ بـوو، و لـە ئـەنجاما، لـە ئـاخرو ئـوخری تەمـەن دا بـوو بـە هاوولاّتی ئینگلستان.

سـالاّنی مانـەوەی لـە ئـەوروپادا، زاتو توانـای بـەهنری بەخشـی کـە لـە رۆمانەکانیـدا، دیمـەن، کاراکتـــەر، مەحـــەكو بـــەها کۆمەلاّیەتییـــەکان، و دیـــدو بۆچـــوونی ئـــەوروپاییان کـــە بـــەلای ئەمریکاییەکانەوە سـەیر دەهاتـە بەرچاو، وێنـە بگرێت. یەکـەمین کورتـە چیرۆکی باشـی جیمـز کـە "چاودێری و پاسەوان"ی ناو بوو، لە سالٚ 1871دا لە گۆڤاری هارپەر چاپ و بلاّوبووەوە.

1– رۆمانەکانی:

نێـوەڕۆکی سـەرەکی رۆمـانو چـیرۆکەکانی هنـری جیمـز بریتییـە لـە نـاکۆکی نێـوان کـەلتوورو شارسـتانیەتی کـۆنی ئـەوروپاو ژیـانی سـادەی ئـەمریکاییان. رۆمانـەکانی لـە بنـەڕەتـدا سـیٚ قۆنـاغ دەگرنەخۆ:

لـە قۆنـاغی یەکەمـدا، جیمـز دەکەوێتـە تۆژینـەوەی شارسـتانەتی ریشـەدارو دەوڵەمەنـدی ئـەوروپاو کاریگەریی بەسەر ژیانی ئەمریکاییانەوە:

"رودريك هودسن– 1876":

یەکـــەمین رۆمـــانی درێـــژی جیمـــزە، دەربـــارەی وەزعو حـــالی پەیکەرتاشـــێکی لاوو بـــەهرەداری ئەمریکایی کە لەسەر داوای پیاوێکی دەوڵەمەندی چاکەکار بۆ خوێندن دەچیٚ بۆ رۆم. لەوێندەر

بەرە بەرە لە هونەرەکەی سارد دەبێتەوە، دەزگیرانەکەی لە ئینگلستانی نوێ لە یاد دەبات، دڵبەندی ئەشقی کیژێکی دیکە دەبێ، و ئاقیبەتیش خۆی دەکوژێت.

"ئەمریکایی – 1877":
لە هەوەڵین رۆمانەکانی جیمزە کە لە ریزی رۆمانانی "سەر زەمینی دوورە دەست" دادەنرێ، جیمز لەم چیرۆکەدا بەسەرهاتی "هاولاتییەکی بەهێز" بە تەبیعەتی سادەو بێگەردییەوە، لە بەرانبەر فریوەکانی شارستانیەتی ئەوروپاییدا وێنە دەگرێت.

"ئەوروپاییەکان– 1878":
پلۆتی ئەم رۆمانە دەربارەی سەردانی هونەرمەندێکی ئەوروپاییە بۆ مەزرایەك لە ئینگلستانی نوێ، جیمز لەم رۆمانەدا لە ناکۆکی کەلتوورو شارستانیەتەکان دەکۆڵێتەوە.

"بوستۆنییەکان– 1886":
نووسەر لەم رۆمانەدا دەیەوێ لە رێگەی وێنەگرتنی تەرزی هزرین و داب و نەریتی خەڵکی بوستۆنەوە، ئەوە نیشان بدات کە چۆن راپەڕینی ریفۆرمخوازی تا رادەی لایەنگری لە ژنان دابەزیوە.

"پۆرترێتی ژنێك– 1881":
بەم رۆمانە یەکەمین قۆناغی رۆماننووسی جیمز دەگاتە لوتکە. شا قارەمانی چیرۆکەکە کیژێکی ئایدیالیست و سەربەخۆی ئەمریکاییە کە سەروەت و سامانێکی بە میرات بۆ ماوەتەوە. جیمز هۆکارەکانی زەماوەندی وی لەگەڵ پیاوێکی گەندەڵدا دەخاتە بەر شیکردنەوەو پەیگیری هۆیەکانی ناکامی دوایی ئەو دەکات.
لە قۆناغی دووەمدا، جیمز هەندێك لە بیرو بۆچوونانی ناتورالیستانی فەرەنسی وەردەگرێت، روو دەکاتە شێوە ژیانی ئینگلیزی، و زیرەکانە تەبیعەتی ئینگلیزیان شیدەکاتەوە.

"شازادەخانم کازاما سیما– 1886":
جیمز لەم رۆمانە پڕ رووداوەدا بەرەو ریفۆرمانی رامیاری و کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت. ماجەرای رۆمانەکە بەدەوری تەوەری خۆکوژی لاوێکا دەسوڕێتەوە کە تێکەڵی دارو دەستەیەکی ئاژاوەگێڕ دەبێ و تووشی کوشتنی دۆکێك دەبێ.

"خواوەندی تراجیدیای ئیلهام– 1890":

لەم رۆمانەدا، یەکێك لە نێوەڕۆکە سەرەکییەکانی بەرهەمێن جیمز، واتە ناکۆکی نێوان واقیعی ژیان و هونەر، دەخرێتە روو، شا قارەمانی چیرۆکەکە دوو دڵە کە لە نێوان سیاسەت و هونەرا کامیان هەڵبژێرێ، بەڵام ئاقیبەت روو دەکاتە هونەر.

"دەسکەوتەکانی پوینتن- 1896":

لەم رۆمانەدا دایکێك و بووکەکەی ئایندەی ئەو، لەسەر رازانەوەی ماڵێك لە ئینگلستاندا دەکەونە ململانێ، و جیمز لە قاڵبی ئەم ململانێیەدا، هەڵوێستی ژنان لە بەرانبەر یاساکانی زەوجین لە ئینگلستان دا دەر دەبڕێت.

"ئەوەی میزی دەیزانی- 1897":

جیمز لەم رۆمانەدا هوشیاری و گەشەی هوشیاری مناڵێك لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تاسیانزە ساڵی پەیگیری دەکات، و پەردە لەسەر بێ سەروبەری پەیوەندییە مرۆڤانییەکان، کە بە جیابوونەوەی داك و بابی کیژێکی شەش ساڵەو گەشە کردنی زووڕەسی کیژۆڵەکە دەشکێتەوە، لا دەبات.

هەندێ لە بەرهەمەکانی تری ئەم قۆناغەی جیمز، رۆمانۆکێکە بە ناوی بلاجکتۆر- 1888و دوو رۆمانی دیکەیە بەناوانی: ماڵێکی تر- 1896و سەرچاوەی پیرۆز- 1901.

لە قۆناغی سێیەمدا، جیمز سێ رۆمانی شاکاری خۆی نووسی، و لە هەر سێکیاندا بابەتی ناکۆکییەکانی کەسایەتی ئەمریکاییان و ئەوروپاییان دەخاتە روو:

"باڵەکانی کۆتر- 1902":

قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە کیژێکە کە سامانێکی مۆڵی بە میرات پێ بڕاوەو بە گەنجی دەمرێت. ئەم کچە لە دوا رۆژەکانی تەمەنێدا ئەسیری رێگران دەبێ و بە بەرگری سەلبی باڵای خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ.

"سەفیران- 1903":

رۆمانێکی مکوم بونیادە، کە بە دەوری تەوەری کەسایەتیەکی ئەمریکاییدا بە ناوی لامبرت ستریتر دەسوڕێتەوە. بێوەژنێکی زەنگین رایدەسپێرێ تا بچێ بۆ پاریس و چاد-ی کوڕی بێوەژنەکە کە دڵبەندی ئەشقی ژنێکی فەرەنسی بووە، بۆ ئەمریکا بگەڕێنێتەوە. ستریتر لەپاریس دا بە زیرەکی خۆی دەزانێ کە ژیانی چاد ماناو چەمکێکی قوڵی هەیەو چونکە دەزانی ئەگەر چاد بۆ ئەمریکا بگێڕێتەوە، ئەم ماناو چەمکە لە بەین دەچێت، دەستبەرداری ماموریەتەکەی خۆی دەبێت.

"جامی زێڕین- 1904":

ڕۆمانێکـە دەربـارەی ژیـانی مـاگی، کـە کچـە ئەمریکاییـەکی پـارەدارەو شـووی بـە شـازادەیەکی ئیتاڵیـایی دەسـتکورت کـردووە. مـاگی کـە بـە چاکی هەسـت بـە تـەنیایی بـابی دەکـات، زەمینـەی زەماوەندی لەگـەڵ شـارلوتی دۆسـتی دەورەی قوتابخانـەی خـۆی بـۆ دەسـازێنیٚ، غافڵـە لـە مـەی کـە شارلوت کۆنە ماشوقەی مێردەکەی ئەم بووە.
بـەڵام باوکەکـە کـە پـەی بـە حەقیقەتەکـە بـردووە، بـۆ ئـەمریکا دەگەڕێتـەوە و بـەمجۆرە خەتـەری بەرقەراری پەیوەندییانی نالەبار لە بەین دەبات.
جیمز، لەم قۆناغەدا دوو ڕۆمانی دیکەی لە پاش بە جیٚ ماون بەناوانی: بورجی عاج– 1917، و چەمکی ڕابردوو– 1917، کە هەردووکیان ناتەواون.

2– کورتە چیرۆکەکانی:

جیمـز پـتر لـە سـەد دانـە چـیرۆکی کورتیشـی هەیـە کـە بـە ناوبانگترینیـان بـریتین لـە: "تـەنگی ئەهریمەنی– 1898، دیزی میللەر – 1879، میوانی تاسەمەند– 1871، و "درۆزن– 1889.

3– بەرهەمێن دیکەی:

جیمـز، هەمیشـە شـەیدای شـانۆ بـوو، و ڕەخنـەی شـانۆیی و کورتـە شانۆنامانیشـی دەنووسـی، کـە کۆمەڵێکیان بە ناونیشانی نووسینە شانۆییەکان، لـە سـاڵی 1894دا. چاپکراون. کتێبێکیشـی بـە ناوی هونەری چیرۆکنووسین هەیە کە بریتیە لە ڕاو بۆچوونەکانی دەربارەی چیرۆکنووسین.

هەڵسەنگاندن:

جیمز لە ڕۆمان نووسیدا تواناو بەهرەیەکی سەیری هەیە. لـە بـاری شیکردنەوەی لایـەنی دەروونـی کاراکتەری ڕۆمانەکانی، بە تایبەتی لە شیکاری فاکتـەرە دەروونـی و ئەخلاقییـەکانی ئـەمریکاییانی موهـاجیر لەئـەورووپادا یـەجگار بـە توانایـە. لـە ڕۆمانـە دەوڵەمەنـدو چـڕەکانیا، زەمینـەی هونـەری ڕیالیستی لە مەیدانی جیهانی دەرەوە بۆ دنیـای دەروون و نـاوەوە دەگوازێتـەوە، کـە ئەمـە بـۆ خـۆی کاریگەرییەکی گەورەی لە پێشڤەچوونی ڕۆمـانی دەرونگـەراو زەینییـەت گـەرادا هـەبووە، جیمـز بـە شـێوەی پـەرداخی زەینیەتگەرایانـەی خـۆی، کـە لـە قـاڵبی ڕۆمـانی "شـەپۆلی هـۆش"ی سـەدەی بیستەمدا پەرە دەسەنیٚ، ڕێگە نادات ئەو شتەی کە دەربڕی ئـەزموون یـا تێگەیشـتنی کاراکتـەرانی ڕۆمانەکانی نەبیٚ، بێتە ناو چیرۆکەکەوە، لە ڕاستیدا ئەو شـێوەی وەسـفی قارەمانـەکانی لـە ڕێگـەی "شەپۆلی هۆشەوە" بەلاوە گرنگە. بە هەر حاڵ جیمـز توانـای بونیـادی و سـایکۆلۆژی ڕۆمـانی بـەرز کردوەتـەوەو چیرۆکی بردووەتـە دنیـای سـایکۆلۆژییەوە. ڕۆمانـەکانی جیمـز هـەر چـەندە بـەردەوام ئاڵۆز تر دەبن و هزرو بیرەکانی خۆیشی لەمەڕ کاروباری مرۆڤانی بەرە بەرە ڕیشاژو تر دەبن، لەگـەڵ ئەمەشـا، هـەوێن و خـومرەی ڕۆمانـەکانی لـە سـیٚ بابەتـەوە وەردەگیریٚ: 1– نـاکۆکی میهـرو ڕەقـی ئەمریکایی لەگەڵ فریـو و جـوانی کـەلتوری ئـەورووپایی دا. 2– ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ڕووداوەکـانی ژیان و هونەر. 3– بەکارهێنانی پێوەرە سـایکۆلۆژییەکان لـە جیـاتی پێـوەری ئـەخلاقی خێـرو شـەڕ.

جیمز شارەزای هونەری نیگارکێشیشەو هەندێ جار دیمەنی ڕۆمانەکانی وەکو ئاسۆیەکە کە لەسەر پەردەی نیگارکێشی ڕەسم کرابێ. عادەتەن ڕۆمانەکانی جیمز کەم تا زۆرێك لە نیگارکێشییەوە وەردەگێرێن. لە ڕاستیدا، نووسەرێکی وێنەپەروەرە، و لە چیرۆکەکانیا هزرو وێنە ئاوێتەی یەکتر دەکات.

بۆچوونەکانی جیمز دەربارەی چیرۆکڤانیش جوانە، لە کتێبی هونەری چیرۆکنووسین دا دەنووسێت: تاقە ئەنگێزەی هەبوونی ڕۆمان ئەمەیە کە هەوڵدەدا ژیان وێنەبگرێ. بەشێوەیەکی گشتی جیمز لە ڕەخنەی چیرۆکدا بایەخی زۆر بەلایەنە هونەرییەکان دەدا، دەربارەی فۆرم وازوازە. دوا گوتە لەمەڕ جیمز ئەمەیە کە ژیانی هونەرەکەی بوو، هونەر ژیانی بوو.

<u>**هاملین (هانیبال) گارلاند (1860– 1940):**</u>

نووسەری ڕۆمان و کورتە چیرۆکان، لە ویسکانسین هاتە دنیاوە، لە ئایوڤاو داکوتای باشووری، لە ناو جەرگەی واقیعێکی دژواردا گەورە بووە، لە بیست و یەك ساڵی دا بۆ بوستۆن ڕۆیی. لە وێندەر زیاتر شارەزای بیری ئابووری و تیۆری "یەك باج(7)"بوو، و پەیوەندی بە ناوەندی ئەدەبی بوستۆنەوە کرد. لە بیست و حەوت ساڵی دا بۆ ڕۆژئاوای ناڤین گەڕایەوە. دیتنی ژیانی سەخت و زەحمەتی وەرزێرانی ڕۆژئاوا، کە ئەو بەخۆیشی ڕۆڵەی مەزرا بوو، کارێکی زۆری تێکرد. ئەم کاریگەرییە لە سەرانسەری چیرۆکەکانیا، کە لە قاڵبی جۆرە ریالیزمێکا بەناوی ڤیریتزم"8" نووسراون، شەپۆل دەدا. بەهەر حاڵ گارلاند، جگە لە گەشت و گەڕانی ناو ئەمریکا، سەفەری فەرەنساو ئینگلستانیشی کردووە.

لە نێو بەرهەمەکانی گارلاندا، کورتە چیرۆك و ژیاننامەکانی ڕەونەق و ناوبانگێکی بەرچاویان هەیە.

**"ڕێگە پڕ هاتوچۆکان– 1891":**

کۆی شەش کورتە چیرۆکە (لە چاپەکانی داوترا بووە بە پانزە چیرۆك) لە قاڵبی ڤیزیتزمدا، کە بە دەوری تەوەری ئەزموونانی مناڵی دا دەسوڕێنەوە. گارلاند لەم چیرۆکانەدا دزێوی و دژوارییەکانی ژیان لە مەزرایان دا وێنە دەگرێت.

**"خەڵکی چەمەنزاران– 1893":**

کۆی چەند چیرۆکێکی کورتە، کە لە چاپەکانی دواترا لەگەڵ کۆ چیرۆکێکی دیکەدا لە ژێر سەر ناوی ئاشقێنی کەناری جادە 1897و پاشان لە یەك کۆ چیرۆك دا بە ناوی "ڕێگە پڕ هاتوچۆیەکانی تر– 1910" بڵاوبوونەوە.

**"جیسون ئیدواردز: بنیادەمێکی ئاسایی– 1892":**

ڕۆمانۆکێکە دەربارەی یەك باج"

"روز ئاو دوچرزکولی- 1895":
رۆمانۆکێکی ریالیستییه، که هەوڵی هەڵاتنی کیژێك له ژیانی زەحمەتی مەزرا وێنه دەگرێت.

"کوڕێك له سنووری ناڤین- 1917":
ئۆتوبیوگرافی گارلانده، که سەرکەتنەکانی خۆی، و ژیان له رۆژئاوای ناڤیندا لە قاڵبی نەقڵی تاڵ و شیرین دا دەگێڕێتەوە.

"کیژێك له سنووری ناڤین- 1926":
درێژەی ئوتوبیوگرافییەکەی پێشووی گارلاندە و باسی رۆژانی زەماوەندی ئەو دەکات. گارلاند لەسەر ئەم کتێبە، له مەیدانی ژیننامەنووسیدا، له ساڵی 1922دا خەڵاتی پۆلیستەری وەرگرت.

"جادەسازانی سنووری ناڤین- 1926":
ئەم کتێبه دەربارەی کۆچی بابی گارلانده له ویلایەتی مین-ەوە بۆ ویسکانسین.

"دیدارێن قەراخ جادە- 1930":
کۆمەڵە راپۆرێکی جوانه دەربارەی شاعیران و نووسەرانی هاو عەسری گارلاند.

"بتە شکێنراوەکان- 1894":
کۆمەڵە گوتارێکە دەربارەی چیرۆکنووسین، کە لە راستیا بە بەیاننامەی گارلاند لەمەڕ ڤیریتزم دەژمێردرێن. گارلاند، لەو نووسەرانە بوو کە له کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، بەرەو نا تورالیزم، کە قۆناغێکی پێشکەوتووی ریالیزم بوو، چوون. چیرۆکەکانی کرد بە ئەوزارێك بۆ دەربڕینی پەندو ئامۆژگارییە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی. بە باوەڕی ئەو رۆمانی ئەمریکایی دەبێ خۆی بە بنج و بناوانی حەقیقەتدابکات و لایەنە ناخۆشەکانی ژیان وێنە بگرێت. وێڕای ڤیریتزمی خۆی هەوڵدەدا ریالیستێکی بابەتی بێ، و واقیعیانە دیمەنەکانی ژیان وێنە بگرێت. عەیبی هەرە دیاری گارلاند درێژدادڕیی تاقەتبەرە.

<u>ستیفن کرین (1871- 1900)</u>:
هۆزانڤان، نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆك و رۆژنامەنووسی خەڵکی نیوجەرسییە، لە بنەماڵەیەکی کەشیش له دایك بووە، له ئەکادیمیایەکی سوپایی لە دەوروبەری هودسن (1887- 1890)، و لە کۆلیجی لافایت (1890- 1891) خوێندویەتی. لە ساڵی 1896 وەکو پەیامنێری جەنگ لە مەکسیك و کوبا، و پاشان لە یۆنان خزمەتی کردووە، و دوو سەفەری ئینگلیستانیشی کردووە، ئەزموونی قۆناغی پەیامنێری کرین لە جەنگی یونان و تورکیادا، بووە ئیلهام بەخشی ئەو لە

نووسـینی رۆمانێـك دا بـه نـاوی خزمـەتی ئـەکتیف- 1899، کـه لـه سـەر بنـەمای رۆژانـه هـەواڵ رۆنراوه.

1- رۆمانۆك و رۆمان:

"ماگی: کیژی بەرەڵلا- 1893":

رۆمـانۆکێکی ناتورالیسـتی – ئەمپرسیونیسـتییه دەربـارەی مـاگی، گوڵێـك کـه لـه قـوڕاوا رووا‌وه. کیژێکی نـاو کوختەنشینەکانی نیویورکه که بەره بەره بەرەو سۆزانیەت دەبرێو ئیدی رۆژی بـه خۆکوژی دەگات.

"نیشانەی سووری دلاوەری- 1895":

کورتـه رۆمـانێکی سـایکۆلۆژی و ریالیسـتییه دەربـارەی هـزرو هەسـتەکانی هنـری فلمیـنگ-ی سـەربازی لاوی گونـدی لـه شـەڕی نـاوخۆی ئـەمریکادا. ئـەزموونی ئـەو لەیەکـەم شـەڕا، هـەڵاتنو گەڕانەوەی، و ئەمەی که چۆن دەبێ به سەربازێکی کردە، له میانـەی دیمەنـه دڵتەزێنـەکانی جـەنگی ناوخۆوه هاتۆته نیشاندان.

2- کورته چیرۆکەکانی:

"لقی بچووك- 1887":

کـۆی شـەش کورتـه چـیرۆکە، لەوانـە: "لقـی بچـووك"، "رازی قارەمانیـەتی"، "سـێ سـەربازی نـا ئاسایی"، که له جەنگی ناوخۆی ئەمریکاوه سەرچاوه دەگرن.

"بەلەمی کراوه- 1898":

بریتییه له هەشت چیرۆك، لەوانه "بووکێ بۆ ئاسمانی زەرد دێ"، و "بەلـەمی کـراوه"، کـه یـادگاری ئەزموونانی نووسەره له کوباو رەنگدانەوەی هەوڵی دە رۆژەی ئەوه لـه دووی غـەرق بـوونی کەشـتی کومودور.

"جانەوەر- 1899":

کۆی حـەوت چیرۆکە، لەوانە: جانـەوەر، چیرۆکێکی سەرسامکەرە دەربارەی رەش پێستێك کـه بـه دەست ناشیرینی سیمای خۆیەوه دەناڵێنێ، و ((میوانخانەی شین))، که له وێدا کرین مەسئولیەتی هەموو تیرەی بەشەر له کوشتنی بێگوناحێکدا نیشان دەدا.

"برینان له باران دا- 1900":

بریتییـه لـه دوو چیرۆکی دڵگیر دەربـارەی جـەنگی نـاوخۆ بـه نـاوی "نرخـی رەخـت"، "رووداوێکـی جەنگ".

3- هۆزانەكانی:

"سوارانی ڕەش- 1895":

كۆمەڵە شیعرێكی كورتن لە قاڵبی شیعری ئازادا، كە وا دیارە لە ژێر كاریگەری تەوراتدا نووسراون.

كۆ شیعرێكی دیكەی كرین، "جەنگ میهرەبانە- 1899"ی ناوە.

بە هەر حاڵ، كرین چیرۆكی ژیانی خەڵكی كوچەو بازاڕ بە شێوەیەكی سادە وێنە دەگرێت.

## ریفۆرمخوازان، مێژوونووسان، فەیلەسوفان

### هنری جورج (1839- 1897):

لە پێشەنگانی ئابووری سیاسی، و لە گەورە ترین فەیلەسوفانی كومەڵایەتی ئەمریكایە. گرنگترین بەرهەمی، "پێشكەوتن و هەژاری- 1878"یە دەربارەی پرسە ئابورییەكانە. ئەم كتێبە هۆیەكانی داروخانی پیشەسازی و زیادبوونی پێداویستییەكان لەگەڵ زیاد بوونی سەروەتدا بە شێوەیەكی لوجیكی تێرو تەسەل و زانستیانە دەخاتە بەر شیكردنەوەو لێكۆڵینەوەوە. جۆرج باوەڕی وابوو كە هەژاری هاوكات لەگەڵ پێشكەوتنی زانست و هونەردا زیاد بووە، و مەسەلەی "یەك باج"ی لە پێناوی ماڤ یەكسانی خەڵكی لە زەوی و زارو زیاد بوونی هەقدەستان خستەڕوو. بە گوێرەی ئەم تێورییە، هەر هەموو باجەكان جگە لەو باجانەی كە لەسەر نرخی زەوی دادەنرێ، هەڵدەوەشێتەوە.

"زەوی و سیاسەتی ئێمە لەمەڕ زەوی- 1871":

ئەم بەرهەمەی جۆرج تەنیا چل و هەشت لاپەڕەیەو یەكەمین هەوڵی ئەوە بۆ چارەسەری گرفتی "زیادبوونی هەژاری پێ بەپێی زیاد بوونی سەروەت".

### ویلیام جیمز (1842- 1910):

لە پێشڕەوانی فەلسەفەو دەرونزانییە، و برای هنری جیمزی ڕۆماننوس بوو. لە قوتابخانەی پزیشكی هارڤەرد دكتۆرانامەی وەرگرت و ماوەی سی و پێنج ساڵ لە هارڤەردا خەریكی دەرس گوتنەوەی زانستی توێكاری و فیزیولوجی، و پاشان دەرونزانی و فەلسەفە بوو.

"پرەنسیپەكانی سایكۆلۆژی- 1890":

یەكەمین و گەورەترین بەرهەمی جیمزەو ئەنجامی دۆزینەوەی تێورییەكانی خۆین دەربارەی سایكولۆژی.

جیمز لەم كتێبەدا بۆ یەكەمین جار زاراوەی "شەپۆلی هۆش"ی بەكار هێناوە.

**"ویستی باوەڕ– 1897":**

**بریتییە لە دە گوتار دەربارەی ئەم بابەتەی کە ئێمە بە زۆری باوەڕ بەو شتە دەکەین کە خۆمان دەمانەوێ.**

**"ئەزموونانی هەمە جۆری ئاینی– 1902":**

**شاکارێکە لە تەئویلاتی دەروونی، و کتێبێکە دەربارەی خوێندنەوەی سروشتی مرۆڤانی. جیمز لەم بەرهەمەدا هەندێ شێوەێن شەخسی ئاینی شیدەکاتەوەو بە پێی بۆچوونە دەرونزانییەکان بە دروستیان دەزانێ.**

**"پراگماتیزم– 1907":**

**جیمز لەم کتێبەدا فەلسەفەی پراگماتیزم بە دەوڵەمەندترین شێوەو بە زمانێکی جوان باس دەکات. ئەو کە باوەڕی وایە "حەقیقەت ئەو شتەیە کە لە ڕێگەی ئیمانی مرۆڤدا بە سوود بێ"، و دەنووسێت: "حەقیقەتی ستراتیژی بیرێك وەستاوەتە سەر ئەنجامی پراکتیکی بیرەکە، بنیادەم دەبێ لەمجەڕەدات، پرەنسیپی نەگۆڕ، و هزرێن رەها دوور بکەوێتەوەو دووی واقیعو حەقیقەتان بکەوێ.**

**"مانای حەقیقەت– 1909":**

**درێژەو پاشماوەی کتێبی پراگماتیزمە، کە بە شێوەیەکی کورت هەمان بابەت باس دەکات.**

**فەلسەفەی پراگماتیزمی جیمز لەسەر ئەم باوەڕە رۆنراوە کە فەلسەفە نابێ لە چوار چێوەی هزرێن روو تا بێ، بەڵکو دەبێ لە ژیاندا مسداقیەت پەیدا بکات، و گریمانە نابێ تەنیا تەجرەبە و تاقی بکرێتەوە، بەڵکو خودی تەجرەبە دەبێ لە بازنەی هزردا بگیرسێتەوە.**

**جیمز، بەرهەمەکانی، کە کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر ئەدەبیات بە تایبەتی و ژیانی ئەمریکاییان بەگشتی هەبووە، بە شێوازێکی جوانو رەوان نووسیوە. ئەوەی کە باوە "ویلیام جیمز دەرونزانی وەکو چیرۆك باس کردووە، و هنری جیمزی برایشی چیرۆکی وەکو دەروونزانی باسکردووە".**

# دیموکراسی و بەشەریەت

## نووسەرانی رۆمانو کورتە چیرۆکان

ئەمبروز (گوینت) بیرس (1842– 1914):

رۆژنامەنووس، شاعیر، و نووسەری کورتە چیرۆکان، خەڵکی ویلایەتی ئوهایو بوو. لە ئەنیستیتۆی سوپایی کنتاکی خوێندویەتی، و لە سەرانسەری قۆناغی جەنگی ناوخۆدا لە جوملەی سەربازانی خۆبەخش بوو. پاشان، زۆربەی تەمەنی لە سانفرانسیسکۆ بە رۆژنامەوانی بردە سەر. بیرس ساڵانی 1872– 1876ی لە ئینگلستاندا بە رۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی سکێچانی کینایە ئامێز قەتاند، و سەرەنجام لە ساڵی 1913دا بە کارێکی نهێنی بۆ مەکسیك رۆیی و لەوێندەر ون بوو. وا دیارە ساڵێك لەوە بە دواوە مردووە.

"چیرۆکی سەربازان و سڤیلیان– 1891":

لە ساڵی 1892دا لەگەڵ چەند چیرۆکێکی دیکەدا لە ژێر سەر ناوی "لە ناو جەرگەی ژیانەوە" بڵاوبووەوە، کە بریتییە لە کۆی بیست شەش چیرۆکی ترسناك، بە ناوبانگترینیان: "ئەسپ سواری لە ئاسمانا، کوڕی خواوەندان، و چاوانی پڵنگ"یان ناوە.

"ئایا ئەم شتانە دەبیٚ– 1893":

کۆی بیست و چوار چیرۆکە، کە باشترینیان مەرگی هالپرن فریزەر–ی ناوە.

"رەبەن و کیژی پیاوی جەلاد– 1892":

رۆمانۆکێکی سەرانسەر ترس و ترسناکییە، کە بە شێوازێکی راستەوخۆ سادە نووسراوە.

"چەند نەقڵێکی فانتازی– 1899":

کۆمەڵە نەقڵێکە بە شێوازی ئیزۆپ دەربارەی سیاسەت و ئابووری سەردەمی خۆی.

"وشەنامەی پیاوێکی رەشبین– 1906":

لە چاپی دووەمدا بووە بە فەرهەنگی شەیتان(1911)، بریتییە لە کۆمەڵە پێناسەیەکی زیرەکانە و کینایە ئامێز

"دووانی کۆتایی– 1909":

کۆمەڵە گوتارێکە دەربارەی رەخنەگرتن لەلایەنە سەلبییەکانی شارستانیەت.

شۆرەتی بیرس پتر بەندە بەو چیرۆکانەوە کە لە ئەزموونی شەڕی ناوخۆی، خۆیەوە هەڵێنجراون، بیرس شەیدای چیرۆکانی ترسناکە، تواناو بەهرەیەکی سەیری لە داهێنانی ژینگەی سەرانسەر ترسناك و هەڵوێستی نائاسایی، بەڵام دوور لە رەسەنایەتی و قوڵی، هەیە.

ئیدوارد بیلئامی (1850– 1898):

رۆمـاننووس و کورتـە چـیرۆك نـووس و رۆژنامەنووسـێکی خـەڵکی ماساچوسـتە، یەکێکـە لـەو نووسەرانەی کە لە ئەدەبیاتی ئەمریکادا بە "قاوکەران" بەناوبانگن –ئەمانەن رۆژنامەنووسانێك بوون کە بە ئەرکی خۆیان دەزانی گەندەڵی باو و بڵاوی ناو دەزگا ئابوورییەکانی ئەمریکای ساڵانی پاش جەنگی ناوخۆ لە قاو بدەن.

**بەرهەمەکانی:**

1– "ئاورێك لە رابردوو، یا 1887 تا 2000": (1888).

رۆمانێکە دەربارەی نموونەی شار، و بەیاننامەیەکی گەورەی گەشبینییە لە قۆناغی نێوان دوو سەدەدا.

بیلئامی کەدابەشکردنی دادوەرانەی سەروەت و سامانی بە بنەڕەتی ترین ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەزانی، لەم رۆمانەدا هەوڵی داوە کە جۆرە سوسیالیزمێکی ئەمریکایی بەرجەستە بکات کە لە راستیا شێوەیەکی دەستکاری کراوی سوسیالیزمە، و بیلئامی بۆ ئەوەی هەر جۆرە پەیوەندییەکی ئەم سوسیالیزمە لەگەڵ مارکسیزمدا دابڕێت، ناوی نەتەوەگەرایی لێنا، شاقارەمانی رۆمانەکە کە جیلیەن ویست–ی ناوە، دوای سەدەیەك لە خەو رادەبێ، خۆی لە شارێکی نموونەیی سوسیالیستیدا دەبینێتەوە، کە بە گوێرەی سیستەمی زبارەیی و دابەشکردنی دادوەرانەی سەروەت و سامانان دەبرێ بەڕێوە. شوێنی روودانی چیرۆکەکەش بوستونی سەدەی نۆزدەیەمە.

2– "یەکسانی – 1897":

درێژەی رۆمانی ئاوڕێك لە رابردووە، و لە راستیدا جۆرە نامەیەکی ئابوورییە.

3– "دۆکی ستاکبریج– 1900":

رۆمانێکی کرێکاری– مێژووییە کە کێشمانەکێشی نێوان وەرزێران و خودان قەرزان دەگێڕێتەوە.

**فرانسیس ماریون کرافورد (1854– 1909):**

داك و بابی ئەمریکایین، لە توسکانی ئیتاڵیا لە دایك بووە. لە ئینگلستان و ئەمریکاو ئاڵمان و ئیتاڵیا خوێندویەتی. ئارەزوویەکی سەیری فێربوونی زمانی هەبوو و پانزە زمانی بە باشی دەزانی، لەوانە: فەرەنسی، ئاڵمانی، ئیتاڵی، ئەسپانی، ترکی، روسی، لاتینی و یۆنانی. تەنانەت لە رای فێر بوونی زمانی سانسکریتی دا سەفەری هندشی کردو لەوێندەر چووە سەر دینی کاتولیك.

کرافورد نووسەرێکی جیهانگەڕە. رۆمانەکانی رەنگدانەوەی زانیاری فراوانی ئەوە لەمەڕ وڵاتانی بێگانە کە لە میانەی سەفەرەکانیا بۆ ئەو شوێنانە بە دەستی هێناون. ئاڵمانی، ئیتاڵیا، ئەمریکاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی مەیدانی زۆربەی رۆمانەکانین.

ئەو چیرۆکانەی لە ئەڵمان روو دەدەن:

1- "دکتۆر کلاودیوس- 1883":
رۆمانێکی ئوتوبیوگرافی ئاسایە، پلۆتێکی جوان، بونیادێکی گونجاو، تۆنێکی پوختی هەیەو قارەمانەکانی بە شێوەیەکی روون وێنەگیراون.

2- گریفنشتاین- 1889":
رۆمانێکە پڕ سۆزو هەستە.

ئەو چیرۆکانەی کە لە ئیتاڵیا روو دەدەن:

1- "ساراسینسکا- 1887":
ئەمە بریتییە لە چوار رۆمان، کە وەسفی چەند نەوەیەکی یەك بنەماڵی ئەرستۆکراتی ئیتاڵیایی دەکات. ساراسینسکا سەرۆکی بنەماڵەکە، قارەمانی سەرەکی رۆمانەکەیە.
یەکەم رۆمان کە ساراسینسکای ناوە، بە دەوری تەوەری ڤیانی کوڕی ساراسینسکاو کیژۆڵەیەکی ئەشرافزادەدا دەسوڕێتەوە. دووەم رۆمان کە بە ناوی سنت ئیلاریو "1889"یە دەربارەی غیرەکردنی مێردێکی گەنجە.
سێیەم رۆمان کە بە ناوی دون ئورسینو "1892"یە ماجەرایەکی دڵگیری فیداکارییەکە. رۆمانی چوارەم کە بە ناوی کارلیونە (1896)یە، دەربارەی بەرخوردی ئورسینو و برا کەشیشەکەیەتی لەگەڵ دەستەیەك رێگری سسیلی دا.

ئەم چیرۆکانەی کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی مەیدانەکانیان پێك دێنن:

1- زۆر توشت (1885):
چیرۆکێکی خەمناکە، کە قارەمانە ئێرانی و جولەکەکانی وەستایانە وێنە گیراون.

2- خالید (1891):
رۆمانێکە دەربارەی مەسەلە فانتازییەکانی میتا سروشتی.

3- ریگەی خاچ (1898):
رۆمانێکە دەربارەی دووەمین جەنگی سەلیبی.

4- له كۆشكی شادا (1900):
رۆمانێكی مەیلەو مێژووییە، پلۆتێكی ئاڵۆزی هەیە.
سەربهوردی رۆمانی پاول پاتوف (1887)ش لە قەستەنتەنیەدا روو دەدا. رۆمانی مستەر ئیسحاق (1882) چیرۆكێكە لە هندی زەمانی داگیركەری بەریتانیادا روو دەدا. شاقارەمانی رۆمانەكە پیاوێكی موسوڵمانە كە سێ ژنی هەیەو حەز لە كچێكی ئینگلیز دەكات.
یەكێك لە كۆ چیرۆكەكانی كرافورد (تاپۆیانی سەرگەردان- 1911)ی ناوە، بریتییە لە حەوت چیرۆك دەربارەی تاپۆیانی ئۆقیانووس.
كرافورد، بە تێكڕایی چل و پێنج رۆمانی لە پاش بەجێماوە، كە بەڵگەی زانیاری ئەون دەربارەی مێژوو و تەلاركاری و سیاسەت و ژیان. لە وێنەگرتنی سیمای نەجیمزادانی راستەقینەو ژنانی نموونەیی دا وەستایە. شێوازێكی رەوان و ئاسان و بەرەونەقی هەیە، بەڵام لە جیهانی زهنی رۆمانەكانیدا هیچ فەلسەفەیەكی رەسەن نیشان نادرێ. هزرەكانی لە هەر چەشنە پەیامێكی كۆمەڵایەتی ڤالان. لە راستیا، كرافۆرد مێژوونووسی رابردووانی مردووە. شۆرەتی ئەو بەندە بە رۆمانە میللییە مەیلەو مێژووییەكانی و وێنەگرتنی لایەنە فانتازییەكانی ژیان بە شێوەیەكی جیهانی (كۆسمۆپۆلیتی).

<u>هنری كویلەر بونەر</u> (1855- 1896):
نووسەری كورتە چیرۆك و رۆمان و شیعری كۆمەڵایەتیە. یەكێك لە رۆمانەكانی بە ناوی ژنێكی بەشەرەف (1883)ە، چیرۆكێكی دەستكردە كە لە شانۆنامەیەكی خۆیەوە بە ناوی ئیمان، هەڵێنجراوە. "شەشە بچووكەكان- 1891" چیرۆكێكی كورتیەتی، لە رووی وەسفی دڵگیری قارەمانەكانییەوە شایستەی خوێندنەوەیە. كۆی چەند چیرۆك و تارێكی بونەر لە ژێر سەرناوی شەقامی جیرسی و كوچەی جیرسی (1891) بڵاوبووەتەوە.
بونەر لە دنیای شاعیریدا، شاعیرێكی خەمین و دڵسۆزەو شیعرەكانی لە رووی زمانەوە بێگەردو رەوانە. دوا كۆ شیعری لە ژێر سەر ناوی هۆزانەكانی هـ.ك. بونەر (1896) چاپ بووە.

<u>جون ویلیام دوفارست</u> (1826- 1906):
نووسەرێكی ریالیستە، كە باشترین بەرهەمی نا چیرۆكڤانی مێژووی هندەكانی كونكتیكت (1851)ە، كە سەرچاوەی زانیارییە دەربارەی تیرەكانی كونكتیكت. هەندێ لە چیرۆكەكانی بریتین لە: "جون ڤانی ئەمین- 1875"، و "فیتنەگێڕی- 1875"، لە خانەی رۆمانانی سیاسیدایە، و "یاخی بوونی ئاشق- 1898"، رۆمانێكە دەربارەی جەنگی شۆڕش.

<u>لویس والاس</u> (1827- 1905):
رۆماننووس، شاعیر، رۆژنامەنووس، نیگاركێش، مافناس و سوپایی بوو. (خوای دادپەروەر- 1873) یەكێكە لەرۆمانە مێژووییەكانی دەربارەی شكستی ئەسپانیا لە مەكسیك لە نیوەی

یەکەمی سەدەی شانزەیەمدا، ((بن هور– 1880))، چیرۆکێکە دەربارەی مەسیح کە بۆ زۆربەی زمانانی ئەوروپایی و رۆژهەلاتی وەرگێڕدراوە، و ((شازادەی هندی– 1896)) کە لە چیرۆکی جولەکەی سەرگەردان–ەوە، کە ئەفسانەیەکی بەناوبانگی سەدەکانی ناڤینە، هەڵێنجراوە.

<u>سیلاس ویر میچل (1829– 1914):</u>

رۆماننووس، شاعیرو نووسەری گوتارانی پزیشکی بوو. شیکردنەوەی دەروونی لە رۆمانەکانیا وەکو: ((لە زەمانی جەنگدا– 1885، رولان بلاك– 1886، تایبەتمەندییان– 1892و رێگاکانی رۆژئاوا– 1913))دا رۆڵی سەرەکی هەیە. شۆڕشی فەرەنسا هەوێنی رۆمانی پیکارسکی ئەو بەناوی ((سەرکێشییەکانی فرانسوا– 1898)) پێك دێنێ. فرانسوای قارەمانی رۆمانەکە، کە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، ماڵبەکۆڵێکی بێ خەم، دزو تەڵەکەبازە، کە لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسادا، شەوو رۆژ لە شەقامەکاندا دەسووڕێتەوە. گەورەترین رۆمانی میچل لە ژێر سەر ناوی هیو واین: کویکەری ئازاد– 1897ـە، باسی فیلادلفیای سەردەمی شۆڕش دەکات، و رۆمانێکی دیکەشی هەیە بەناوی (شاری سوور– 1907) باسی فیلادلفیای پێش شۆڕش دەکات.

<u>هنری بلاك فولر (1857– 1929):</u>

رۆمانەکانی فولر کە زیاتر باسی ئیتاڵیاو وشیکاگۆی زێدی خۆی دەکەن، ئاوێتەی تەنزێکی نەرمو نوکتەبازییەکی نەجیبانەو مامناوەندین ((باخەکانی ئەم جیهانە– 1929)) باشترین رۆمانیەتی, و ((لەلایەکی ترەوە– 1898)) یەکێکە لە کۆ چیرۆکەکانی، چوار چیرۆکی لەخۆ گرتووە. ((ئالای نوێ – 1899)) یەکێکە لە شیعرەکانی فولر، کە رەخنەیەکی توندە لە سیما نەتەوەییەکانی وەکو تیودور رۆزفلت.

<u>دەیڤید گراهام فیلیپس (1867– 1911):</u>

رۆژنامەنووسێکی ریفۆرمخواز بوو کە رۆماننووسینی بە رۆمانێك دەربارەی رۆژنامەوانی بە ناوی (سەرکەوتنی خوای گەورە– 1901) دەست پێکرد. گەورەترین رۆمانی بە ناوی (سوزان لنوکس: کەوتنو هەستانەوەی – 1908) داستانی ژیانی ناو کوچە پیسەکان، گەندەڵی سیاسی، و هەوڵی ژنێکی سۆزانییە بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی. دڵی برسی– 1909، و جادوی سپی– 1901 دوو رۆمانی دیکەین.

<u>بنجامین (فرانکلین) نوریس (1870– 1902):</u>

لە شیکاگۆ هاتە دنیاوە. لە لەندەن و پاریس لە بەشی هونەر خوێندویەتی، و ئەوجا بۆ زانستگەی کالیفورنیا (1890– 1894) و هارڤەر (1894– 1895) چوو. سالانی 1895– 1896ی لە ئەفریقای باشووری بەکاری پەیامنێری بردە سەر، و لە شەڕی ئەسپانیا – ئەمریکاش دا هەمان پیشەی هەبوو.

لـوریس رۆماننوسـێکی بێگـەرد، بـە توانـاو دیـار بـوو کـە دڵێکـی رۆمـانتیکی لـەو دیـوی رۆمانـە ریالستییەکانییەوە پـەنهان بـوو. رۆمـانی کردبـوو بـە ئـەوزارێك بۆ شـیکردنەوەی پرسـەکانی ژیـان، وەکـو چـۆن رۆمانــە سـێ بەشـییەکەی ئـەختاپوس (1901)ش دەربـارەی گـەنمی ئەمریکایــە. ئـەختاپوس، چیرۆکێکە لەمـەڕ کالیفورنیـا (بەرهەمێهێنـەری گـەنم). رۆمـانی دووەم، چـاڵ (1903) دەربارەی شیکاگۆی (بەخشـەرەوەی گـەنم)ـە. رۆمـانی سـێیەم کـە تـەواو نـەکراوە بـە نـاوی گورگـە، چیرۆکی ئەوروپا (بەکارهێنەری گەنم) دەگێڕێتەوە. مك تیگ (1899) رۆمانێکی دیکەی نوریس-ە، کـە نموونـەیەکـە لـە چیرۆکانی موبالەغـە ئامێزو نـاتورالیزم، و شـیکردنەوەیەکی جوانـە دەربـارەی دانسـازێکی گەنـدەڵی خـەڵکی سانفرانسیسـکۆ، هـەوێنی چیرۆکەکە تـەماعکاری و چاوچـنۆکی مرۆڤانی و بێ ئەخلاقی ژینگەیە.

<u>جاك لوندون (ناوی خوازراوی گریفت لوندون 1876- 1916)ـە</u>

رۆماننووس و نووسەری کورتـە چیرۆکان و وتـارێن کۆمەڵایەتییـە، یەکێکـە لـە هـەوەڵێن نووسـەرانی کالیفورنیـا کـە شـۆڕەتی جیهـانی بـە دەسـت هێنـا، و بـە یەکـەمین نووسـەری رەنجبـەران و زەحمەتکێشانی ئەمریکا دەژمێردرێ. سەردەمی منداڵیەتی بە هەژاری بوری. قۆناغی ئامادەیی لە کالیفورنیـا تـەواو کـردو ماوەیـەکی کـەمیش چـووە زانسـتگەی کالیفورنیـا. سـەردەمی لاویـی پـڕ سەرکێشی لە ناوچە بەفراوییەکانی باکوورو دەوروبەری رووباری کلاندایك، بە گەڕان بە دووی زێڕا بـردە سـەر یـا بـە گـەڕان لـە بەنـدەرەکانی سانفرانسیسـکودا بـە سـەری بـرد، لـە سـاڵی 1904دا بـە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتی جەنگی روس و ژاپۆن، بۆ ژاپۆن رۆیی.
لوندون زۆربەی بەرهەمـەکانی لـە تەمـەنی بیسـت و چـوار سـاڵی بـە دواوە نووسـیوە. ئـەم بەرهەمانـە بریتیین لە سێ شانۆنامە بەناوانی: نازی ژن (1906)، دزی (1910) و بەڕوو چێن (1916) و چەند کتێبێـك دەربـارەی بابـەتێن گشـتی وەك، شـۆڕش (1910)، کتـێبی سـەربهوردی کەشـتی سـنارك (1911) کە بریتییـە لـە شـانزە گوتـار دەربـارەی دەریـای باشـوور، و چل رۆمـان و کورتـە چیرۆك، و هەروەها چەند وتارێك لەمەڕ پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

<u>رۆمانەکانی:</u>

1- کیژانی بەفر (1902):
ئەم رۆمانـە رەنگدانـەوەی بۆچوونی لونـدو نـە دەربـارەی بـاڵایی ئـەنگلۆ- ساکسـون، و بـێ توانـایی ئەوە لە وێنەگرتنی سیمای ژناندا.

2- هاواری کێوی (1903):
باشترین رۆمانی لوندونە، باسی سەبردەی سەگێك دەکات کە بە مەبەستی عەرەبانـە راکێشـان بـۆ ئالاسکای دەبن، ئەم سـەگە ئـەنجام لـە دڵڕەقی بەشـەر هەڵـدێ، و پەیوەنـدی بەگورگانـەوە دەکات و دەبێ بەسەر دەستەی ئەوان.

3- پێشبڕکێ (1905):
ڕۆمانێکە دەربارەی بازرگانی لە قاڵبی پێشبڕکێی ملاکەمە، کە بە شێوەیەکی دڵتەزێن کۆتایی دێت.

4- لە بەردەم ئادەم (1906):
ڕۆمانێکە دەربارەی گەشەکردن و ژیانی مرۆڤانی بەر لە مێژوو.

5- کەڵبە چەرموو (1906):
درێژەی هاواری کێوییە، چیرۆکی سەگ گورکێکە کە بەرە بەرە ماڵی دەبێ.

6- پاژنە ئاسنین (1908):
ڕۆمانێکە دەربارەی وەستانی سەرمایەداری لە هەنبەر هەڕەشەی سوسیالیزم دا، لوندون لەم ڕۆمانەدا پێشبینی شۆڕشی فاشیستی ساڵی 1932ی کردوە.

7- مارتین ئیدن (1909):
ڕۆمانێکە دەربارەی ژیانی خودی نووسەر، و قارەمانی چیرۆکەکەش لە ئەنجاما وەکو لوندون خۆ کوژی دەکات. ئەم کتێبە لە راستیا ئیدیعانامەیەکە دژی تاک گەرایی و سکێچێکە لەمەڕ بابەتی مرۆڤی باڵای نیتشە.

8- جون بارلیکون (1913):
ڕۆمانێکە کە وەکو مارتین ئیدن، ئوتوبیوگرافیانەیە، و باسی بادەنۆشی و خەمساردییەکانی خودی خۆیەتی.
ئەمانە ناوی هەندێ لە ڕۆمانەکانی دیکەی ئەم نووسەرەیە: دۆڵی هەیڤ (1913)، ئەستێرە گەڕ (1915) و جیری لەدوڕگەدا (1917).

<u>کورتە چیرۆکەکانی:</u>
1- کوڕی گورگ (1900):
کۆی نۆ چیرۆکی پڕ بە سەرهاتن کە دیمەنی دەڤەرەکانی ئەوپەڕی ویلایەتەکانی باکوور وێنە دەگرن.

2- خوای باپیرانی ئەو (1901):
کۆی یانزە کورتە چیرۆکە کە بە دەوری تەوەری ژیانی دەوروبەری رووباری کلاندایک دا دەسوڕێتەوە.

3- منالآنی بێشه (1902):
کۆی ده کورته چیرۆکه دەربارەی سوورپێستانی ئالاسکا.

4- ڤیانی ژیان (1907):
کۆمەڵێك چیرۆکی لوندونه دەربارەی ئالاسکا.
یەکێك له بەرهەمه چیرۆکڤانییەکانی دیکەی لوندون کتێبێکی راستگۆیانەو خۆشەویستی خۆیەتی به ناوی "دۆزەخیان- 1913" که ژیانی کوختەنشینانی شاری لەندەن وێنه دەگرێت.
لوندون، له ژێر کاریگەری مارکس، داروین و نیتشەدا بوو. له بەرهەمەکانی دا زۆر به گەرمی و توندی کەوتۆته لایەنگری له سوسیالیزم و تەنانەت بووه به ئەندامی حیزبی سوسیالیست. هەندێ بەرهەمیشی دەربارەی سوسیالیزم نووسی. لەوانه جەنگی چینەکان (1905)، که کۆمەڵه وتارێکه.
هاوسۆزی دەگەڵ هەژاران و رەنجبەران، پێشبینی شۆڕشی جیهانی، و دامەزرانی دەوڵەتی سوسیالیستی له ئایندەدا، له تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی ئەون.

## داب گەرایی و یاخی بوون له شیعرا

<u>ئیمیلی (ئیلیزابت) دیکینسن</u> (1830- 1886):
ئه ئیمهرست-ی ماساچوست هاته دنیاوه، بابی مافناسێکی گەوره و ئەندامی کۆنگره بوو. ئیمیلی له ئەکادیمیای ئیمهرست خوێندویەتی، له بیست و شەش ساڵییەوه تا کۆتایی تەمەن کونجی ئەم شارەی گرت، و کەوته هۆندنەوەی هۆزانانی کورتی عارفانه، تا له ژیانا بوو رێگەی چاپکردنی شیعرەکانی نەدا، و هۆنراوەکانی چەند ساڵێك له دوای مردنی له چەند کۆ هۆزانێك دا بلاو بوونەوه لەوانه: هۆزانان (1890)، بەشی دووەمی هۆزانان (1891)، بەشی سێیەمی هۆزانان (1896) و کۆ شیعرێکی بلاّونەکراوه (1936).
سەرپەرشتیارانی بەرهەمەکانی ئیمیلی، به زۆری هۆزانەکانی به گوێرەی ناوەرۆکی ژیان، سروشت، ڤیان، زەمان و ئەبەدیەت خانەبەندی دەکەن، شیعرەکانی ئافرەتانەو دەرونین، ئەو واقیعیەتی جیهان پشتگوێ دەخات تا واقیعیەتی دنیای دەروونی خۆی له چوار چێوەی سۆناته کورت و خەیالآوییەکانیدا وێنه بگرێت. وێنه شیعرییەکانی رەسەن و دەوڵەمەند، و ئاوێتەن به ئەندێشەو حەنەکبازی. شیعرەکانی رەوت و ریتمێکی توندیان هەیەو له باری دەروونی و رەوانی، و ناسکی و تەنکی هەستەوه کەم وێنەن، هۆنراوەکانی ئیمیلی، هەر چەنده به هۆی کیماسی قافیه، کێشی لەنگ، و کورتی و چڕی له رادەبەدەرەوه جەزرەبەی زۆری پێکەوتووه، ئەوجاش له ریزی باشترین هۆزانانی ئافرەتانی ئەمریکان، و ئیمیلی له دوای ویتمن، به گەورەترین شاعیری سەردەمی خۆی دەزانرێ.

**سیدنی لنیر** (1842- 1881):

**شاعیر، رەخنەگرو مۆسیقازانی خەڵکی جورجیایە. لە ساڵی 1856- 1860 دا لە کۆلیجی ئوگلتۆرپ-ی جورجیا خوێندویەتی. لە ساڵی 1861دا لەسەر داوای خۆی چووە خزمەتی سەربازی لە سوپای ئیتحادیە.**

**لە ساڵی 1864 دا یەخسیر بوو و کەوتە زیندانی فیدرال لە مریلاند. دوای چوار مانگ بەر بوو. بەڵام ئەم ماوەی زیندانییە، ئەو نەخۆشیی سیلەی کە رەگی لە گیانیا داکوتا بوو، توندتر کرد. لنیر باقی تەمەنی لەگەڵ نەخۆشی و هەژاریو نا ئومێدی دا دەستەو یەخە بوو، و بە قەولی خۆی (هەر بە ناو زندوو) بوو.**

**لنیر مۆسیقازانێکی پیشەیی بوو و لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا لە ئورکستەری بالتیمور بوو بە فلوت ژەن.**

**لنیر شاعیرێکی داهێنەر بوو، بە ناوبانگترین شیعری "باڵندەی لاسایی کەرەوە"یە، شیعرێکی لیریکی یە دەربارەی رەمزو رازی سورانەوەی تەبیعەت، کە لە هەر شیعرێکی ئەمریکایی پتر مۆرکی باشووری پێوەیە. "گۆرانی درەختانو سەروەر- 1880" دەربارەی ئەو دوا سەعاتەیە کە عیسا بەر لەوەی لە خاچ بدرێ لە کێوی زەیتون بەسەری برد. "دانەوێڵە- 1874"، شیعرێکی درێژە دەربارەی کشتوکاڵی، و "سیمفۆنی – 1875"، شیعرێکە، وەکو پارچە مۆسیقایەك وایە، کە هزرو هەستی مۆسیقازان دەردەبڕێ، لەم شیعرەدا ئامێرانی جیاوازی مۆسیقا –کەمانچە، فلوت، قەرەنی، شەیپور، زوڕنا- هەریەکەیان لە قاڵبی کەسایەتییەك دا، لە ژیانا رۆڵێك لە ئەستۆ دەگرنو دەربارەی پرسە کۆمەڵایەتیو تەکنولۆژییەکان قسە دەکەن. هۆزانی "سیمفۆنی" بەم نیوە بەیتە کە "مۆسیقا ئەشقەو بە دووی وشەدا دەگەڕێ" کۆتایی دێت.**

**یەکێك لە بەرهەمە پەخشانەکانی لنیر "سۆسنانی بەرزی ئاسیایی- 1876"ـە کە رۆمانێکە دەربارەی ئەزموونی خۆی لەمەڕ جەنگی ناوخۆ، و "زانستی شیعری ئینگلیزی- 1880" کە دەربارەی پەیوەندی نێوان شیعرو مۆسیقایە، و لە بنەڕەت دا شیعر بە شێوەیەکی مۆسیقا پێناسە دەکات.**

**لنیر لە ریتمو تۆنو کێش دا سەلیقەیەکی باشی هەبوو و لە وەزنو کێشە تەقلیدییەکان دا شارەزا بوو. لە شیعرەکانی دا، کێشمانەکێشی نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی- ئابووری کۆنو نوێ بەرجەستە دەکات، و بێ سۆزی و هۆڤیەتی زادەی روحی مامەڵەچیاتی عەسر دەداتە بەر رەخنە.**

**ئیدوارد راولندسیل** (1841- 1887):

**شاعیرو گوتارنووسێکی خەڵکی کونکتیکت و مامۆستای تایبەتی ئینگلیزی زانستگەی کالیفورنیا بوو. شیعرەکانی لە باری سادەیی، حەنەکچیاتی، فێرکاری راستەوخۆ، و ناسکی کلاسیکییەوە شایەنی سەرنجن، بەڵام شێوازو ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی دەیخەنە خانەی شاعیرانی کەم بایەخەوە.**

لە دیوانە شیعرەکانی، "خەڵوەتخانە- 1868"، و لە شیعرە لیریکییەکانی "دەرفەت" و "دوعای گەوج" بەناوبانگن.

**جۆن بانیسترتەب (1845- 1909):**

کەشیشێکی ڤیرجینیایی، شاعیرێکی پلە دووەم، بەڵام راستگۆ بوو. شیعرەکانی ئاوێتەی جۆش و خرۆشی مەزەبین و روانینێکی میتافیزیکی هەیە، ئەو لە تەبیعەت دا، کە مەیدانی لیریکا بە ئاهەنگەکانی ئەوە، جیلوەی خوای موتڵەق دەبینێ. دوو دیوانە شیعری بە ناوانی هۆزانان- 1882و لیریکا – 1897 چاپ کراون.

**ریچارد هوڤی (1864- 1900):**

شاعیر، رۆژنامەنووس و ئەکتەر، خەڵکی ئیلینویز بوو. شۆرەتی بەندە بە بەرهەمێکی سێ بەرگییەوە بەناوی گۆرانی بەرەڵڵایان (1894- 1910) کە بە هاوکاری لەگەڵ شاعیری کەنەدایی نەژادی ئاکنجی ئەمریکا ویلیام بلیس کارمن (1861- 1929) داینـاوە. هەر سێ بەرگەکە لە راستیا یاخیبوونێکە دژی پوچی سەردەم و ئیفلاس و نابووتی هزرێن بێگانە.

**ویلیام ڤۆن مودی (1869- 1910):**

شاعیرو شانۆنامەنووس، خەڵکی ئیندیانا، و دەرچووی هارڤەرد بوو. دوو کۆ شیعری لە پاش بە جێماوە، یەکێکیان بە ناوی مورەکانی گلاوستر (1910) کە چەند پارچە شیعرێکی جوانی دەربارەی بابەتێن جۆراو جۆر لە خۆ گرتووە، یەکێك لەوانە "سەربازێك کە لە فیلیپین کوژرا" شیعرێکە رەخنە لە ئامانجێن ئیمپریالیستی دەگرێت، و "پێشانگای گیانلەبەران" کە دەربارەی تێوری پەرەسەندنە.

کۆ شیعری دووەمی "دووەم دەرکەوتن- 1912"ی ناوە، و جوانترین شیعری ئەم دیوانە "سەرچاوە"یە، دەربارەی یەکێتیی بەدەن و روحە. یەکێك لە شانۆنامە شیعرییەکانی مودی "ئاگر هێنەر- 1904"ـە، کە لە ئەفسانەی پرومیتوسی کۆنی یۆنانییەوە هەڵێنجراوەو هەوڵدەدا زاڵی چاکە بەسەر خەراپەو یەکێتیی زاتی خواو جیهان وێنە بگرێ. یەکێك لە شانۆنامە پەخشانەکانی مودی، "ناکۆکی گەورە- 1909"یە کە کێشمانەکێشی نێوان کەلتورێن رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی بەرجەستە دەکات.

<u>ریچارد هنری ستودارد (1825- 1903)</u> یەکێکە لەو شاعیرانەی تری ئەم قۆناغە کە زیاتر لە مەیدانی شیعری لیریکی دا ناو و ناوبانگێکیان دەرکردووە، ستودارد لە دیارترین لیریکاخوانانی ئەمریکای سەردەمی خۆی بوو. بەناوبانگترین شیعری لە دیوانانی گۆرانی هاوین- 1857و زەنگی پاشا- 1863دا بڵاو بوونەتەوە. شۆرەتی ستودارد تا رادەیەکیش بەندە بە هۆزانە رۆژهەلاتییەکانییەوە، کە لە کۆ شیعرێکا بەناوی کتێبی رۆژهەلات- 1871 کۆکراونەتەوە...

ئيما لازاروس (1845– 1912) شاعيرێكی نيويوركييه، به "تاقه شيعرێكی گەورە كه له ناو جولەكەكانی ئەمريكادا هەڵكەوتووە" دەزانرێ. شۆرەتی لازاروس كەم تا زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شيعرە ليريكييەی كەنيوە دێڕی يەكەمی "رەنجت، هەژاريت، بدە بە من" لە ژێر پەيكەری ئازاديدا هەڵكەنراوە.

شاعيرێكی ديكەی ئەم قۆناغە ئيدوين چارلز مركام (1852– 1940) بوو كە بە ديوانە شيعری "پياوێك بە پێمەڕەوە– 1899" شۆرەتی نەتەوەيی پەيدا كرد. لەم بەرهەمەدا باسی ئەو وەزعو حاڵە خراپە دەكرێت كە چينی رەنجبەر بە هۆی پێشكەوتن و پيشەسازييەوە دووچاری بووە. لە كۆتايی دا دەبێ ئاماژە بۆ پاول لاورنس دبنار (1872– 1906)ی شاعير و نووسەری رۆمان و كورتە چيرۆك بكرێ.

چەند ليريكايەك لەمەڕ ژيانی هەژارانە (1896)و چەند ليريكايەك لەمەڕ هەتاوو سێبەر (1905) ناوی دوو ديوانە شيعری ئەون. يەكێك لە رۆمانەكانی توندڕەوان "1901"ـە باسی مەسەلە سياسی– كۆمەڵايەتييەكانی زادەی جەنگی ناوخۆ لە يەكێك لە شارەكانی ئوهايو دەكات، و گەمەی خودايان (1902) كە دەربارەی رەش پێستانە، لە كورتە چيرۆكەكانی ئەم نووسەرە رەش پێستەيە، ئەوانەيان كە لە كۆ چيرۆكی خەڵكی ديكسيدا (1898) كۆكراونەتەوە، دڵگيرييەكی تايبەتييان هەيە.

## نەتەوەپەروەری و جيهانچێتی

### گوتارنووسان، رەخنەگران، و شانۆمەنووسان

جۆن بروز (1837– 1921):

شاعير، رەخنەگری ئەدەبی، وتارنووس و زانای مێژووی سروشتی، لە بواری نووسين دەربارەی تەبيعەت مامۆستايە. لەو بەرهەمانەدا كە دەربارەی بەشەر، زانستە هاوچەرخەكان و مەسەلە فەلسەفيەكانی نووسيوون، باوەڕی خۆی سەبارەت بە پەرەسەندن بە ئاشكرا دەربڕيوە. يەكێك لە بەر هەمەكانی واڵت ويتمن (1896)ـە بە يەكەمين ژياننامەی رەخنە گرانەی ويتمن دەژمێردرێ، هەندێ لە كتێبەكانی تری: هەتاوی زستان (1875)، باڵندەكان و شاعيران(1877)و بەها ئەدەبييەكان (1902). ديوانە شيعرەكەشی باڵندەو شاعير (1906)ی ناوە.

هنری (بروكس) ئەدامز (1838– 1918):

مێژوو نووس و ئەديبێكی خەڵكی بوستۆنە، بە "ئەرستۆی ئەمريكا" بەناوبانگە، لە هارڤەردو بەرلين خوێندويەتی، و لە ساڵانی 1861– 1867 لە سەفارەتخانەی ئەمريكا لە لەندەن سكرتێری بابی خۆی بوو. ساڵانی 1870– 1877 لە هارڤەردا كەوتە گوتنەوەی دەرسی مێژووی سەدەكانی

ناڤین و سەرنووسەری بڵاو کراوەی (نورت ئەمریکان ریویو)شی لە ئەستۆ بوو. ئەدامز سەفەری وڵاتانی جۆراو جۆری کردووە، لەوانە رۆژهەڵات.
فەلسەفەی ئەدامز دەربارەی مێژوو لەسەر ئەم باوەڕ رۆنراوە کە هێز پرەنسیپی یەکخەری شتەکانە. بۆچوونی خۆی لەمەڕ چەرخی مێژوو لە دوو کتێب دا، "مون سن میشل و شارتر– 1904"و "پەندەکانی هنری ئەدامز– 1907) دەربڕیوە.
ئەدامز دوو رۆمانی بە ناوی خوازراو نووسیوە، یەکێکیان بە ناوی دیموکراسی (1880) کە باسی ئیمانی سیاسی دەکات، و ئەویتریان بە ناوی ئیستر (1884) ـە دەربارەی ئیمانی مەزەبییە. شا قارەمانی ئەم رۆمانە روحی ژنێکە کە عەوداڵی حەقیقەتە، و لە راستیا خودی نووسەرەکە خۆیەتی کە دەکەوێتە شیکردنەوەی حاڵە روحییەکانی خۆی.
یەکێك لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەدامز، لە مەیدانی مێژووی سیاسی و دیپلۆماسیدا، بەرهەمێکی نۆ بەرگییە بەناوی: مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەردەمی حوکمڕانی جفرسن و مدیسن (1885– 1891) کە لە باری شێواز، توانای گێڕانەوە، وێنەگرتنی سیمای کەسایەتییەکان، و قوڵی و وردی تۆژینەوەو هزرە فەلسەفییەکانەوە بەرهەمێکی شایستەیە و بە سەرچاوەیەکی بە سوود دەژمێردرێ.
مون سن میشل و شارتر (1904)، بەرهەمێکی رەخنەیی ئەدامزە کە ناونیشانە لاوەکییەکەی "لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ یەکێتی لە سەدەی سیانزەیەمدا"یەو لەو کتێبەدا ئیلاهیات و فەلسەفەو عیرفانی سەدەکانی ناڤین، کۆمەڵناسی و ئابووری و هونەرو ئەدەبیاتی سەدەکانی ناڤین، لەگەڵ پەرستنی جیهان، لە ژێر سەرپەرشتی دایکی پاکیزەی عیسادا، ئاوێتەی یەکدی دەکات. ناونیشانی کتێبەکە دەگەڕێتەوە بۆ دێرێکی سەدەی یازدەیەم و کڵێسایەکی سەدەی سیانزەیەم کە لەوێ دا روحی یەکەمین جەنگی سەلیبی و دوعاو پاڕانەوەی مریەمی پاکیزە بە روونی وێنە دەگیرێت.
ئامۆژگارییەکانی ئەدامز (1907)، کە ناونیشانێکی لاوەکی بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی زیاد بوونی سەدەی بیستەم"ی هەیە. ئەمە ژیاننامەیەکی عەجیب بەڵام هوشیارانەی ئەدامزە، کە لەو بەرهەمەدا لەزی ترسناکی تۆنی دۆزینەوەو داهێنان، و سیستەمی بەهایی سەردەمی نوێ دەخرێتە بەر رەخنەو مەسەلە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەخرێتە روو، لە راستیا ئەم کتێبە هەوڵێکە دەربارەی نیشاندانی پەیوەندی نێوان داب و نەریتی سەدەکانی ناڤینی ئەورووپاو مودێرنیزمی ئەمریکایی، وهەوڵێکە بۆ گەییشتن بە پێکهاتەیەك لە هەموو زانیارییەکانی تیرەی بەشەر. لە دوا بەشەکانی کتێبەکەدا تیۆری نەوەستانی مێژوو دەخرێتە روو. ئامۆژگارییەکانی هنری ئەدامز بە پەخشانێکی رەوان نووسراوەو خەڵاتی پولیتسەری ساڵی 1919ی وەرگرتووە.

<u>گملیل بردفورد (1863– 1932):</u>

ژياننامەنووسێكی خەڵكی بوستون، هەموو تەمەنی هەر لەش بەبار بوو. لە ساڵی 1882دا چووە زانستگەی هارڤەر، لێ بە هۆی نەخۆشییەوە ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرت. وێڕای لەش بەباری بەردەوام، بەشێوەیەكی بەردەوام دەینووسی.

بردفورد لە وێنەگرتنی كەسایەتییە مێژووییەكانی سەردەم و وڵاتانی جۆراو جۆردا پەرەی بە شێوازی نووسینی سایكۆلۆژی دا، كە لە ژياننامە نووسیدا شێوەیەكی نوێ بوو. لەم شێوازەدا نووسەر هەوڵدەدا ئەوەندەی لە توانادایە وردەكاری و ساتەكان بدۆزێتەوەو، كۆی ئەو كاریگەری و كارلێكە ئاڵۆزو بەربڵاوانەی كە كەسایەتییە كە پێك دێنن وێنەبگرێت. بەم پێیە، نووسەری دەروونی نە پابەندی سەر مەشقی تەرتیبی زەمانییە لە ژياننامە نووسیدا، و نە عەوداڵی گێڕانەوەی زنجیرە رووداوو هۆو ئەنگێزەو فاكتەرێن مێژووییە. لە راستیدا، نووسەری سایكۆلۆدژی هەوڵدەدا لەو دیوی رەوتی هەمیشەیی كارەكان و ئەو وەزع و حاڵانەی كە هەموو ژیانی مرۆڤ پێك دەهێنن، ئەو شتەی خودییە، هەمیشەییە، و بەسیفەتە دیارەكانەوە پەیوەستە دەربێنێ و وێنەیەكی هونەرمەندانە و قوڵ دەربارەی كەسایەتی و تواناكانی ئەو بگرێت. بە هەر حاڵ بردفورد بەو شێوەیە وێنەی سەدو چواردە كەسایەتی، كە نیوەیان ئەمریكایی بوون، بە دەستەوەدا.

بەری هەوڵی بێ وچانی برفورد دوو هەزار پارچە هۆزان، هەشت رۆمان، پانزە شانۆنامە، و زۆر بەرهەمی دیكەیە، كە تەقریبەن هەر هەمووی لە پاڵ جێگەی نەخۆشیدا نووسیون.

هەندێ لە بەرهەمەكانی لە مەیدانی نووسینی دەرونیدا باسی حاڵ و ئەحواڵی ئەمریكاییەكان دەكەن.

<u>نموونەی كەسایەتیانی ئەمریكایی (1895):</u>

كۆمەڵە گوتارێكە دەربارەی ئەحواڵی رەشبین و نا ئومێدان، ئایدیالستان، رابواردنخوازان، بەشەر دۆستان، ئەدیبان، ئەمریكاییانی دوورە وڵات، و زانایان، ئەم كۆ گوتارە سەرەتای بەرهەمەكانی دواتری نووسەرە لە مەیدانی نووسینی دەروونی دا.

<u>روحە ئاسیو دیدەكان(1923):</u>

باشترین كتێبی برفوردە، كە پەردە لە رووی كەسایەتیانی وەك جون براون"9" و ئارنولد بندیكت"10" لادەبات.

ژمارەیەك لەو وێنانەی برفورد لەسەر بنەمای دەروونی گرتونی دەربارەی كەسایەتیانی وڵاتانی دیكەیە، كەیەكێك لەوانە روحە رووتەكانە (1924) تایبەتە بەكەسایەتییەكانی ئەوبەری ئوقیانووسی ئەتڵەس.

برفورد لە وێنەگرتنی سیمای ژناندا، بە تایبەتی ژنانی ئەوروپایی سەدەی هەژدەیەم دەستێكی باڵای هەیە. پۆرترێتی ژنان (1916)و هاوسەران (1925) دوو بەرهەمی ئەو مەیدانەی نووسەرن.

برفورد ژیانو ئەحواڵی خۆیشی نەپەڕاندووە. رۆژانە یادداشتەکانی گملیل برفورد 1883- 1932 (1933)، شەرحی ژیانی روحی ئەو و باسی خەباتی پەنجا ساڵەیەتی دژی نەخۆشیو لەش بەباری. نامەکانی گملیل برفورد، 1918- 1931 (1934)، وەسفی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، و ژیانو من (1928)، بە تۆنێکی راستەوخۆ مەسەلە مەزەبییەکان دەخاتە روو.

تۆماس و نتورت هیگلینسن (1831- 1911) یەکێکە لە وتارنووسو رەخنەگرەکانی دیکە، کە بە ئوتوبیوگرافی ژیانی سوپاییەك لە هەنگێکی رەش پێستان (1870) دا بەناوبانگە. ئەم کتێبە رەنگدانەوەی ئەزموونی نووسەرە وەکو سەرهەنگێکی فەرماندەی یەکەمین هەنگی کۆیلانی رەشپێستی ئازاد بوو. چارلز دودلی وارنەر (1829- 1900) نووسەرێکی دیکەیە، کە زێدەباری هەندێ وتاری وەك پەیوەندی ئەدەبیات بە ژیانەوە (1896)، رۆمانێکی سێ بەشی نووسیوە کە بریتیین لە: سەفەرێکی کورت لە جیهانا (1889)، ماڵی زێڕین (1894)و ئان تروت (1899). و لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ فینلی پیتردون (1867- 1936)ی رۆژنامەنووسو پێکەنینۆك نووس بکەرێ کە داهێنەری کەسایەتی فوکاهی بەناوبانگ مستەر دولییە. مستەر دولی، کە ئێرلەندییەکی میانە ساڵە، بە زەبری گاڵتە بازیو ئاوەزی ساغڵەمی خۆی قسە لە هەموو بابەتێك دەکات. هەندێ لەبەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە ئەمانەن: مستەر دولی لە ئاشتی و شەڕدا (1898)و فەلسەفەی مستەر دولی (1900).

## شانۆنامەنووسان

ئاگوستوس تۆماس (1857- 1934):

بەلای کەمەوە سێ شانۆنامەی بازاڕی و چەند کۆمیدییەکی نووسیوە. باشترن بەرهەمی سکەی مسی (1918)یە، کە شانۆنامەیەکە دەربارەی جەنگی ناوخۆ. لە کۆمیدیاکانی "لە میزورا- 1893" و "ئاریزونا- 1899" شایستەی خوێندنەوەو مایەی سەرنجن.

داڤید بلاسکو (1859- 1931):

ئەکتەر و شانۆنامە نووسێکی ریالیستی بوو. شانۆنامەی مەدام باترفلای (1900)، کە لە چیرۆکێکی جون لوتر لانگەوە هەڵێنجراوە، ناوبانگێکی هەس.

کلاید (ویلیام) فیچ (1865- 1909):

نزیکەی شەست کورتە کۆمیدیا و چەندین درامای کۆمەڵایەتی و مێژوویی لەپاش بەجێماوە، کە نیوەیان باسی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمریکاییەکان دەکەن. لە جوملەی شانۆنامە بەناوبانگەکانی دەشێت ناوی کیژێکی چاوکەسك (1902)، حەقیقەت (1906) و شار (1909) ببرێت.

جوزفین پرستن پیبودی (1874– 1922):

شاعیرو شانۆنامەنووس بوو. باشترین دیوانە شیعری ئەو "ڕێبواری پیادە– 1898"ی ناوە، کە بریتییە لە هۆزانێن کۆمەڵایەتی. یەکێك لە شانۆنامەکانی (مارلو – 1901) یە کە درامایەکی شاعیرانەیە لە پێنج پەردەدا. (بالآن– 1905) شانۆنامەیەکی تاك پەردەییەتی و نەیژەن (1909) درامایەکی چوار پەردەیی تریەتی کە جەنگی نێوان مەسیحیەت و توانای شەیتان وێنە دەگرێت.

ژێدەران:

1– سیاسەتی دەرگای کراوە– OPEN DOOR:

بازرگانی ئازادی هەموو میللەتان لەگەڵ چین دا لەسەر بنەمای یەکسانی، و پاراستنی یەکێتیی سیاسی چین، کە دەوڵەتی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپای ناچار کرد ڕەچاوی بکەن.

2– تیودور روزفلت (1858–1919): بیست و شەشەمین سەر کۆماری ئەمریکا بوو (1901–1909).

3– ویلیام مکینلی (1843–1901): بیست و پێنجەمین سەر کۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو

4– بەستەکانی سییرا:

هەر زنجیرە شاخێکی کە شێوەیەکی نارێك یان ( ددانەداری هەبێ. و ئەم ووشەیە پێشگری زنجیرە چیایەکی وەکو سییرا نڤادە و سییرا مادرە) شە.

5– دنایتەکانی سییرا: ئەندامی دەستەیەکی نهینی بوون کە لە ساڵی 1837دا لە نێو مورمونەکاندا هاتە ئاراوە.

6– کویزمی یاکومو: واتە بە هاری بچووك.

7– یەك باج: SINGLE TAX:

بابەتی ریفۆرمێك بوو کە هنری جۆرج ( 1839–1897)، ی پێشەنگی ئابووری سیاسی لە ئەمریکادا خستییە روو و بە گوێرەی ئەو ریفۆرمە هەموو باجێك جگە لە باجی سەر نرخی زەوی، هەڵوەشێنرایەوە "یەك باج" سەرەتای ریفۆرمێك بوو کە ئامانجی دروستکردنی مافی یەکسانی لە زەوی بۆ خەڵکی و زیادکردنی کرێ و هەق بوو.

8- ڤیریتــزم: ئــەم فۆرمــە ئاوێتــە کــردن و لاســایی کردنەوەیــەکی ریــالیزم و نــاتورالیزمی فەرەنسـییە، و نووســەر جــەخت لەســەر ئــەو ســاتە دەکاتــەوە کــە هەســتێك دایــدەگرێت و هەوڵدەدا یەکسەرو بەوردی ئەو هەستە دەربڕێت.

9- جــۆن بــراون (1800-1859): یــەکیك بــوو لــە ئەمریکاییــە لایــەنگرەکانی بزوتنــەوەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی.

10- ئارنولد بندیکت ( 1741- 1801):

جەنەراڵێکی شۆڕشگێڕی ئەمریکایی بوو.



سەدەی بیستەم

((1917-1914))

## سەرەتایەكی مێژویی:

ئاگری جەنگی جیهانی یەكەم لە ساڵی 1914 دا لە ئەوروپا هەڵگیرسا، ویلایەتە یەكگرتووەكان هەوڵیدا تا بەبێ لایەنی بمێنێتەوە، بەڵام هەردوو لایەنی شەڕەكە بێ لایەنی ئەم وڵاتەیان پێشێل كرد. لە 1916/4/16دا ئەمریكا لە پاڵ هاوپەیمانانـدا چووە شەڕەكەوە، و بە كۆمەكەكانی خۆی بووە مایەی سەركەوتنیان. پاش كۆتایی جەنگ لە 1918دا، ویلسون سەر كۆماری وەختی ئەمریكا، ئامانجەكانی هاوپەیمانانی لە چواردە پرەنسیپ دا راگەیاند یەكێك لە پرەنسیپە هەرە گرنگەكانی ئەم ئامانجانە دامەزراندنی كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكان بوو لەسەر بناغەی پەیمانانی تایبەتی و زامنكاری نێو نەتەوەیی بە مەبەستی پاراستنی خۆیبوونی رامیاریو یەكێتیی خاكی وڵاتان، بەمجۆرە كۆمەڵەی نەتەوەكان بە گوێرەی بڕیارەكانی كۆنفرانسی ئاشتی پاریس لە ساڵی 1919دا هاتە ئاراوە، ویلسون دامەزرێنەری راستەقینەی بوو. لەم قۆناغەدا ئەمریكاییان خەریكی مەسەلە جیهانییەكانو گەڕاندنەوەی بارودۆخی ئاسایی بۆ وڵاتەكەی خۆیان بوونو سەرانی كۆماریش هەمان سیاسەتیان گرتەبەر.

لە دەیەی 1920– 1930دا پەرەسەندنی ئوتومبیل، تەلەفۆن، رادیۆو... ژیانی ئەمریكاییانی گۆڕی، و بازرگانی ئەم جۆرە كالاّیانەو معامەلاتی زەوی، ژمارەیەكی زۆری گەیاندە سەروەتو سامانێكی مۆڵ. لە ساڵی 1929دا قەیرانیكی گەورە دەستی پێكرد، كە ژیانی میلیونان ئەمریكایی لە نێو برد، روزفیلت لە ساڵی 1933دا، كە قەیرانەكە گەیی بووە لوتكە، جڵەوی وڵاتی گرتە دەست. ئەو بۆ لابردنی ئەم قەیرانە زنجیرەیەك هەنگاوی نا، وەك كۆمەكی دارایی بە بێكاران، جێگیركردنی چاودێری دەوڵەتی بەسەر بانقەكانو پارەوە, دانی یارمەتی بە جووتكاران، بیمەی كۆمەڵایەتی و دابینكردنی مافی كرێكاران، كە بە "معامەلەی تازە" ناسراوە.

هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی 1939دا بە دەستی هیتلەر، ویلایەتە یەكگرتووەكان هەمدیس بێ لایەنی خۆی پاراست، لەگەڵ روخانی فەرەنسادا لە ساڵی 1940دا ئەمریكا چووە هیمدادی ئینگلستانی گەمارۆ دراو. سەرەنجام لە ساڵی 1941دا ژاپۆنییەكان پرلهاربەر–یان بۆردومان كرد، و ئەمریكا شەڕی دژ بە وڵاتانی تەوەر راگەیاند، خەڵكیو سەرچاوەكانی ئەمریكا هەموو بۆ شەڕ تەیار كران، و كارخانەكان كەوتنە ئامادەكردنی پێداویستییەكانی جەنگ. لە ساڵی 1945دا ئاڵمان تەسلیم بوو و جەنگی ئەوروپا بڕایەوە. لەم بارودۆخەدا، ژاپۆنیش بە هۆی لێدانی هێروشیما و ناكازاكی بە بۆمبای ئەتۆمی، تەسلیم بوو. پاش جەنگ، كۆمەڵە یاسایەك بە مەبەستی جڵەوگیری لە هەڵئاوسان، لە زەمانی سەر كۆمار ترومەندا، پەسند كرا. لەلایەكی دیكەوە تەدەخولی ئەمریكا لە كاروباری جیهانی، بە تایبەتی پەرەسەندنی جەنگی سارد، زیادی كرد. ئەم وڵاتە لە بەرنامەی بوژانەوەی ئابووری ئەوروپادا بە

مەبەستی جڵەوگیری لە دەسەڵاتی کۆمونیزم، و دامەزراندنی رێکخراوی پەیمانی ئەتلانتیکی باکور (ناتۆ)، رۆڵێکی گەورەی هەبوو، و جەنگ لەگەڵ کۆریاشدا یەکێك بوو لەم ئامانجانە.

لە دەیەی 1950 – 1960دا ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێك پێشکەوتنی تەکنولۆژی مەزنی بە دەست هێنا، لە پێشبڕکێی چەکداریی دا، لە ساڵی 1952دا یەکەمین بۆمبای هیدرۆجینی تەقاند، و لە ساڵی 1958دا یەکەمین مانگی دەستکردی بۆ ئاسمان نارد, لە کاروباری ناوخۆدا، لە ساڵی 1957 دا دیوانی باڵای ئەمریکا رەزامەندی لەسەر یەکسانی ماف رەش پێستان و سپی پێستاندا. ج.ف کەنەدی–ش کە لە ساڵی 1961دا بەسەر کۆمار هەڵبژێردرا، کۆمەڵێك هەنگاوی لە رای دابین کردنی یەکسانی رەش پێستان لەگەڵ سپی پێستاندا نا، ئەو سوپای ئاشتی، بەرواڵەت بە مەبەستی کۆمەکی هونەری و زانستی بەوڵاتانی لە حاڵی گەشەکردنا، دامەزراند، هەروەها لە زەمانی کەندی دا، مانگێکی دەستکرد لە مەداری زەویدا دانرا (1962)و زەمینەی چوونە سەر مانگ خۆش کرا. لە ساڵی 1963دا جەنگی سارد بە رەزامەندی ئەمریکا و سۆڤیەت دەربارەی سنوورداری ئەزموونە ئەتۆمییەکان، کەم کرایەوە. لە زەمانی سەر کۆماری جێنشینەکانی کەنەدیدا، واتە لیندن جونسن (1963– 1968)و ریچارد نیکسون (1968– 1974)، گەورەترین گرفتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەنگی ڤێتنام بوو.

## نۆڕینێکی گشتی:

ئەدەبیاتی ئەمریکا لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا رەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لەزەکانی بارودۆخە ئابوری، کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان بوو. لە دوای قۆناغی کورتی نا ئومێدی دوای جەنگ، زەمانی تەرەقی و کامەرانی هاتە پێشێ. پاشان، گۆشەگیری نەتەوەیی، محافەزەکاری کۆمەڵایەتی و دڵبەندی جەماوەری خەڵك بە هەر رووداوێکی گەورەو وڕژێنەرو سەیر –لە شەپۆلی تاوانانەوە تا مانگرتنی پیشەسازی رەق و توند– بوو بە باو. لەم قۆناغی زاڵی رێژەیی بەهاێن سەرڤە سەرڤەدا، هەر دەیەیەك هەڵکەوتنی چەندین نووسەران و شاعیرانی داهێنەری بەخۆوە بینی. سینکلەر لویس، کە لە رۆمانە ریالیستییەکانیدا دۆزە کۆمەڵایەتییەکانی شیدەکردەوە، ژیانی ئەمریکاییەکانی بە تەنزو تەوس وێنەگرتووە.

ویلاکاتر، بە وێنە محافەزەکارەکانی، بە وێنە راستگۆو سەنگینەکانی، سیمای هەندێ کەسایەتی تایبەتی ئەمریکای وێنەگرتووە. ف. سکوت فیتزجرالد، پەردەی لە رووی کەسانی سەرکێش و نەگونجاو هەڵماڵی. ویلیام فوکنەر، بەزەبری شێوازو فۆرمی شەپۆلی هۆش، حەقیقەتە دەروونی و بارودۆخ و هەلومەرجەکانی ژیانی ئینسانی وەستایانە گێڕایەوە. تورنتن وایلدر، داب و نەریتی تازەی لەگەڵ ئاماژەدا بۆ رابردوو تۆمار کرد.

ئەرنست هەمینگوای، بەو شێوازە تایبەتییەی کە لە هونەری چیرۆکنووسی تازەدا ئەفراندی، پەیامی خۆی لە مەیدانی دەربڕینی حاڵەتی سۆزداری نەوەی دوای جەنگ بە جێ گەیاند، و جان دوس پاسوس بە توندی لە شێوەی ژیانی سەرمایەداری دا.

دەیەی 1930- 1939، ساڵانی تەنەزولی زەقی ئابووری، ریفۆرمی لەزی کۆمەڵایەتی، نائومێدیو رەشبینی، و زەمانی پێکادانی تەواوی هاماجی کۆمەڵایەتی و حاڵو هەوای داهێنان بوو. بۆ ماوەیەکی کەم ئەدەبیاتی کرێکاری هەڵهات، پاشان بەرەو ئاوا بوون چوو. نووسەرانی ئەمریکایی کەوتنە عەوداڵی بەهاێن قوڵتر، جدیترو زیندووتر و زۆر بەرهەمی جوانی ناوەڕۆك ئیعترازی بە هیمەت و هەوڵی سینکلر لویس، جان شتاین بك، دوس پاسوس، ئەرسکین کالدول، ئولمەر رایس، و زۆری دیکەی نووسران.

تەماشەیەکی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، لە زۆر رووی جۆراو جۆرەوە کاروانی ئەدەبیاتی ئەمریکا روون دەکاتەوە:

1- لە بەرهەمە رۆمانتیکییەکاندا، واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو سەوداو مامەڵەی گەورە، خاوەگیری بە هەڕەشەو تاوان، لێکۆڵینەوەی کەلتووری بە رادەیەکی زۆر، بووە بە تەوەر.
2- لە بەرهەمە ریالیستییەکاندا، وێنەێن وەستایانە دەربارەی تاك و کۆ گیراون.
3- لە بەرهەمێن ئەزموونگەری دا، شیکردنەوەی بێ پەروای ژیانی ئەمریکایی، بێ گوێدانی فرە بە قاڵب و فۆرم، جەختی لەسەر کراوەتەوە. لەم قۆناغەدا، وادیارە نووسەران عەوداڵو خوازیاری شتێکی بنەڕەتی تر لە پێشکەوتنی زانستی یا مادی و کەلتووری بازرگانی بوون. لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، شتاین بك، هەمینگوای، و رۆژنامەوانانی وەك جان هرس و ئێرنی پیل (1900- 1945) کۆمەڵێك راپۆری زندوو و مامۆستایانەیان لەمەڕ هەست و ئەزموونی سەربازان لە شەڕگەدا، ئامادە کرد. ساڵانی دوای جەنگ شایەد حاڵی بەردەوامی دوو دڵی و دڵەڕاوکێ بووە لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەدا، کە ئەمە بۆ خۆی بووە بە ئەنگێزە و فاکتەری گەڕانی بەربڵاو بە دوی بەهاێن قوڵترو ئارمانێن بناغەییتر لە ژیانی ئەمریکایی دا.

## رۆماننووسان و نووسەرانی کورتە چیرۆك

چیرۆکی تازەی ئەمریکی لە نێو داروپەردوو و وێرانەو لە ناو جەرگەی جەزرەبەکانی جەنگ و دژوارییەکانی پاش جەنگەوە لە دایك بوو و کەوتە نەشونما. لە چیرۆکە کورتەکانی شرود ئەندرسن-ەوە، وەکو "واینز بورگ، ئوهایو- 1912" تا رۆمانە بە ناوبانگەکەی تومس وولف بەناوی "فریشتە، بڕوانە نیشتمان- 1929" دەردەکەوێ کە لەگەڵ پەرەسەندنی داب و نەریتانی کۆن و گەشەکردنی رێبازانی نوێدا، چیرۆکی ئەمریکی لە باری فۆرم و ناوەڕۆکەکەوە -ریالیزمی زبر، ناتورالیزمی گرژ، ئەکسپرسیونیزم، رەمزییەت، دانانی لیریکای خەمناك، فرۆیدزمو مارکسیسزمی ئەدەبی- پەرەی سەندووەو پوختە بووە. لە وار هزرپەروەریدا، رۆمانانی "بابیت" (1922)ی شاکاری سینکلر لویس، کە کاریکاتۆرێکی تەوس ئامێز لەمەڕ دابە فۆلکلۆرییەکان، و "تراژیدیایەکی ئەمریکایی- 1925"، کە رەخنەیەکی توندو نا ئومیدانەیە، لە ئەمریکادا رچەشکێن بوون. لەگەڵ دامرکانەوەو نیشتنەوەی هەراو هەنگامەی جەنگدا، هنری لویس منکن، بە تۆنە ریشخەن ئامێزەکەی خۆی بوو بە رابەری رۆشنبیرانێك کە لە بتە گشتییەکانیان دەدا. منکن

وەکو رەخنەگرێکی لیپۆك و گاڵتەباز، لە ریزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو کە رەخنەیان لە کورت بینی و وشکە مقەدەسی و کەچ زەوقی دەگرت.
سەربازانی کۆنەکاری مەیدانانی جەنگ، وەکو هەمینگوای و فیتز جرالدو دۆس پاسۆس، کە نوێنەری "نەوەی گوم بوو" بوون لە دنیای گرترودستاین، شێوەیەکی نوێیان لە رۆماننووسیدا داهێنا، و هەمینگوای بوو بە وەستاو مامۆستای شێوازێکی ئەفسون ئاسای ئەوتۆ کە گەلێك کەس کەوتە لاسایی کردنەوەی .
دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە ئەمریکا لە قۆزاخەی گۆشەگیری وەدەرکەوت، توانایەکی ئابووریو سوپایی سەیری پەیدا کرد. ئەدەبیاتی ئەمریکی و بە تایبەتی رۆمانو کورتە چیرۆکیش گیانێکی تازەیان تێ کەوت.
سالانی بیست بە دواوە قۆناغی ئەزموونو گەڕان بوو بەدووی بەهاێن نویو مانای ژیاندا. نووسەرانی لاو بە ئیلهامی تێورییەکانی فرۆید بە دیدێکی زانستیانە دەیانڕوانییە مرۆڤ، دیدێك کە خودی مرۆڤ بە هۆی مامەڵەی لەگەڵ تەبیعەتدا پەیدای کردبوو. لەم سالانەدا چیرۆك و پەیوەندی چیرۆك بە ژیانەوە توانایەکی تازەی پەیدا کرد، و ریالیزمو ناتوالیزم، واتە وێنەگرتنی راستەوخۆو بێ پەروای ژیانی سەردەم بوو بە باو. ئەو گۆڕانکارییە کەم وێنەیەی کە لە ئەدەبیاتدا هاوڕێلەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا روویدا، لە دانی خەڵاتی نۆبل دا رەنگی داوەتەوە.
سینکلەر لویس لە 1930، پیرل باك لە 1938، فوکنەر لە 1949، هەمینگوای لە 1954، و شتاین بك لە 1962دا، خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی رۆڵی جیهانی رۆماننووسی ئەمریکایە.

## گرترود (فرانکلین) ئاترتون (1857– 1948):

زۆربەی کورتە چیرۆك و رۆمانەکانی ئەم نووسەرە، وەکو رۆمانی کالیفورنیاییەکان (1898) دەربارەی کالیفورنیایە. بەناوبانگترین رۆمانی ئەو بە ناوی (فاتیح– 1902)ە کە ژیاننامەیەکی چیرۆکئامێزی ئەلکساندەر همیلتن–ی سیاسەتوانی ئەمریکییە. رۆمانی گاجوتانی رەش (1923) دەربارەی تازە بوونەوەی لاوی ژنێکی پیرە. ئاترتون ژیاننامەی خۆی لە ژێر سەر ناوی سەربردەی رۆماننووسێك (1932) نووسیوەتەوە.

## ئۆوین ویستر (1860– 1938):

رۆماننووس و چیرۆکنووس، شاعیرو پێکەنینۆك نووس بوو، شۆرەتی ئەو بە رۆمانی ڤیرجینیایی (1902)یەوە کە ژیانی گاوانان وێنە دەگرێت. ویستر لە ئەسڵدا رۆماننووسی گاوانانی رۆژئاوای ئەمریکایە. لین مك لین–ش (1897) کە کۆی شەش چیرۆکی کورتە، دەربارەی گاوانانە. هەروەها کۆ چیرۆکێکی دیکەشی، کاتێ رۆژئاوا بوو (1928) لەو بابەتەیە. ویستر ژیاننامانشی نووسیوە، لەوانە حەوت سەردەمی واشینگتۆن (1907) و روزفیلت (1930).

ئیدیت (نیوبولد جونز) وارتۆن (1862- 1937):

خانمی رۆماننووس و نووسەری کورتە چیرۆکان، لە شاری نیویورک لە دایك بووە. بە رۆمانە توندو نەنز ئامێزەکەی ئیتان فروم (1911)، کە لە ئینگلستانی نوێدا روو دەدا، ناوبانگی دەرکرد. لە رۆمانەکانیا زیاتر حەزی لە شیکردنەوەی داب و نەریتی کۆمەڵگەی نیویورکە، وەکو چۆن قارەمانی رۆمانی (ماڵی خۆشی- 1905) گیرۆدەی ناکۆکی نێوان دوو دنیای کۆن و نوێی نیویورکە، و لە "سەردەمی بێ گوناهی- 1920" دا ژیانی کۆمەڵایەتی پەنجا ساڵی نیویورك دەگێڕدرێتەوە. لە رۆمانەکانی تری وارتۆن، سەنگی مەحەك- 1900، دۆڵی بڕیار- 1902، تاوسان- 1917و قەیرە کچ- 1924 شایانی باسن، وارتۆن کۆمەڵە رۆمانۆکێکی لە ژێر سەر ناوی لە نێویورکی کۆندا- 1924 نووسیوە کە بریتییە لە چوار کورتە رۆمان، هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانی ئەمانەن: ساتە قەیراناوییەکان- 1901، زاهید و ژنی هۆقی- 1908و حیکایەتانی مرۆڤ و تاپۆیان- 1910 وارتۆن سەفەرنامەیەکی بە ناوی "لە مەراکشدا- 1920" و کتێبێکی دەربارەی رەخنەی ئەدەبی بەناوی چیرۆکنووسی- 1925 لە پاش بەجێماوە.

ئۆ. هنری (1862- 1910):

ناوی ویلیام سیدنی پۆرتەرە، لە کارولینای باکووری هاتۆتە دنیا. لە دوازدە ساڵیدا بۆ تەکساس رۆیی و لە بانکدا کەوتە کار. لە هەمان ویلایەتدا هەفتەنامەی پێکەنینۆکی رولینگ ستون-ی دامەزراند. لە ساڵی 1899دا بە تاوانی دزی لە بانك بەسێ ساڵ زندانی حوکم درا، و لە دوای ئازاد بوونیەوە لە 1901دا تا کۆتایی تەمەنی لە نیویورك ئاکنجی بوو. لەم ماوەیەدا بەلای کەمەوە شەش سەد چیرۆکی کورتی نووسی کە لە سیانزە بەرگ دا بڵاوبوونەتەوە. یەکەم بەرگی ئەم چیرۆکانە، کەلەرم و پاشایان (1904) بوو و دووەمینیان چوار میلیۆن (1906) بوو، کە بیست و پێنج کورتە چیرۆکی لە خۆ گرتبوو.

کورتە چیرۆکەکانی ئۆ. هنری کە مەیدانی رووداوەکانی زۆربەیان نیویورکە، لە رووی کورتی، پارێز لە ئەنجامگیری ئەخلاقی، کۆتایی زیرەکانەو چاوەڕوان نەکراو، تۆنی خۆمانی، هەروەها لە رووی ناوەڕۆك و تەکنیکەوە، بە شاکاری جیهانی چیرۆکنووسی دەژمێردرێن.

ئۆ. هنری زیاتر بە کورتە چیرۆکی عاتیفی و نیمچە ریالیستی بەناوبانگە کە مامەڵە لەگەڵ ژیانی خەڵکی عەوام، بەرەڵڵاو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دەکات. لە ساڵی 1918دا "خەڵاتی بیرەوەری ئۆ. هنری"، بۆ رێزنان لەو نووسەرە دامەزرا، کە هەموو ساڵێك بە باشترین چیرۆکی بڵاوکراوە لە گۆڤارەکانی ئەمریکا دەدرێ. لە نێو دڵگیرترین کورتە چیرۆکانی ئۆ. هنری دا دەتوانرێ ئاماژە بۆ "دڵی رۆژئاوا- 1907"، "دەنگی شار- 1908"، "رێگەکانی چارەنووس- 1909"، "چەرخ و فەلەك- 1910"، "شەشان و حەوتان- 1911"، "بەرەڵڵاو ئاواران- 1917" بکرێت.

روبرت هریك (1868- 1938):

ئەم نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆکانە، رۆماننووسی بە "ئەوپیاوەی کە سەردەکەوێ– 1897" دەست پێکرد. لەم رۆمانەدا کێشەی نێوان ژن و پیاو لە کاتی هاوسەرگیری دا لەسەر زاڵ بوون بەسەر یەکتر دەخرێتە روو. رەنگە باشترین رۆمانی ئەو چارەنووسی هەمووان– 1904 بێ، کە لەوێدا دەکەوێتە وێنەگرتنی کۆمەڵگەیەك کە هونەرمەندێکی لاوی خەڵکی شیکاگۆ بۆ بازرگانی هاندەدا. هریك لە بەرهەمەکانیا هەوڵدەدا مەسەلەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی تازە، بە تایبەتی گەندەڵی روحی چینی بۆرژوا شی بکاتەوە. لە رۆمانەکانیا جیهانی ریالی (1901)و بیرەوەری هاوولاتییەکی ئەمریکایی (1905) ناوبانگیان دەرکردووە. دوو کۆمەڵە چیرۆکیشی بەناوی نامەڤیانییە ئەدەبییەکان (1896)و خاوەنی میوانخانە (1918) بڵاوبوونەتەوە.

(نیوتن) بووت تارکینگتن (1869– 1946):

نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆك، شانۆنامە، رەخنەگری ئەدەبی و وێنەگر بوو. لە زانستگەی پرنیستن خوێندویەتی. زیاتر دڵبەندی سیاسەت بوو، و یەکەمین رۆمانی بەناونیشانی (ئاغای ئیندیانا– 1899)ش رەنگدانەوەی هەمان ئارەزوویەتی. هەندێ لە رۆمانە گرنگەکانی دیکەی ئەمانەن: پەشێوی (1915)، فەتحی کەنعان (1905)، هەڤدە (1916)و ئالیس و ئەدامز (1912).

وینستۆن چرچیل (1871– 1947):

یەکەمین رۆمانی چرچیل، ناوداری (1898)یە، کە وا دیارە هەجویەکی ریچارد هاردینگ دیویس (1864– 1916)ی رۆژنامەنووس و رۆماننووسی هاوولاتی خۆی بوو. دووەم رۆمانی، ریچارد کارڤل (1899)ە کە بووە مایەی ناوبانگی، دەربارەی شۆڕش بوو. رۆمانە مێژووییەکانی چرچیل وەکو، قەیران (1901) دەربارەی جەنگی ناوخۆ، و دوو ریان (1904) دەربارەی کۆتایی شۆڕش، بە سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەو دەژمێردرێن. رۆمانێکی بەناوبانگی دیکەی چرچیل بە ناو نیشانی ولاتێکی دوور (1915)ە، کە سەربردەی کوڕێژگەیەکی دەستباد دەگێڕێتەوە.

تیودور (هرمان ئالبیرت) درایزەر (1871– 1945):

لە داك و بابیکی موهاجیری ئاڵمانی لە ئیندیانا لە دایك بووە. یەکەمین رۆمانی، خوشکە کاری (1900)یە کە شیکردنەوەیەکی تێرو تەسەلە دەربارەی کیژە گوندییەك کە گیرۆدەی ئەفسون و پیسی ژیانی شار دەبێ، بەم رۆمانە، چیرۆکی ئەمریکایی لە واری باسی ژیانی هاوچەرخ دا چووە قۆناغێکی تازە لە ریالیزمی بێ پەروایییەوە. ئەم رۆمانە بەو بیانووەی کە دژی ئەخلاق و پاکی گشتییە ماوەیەکی زۆر راگیرا. دووەمین رۆمانی درایزەر بە ناونیشانی جین گرهات (1911)ە دەربارەی ژنێکە کە هەمیشە لە خەمی خێرو چاکەی خەڵکانی دیکە دایەو ئەم خۆش تەبیعەتییە بەرەو کەوتنی دەبات. رۆمانە سێ بەشییەکەی درایزەر، کە بە خۆی ناوی چیرۆکانی سیانەی هەوەس–ی لێناون، بریتین لە سەرمایەدار (1912) دێو (1914)، و فەیلەسوف رەواقی (1947) لەسەر بنەمای ژیانی چارلز ت. یرکیس (1837– 1905)ی گەورە سەرمایەداری ئەمریکایی

نووسراوە. لەم رۆمانەدا یرکیس، کە لە سیمای فرانك کو پروودا دەردەکەوێ، سەرمایەداریکی بێ ویژدانە لە فیلادلفیادا کە رێگەی خۆی لە هەژارییەوە تا دەسەلات و دەوڵەمەندی تەی دەکات و بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانی، سێکس و پارە بە کار دێنێ. درایزەر لەم چیرۆکانەدا بە تواناترین رەخنەگری گەندەڵی و بەرتیل خۆرییە. بلیمەت (1912) رۆمانێکی تری درایزەرە، باسی ژیانی نیگارکێشێك دەکات کە خۆی وەقفی هونەر کردووە. باشترین رۆمانی درایزەر، تراجیدیایەکی ئەمریکایی (1925)یەن، ئەمە چیرۆکی گەنجێکی بێ باشارە کە ماشوقەکەی دەکوژێت و بە خۆیشی حوکمی مەرگ دەدرێ. نووسەر ئەم قارەمانە نەك بە بەرپرسی کارەکەی خۆی دەزانی، بەڵکو بە قوربانییەکی کۆمەڵگەیەکی دادەنێ کە نەیتوانیوە هێزی ئەخلاق و ویژدانی پێ ببەخشێت.

لە کۆ کورتە چیرۆکەکانی درایزەر، دوانزە پیاو (1919) و زنجیران (1927) شایەنی باسن.

درایزەر لە ئاخرو ئۆخری تەمەنی دا رووی کردە سوسیالیزم و هەندێ بەرهەمی لە مبارەیەوە نووسی، درایزەر نووسەرێکە گوێ بە شێوازو قاڵب نادات، بەڵام بە توانایە، و لە مەیدانی رچە شکێنی بێ پەردەیی ریالیستی دا، کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر بەرهەمێن چیرۆکڤانی ئەمریکاوە هەبووە. بە هەق بە یەکێك لە نوێنەرانی گەورەی قوتابخانەی ناتورالیزمی ئەمریکاییان زانیوە.

<u>ستیوارت ئیدوارد وایت</u> (1873– 1946):

نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆکان، مێژوونووس و نووسەری لاوانە، ناوەرۆکی رۆمانەکانی یەجگارجۆراو جۆرن. لە رۆمانەکانیا، شەوانی ئاریزونا– 1907و بکوژان (1920) دەربارەی رۆژئاوای دوورن، و شوێنە ئارامەکان (1932)و بەندەری رازدار (1926) دەربارەی باکوورن، روداوی رۆمانانی زێر (1913) و بەلارو لەنجە (1922) لە کالیفورنیا روو دەدات، و پلنگە ژن (1916)و (سیمبا– 1918) لە ئەفریقادان. چلەی هاوین (1930)و کالیفورنیای کۆن (1937)ش لە بەرهەمە فەلسەفی و مێژووییەکانی ستیوارتن.

<u>روناگیل</u> (1874– 1938):

خانمی رۆماننووس خەڵکی ویسکانسین بوو. شۆرەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە ژیانی ناو شارە بچووکەکانی رۆژئاوای ناڤین وێنە دەگرن.

یەکەمین رۆمانی، دوڕگەی رۆمانس (1906) بوو. پاشان زنجیرە کورتە چیرۆکی پڕ لە هەست و سۆزی خۆی، دەربارەی گوندی دۆستایەتی نووسی کە بەناوبانگترینیان گوندی دۆستایەتی (1908)و ئاشتی لە گوندی دۆستایەتی (1919)،. لە رۆمانەکانی گیل دا، وەکو دیباجەی ژیانێك (1926) هەست بە کەش و هەوای عیرفانی دەکرێت.

<u>ئیلین (ئاندرسون گولسن) گلاسگو</u> (1874– 1945):

خانمی رۆماننووسی ڤیرجینیایی، ئایدیالیستێکی دڵبەندی بەها ئەشرافییە روو لە نەمانەکانی ئەمریکا بوو. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەڤەرەکانی باشووری ئەمریکاو ژیانی پیشەسازی تازەو داڕوخانی کەلتوورو شارستانیەتی ئەرستۆکراتی ناوەڕۆکی سەرەکی بەرهەمەکانیان پێك دەهێنا. قارەمانی سەرەکی رۆمانەکانیشی لە بنەماڵە کۆنە ئەشرافییەکانی ڤیرجینیاوە دێن و لە بەرانبەر گوشاری ژیانی تازەدا بۆڕ دەدەن و لە ناو دەچن. قارەمانانی رۆمانانی ڤیرجینیا (1913) و لەم ژیانەی ئێمەدا (1941) لەم دەستەیەن.

باشترین رۆمانی گلاسگو، زەوی بوورە (1925)یە، چیرۆکی کیژێکی فریو خواردوو دەگێڕێتەوە کە بە زەبری خۆراگری و ورە بەرزی زەوییەکی بیابان و بوورە دەکات بە مەزرایەکی پڕ بەروبووم، یەکێك لە نموونە باشەکانی رۆمانە ریالیستییەکانیشی مەیدانی شەڕ (1902)ـە کە ڤیرجینیای قۆناغی جەنگی ناوخۆ وێنە دەگرێت. رۆمانە کۆمەڵایەتییەکانی گلاسگۆ وەکو ئەوانە لە بەرانبەر گەوجێتیدا سەریان شۆڕ کردووە (1929) و کۆمیدینانی رۆمانتیك (1926) ئاوێتەی تەنزێکی دڵسۆزانە بوون. نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم رۆمانانە ژیانی پارێزراو (1932)ی ناوە. ئەم رۆمانە ژیانی ئەشرافی باشوور، کە لە پەنای سامانی مۆڵدا بێ خەمن لە رووداوان، دەگێڕێتەوە.

<u>گرترود ستاین</u> (1874- 1946):

خانمە نووسەرێکی خەڵکی پیتزبورگ بوو کە سەردەمی منداڵیەتی لە ڤێناو پاریس و بالتیمور و ئوکلاند بەسەر برد. یەکێك بوو لە خوێندکارە دیارەکانی ویلیام جیمز لە زانستگەی رادکلیف. لە قوتابخانەی پزیشکی جونزهاپکینزشدا خوێندوویەتی و چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ توێکاری مێشك ئەنجام دا، و پاشان لێبڕا تا لە واری نووسەرایەتی و نیگارکێشی دا سوود لە زانست وەربگرێت.

ستاین لە ساڵی 1909دا کورتە چیرۆکی "سێ ژیان"ی بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە حیکایەتی خەیاڵی سێ ژن بە شێوازێکی ئاهەنگدار دەگێڕێتەوە، بەناوبانگترین رۆمانی ئەو بە ناونیشانی دروستکردنی ئەمریکاییان (1925)ـە، کە بەربڵاوترین رۆمانی سەردەم بوو، دەربارەی خێزانی خودی نووسەرە. ستاین چەند شانۆنامە، و ئۆپرایەکیشی بە ناونیشانی چوار قەدیس لە سێ پەردەدا (1934) نووسیوە.

<u>شیروود ئاندرسون</u> (1876- 1941):

نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆکان و شانۆنامە، خەڵکی ئۆهایو بوو. لە پاڵ کارەکەیدا واتە بازرگانی، نووسەریشی دەکردو، ماوەیەکیش بە رۆژنامەوانییەوە مژول بوو.

یەکەمین کۆ کورتە چیرۆکی ئاندرسون بەناونیشانی واینزبورگ، ئوهایو لە 1912دا بڵاوبووەوە. لەم کۆ چیرۆکەدا شوێنەواری شومی لەمپەرو کۆسپە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر روح و دەروونی کەسانی بەزیوو و نائومێد لە رێگەی وێنەگرتنی بیست حاڵەتی روحییەوە نیشاندەدرێ. کۆ چیرۆکێکی دیکەی ئاندرسون، سەرکەوتنی هێلکە مره (1921) کە دەربارەی گوندنشینانە.

یەکـەمین رۆمـانی ئاندرسـون، بـەناوی کوڕەکـەی وێنـدی مەکفرسـونە (1916) کـە سـەر بـردەی گەنجێکی بێزارە لە ماڵی تاقەتبەرو بابە مەیخۆرەکەی.
ئاندرسون لە رۆمانەکانیا بە توندی رەخنە لە ژیانی تاقەتبەرو یەکهاوی ئەمریکاییان دەگرێ و ئـەو گیروگرفتانـەی لـەم حاڵـە دەکەونـەوە شـیدەکاتەوە. لەلایـەکی دییـەوە کـە حەساسـیەتێکی تونـدی سـەبارەت بـە گـۆڕینی ئـابووری کشـتوکاڵی بـۆ ئـابووری پیشەسـازی هەیـەو کۆمەڵگـەی کـۆنی ئەمریکای وەکو جۆرە ((بە هەشتێکی گوم بوو)) دێتە بەرچاو، هەوڵدەدا تـا کاریگـەریی تـەکنولۆژیا یا بەسەر ژیانی ئەمریکاییەوە وێنە بگرێت.
ئاندرسون پەیڕەوی هزرێن فرویدو شێوەی دەروون شیکاری ئەویش دەکات. لـە رۆمـانی خەنـدەی رازدار (1925)دا هزرێن فرۆیدو حیکمەتی درەوشانەوە بە خواستن (استعارە) دەگێڕدرێتەوە.
باشترین رۆمانی ئاندرسون، سپی پێستێکی داماو (1920)ە، کە دەربارەی داهێنەرێکی کەم رووە.
ئاندرسـون ئوتوبیوگرافیـەکی جوانیشـی لـە پـاش بـەجێ مـاوە کـە سـەر بهـوردی چـیرۆکبێژێکی (1924) ناوە.

<u>ویلا (سیبرت) کاتر (1876- 1947):</u>

خـانمی نووسـەری رۆمـان و کورتـە چیرۆکان، لـە ڤیرجینیا هاتۆتـە دنیـاو لـە نێـو مـەزرا گەنمـەکانی نبراسکاو موهاجیرانی بوهمیایی دا گەورە بوو.
یەکەمین رۆمانی کاتر، پردی ئەسکەندەر، لە سالی 1912دا بڵاو بووەوە. دووەمین رۆمانی، ئەی پێشڕەوان (1913) دەربارەی کیژێکی سوێدی بوو کە کەسایەتییەکی سەنگینی بـەهێزی هـەبوو و دەیتـوانی پێشـبینی ئاینـدەی وڵاتـی خـۆی بکـات. رۆمـانێکی دواتـری کـە ناونیشـانی ئـاوازی کڵاوکوڕەیە (1915)، هەم دەربارەی کەسایەتی کیژێکی سوێدییە، کە لە شاروچکەیەکی کولورادۆ گەورە دەبێ و دوای چەندین ساڵ لە هەوڵ و کۆشش، بلیمەتی خۆی لـە مەیـدانی ئۆپرادا دەنوێنێ.
کاتر کە خەمینانە ستایشی رۆژاوا دەکات، لە چوارەمین رۆمانیا، ئانتونیای من (1918) باسی ئاوا بوون و نەمانی مەرزنشینی و داهێنـانی مەرزنشینان دەکات. یـەکێك لـە ئێمـە ((1922)) رۆمـانێکی تریەتی کە خەڵاتی پۆلیتسەری وەرگرت، ئەمیش دەربارەی کوڕێکی خەڵکی رۆژئاوای ناڤینە کە لـە جەنگی جیهانی دا دەکەوێتە بەرگری لە وڵاتەکەی.
رۆمـانی خـانمی گـوم بـوو (1923) کـە رۆمـانێکی مەیلـەو رەمـزی کـاترە، لـە راسـتیا رەنگدانـەوەی بەسەرهاتی میللەتی ئەمریکایە. خا فورستەر،ی شا قارەمانی کتێبەکە (وێنەیە کە لە ئەمریکا)، کـە زەمانێك پاك و رەسەن بووەو هێشتاش هـەر جوانـە، لـە پـاش مردنـی مێردەکـەی دەکەوێتـە باوەشـی داوێن پیسی و رابواردن. ئەمە لە راستیدا "خودی رۆژئاوایە" کە بەردەوام بـەرەو خراپـی دەڕوات.
هەنـدێك لـە رۆمانـەکانی تـری کـاتر، مـەرگ بـە سـۆراخی قەشـەوە دێ (1927)، ئەمـە حیکایـەتی دامەزرێنــەری کڵێسـای سـانتافە دەگێڕێتــەوە، و سـێبەری سـەر تـاوێر (1931)، باسـی ژیـانی حەکیمێکی خەڵکی کیبیك-ە لە سەدەی هەڤدەیەم دا.

لە نێو کۆ کورتە چیرۆکەکانی خا کاتردا، باخی دێو (1905) و چارەنووسانی نادیار (1932) لە هەموویان بەناوبانگترن.
کاتر، شێوازێکی ناسک، کورت و هاوسەنگی هەیە. عەیبی گەورەی بەرهەمە درێژەکانی لەمەدایە کە هاو ئاهەنگی گونجانی بەشەکانی چیرۆك رەچاو ناکات.

<u>ئوپتن (بیل) سینکلر (1878– 1968):</u>

لە خێزانێکی باشوورییە، لە بالتیمور لە دایك بووەو لە نیویورك خوێندویەتی. لە ساڵی 1906دا، نموونە شاری سوسیالیستی خۆی دامەزراند، و پاشان لە دامەزراندنی "یەکێتیی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا"دا رۆڵێکی چالاك و ئەکتیفی بینی.
سینگلر لە رۆمانەکانیا رەخنەگرێکی سەر سەختی گەندەڵیەکانی کۆمەڵگەی ئەمریکایە, پەردە لەسەر هەموو دزێوی و چەپەڵییەك هەڵدەماڵێ، سەرمایەداران و دەوڵەمەندان بە رەواجدانی گەندەڵی تاوانبار دەکات و لە چوار مێخەیان دەدا. هێرشی توند دەکاتە سەر ژیانی ئابووری و رامیاری ئەمریکاو سوسیالیزم بە چارەسەر دەزانێ. لە رۆمانی بێشەدا (1906)، کە بووە مایەی ناوبانگی، بە جورئەتەوە چەوسانەوەی پڕ لە شەرمەزاری کرێکاران بە دەستی سوڵتانانی گۆشتی شیکاگۆوە بەر رەخنە دەدات، و وێنەیەکی شوم لەمەڕ کوشتارگەکانی گۆشت بە دەستەوە دەدا. لە رۆمانی سوڵتانی خەڵۆزی بەردین (1917)دا گەندەڵی کۆمپانیاکانی دەرهێنانی خەڵوزی بەرد لە رێگەی چیرۆکی مانگرتن لە کانە خەڵۆزەکانی کولورادۆدا ئاشکرا دەکات. لە رۆمانی نەوت (1927)دا، دەسەڵاتی شەیتانانەی سوڵتانانی نەوت، و فەزیحەتەکانی زەمانی سەر کۆماری هاردینگ"1" دەگێڕێتەوە.
رۆمانی بوستۆن (1928) لە قەزیەی پڕ هەراو زەنای ساکۆو ڤانزیتی"2"یەوە هەڵێنجراوە. رووداوەکانی جیهان لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا جەنگی جیهانی دووەم بابەتی زنجیرە یانزە رۆمانیەکەی سینگلر پێك دەهێنن. سەری زنجیرەی ئەم کۆمەڵە رۆمانە کۆتایی جیهان (1940)، دووەمیان لە نێوان دوو جیهانا (1941) و رۆمانی سێیەم ددانی ئەژدیها (1942) بوو کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت.
شا قارەمانی ئەم زنجیرە رۆمانانە ناوی لەنی بود، ئەو سەفەری دەڤەرانی جۆراو جۆری جیهان دەکات و لە ناو جەرگەی دەقی رووداوە گرنگە جیهانییەکاندا دەگیرسێتەوە.
یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی سینگلر، چەکی مسییە (1919) تۆژینەوەیەکە دەربارەی رۆژنامەوانی لە ئەمریکا. سینگلر لەم نووسینانەدا کاریگەری گوشاری ئابووری سەرمایەداری بەسەر کەلتووری ژیانی کۆمەڵگەوە دەخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە. لە بنەڕەتا دڵبەندی ئەو بە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی زەمینەی زۆربەی بەرهەمەکانیەتی، و سینگلر هێڤیدارە بە سەقامگیری سوسیالیزم سەردەمی زێڕین بێت.

<u>جیمز برانچ کیبل (1879– 1958):</u>

نووسەری رۆمان، کورتە چیرۆك، شاعیر، رەخنەگر، و گوتار نووسی خەڵکی ڤیرجینیا بوو. زنجیرە چیرۆکێکی حیکایەت ئاسای لە ژێر سەر ناوی گشتی "پواکتیزم" داهێناوە کە مەیدانی زۆربەی هەرە زۆریان سەر زەمینێکی خەیاڵییە لە ئەوروپای سەدەکانی ناڤیندا. رۆمانسی تەنز ئامێزی یورگن (1919)، کە بە ناوبانگترین چیرۆکی ناو ئەم چیرۆکانەیە بە دەوری تەوەری کەسایەتی پیاوێکی میانە ساڵی خاوەنی نووسینگەیەکی رەهەنی دا، بەناوی یورگن دەسوڕێتەوە. یورگن بۆ ماوەی ساڵێك دەگەڕێتەوە سەردەمی لاوێتی و کۆمەڵێك سەر بردەی ئاشقێتی پەیدا دەکات. لەگەڵ ئەمەشا ناتوانێ خەون و ئارمانەکانی سەردەمی لاوی بەدەست بێنێ، و لە کۆتایی ساڵیشدا دڵی بەمە خۆشە کە دووبارە سەردانی هاوسەرە پیرو بە گازاندەکەی بکات. دووەمین رۆمانی ئەم زنجیرەیە دومنی (1920) بوو کە هەوەڵجار بەناونیشانی روحی ملیسنت بڵاو بووەوە. لەم رۆمانەدا سەر بردەی ڤیانی بێ کەم و کوڕی دوو دڵداری سەدەکانی ناڤین دەگێڕدرێتەوە. بەسەرهاتی رۆمانسی تەنز ئامێزی نووسەر، بە ناوی سیماکانی زەمین (1921) لە پواکتیزمدا روو دەدا. سێبەری هەڵۆ (1904) یەکێکە لە رۆمانەکانی دیکەی کیبل.

لە نێو کورتە چیرۆکەکانی کیبل دا "شاسواری- 1907" و "خەرقەی سپی- 1928" دڵگیرو شایستەی خوێندنەوەن.

<u>ئێرنست پول (1880- 1950):</u>

لە ناو جەرگەی گەڕەکە پیسەکانی نیویورك دا هاتە دنیاوە، و هەر لە ناو ئەو گەڕەکانەدا بوو بە رۆمانووسێکی بە بەرهەم و چەندین چیرۆك و گوتاری دەربارەی هەلومەرجی سەختی ژیانی کرێکاران نووسی. دوو سەفەری (1905- 1917) بۆ روسیا کردو بەری ئەو دوو سەفەرە چەند نووسینێکی راپۆرئاسا بوو لەمەڕ شۆڕشی ئەو وڵاتە بە ناونیشانی گوند (1918)، میللەتی خەمین (1918) و پیاوێکی بچووکی خەمین (1925) بوو.

بەناوبانگترین رۆمانی پول بە ناونیشانی بەندەر (1915) بوو، چیرۆکێکە دەربارەی شاری نیویورك. رۆمانی دواتری ئەو کە خەڵاتی پولیتسەری (1917) بەدەست هێنا، خانەوادەی ئەو (1917)ی ناوە کە رووداوەکانی لە نیویورك دا روو دەدەن. رۆمانەکانی دیکەی پول، دەنگی شەقام (1906) و کوێر (1920)و بە چاوانی رۆژهەڵاتییەوە (1926)یان ناوە.

<u>جولیا پترکین (1880- 1961):</u>

ئەم خانمە رۆماننووسە، بەو رۆمانانەی کە دەربارەی ژیانی رەش پێستانی کارولینای باشوور نووسینی شۆرەتی پەیدا کرد. باشترین رۆمانی، سکارلت سیسترماری (1928)یە، کە خەڵاتی پولیتسەری بە دەست هێنا، سەربردەی رەش پێستێك دەگێڕێتەوە کە لە کڵێسا دەردەکرێت، تاڵاوی مەرگی کوڕەکەی دەچێژێ، و بە دیتنی خەونی رەنجی مەسیح دووبارە لە کڵێسا قەبوڵ دەکرێت. رۆمانێکی دیکەی ئەبریلی رەش (1927) ی ناوە.

پترکین، کۆ کورتە چیرۆکی پێنج شەممەی کەسك (1924)یشی لە پاش بە جێماوە.

**سینگلر لویس** (1885– 1951):

**ڕۆماننووس، ڕەخنەگر، و شانۆنامەنووسی خەڵکی مینە سوتا، کوڕی پیاوێکی پزیشك بوو. پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ کەوتە کاری پەیامنێری و نووسەری. بە ڕۆمانی شەقامی سەرەکی (1920) ناوی کەتە سەر زاران. شا قارەمانی ئەم ڕۆمانە ژنێکی گەنج و ئایدیالی، پزیشکی گوندێکە کە هەوڵدەدا کۆمەڵگەی گوندەکە پێش بخات، بەڵام ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە. لویس لەم ڕۆمانەدا بە تەوسەوە دەڕوانێتە ژیانی مادیو وشكو خەمناکی شارۆچکەیەکی ئەمریکایی.**

**ڕۆمانی دواتری، بابیت (1922)ی ناوە، هەجوی خودان کاروکاسبییە لە ئەمریکادا. ڕۆمانێکی تری لویس بە ناونیشانی ئاروسمیت (1925)ە دەربارەی ژیانی پزیشکێکە کە لە نێوان مادییەت و میسالیەت دا لە هاتۆچۆ دایە.**

**ڕۆمانی ئیلمەرگنتری (1927)، ژیانی واعیزێکی پرۆتستانی خەڵکی ڕۆژئاوای ناڤین دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و سەر زەنشتی ڕیاکاری مەزەبی دەکات.**

**ڕۆمانی داد زورت (1929)، چیرۆکی خاوەنی کارخانەیەکی ئوتومبیل سازی لە ڕۆژئاوای ناڤین دەگێڕێتەوە، و ڕۆمانی ناشێت لێرەدا ڕوو بدات (1935) هۆشدارییەکە لەمەڕ ئەگەری پەیدا بوونی حکومەتێکی فاشیستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. بە هەر حاڵ هەر ڕۆمانێکی لویس ناوەڕۆکێکی تازە لە خۆ دەگرێ. ئەو کە لە ڕۆمانی ئاروسمیت دا پیشەی پزیشکی وێنە دەگرێت، لە ئیلمەرگنتری دا دەچێتە سۆراخی مەزەب، و لە ناشێت لێرەدا ڕوو بدات سیاسەت دێنێتە ناو ناوان. شێوازی ڕۆمانەکانی لویس بە شێوەیەکی گشتی ئاسایی و یەکنەوایە، بەڵام ڕەوانو سادەن.**

**لویس لە ساڵی 1930دا یەکەمین ئەمریکایی بوو کە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی لەسەر ڕۆمانی پەیکانساز وەرگرت، و ئەمە پاداشتی خەباتی ئەو بوو دژی مادیگەری و حەقارەتی کۆمەڵگە لەو زەمانەدا.**

**ئیلیزابت مادوکس روبرتس** (1886– 1941):

**شۆرەتی ئەم خانمە ڕۆماننووسەی لایەنگری بزاڤی مۆرکی ناوچەیی. بەندە بەو وێنانەوە کە دەربارەی پێشڕەوانو سپی پێستانی داماوی کنتاکی و فیرجینیا دەیانگرێت. بەهرەیەکی پرشنگدارو نۆڕینێکی نائاسایی هەبوو. چەند دیوانە شیعرێکی هۆنیوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشا، لوتکەی کاری وی لە مەیدانی پەخشاندایە. یەکێك لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانی، دڵی منو بەدەنی من (1927)ـە، بریتییە لە سەر بردەی ئاشقێنی کیژێکی باشووریو هەوڵدانیەتی بۆ گەییشتن بە بەختەوەری، و چەمەنزاری گەورە (1930) بەسەرهاتی مهاجیرنشینانی کنتاکی دەگێڕێتەوە.**

**مری ئیلین چیس** (1887– 1973):

شۆرەتی ئەم خانمە نووسەرەش بەو رۆمانە سەر بە بزاڤی مۆرکی ناوچەییەوەیە کە باسی زاگەی خۆی کەناری مین دەکەن. لە نێو دڵگیرترین ئەم رۆمانانەدا، ماری پیترز (1935) و درەختی هەڵۆژە (1945) ناوبانگێکی زیندوویان وەرگرتووە. چیس هەندێ چیرۆکی بۆ منداڵانیش نووسیوە، کە جوانترینیان شاپێی شاد (1933)ی ناوە. چیس کۆمەڵێك وتاریشی لە پاش بەجێماوە، لەوانە: کەری زێڕین (1925)و رەتبوون بە حەت دەریادا (1958).

<u>**فلۆید دل** (1887– 1969):</u>

لە نووسینی رۆمان و شانۆنامەدا دەستێکی باڵای هەبوو. لە هەوەڵەوە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی شیکاگۆدا هاوکاری دەکردو لە ساڵی 1914دا لە نیویورك پەیوەندی بە نووسەرانی چەپی مەسیس و لیبراتۆرەوە کرد. شۆرەتی دل بەو رۆمانانەیەوەیە کە بەدەوری تەوەری نا ئومێدی پاش جەنگ و ژیانی لاوان لەسەردەمی جازدا دەسوڕێنەوە. دوو رۆمانی شێتی زگماك (1920) و هەڵاتوو (1923) لە ریزی پڕ خوێنەرترین بەرهەمی دل دان. رووداوێکی بچووك (1928)ش یەکێکە لەشانۆنامەکانی فلۆید دل.

<u>**ئیدنا فیربر** (1887– 1968):</u>

ئەم خانمە نووسەرە، کاری خۆی بە بڵاوکردنەوەی چەند کۆ کورتە چیرۆکێك دەست پێکرد. گرنگترین رۆمانی ئەو، لە ژێر سەر ناوی، بەم گەورەییە (1924)یە کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت، ئەمە هەوڵ و تەقەلای بێوەژنێك لە رای بژێوی دا دەگێڕێتەوە.
رۆمانە فرە فرۆشەکانی دیکەی کیژان (1921)، دێو (1952)و کۆشکی سەهۆڵ (1958) یان ناوە.

<u>**کریستوفەر (دار لینگتن) مورلی** (1890– 1957):</u>

رۆماننووس، رۆژنامە نووس و گوتارنووس بوو. لە بوارە ئەدەبییە جۆراو جۆرەکاندا خۆی تاقی کردۆتەوە. چەند دیوانە شیعرێکی لە پاش بە جێماوە کە بەناوبانگترینیان ئەسپی دارین (1919) و ماندارینی پیر "3" (1947)ن. کۆمەڵەی دووەم وەرگێڕانی هەندێ سرودی ماندارینێکی گریمانەیی چینییە، لە قاڵبی شیعری ئازادا. بەناوبانگترین رۆمانی مورلی بەناونیشانی پارناس لەسەر عەرەبانە (1917) حیکایەتی کتێبفرۆشێکی موهاجیر دەگێڕێتەوە. کۆ گوتارەکانیشی بەسەرهاتی پاییزێك (1938)ی ناوە.

<u>**پیرل باك** (1892– 1973):</u>

ئەم خانمە رۆماننووسە لە ڤیرجینیای رۆژئاوایی هاتۆتە دنیا. لە منداڵیدا لەگەڵ بابی دا، کە بانگەشەکارێکی ئاینی بوو، بۆ چین رۆیی، لە شەنگەهای چووە قوتابخانەیەکی شەوانە رۆژی، و لەم قوتابخانەیەدا هەستی بەوە کرد کە کەسێکی چینییە. لە هەڤدە ساڵی دا بۆ ئەمریکا گەڕایەوەو دریژەی بە خوێندندا. باك لە ساڵی 1917دا شووی کردو ئەمجارەیان بە هۆی کاری مێردەکەیەوە

سەفەری چینی کرد. لە زانکۆکانی ئەوێدا کەوتە گوتنەوەی وانەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و هەندێ ڕۆمانانی نووسی کە بەناوبانگترینیان، خاکی چاك بوو کە خەلاتی نۆبلی ئەدەبیاتی سالی 1935ی پێ وەرگرت و ناوی خستە سەر زاران.

یەکەمین ڕۆمانی باك، بای ڕۆژهەلاتی، بای ڕۆژئاوایی، لە سالی 1928دا بلاوبووەوە. ڕۆمانی دواتری خاکی چاك (1931) بوو کە لە ماوەیەکی کورتدا بۆ زۆر زمانان وەرگێڕدراو کرا بە فیلم. ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی جووتیارێکی چینی دەگێڕێتەوە کە بە هاوکاری هاوسەرە بە حەوسەلەکەی، دەبێ بە مولکدارێکی دەولەمەند. توانا، پشوو درێژی، پایەداری، و خۆشەویستی ئەو دووانە بۆ خاك وەستایانە وێنەگیراوە.

ڕۆمانێکی باشی دیکەی باك بە ناونیشانی دایك (1934)ـە، ئەمە سەربهوردی دایکێکی دەستکورتی چینییە، کە لە چینی جووتیارانە، و مێردەکەی بە پێنج منداڵەوە بە تەنیا بەرەلای دەکات. خانم باك ڕۆمانانی دیکەی وەکو نەوەی ئەژدیها (1942) و نەیجەی زندوو (1963)شی نووسیون کە دەربارەی ڕۆژهەلاتی دوورن. باك ژیاننامەی باب و دایکیشی لە قالبی دوو چیرۆك دا: فریشتەی جەنگاوەر (1936)و دوور خستنەوە )1936) نووسیوە. زێدەباری ئەمەش دوو ڕۆمانی لە ژێر سەر ناوانی دنیاکانی من (1954) و پردێك بۆ پەڕینەوە (1962)ی دەربارەی ژیانی خۆی نووسیون. ڕۆمانانی: پیاوانی خوا (1951)، نامەیەك لە پەکینەوە (1957)و وەرە، مەحبوبی من (1953) لە جوملەی ڕۆمانە کەم تا زۆر بەناوبانگەکانی ئەون. باك لە دوا ڕۆماندا مەسەلە ئەخلاقییەکانی زادەی تەقینەوەی بۆمبای ئەتۆمی شیدەکاتەوە. باك بەرهەمێکی کلاسیکی چینیشی بەناونیشانی: هەموو مرۆڤان بران (1933) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

باك لە بەرهەمەکانیدا هەولدەدا کە چینییەکان بە ئەمریکاییەکا بناسێنێ و حالی بوونێك لە نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بێنێتە ئاراوە.

<u>کاترین ئان پورتر (1894– 1980):</u>

خانمی ڕۆماننوس و نووسەری کورتە چیرۆکانی خەلکی تەکساس، لە با ری پوختەیی شێوازەوە لە ریزی نووسەرانی پێشەنگی ئەمریکادایە. چیرۆکەکانی لە روانگەی دیتنی سایکۆلۆژی و مانای ڕەمزییەوە دەولەمەندن.

خانم پورتر بە کۆ کورتە چیرۆکی یەهودای پشکوتوو (1935) ناوبانگێکی دەرکرد، و بە کۆ چیرۆکی تاوەری خوار (1944) کە بووە ناونیشانی ئەم کۆ چیرۆکە – دەربارەی تاوەرە بە ناوبانگەکەی کلێسای پیزایە لە ئیتالیا.

خانم پورتر سێ کورتە ڕۆمانیشی نووسیون کە ئەسپی بێڕەنگ، سواری بێڕەنگ، مەرگ و مردنی کۆن، و شەرابی نیوەڕۆ (1939) یان ناوە. بەناوبانگترین ڕۆمانی پورتر کەشتی گەوجان (1962) چیرۆکێکی مەجازییە لە سەفەری کەشتییەکی ئالمانییەوە هەلێنجراوە. ئەم کەشتییە هەمان ئەم دنیایەی ئێمەیە کە سەر نشینەکانی بەرەو ئەبەدییەت دەبات.

خانم پورتر کۆمەڵە وتارێکیشی دەربارەی هونەرو ژیان لە ژێر سەر ناوی رۆژانی پێشوو (1952) بە چاپ گەییوە.

<u>فرانس سکۆت فیتز جیرالد (1896– 1940):</u>

یەکێك بوو لە بە تواناترین نووسەرانی رۆمان و کورتە چیرۆکان لە ناو هاوسونحانی خۆیدا . لە سەنت پولی سەر بە مینەسوتا هاتە دنیاوە. خوێندنی زانستگەی پرینستن–ی بە نیوەچڵی تەرك کردو پەیوەندی بە خزمەتی سەربازییەوە کرد، بەلأم هەرگیز لە جەنگی (جیهانی یەکەمدا) بەشداری نەکرد.

فیتز جیرالد بەو رۆمان و کورتە چیرۆکانەی کە دەربارەی ژیانی دەیەی 1920 بوون ناوبانگی دەرکرد. دەیەی بیست، کە ئەو "سەردەمی جاز"ی پێدەگوت، سەردەمی نەوەیەکی تازە بوو کە هەموو خواکانی بە مردوو، هەموو شەڕەکانی بە تەواو بوو، و هەموو باوەڕەکانی بە بێهودە دەزانی.

فیتز جیرالد–ی پەیڤداری ئەم سەردەمە، قارەمانانی دەروشاوەوە رەشبین و نا مەسئولی خوڵقاند کە هەوڵیاندەدا ژیان بگۆڕن بۆ جەژنێکی خۆش و بێ کۆتایی. یەکەمین رۆمانی، ئەم بەری بەهەشت (1920) نیشانەی شکست و نائومێدی و داڕوخانی ئەخلاقی ئەمریکای پێش جەنگی جیهانی یەکەم بوو. فیتز جیرالد لەم رۆمانەدا کە ژیانی خۆی لە پرینستن دا زندوو دەکاتەوە، روح و گیانی یاخیانەی نەوەی خۆی بە شێوەیەکی لەزو خێرا نیشانداوە. رۆمانی دووەمی، جوان و بێزراو (1922) بوو، و سێیەمین رۆمانی، گاتسبی گەورە (1925) بوو کە هەرایەکی زۆری نایەوە. لەم رۆمانەدا ، کە شاکاری فیتز جیرالدە، سەربردەی ڤیانێکی قوڵ و رۆمانتیکی قاچاغ فرۆشێکی دەوڵەمەند سەبارەت بە ژنێك کە لە دەستی داوە دەگێڕێتەوە.

فیتز جیرالد کە هاوسەرەکەی دووچاری نەخۆشییەکی دەروونی تووش، بوو، رۆمانی شەوخۆشە (1934)ی لە ژێر کاریگەری ئەم بارەی هاوسەرەکەیدا نووسیوە. سەربردەی کتێبەکەش دەربارەی ڤیانی دەروون نەخۆشێکە دەرهەق بە کیژێکی گەنجی دەروونزان. دوا رۆمانی فیتز جیراڵد، لە ژێر سەر ناوی دوایەمین تایکون–ە (تەواو نەکراوە – 1941) دەربارەی هولیوودو پیاوێکی سەرمایەدارە کە نوێنەری سەرمایەدارانی کۆنی ئەوێندەرە.

فیتز جیراڵد مامۆستای کورتە چیرۆکانیش بوو. لە پتر لە سەدو شەست چیرۆکی کورتیا کەسایەتیانی سەردەمی جازو خوو خدەی ئەوانی وێنە گرتووە. لە نێو کۆ کورتە چیرۆکەکانیا: نۆ کیژانی رووداروو فەیلەسوفان (1920)، چیرۆکەکانی سەردەمی جاز (1922)و هەموو پیاوە گەنجە خەمینەکان (1926) وەسفی ژیان و کۆمەڵگەی دەیەی بیست دەکەن.

<u>جان (رودریگۆ)دۆس پاسۆس (1896– 1971):</u>

لە بنەماڵەیەکی پرتوغالی لە شیکاگۆ لە دایك بوو. لە هارڤەرد خوێندنی تەواو کردو، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو بە عەسکەر، لە کۆتایی جەنگدا، بوو بە رۆژنامەوان و لە ساڵی 1920دا کەوتە دەرکردنی گۆڤاری نیومسس.

یەکەمین رۆمانی گرنگی لە ژێر سەر ناوی سێ سەربازدا (1921) بوو کە رەنگدانەوەی ئەزموونی خۆی لە سوپا، و هەروەها شیکردنەوەی کاریگەریی جەنگ لە سەر کەسایەتی مرۆڤ بوو. بەڵام شۆرەتی دۆس پاسۆس بە سێ رۆمانی: شەقامی چلو دووەمی هاوتەریب (1930)، هەزار و نۆ سەدو نۆزدە (1932)و دراوی درشت (1932)ەوە بوو، کە لە ساڵی 1938دا لە ژێر سەر ناوی U.S.Aدا بڵاوبوونەوە، ئەم رۆمانانە بە شێوازێکی هەڵسەنگێنراوو زمانێکی وەستایانە، وێنەیەکی گشتگیر دەربارەی ژیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە رۆژانی بەر لە جەنگ، ساڵانی جەنگ، و دەیەی پڕ هەراو هەنگامەی 1920 تا یەکەمین ساڵی قەیرانی ئابووری وێنە دەگرن و بەرجەستە دەکەن.
لە راستیدا، بابەت و قارەمانی کتێبەکە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانە. لە "U.S.A"دا جەبریەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەماعکاری، چەوسانەوە، هەلپەرستی، و سەرکەوتنی نا دروستی، جەختی لەسەر دەکرێتەوە و قارەمانانی جۆراو جۆری چیرۆکەکە پەی بەوە دەبەن کە لە ژیانیاندا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نییە. دۆس پاسۆس لێرەدا لە مۆنتاجی سێ شێوەی: فیلمی خەبەری (بە ریزکردنی مانشێتی رۆژنامانان لە پاڵ یەکدا)، زومی کامیرا (بە بەکارهێنانی هەندێ پەخشانە شیعر کە رەنگدانەوەی شەپۆلی هۆشی خودی خوێن)و شەرحی کورتەی ژیانی قارەمانانی بەرجەستە کە هەر یەکەیان نوێنەری قۆناغێکی کاروانی مێژوو بوونە، بۆ وێنە گرتنێکی گشتگیری ژیانی تازەی ئەمریکا وەردەگرێت. رۆمانێکی سێ بەشی دیکەی دۆس پاسۆس: سەرکێشییەکانی پیاوێکی گەنج (1939)، ژمارە، یەك (1943)و پرۆژەی گەورە (1949) بوو کە لە ساڵی 1952دا لە ژێر سەر ناوی دەڤەری کولومبیادا بڵاوبوونەوەو رەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە دیدو بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دا روویانداوە. دۆس پاسۆس کە لە بەرهەمەکانی پێشووی خۆیدا لە شەیدایانی ئازادی و سەربەخۆیی بوو، لەم سێ رۆمانەدا بەرەو محافەزەکاری بادەداتەوە، لە راستیدا لە بری هێرش، سەنگەری بەرەڤانی دەگرێت.
دۆس پاسۆس لە ئاخرو ئۆخری دەیەی بیستدا خووی دایە شانۆ و سێ شانۆنامەی بە تەکنیکێکی وەستایانە نووسی کە پیاوی خەمسارد (1926)، رێگای هەوایی (1928)و لوتکەی بەختەوەری (1933) یان ناوە.

<u>تورنتن نیڤین وایلدر (1897- 1975):</u>

رۆماننووس و شانۆنامەنووسێکی خەڵکی مدیسن (ویسکانسین) بوو. چەند ساڵێکی سەردەمی منداڵی لە هۆنگ کۆنگ، کە بابی لەوێندەر سەرکونسوڵی ئەمریکا بوو، قەتاند، لە زانکۆی ییل و ئاکادیمیای ئەمریکایی رۆم خوێندویەتی. ماوەیەك لە نیوجرسی فەرەنسا دەرسی دایەوە، و لە جەنگی جیهانی دووەمدا ئەفسەری مخابەراتی هێزی ئاسمانی بوو لە باکووری ئەفریقا. لە ساڵانی 1930- 1936ش لە زانستگەی شیکاگۆ دەرسی ئینگلیزی گوتەوە.
شۆرەتی ویلدر بەندە بە رۆمانە دڵگیرو هۆشیارانە و تەنز ئامێزو شانۆنامە سەرکەوتووەکانیەوە. کە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانیان هێمای وەهم ئامێز، و تەکنیکی پوختەیی شانۆییە. یەکەمین

رۆمـانی ئـاینی نهـێنی (1926)یـه، کـه چـیرۆکێکی تـهوس ئـامێزه دهربـارهی ئهشـرافیهتی روو لـه نـهمانی ئیتاڵیـا. دووهم رۆمـانی: پـردی سـهن لـویس رییبـه(1927، بـراوهی خـهڵاتی پولیتسـهره) ماجـهرای هەرەسـهێنانی جـوانترین پـردی وڵاتـی پـیروو کـوژرانی پێـنج رێبـوار دهگێڕێتـهوه. ئـهو کهشیشـهی کـه ئـهم بهسـهرهاتهی دیتـووه نـازانێ کـه ئـهم رووداوه تـهنیا رێکهوتێکـه یـان دهسـتی تهقـدیری خـوای تیایـه، و بـۆ دۆزینـهوهی وهڵام دهکهوێتـه شـیکردنهوهی ژیـانی پێـنج رێبوارهکـه.
رۆمانـهکانی دواتـری وایلـدر: ژنێـك لـه ئاندۆراسـهوه (1930)، بـه ههشـت مـهنزڵی منـه (1935) و پانزهیـهمی مـارس (1948) بـوون، کـه دوا رۆمانیـان، رۆمـانێکی نامـه ئاسـای پێکـهنینۆك ئـامێزو هوشیارانهیه له مهڕ ژۆل سیزار.
یهکهمین شانۆنامهی وایلدر: شـهیپور دێتـه دهنـگ-ی (1926) نـاو بـوو. فریشـتهیهك کـه ئاوهکـانی شـێوان (1928) و شـێوهی دوورو درێـژی کریسـمیس (1931) دوو کـۆ شـانۆنامهی یـهك پـهردهیی وایلـدرن. لهسـهر هـهردوو شـانۆنامهی سـهرکهوتووی: شـارهکهمان (1938) و لـه پـهنا گوێمانـا (1942) خهڵاتی پولیتسهری وهرگرت. له شانۆنامهی درێـژی شـارهکهماندا، بهڕێوهبـهری شـانۆکه، که تاقه ئهکتهری سهر شانۆ چۆڵهکهیه، ژیان و ڤیان و هاوسهرگیری ژن و مێردێك لـه شارۆچـکهیهکدا دهگێڕێتـهوه. لـه شـانۆنامهی: لـه پـهناگوێمانا، هـهموو گۆڕانکارییـهکانی ژیـانی مـرۆڤ لـه پـێش مێـژووهوه تـا سـهردهمی تـازه لـه چـوار چێوهی دهقـی چیرۆکـی ژیـانی یـهك خێزانـا وێنـه دهگیرێـت.
بهرهـهمی دواتـری وایلـدر: بازرگـانی یونکـهرس (1938)، شـانۆنامهیهکی کۆمیـدی بـوو. وایلـدر لـه سـاڵی 1954دا ئـهم کۆمیدیایـهی لـه ژێـر سـهر نـاوی قهوێـدهدا چـاپ کـردهوه، و لـهوه بـه دوا کـاری لهسـهر چـوارده شـانۆنامه، کـه دهربـارهی هـهوت گونـاهی گـهورهو هـهوت قۆنـاغی ژیـانی بـه شـهرن، دهست پێکرد.

<u>ویلیام فوکنهر (1897– 1962):</u>

لـه نێـو ئالبانیـا (میسـی سـی پـی) لـه خێزانێکـی کـۆن -کـه لـه رۆمانـهکانیا بـه نـاوی سـارتوریس ناسـێنراوه- هاتـه دنیـاوه. لـه ئوکسـفوردی، ناوهنـدی زانسـتگهی میسـی سـی پـی، گـهوره بـوو. لـه کۆتایی ساڵی دووهمی ئامادهیی دا، دهرس و خوێندنی تـهرك کـرد، و لـه یهکـهمین بـانکی نهتـهوهیی ئوکسـفورد دامـهزرا. لـه سـاڵی 1918دا چـووه ریـزی هێـزی ئاسمـانی کهنـهدا، بـهڵام بـهر لـه تـهواو کردنی دهورهی مهشـقهکانی، جـهنگ کۆتـایی هـات. فوکنـهر بـۆ ئۆکسـفورد گهڕایـهوهو کهوتـه کـاری ههمهجۆر.
له ساڵی 1919 دا چووه زانستگهی میسی سی پی، بهڵام له ساڵی 1921د اخوێنـدنی تـهرك کـردو دیسان کهوته گهڕان به دووی کاردا.
یهکـهمین کتـێبی فۆکنـهر دهفتـهره شـیعرێك بـوو بـه نـاوی خـواوهنـدی مهڕمـهڕین (1942). یهکـهمین رۆمانیشی ماڤ سهرباز (1932)ی ناو بوو که دهربارهی خزمـهتی خـۆی لـه هێـزی ئاسمـانی کهنـهدا بـوو. رۆمـانی دووهمـی پێشـکان (1927)ـه، وێنهیـهکی تـهنزئامێز لهمـهڕ ژیـان لـه نێـو ئورلیـان بهرجهسته دهکات. لهم رۆمانـهدا ههسـت بـه هـهڵاتن لـه کێوییهتییـهوه بـهرهو سوعبهتچیاتی کینایـه

ئامێز، کە لە تایبەتمەندیو خەسڵەتی بەرهەمە پوختەکانی فۆکنەرە، دەکرێت. دیمەنی گەلێك لە ڕۆمانو چیرۆکە کورتەکانی فۆکنەر جەرگەی باشوور، دەوروبەری شاری ئۆکسفۆردە، کە بە شێوەی شاری خەیاڵی جفرسن، لە ویلایەتێکی خەیاڵیدابە ناوی یوکناپاتاوفا وێنەگیراوە. فۆکنەر لەم بەرهەمانەدا، ڕابردووی باشوور، بێ توانایی ئەشراف باشووری لە سازان لەگەڵ ژیانی تازەدا، پەیوەندی بەینی سپیو ڕەش، و غەریبیو غەوارەیی و تەنیایی مرۆڤی سەدەی بیستەم شیدەکاتەوە، وێڕای ئەمەش، کۆمەڵێکی زۆر لە سیمایانی زندوو و لە فەرامۆشکردن نەهاتوو دێنێتە ناو چیرۆکەکەوە.

یەکەمین ڕۆمانی فۆکنەر کە ڕووداوەکانی لە یوکناپاتاوفا دا ڕوو دەدەن: سارتوریس (1929)ە. ئەم ڕۆمانە دەستپێکی زنجیرە ڕۆمانێکە کە داڕوخانو هەرەسی دوو ماڵباتی ئەشراف کومپسنو سارتوریس (نوێنەری باشووری کۆن)و سەرهەڵدانو پەیدا بوونی خێزانێکی تازە کورە (سنوپس) کە ئەوەندە پابەندی ئەخلاقیات نییە، دەگێڕێتەوە. شاکاری فوکنەر: تووڕەییو هەراو زەنا (1925)یە، ڕۆمانێکی دیکەیە لە هەمان زنجیرە، ئەمیش دەربارەی هەرەسهێنانی ماڵباتە ئەشرافییە بە ڕەگو ڕەچەڵەکەکانی باشوورە، فۆکنەر لەم کتێبە گەورەیەی سەدەدا، بە بەکارهێنانی ڕێبازی ئەزموونگەری لە شێوازو فۆرمدا، و بە سوود وەرگرتن لە شێوەی شەپۆلی هۆش، ڕۆمانەکە وەکو کورتە چیرۆکێك دەست پێدەکات، و تا ڕادەی حیکایەتێکی ئاڵۆز پەرەی پێدەدات. لە ڕوانگەیەکی زەینی، وبە زەبری مەنەلۆج، بەرە بەرە پەردە لە ڕووی گەندەڵی خانەوادەی کومپسن هەڵدەماڵێ. لەم خێزانەدا سێ برا هەر یەکێکیان بە شێوەی شەپۆلی زەین، پەیوەندی خوشکەکەیان لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا دەگێڕنەوە.

لە بەشی یەکەمدا، چیرۆکەکە لە ڕوانگەی بنجییەوە کە بە زگماك گێلو گەوج و شێتە وێنە دەگیرێت. ئەم بەشە وەسفێکە دەربارەی گێلێك، و یەکپارچە تووڕەییو هەراو زەنایە. لە بەشی دووەما کوئنتین، واتە حەساسترین، بە هۆشترین، و مرۆڤانی ترین سێ برایەکە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، و لە بەشی سێیەم دا جیسن، برایە بەغیلو بەرچاو تەنگە کە، گوتیاری چیرۆکەکەیە. تەنیا بەشی کۆتایی ڕۆمانەکە، کە ئاشپەزە ڕەش پێستەکەی خێزانەکە دێتە ناو ناوان، بە زمانی خودی نووسەرەوە دەگێڕدرێتەوە. بە کورتییەکەی، تووڕەیی و هەراو زەنا، بەسەر هاتی سێ نەوەی ماڵباتێکە کە لە ڕۆژگارێکا دەوڵەمەند بوونو ئێستا لێکەوتوون، و لە پاڵ ئەوانا سێ نەوە لە ڕەش پێستانیش دەژین.

فۆکنەر لەم کتێبەدا کە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە ڕۆمان نووسیدا دەژمێردرێ، لە ناو شێوەی لیریکی دڵتەنگ کەریا، ئاڵۆزترین شێوەی چیرۆکنووسیشی داهێناوە.

"کاتێ کە لە حاڵی مردنا بووم– 1930":

یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە فۆکنەر خۆشی دەوێ، بریتییە لە شەست بەشو هەر بەشەی بە ناوی کاراکتەرێکەوەیە کە ئەندێشەو هەستەکانی دەگێڕێتەوە. فۆکنەر لەم ڕۆمانەشا سوود لە شەپۆلی

زەین وهۆش وەردەگرێت تا لەو رێگەیەوە چیرۆکی ترسناك و کۆمیدی گوێزانەوەی جەستەی ژنێك بۆ شاری جفرسن بگێڕێتەوە.

"محیراب- 1931":

رۆمانێکە کە تەکنیکێکی وەستایانەی هەیە، چەمکێکی مەجازیو لە هەمان کاتدا یەجگار ترسناك و هاڕوژێنەری هەیە. مەیدانی چیرۆکەکە دیسانەوە ویلایەتی یوکناپاتاوفایە و قارەمانانی رۆمانەکەش خەڵکی هەمان ویلایەتن.

"روناکی لە ئابا- 1932":

چیرۆکی خەمناکی جوکر یسمیس کە بە رواڵەت سپی پێستە بەڵام خوێنی رەشەکان لە دەمارەکانیایە، دەگێڕێتەوە. جو لەگەڵ پیرە کچێك دا دەست تێکەڵ دەکات و پاشان دەیکوژێت. لە ئەنجاما بەبێ دادگایی، لە لایەن خەڵکییەوە مەحکوم دەکرێ و دەکوژرێت. بەمجۆرە خوێنی قوربانییەکی دیکە -کە لە شێوەی بێ گوناهی ژنێکی سپی پێست دا دەردەکەوێ- دەبێ بە سەر باری گوناهی باشوور.

"ئەبسالوم! ئەبسالوم! - 1936":

حیکایەتی تەرەقی و هەرەسی خێزانێکی پڕ جۆشی باشووری دەگێڕێتەوە.

"لە گرتن نەهاتوو- 1938":

رۆمانێکە لە حەوت چیرۆکی هەڤبەند پێکهاتووە، کە ئەمیش بە دەوری تەوەری ژیانی خێزانی سارتوریسدا دەسوڕێتەوە.

هەندێ لە رۆمانەکانی دواتری فۆکنەر بریتیین لە: دار خورمای کێوی (1939)، گوند (1940)، شار (1957)، ماڵی ئەربابی (1959)، چیرۆکێك (1954)و لاوانەوەیەك بۆ راهیبەیەك (1951).

یەکێك لە کۆ کورتە چیرۆکەکانی فۆکنەر: هەڵاتن و موسا (1942)یە، کە چەند چیرۆکێکە دەربارەی ویلایەتی ئەفسانەیی یوکناپاتاوفا، بەناوبانگترین چیرۆکی ئەم کۆچیرۆکە (ورچ)ی ناوە، کە رەنگە باشترین کورتە چیرۆکی فۆکنەر بێ.

فۆکنەر مامۆستایەکی زەبەر دەست و داهێنەر بوو. رۆمانەکانی بە زۆری لە قاڵبی مەنەلۆگ دا دەگێردرینەوە، و زمانی قارەمانی چیرۆکەکانی زمانی باشوورییە، زمانێك هەندێ جار بێ تەرتیب و رێسایە، کۆمیدی، مەجازی، زبرو پڕ هەڵچوونە. شێوازی ئەو بە شێوەیەکی گشتی نا ئاساییە: لەزەمەنی ئێستاوە دەست پێدەکات و لە رابردووا سەر دەردێنێ.

فۆکنەر کە لە ساڵی 1949دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، لە وتارێکا بە بۆنەی وەرگرتنییەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نووسەر دەبێ بەهای واقیعی کۆن و حەقیقەتە دەروونییەکانی- ڤیان و شانازی و دڵسۆزی و غرورو حەوسەڵەداری- لە بیر نەکات.

بەرهەمەکانی فۆکنەر وێڕای بایەخدانیان بە پرسەکانی باشوور، لە هەمان کاتدا زۆر بە قوڵی سەرو سەختیان لەگەڵ وەزع و حاڵ و هەلومەرجی ژیانی ئینسان دا هەیە. و لە کۆتاییدا فۆکنەر بەلای کەمەوە بە گەورەترین رۆماننوسی ئەمریکایی نێوان هەردوو جەنگە جیهانییەکە دەزانرێ. و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستی قوڵی ئەخلاقی، شارەزایی لە کەڵکەکە قوڵەکانی خەڵکی، هاوسۆزی لەگەڵ بێنەوایان، توانای شیکردنەوەی کەچڕەوییەکانی کۆمەڵگەی روو لە گەندەڵی، و ئاوێتە بوونی ئەم خەسڵەتانە لەگەڵ زەوق و لێهاتوویی هونەریی دا.

<u>ئێرنست هەمینگوای</u> (1899– 1961):

سیمای پرشنگداری رۆماننوسینی ئەمریکا لە شاری ئوك پارك (ئیلینوین)، لە خێزانی پزیشکێك لە دایك بوو. تا کۆتایی قۆناغی دووەمی ئامادەیی خوێندو ئیدی کەوتە کاری پەیامنێری. لەگەڵ هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی جیهانی یەکەما، خۆ بەخشانە پەیوەندی بە بەشی خزمەتی ئەمبولانسی ئیتاڵیاوە کردو پاشان بۆ تۆپخانە نەقڵ بوو. هەمینگوای لە جەنگا زامدار بوو و میدالی لە دەوڵەتی ئیتاڵیاو ئەمریکا وەرگرت. لە دوای جەنگ بۆ فەرەنسا چوو و وەکو پەیامنێری دەرەوە دیسان خۆی بە دنیای رۆژنامەوانیدا کرد.

لە پاریس دا دەرگای دۆستایەتی لەگەڵ دووره ولاتانی وەکو ئەزراپاوەند، شیروود ئاندرسون، و گرترودستایندا کردەوەو بە هاندانی ئەوان شێوەی نووسینی سادە، دیالۆگی، بابەتی، و ناسۆزداری و کورتبڕی هەڵبژارد.

یەکەمین کتێبی هەمینگوای لە ژێر سەر ناوی سێ چیرۆك و دە شیعر دا (1923) لە فەرەنسا بڵاوبووەوە. دووەمین کتێبی بە ناوی: (لە زەمانی ئێمەدا (1924) بوو، کە بریتی بوو لە پانزە کورتە چیرۆك و ئەمیش لە پاریس بڵاوبووەوە. زۆربەی ئەم چیرۆکانە دەربارەی منداڵیەتی نیك ئادامز–ن کە هەندێ لێکچوونی لەگەڵ خودی نووسەردا هەیەو، هەر ئەم نیك ئادامزە دەبێ بە نموونەو سەر مەشقی قارەمانانی دواتری هەمینگوای. نووسەر لەم کۆ چیرۆکەدا بە سادەیی و کورتی، هەندێ دیمەنی ترسناك وەسف دەکات و تێدەپەڕێ.

یەکەمین رۆمانی هەمینگوای، سێڵاوی بەهاری (1926) بوو بەڵام یەکەمین رۆمانی گرنگ و باشترین بەرهەمی درێژی ئەو، هەتاو هەڵدێتەوە (1926)ی ناو بوو. ئەم رۆمانە سەر بوری ئەو رۆشنبیرە نا ئومێد و بێ ئارمانجە ئەمریکاییانەیە کە لە ئەورووپادا، بە تایبەتی لە فەرەنسادا سەرگەردان بوون. ئەم ئاوارەو دووره ولاتانە، کە گرتوردستاین "نەوەی گومڕا"یان ناو دەنێ، خەڵکانێکی دڵبرین و نا ئومێدن، کە جەنگێکی سەختیان بەڕێکردووەو رۆژانی خۆیان لە نێو چینە دەستکورتەکانی کۆمەڵگەو کاباری دوکەڵاوی و پڕ دوکەڵەکاندا بە مەیخواردنەوەو رابواردن بە فیڕۆ دەدەن. لەگەڵ ئەمەشا، هەموو رۆژێ خۆر هەڵدێت و رۆژێکی نوێ دەست پێدەکاتەوە.

"ماڵاوا لە چەك– 1929":

یەکێکە لە باشترین رۆمانەکانی هەمینگوای، دەربارەی وەسفی تراژیدی و وێرانکاری جەنگی جیهانی یەکەم، و سەر رێژە لە بەزین و نائومێدی "نەوەی گومڕا" لە زەمانی جەنگ و ئاشتیدا. بابەتی ئەم چیرۆکە رۆمانتیکییە، گیرۆدەبوونی فردریك هنریی ئەفسەری لاوی ئەمریکییە، بە شەڕێکی بێهودەوە کە کەس ماناو مەبەستەکەی نازانێ، نە سەربازەکانی، نە ئەفسەرەکانی، و نە سەردارەکانی. فردریك خزمەتی ئامبولانسی ئیتالیا لەبەر خاتری کاترین بارکلیی پەرستاری ئینگلیزی بەجێدێڵێ. ئەم جووتە بۆ سویسرا هەڵدێن. کاترین بەسەر مناڵەوە دەمرێت، و فردریك نا ئومێدو بێزار روو لە خوایان دەکات، و تا ناخی روحی دڵبرینە، و بریندار، سیفەتی هەموو قارەمانەکانی هەمینگواییە.

"هەبوون و نەبوون- 1937":
رۆمانێکی لە راستیا کۆمەڵایەتییە کە چمکێکی کێشمانەکێشی نێوان داراو نەدارایان بەرجەستە دەکات. هاری مورگان-ی شا قارەمانی چیرۆکەکە، مرۆڤێکی کۆشایە کە لە رای دابینکردنی نانی ژن و مناڵەکەیدا، گیانی خۆیشی بەخت دەکات. و لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا لە بن لێوانەوە دەڵێت مرۆڤ بە تەنیا هیچ بەخت و ناوچەوانێکی نابێت.

"زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن- 1940":
ئاڵۆزترین و درێژترین رۆمانی هەمینگواییە دەربارەی جەنگی ناوخۆی ئەسپانیا (1936-1939)، و شەڕی کۆماریخوازنی ئەو وڵاتە لەگەڵ لایەنگرانی جەنەراڵ فرانکۆدا.
قارەمانی رۆمانەکە، مامۆستایەکی ئایدیالی ئەمریکاییە کە لە ئەسپانیادا، لە ریزی خەباتکاراندا دەجەنگێ. لە رێگەی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا کە بە ئارەزووی خۆی هەڵی بژاردووە، گیانی بەخت دەکات. ئەو چیتر بوکەڵەی دەستی چارەنووس نییە، بەڵکو خەباتگێڕێکە کە دەورێکی گەورەی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا هەیە.

"ئەوبەری روبارو لە نێو درەختاندا- 1950":
رۆمانێکە دیاری و زادەی جەنگی جیهانی دووەم، کە نووسەر بە خۆیشی پەیامنێری جەنگی نێوبراو بووە.

"پیرەمێردو دەریا- 1952":
دوایەمین بەرهەمی چیرۆکڤانی گرینگی هەمینگواییە، کورتە رۆمانێکی یەجگار سفت و بتەوە، قارەمانی سەرەکی کتێبەکە سانتیاگۆیە، پیرەمێردێکی کوباییە کە بۆ ماوەی هەشتاو چوار رۆژ هیچ راوێکی دەست ناکەوێ. لە رۆژی هەشتاو پێنجەمین دا دوور لە بەندەر، لە ئاوەکانی کەناری هاڤانا، ماسییەکی گەورە دەگرێت، و لە پاش سێ رۆژ جەنگی نابەرابەر لەگەڵ ماسییە گەورەکەدا، بەبێ کۆمەکی ئەو کوریژگەیەی کە عادەتەن لەگەڵیا دەچوو، ماسییەکە، دەگەیەنێتە بەندەر، لە

وێنـدەر کۆسـە ماسـییان پـەلاماری دەدەن. پیرەمێـرد چـەند دانەیـەکیان دەکوژێـت، بـەڵام ئـەوان ماسـییەکە دەخـۆن. تەفسـیرو شـرۆڤەی جـۆراو جۆریـان دەربـارەی ئـەم کورتـە رۆمانـە کـردووە، و مانایـانی تایبـەتیان بـۆ پیرەمێردەکـەو دەریـا، ماسـییەکە، کۆسـە ماسـییەکان، و قولاپـەکان لێـك داوەتەوە. هەندێ لە توێژەرو شرۆڤەکاران ئەم چیرۆکەیان بە مەجازێك لەمەڕ شکستی حەتمی مرۆڤ لە بەرانبەر بوون دا لێکداوەتەوەو، وێڕای شکست مرۆڤ دەتوانێ بەشەهامەت و بوێرییەوە درێژە بە خەبات بدات و نەبەزێ، بەڵام شرۆڤەکەی خودی هەمینگوای لـە هـەموو شـرۆڤەکانی دیکـە روونـترە: "مـن هەوڵمـداوە پیرەمێرێکـی راسـتی، کوڕێژگەیـەکی راسـتی، دەریایـەکی راسـتی، ماسـییەکی راستی، کۆسە ماسییانی راستەقینە بافەرێنم". بە هـەر جاڵ پیرەمێرەکە لـە کۆتاییـد دا بـە دەسـتی بـەتاڵ لــە دەریــا دەگەڕێتــەوە، بــەڵام تاقیکردنەوەیــەکی دژواری ســەرکەوتووانە بڕیــوە، و ئــەم سەرکەوتنە بۆ هەر قارەمانێك بەسـە. چونکە گـرنگ نییـە کـە لـە کۆتـایی کـاردا کـێ شکسـت دێنـێ، گرنگ ئەمەیە کە قارەمان چۆن چۆنی رووبەڕووی دژوارییەکان دەبێتەوە،و ئەگەر شکستیش بێنێ، چۆن تەحەملی دەکات.

هـەمینگوای لـە نووسـینی کورتـە چیرۆکیشـدا رێگەیـەکی نـوێی کـردەوە. لـە کورتـە چیرۆکەکانیا لـە بـیری ئـەوە دا نییــە کــە رووداو لــە ژیــانی قارەمانــان دا بخــوڵقێنێ. قارەمانــانی چــیرۆکەکانی ئــەو بنیادەمی زندوون و دەژین. یەکێك لە کۆ چیرۆکەکانی، پیاوانی بێ ژنە (1927)، کـە چـواردە کورتـە چیرۆکە کە لەو چیرۆکانەدا جوانترین نموونـەێن هونـەری ئـەو لـە مەیـدانی وەسـف، گفتوگـۆ و فـەزاو هاماجدا بەرجەستە دەبێ، بە ناوبانگترین چیرۆکی ئـەم کـۆ چیرۆکە: "پیـاوکوژان"، "گردانـی مینـا فیلانی سپی"، "پرسیارێکی سادە"ن.

کۆ چیرۆکێکی دیکەی، بەناوی براوە بێ بەشە (1933)، چیرۆکانی دڵگیری وەك "روناکی جیهان"و "پاش بۆران" لە خۆ دەگرێت. لە چیرۆکەکانی دواتـری هـەمینگوای ، بـەفری کلیمانجـارۆ (1938)و ژیـانی خـۆش و کـورتی فرانسـیس مکـومبر (1938) یادگـاری سـەفەری خۆیـەتی بـۆ ئـەفریقیا. ئـەم چـیرۆکانە کـە لـە قـاڵبی بەرهـەمی کلاسـیك دان، رەنگدانـەوەی ناسـکی روح و جـوانی تەبیعـەتی نووسەر، و جوانیی کێویانەی سروشت و رەقی ژینگەی کۆمەڵایەتین.

هەندێ لە بەرهەمە نا چیرۆکڤانییەکانی هـەمینگوای، بـریتیین لـە: مـەرگ لـە دوا نیـوەڕۆدا (1932)، ستایشێکی گابازییە، و تەپـە سـەوزەکانی ئـەفریقا (1937) دەربـارەی راوی گیانلەبـەرانی کێـوی و هەندێ بابەتی دیکەیە دەربارەی ئەفریقا، و لە ڕاستیدا سەفەرنامەی نووسەرە بۆ کشوەری نێوبراو. جـەنگی نـاوخۆی ئەسـپانیا و فاشـیزمی فرانکـو، وایـان لـە هـەمینگوای کـرد کـە بـاوەڕ بـە هـەنگاوی دەسـتەجەمعی بـۆ چارەسـەری مەلەسـە کۆمەڵایەتییـەکان بێنـێ. هـەمینگوای کـە لـە مـاوەی جـەنگی ناوخۆدا وەکو پەیامنێری جەنگی چوو بۆ ئەسپانیا، زۆر لە خـەباتکارانی ئـەم وڵاتـە نزیـك بـووەوەو بـوو بـە شـەرێکی خـەمیان. شـانۆنامەی تـابووری پێنجـەم (1938) کـە نیشـانەی رەسـانەیەتی و هەقانیـەتی خـەباتی گـەلی ئەسـپانیایە، یادگـاری ئـەم قۆناغەیـە... هـەمینگوای شـێوەو شـێوازێکی داهێنا کە بوو بەسەر مەشقی نووسەرانێکی زۆر. تایبەتمەندییە دیارەکانی ئـەم شـێوازە لـە کـێش و تۆن، کەمبێژی، وردی و ناسکی ئاوێتـە بـەرەقی و زبـری پیاوانـە، و توانـای سـەیری هێمـاو ئامـاژەدا

پەنهانە. هەمینگوای بە ئامادە بوون لە مەیدانانی جەنگ، راوگەکانی ئەفریقا، مەیدانانی گابازی، و ئوقیانووس، روحی زەمان و دنیای سەردەمی خۆی ناسی و دەرك كرد، و لە زمانی قارەمانەکانییەوە، کە پێشەنگانی نەوەی خۆیان بوون، پەیامی خۆی لە دەربڕینی حاڵەتی سۆزداری نەوەی پاش جەنگ دا ئەنجام دا. بە کورتی ، هەمینگوای کە سیمایەکی درەوشاوەی نووسەرانی گوم بوو، و لەوەشە باشترین نووسەری سەردەمی خۆی بێ، لەبەر خاتری "وەستایەتی پڕ تواناو شێوازی داهێنەرانەی لە هونەری چیرۆکنووسی تازەدا" خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیاتی ساڵی 1954ی بردەوە.

<u>**تۆماس (کلیتن) وولف (1900– 1938):**</u>

لە ئاشویل–ی کارولینای باکووری، لە خێزانێکی بەردتاش لە دایك بوو. لە زانستگەی کارولینای باشووری خوێندوویەتی و لەوێندەر دوو شانۆنامەی نووسی: گەڕانەوەی باك گاڤین (1924)و شەوی شوم (1938). پاشان بۆ خوێندن لە بەشی شانۆنامەنووسیدا چووە هارڤەردو لەم زانستگەیەدا شانۆنامەیەکی بە ناوی: بەخێرهاتی بۆ شارەکەمان (1923) ئەنجام درا. پاشان وولف

لە زانستگەی نیویورك دا بوو بە مامۆستای ئینگلیزی، و چەند سەفەرێکی ئەورووپاشی کرد.

وولف خاوەنی چوار رۆمانی گەورەیە کە بە راپۆرێکی تێروتەسەل و لیریکی لەمەڕ ژیان –کۆشش، هزر، و هەستەکانی– خۆی دەژمێردرێ.

یەکەمین رۆمان: ئەی فریشتە بڕوانە نیشتمان (1929) کە رەگی دەچێتەوە سەر ئەزموونە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆی، ئەمە سەربردەی پیاوێکە بە ناوی یوجین گانت، کە بە دەنێکی توندو تۆڵ و تۆکمەو هەست و ئارەزوویەکی بێ سنووری هەیە. هەمان یوجین گانت قارەمانی رۆمانی دووەمی وولفە بە ناوی: لە زەمان و رووبارەوە (1935). ئەم رۆمانە درێژەی بیرەوەرییەکانی نووسەرەو تۆنێکی خەمینی هەیە. دوو رۆمانەکەی دیکەی ناویان: جۆلاتەنەو تاوێر (1939)، و تۆ چیتر ناتوانی بۆ ماڵ بگەڕێیتەوە (1939)یە.

کۆ کورتە چیرۆکەکانی وولف، لە مردنی مەسیحەوە تا بەیانی (1935)و دیوانی شیعرەکانی، بەردێك، گەڵایەك، دەرگایەك (1945) یان ناوە. دەقی وتارێکیشی دەربارەی کاری خۆی لە ژێر سەرناوی: چیرۆکی رۆمانێك دا (1936) بڵاو بووەتەوە.

وولف چیرۆکەوانێکی وشەبازو کەم ئەزموونە، بەڵام جدی و گەرم و گوڕو زیتەڵە. بابەتی کتێبەکانی یا خودی خوێن یا ئەمریکان، و جەختیش لەسەر ڤیان و مردن، بەرزەفڕی و ترس، و هەموو ئەو بابەتانەیە کە هەمووان گیرۆدەین. رەوانی لیریکی بەشێك لە تەبیعەتی ئەو بوو، شێوازە لیریکییەکەی سادەو رەوان و پڕ جۆش و شاعیرانەیە.

<u>**جۆن ئیرنست شتاین بك (1902– 1968):**</u>

لە گوندی سالیناسی کالیفورینا، لە خێزانێکی بورژوا چاوی بە دنیا هەڵێنا. بابی ژمێریاری ناوچەو دایکی مامۆستا بوو. سەردەمی منداڵیەتی جۆن لە کێڵگەکاندا بە کاری دەرس خوێندنەوە تێپەڕی. لە ساڵی 1919دا چووە زانکۆی ستانفورد، و لە ساڵی 1925 دا بێ ئەوەی کارنامە وەربگرێت، وازی لە زانکۆ هێنا.

ساڵانی 1925- 1927ی لە نیویورک دا بە سەرادارى، بەنایی، کشتوکاڵی، دەرمانسازی، و پەیامنێری بەسەر برد. لە ساڵی 1937دا سەردانی ئەوروپای کرد، و لە ساڵی 1943دا وەکو پەیامنێری جەنگی رۆژنامەی نیویورک هیراڵدتریبیون پێی نایە ناو مەیدانانی شەڕی مدیترانەوە.

لە جەنگی جیهانی دووەمیشدا لە بەشی پەیوەندییانی نێوان ئەمریکاو بەریتانیادا خزمەتی کرد.

لە ساڵی 1947دا بۆ ئەندامی ئەکادیمیای نەتەوەیی ئەدەبیات و هونەر هەڵبژێردراو میداڵی باڵای وڵاتی نەرویجی وەرگرت.

شتاین بکم شرۆڤەکاری مەینەتی و دەردو رەنجی هەژاران و چەوساوانە و بەرهەمەکانیشی رەنگدانەوەی دەردو ئازارە دەروونییەکانی جەماوەری دەستکورت و گوم ناون. شۆرەتی ئەو بەندە بەو شیکردنەوە ریالیستیانەی کە لە مەڕ ژیانی هەمان خەڵکی چارەڕەش، بە تایبەتی زەحمەتکێشانی مەزراکانی کالیفۆرنیا، لە ساڵانی قەیرانی ئابووری ئەمریکا ئەنجامی داون.

یەکەمین رۆمانی شتاین بك، فینجانی زێڕین (1929)ـە، کە نیشانەی پەیوەندی ئەو بە دەریاوە بوو، و رۆمانی دووەمی: بۆ خوایەکی نەناسراو (1933) پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی بە شێوەیەکی کارا دەگێڕایەوە. بە رۆمانی تورتیلافلەت (1935) شۆڕەتێکی پایەداری پەیدا کرد. لەم رۆمانەدا کۆمەڵێك دێهاتی دەستکورت بەڵام دڵ زندوو پڕ ئومێدی ئیتاڵیایی لە کالیفورنیادا بە جۆرێ دەژین کە لە بایولۆجی دا "هاوژینی" پێ دەگوترێ، و بە گوتەی خودی شتاین بك، ئەوانە لە هەمان کاتا لە ئارتورشاو دلاوەرەکانی دەکەن.

رۆمانی: لە شەڕێکی گومان لێکراوا (1936) دەربارەی مانگرتنی سێوچنانی دۆڵی تورگاس-ـە.شتاین بك لێرەدا بە تونێکی خەباتکارانە بەرگری لە وەرزێرانی مەزراکانی کالیفورنیا دەکات. و لە مشك و بنیادەمانیشدا دەچێتەوە سەر هەمان بابەت.

**مشکان و بنیادەمان (1937):**

رۆمانێکە کە بووە مایەی سەنگ و ئیحتوباری شتاین بك و گەیاندییە قۆناغێکی تازەی پوختە بوون. لەم کتێبەدا مامەڵەیەکی رۆمان ئاساو درامی لە حەقیقەت و خەیاڵ و ئەفسانە ئاوێتەی یەك بووە.

دوو کرێکاری موهاجیر لە دۆڵی سالیناس دا، بە تەواوی پشتیان بە یەکتر بەستووە: یەکێکیان کەسێکی ئاساییە کە دەیەوێ ببێ بە خاوەنی پارچە زەوییەك و ئەوی تریان "مێشکێکی سەقەتی" هەیەو لە توانای بەدەنی خۆی بێ ئاگایە. کرێکاری دووەم بێ ئەوەی بزانێ بووکی ئاغاکەیان دەکوژێت و، یەکەمیان بە ناچاری دەیکوژێتەوە، بە مجۆرە، لەمیانەی زنجیرە رووداوێکەوە ئاشکرا دەبێ کە "زۆربەی ریسەکانی بەشەر دەبنەوە بە خوری".

"هێشووی توڕەیی– 1939":

لە باشترین ڕۆمانانی ئەمریکی سەدەی بیستەمە و براوەی خەڵاتی پولیتسەرە. ئەم بەرهەمە کە ڕەنگە باشترین نموونەی چیرۆکی کرێکاری دەیەی 1930یش بێ. دەربارەی خێزانێکی کرێکاریی موهاجیرە کە لە ئوکلاهوماوە بۆ کالیفورنیا کۆچ دەکەن. ناوەڕۆکی ئەفسانەیی چیرۆکەکەو – داستانی کرێکاری موهاجیری ئەمریکا– لە تەوراتەوە هەڵێنجراوە، و ڕەمزێکە دەربارەی گەڕانی ئەبەدی بەشەر بە دوای زەوی مەوعودا.

"پاسی سەرگەردان– 1947":

ڕۆمانێکە دەربارەی بەسەرهاتی نالەباری سێکسی گروپێک لە وێستگەیەکی کەناری جادەی کالیفورنیادا.

"مرواری– 1947":

کورتە ڕۆمانێکە کە چیرۆکی ڕاوچییەکی مرواریی خەڵکی مەکسیک دەگێڕێتەوە.

"ڕۆژهەڵاتی بە هەشت– 1952":

درێژترین ڕۆمانی شتاین بکە، لە سفری پەیدا بوونی تەوراتەوە هەڵێنجراوەو پەرەسەندن و ڕەوتی ژیانی نووسەر لە کالیفورنیا دا وێنە دەگرێت.

هەندێ لە ڕۆمانە کەم تازۆر بە ناوبانگەکانی دیکەی شتاین بک ئەمانەن: لەوەڕگەکانی ئاسمان (1932)، پێنج شەممەی دڵگیر (1954)، ئەسپی سوور (1959) و زستانی ناڕازییەکان (1961).

کۆمەڵێك لە کورتە چیرۆکەکانی شتاین بک–ش لە ژێر سەر ناوی: دۆڵە درێژ– 1938دا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی شتاین بک پەیوەندی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرانە. ڕۆمانەکانی، هەم ڕەنگدانەوەی نا ئومێدی و ڕەشبینی نووسەرن، و هەم ڕەنگدانەوەی گیانی خەباتگێڕانەی ئەون. شتاین بک کە مامۆستای ئەدەبیاتی کرێکارییە، ژیانی قوربانیانی بەدبەختی و چەوسانەوەی بەوپەڕی زەبەر دەستی و ڕوونی و ڕەوانی وێنەگرتووە. شێوازەکەی لە ڕۆمانتیزمەوە بەرەو ریالیزمی، و فۆرمی بەرهەمەکانی لە ڕازانەوەی زمانەوانییەوە بەرەو سادەیی و ڕوونی گەشەی کردووە.

شتاین بک لە شرۆڤەی پاژان. وەسفی دیمەنان، عەکس کردنەوەی حاڵەتەکان، و دەربڕینی بیرەوەریاندا توانایەکی ئاشکرای هەیە. شتاین بک لە پاداشتی بەرهەمە بەنرخەکانی خۆیا کە ئاوێتەیەکن لە ریالیزم و خەیاڵ و سەرڕێژن لە گاڵتەبازی و تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 1962ی بەدەست هێنا.

ئیرسکین (پرستن)ك كالدویل (1903– ):

كوڕی جەرگەی باشوور،و لە خێزانێكی كابرایەكی رۆحانی هاتۆتە دنیا، لە زانستگەكانی ڤیرجینیا و پەنسیلڤانیا خوێندویەتی. ماوەیەكی زۆر لە ئەمریكای مەركەزی دا سەرگەردان بوو، بۆ ماوەیەك بوو بە یاریزانێكی پیشەیی تۆپی پێ، و بۆ ماوەیەكیش كاری پەیامنێری رۆژنامەكانی كرد. پتر لە سەد كورتە چیرۆك و چەند رۆمانێكی لە پاش بەجێماوە، كە كەمو زۆر بە دەوری تەوەری ژیانی جووتیاران و رەش پێستانی گوندەكانی جۆرجیادا دەسوڕێتەوە. ئەم بەرهەمانە وێڕای بەرگری نا راستەوخۆیان لە دادی كۆمەڵایەتی، بەنا ئەخلاقیش لە قەڵەم دراون. بە شێوەیەكی گشتی بەرهەمەكانی، كە لێوان لێون لە تەنزو ریشخەن، ئەمریكا بە رووت و قووتی وێنە دەگرن.

رۆمانەكانی:

"رێگەی تووتن– 1932":

رۆمانێكی واقیعییە دەربارەی خەڵكی ناوچە دێهاتییەكان، شاقارەمانی كتێبەكە جووتیارێكی دەست بەتاڵی جۆرجیاییە كە لەگەڵ خێزانە برسییەكەی دا لە رێگەی تووتن دەژی. ئەو درامایەی كە لەم رۆمانەوە ئامادەكرا، لە ماوەی حەوت ساڵاندا سێ هەزارو سەدو هەشتاو دوو جار، بە سەركەوتووی لە برادوەی (نیویورك) نمایش كرا.

"بستێك خاكی خوا– 1933":

رۆمانێكە دەربارەی كێونشینانی هەژاری جۆرجیا. قارەمانی چیرۆكەكە دەرامەتی یەك هیكتار لە زەوییەكەی خۆی بۆ كڵێسا تەرخان كردووە، بەڵام هەمیشە شوێنی زەوییەكە بە گوێرەی پێویستی و بەرنامەكانی خۆی دەگۆڕێت.

هەندێ لە رۆمانەكانی كالدول، وەكو بیژ (1929)و گێلەپیاوی هەژار (1930) دەربارەی ژیانی چینی كرێكار نووسراون. رۆمانانی وەك: رێبوار (1935)، هەرای حوزەیران (1940)و ئەم زەوییە (1948)، دەربارەی باشوورن، رۆمانی: چرایەك بۆ شەو، دەربارەی خەڵكی ویلایەتی مین–ە. و سەرانسەری شەو (1942) دەربارەی جەنگاوەرانی نا سوپایی روسیایە. لە رۆمانەكانی دیكەی كالدول، دەكرێ ئاماژە بۆ: زەوی خەمناك (1944)و دەستی دڵنیای خودا (1947) بكرێت.

كالدول، لە بنەڕەتدا كاری خۆی بە چەند كورتە چیرۆكێكی بەهێز دەست پێكرد، كە لە چەند كۆ چیرۆكێكدا بڵاوبوونەتەوە. لەو كۆ چیرۆكانە: كڕنۆش بۆ خۆری هەڵاتوو (1935)، خاكی ئەمریكا (1950) و چیرۆكانی كەناری كەنداو (1956) ناوبانگیان پەیدا كردووە.

نێوەڕۆكی سەرەكی بەرهەمەكانی كالدول، هەژاری ئابووری، زەبرو زەنگی كۆمەڵایەتی، و مەیلی كەچڕەوانەی سێكسین. بە شێوەیەكی گشتی كالدول نووسەرێكی فرەكارو بە بەرهەم بوو، بەو رادەیەی كە لە ساڵی 1949دا نزیكەی بیست ملیۆن نوسخە لە بەرهەمەكانی لە بازاڕی كتێبدا بوو.

## جەیمز توماس فارل (1904- 1979):

لە باشووری شیکاگۆ، کە بابەتی بەرهەمەکانی پێك دێنێ، لە دایك بووە، گرنگترین بەرهەمی، رۆمانێکی سێ بەشییە بە ناوی ستودس لۆنیگان، کە بریتییە لە لونیگانی لاو (1932) لاوی و پوختەیی ستودیوس لونیگان (1934) و رۆژی پەسلانێ (1935). فارل بەم بەرهەمە سێ بەشییە هەرایەکی نایەوە، چەنکە شێوەی نووسینی ناتورالیزمی بێ پەردەی بۆ دەربڕینی زبرییەکانی ژیان گرتبووە بەر. لەم رۆمانەدا قۆناغی منالّی. لاوی، و پوختەیی، و ئەنجام مردنی ستودس لونیگان، ی فەرزەنی خێزانێکی سەر بە چینی هەژاری شیکاگۆ، دەگێڕێتەوە، و جەخت لەسەر هەژاری، عەسەبیەتی ئاینی، نابەرانبەری ئابووری، مەحرومیەتی تاك، شەرارەت، و کاریگەری وێرانکەری ژینگە دەکاتەوە. لە رۆمانەکانی دیکەی فارلدا: رۆژانی تورەیی (1943)و باب و کوڕ (1953) ناوبانگیان دەرکردووە.

یەکێك لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی فارل کتێبێکە بە ناوی: چەند سەرنجێك دەربارەی رەخنەی ئەدەبی (1936)، کە بە گرنگترین بەیانی ئەدەبی دەیەی 1930 کە لە روانگەی چەپییەکانەوە نووسرابن دەژمێردرێ.

فارل لە جوملەی ئەو نووسەرە ناتورالیستانە بوو کە ناتورالیزمیان ئاوێتەی فەلسەفەی سیاسی چەپییانەی خۆ دەکرد. رۆمانەکانیشی زیاتر لایەنی بەلّگەنامەییان پەیدا کردووەو، لە رووی پەیڤ و وشەو جولّەوە یەجگار دەوڵەمەند دەنوێنن.

## جون (هنری) ئوهارا (1905- 1970):

نووسەری کورتە چیرۆك و رۆمان، خەلّکی پەنسلڤانیا، بە رۆژنامەنووسی دەستی پێکرد. یەکەمین رۆمانی: وەعدی دیدار لە سامارا (1934) بوو کە بووە مایەی ناوبانگی. رۆمانی دووەمی بوتەرفیلد هەشت-ی ناو بوو. رۆمانەکانی دواتری بریتین لە: تاسەی ژیان (1949)، و لە بانیژەوە (1958)و ئەسپ رێگە دەناسێت (1946).

لە نێو کورتە چیرۆکەکانی ئوهارادا، کۆ چیرۆکی کوڕی پزیشك (1935) جوانترین چیرۆکی لە خۆ دەگرێت.

زۆربەی کورتە چیرۆك و رۆمانەکانی ئوهارا شرۆڤەو لێکدانەوەی داب و نەریت و ئاکارو ئەخلاقیاتی ئەمریکای هاوچەرخە.

## روبرت پن وارن (1905- ...):

شاعیر، نووسەری کورتە چیرۆك و رۆمان، لە دەڤەرە چیاییەکانی کنتاکی هاتە دنیاوە، لە سەرەتاکانی دەیەی 1920دا بە یەکێك لە ئەندامانی گروپی "موهاجیر(4)" دەژمێردرا. دوانزە کەس لە نووسەرانی باشووری سەر بە گروپی ناوبراو- لەوانە وارن- لەکۆمەلّێك وتاریاندا بە ناوی: من لە جێی خۆم دەوەستم (1930) لایەنگرییان لە باشووری کشتوکالّی لە هەنبەر باکووری پیشەسازی دەکرد. لە راستیا، بابەتی ئەم وتارانە باشوورو رێورەسمی جوتیاریی باشوور بوو.

وارن لـه سـەرەتادا بـە شـیعرە جوانـەکانی، کـە لـە بـاری خواسـتنی زنـدوو و وەسـفی درەخشـانەوە شایستە بوون، ناوبـانگێکی دەرکـرد. ئـەم شـیعرانە لـە چـەند دیـوانێکی وەکـو: سـی و شـەش شـیعر (1935)، یازدە شیعر (1942) و ئێوەی ئیمپراتۆران (1960) بە چاپ گەییون.

یەکەمین رۆمانی وارن بە ناوی: سـواری شـەو (1939) بـوو، کـە چیرۆکێك بـوو لەمـەڕ تووتنـەوانانی کنتـاکی. رۆمـانی دووەمـی: لـە دەروازەی بـە هەشـت دا (1943)، ئاماژەیەکـە بـۆ ژیـانی بازرگـان و سیاسەتوانێکی گەندەڵی خەڵکی تنسی بە ناوی لوك لی. ئەو رۆمانەی وارن کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگـرت: هـەموو پیـاوانی شـاد 1946ی نـاوە و شـیکردنەوەی رەگ و ریشـەی بنـەمای ئـەخلاقی سیاسییە، گوتیاری (راوی) چیرۆکەکە لاوێکی زرنگە کە بەسـەرهاتی تـەرەقی و کـەوتنی بابایـەکی عەوام خەڵـەتێنی خـەڵکی باشـوور دەگێڕێتـەوە. لـە چیرۆکەکەدا رووبەڕووی مەسـەلەی خێـرو شـەڕ دەبێتەوەو "لە دایك بوون و مردنی دووبارە" تاقی دەکاتـەوە. رۆمـانێکی گرنگـی دیکـەی: "شـوێن و کاتی کاف (1950) بوو، و پاشان رۆمانی دەسـتەی فریشـتەکان (1955)ی نووسـی، کـە چیرۆکێکە لەمەڕ تێکەڵاو بوونی نەژادی لە میانەی جەنگی نـاوخۆدا. لـە رۆمانـە رەمزییـەکانی وارن، یـەکێکیان رۆمـانێکی فەلسـەفیە بـە نـاوی شـکەفت (1959)، و ئـەویتریان چـیرۆکێکی مێژوویـیـە دەربـارەی سەردەمی جەنگی ناوخۆ بە ناوی: بیابان- 1961.

دوو کورتـە رۆمـان و دوانـزە چیرۆکی کـورتی لـە ژێـر سـەر نـاوی: سـێرك لـە ژوورێکـی جەمـەلۆنی دا (1948) بڵاو بووەتەوە.

<u>**ویلیام سارۆیان (1908- 1981):**</u>

نووسـەرێکی ئەرمـەنی نـەژادە، لـە کالیفورنیـا هاتۆتـە دنیـا، سـەردەمی منداڵیـەتی بـە هـەتیوی بەسەرچوو. لە دەساڵیدا قوتابخانەی تەرك کـردو بـوو بـە پۆسـتەچی. لـەوە بـە دوا هەمیشـە هـەر لـە بیرو خەمی کاردا بوو.

ناوبانگی سارۆیان بە سکێچ و چیرۆکە ئیمپرسیونیستییەکانییەوە، کە لەو بەرهەمانـەدا ستایشـی ئازادی و هەستی شەخسـی و تـاك دەکات و میهرەبـانی و خۆشەویسـتی برایانـە وەکـو ئارمـانجێکی مرۆڤانی رەواج دەدا. بەناوبانگترین کۆ کورتـە چیرۆکی سـارۆیان، کـە بـە ئیلـهام لـە ژیـانی خۆیـەوە نووسراون، لە ساڵی 1940دا لە ژێر سەر نـاوی (نـاوم ئارامـە) بڵاوبووەوە. منـاڵی ئـازیز (1944)و ئاسوری دوو کۆ چیرۆکی دیکەین کە چەند کورتە چیرۆکێك لە خۆ دەگرن.

گرنگترین رۆمـانی سـارۆیای کۆمیـدیان مرۆڤـانی (1943) یـە کـە رۆمانێکـە زیـاتر دەربـارەی ژیـانی خۆی، و بەسەر هاتی کوریژگەیەکی پۆستەچی دەگێڕتەوە.

دوو رۆمـانی دیکـەی سـارۆیان، سەرکێشـییەکانی وسـلی جاکسـون (1946) و پاپـا، تـۆ شـێتی (1957) یان ناوە.

یەکـەمین شـانۆنامەی سـارۆیان کـە سـەرکەوتووانە لـە بـرادوەی نیویـورك نمـایش کـرا: دڵـی مـن لـە چیاکانە (1939)ی ناوە.

شانۆنامەی دووەمی سارۆیان، زەمانی ژیانی تۆ (1939) خەلاَتی پولیتسەری بردەوە، کە سارویان قەبوڵی نەکرد، و بە هاندانێکی بورژوایی لە قەڵەم دا. لەم کتێبە دا کاراکتەرانی سەیر، پڕ سۆزو میهرەبان چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە ژیان وێنە دەگرن. لە دراماکانی دیکەی سارۆیان، دەکرێ ئاماژە بۆ گۆرانی خۆشی کۆنی ئەشق (1941)، جیم ندی (1947) وشکەفت نشینان (1958) بکرێت. ئەم شانۆنامانە دەربڕی باوەڕی سارۆیانن بە زاڵی خێر بەسەر شەڕدا.

**ریچارد رایت (1908– 1960):**

نووسەری رۆمان و کورتە چیرۆك، رەش پێست بوو. بە زمانپاراوترین پەیڤداری رەش پێستانی ئەمریکایی نەوەی خۆی دایدەنەن. بەیەکەمین رۆمانی کاریگەری خۆی: کوڕی گەڕەك (1940) کە بەشێوەی ناتورالیزمی نووسراوە، ناوبانگی دەرکرد. لەم رۆمانەدا، رەش پێستێك–ی خەڵکی شیکاگۆ، قەتڵێك دەکات، و دادگایی دەکرێت و حوکمی مردن بە کورسی ئەلەتریکی دەدرێ. یەکێکە لە بەرهەمەکانی تری: منالەکانی هاپۆ تومە (1938) کە کۆی چوار رۆمانۆکەو بریتین لە: کوڕیژگە رەشەکە (1945) کە ئوتوبیرگرافی سەردەمی لاوی خۆیەتی، غەیارە (1953) کە رۆمانۆکێکی فەلسەفیە، پیاوی سپی، گوێ بگرە (1957) دەربارەی ژیانی ناڕەوایی و بێدادی نەژادییە، و خەونی درێژ (1958) کە ئەمەیش رەنج و ئازاری رەش پێستانی ئەمریکا دەگێڕێتەوە.

**هوارد فاست (1914– ....):**

پەیامنێری جەنگ، نووسەری کورتە چیرۆکان، خەڵکی نیویورکە، لە خێزانێکی هەژار لە دایك بووە. لە ئەکادیمیای نەتەوەیی خوێندویەتی، و لە کارخانەکاندا کەوتە کار. لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری ساڵانی 1929 و 1930دا بێکار بوو. لەم سەرو بەندەدا رووی کردە نووسین، و هەندێ بەرهەمی سەبارەت بە لایەنگری لە چینی کرێکار نووسی. فاست لە جەنگی جیهانی دووەمدا ماوەیەك لە بەشی. بێ تەلدا کاری کرد، و لە ساڵی 1947دا بوو بە مامۆستای زانستگەی ئیندیانا. شۆرەتی فاست بە رۆمانە مێژوویە زندووەکانییەوەیە. لەم رۆمانانەدا زیاتر سەروسەختی لەگەڵ بابەتانی رامیاری دا هەیە. یەکەمین رۆمانی: دوو دۆڵ (1932)، دەربارەی شەڕی شۆڕشی ئەمریکایە. دوو رۆمانی دواتری: تۆم پینی هاوشاری (1943)و رێگەی ئازادی (1944) یادگاری ئولفەتی ئەو بوو لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست دا. فاست دوای چەند ساڵێك وازی لە کۆمونیزم هێنا، و شکست و نائومێدی خۆی لە: خوای رووتا (1957) تۆمار کرد. رۆمانی: ئەمریکایی (1946) لە راستییا ژیاننامەی جۆن پیتەر ئاڵتگیدی فەرمانداری نیویورك بوو. بە ناوبانگترین رۆمانی فاست، سپارتاکوس (1958)ـە، لە ژیانی رابەری شۆڕشگێڕی رومی (سپارتاکوس)و بزووتنەوەی کۆیلانەوە هەڵێنجراوە. دوا رۆمانی فاست، دەسەلاَت (1963)ـە، کە وێنەی رابەرێکی کرێکارییە.

**جون هرسی (1914– .....):**

له خێزانێکی ئەمریکایی، لە تین سیان لە ویلایەتی چین هاتۆتە دنیا، زانستگەی ییل-ی تەواو کردووە، و لە ساڵی 1937دا بوو بە سکرتێری تایبەتی سینکلر لویس. پاشان کەوتە کاری سەرنووسەری گۆڤارانی نیویورك و نووسین.
یەکەمین رۆمانی: زەنگێك بۆ ئادانۆ (1944، خەڵاتی پولیتسەری بردەوە)، باری سەرنج-ی وردی خۆیەتی لەمەڕ داگیرکردنی ئیتاڵیا لەلایەن ئەمریکاوە. لەم رۆمانەدا هەوڵی ئەفسەرێکی دڵسۆز بۆ ئامادەکردنی زەنگێك بۆ کڵێسای وێران بووی گوندێکی ئیتاڵیایی نشین بە دوورو درێژی دەگێڕێتەوە. هرسی لەساڵی 1946دا سەردانی هێرۆشیمای کردو رۆمانی بەڵگەداری هێروشیمای (1946) نووسی کە راپۆرێکی بابەتی و دڵتەزێنە دەربارەی کاریگەری بۆمبای ئەتۆمی بەسەر شەش کەسی ماوە. بێ رەحمی بنیادەمان نێوەرۆکی رۆمانێکی دواتریەتی بە ناوی: دیوار (1950) کە لە وێدا چیرۆکی وێرانکردنی گەڕەکی جولەکانی وارشۆ بە دەستی ئەڵمانیان دەگێڕدرێتەوە.
یەکێك لە دوا بەرهەمەکانی هرسی، کۆ سکێچێکی ژیاننامە ئاسای خۆیەتی کە لە ژێر سەر ناوی: لێرە بمێنەوە (1963) بە چاپ گەییوە، و دەربڕی زات و جورئەت و چاو قایمی مرۆڤانە.

<u>رالف والدو ئیلسون (1914- ...):</u>

نووسەرێکی رەش پێستە، لە ئوکلاهوما هاتۆتە دنیا، ماوەیەك لە کۆلیجەکان دەرسی گوتەوە و بڕێك چیرۆك و گوتارانی لە گۆڤاراندا نووسی. یەکەمین رۆمانی گرنگی: پیاوێکی نەبینراو (1952)، بوو کە خەڵاتی نەتەوەیی کتێبی بە دەست هێنا. قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە ناوی نییە، و ئەگەرچی رەش پێستە، بەڵام دەتوانێ جێگەی هەر مرۆڤێکی ستەمدیدەو بە قوربانی بوو لە دنیای ئێستادا بگرێتەوە. واتە دەشێت هەر کەسێکی ستەمدیدەو قوربانی لە شوێن دابنرێ.
کۆ گوتارەکانی ئیلسۆن: سێبەرو کار (1964)، دەوڵەمەندی لایەنە ئینسانییەکانی هزری ئەو نیشاندەدەن.
بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی ئیلسون رەنج و ئازاری رەش پێستانی ئەمریکایە، ئەو رەش پێستانەی لە هەوڵی ئەوەدان کە "شوێنی خۆیان لە مێژوودا" بگرن. هەڵبەتە ئیلسۆن هەر باسی دەردو رەنج ناکات، و رەش پێست وەکو مشەخۆرێك کە هەر سەرکوت و تەوهین تەحەمول بکات، وێنە ناگرێت، بەڵکو شادی و شکۆی قارەمانێتیش، کە بەشێکە لە ژیانی رەش پێست، نیشان دەدات.

<u>برنارد مالامود (1914- 1994):</u>

نووسەرێکی جولەکە مەزەبە، لە بروکلین لە دایك بوو و لە هەمان شاردا پەروەردە بوو. یەکەمین رۆمانی: گەوجی زگماك (1952) چیرۆکێکی مەجازییە دەربارەی قارەمانێکی باسکەیە. رۆمانی: شاگرد (1957) چیرۆکی جولەکەیەکی دوکانداری هەژارو شاگردەکەی دەگێڕێتەوە.
بابەتی رۆمانی: کارساز (1966)، کوشتنە لە رای مەزەبدا. قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە لە ماوەی سێ ساڵ رەنجی زندان و چاوەڕوانی دادگاییەوە، لە رووی ورەو دەرونەوە لە جاران بەهێز تر دەبێ

و مل بۆ ئیعتراف درۆینه، خۆ کوژیو نا ئومێدی نادا. دوو کۆچیرۆکی مالامود که له ژێر سەر ناوی: بەرمیلی جادو ئامێز (1958)و گەوجانە لە پێشەوەن (1963) بڵاوبوونەتەوه، توانای نووسەرایەتی ئەو نیشاندەدەن.

<u>ساول بیلو (1915- 000):</u>

له ماڵباتێکی جولەکه لەکیبیك له ویلایەتی کانادا چاوی به دنیا هەڵێنا، بەڵام به منداڵی له شیکاگو ژیاوه. له ساڵی 1937دا له زانکۆی نورت و سترن کارنامەی بەکالوریۆسی کۆمەڵناسی وەرگرت، و ئیدی کەوته دەرس گوتنەوەو هاوکای لەگەڵ گۆڤاراندا. یەکەمین رۆمانی: پیاوی بێ ئیش (1944) له قاڵبی دەفتەری بیرەوەری پیاوێکدا به نێوی جۆزیف نووسراوه که نیگەرانی ئەوەیه هەر ساتێك بیگرن و بۆ سەربازی بەرن. جۆزیف له بێ ئیشی بێتاقەت دەبێو خۆ بەخشانه دەچێ بۆ خزمەتی سوپایی، هەڵبەته نەك لەبەر بێزاری له فاشیستان، بەڵکو لەبەر ئەوەی که دەیەوێ ژیانی نەزمێکی لۆژێکی پەیدا بکات. دووەمین رۆمانی بلۆ، قوربانییە (1947) که باسی پەیوەندی بەینی جولەکان و غەیری جولەکان دەکات. رۆمانێکی دیکەی به ناوی سەرکێشییەکانی ئەوگی مارچ (1953)ه ئەم رۆمانه قەڵەمرەوێکی کراوەترو گشتی تری هەیه. شا قارەمانی رۆمانه که هەرگیز لەگەڵ ژینگه جیاوازەکاندا ناسازیو له هەر کارەساتێك بەسەلامەتی دەرباز دەبێ. له رۆمانی: هندرسنی پاشای باران (1959)، قارەمانی چیرۆکەکه که ئارەزوویەکی بێ سنووری وەدەست هێنانی ئەزموونی هەیه. بۆ ئەفریقا دەچێت، ئەگەرچی زۆر تەمبێ دەبێ، بەڵام تاسەی ژیان له دەست نادات. هیرزۆگ (1964) رۆمانێکی دیکەیەتی، دەربارەی مامۆستایەکی مێژووەو پتر دەربارەی ژیانی خودی نووسەره.

شانۆنامەی: دواشیکردنەوه (1964)ی بلو، که له برادوەی نیویورك نمایش کرا، بەسەرهاتی پیاوێکی دەروونزانه که لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن کەسایەتی خۆی شیدەکاتەوه.

بلۆ، شێوازێکی دەوڵەمەند، ئاڵۆزو هەندێ جار کۆمێکی هەیه، به پشتیوانی ئەزموونەکانی خۆی، کۆمەڵێك وێنەی دەوڵەمەندو جوان له مەڕ ژیان دەگرێت.

<u>کارسن مەك کولەرز (1917- 1967):</u>

خانمی رۆماننووس، نووسەری کورته چیرۆك و شانۆنامه، له ویلایەتی جۆرجیا هاته دنیاوه، و له نیویورك مۆسیقای خوێندووه. به یەکێك له بەهرەدارترین نووسەرانی نەوەی خۆی دەژمێردرێت.

یەکەمین رۆمانی: دڵ، راوچییەکی تەنیایه (1940)، تەمسیلێکه دەربارەی فاشیزم. نووسەر لەم بەرهەمەدا مەسەلەکانی تەنیایی و پەیوەندی له سیمای یەکەم کەسی چیرۆکەکەدا، که پیاوێکی کەڕولاڵه، شیدەکاتەوه.

دووەمین رۆمانی: شەوقدانەوه له چاوی زێڕین دا (1941)، بەسەرهاتێکه دەربارەی توندو تیژی له بنکەیەکی سوپایی له باشوور، و له زەمانی ئاشتیدا، شۆرەتی ئەم خانمه نووسەره به رۆمانی:

دەعوتكراوی ئاهەنگی زەماوەند (1946) بەرز بووەوە. رۆمانێكی دیكەی، سەعاتی بێ میل-ی (1961) ناوە.

كۆمەڵە كورتە چیرۆك و كورتە رۆمانێكی كولەرز بە ناوی: گۆرانی مەیخانەی خەمناك (1951) ناوبانگی چەسپاند.

دنیای چیرۆكەكانی خانم كولرز سەر رێژە لە توندو تیژی و بەدحاڵی بوون و شەڕەنگێزی و هەقكوژی. جۆرجیای زاگەی ئەو، بە هاوینای درێژو هەوای گەرمییەوە، بەخانووە تاقەتبەرەكانیەوە، بە قاوەخانەو كارخانە بچوكەكانییەوە، و بە بۆنی هەژاری و داڕوخانییەوە، زەمینەو هەوێنی نا رۆمانتیكی چیرۆكەكانیەتی. وێڕای ئەمەش، ناوەڕۆكی سەرەكی چیرۆكەكانی ئەڤینە. بەبێ ئەڤین، كۆمەڵگەی بەشەری لە هەنبەر نەفرەت و ترس، جیاوازی نەژادی و ئابووری، و توندوتیژی سێكس و گەندەڵیدا هەرەس دێنێ.

<u>جروم دەیڤید سالینجر (1919- ...):</u>

نووسەرێكی جولەكەیە، لە شاری نیویورك لە دایك بوو. بە رۆمانی: داهۆڵی دەشت (1951) ناوبانگی دەركرد. ئەم رۆمانە دەربارەی قوتابییەكی ئامادەییە كە دەخوازێ لە دنیای "رواڵەتبازان" هەڵێت، و كاتێ كە لەگەڵ خوشكە بچووكەكەیدا بۆ رۆژئاوا دەچێ، هەستدەكات كە دەبێ پاكی و بێگەردی خوشكەكەشی بپارێزێ، و رای دەگۆڕێت و بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە.

كۆی كورتە چیرۆكەكانی سالینجر كە بە ناوی نۆ چیرۆك (1953)ـە، پتر دەربارەی نەوجەوانانی هەستیارو نیگەرانە كە لە بەرانبەر دنیای بۆش و بە تاڵی با ب و دایكاندا وێنە دەگیرێن. كورتە رۆمانی بەناوبانگی: فرانی و زوویی (1961) چیرۆكێكە كە دیمەنەكانی ژیانی خێزانێك بە ناوی گلاس لە یەك شوێن كۆ دەكاتەوە. سالینجر لەم بەرهەمانەدا شێوازێكی روون و چڕی هەیە.

<u>نورمن میلەر (1923- ....):</u>

لە لانگ بریج-ی نیوجەرسی هاتۆتە دنیا، لە هارڤەرد خوێندویەتی. یەكێكە لە بەهرەدارترین نووسەرانی ئەمریكایی و دەربارەی گوتویانە: بلیمەتێكە كە هێشتا بابەتێكی نەدۆزیوەتەوە.

شۆرەتی میلەر بە رۆمانی: روتەكان و مردووەكان (1948)ەوەیە، كە عادەتەن بە باشترین رۆمانی ئەمریكایی دەربارەی جەنگی جیهانی دووەم دەژمێردرێ. قارەمانانی سەرەكی رۆمانەكە، كە بە وردی و تەكنیكێكی تایبەتی هەڵبژێر دراون، هەشت پیاون، كە بریتیین لە: تەكساسی، یەهودی، پۆڵەندی، ئیرلەندی، سوێدی، سپی پێستێكی هەژار، مەكسیكی، و یەكێكی خەڵكی رۆژئاوای مەركەزی. بابەتی چیرۆكەكە گەڕانە لە دورگەی ئانوپویەی و سەركەتن بە كێوی ئاناكاست دا، كە هەوڵێكی بێ ئەنجامە. میلەر دەربارەی ئەم رۆمانە دەڵێت: مەبەستم لە نووسینی بە دەستەوەدانی حیكایەتێكە لەمەڕ حەرەكەی بەشەر لە میانەی قۆناغەكانی مێژوودا. من هەوڵم داوە لەسەر ئەو مەسەلە حەیابەرانە كار بكەم كە زادەی هۆو ئەنجام و هەوڵ و پاداشتن لە كۆمەڵگەیەكی نەخۆشدا، لێرەدا مرۆڤ دەبینم كە رووی كردووەتە گەندەڵی و تا رادەی داماوی سەرگەردان بووە. بەڵام

ئەوجاش سنوورێك هەیە كە لەوە هێوەتر ناڕوات، و مرۆڤ دەبینێ كە تەنانەت لە جەرگەی گەندەڵی و نەخۆشیدا تاسەیەك بۆ دنیایەكی باشتر هەیە. رۆمانێكی دیكەی میلەر، بە ناوی: كەناری بەربەر (1951)ـە، رۆمانێكی نیمچە رەمزی و نیمچە ریالیستییە كە لە ریشەی تێورییە سیاسییەكان دەكۆڵێتەوە. لەوەڕگەی ئاسك (1955) چیرۆكێكی سۆزدارییە دەربارەی هولیوود. و رۆمانی: خەونی ئەمریكایی (1965)، رۆمانێكە دەربارەی جیاوازی رەگەزی ژن و پیاو.
یەكێك لە بەرهەمەكانی دیكەی میلەر، لەشكریانی شەو- ـە، راپۆرتێكی چیرۆكوانییە دەربارەی بەشداری نووسەر لە رێ پێوانی ساڵی 1967ی ناڕازییان لە جەنگی ڤێتنام بەرەو پەنتاگۆن، كە خەڵاتی پولیتسەری ساڵی 1968ی وەرگرت، لە بەرهەمە سەرگەرمییەكانی میلەر دەتوانرێ ناوی كتێبی: چەند ئاگادارییەك بۆ خۆم (1959) ببرێ.

<u>**ترومن كاپوتی (1924-...)**</u>:
لە نیوئورلیان هاتۆتە دنیا، بەڵام ئەو خۆی بە یەكێك لە نووسەرانی باشووری نازانێ، تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەو، دۆزینەوەی هێڵی نێوان خەون و واقیعە.
یەكەمین رۆمانی كاپوتی، دەنگەكانی دی، ژوورەكانی دی (1948)ـە، كە بەسەرهاتی كوڕێكی سیانزە ساڵەیە كە بە دوای بابی دا دەچێ بۆ دەڤەرێكی ترسناك لە مسی سی پی، بابە ئیفلیجەكەی دەبینێتەوە.... چەنگی گیایی (1951) ، دەربارەی هەرزەكارێكی هەتیوە كە لەگەڵ دوو پوری دا - نوێنەرانی خەیاڵ و واقیع- دەژی. ئەم رۆمانە بە رەمز و مەجازێكی ئازادی لێكدراوەتەوە. رۆمانی دواتری كاپوتی، تێشت لەتیفانی (1958) بوو. پاشان كتێبی بە خوێنساردی (1965)ی نووسی كە دەنگێكی زۆری دایەوە. ئەم بەرهەمە راپۆرتێكی دڵتەزێنە دەربارەی كوشتنی خێزانێكی جووتیاری خەڵكی كانزاس، و بیرەكان، ژیان و، ئەنجام دەستگیری دوو بكوژی شێتی ئاوارە، و ئیعدام كردنیان. ئەم كتێبە بە هۆی ئەوەی ئاوێتەیەك لە مەزەندەو هەقیقەتی لە خۆ گرتووە عینوانی "رۆمانێكی نا چیرۆكڤانی" وەرگرت كە ژانرێكی ئەدەبی تازە بوو.
كۆمەڵێك چیرۆكی كورتی كاپوتی بە ناونیشانی: درەختی شەو (1956)، و كۆ گوتارو سكێچی سەفەرەكانی بە ناوی مۆركی خۆماڵی (1950) بڵاو بوونەتەوە.

**جێمزبالدوین (1924- ....)**:
لە گەڕەكی هارلم-ی نیویورك هاتۆتە دنیا. بابی لە هارلم كەشیش بوو، و بە خۆیشی ماوەیەك لە هارلم دا كەوتە وەعزدان، لەگەڵ یەكەمین رۆمانیا بە ناونیشانی: بڕۆ ئەوە لەسەر چیا بڵێ (1953) شۆرەتی پەیدا كرد. چیرۆكەكە دەربارەی قسەی كوڕێكی چواردە ساڵی رەشپێستی خەڵكی هارلمە دەربارەی مەزەب، و نووسەر ئەزموونانی باب و باپیرانی كوڕیژگەكە بە درێژایی سێ وەچەی رابردوو بە شێوەی گەڕانەوە بۆ رابردوو وەسف دەكات. لەم رۆمانەدا شێوازی بالدوین كە لە تەوراتەوە هەڵدەقوڵێ، چلۆنایەتییەكی شاعیرانەی بەهێزی هەیە. رۆمانی ژوورەكەی جوڤانی (1956) كە رووداوەكانی لە پاریس دا روو دەدەن، دەربارەی هۆمۆ سێكسییە. گوتیاری چیرۆكەكە

لە نێوان ژنێكو پیاوێك دا گیری خواردووەو ئاخیری دەست لە هەردووكیان هەڵدەگرێ. لە رۆمانی: وڵاتێكی دیكە (1961) دا، دیمەنی چیرۆكەكە زیاتر لە هارلمەو باسی پەیوەندییەكانی سپی پێستان و رەش پێستان دەكات.
جگە لە چیرۆكەكانی، بالدوین سێ كۆ گوتاری بە ناوی: یاداشتەكانی كوڕێكی خۆیی (1955)، كەس ناوی من نازانێ (1961)و دیسان ئاگر (1963) دەربارەی رەنجی رەش پێستانی ئەمریكا،ن و لە حوكمی سكاڵایەكی تووڕەدان دژی ئەو كۆمەڵگەیەی كە ئەو جۆرە هەلومەرجەی هێناوەتە ئاراوە.

## هۆزانڤانان

شیعری ئەمریكی لە سەدەی بیستەم دا زۆر گەشایەوە. و نیشانەی دەوڵەمەندی بەهرەكانی سەردەمێكی سەرسام كەر بوو. لە كۆتایی یەكەمین دەیەی سەدەی نێو براودا ژمارەی شاعیران رووی لە زیادی كردو لە كۆتایی دەیەی دووەم دا رینیسانسێكی راستەقینە سەری هەڵدا.
شاعیرانی هەوەڵین ساڵەكانی سەدەی نێوبراو شۆڕشێكیان دژی تەكنیك و ناوەڕۆكی سونەتی شیعر بەرپا كرد. شیكاگۆ، مەڵبەندی ئەم شۆڕشە بوو. لەم شارەدا هاریت مۆنرۆ (1860– 1936) خانمە شاعیری ئەمریكی، لە ساڵی 1912دا بڵاوكراوەیەكی بە ناوی: گۆڤاری شیعر دامەزراند، كە یەكەمین گۆڤار بوو كەوتە بڵاوكردنەوەی شیعری شاعیرانی تازە كورەی ئەمریكی و شاعیرانی سەنگینی زەمان. ئەم گۆڤارە دەرفەتی چەكەرەكردن و گەشەكردنی شیعری نوێی ئەمریكی داو بوو بە پەیڤداری شاعیرانی لاوی دنیای ئینگلیزی زمان، لەگەڵ ئەمەشا، لاپەڕەكانی گۆڤارەكە لەبەردەم باشترین شیعری شاعیرانی تەقلیدیش دا كرا بووەوە. ئەزراپاوەند پەیامنێری دەرەوەی گۆڤاری نێوبراو بوو و گۆڤارەكە لە رێگەی ئەوەوە بوو بە پەیڤداری راپەڕینی وێنەگەرایان. لە رێگەی گروپی وێنەگەرایانەوە، پاوەند بە كۆمەكی ئیمی لوول هۆزانی میتافیزیكی ئەمرسون، دیكینس و شاعیرانی دیكەی سەدەی نۆزدەی بەپێداویستییە تەم و مژاوییەكانی سەردەمی ئاڵۆزەوە گرێ دایەوەو بناغەی بزووتنەوەی میتافیزیكی ئەمریكایی داڕشت. لەلایەكی ترەوە، پاوەند یارمەتی سەرهەڵدانی راپەڕینی بەهێزی ناتورالیزمی دا لە شیعری لیندسی، روبرت فرۆست، ماسترز، سندبرگ و جفرز. بە هەر حاڵ هاریت مونرۆ زیاتر هاوبیری رۆژئاوانشینان بوو، بە شێوەیەكی گشتی لە دەوروبەری شیكاگۆدا، واتە رۆژئاوای ناڤین، سێ شاعیری بەرجەستەی زەمان: سندبرگ، ماستەرز، و لیندسی، پەیدا بوون. ئەم سێ شاعیرە كە چاوین لە شیعری ویتمن دەكرد، بە شاعیرانی "گروپی شیكاگۆ" ناوبانگیان پەیدا كرد.

گۆڤـارێکی دیکـەی ئـەدەبی ئـەمریکا، لیتـل ریوریـو (1914- 1929) هـەوەڵجار لـە شـیکاگۆ بڵاوبووەوەو پاشان بارەگاکەی بۆ نیویـورك و پـاریس گوێزرایـەوە. ئەم گۆڤارەش بارەگـای هـەموو بزووتنەوە ئەزموونگەرییەکانی سەردەمو مەیدانی شاعیرانی ئەمریکاو ئینگلیز بووە.

ئیدوین ئارلینگتون رۆبینسون (1869- 1935):

لە هدتایدی ویلایـەتی مین چاوی بە دنیا هـەڵێنا، بـەڵام زۆربـەی تەمـەنی لـە نیویـورك بەسـەر بـرد. شـۆرەتی ئـەو زیـاتر بـەو هۆزانـە چیرۆکڤانییە درێـژو وێنـە بابەتییـە دەروونیانەوەیـە کـە دەربـارەی کەسایەتیانی ئینگلسـتانی نـوێن، کـە عادەتـەن لـە قـاڵبی شـیعری ئـازادا داڕێـژراون. یەکـەمین کـۆ شیعری رۆبینسۆن لە ژێر سەر ناوی سێڵاوو رۆخانە (1896)دایە کە تەنیا سێ سەد دانەی، لەسەر ئەرکی شاعیر خۆی لـێ چاپ کـراو زۆر بـە گـەرمی لەلایـەن خـەڵکی و رەخنەگرانـەوە پێشـوازی کـرا. دیوانی دووەمی: مناڵانی شەو (1897)، ژمارەیەك لە بەناوبانگترین شیعرەکانی لە خۆ گرتووە. لەم حاڵو بـارەدا رۆبینسـون چـوو بـۆ نیویـوك. چـونکە دەسـتکورت بـوو، هـەر کـارێکی دەسـت کـەوتبا دەیکرد. لە ئەنجامدا یەکەمین بەیتی شیعری ئـازادی ئـەو بـەناوی: کاپیتـان کـریگ (1902 )، بـووە مایـەی سـەرنجی تیـودور روزفلـت و لـە گـومرکی نیویـورك دا کـارێکی بۆدۆزییـەوە. رۆبنسـۆن دوای بڵاوبوونەوەی دیوانە شیعرێکی دیکەی بەناوی: شاری خـوار رووبارەکـە (1910 ) کـاری گومـارکی وازی لێ هێنـا، و بـۆدابین کردنـی. بـژێوی پشـتی بـە شـیعری خـۆی بەسـت. بـەکتێبی: پیاوێـك لـە بەرامبـەر ئاسمانـدا (1916 ) ناوبـانگێکی پایـەداری پەیـدا کـرد. شـیعری" پیاوێـك لـە بەرامبـەر ئاسماندا"، کە کراوە بە عینـوانی کتێبەکـەش، وەسـفی پیاوێـك دەکـات کـە شـەوان لەسـەر گردێکـی شـکۆدار لـە بەرانبـەر ئاسمانـدا وەسـتاوە. شـاعیر بیر لـە هـزرو تەبیعـەتو چارەنووسـی ئـەم پیـاوە تەنیایە، کە نیشـانەو رەمـزی تیرەی بەشـەرە، دەکاتـەوە، و دەگاتـە ئـەم ئەنجامـەی کـە ئەگـەر ژیـانی مرۆڤ بێ ماناو بێ ئایندە بوایە، ئەم پیاوە یا هیچ کارێکی نەدەکرد یا خۆی دەکوشـت -بەرانبـەر بـە ئاسمان نەدەوەستا. کۆ شیعرێکی دیکەی رۆیبنسون بە ناوی: خەرمانی ئاڤون (1921)، یەکـەمین خەڵاتی پولیتسەری شیعری (1922) وەرگرت. رۆبینسـون خـەڵاتی پۆلیتسـەری سـاڵی 1925شـی لەسەر شیعری پیاوێك کە دووجـار مـرد (1925) وەرگـرت، هـەروەها لـە سـاڵی 1928شـدا بەبـەیتی تریسترام (1927) خەڵاتی نێو براوی وەرگرت.

بەیتی تریسترام لەگـەڵ مـارلین (1917) و لانسـلوت (1920) بەیتـە سـییانیەکەی رۆبینسـۆن لەمـەڕ ئەفسانانی ئارتورشا پێك دەهێنن، کە یەجگار پەسند بوون.

لـە نێـو کـۆ شـیعرەکانی دیکـەی رۆبینسـۆندا: سـێ مەیخانـە (1920)، سـۆناتان (1889- 1927) (1928)، گلەیی بولبلان (1930) و بەیتی درێژی رۆمان ئاسـای جاسپەرشـا (1935) کـە لـەقاڵب و فۆرمی شیعری ئازادا داڕێژراوە، کەم و زۆر بەناوبانگن.

رۆبینسۆن وێڕای تەنز و رەشبینی هۆزانەکانی، لە باری پوختەییەوە بە شاعیری سەدەی نوزدەیـەم دەژمێـردرێ، شـیعری ئـەو پردێکـە لـە ویـتمن و دیکینسـن-ەوە بـۆ شـاعیرانی بەڕاسـتی مـۆدێرنی

سەدەی بیستەم. لە شیعرەکانیا زیاتر بایەخی بە بابەتێن دەروونی داوە، فۆرمی شیعری ئازاد لەسەر دەستی ئەو وەرچەرخان و حاڵەتی تەبیعی و سروشتی خۆی دۆزییەوە.

<u>**ئیدگارلی ماسترز (1869– 1950):**</u>

**شاعیر و رۆماننووسی خەڵکی ئیلینویز، بەشی ماف خوێندووە. یەکەمین کتێبی شیعری، دەفتەرێکی هۆنراوە (1898) بوو کە رەخنەگران پشت گوێیان خست. بەڵام نامیلکەی سپون ریڤەر (1915) لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەمریکادا پایەیەکی بەرزی داییێ. ئەم دیوانە کە لە قاڵبی شیعری ئازادا هۆنراوەتەوە، کۆ شیعرێکە بریتییە لە زنجیرەیەك نووسینی سەر کێلە قەبران، پیاوان و ژنانی سپون ریڤەر، ژیاننامەی خۆیان لە ناو ئەو گۆڕستانەوە کە تیایدا نێژراون، دەگێڕنەوە، و لەم رێگەیەوە وێنەیەکی دراماتیکی و ریالیستی لەمەڕ ژیانی گوندێکی رۆژئاوای ناڤین رەسم دەکرێت. هەندێ لە دیوانەکانی دواتری ماستەرز بریتین لە: دۆڵە گەورە (1916)، گۆرانی و ساتیران (1916)، تاوێری برسی (1919)، دەریای ئازاد (1921)، هۆزانی خەڵکی (1936)و دنیای نوێ (1937).**

**ماستەرز چەند رۆمانیکیشی نووسیوە لەوانە: منالانی بازاڕ (1922)و سەراب (1924). هەندێ ژیاننامەی وەك: ویتمن (1937) و مارك توین (1938)شی لە دوا بە جێماوە.**

<u>**ئیمی (لارنس) لوویل (1874– 1925):**</u>

**شاعیر، رەخنەگرو ژیاننامەنووسێکی خەڵکی بوستۆن بوو، لە ماڵباتێکی قەیمی و دیاری ئینگلستانی نوێ هاتۆتە دنیاوە، شۆرەتی ئەو بەندە بە پەیوەندی ئەو لەگەڵ وێنەگەرایان و رابەریکردنی ئەم راپەڕینە. لوویل بە ساڵێك دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین دیوانە شیعری بەناوی: "گومەزێك لە شووشە رەنگاو رەنگەکان (1912)، ئەزراپاوەندو شاعیرانی وێنەگەرای لە لەندەن دا بینی و رابەرایەتی راپەڕینەکەی لە ئەستۆ گرت. لە ناو دیوانە شیعرەکانی دواتری دا: دەمی شمشێر و تۆوی خەشخاش (1914)، پیاوان، ژیان، و تاپۆیان (1916)، ئەفسانان (1921)و بای رۆژهەلات (1921) ناوبانگیان دەرکردووە.**

**لوویل لە هاوینی 1914دا مەڵبەندی وێنەگەرایانی بۆ بوستۆن گواستەوە. وەکو سەرۆکی "یانەی شیعری ئینگلستانی نوێ"، مامۆستای زانکۆو باسکار، مەبەست و ئارمانجی شیعری تازەی لە بەرهەمە رەخنەییەکانیا: شەش شاعیری فەرەنسی (1915)و مەیلەکانی شیعری مۆدێرنی ئەمریکایی (1917)دا دەربڕیوە.**

**لوویل لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە حەزی چووە سەر هۆزانی رۆژهەلاتی دوور. هەندێ وێنە لەجیهانی شەپۆلدارەوە (1919)ی لوویل 54 پەنجاو چوار "هۆزانی نیگارکێشی" لە شێوەی هۆزانی ژاپۆنی و چینی لەخۆ گرتووە. سەدو سی و حەوت پارچە شیعری چینیشی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە و لە ژێر سەر ناوی تابلۆی گوڵی کاژ (1921) دا بڵاوی کردەوە.**

**لوویل، ژیاننامەی جۆن کیتس (دوو بەرگ، 1925)شی نووسیوە.**

**روبرت لی فرۆست** (1874– 1963):

لە سانفرانسیسکو لە خێزانێکی خەڵکی ئینگلستانی نوێ هاتۆتە دنیا، بابی کە رۆژنامەنووس بوو بەهۆی لایەنگری لە ویلایەتەکانی باشوور ناچار بوو بوو ئینگلستانی نوێ بە جێ بێڵێ. فرۆست پاش مردنی بابی، لە تەمەنی دە ساڵی دا لەگەڵ دایکی دا بو لورنسی ماساچوست (لە ئینگلستانی نوێ) گەڕایەوە. قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە ماساچوست تەواو کرد، پاشان ماوەیەکی کورت لە زانستگەی دارت موت و هارڤەرد خوێندی، بەلام لە رای دابینکردنی بژێوی خانەوادەکەیدا دەستی لە خوێندن هەڵگرت، و چوو بە سۆراخی کاری جۆراوجۆرەوە. لە ساڵانی 1900– 1905 لە نیوهمپشایردا کەوتە کاری مەزرادارى. لەساڵی 1912 هاوڕێ لەگەڵ ژنەکەی و چوار منداڵەکەیدا سەفەرێکی ئینگلستانی کرد، کە سێ ساڵی خایاند. لە لەندەندا پەیوەندی نزیکی لەگەڵ نوێخوازاندا پەیدا کرد، و دوو دیوانی: ویستی کوڕ (1913)و باکووری بوستۆن (1914) بە چاپ گەیاند. دەسەڵاتی ئەدەبی فرۆست لە لەندەنەوە تا ویلایەتە یەکگرتووەکان بڵاو بووەوە، لە ساڵی 1915دا لە هەرەتی ناوبانگ دا بۆ ئەمریکا گەڕایەوە. ماوەیەک لە هارڤەرد دەرسی گوتەوە، چەند دیوانە شیعرێکی وەکو: فاسیلەی کوێستانی (1916) و نیوهمپشایر (1923، خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت) بڵاوکردەوە. دیوانی دوایی بۆ یەکەمین جار دەلالەت لەوە دەکات کە فرۆست وەکو شاعیر بە خۆی دەزانێ، هەر لە ناو نیشانی شیعرێکییەوە کە کردویەتی بە عینوانی دیوانەکەش خۆی بە ((مەخلوقێکی ئەدەبیات)) دەزانێ. لە دیوانە شیعرییەکانی دواتری، دەتوانرێ ناوی: سەرچاوەی ویست رونینگ (1928)، کۆمەڵە شیعرێك (1930)، دیدێکی بەرینتر (1936)و درەختی شاهید (1942) ببرێ، کە خەڵاتی پولیتسەری لەسەر هەر یەکێك لە دوا سێ دیوانی وەرگرت.

فرۆست لە ئاخرو ئۆخری دەیەی 1940دا دوو درامای شیعری تا رادەیەك فەلسەفی بڵاوکردەوە. یەکێکیان بە ناوی دەمامکی ئەقڵ (1945) دەربارەی ئەیوبەو دووەمیان بە ناوی دەمامکی میهر (1947) دەربارەی ماجەرایەکی وەکو چیرۆکی یونسە کە لە ئینگلستانی نوێ روو دەدات.

شیعرەکانی فرۆست لە روویەکەوە دەربارەی تایبەتمەندییەکانی ئینگلستانی نوێ و خەڵکی ئەوێندەرە، و لە روانگەیەکی دیکەوە بە دەوری تەوەری ژیانی خەمناکی مرۆڤ و مەسەلە مرۆڤانییەکاندا دەسوڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی دنیای فرۆست جیهانی بەشەر دۆستی کلاسیك و رێورەسمان و داب و نەریتانی عیبرانی و نەسرانییە. فرۆست کە لە راپەڕینی (نوێ) بە دوور بوو، شاعیری سروشتە و شیعرەکانی ئەوەندەی پەیوەندییان بە گوندەوە هەیە زۆر دەوڵەمەندە. فرۆست شاعیرێکی راشکاو، سادەو ئەخلاقییە. خۆشی و شادی گوندان دەهۆنێتەوە، و ئاشقێنی لەگەڵ تەبیعەتدا دەکات. وێڕای ئەمەش ئەو کە شاعیری گوندەکانی ئەمریکایە، واریقاتنووسی شەوی تاریکی روحی مرۆڤ و شیعرەکانی لێوان لێون لە تەوس و تەمو مژ. بە هەر حاڵ، فرۆست کە پتر لە چل پایەی شانازی و چوار خەڵاتی پولیتسەری بە دەست هێنا، لە دوای ئالن پۆو ویتمن، زۆرترین خوێنەری هەیە. بە کورتی، فرۆست ڤیرجیلی ئەمریکاو راستگۆترین شاعیری سەردەمی خۆیەتی.

**کارل ئوگوست ساندبیرگ** (1878– 1967):

لە گیلزبورگی سەر بە ویلایەتی ئیلینویز، لە خێزانێکی موهاجیری سوێدی دەستکورتی کەم خوێنەواری هاتە دنیاوە. لە سیانزە سالّی دا قوتابخانەی تەرک کردو کەوتە کارو کاسبی جۆراوجۆر. لە جەنگی ئەسپانیا– ئەمریکادا بوو بەسەرباز، و پاشان بۆ خوێندن چووە کۆلیج.

ماوەیەکیش، ئاگاداری نووس، هەوالّنێر و پەیامنێری رۆژنامە بوو لە سوێدو نەرویج، و بەیەکێك لەسەر گوتارنووسانی رۆژنامەی دەیلی نیوزی شیکاگۆش دەژمێردرا.

یەکەمین بەرهەمی ساندبیرگ نامیلەکەیەك بوو بە ناوی جەزبەی بێقەراری، پاشان بەرهەمەکانی لە گۆڤاری شیعردا بلاّوکردەوەو چووە ریزی گروپی شیکاگۆوە. بە بلاّوبوونەوەی: شیعرەکانی شیکاگۆ (1916)، سۆس گیران (1918)و دووکەلّو پۆلاّ (1920)، ناوی ساند بیرگ کەوتە سەرزاران، و بە دیوانانی تاوێرەکانی رۆژئاوای تاوەسووت (1922)، بەیانیت باش، ئەمریکا (1928)، کۆی شیعرەکان (1950، خەلاّتی پۆلیتسەری وەرگرت)و بە هەنگوین و خوێ (1963) ئیدی ناوبانگی چەسپی.

ساندبیرگ لە مەیدانانی جۆراو جۆردا ناوبانگی هەبووە. لە واری ژیاننامەنووسیدا، بەرهەمە زندووەکەی بیرگ: ئەبراهام لینکولن (6 بەرگە، 1926– 1936) شێوازێکی سەنگینی هەیە. لە مەیدانی فولکلۆری ئەمریکی دا، ساند بیرگ گۆرانی میللی ولاّتەکەی خۆی لە دوو کتێب دا: کۆی گۆرانییە ئەمریکییەکان (1927) و کۆی گۆرانییە ئەمریکییە نوێیەکان (1951) کۆ کردۆتەوە. بۆ منالاّنیش شیعرو چیرۆکی نووسیوە. چیرۆکەکانی روتاباگا (1922) و کۆترانی روتاباگا (1923) لە بەرهەمە پەخشانەکان، و هەیڤی نوێ (1923) لە شیعرەکانی ساندبیرگی مەیدانی ئەدەبیاتی منالاّنن.

یەکێك لە بەرهەمەکانی ساندبیرگ، شۆڕشە نەژادییەکانی شیکاگۆ (1919)یە، کە لێکۆلّینەوەیەکی کۆمەلاّیەتییە. زێدە باری ئەمە، رۆمانێکی بە ناوی: تاوێری بیرەوەری (1948)، و کتێبێکی دەربارەی ژیانی لاوی خۆی لە ژێر سەر ناوی بێگانانی هەمیشە لاو (1952)شی نووسیوە.

شۆرەتی ساندبیرگ بەندە بەو بەرهەمانەوە کە لە ژێر کاریگەری ویتمن دا لە قالّبی شیعری ئازادا نووسیونی و لە وێدا کەوتووەتە ستایشی پیشەسازی و کشتوکالّی ئەمریکا، جوگرافیاو دیمەنانی ئەمریکا، سیماکانی مێژووی ئەمریکا، و خەلّکی کوچەو بازاڕی ئەمریکا. یەکێك بوو لە لایەنگرانی گەرمو گوڕی مەدەنیەتی پیشەسازی‌و بۆ زۆر بەرهەمی ئیلهامی لە تەکنەلۆژیاو کارخانانەوە وەرگرتووە. لە شیعرەکانیا زیاتر زاراوەێن میللی و شێوەی دیالۆگ بەکار دێنێ و ئەوەندە دەربەستی کێش‌و فۆرم نییە.

**(نیکۆلاس) فیچل لیندسی** (1879– 1931):

لە سپرنیگفیلدی سەر بە ویلایەتی ئیلینویز چاوی بە دنیا هەلّێناوە. یەکێك بوو لە هەوەلّین شاعیرانی گروپی شیکاگۆ کە شیعرەکانی بلاّوبووەوە. بە خۆشی سەفەری شوێنانی جیاوازی ولاّتی دەکرد، و شیعرەکانی دەخوێندەوە، و خۆشەویستی شیعری لەنێو جەماوەری خەلّکدا بلاّو

دەکردەوە. لیندسی تەنانەت لە هاوینی ساڵی 1912دا لە ئیلینویزەوە بە پێیان کەوتە ڕێ و تانیومەکسیکۆ ڕۆیی و کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی قافیە بەنان (1912) کۆ کردبووەوە، بە نان دەیگۆڕییەوە. ساڵی دواتر یەکێك لە بەناوبانگترین کۆ شیعریی بە ناوی جەنەڕاڵ ویلیام بوت دەچێتە بەهەشت (1913) بلاوکردەوە. دیوانە شیعرەکانی دواتری بە ناوانی: کنگو (1914)، بولبولی چینی (1917) و کۆ هۆزانان (1923) خوێنەرانێکی زۆریان پەیدا کرد. لە نێو تاك شیعرەکانی لیند سی دا: "ڕێگە بۆ گرتنی مانگەشەو- 1913"و "هەڵۆی فەرامۆش کراو- 1913" شۆڕەتیان هەیە.

کتێبی زێڕینی سپرینگفیلد (1920)ش بەرهەمێکی پەخشانی ئەوە کە وێنەیەکی وەکو خەیاڵە شار لەمەڕ زاگەی خۆی بە دەستەوە دەدات.

بەرهەمەکانی لیندسی پڕن لە بابەت و قارەمانانی ئەمریکی، و سەر ڕێژن لە گیانی نیشتمانپەروەری، و ئیمانی عارفانە بەخاك و تەبیعەت. هەوڵدەدا شاعیری جەماوەری رەش و رووت بێ. هۆنراوەکانی لە گۆرانی رەش پێستان و هۆزانین کۆن بە شێوازی تەورات، ئیلهامیان وەرگرتووە، و لە کۆتاییدا لیندسی کە یەکێك بوو لە سێ شاعیری بەرجەستەی رۆژئاوای ناڤین (دووەکەی دی ساندبیرگ و ماستەرز بوون) ئاقیبەت بە نائومێدی و بێزاری، ژەهری خواردوو بۆ هەمیشە کوژایەوە.

## والاس ستیڤنز (1879- 1955):

لە هارڤەرد ماف خوێند، و زۆربەی تەمەنی لە هارتفورد، لە کۆمپانیایەکی بیمەدا بەسەر برد، شۆرەتی بەو شیعرانەوەیە کە لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی سەمبولیستی فەرەنسی دا نووسیونی، هەروەها بەدەوڵەمەنی وشە، سنعەتی جوانکاری، و خواستنی رەسەن و درەوشاوەی ئەوەوەیە.

هەوەڵین شیعرێن ستیڤنز لە گۆڤاری شیعر دا بلاوبوونەوە. بەلام لەگەڵ بلاوبوونەوەی هەوەڵین دیوانی شیعریدا، ئەرگەنون (1923)دا ناوی کەوتە سەر زاران. دیوانە شیعرەکانی دواتری: هزری رێك و پێك (1935)، پیاوێك بەگیتارێکی شینەوە (1937)، گواستنەوە بۆ هاوین (1947)و سپێدەو خەزان (1950) پایەی شۆرەتیان چەسپاند.

هۆزانەکانی ستیڤنز شیکردنەوەیەکی هزرڤانانەیە دەربارەی بوون و مەسەلە شەخسییەکان لە جیهانی شارستانیەتدا. ناوەڕۆکی سەرەکی شیعری ئەو ناکۆکی نێوان واقیع و داهێنراوەکانی خەیاڵە، و بە باوەڕی ئەو لەم جیهانی خەیاڵەدا، تاقە حەقیقەت و واقیع، هەر خەیاڵە، بە هەر حاڵ، والاس بە یەکێك لە سێ چوار شاعیری گەورەی سەدەی بیست لە دنیای ئینگلیزی زمان دا دەژمێردرێ.

## ویلیام کارلوس ویلیامز (1883- 1963):

لەبابێکی ئینگلیزو داکێکی پورتوریکویی بووە. لە قوتابخانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا خوێندوویەتی، و لە زانستگەی پەنسیلڤانیا پزیشکیی تەواو کردووە، پتر لە پەنجا ساڵ لە نیوجەرسی دا خەریکی پزیشکگەری بووە. لە پاڵ ئەوەدا چەند دیوانە شیعرێکی هۆنیوەتەوەو هەندێ رۆمان و گوتارو بیرەوەریانی نووسیوە.

یەکەمین دیوانە شیعری ویلیامز لە ساڵی 1909)دا لە ژێر سەر ناوی هۆزانان بڵاوبووەوە. دیوانەکانی دیکەی پاشان لەدوو کۆمەڵەدا: سەفەری ئەڤین (1955) و ساپفو (1957) کۆکرانەوە. ویلیامز خاوەنی یەکێك لە دیارترین بەیتەکانی زەمان بە ناوی: پاترسون (1946– 1958) بوو. ئەم بەیتە درێژە (پێنج کتێب بوو) کە لە هۆزانێن لیریکی، بەسەرهاتی چیرۆکڤانی، و هەندێ پارچە پەخشان پێك هاتووە، بەیاننامەی شارستانیەتی هاوچەرخە، شاری پاترسون نیوجەرسی، زەمینەو ماکی کارەکەن. هەموو ئەم بەیتە حیکایەتێکی بەرجەستەی لەخۆ گرتووە: ئەم شارە زەینی بنیادەمە لە رەخی روباری زەماندا، زمانی رووداوەکانی سەردەم (تاڤگە) تاقە مانای شیاوە لە رەوتی زەماندا.

ویلیامز رۆمانانی وەك: هێستری سپی (1937) و چەقۆی زەمان (1932) شی نووسیوە. کۆ کورتە چیرۆکەکەشی خوشکانی جووتیار (1961)ی ناوە. زێدەباری ئەمەش ئوتوبیوگرافی ویلیام کارلوس ویلیامز (1951)شی بڵاوبووەتەوە.

شۆرەتی ویلیامز بەندە بە شیعرە زندووە واقیعییە کانیەوە کە زیاتر دەربارەی ژینگەی ژیانی رۆژانەی ئەمریکاییانی سەردەمی خۆیەتی.

### <u>ساراتیز دیل (1884– 1933):</u>

خانمە شاعیر، لە سەنت لوییز لە دایك بووە. بە سوناتەکانی ناوو ناوبانگێکی پەیدا کرد. ماوەیەك هاونشینی شاعیرانێك بوو کە لە شیکاگۆ لە دەوری هاریت مونرۆ خڕ بوو بوونەوە، و شیعرەکانی لە گۆڤاری مونرو بە چاپ دەگەیین.

دیوانە شیعرەکانی تیزدیل بریتین لە: چەند سۆناتایەك بۆ دیوزە (1907)، هیلینی تروادەیی (1911)، گۆرانی ئاشقانە (1917، براوەی خەڵاتی تایبەتی پولیتسەر)، مەشخەڵ و سێبەر (1920)، سێبەری هەیڤ (1926)و سەرکەوتنێکی سەیر (1933). گوڵچنێکی شیعری شاعیرانی لاویشی لە ژێر سەر ناوی: کۆلکە زێڕینە (1922)دا ئامادە کرد.

### <u>ئیلینور (هویت) وایلی (1885– 1928):</u>

خانمی شاعیرو رۆماننووس، زیاتر بە نیشاندانی وێنەی وردو زیندوی سوناتاکانی، و شیکردنەوەی هۆشیارانەی هەست و سۆز لە شیعرە ئاشقانەکانی خۆیدا بەناوبانگە، ئەو کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی سەردەمی ئیلیزابت و شاعیرانی میتافیزیك دا بوو، یەکەمین دیوانە شیعری لە ژێر سەر ناڤی: ژمارەیەکی رێکەوتەکی (1912)دا، و بێ ناوی خۆی، بڵاوکردەوە. دیوانەکانی

دواتری وایلی: چەند داوێك بۆ گرتنی با (1921)، زریپۆشی رەش (1923)و فریشتان و بوونەوەرانی زەمینی (1928) یان ناوە.
رۆمانەکانی وایلی زەمینەی مێژوویيان هەیە، و نووسینی ئەو رۆمانانە پێویستی بە وردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی بەر بڵاوهەبووە. بەناوبانگترینیان: فریشتەی هەتیو (1926)ـە دەبارەی ژیانی شیلییە\ کە لەراستیدا بتی وایلی بووە.

<u>ئیزرا (لومیس) پاوەند (1885– 1972):</u>

یەکێکە لە درەوشاوەترین سیماکانی ئەدەبیاتی نوێی جیهان، لەخێزانێکی خەڵکی ئینگلستانی نویێ لە ئایداهۆ هاتۆتە دنیا. لە زانکۆی پەنسیلڤانیا پلەی ماجستێری لە زمانانی لاتینی وەرگرت (1906)و ماوەیەك لە کۆلیجێك دا لە رۆژئاوای ناڤین کەوتە دەرس دانەوە. لەساڵی 1907دا چوو بۆ ئەوروپا، و سەفەری ئیتاڵیاو ئینگلستان و فەرەنسای کرد. بەمجۆرە پاوەندش بە ((نووسەرێکی دوورە وڵات)) (ئەم زاراوەیە دەرهەق بە ئەمریکاییانی ئاکنجی پاریس لە دەیەی بیست دا بە کار دەهات) دەژمێرن.
یەکەم دیوانە شیعری پاوەند رووناکی کوژاوە (1908) بوو کە لەڤینیسیادا بڵاوبووەوە. لە ئینگلستان دابوو بە یەکێك لە پێشەنگانی بزووتنەوەی وێنەگەرایان"6" (IMAGISM)و یەکەمین گوڵچنی پەیڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە بەناونیشانی وێنەگەرایان– IMAGISTS (1914) ئامادەو بڵاو کردەوە. پاوەند، پاشان لە بزووتنەوەی وێنەگەرایان جیابووەوەو بەرەو ڤۆرتیزیزم"7" بای دایەوە. بە هاوکاری ویندهام لویس گۆڤاری بلاست–ی دامەزراند، کە زمان حاڵی هزرو بیری ڤورتیزیستەکان بوو. پاوەند پەیامنێری دەرەکی گۆڤاری شیعری "پێشگوفتە"ش بوو، و لە هەمان ئەو ساڵانەدا (1917– 1919) سەرنووسەی گۆڤاری لیتڵ ریوریو–ی لقی لەندەنیشی لە ئەستۆدا بوو. پاوەند لەم قۆناغەدا بە بەدەسەڵات ترین ئەدیبی نەوەی خۆی دەژمێردراو دەورێکی قوڵی لە پێشڤەبردنی شیعری نویێ دا هەبوو. لەم ساڵانەدا هەندێ لە شیعرەکانی لەم دیوانانەدا بڵاو بوونەتەوە: شادییەکان (1909)، کەسایەتیان (1909)، جەزرەبانی بەرانبەر (1912) و لوسترا (1916).
پاوەند بەهۆی بێزاری لە جەنگو ناڕەزایی لە وەزعو حاڵی ئینگلستان، ئەم وڵاتەی بە یەکجارەکی بەجێ هێشت و لە ساڵی 1920دا لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو، و ئاقیبەت لە ساڵی 1928دا بۆ ئیتاڵیا کۆچیکرد. لەو وڵاتەدا، دڵی چووە سەر مەسەلە ئابوورییەکان و سەرەنجام بەرەو فاشیزم و موسولینی دایشکاند. لە جەنگی جیهانی دووەمدا، لە رادیۆی رومەوە بنەمای سەرمایەداریو چالاکییەکانی هاوپەیمانانی دایە بەر هێرشو کەوتە بانگەشە بۆ مەرامەکانی فاشیستی لە ناو ئەمریکاییەکان. لەم رووەوە بە خیانەت تۆمەتبار کراو لە ساڵی 1945دا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیر کرا. پاوەند بۆ واشینگتۆن گوێزرایەوە، بەڵام بە هۆی تێکچوونی ئەقڵو هۆشییەوە چاوپۆشی لە دادگایی کردنی کرا، و لە نەخۆشخانەیەك خستیان، پاوەند لە ساڵی

1946ـەوە تا 1958 هەر لە نەخۆشخانە مایەوە، لەم ساڵەدا تەبرێ بوو و پاش ئازاد بوون بۆ ئیتاڵیا گەڕایەوە.

پاوەند لە ساڵی 1917 دا دەستی بە هۆندنەوەی بەرهەمێکی داستانی گەورە کرد بەناوی: سروودەکان، بە درێژایی تەمەنی هەر لەسەری رۆیی، بەرادەیەك کە لە ساڵی 1959دا ژمارەیان گەییە 109 سەدو نۆ سروود. یەکەمین بەشی سروودەکان لە ساڵی 1917دا بڵاوبووەوە.

پاوەند دڵبەندی شیعری چینی–ش بوو، و بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ هۆزانێن لی پو، بە وەرگێڕانی ئێرنست فینولوزا"8"، لەکتێبێك بەناوی خەتا (1915)(واتە وڵاتی چین) بڵاوکردەوە. درامای کلاسیکی ژاپۆنیشی شیکردۆتەوەو ژمارەیەکی لێ بڵاوکردنەوە.

وتارو بەرهەمە رەخنەییەکانی پاوەند تەقریبەن بایەخێکی هاوتای شیعرەکانی هەیە. هەندێ لە بەرهەمە رەخنەییەکانی ئەمانەن: گیانی رۆمانس (1910)، سۆنگەکان (1920)، کەلتوور (1928)و گوتارێن ئەدەبی (1954).

پاوەند بە هۆزانێن وەك: "هیوسلوین موبرلی– 1920" نیشانی دا کە لە هۆندنەوەی بەیتدا وەستایە. ئەم شیعرە گەورە بەرجەستەیە کە لە چەندین بەش پێك هاتووە یادئاوەری ماڵئاوایی شاعیر لە لەندەنەو هۆشدارییەکی توندە سەبارەت بە شارستانیەتێك کە دەستکەوتەکانی یان دیارییەکانی بریتییە لە: جەنگ، بازرگانی لە دنیای هونەرا. و جۆرێك لە بێهودەیی گشتی و لادانی سێکسی .

بە هەر حاڵ، پاوەند بە یەکێك لە شاعیرە هەرە بە دەسەڵات و کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ کە کاریگەرییەکی شۆڕشگێڕانەی بەسەر شیعری تازەوە هەبووە. سەر مەشقی هۆزانەکانی پاوەند، شیعری یونانی کۆن، هۆزانێن رۆژهەڵات، گۆرانی ترووبادۆرەکانی سەدەکانی ناڤین، وشێوەو تەکنیکی سەمبولیستان بووە.

<u>(جۆن) گۆڵد فلچەر (1886– 1950):</u>

شاعیرو گوتارنووس و وەرگێڕێکی خەڵکی ئارکانزانس–ە، هەوەڵجار لەگەڵ شاعیرانی وێنەگەرادا بوو، لێ پاشان پەیوەندی بە گروپی نووسەرانی باشوورییەوە"9" کرد کە ئیلهامیان لە رابردوو وەردەگرت و جووتیاری و کشتوکاڵیان بە بناغەی ئابووری دەزانی. ئەمانە کە لایەنگری داب و نەریتی کشتوکاڵی باشوور، لە بەرانبەر باکوری پیشەسازی، بوون، هەمیشە شانازیان بە کەلەپوری ئەشرافیەتی باشوورەوە دەکرد.

فلچەر بەم هەستەوە کە شیعری نوێ پێویستی بە ناوەڕۆك و فۆرمی نوێ هەیە، یەکەم دیوانی شیعری روناکییەکان: لم و سپرا (1915)ی بڵاوکردەوە. دیوانەکانی دواتری ئەمانە بوون: دێوان و بتخانەکان (1916)، شەپۆل و گرانیت (1921)، تاوێری رەش (1928)، داستانی ئارکانزاس (1936)، هۆزانین هەڵبژاردە (1938، براوەی خەڵاتی پولیتسەر) ، ئەستێرەی باشوور (1941) و چیای بەگڕ (1946).

لە نێو بەرهەمە پەخشانەکانی فلْچەردا، ژیاننامەکەی خۆی بە ناوی: ژیان گۆرانی منە (1937)، و ژیاننامەی گوگن بە ناوی: پول گوگن: ژیان و دڵی (1921)، لە لایەنی دیکومێنتییەوە بایەخیان هەیە. بەری لێکۆڵینەوەکانی فلچەرش لە دوو کتێباندا بە ناوانی: قەیرانی فیلم (1929)و دوو مەرزنشین (1930)، کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر بنەمای سایکۆلۆژی مێژوویی، بڵاو بووەتەوە.

<u>(جۆن) رۆبینسون جیفرز (1887– 1962):</u>

کوڕی کابرایەکی کەشیش بوو. لە کۆلیجی رۆژئاوای لۆس ئانجلوس خوێندیو چوو بۆ شاری کارمل لە رەخی ئوقیانووسی گەورە. لەوێندەر خانوویەکی بەردینی بە دەستی خۆی دروست کردو هەموو تەمەنی خۆی لەوێندەر بەسەر برد.

شۆرەتی جیفرز بەندە بە ئەشقی وی بۆ کەلتووری تازە، ئیمان بە ئازادی و سەربەخۆیی تاك، ئارەزووی قارەمان پەرستی نیتشە ئاسا، و شەیدایی عارفانەی بە کاروباری ناباو و پێچەوانەی داب و نەریت لە مەسەلە سێکسییەکاندا.

جیفرز کە لە منالّی دا ئەدەبیاتی کلاسیکی خوێندبوو، گەلەك لە بەیتە چیرۆکڤانییە درێژەکانی خۆی بە ئیلهامی سەرچاوە کلاسیکەکان و تەورات هۆنییەوە. یەکەمین هۆزانێن وی دوو دیوانی رۆمانتیکی بوون بە ناوانی: کوپە وسێوان (1912) و کالیفورنیاییان (1916) دیوانی دواتری ئەو بەتێکی درێژە بە ناوی تامار (1924) لە چیرۆکێکی تەوراتەوە هەڵێنجراوەو دەربارەی فریوخواردنی کیژێکە بە برایەکەی. پاشان جیفرز کۆ شیعری: نێرە ئەسپی سوور (1925)ی هۆنییەوە. لەم بەرهەمەدا جوانی و حەزە سێکسییەکانی ئەسپێك لەگەڵ ئارەزووەکانی مرۆڤی شارستانی دا لە بەرانبەریەك وێنە دەگیرێن. یەهودای ئازیز (1929)، دیوانە شیعرێکی دیکەیەتی و ئەمیش هەر لە تەوراتەوە وەرگیراوە.

هەندێ لە کۆ شیعرەکانی دیکەی بریتین لە: شۆڕش (1935)، هۆزانێن هەڵبژاردە (1938)و تەوری دوو سەر (1948) کە جوانترین شیعری ئەو لەخۆ دەگرن.

<u>جۆن کرورانسۆم (1888– 1974):</u>

لە باشوور، لە دورگەی رود هاتە دنیاوە. لە زانستگەی واندربیلت خوێندویەتی و لە هەمان شوێن کەوتە دەرس گوتنەوە. لەم زانستگەیەدا، لە دەوروبەری ساڵی 1915دا، گرووپی (فیراری) کە لایەنگری داب و نەریتی کشتوکاڵی باشوور بوون هاتە ئاراوە، رانسوم لە دامەزرێنەرانی بوو.

شیعری رانسوم رەنگدانەوەی دەسەڵات و کاریگەری شاعیرانی میتافیزیکان بەسەر ئەوەوە. نێش خەن، رەخنە لە جیهانی پیشەسازی سەدەی بیستەم، و غەمی غوربەت سەبارەت بە رابردوو و کۆمەڵگەی فیودالی باشووری بەر لە جەنگی ناوخۆ لە هەموو هۆزانەکانی رانسومدا شەپۆل دەدەن.

لە دیوانە شیعرەکانی: هەندێ هۆزان دەربارەی خوا (1919)، تاولەرزان (1924)و هۆزانێن هەڵبژاردە (1945) بڵاوبوونەوە.

رانسوم لەواری رەخنەی ئەدەبی دا، بەرهەمێکی گەورەی هەیە بە ناوی: رەخنەی نوێ (1941)، شێوەیەکی نوێ دەربارەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمێن ئەدەبی نیشان دەدا.
لەگوتارە ئەدەبییەکانی رانسوم. خوا بەبێ هەورە تریشقە (1930)و هۆزان و گوتاران (1955) بڵاو بوونەتەوە.

<u>تۆماس سترنیز ئیلیوت (1888– 1965):</u>

بە تی. ئێس. ئیلیوت ناسراوە، شاعیر، رەخنەگرو شانۆنامەنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی، لە سەنت لوییزی سەر بە ویلایەتی میسوری چاوی بە دنیا هەڵێناوە. لە زانستگاکانی هارڤەرد، سور بۆن و ئوکسفورد خوێندویەتی. لە ساڵی 1914 بە دواوە لە ئینگلستان ئاکنجی بوو و لە ساڵی 1927 دا بوو بە هاولاتی ئەم ولاتە.
ئیلیوت نەك هەر گەورەترین نووسەری قۆناغی نێوان هەردوو جەنگی گەورەی جیهانییە، بەڵکو بە یەکێك لە گەورەترین شاعیرانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ. لە سەردەمی ژیانی خۆیدا ناوبانگێکی تەقریبەن ئەفسانەیی پەیدا کرد. ئەم ناودارییەی بەند بوو بە تازەگەرییە بنەڕەتییەکانی، لە مەیدانی هونەرو نێوەڕۆکی شیعردا، کە شۆڕشێکی لە قەراردادە ئەدەبییەکانی شاعیران و نووسەرانی رۆمانتیك و قۆناغی ڤیکتۆریادا بەرپا کردو هێنایە ئاراوە، ئیلیوت کە دەیبینی داب و رێورەسمە ئەدەبییەکانی رۆژ دەرەقەتی دەربڕینی ئەزموونانی دنیای تازە نایەن، رووی کردە شیعری میللەتان و رۆژگارانی رابردوو. پەخشان و شیعری تەقلیدی سەدەی نۆزدەیەمی ئینگلستان و بەرهەمێن سیمبولستانی فەرەنسەوی بۆ ئەو بوونە سەرچاوەی ئیلهام، جول لا فورگ و بۆدلێر بۆ ساڵانێك سەر مەشقی شیعری ئەو بوون. ئاشنا بوونی ئیلیوت بە پاوەند لە لەندەن، کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر شیعری ئەوەوە هەبوو. پاوەند کەپەی بە بلیمەتی ئیلیوت بردبوو، کەوتە دەستکاری و چاك کردنی بەرهەمەکانی و هاندانی. بە هەوڵ و هیمەتی پاوەند شیعرێکی ئیلیوت بە ناوی "گۆرانی ڤیانی ج. ئالفرید پروفراك– 1915" لە گۆڤاری شیعردا بڵاوبووەوە. ئەم شیعرە مەنەلۆگێکی دراماتیکییە کە ئیلیوت شێوەگەلی وەك قاڵبانی شیعری، ئاماژەو هێمای نا راستەوخۆو رەمزی، کە لە بەرهەمەکانی دواتری دا پوختە بوون، تیا بەکار دێنێ.
دەستەیەك لە رەخنەگران ئەم شیعرەی ئیلیوت یان بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیەکی لاوازی پیاوێکی لاو شرۆڤە کردووەو لێك داوەتەوە، تاقمێك بە هێمایەیەکیان زانیوە بۆ داڕوخان و هەرەسی رۆشنبیریی سەردەم. ئیلیوت بابەتی نەزۆکی ژیانی تازە لە وێرانە خاکدا (1922)، کە گرنگترین شیعرە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخ دا، دەردەبڕێ. نوسخە دەست نووسەکەی ئەم کتێبە کە پاوەند پێیدا چووەتەوە و تەقریبەن نیوەی لابردووە، بە خودی پاوەند وەکو (شاعیری گەورە) پێشکەش کراوە. بە هەر حاڵ، وێرانە خاك، بەرهەمێکە لە رادەبەدەر دەوڵەمەند، کە لە باری تیل نیشان و ئاماژەی ئەدەبییەوە مایەی سەرسامییە، و لەلایەنی ئاوێتەیی کۆمیدی و تراژیدی و ئەفسانەو مێژووەوە سەرسامکەرە. ئیلیوت لەم بەرهەمەدا بارودۆخی رۆشنبیریی و شارستانی رۆژی بە کۆمەڵێك پارچەی شاعیرانە دەربارەی بیرەوەرییان و ئارەزووەکان بە زمانێکی رەمز ئاسا

وێنەگرتووە، بیرەوەری و ئارەزووگەلێکی شاعیرانە کە خوڵقێنەری هونەری رابردوون: ئەفسانەی جامی مقەدەس، سروودانی مەزەبی هندو، تەورات، دانتی، درامای سەردەمی ئیلیزابت، و بۆدلێر، خۆلاسەی کەلام وێرانە خاك، زەوییەکی پشت گوێ خراوی نەزۆکە، کە شایەکی بێ توانا حوکمی دەکات. ئەم شیعرە درێژە، کە بە زمانێکی چڕ، بە دەوڵەمەندی ئەدەبی و مێژوویی، و بە بزری تەرتیبی چیرۆکڤانی هۆنرابووەوە، و لە کاتی بڵاوبوونەوەدا تۆفانێکی هەستاند، بریتییە لە پێنج بەش کە لەمیانەی ئەو بەشانەدا قۆناغە جیاوازەکانی گۆڕانی روحێکی نا ئومێد کە لە هەوڵ و تەقەلای رزگاری دایە دەگێڕدرێتەوە. ئیلیوت بەم کتێبەو بە شیعری "پروفراك و سەرنجانی دیکە (1917) کە هەردووکیان جۆرە نوێڕینێکی دراماتیکیان تێدایە بۆ هەژاری مەعنەوی و سۆزداری بنیادەم لە جیهانێکی نەزۆك دا، کەوتە ریزی هەرە پێشەوەی هزرڤانان و رۆشنبیران و بەرابەری شاعیرانی لاو ناسرا.

یەکەمین هۆزانێن ئیلیوت نیشانەی نا ئومێدی شاعیرن لە ژیانی سەردەمی تازە، و پڕ کێشو ریتم و تۆنێکی گرژی هەیە. وەکو لە شیعری "پیاوی پوچەڵ- 1925"دا بۆشایی مەعنەوی و چارەنووسی خەمناك و بە سوێی مرۆڤی سەدەی بیستەم لە رێگەی داهۆڵێکی رەمز ئاساوە دەردەبرێ. لەگەڵ ئەمەشا، لە کۆتایی دەیەی بیست دا چووە سەر مەزەبی کاتولیك، و شیعرەکانی پڕ بوون لە چەمکێن مەزەبی. هۆزانانی وەك "چوار شەممەی خۆڵەکەوە(10)- 1930"، "سەفەری ماگی" و "مارینا" قۆناغە یەك لە دووی یەکەکانی نا ئومێدی، گۆمانداری، ئومێدو شادی لە میانەی خەباتی روح لە رای ژیانێکی تازە بەرجەستە دەکەن. لە "چوار شەممەی خۆڵەکەوە"دا پەیوەندی ئیلیوت بە مرۆڤی سەردەمی تازەوە، جێی خۆی بۆ دڵبەندی بە داب و نەریتی مەسیحییەت کە هەڵگری رازی بەها مرۆڤانییەکانە، چۆڵ دەکات. هەڵبەتە بادانەوەی ئیلیوت بەلای خواناسیدا زۆر مایەی سەرسامی نییە.

گەڕانی ئەو لە زەبت و رەبت و قاڵب لە شیعرا، سەرەنجام بەرەو کلاسیسزمی لە ئەدەبیاتدا، و بەرەو ئەنگلو کاتولیزیزمی لە مەزەبدا برد.

## چوار کوارتێتان: FOUR GUARTETS (1936 -1942)*

ئەمە بە باشترین بەرهەمی شیعریی ئیلیوت دەزانن، و تەنانەت هەندێ لە رەخنەگران بە جوانترین شیعری میتافیزیکی زمانی ئینگلیزیان، لە سەدی هەڤدە بەملاوە ژماردووە. ئەم شیعرە درێژە کە ئەندێشەو هزرە رەسەن و پوختەکانی ئیلیوت لەباری زەمان و ئەبەدییەتەوە بە زمانی رەمزو هێما دەگێڕێتەوە، بریتییە لە چوار بەیت (منظومة)، بە ناوی چوار شوێنی جیاوازەوە: بەیتی یەکەم بە ناوی "برنت نۆرتن- 1936"ـە، ئاماژەیە بۆماڵێك بە هەمان ناوەوە کە منالان لە باخە پڕ لە گوڵە باخەکەیدا سەر قاڵی گەمەن. بەیتی دووەم "ئیست کۆکەر- 1940"ی ناوە، کە گوندێکە لە ئینگلستان کە باپیری ئیلیوت لە سەدەی هەڤدەدا لەوێوە بۆ ئەمریکا رۆیی، بەیتی سێیەم، "بە

وشکی لەئاو گیراوەکان– 1941)، ناوی تاوێرەکانی کەنارەکانی ماساچوست–ی لە خۆ گرتووە کە ئیلیوت منداڵیـەتی خـۆی لەوێنـدەر بەسـەر بـردووە. بـەیتی چـوارەم "لیتـڵ گیـدینگ– 1942" یادەوەری شوێنێکە بە هەمان ناوو نوێژخانە بچوکەکەی ئەو شوێنەیە.

چوار کوارتێتان، شیعری زەمانی جەنگەو پڕە لە ئاماژە بۆ تۆپبارانەکانی لەندەن و جەنگی ناوخۆی ئینگلستان. سەرانسەری ئەم بەرهەمە وەکو پارچەیەکی مۆسیقا وەستایانە دانراوەو سەر ڕێژە لـە ئاماژەو هێمایانی ئەدەبی و مێژوویی و مەسیحی، سەبارەت بـە ئاماژەکـان دەبـێ ئـەوە بگـوترێ کـە هەر یەکێك لە چوار بەیتەکە بەریز ئاماژەن بۆ هەوا، زەوی، ئاوو ئاگر.

ئیلیوت بە تەکنیك و نێوەڕۆکی شیعری خۆی، پێوەرو دابە ئەدەبییە باوەکانی سەردەمی خۆی تێك شکاند. لـە بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی گیـانی سـەردەمی تـازە، لـە داهێنـانی فـۆرم و قاڵبـانی نـوێ و زمـانی شیعری نوێ دا بـوو بـە پێشـەنگی شـاعیرانی ئافەرێنـەر. ئیلیـوت لـەجیاتی "دەربـڕینی شـاعیرانە"، زاراوەیـن بـاوو تـۆنی سروشـتی زمـانی بـەکار هێنـاوە، و لـە جیـاتی پشـت بەسـتن بـە مجـەڕەدات، سوودی لە کاریگەریی حسی وەرگرت، ئەو باوەڕی وابوو کەشیعر دەبێ نا دیارو بە تەم و مژ بێ، و هەستێن شەخسـی بگـۆڕێ بـۆ حەقیقـەتێن گشـتی. بـەم شـێوەیە، ئیلیـوت هـۆو ئـەوزاری شـیعریی تایبـەت بـە خـۆی فەراهـەم کـرد، و شـیعرێکی تـەواو جیـای داهێنـا، شـیعرێك بـە تـۆن و ئاهـەنگێکی خۆش و جوڵەیەکی خاو، بەڵام ورد، ڕەوان، و نزیك لە تۆنی دیالۆگ.

ئیلیوت لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا دەسەڵاتێکی گـەورەی هـەبوو. کـۆ گوتـارە ڕەخنەییـەکانی کـە یەکـەم جار لـە ژێـر سـەر نـاوی بێشـەی مقـەدەس (1920) دا بڵاوبووەوە، مەسـەلە بنچینەییەکانی هـزری ڕەخنەیی خستە ڕوو. یـەکێك لـەم مەسـەلانە، پەیوەنـدی نێـوان داب و نـەریت و بەرهـەمێکی هونـەری نوێ بوو ، و ئەمە خۆی لـە خۆیـدا نیشـانەی دڵبەنـدی ئیلیـوت بـە بەسـتنەوەی ئێسـتا بـەرابردوو، و رابـردوو بــە ئێســتاو ئاینــدەوە بــوو. ئیلیــوت لــەم بەرهەمــەدا لەلایەکــەوە دەکەوێتــە ستایشــی درامانووسانی سەردەمی ئیلیزابت، شاعیرانی میتافیزیك، دانتی، و شاعیرانی سـەدەی نۆزدەیـەمی فەرەنسا، و لەلایەکی ترەوە هێرشی توند دەکاتە سەر میلتون و ڕۆمانتیکـەکان و شـاعیرانی ڤۆنـاغی ڤیکتوریا، بە هەر حاڵ بێشەی مقەدەس، گۆڕانێکی گشتی لە بەها ئەدەبییەکانـدا چێکـردو کـارێکی گــەورەی کــردە ســەر زەوق و ســەلیقەی ئــەدەبی ســەردەم، و شــۆرەتی ئیلیــوتی وەکــو ڕەخنــەگر چەسـپاند. لـە بەرهەمـەکانی دیکـەی مەیـدانی ڕەخنـەی ئـەدەبیی ئیلیـوت دا دەکـرێ نـاوی ئـەم بەرهەمانــە بــبرێ: تەقلیــدو ئــەزموون لــە ئــەدەبیاتی ئــەمڕۆدا (1929)، بــەکارهێنانی شــیعرو بەکارهێنانی ڕەخنە (1933)، مۆسیقای شیعر (1942) و شیعرو دراما (1951).

ئیلیوت شەیدای دراماش بوو. کتێبی شیعرو دراماکەی نیشانەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەیە کە لـە ڕای زندووکردنـەوەی درامـای شـاعیرانە بـۆ شـانۆی تـازە داویـەتی. یـەکێك لـە شـانۆنامەکانی خـۆی شـانۆنامەیەکی مەزهەبییـە بـەناوی تـاوێر، لـە سـاڵی 1934 بڵاوبـووەوە. کـاری دواتـری ئیلیـوت شــانۆنامەیەکی شــیعری بــوو بــەناوی: کوشــتن لــە کاتــە درائیــەدا کــە لەســەر بنــەمای قەیرانــە ڕوحییـەکانی زادەی شـەهید بـوونی تۆمـاس ئیبیکـت نووسـراوە. شـانۆنامەکانی دواتـری ئیلیـوت

بریتیی بوون له: پەیوەندی خێزانی (1939)، دوو کۆمیدیای ئاهەنگی کۆکتێل (1950) و سکرتێری باوەڕ پێکراو (1954)، و سیاسەتوانی کۆنەکار (1958).
ئیلیوت پاش پەیوەندی کردن بە کڵێساوە زۆربەی بەرهەمە پەخشانییەکانی بۆ مەسەلە کەلتووریەکان، بە تایبەتی پێگەی مەزەب لە کۆمەڵگادا، تەرخان کرد، لە دوای خودایانی بێگانە (1934)، هێزی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەسیحی (1940)و چەند سەرنجێك دەربارەی پێناسەی کەلتوور (1948)، کۆمەڵە بەرهەمێکین لە مەیدانی رەخنەی کۆمەڵایەتیدا.
ئیلیوت مامۆستای زانستگەکانی کەمبریج و هارڤەرد بوو، و بەلای کەمەوە لە هەژدە زانستگەی گەورەی جیهان پلەی دکتۆرای شانازی وەرگرت. لە ساڵی 1948شدا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی بەدەست هێنا. دوا قسە دەربارەی ئەم سیما بەرجەستەیەی ئەدەبیاتی جیهان، دەبێ لە دەمی خۆیەوە وەربگیرێت، لە کۆ گوتارێکی دا بە ناوی: بۆلانسلوت ئەندریوس (1928) دەربارەی خۆی دەنووسێت کە لە مەزەبا ئەنگلۆ– کاتولیکە، لە ئەدەبیاتدا کلاسیستە، و لە سیاسەتدا کەسێکی پاشایەتی خوازە.

<u>کۆنراد (پاتر) ئەیکن (1889– 1973):</u>
شاعیر، رەخنەگرو رۆماننووسێکی خەڵکی ساوانای سەر بە جۆرجیا بوو، کە کونراد منداڵ بوو، بابی دایکی کوشت و پاشان خۆیشی کوشت، و کونراد لە ماساچوست لەلای کەسوکاری گەورە بوو. و زانستگەی هارڤەردی تەواو کردو کەوتە ژێر کاریگەیی سەمبولیستانی فەرەنسی، ئیماجیستان، فرۆید، ویلیام جیمز، و ئالن پۆوە.
یەکەمین دیوانە شیعری: داگیرکەری زەوی، لە ساڵی 1914دابلاوبووەوە. لە دیوانەکانی تریا ئەمانەیان کەم تازۆر بەناوبانگن: ماڵی تۆزگرتوو (1920)، هۆزانێن هەڵبژاردە (1929)، براوەی خەڵاتی پولیتسەر بوو)و سەرباز. سەفەری شین (1927)و بازنەی گەورە (1933) باشترین رۆمانی کونرادن.

<u>ئیدناسەنت ڤینیسنت مەیلی (1892– 1950):</u>
خانمە شاعیرێکی خەڵکی ویلایەتی مینە، یەکێك بوو لە باشترین شاعیرانی سەردەمی خۆی. شۆرەتی ئەو بەندە بە شیعرەکانی دەیەی بیستییەوە کە لەو شیعرانەدا بە شادیو پاراوییەکی لیریکی کەوتۆتە ستایشی ژیان، ڤیان، و ئازادی ئەخلاقی.
خاتوو مەیلی لە ساڵی 1917دا یەکەمین دیوانە شیعری بەناوی: رێنیسانس بلاوکردەوە، دیوانە شیعرییەکانی دیکەی بەم ناوانەن: چەند هەنجیرێك لە بنجە دڕوانەوە (1920)، دووەمین ئەپریل (1921)، گۆرانی چەنگ ساز (1922)، چەنگ سازو چەند شیعرێکی دیکە (1923، خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت).

مەیلی کە لە ژێر کاریگەریی شەکسپیر و کیت دا بوو، هەر پابەندی قاڵبە کۆن و تەقلیدییەکان بوو.
هەندێ لە دوا کۆ شیعرەکانی ئەمانەن: نێرە کێوی لە بەفرا(1928) کۆ سوناتان (1941)و کۆ هۆزان (1956).
خانم مەیلی هەندێ شانۆنامەشی نووسیوون کە سەرکەوتوو ترینیان ئەمانەن: چراو زەنگ (1921)، دوو ژنی بێ تەرتیب و پاشا (1921)و شازادە خانم شوو بە نۆکەر دەکات (1932).

ئارچیبالد مەکلیش (1892– 1982):

شاعیرو نووسەری کۆمەڵایەتی باکووری ئەمریکایە. پاش بڵاوکردنەوەی دیوانە شیعرێك بە ناوی بورجی عاج (1917) وڵاتیبە جێهێشت و بەرەو فەرەنسا چوو. تا ساڵی 1928 لە فەرەنسا مایەوە، و لەم ماوەیەدا لە ژێر کاریگەریی پاوەند، ئیلیوت، و سەمبولیستانی فەرەنسی دابوو.
دوو دیوانی کورتە سوناتانی هەیە بە ناوانی زەماوەندی شاد (1924) و شەقامەکانی مانگ (1926) رەنگدانەوەی ئەزموونانی ئەون لەواری کێش و فۆرمدا.
دیوانێکی دیکەی بە ناوی "کونکویستادور"11" – 1932" بوو. کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت.
ئەم شیعرە درێژە، پێکادانی دوو شارستانیەتی روو لە نەمان وێنە دەگرێت. لە دەیەی سی دا چەند دیوانە شیعرێکی دیکەی بەم ناوانە بڵاوبوونەوە: خاکی ئازادان (1938)، ئەمریکا سەر زەمینی مەوعود بوو (1939)، و هۆزانان: 1917– 1952 (1952) کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت.
مەکلیش لە دەیەی سی دا بە شانۆنامە شیعرییەکانی ناوبانگێکی بەرزی دەرکرد. شانۆنامانی: ترسی بێ بناغە (1935)، وێرانکاران (1942)و هەرەسی شار (1937)، هەڵگری پەیامی سیاسین.
مەکلیش لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا یەجگار زۆر مژولی مەسەلە جیهانییەکان بوو. لە ساڵی 1939دا لە کتێبخانەی کۆنگرەدا پۆستی کتێبداری بە دەست هێناو رۆڵێکی چالاکی لە دامەزراندنی یونسکۆدا هەبوو. پاشان پۆست و کاری دیکەی دەوڵەتی وەرگرت و لە ساڵی 1944دا گەییە پایەی یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. شیعری ئەم قۆناغەی پڕن لە سۆزی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری،مەکلیش سێیەمین خەڵاتی پولیتسەری لەسەر شانۆنامەی شیعریی ئەیوب (1958) بەدەست هێنا. لەم شانۆنامەیەدا کە لە چیرۆکی ئەیوبی تەوراتەوە هەڵێنجراوە، مرۆڤی سەردەمی تازە لە جیهانێکا کە لە یاساکانی حاڵی نابێ، وەسف دەکرێت.
یەکێك لە بەرهەمە گرنگەکانی دیکەی مەکلیش، ئەسپی تەروادە (1952)یە، شانۆنامەیەکی رادیۆیی و تەنزێك لەسەر بنەمای ترس لەکۆمۆنیزم، چەند گۆرانییەك بۆ حەوا (1954)، کە ئەمیش لە تەوراتەوە وەرگیراوە.
یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی مەکلیش، وتارێکە بە ناوی نا مەسئولان (1940) دەربارەی شاعیرو پەیامەکانی شاعیر، ئەوجا کۆمەڵێك لە گوتارە هەڵبژاردەکانی لە ژێر سەر ناڤی کاتیکار (1943) دا بڵاوبووەتەوە.

ئیدوارد ئیستلین کومینگز (1894– 1962):

یەکێك بوو لە بەهرەدارترین شاعیرانی ڕۆژگاری خۆی. لە کمبریج–ی ماساچوست هاتۆتە دنیاو لە هارڤەرد خوێندویەتی. شۆرەتی ئەو زیاتر بە غەریبی شێوەی پێکهاتەی نیوە بەیتەکانی و خاڵبەندییەکانییەوەیە کە وەکو نموونەی کێش و بۆ تێکەڵ کردنی مانا سودی لێ وەرگرت. بەرهەمەکانی کومینگز کۆمەڵێکە لە هۆزانێن ئاشقانەی لیریکی، سکێچی کۆمیدیانەی سیمای کەسایەتیەکان، و تەنز و توانج لە لاوازییە ئەخلاقی و دەزگەییەکانی سەردەم، کومینگز لە هەموو بەرهەمەکانیدا سوودی لە ریتمی جازو زمانی عەوام وەرگرتووە.

یەکێك لە بەرهەمەکانی کومینگز ڕۆمانێکە بە ناوی ژوورێکی بەرین (1930) کە باسی ئەزموونی خۆی لە زندانێکی فەرەنسیدا لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەکات، لە نێو دیوانە شیعرەکانیا: هەلاڵەو دووکەڵکێشان (1922)، نەوەدو پێنج شیعر (1958)و هۆزانان: 1923– 1954 (1954) خوێنەرێکی زۆریان پەیدا کرد.

کومینگز دوو شانۆنامەشی بە ناوانی: سانتاکلوز (1946) و ئەو (1946) لە پاش بەجێماوە.

<u>ستیڤن ڤینسنت بنت (1898– 1943):</u>

بە هۆی دڵبەندی بە فەنبازیو ناوەڕکێن ئەمریکاییەوە ناوبانگی دەرکردووە. ئەو کە لە ڕۆمانووسیشدا دەستی هەبوو، تواناکانی خۆی لە نووسینی سیناریۆیانی رادیۆیشدا بەکار هێنا. هەوەڵین کۆ شیعرێن وی بریتی بوون لە: پێنج پیاوو پومپی (1915)، سەرکێشی لاویەتی (1918)، ئاسمانان و زەمین (1920)و لاشەی جۆن براون (1928) کە پڕ خوێنەرترین شیعری دەیەی سی بوو. ئەم شیعرە کە خەلاتی پولیتسەری وەرگرت، لە راستیا ڕۆمانێکە لە قاڵبی شیعردا، و گەواهی لێهاتووی بنت–ە لە تەکنیك و هەروەها لە هاوخەمی ئەو لەگەڵ سیماکانی جەنگی ناوخۆدا، لە دوایەمین دیوانە شیعرەکانی بنت دا دەکرێ ناوی ئەمانەیان ببرێ: پیر هەڤۆك لە نیوەڕۆدا (1940)، ئەوان کتێبەکانیان سوتاند (1942)و ئەستێرەی ڕۆژئاوایی (تەواو نەکراوە، 1943).

یەکەمین کۆ کورتە چیرۆکی بنت، سەعاتی سیانزە (1937) بوو. دڵگیرترین چیرۆکی ئەم کۆ چیرۆکە "شەیتان و دانیال و بستەر"ە کە شێوەی کلاسیکی وەرگرتووە. کۆ کورتە چیرۆکی دواتری بنت: حیکایەتانی پێش نیوە شەو (1939) بوو.

یەکەمین ڕۆمانی بنت، دەستپێکی ئەقڵ (1921)ی ناو بوو، و بەنابانگترین ڕۆمانی، سەرەنێزەی ئەسپانییە (1922).

<u>(هارولد) هارت کرین (1899– 1932):</u>

لە ئوهایو لە دایك بووە. لە هەڤدە ساڵی دا بۆ نیویورك چوو و کەوتە کاری جۆراوجۆر، هەندێ شیعری گوت کە لە گۆڤاری شیعردا بڵاوبوونەوە، یەکەمین دیوانە شیعری تەلارێن سپی (1926) بوو و دیوانی دووەمی بە ناو نیشانی پرد (1930) ، شیعرێکی درێژە (نزیکەی هەزار نیوە بەیتە) و ڕەنگدانەوەی هەندێ دیمەنی مێژووی ئەمریکایە.

کرین، لە ریزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە کە بە زمانێکی شیعریی کاریگەر گیانی ماشینزمی سەدەی بیستەمی دەربڕیوە. بە بەهرەو تواناى داهێنەرانەو خەیاڵی بەرز بەناوبانگ بوو، کە زۆر لە ژێر کاریگەریی رامبۆو تی. ئیس. ئیلیوت بوو، و لە هەمان کاتدا تۆرێکی یەجگار ئاڵۆزو چڕە لەو وێنانەی کە خوڵقاندوونی.

<u>(جیمز) لنگستون هیوز (1902– 1967):</u>

شاعیرو چیرۆکنووسێکی رەش پێستی ئەمریکایە، شاعیری خەمو شادییەکانی رەش پێستانی هاوولاتی خوێن. تایبەتمەندی دیاری شیعری هیوز بەکار هێنانی کێشی گۆرانی و ئاوازی فولکلۆری رەش پێستانە.

هەندێ لەو دیوانە شیعریانەی هیوز کە ناوبانگیان پەیدا کردووە ئەمانەن: دەریاری مەزن (1940)، شەکسپیر لە هارلم (1942)، بلیتی یەکسەرە (1949)، گوڵچنێك بە ناوی شیعری رەش پێستان: 1746– 1949 (1949)و لە دایکت بپرسە.

کورتە چیرۆکەکانی هیوز لە دوو کۆ چیرۆك دا بە ناونیشانی: عادەتی سپی پێستان (1934)و پێکەنین بۆ جڵەوگیری لە گریان (1952) گرد کراونەتەوە.

هیوز رۆمانێکیشی بڵاوبووەتەوە بە ناوی: نە بەبێ پێکەنین (1930).

<u>تیودور روتکە (1908– 1963):</u>

لە ساگینای ویلایەتی میشیگان هاتە دنیا، یەکێك بوو لە بە توانا ترین شاعیرانی نەوەی خۆی، و لە هەڵبژاردنی قاڵب و فۆرمی شیعرەکانیدا یەجگار ورد بوو، و هەروەها بۆ شیعرە مەیلەو سوریالیزمەکانی خۆی سودی لە فۆرمی شیعری ئازاد وەردەگرت.

هەوەڵین دیوانە شیعری روتکە، ماڵی کراوە (1941) و کوڕی گوم بوو (1948) یان ناوە. شیعرەکانی ساڵانی 1933– 1953ی لە دیوانێکدا بە ناوی: بێداری (1953) بڵاوبوونەتەوە. ئەم دیوانە خەڵاتی پولیتسەری ساڵی 1954ی بە دەست هێنا، روتکە خەڵاتی بولینگن–شی لەسەر دیوانە شیعرێکی دیکەی بەناوی: چەند پەیڤێك بۆ با (1958) وەرگرت.

<u>کارل شاپیرۆ (1913– ....):</u>

لە بالتیمور لە دایك بوو. لە قۆناغی خزمەتی سوپایی دا لە باشووری ئۆقیانوسی ئارام هەندێ هۆزانی سادەو لە هەمان کاتدا چڕداری دەربارەی ئەزموونانی سوپایی و کۆمەڵایەتی خۆی دانا. ناوبانگی بەو شیعرانەیەوەیە کە دەربارەی جەنگی جیهانی دووەم گوتوونی کە باشترینیان لە دیوانێکا بە ناوی: پیتی ڤی (V) (1944) کۆ کراونەتەوە. دیوانە شیعرەکانی تری شاپیرو بەم ناوانەن: شوێنێك بۆ ڤیان (1943)، دادگایی شاعیر (1947)و هۆزانی جولەکەیەك (1958).

شاپیرۆ کتێبێکی رەخنەیی بەناونیشانی (گوتارێك دەربارەی قافیە)شی هەیە کە باسێکی فەلسەفییە دەربارەی هەڵبەست. کۆمەڵە وتارێکیشی دەربارەی شیعری تازە بەناوی دەربارەی بەرەڤانی لەنەزانی (1960) بلاوکردووەتەوە.
شاپیرۆ هۆزانەکانی زیاتر لە قاڵب و فۆرمی تەقلیدی دا داڕشتووە، بەڵام دەربڕینێکی نا شاعیرانەی هەیە.

<u>جۆن بریمەن (1914– 1972):</u>
شاعیرێکی خەڵکی ئوکلاهوماو مامۆستای زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانستگەی مینە سوتاسە. شیعرە مێژوویی و درێژەکەی، لە ستایشی خاتو برادستریت دا (1956) دەربڕی زنجیرە یاخی بوون و کەوی بوونێکە لە ژیانی ئان برادستریت، ی خانمە شاعیری سەدەی هەڤدەیەم. شیعرێکی درێژی دیکەی بریمەن بەناوی: هەفتاو هەوت خەونە گۆرانییە، کە دەربارەی پەشێوەی جیهانی ئەمڕۆیە، و خەڵاتی پولیتسەری لەسەر وەرگرت.

<u>روبرت لوویل (1917– 1977):</u>
لە بوستۆن هاتۆتە دنیا، لە گرووپی شاعیرانی ناسراو بە (فیراری) بوو کە شیعرەکانی لە گۆڤاری گرووپی نێوبراودا، بە هەمان ناو (گۆڤاری فیراری) بڵاودەکردەوە، لوویل شاعیری گەورەی نەوەی خۆیەتی. لە زەمانی جەنگ دا هەندێ شیعری دژ بە تۆپبارانی خەڵکانی سیڤیل نووسی و لەلایەن هاوپەیمانانەوە ماوەیەك خرایە زندانەوە. لە پاش ئازادی، هەندێ هۆزانی گوت کە دنیا مەحکوم دەکات. یەکێك لەم شیعرانە، قەڵای لۆرد وییری (1944) بوو، کە خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت.
یەکەمین کۆ شیعری لوویل، سەر زەمینی نا یەکسانی (1944) بوو. دیوانەکانی دیکەی بریتیین لە: ئاشەکانی کاڤانوف (1951) و یەکێتیی مردووان (1964)، کە دەربارەی جەنگی ناوخۆیە. لوویل شانۆنامەیەکی شیعریشی لە دوا بەجێ ماوە بە ناوی شکۆی کۆن (1964).

<u>ریچارد ویلبەر (1921– 000):</u>
لە نیویورك لە دایك بووە، و لە زانستگەی ئیمهرست خوێندوویەتی. لە ساڵی 1950دا مامۆستای یاریدەدەری زانستگەی هارڤەرد، لە ساڵی 1955 مامۆستای کولیجی ولزلی، و لە ساڵی 1959دا بوو بە مامۆستای کورسی ئینگلیزی زانستگەی و سلیان.
شیعرەکانی لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی میتافیزیکی دایە. بە شێوەیەکی گشتی شیعرەکانی قافیەدار، کێشدار، لۆجیکی و هزرمەندانەن، و شەقڵی گاڵتەبازیی و هەستی قوڵیان پێوەیە، تا ئێستا ئەم کۆ شیعرانەی بلاوبوونەتەوە: گۆڕانکارییە جوانەکان (1947)، تەشریفات (1950)، شتەکانی ئەم دنیایە (1956، خەڵاتی پولیتسەری ساڵی 1957ی وەرگرت). و ئامۆژگاری بۆ پەیامبەرێك (1961).

**ئەلین گینز بیرگ (1926– ....):**

لـە رابـەران و پەیڤدارانی بەرجەستـەی بزووتنـەوەی (12) بیـت بـوو. مەسـەلەی پـڕ هـەراو هوریـای دیوانە شیعرییەکەی بە ناوی: لورە (1956)، کە بە تۆمـەتی بێ ئەدەبی و چەپەڵ نووسییەوە بـەر رەخنـەی تونـد کـەوت، بـەڵام پاشـان ئـەو تۆمەتـەی لەسـەر هـەڵگیرا، جـا ئـەم دیوانـە بـەلای کەمـەوە بزووتنەوەی بیت–ی لە ئاستی نەتەوەییدا خستە روو. لورە، خەمنامەیەکی شین ئاسایە دەربـارەی ئـەوەی کۆمەڵگـە بـۆ ئـەوەی ئـەمڕۆی بـە دیـاری هێنـاوە. شـیعرەکانی گینـزبیرگ، وەکـو شـاعیرانی دیکەی سەر بەم بزووتنەوەیە، شاشن و لـە قاڵبی شیعری ئازادان، دوو دیوانـە شیعری دیکـەی بـە ناوانی: کادیش (1961)و ئاوێنەی بە تاڵ (1961) بڵاوبوونەتەوە.

## شانۆنامەنووسان

لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم دا، گـەلێك لـە ئـەمریکاییانی لاو سـەردانی ئـەوروپایان کـرد، ئاشنایەتیان لەگەڵ شـانۆی زنـدوو گەشـەکردووی ئـەو وڵاتـەدا پەیـدا کـرد، و لـە گەڕانەوەیانـدا بـۆ وڵاتـی خـۆ، شـانۆی بچـووك بچـووکیان لـە گۆشـەو کـەناران دروسـت کـرد. ئەمانـە بـێ خـەم لـە سـنووورداری بـازاڕو بازرگـانی، هەنـدێ شـانۆنامانیان هێنایـە سـەر شـانۆو کەوتنـە جەڕبانـدن و تاقیکردنـەوەی شـێوازو قاڵبـانی جۆراوجـۆری درامـا. بـەمجۆرە شـانۆی بچـووك یـا ئەزمونگـەری لـە ئـەمریکاش هاتـە ئـاراوە (بزووتنـەوەی شـانۆی ئەزموونگـەری لـە بنـەڕەتا لـە سـەدەی نۆزدەداو لـە ئەوروپا پەیدا بوو بوو، کە نموونـە بـە ناوبانگـەکانی شـانۆی ئـازادی ئـانتوان لـە پـاریس، و شـانۆی هونەری ستانسلافسکی لە مۆسکۆن، بـوون). بزووتنـەوەی شـانۆی بچـووك بـەرە بـەرە بـووە مایـەی پەیـدا بـوون و گەشـەکردنی دەرهێنـەران، ئەکتـەران و شـانۆنامەنووسـان کـە ژمارەیـەك لەوانـە لـە کۆلیجەکاندا خوێندبوویان، واتە دەرچووی کۆلیجـان بـوون. هەنـدێ گـرووپێن شـانۆیی، بـە شـێوەی نمایشـکردنی بازرگانیـان وەرگـرت. گـرنگترین گروپیـان کـە بـە (ئەکتـەرانی مەیـدانی واشـینگتۆن) ناسرا بوو، لە ساڵی 1915دا دامەزرا، ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەم گروپە یەکێتییـەکی شـانۆییان لـە سـاڵی 1918دا دامەزرانـد. تـاقمێکی دیکـە، کـە لـە سـاڵی 1915دا کـاری خـۆی بـە دەرهێنـانی شـانۆنامانی رەسـەن دەسـت پێکـرد "گروپـی ئەکتـەرانی پـروڤینس تـاون" (ماساچوسـت) بـوو. بـە هەوڵ و هیمەتی ئەم گروپە بوو کە ئونیل توانی شانۆنامە تـاك پەردەییـەکانی سـەرەتای پێشـکەش بکات. بـە هـەر حـاڵ "دەسـتەی ئەکتـەرانی پـروفینس تـاون" لـە پێشـڕەوانی بزووتنـەوەی شـانۆی بچـووك بـوو، و ئونیـل، ی گـەورەترین درامـا نووسـی ئـەمریکا لـە سـەدەی بیسـتەم دا، پـەروەردەی هەمان بزووتنەوە بوو.

**يوجين (گلادستون) ئونيل (1888– 1953):**

سەرامەدی شانۆنامەنووسانی ئەمریکایی، و سیمای بەرجەستەی مێژووی شانۆی نویٚ، لە شاری نیویورك چاوی بە دنیا هەڵێنا. بابی موهاجیرێکی ئیرلەندی، و ئەکتەرێکی ئەندامی گروپە ئەکتەرێکی گەڕۆك بوو کە لە هەندیٚ سەفەری گروپەکەدا کوڕەکەی لەگەڵ خویدا دەبرد. یوجین لەم سەفەرانەوە ئەزموونی وەرگرت. لە قوتابخانەکانی کاتولیك دا خوێندی و ساڵێکیش لە زانستگەی پرینستن خوێندی. قۆناغی لاوی تەژی سەر بردان بوو، گەڕان بە دووی ئاڵتوندا بەرەو هندۆراسی بکێش کردو ماوەیەك لە کارخانەکانی ئەوێندەر کاری کرد. ماوەیەك کاری دەریاوانی کردو لە رێگەی دەریاوە بۆ ئەرجەنتین و ئەفریقای باشووری و ئینگلستان چوو. لە ساڵی 1912دا شەش مانگێك لە یەکێك لە ئاسایشگەکانی سیلداران دا خەوت، و ئەم ماوەیەی بە خوێندنەوەی شانۆنامان بەسەر برد، و سەرەنجام بە خۆی کەوتە شانۆنامەنووسین. بەرهەمی ئەم قۆناغەی چەند شانۆنامەیەکی یەك پەردەیی بوو، کە لە کۆمەڵەیەکدا بە ناونیشانی: تینوویەتی (1914) بڵاوبووەوە. ئونیل ماوەیەکیش هاتوچۆی وەرشەی شانۆی هارڤەردی کردو ئەزموونێکی وەرگرت. لە ساڵی 1916دا پەیوەندی بە گروپی ئەکتەرانی پروڤینس تاون–ەوە کرد، و بوو بە ئەکتەری هەندیٚ لە شانۆنامەکانی خۆی.

شانۆنامەی یەك پەردەیی: بەرەو رۆژهەڵات، بە قەستی کاردیف (1916) کە دوا ساتەکانی دەریاوانێکی لە گیانەڵادا بەرجەستە دەکات، یەکەمین جار لە ساڵی 1916دا لەلایەن هەمان گروپەوە دەرهێنرا. و پاشان شانۆنامە یەك پەردەییەکانی دیکەی: بەر لە ناشتا (1916) و سەفەری دوورو درێژ بە نیشتماندا (1917) خرانە سەر شانۆ.

یەکەمین شانۆنامەی درێژی ئونیل، ئەو بەری ئاسۆ (1920، خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت)، درامایەکی ئەنتی رۆمانتیکی ئەمریکایی بوو. لەم دراما واقیعییەدا، کە فۆرمێکی ئاسایی و تەقلیدی هەیە، دوو برا کە ئارەزووە سروشتییەکانی خۆیان ئینکار دەکەن، وەستایانە وێنەگیراون. شانۆنامەیەکی دیکەی ئونیل، ئیمپراتۆر جونز (1921)، بەڵگەو گەواهی نوێکارییە شانۆییەکانی ئەوە. لەم شانۆنامە ئەکسپرسیونیستییەدا، بیر پەریشانی دیکتاتۆری دوڕگەکانی ئانتیل، کە ناچار دەبیٚ دەست لە حکومەتایەتی بکێشێتەوەو هەڵێت، شی دەکرێتەوە. ئاناکریستی (1921، براوەی خەڵاتی پولیتسەر)، شانۆنامەیەکە دەربارەی دەریا. زێر (1921) شانۆنامەیەکی تەواوی دیکەی ئونیلە، کە شێوەیەکی پەرەپێدراوی شانۆنامەیەکی یەك پەردەیی خۆیەتی کە لە ژێر سەرناڤی: لەو شوێنەی کە خاچ دروست دەکەن (1918) بڵاوبوو بووەوە.

شانۆنامەی مەیموونی تووکن (1922)، کە ئاوێتەیەکە لە ئەکسپرسیونیزم و ناتورالیزم، حیکایەتی پیاوێك بە ناوی یانگ کە بەرپرسی سوتەمەنی کەشتییەکی بوخارە، دەگێڕێتەوە. یانگی کێوی و نەخوێنەوار کە هەست دەکات تا ناخی ناخی دڵبەندی کەشتییەکەیە، نەك دڵبەندی دنیای قەشەنگ و جوان، دەچیٚ بۆ باخێکی گیانداران و بێزارو نا ئومێد پەنا بۆ باوەشی مەیموونێك، کە لە باری روحییەوە نزیکترین خزمی ئەوە، دەبات. شانۆنامەی هەموو منالانی خوا باڵیان هەیە (1924)، کە دەربارەی پەیوەندی نێوان رەش پێستان و سپی پێستانە، دابی

داهۆڵسازی لە ڕەش پێستان لـە ئەدەبیاتـدا تێك دەشـكێنیٚ و لێـی دەدا. لـە شـانۆنامەی هەوەسـی ژێردار هەناران (1924) دڵبەندی ئونیل بە دەرونزانی فرۆیدەوە لەگەڵ سۆزی ئەو بـۆ تیورییـەكانی نیتشـە ئاوێتـە دەكـات. خوداوەنـدی گـەورە بـراون (1926) تراژیدیایـەكی تـەنزئامێزە دەربـارەی مادیگەری تازە. لـە شـانۆنامەی مـاركۆی میلیۆنێردا (1927)، كـە هێـرش دەكاتـە سـەر فەلسـەفەی مادی ڕۆژئاوا، ماركۆپۆلۆی بازرگان لە بەرانبـەر كیـژی قوبلای قائـان دا وێنـە دەگیرێـت و ئاقیبـەت كیژیٚ لە ئەشقی ئەودا دەمرێت. شانۆنامەی ئەلعازر پێكەنی (1927)، درێـژەی چیرۆكی ئـەلعازری ئینجیلە كە عیسا لە نێو مردووەكاندا زندووی كردەوە. لەم شانۆنامەیەدا حەوت دەستە لە كۆرسـی دەمامكـدار كـە هـەر یەكـەیان نوێنـەری قۆنـاغێكن لـە ژیـانی مـرۆڤ داو هەریەكـەیان كەسـایەتیەكی جیاوازیان هەیە، بە شێوەیەكی تێرو تەسـەلی مێـژوویی بـەكار هـاتووە، بۆیـە جێبـەجیٚ كردنـی ئـەم شانۆنامەیە پێشەكی و ئامادەكارییەكی فرە دەخوازیٚ. هەڵوەسـتەیەكی عـەجیب (1928، بـراوەی خـەڵاتی پولیتسـەرە)، شـانۆنامەیەكە لـە نـۆ پـەردەدا كـە بـۆ نووسـینی سـوود لەشـێوەی شـەپۆلی هۆش و مەنەلۆگی دەروونی وەرگیراوە. بەم ڕێگەیە ئونیل هەوڵدەدا تا كێشمانەكێشی ڕوحـی نێـوان چەند زەلامێك كە بە هۆی ژنێكی عەسەبیەوە دروست دەبیٚ، وێنە بگریٚ.

درێـژترین درامـای ئونیـل، تازیـەباری لایـەقی ئەلیكترایـە (1931)، شـانۆنامەیەكی سـیٚ بەشـییە لـە سـیانزە پـەردەدا، مـاكی ئـەم درامایـە دەچـێتەوە سـەر تراژیـدییا ئورسـتیا-ی ئاسـخیلوس-ی شانۆنامەنووسی یونانی، لیٚ مەیدانی چیرۆكەكە ئینگلستانی نـوێی پـاش شـەڕی ناوخۆیـە. ئونیـل لێرەدا هەوڵدەدا ئەنگێزەی كار بەگوێرەی دەروونناسی تازە شی بكاتەوە. لە ڕاستیدا، ئەو چـەمكی چـارەنووس لـــە ڕوانگـــەی یونانییەكانـــەوە لـــە قـــاڵبی جەبریـــەتی ســـایكۆلۆژی و ژینگەییـــەوە نیشاندەدات. ئەی زەوی بیابان (1933) شانۆنامەیەكی كۆمیدییە دەربارەی یـاخی بـوونی قۆنـاغی هەرزەكاری. ڕۆژانی بیٚ كۆتایی (1934)، كۆتایی قۆناغی پڕ بەرهەمی سەرەتای ئونیل بوو.

شـانۆنامەی: سەهۆڵفرۆشـی گـەڕۆك دیٚ (1946)، كـە بـە دەوری تـەوەری ترۆكراوانـی كۆمەڵگـەدا دەسوڕێتەوە، لەساڵی 1946دا لە براودەی خرایە سەر شانۆ، و جارێكی دیكە نـاوی ئونیـل-ی لـەم مەڵبەنـدە شـانۆییەدا زنـدوو كـردەوە. سـەفەری دوورو درێـژ بەشـەو، كـە لـە سـاڵی 1956دا نمـایش كـرا، بـەر لـە سـاڵی 1941 نووسـرا بـوو. ئـەم تراجیدیایـە كـە خـەڵاتی پولیتسـەری سـاڵی 1957ی وەرگرت، تەقریبەن بە ژیاننامەی خودی ئونیل دەژمێردریٚ.

شۆرەتی ئونیـل، وەكـو گـەورەترین درامانووسـی ئـەمریكایی، لەسـەر بناغـەی ئـەزموونانی هونـەری ئەو ڕاوەستاوە. لە واری بە كارهێنانی ئەفسانەشدا لە شـانۆی تـازە، پێشـەنگە، ئەسـڵەن ئونیـل زۆر لە ژێر كاریگەریی ئەفسانانی یونـانی، سـەمبولیزم، و تێۆرییـەكانی فرۆیـدا بـووەو لـە دراماكـانی دا هەوڵدەدا مرۆڤ لە ناو داوی خەیاڵە پوچەكانی خۆیا وێنە بگرێت، ئەو خەیاڵانـەی كـە بـە لـە دەسـت دانیـان، توانـای ژیـانیش لـە دەسـت دەچـێت، ئونیـل كـە هەمیشـە لـە حـاڵی ئـەزموون دابـوو، لـە ژێـر كاریگـــەری ئەكسپرســـیونیزمی ئاڵمـــانی و هزرەكـــانی نیتشـــەش دا بـــوو، و لـــە شـــیكردنەوە دەروونییـەكانی دا كومـەك لـە ژنـان و پیـاوانی ئـەمریكایی سـەردەم، هەنـدیٚ جـار لـە سـەمبولیزمی مەزەبی وەردەگرێت.

**کەمێ چێژی خۆشی و شادی، خەمباری و نا هەمواری دراماکانی ئونیل، بە لاوازی زەقی ئەو دێتە ژماردن، زێدەباری ئەمەش، ڕەمزییەتی ئەو لە گیان و دەوڵەمەندی شاعیرانە بەدەرە.**
**ئونیل یەکەمین شانۆنامەنووسی ئەمریکاییشە کە لە ساڵی 1936دا خەڵاتی نوبڵی ئەدەبیاتی بە دەست هێنا.**

**ماکسول ئاندرسون** (1888– 1959):
**لە دراما نووسانی نەوەی ئونیل بوو کە لە تازەکردنەوەی ژیانی درامادا لە پلەی پاش ئەو دێت. ئاندرسون، سەرەتاکانی ژیانی لە پەنسلڤانیا، داکوتای باکووری و کالیفورنیادا بە دەرس گوتنەوە و ڕۆژنامەوانی بەسەر برد، پاشان بۆ نیویورك چوو و سەرکەوتووترین بەرهەمی خۆی لەوێندەر نووسی.**
**ناوبانگی ئاندرسۆن بە ئەزموونی وی لە درامای شیعری، و پێ داگرتنی ئەوە، لەسەر زەرورەتی خەبات و تێکۆشینی ئەخلاقی دەروونین و سەرکەوتنی ئەوەوەیە لە بواری درامای مێژووییدا، یەکەمین شانۆنامەی ئەو بەناوی: بیابانی سپی، لە ساڵی 1923 دا بڵاوبووەوە. پاشان دەستی بە هاوکاری لەگەڵ شانۆنامە نووسیی هاوولاتی خۆیدا لورنس ستالینگز (1894– ....)دا کرد. شانۆنامانی: بەهای سەرکەوتن (1924)، دەربارەی جەنگ، کە زمانی گروبانانی سوپایی هێنایە ناو شانۆ، یەکەمین فڕین (1925) دەربارەی ئەندروجسکن، و دزی دەریایی (1925) کە دەربارەی سێر هنری مورگانە، بەروبومی ئەم هاوکارییە بوون، ئاندرسون لەئاخرو ئۆخری دەیەی بیست دا هەندێ شانۆنامانی وەك مناڵانی شەممە (1927)ی نووسی. ئەوسا بە هاوکاری هارولد هیکرسن، شانۆنامە بەرجەستەکەی بەناوی خواوەندانی هەورە تریشقە (1928)ی نووسی کە لە قەزیەی ساکو– وانزتییەوە هەڵێنجراوە. ئاندرسون پاشان لە قاڵبی شانۆنامەیەکی شیعری دا بەناوی گروپی زستانی (1935) دایڕشتەوە.**
**ئاندرسون لە دەیەی سی دا بۆ درامای مێژوویی گەڕایەوە، و دوو تراژیدیای شیعری ڕۆمانتیکی بە ناوانی: مەلیکە ئیلیزابت (1930) و ماری سکۆتلاندی (1933) نووسی، کە ناوەڕۆکی هەردووکیان لە سەدەی شانزەیەمەوە وەرگیراوە. لە شانۆنامەکانی تری ئەم دەیەی ئاندرسون دەکرێ ناوی: هەردوو ماڵەکەت (1933)و تەپەی بەرز (1937) ببرێ.**
**جەنگی جیهانی دووەم لە چەند شانۆنامەیەکی دەیەی چلی ئەندرسۆن دا وێنەگیراوە. لەوانە شانۆنامەی مۆمی بەربا (1941)، درامایەکی ئەنتی نازییە کە چیرۆکەکەی لە پاریس دا ڕوو دەدات. ئاندرسون لە دوای جەنگ دووبارە گەڕایەوە سەر درامای مێژوویی. یەکێك لە کارەکانی ئەم مەیدانەی: پێ خاوسان لە ئاتین دا (1951)یە، شانۆنامەیەکە دەربارەی سوکرات. لە شانۆنامە بەرجەستەکانی ئاخرو ئوخری تەمەنی ئاندرسۆن: گوم بوو لە نێو ئەستێران (1949) کە بە ئیلهامی ڕۆمانی بناڵە نیشتمان–ی ئالن پیتونی (1903– ....) ڕۆماننووسی خەڵکی ئەفریقای باشووری نووسراوە، و نەوەی بەد (1955)، کە بە ئیلهامی ڕۆمانێکی ویلیام مارچ نووسراوە.**

ئاندرسۆن بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی شانۆ لە کتێبانی وەك: بنەمای تراجیدیا (1939)، و ئەو دیوی برود وەی (1940)دا دەربڕیوە.

<u>ئیلمەر رایس (1892– 1955):</u>

شانۆنامەنووس و رۆماننووسێکی داهێنەر بوو. بە سوود وەرگرتن لە هونەرێن ئەزمونگەریی، ریالیستی، و وێنەگرتنی مەسەلەکانی رۆژ، بە تایبەتی بێدادی کۆمەلایەتی بەناوبانگە، رایس کە هەلگری کارنامەی ماف بوو، بە یەکەمین شانۆنامەی، بەناوی: حاسیبە (1923)، چووە ریزی هەوەلێن ئەو درامانووسانەی کە شێوەی ئەکسپرسیونیزمیان بەسەرکەوتووی بەرجەستە کرد. دووەم شانۆنامەی واقیعی ئەو: دیمەنی شەقام (1929، براوەی خەلاتی پولیتسەر)، کە زەمینەیەکی تەبیعەتگەرایانەی هەیە، ژیان لە گەڕەکێکی پیس دا وێنە دەگرێت. سێیەمین شانۆنامەی: راوێژکاری ماف (1931)ی ناوە. ناوەڕۆکی هەندێ لە شانۆنامەکانی دواتری رایس، وەك: رۆژی داوەری (1934)، لە نێوان دوو جیهانا (1934)و فڕین بەرەو رۆژئاوا (1940) دەربارەی قەیرانی ئابووری، نازیزم، و هەڕەشەی سوڤیەتن. دوایەمین شانۆنامەی رایس بریتیین لە: کیژی خەون (1946)، سەفەری گەورەی (1952) و براوە (1954).
لە رۆمانەکانی رایسدا، شاری پاشایەتی (1937)و نمایشەکە دەبێ بەردەوام بێ (1949) شایەنی باسن.

<u>پاول (ئیلیوت گرین (1894– 1981):</u>

لە کارولینای باکووری لە دایك بووە، بەو درامایانەوە بە ناوبانگە کە ژیان لە باشووردا بەرجەستە دەکەن. کە گرنگترینیان ئەمانەن: لە باوەشی ئەبراهام دا (1927، براوەی خەلاتی پولیتسەر) دەربارەی پیاوێکی دوو رەگە کە هەولْ دەدا قوتابخانەیەك بۆ رەش پێستەکان لە یەکێك لە شارەکانی کارولینای باکووری بکاتەوەو دابمەزرێنێ.
خواوەندانی مەیدان (1927) شانۆنامەیەکە دەربارەی سپی پێستانی هەژار. ماڵی کونلی (1931) کێشەی نێوان ئەرستوکراتانی خاوەن زەوی و وەرزێرانی باشوور دەگێڕێتەوە. شانۆنامەکانی دواتری گرین: موهاجیرنشینی ون بوو (1937)و شکۆی هاوبەش (1947)، باسی دابو نەریت و بیروباوەڕی خەڵکی دەکەن. دوا شانۆنامەی گرین لە ژێر سەر ناوی ئیمانی باوکانمان، لە ساڵی 1950دا بلاوبووەوە.
گرین رۆمانێکیشی نووسیوە کە پێشقەرەوڵی دەم بە پێکەنین (1932)ی ناوە.

<u>روبێرت (ئیمت) شیروود (1896– 1955):</u>

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بوو بە سەربازو بریندار بوو. لە سالانی دوای جەنگ دا، بڕیاری دا هەموو هەولێکی خۆی بۆ رێگەگرتن لە هەلگیرسانی جەنگانی ئاینده تەرخان بکات شانۆنامەی: ئاگرو پۆلیس (1933)، کە هێرشی توند دەکاتە سەر هیتلەر، گەواهی ئەم بڕیارەی ئەوە.

شانۆنامەی دڵخۆشی بنیادەمێکی ئەبلە (1936– براوەی خەڵاتی پولیتسەر) کە چیرۆکێکە لەمەڕ دەستپێکی جەنگی دووەم، زادەو بەرەنجامی هەمان بڕیاری شیروودە. یەکەمین شانۆنامەی شیروود کە لەبرۆدوەی نمایش کرا، کۆمیدیای تەنز ئامێزی: جادەی رۆم (1927) بوو کە هێرشی توندی دەکردە سەر چەمکی شکۆی سوپایی. شانۆنامەکانی دیکەی، وەکو: هێلانەی ڤیان (1927)، مێردی مەلیکە (1928)، کۆمیدیای کۆبوونەوە لە ڤیەننا (1932) و تراجیدیای: ئیدی شەو نابێ (1940)– دەربارەی وەسفی شارستانیەتێکی روو لە نەمانن.

شیروود زمانی راستەوخۆو راشکاوی مەترسیانی تاقە سوارەی ئەوروپا بوو لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا چالاکییەکی سیاسی فراوانی هەبوو. یەکێك بوو لە نووسەرانی خوتبەکانی فرانکلین رۆزفلت، و بە کتێبی: رۆزفلت و هوپکینز (1948)، کە بەسەرچاوەیەکی گرینگی رووداوەکانی جەنگی جیهانی دووەم دەژمێردرێ، چوارەمین خەڵاتی پولیتسەری بە دەست هێنا.

<u>**کلیفور ئودتس**</u> (1906– 1963):

لە فیلادلفیا هاتە دنیا. یەکەمین ئەکتەری یەکێتیی شانۆ بوو، و لە ساڵی 1931دا بوو بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی گروپی شانۆ"12"، کە دواتر باشترین شانۆنامانی ئەوی نمایش کرد. ئودتس لە دەیەی سی دا وەکو درامانووسی چینی زەحمەتکێشان ناوبانگی دەرکرد. هەوەڵین دوو شانۆنامەی وی: رابەو گۆرانی بێژە (1935)و لە چاوەڕوانی چەپەکاندا (1935)، کە بە باشترین درامای دەژمێردرێ، باسی خەباتی چینایەتی دەکەن. ناوەڕۆکی زۆربەی شانۆنامەکانی ئودتس دەچنەوە سەر سوسیالیزم. سێیەمین شانۆنامەی کە بە ناوی: تا ئەو رۆژەی دەمرم (1935) دەربارەی خەباتی نهێنی کۆمۆنیستییە لە ئەڵمانیای نازیدا. شانۆنامەی: کوڕی زێڕین (1937) دەربارەی لاوێکی دوو رەگەی ئیتاڵیایی– ئەمریکاییە کە دەبوا ببێ بە کەمانچەژەن، بەڵام رێگەیەکی نزیکتر بۆ شۆرەت، واتە بۆکسبازی، دەگرێتە بەر. مۆسیقای شەو (1940)و (شەڕ لە شەودا 01941)، دوو شانۆنامەی دوایی ئودتسن، پێش ئەوەی بەرەو هۆلیوود بڕوات. کیژی گوند (1950)، کە پاشان کرا بە فیلم، لەسەر بنەمای هەوڵی ژنێکی لاو بۆ وەفاداری بە مێردە هەرزەکەیەوە نووسراوە. ئەم شانۆنامەیە دوا درامای ناوەڕۆك سیاسی ئودتس بوو.

<u>**ویلیام ئینگ**</u> (1913–...):

لە کانزاس هاتە دنیا. خوێندنی لە زانکۆیەکی سەنت لوییز تەواو کردو ئیدی کەوتە دەرس دانەوەو نووسینی وتارێن رەخنەیی لە بڵاوکراوەکاندا.

ئینگ، بەو درامایانە بەناوبانگە کە ژیانی خەڵکی چینی مامناوەندی رۆژئاوای ناڤین بەرجەستە دەکەن.

یەکەمین شانۆنامەی: باوکی دوور لە بەهەشت (1947) لە شانۆی دالاس دا نمایش کرا. شانۆنامەی دووەمی: شیبای چکۆلە بگەڕێوە (1950)، خەڵاتی شانۆی تایمی وەرگرت، شانۆنامەی: سەیران (1953) خەڵاتی پولیتسەری وەرگرت و کرا بە فیلم. لە دوو شانۆنامەی

سەرکەوتوویدا: وێستگەی پاس (1955)و تاریکی لەسەر پلەکان (1957)، دوو فیلمی جوان دروست کرا. سەرباری ئەمە، ئینگ-ی نووسەری فیلمنامەی: شکۆداری سەوزەزار (1961، خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت) یەکێکە لە جوانترین فیلمێن مێژووی سینەما.
ئینگ، وێنەگری پەرێشانیو خود فریوی مرۆڤی سەردەمی تازەیە، شانۆنامەکانی زیاتر دەربڕی وەستایی ئەون لە رێکخستنی دیالۆگو تواناداری لە تەکنیك دا تا رەسەنایەتی و تازەیی ناوەڕۆك.

__تینیسی ویلیامز__ (1911-...):

ناوی تۆماس لنیر ویلیامزە. سەر ئامەدی درامانووسانی قۆناغی پاش جەنگی جیهانی دووەم، لە کولومبسی سەر بە ویلایەتی میسی سی پی چاوی بە دنیا هەڵێناوە. بە زبری و خشونەتی بە دەویانەی دراماکانی، و بە بواری کاری ریالیستی کارەکانی، کە لە هەمان کاتا سوود لە ناوەڕۆکێن سەمبولیستی وەردەگرێت، بەناوبانگە. یەکەمین شانۆنامەی ویلیامز، شەڕی فریشتەکان (1940) هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا. بەڵام شانۆنامەی دواتری ئەو: باخی گیاندارانی شووشەیی (1944) کە خەڵاتی رەخنەگرانی درامای نیویورکی وەرگرت، شۆرەتی ویلیامزی وەکو درامانووسێکی گەورە چەسپاند. پەشێوی پەیوەندیی خانەوادەیی ویلیامزو نەخۆشی خۆشکەکەی لەم بەرهەمە زندوو و جوانو چزدارەدا رەنگی داوەتەوە. ناوەڕۆکی ژنێکی تەنیا، کە لە جیهانی خەوندا دەژی، هەمیشە لە زهنی ویلیامزدا ئامادەیە. شانۆنامەی بوێرانەی پاسێك بە نێوی هەوەس (1947، براوەی خەڵاتی پولیتسەر) بە دەوری تەوەری هەمان ناوەڕۆك دا دەسووڕێتەوە. ویلیامز لەم دراما پڕ لە خشونەتەدا، دەگاتە ئەم ئەنجامە بنجبڕەی کە ئەگەر سزای گوناه مەرگ نەبیّ، ئەوا بەلای کەمەوە گیرۆدەبوونە لە شێتخانە.. شانۆنامەی: هاوینو دووکەلّ (1947)ش وێنەی ژنێکی تەنیا دەگرێت کە لە دنیای خەونی داوێن پاکی خۆیدا گیرۆدە بووە.
پشیلەیەك بەسەر جەمەلۆنی داغەوە (1955، براوەی خەڵاتی پولیتسەر)، شانۆنامەیەکی چڕو پڕ جوڵەی ویلیامزەو بە دەوری تەوەری کێشمانەکێشە دەرونییەکانی خێزانێکی دەوڵەمەندی باشووریدا دەسوڕێتەوە. رووداوەکانی چیرۆکەکە لە ساڵرۆژی لە دایك بوونی خاوەنی مەزرایەك دا لە دەلتای مسی سی پی روو دەدات. ئەو کە شێرپەنجە تا قووڵی بوونی رەگی داکوتاوە، کابرایەکە سەر سەختو بە توانا کە لە بەرانبەر دوو ئەندامی نیگەرانی خێزانەکەی خۆیدا وەستاوە. ویلیامز لە جەرگەی ئەم بەسەرهاتەدا، دەکەوێتە باسی کۆمەڵێك فاکتەرو ئەنگێزەی وەك ڤیان، غرور، ئالودەبوون، هوموسێکسیو هەلپەرستی.
لە نکاو هاوینی رابردوو (1958) باسی بەسەرهاتی دایکێکی مەنگو کوڕە هوموسێکسیوڵەکەی دەکات. لە کۆتاییدا ، چەند منداڵێکی برسی کوڕەکە هەڵدەدڕنو دەیخۆن. ویلیامز پاش شانۆنامەی: باڵندەی شیرینی لاوی (1959)، بە شانۆنامەی: قۆناغی هەمواركردن (1961) بەرەو کۆمیدیا بادەداتەوەو جەخت لەسەر لێبوردەییو گونجان دەکاتەوە. دیمەنی شانۆنامەی: شەوی ئیگوانا (1961)، میوانخانەیەکی گوندییە وەکو کۆمەڵی کێوەلیان لە قەراخی بێشە پڕ بارانەکانی مەکسیکە. کاراکتەری یەکەمی شانۆنامەکە، کە کۆنە کەشیش بووەو ئێستا لە ئاستانەی

قەیرانێکی دەروونی دایە، لە نێوان دوو ژندا گیرۆدە بووە: یەکێکیان مەکسیکییەکی بە ئالۆشەو خاوەنی میوانخانەیە، و ئەویتریان ژنێکی فامیدەو هونەرمەندی خەڵکی ئینگلستانی نوێیە. ئیگوانایی "13" حەپس، کە ئاقیبەت قارەمانی چیرۆکەکە ئازادی دەکات، وێنە و نموونەی هەوڵی کاراکتەرانی شانۆنامەکەیە بۆ ئازادی.

کۆی شانۆنامە تاك پەردەییەکانی ویلیامز لە ژێر سەر ناڤی بیست و حەوت ڤارگۆنی پڕ لە پەموو (1956) بڵاو بووەوە.

ویلیامز لە دراماکانی دا بە وەسفکردنی کەسایەتیانی ناباو نائاسایی لە دیدگای هاوخەمییەوە،و بە بەکارهێنانی شێوەی سەمبولیستی بۆ بەرجەستەکردنی پێکدادانی مرۆڤان، سەرکەوتوو بووە، ویلیامز لە وێنەگرتنی کەڵکەڵە و خولیا نا ئاساییە سێکسیەکان، و لە ئاشکرا کردنی گیانی هۆڤێتی لە ژیانا، وەکو: کوشتن، زینا، دەستدرێژی، داوێن پیسی، دڕندەخوویی، شێتایەتی سێکسی و نێربازی دا، توانایەکی سەیری هەبوو. سەربارەی ئەمە، مامۆستای دیالۆگ کاری و داهێنانی جم و جوڵە لە ناو دیمەنە شانۆییەکاندا.

<u>ئارتور میلەر (1915-...):</u>

یەکێکە لە چوار درامانووسی گەورەی قۆناغی پاش جەنگی جیهانی دووەم"14"، لە بروکلین پەروەردە بوو. شانۆنامەنووسی، لە زانستگەی میشیگان دا دەست پێکرد، و چەند خەڵاتێکی خوێندکاریی بەدەست هێنا.

هەوەڵین شانۆنامانی میلەر، ئەو پیاوەی کە هەموو بەختەوەرییەکی هەبوو (1944) و بارودۆخێکی ئاسایی (1944) یان ناوبوو. یەکەمین شانۆنامەی سەرکەوتووی میلەر، هەموو کوڕەکانم (1947) باسی بەرەنجامە سۆزدارییەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم دەکات.

مەرگی فرۆشیار (1949، براوەی خەڵاتی پولیتسەر)، کە پایەی شۆرەتی میلەری وەکو شانۆنامەنووسێکی گەورەی نەوەی خۆی قایم کرد، سکاڵایەکی توندە دژی بەها ئەمریکاییەکان. ئەم دراما باس ئەنگێزە، ژیانی خەمناکی فرۆشیارێکی گەڕۆك وێنە دەگرێت، کە دەبینێ چرچ و لۆچی پیری کەوتۆتە دەموچاوی، هەست بە شکستێکی قوڵ دەکات، و ئاقیبەت خۆی دەکوژێت.

سیحربازانی شاری سالم (1953)، کە ناوبانگی میلەری بەرزتر کردەوە، شانۆنامەیەکی نیمچە مێژووییە دەربارەی دادگایی سیحربازانی شاری سالم-ی سەر بە ویلایەتی ماساچوست، لە ساڵی 1962 دا. کاراکتەری یەکەمی شانۆنامەکە کیژێکی شەڕانی و سیحربازە، بەڵام دادگایی کارەکان لەوش شەڕانی ترن.

شانۆنامەی نیگایەك لە پردەوە (1957، خەڵاتی پولیتسەر، و خەڵاتی رەخنەگرانی درامای نیویورکی وەرگرت) بە مانای کلاسیکی وشە تراجیدیایە. کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە بە پێشێل کردنی داب و نەریتی کۆمەڵگە، هۆکاری نابووتی خۆی فەراهەم دەکات. نەگونجاوەکان (1961)، فیلمنایە، دوای روخان (1964) درامایەکە لەسەر ئەزموونە شەخسییەکانی میلەر، و لە راستیدا ژیاننامەی خودی خۆیەتی، ئەم درامایە تا رادەیەك لەبەر بەرجەستەکردنی کەسایەتی

میگی، کە ئاشکرایە هەمان مەریلیەن مونرو"15"،ی ئەکتەری سینەماو هاوسەری دووەمی میلەر بوو، هەرایەکی نایەوە، ڕووداوێك لە ڤیشی (1956)، و نرخ (1968) دوو شانۆنامەی دیکەی میلەرن.

__ئیدوارد (فرانکلین) ئالبی (1928–....):__

لە نیویورك هاتە دنیاو، لەلایەن خێزانی ئالبییەوە هەڵگیرایەوە. یەکەمین شانۆنامەی بە ناوی: چیرۆکی باخی گیانداران (1958)، یەکەمین جار لە بەرلینی ڕۆژئاوا پێشکەش کرا، و بووە مایەی ناوبانگی ئالبی لە بزووتنەوەی شانۆی بچووك لە دەرێی برودوەی. دووەمین بەرهەمی، مەرگی بسی سمیت (1959)، شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە دەربارەی کاریگەرییەکانی جیاوازی نەژادی لە ژیانی سپی پێستان دا. چیرۆکی شانۆنامەکە ئاکامی سایکۆلۆژی دەنگبێژێکی ڕەش پێست نیشاندەدات کە چونکە قبول ناکەن لە نەخۆشخانەی سپی پێستەکانی باشووردا بیخەوێنن، دەمرێت، ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی 1961دا، لەگەڵ شانۆنامەیەکی دیکەی ئالبی دا بەناوی: خەونی ئەمریکایی (1960) لە برودوەی دا پێشکەش کرا، کاری دواتری ئالبی، کارتونی لمین (1960) شانۆنامەیەکی پانزە دەقیقەیی بوو.

یەکەمین شانۆنامەی درێژی ئالبی: چ کەسێك لە ڤیرجینیا ولف دەترسێت؟ (1962) درامایەکی سێ پەردەییە دەربارەی پەیوەندییە بەشەرییەکان. ئالبی لەم درامایەدا پەردە لەسەر پەیوەندی نێوان پیاوێکی مەی ئالودە کە مامۆستای مێژووی کۆلیجەو زێدەڕۆیی سێکسی هەیە، و ژنەکەی هەڵدەماڵێ، کە کیژی سەرۆکی کۆلیجەکەیە. ئالبیسی چکۆلە (1964)، شانۆنامەیەکی جیاوازو مجەڕەدی ئالبییە کە دژی بەکارهێنانی مرۆڤ وەك ئامێر دەوەستێ.

پێنجەمین شانۆنامەی ئالبی، کە لە ساڵی 1966دا لە برودوەی پێشکەش کرا، بەلانسی حەساس (1966، خەلاتی پولیتسەری ساڵی 1967 وەرگرت)ی ناوە. ئەم شانۆنامە جوان و هزرمەندانەیە ژیانی جووتێك لە توێژەکانی سەرێی چینی بۆرژوا وێنە دەگرێت، و بە قەولی ئالبی خۆی "ماهیەتی بەرپرسیارییەکان" باس دەکات.

دوایەمین نووسینی ئالبی دوو شانۆنامەی کورتن کە بەناونیشانی: سەندوق، و لە وتەکانی سەرۆك ماوتسی تۆنگ (1968) بلاوبوونەتەوە.

ئالبی لەنیوەی سەدەی بیستەم بەملاوە ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کردو بە یەکێك لە پێشەنگانی بزووتنەوەی شانۆی پێشڕەو دەژمێردرێت.

__ژێدەران:__

1– هاردینگ (1865– 1923): بیست و نۆیەمین سەر کۆماری ئەمریکا بوو.

2- ساكۆو ڤانزیتی: دوو نەفەری ئیتالیایی بوون کە بە تۆمەتی کوشتن و دزی لە ویلایەتی ماساچوست دادگایی و ئیعدام کران. ئەم ماجەرایە ئاژاوەیەکی نایەوە، چونکە ئازادیخوازان باوەڕیان وابوو کە ئەم دوو نەفەرە کە پەیڕەوی ئەنارشیزم بوون، بە هۆی بیروباوەڕەکانیانەوە دادگایی کران، و زۆربە، هەردووکیان بە شەهید دەزانن.

3- ماندارینی پیر: ماندارین ناوی فەرمانبەرێکی یەکێك لە نۆ پلەو پایەکانی چینی بوو کە هەقی ئەوەیان هەبوو کڵاوی دوگمەدار لەسەر بکەن.

4- گرووپی موهاجیر: ناونیشانی تاقمە نووسەرێکی بە دەسەڵاتی باشوور بوو کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە شاری ناشویل ناوبانگیان دەرکرد. یەکێك لە ئەندامە کاریگەرەکانی ئەم تاقمە زانایەکی خەڵکی دورگەی رود بوو بە ناوی جون کرورانسم، ئەم گرووپە بە نیاز نەبوون ببن بە نووسەرانی پەیڕەوی بزاڤی مۆرکی ناوچەیی، و بە باشوورچیەتی رازی نەبوون، ئەم گرووپە لە ساڵی 1922 تا 1925 گۆڤارێکیان بە ناوی (فیراری) دەرکرد کە بڵاوکەرەوەی بیروبۆچوونیان بوو.

5- سپارتاکۆس: کۆیلەو شۆڕشگێڕێکی بەناوبانگی رومی بوو کە رابەرایەتی گرنگترین شۆڕشی کۆیلانی (73- 71پێش.ز) لە ئەستۆ گرت. کۆیلەکانی لە خۆی خڕ کردەوەو لە ساڵی 72ی پێش.ز دەستی بەسەر هەندێ بەشی باشووری ئیتاڵیادا گرت. سەرەنجام کراسوس بزووتنەوەی کۆیلەکانی سەرکوتکرد، و نزیکەی شەش هەزار کەسی لە کۆیلە دیلەکان لە خاچ دا.

6- وێنەگەرایان- IMAGISM:

ناونیشانی رێبازێکی شیعری بوو کە لە ساڵانی 1910- 1917، بە هاوکاری شاعیرانی وەك ریچارد ئالدینگتون و ئەزراپاوەند لە ئینگلستان دامەزراو کاریگەریی ئەم رێبازە گەییە ئەمریکا. موریدانی ئەم بزووتنەوەیە کە بە وێنەگەرایان ناویان دەرکرد، ئیلهامیان لە رێبازی کلاسیك و رێبازی سەمبولیزمی فەرەنسی وەردەگرت. ئەمانە چڕ کردنەوەو چڕکاریان بە کرۆکی سەرەکی شیعر دەزانی و خۆیان لە وتنی شیعری خاوو سۆزداری دەپاراست و هەوڵیان دەدا هزرو حاڵەتە دەروونییەکان راستەوخۆ بە زمانێکی شیعری مکوم و روون نیشانبدەن. بە شێوەیەکی گشتی بنەماکانی تێوری وێنەگەرایان بریتییە لە: 1- بەکارهێنانی زمانی دیالۆگ، 2- قسەکردن بە زمانی وێنە، 3- داهێنانی کێش و وەزنی نوێ، 4- ئازادی هەڵبژاردنی بابەتێن جۆراوجۆر، 5- سوود وەرگرتن لە تۆنی تەوس ئامێز و ناڕەزایی ئامێز سەبارەت بە کۆمەڵگەی سەردەم.

7- ڤۆرتیزیزم- VORTICISM:

بززتنەوەیەکی ئەدەبی تەمەن کورت بوو کە لە ئینگلستان هاتە ئاراوە. پەیڕەوکارانی ئەم بزووتنەوەیە بە رۆمانتیزمی پڕ ئاوو تاوی شیعری ئینگلیزی سەردەم رازی نەبوون و هەوڵیان دەدا کە شێوازێکی کلاسیکی وردو وشك بکەن بە باو.

8- فینولوزا (1853- 1908):

شاعیرو رەخنەگری هونەریی و رۆژهەڵاتناسێکی ئەمریکی بوو.

9- گرووپی نووسەرانی باشووری: ئەم نووسەرانە بە "زەمینی" ناویان دەرکردووە.

10- چوار شەممەی خۆڵەکەوە: ASHWEDNESDAY:

لە ساڵنامەی مەسیحی دا بە یەکەمین رۆژی "چلە" دەگوترێ کە بریتییە لە چل رۆژ تۆبەو رۆژو گرتن، و یادەوەری ئەو چل رۆژەیە کە مەسیح لە بیابان دا بە قەدەر کیفایەتی نەفس لە خۆراک بردویەتە سەرو بەسەر ئیبلیس دا زاڵ بوو. لە داب و نەریتی کڵێسایی دا چوار شەممەی کەوەیی، کەشیش بە خۆڵەکەوە نیشانەی خاچ لەسەر تەوێڵی عەوامی خەڵکی دەکێشێت و ئەم وشانە دووبارە دەکاتەوە: "ئەی مرۆڤ لە یادت بێ، کە تۆ خاکیت، و بۆ خاک دەگەڕێیتەوە". (سفری پەیدا بوون، سێیەم، 19).

* کوارتت: ئاهەنگێک کە بۆ چوار ساز یا چوار گۆرانیبێژ دانرابێ، چوار قۆڵی.

11- کونکویستادور: ناوێکە کە بە فاتیحانی ئەسپانیای باشووری و ناوەندی لە سەدەی شانزەیەمدا، گوتراوە.

12- بزووتنەوەی بیت: بزووتنەوەیەکی نیمچە ئەدەبی و نیمچە کۆمەڵایەتی بوو کە لە نیوەی دەیەی پەنجادا لە نیویورک و کەناری باکووری سانفرانسیسکودا گەشەی کرد. ئەم بزووتنەوەیە لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕی رەتکردنەوەی بەهاکانی چینی بورژوا، بارزگانی و هاوئاهەنگی لەگەڵ رێسا کۆمەڵایەتییەکان بوو، و لەلایەکەوە هەواداری لە هەژاری ئیرادی، تاک گەرایی، و رزگاری لە رێگەی جاز، ئەزموونی سێکسی و... دەکرد.

13- گرووپی شانۆ: ناوی شانۆو گرووپە ئەکتەرێک بوو لە لەندەن، کە لە دەیەی سی دا بازاڕێکی گەرمی هەبوو، شانۆنامانی مارکسیسیتی کرێکاری و ئەزموونگەری دەهێنایە سەر شانۆ.

14- ئیگوانا: 14- یا ئیگوان، ناوی بزنمژۆکێکی گەورەیە کە لە ناوچە ئیستیوابییەکانی ئەمریکاو هەندێ دورگەی ئوقیانوسی گەورەدا دەژی. جۆرە ئەمریکاییەکەیان کەسکە (رەنگی لقی ئەو درەختانە وەردەگرێت کە تیایاندا دەژی) و درێژییان مەترێک تا دوو مەترە.

15- یەکێکە لە چوار: ... (سێ درامانووسەکەی تر بریتیین لە: ویلیام ئینگ، تنیسی ویلیامز، و ئیدوارد ئالبی.

16- مەریلیەن مونرو: میلەر لە ساڵی 1958دا هاوسەری یەکەمی خۆی تەڵاق داو لەگەڵ مەریلیەن مونرودا زەماوەندی کرد، ئەم ئەکتەرە بە ناوبانگەی سینەما دوای چەند ساڵێک خۆی کوشت.

((6))

# ئەدەبیاتی کۆنی ئینگلیزی

## (600پ.ز- 1066ز)

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

**کۆنترین دانیشتوانی دورگەی بەریتانیا ئیبریانەکان بوون کە بە کشتوکاڵ دەژیان، لە نزیکی ساڵی 660پ.ز سەلتەکان روویان کردە بەریتانیا، بەسەر ئیبریەکاندا زاڵ بوون و لەگەڵ ئەواندا تێکەڵ بوون. ئەم قەومە ئاسن و برونزیان هەبوو و خشڵی زێڕیان بەکاردێنا. بلژەکان دوا دەستەی سەلتەکان بوون کە لە دەوروبەری ساڵی 75پ.ز هێرشیان بۆ بەریتانیا هێناو رەواجیان بە جووتیاری و لێدانی سکە دا.**

**رومیان، لە ساڵی 55 پ.ز بە فەرماندەی ژول سزار پەلاماری بەریتانیایاندا، لە ساڵی 43 پ.ز شدا ئیمپراتۆر کلاودیوسی یەکەم لەشکری کردە سەر دورگەکەو بەشێکی لێ داگیر کرد. سەرەنجام دوای نزیکەی پێنج سەدە، رومیان لە ساڵی 407ز بەریتانیایان بەجێهێشت. لە ساڵی 410پ.ز، ئیمپراتۆر هونوریوس ئوتونومی بە بریتانیای رووم دا، قۆناغی دەسەڵاتی رومییەکان بەسەر بەریتانیادا نیوەی یەکەمی سەدەی سێیەمی زاینی بوو کە لەو ماوەیەدا کەلتووری رومی کەم و زۆر بوو بە باو.**

**لە نیوەی سەدەی پێنجەمەوە تا سەرەتای سەدەی حەوتەمی زاینی ئانگلوساکسوانەکان (لەتیرە جەرمانییەکان بوون) بەشێکی بەرینی بەریتانیایان (کە لەم قۆناغەدا ناونرا ئینگلستان) خستە ژێر رکێفی خۆیانەوە.**

**ئانگلوساکسونەکان لەگەڵ دانیشتوانی بەریتانیادا (سەلتەکان) تێکەڵاو بوون،و سەلتەکان تەنیا لە سکوتلاندەو ویلزدا سەربەخۆیی خۆیان پاراست. جگە لەمە، سەلتەکان لە ئیرلەندەش دا مانەوە. مەسیحیەت کە لە سەدەی هەوەڵەوە هاتبووە بەریتانیا، لە سەدەی شەشەمدا جارێکی دی لە**

ڕێگەی ئیرلەنداو ڕۆمەوە هاتە ناو ئینگلستان. لەم قۆناغەدا ئینگلستان بریتی بوو لە چەند مەملەکەتێك کە گرنگترینیان: نورتامبریا، کینت، ووسکس-یان ناو بوو. لە سەدەی نۆیەم دا (ساڵی 829) ئەم مەملەکەتانە بەسەرکردایەتی وسکس یەکیان گرت، و ئەگبرت-ی شای وسکس-یان بە شاهنشا دانا.

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆیەم دا نورمانەکان (کە ئینگلیزەکان دانیمارکیان پێدەگوتن) هێرشیان بۆ ئینگلستان هێنا. ئالفریدی کەبیر، شای ئانگلوساکسونەکان چەند جارێك نۆرمانەکانی شکاند، بەڵام نیوەی ڕۆژهەڵات و باکوری ئینگلستان کەوتە دەستی نورمانەکان. لە سەدەی دەیەمدا ئەم دەڤەرانە گیرانەوەو یەکێتیی راستەقینە دابین بوو. ئانگلۆساکسۆنەکان ڕەواجیان بە مەسیحیەت داو کەوتنە ئاوەدانکردنەوەی شارەکان.

لە ئاخرو ئۆخری سەدەی دەیەم دا دۆکەکانی نورماندی دیسان دەستیان بەهێرش کرد، و سەرەنجام لە ساڵی 1066 ز ئینگلستان کەوتە ژێر دەستی ویلیامی فاتیح-ی دۆکی نۆرماندی.

## نۆڕینێکی گشتی:

زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ لە بنەڕەتا درێژەی زمانی ئینگلیزی کۆن یان ئەنگلۆساکسونە کە وا دیارە لە دەوروبەری 600- 1100 ز باو بووە. ئینگلیزی کۆن لە نیوەی سەدەی یازدەیەمەوە جێگەی بۆ ئینگلیزی ناڤین چۆڵ کرد، و ئەویش پاشان جێی خۆی بۆ ئینگلیزی ئێستا چۆڵ کرد.

گەورەترین بەیتی ئینگلیزی کۆن بیوولف: BEOWULFی ناوە کە لەگینە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی حەوتەمی زاینی، لە دەوروبەری نورثامبریا دا نرابێ. ئەم بەیتە کە بە کۆنترین داستانی ئینگلیزیش دەژمێردرێ، نزیکەی سێ هەزارو دوو سەد بەیتەو دانەرەکەی نادیارە.

ڕووداوەکانی بیوولف لە دانیمارك و سوێدا ڕوو دەدەن. کۆشکی میوانداری هیروتگار: HROTHGARی شای دانیمارك، هەموو شەوێك لەلایەن گریندلەوە: GRENDEL پەلامار دەدرێ، گریندل جانەوەرێکی ترسناکە کە لە دەریاچەیەك دەژیو شەوانە هێرش دەکاتە سەر تەلاری نێوبراوو چەند کەسێك لە جەنگاوەرانی هیروتگار دەکوژێت و دەیان خوات. بیوولفی قارەمانی لاوی دلاوەری خەڵکی باشووری سوێد، دەچێتە هانای هیروتگار. شەوێك بۆگریندل دەچێتە کەمین، و سەرەنجام لەگەڵیا تێك دەگیرێت.

بیوولف دەستەکانی دێوە با دەداو لە شانییەوە دەری دێنێ. و دەیکوژێت. شەوی دواتر دایکی گریندل بۆ تۆڵە سەندنەوە دێ بۆ تەلارەکە. بیوولف لەگەڵ ئەویشدا تێ دەگیرێت، و تابنی دەریاچەکە ڕاوی دەنێ و بە شمشێرێکی ئەفسوناوی دەیکوژێت.

بیوولف دوای چەندین ساڵ دەگاتە پایەی پاشایەتی وڵاتەکەی. پەنجا ساڵ بە کامەرانی سەڵتەنەت دەکات. ئاقیبەت، لە پێناوی بەرگری لە وڵاتی خۆی لەگەڵ ئەژدیهایەکی ئاگرین هەناسەدا تێك دەگیرێت. بیوولف ئەژدیهایەکە، کە نیگابانی گەنجێکی گەورەشە، دەکوژێت، بەڵام ئەو بە خۆیشی بە سەختی بریندار دەبێ و گیان دەسپێرێت. بەیتەکە بەوەسفی خەمناکی ڕێورەسمی سووتاندنی بیوولف کۆتایی دێت.

کەرەستەکانی داستانی بیوولف زیاتر لە مێژوو و ئەفسانانی فولکلۆری ئەسکەندیناڤییەوە وەرگیراوە، ئەم داستانە وێنەیەکی دڵگیر لەمەڕ ژیان لەو رۆژگارە کۆنەدا دەگرێت، و چیرۆکی شەڕی سەخت، قارەمانیەتی، و هەروەها رەنجی مرۆڤانی ئەو رۆژگارە دەگێڕێتەوە. ئەم بەیتە قافیەی نییە، لەبری ئەوە، بە تۆن و فۆنەتیکی سەرەتای نیوە بەیتەکان رازێنراوەتەوە.

هەندێ بەیتی دیکەی ئینگلیزی کۆن هەن، لەوانە: سفری پەیدا بوون−1 و سفری پەیدا بوونی− 2. سفری پەیدابوونی −1 بەیتێکی تاقەتبەرە، کەم و زۆر مێژووی کۆنی لە خۆ گرتووەو لە تەوراتەوە وەرگیراوەو لە قاڵبی هەڵبەستی ئینگلیزی کۆن دا داڕێژراوە، بەیتی کورتی سفری پەیدا بوونی− 2، دەربارەی سەرەتای جیهانەو سزای خوا بۆ شەیتان و هەروەها شوێنی سزادان لە دۆزەخدا بە شێوەیەکی جوان وەسف دەکات. هەندێ بەیتی دیکەش لە تەوراتەوە وەرگیراون. سفری دەرچوون، چۆنیەتی دەرچوونی بەنی ئیسرائیل لە میسر دەگێڕێتەوە. و بەیتی مەسیح و شەیتان، سەر بورەکانی ژیانی عیسا دەگێڕێتەوە.

ناوی دوو شاعیری ئینگلیزی کۆن، کدمەن (سەدەی حەوتەمی ز) و کینیوولف (سەرەتاکانی سەدەی نۆیەمی ز) زانراوە. کدمەن یەکەمین شاعیری مەسیحی ئینگلیزییە. ئەمە شوانێکی نەخوێندەوار بووە کە شەوێك لە خەونیا فریشتەیەك لێی پەیدا دەبێ و فەرمانی پێ دەکات کە شیعر لە ستایشی خودادا بڵێت، لەو زەمانە بە دواوە، کدمەن لە دێرێك دا دەکەوێتە گوتنی هۆزانێن چیرۆکڤانی بە ئیلهامی مێژووەکانی تەورات و رازاوە بە تۆن و فۆنەتیکی سەرەتای نیوە بەیتەکان. بەشێك لە ستایشێکی درێژی لە پاش بەجێماوە.

کینیوولف، شاعیرێکی دیکەی ئینگلیزی کۆن بووەو بنیادەمێکی مەزەبی بووە، بەلای کەمەوە خاوەنی چوار بەیتی هاوتۆنی سەرەتایە: جولیانا، چارەنووسی یاوەران، مەسیح، و ئیلینە.

ئەو شیعرە لیریکیانەی لە ئینگلیزی کۆن ماونەتەوە: "گلەیی دیور"، "پەیامی مێرد"، "سەرگەردان" و "گلەیی ژن" یان ناوە.

دەربارەی بەرهەمێن پەخشانی ئینگلیزی کۆن، جگە لەو یاسایانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی هەفتەمی زاینیدا دانراون، و لە بنەڕەتدا لە خانەی ئەدەبیات دا نەبوون، دەبێ ئاماژە بۆ ساڵنامەی ئانگلوساکسون (دەوروبەری 891− 924) بکرێت کە قۆناغە هەوەڵینەکانی مێژووی ئینگلستان لە خۆ دەگرێت. ئالفریدی گەورە (849− 1901) کە یەکێك لە خۆشەویسترین پاشایانی ئینگلستان بووە، سەرپەرشتی ساڵنامەی کردووە، کە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ دەژمێردرێ. کۆمەڵێك بەرهەمی لاتینیشی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کۆن وەرگێڕاوەو لەواری بوژاندنەوەو پەرەپێدانی زانستدا کەسێکی کۆشا بووە.

گەورەترین پەخشاننووسی ئینگلیزی کۆن ئالفریك (دەوروبەری 955− 1020)ی ناو بووە، بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەو وەك: ئامۆژگاری (900− 904)و ژیاننامەی قەدیسان (993− 996) لە بواری کاروباری ئاینی دا بوون. ئالفریك هەم بەلاتینی و هەم بە ئینگلیزی کۆن نووسیویەتی، و پەخشانی ئەویش کێشدارو بە هاوتۆنی و فۆنەتیکی سەرەتای نیوە بەیتەکان رازاوەتەوە.

((7))

# ئەدەبیاتی ئینگلیزی ناڤین

## (1066 ز- 1485 ز)

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

ئینگلیستان لە ماوەی سالأنی 1066– 1115ز، لە ژێر دەسەلأتی شاهانی نورماندا بوو، پاشایەتی ویلیامی فاتیح،ی دۆکی نۆرماندی، کە لە سالی 1066دا تەخت و تاجی ئینگلستانی بە هەقی خۆی راگەیاند، بە قۆناغێکی تازە لە مێژووی ئەم دورگەیەدا دەژمێردرێت. لە سالی 1154دا تەختو تاجی ولأت گەییە هنری دووەم، کە لە مالباتی پلانتاژنت بوو. لە زەمانی ئەودا زنجیرەیەک ریفۆرمی دادەوانی ئەنجام دراو شێوە کۆنەکانی دادوەری لە رێگەی دادی خوایی، واتە دوئیل و تاقیکردنەوە بە ئاسنی سوورەوە کراو، یان ئاوی کولأو، لابرا، لە زەمانی پاشایەکی دیکەی ئەم مالباتە، جۆن لاکلەند (1199– 1216)، بارونەکانو کلێساو هاوولأتیان دژی ئەو یەکیان گرتو ئیمتیازاتی خۆیان بە گوێرەی ماگناکارتا یان "بەیاننامەی گەورەی ئازادی– 1215" چەسپاند. ئەم بەیاننامەیە لەرووی یاساییەوە بەردەوام دەسەلأتی پاشای کەم دەکردەوە، بەلأم لاکلەندو جێنیشینەکەی، واتە هنری سێیەم "پاشایەتی 1216– 1272" هیچ پرەنسیپێکی بەیاننامەکەیان ئەنجام نەدا. بارونەکان جارێکی دیکە راپەڕینو سوپای پاشایان تێك شکاند (1264). سەرەنجام بارونەکان لە 1265دا ئەنجومەنێکیان دامەزراند کە بە یەکەمین پارلەمانی ئینگلستان دادەنرێ، ئەم پارلەمانە کە نوێنەری توێژە بالأکانی کۆمەلگە بوو، واتە نوێنەری بارونەکان، روحانیانی پایەبەرز، دلاوەران، و هاوولأتیانی دەولەمەند بوو، پاشان گۆڕا بە "دەزگای بالأی یاسادانان".

یەکێك لە ڕووداوە سەرەکییەکانی بەشی کۆتایی سەدەکانی ناڤین، واتە سالآنی (1307- 1485)، هەڵگیرسانی شەڕی سەد ساڵە (1337- 1453)ی نێوان فەرەنساو ئینگلستان بوو. لە سالآنی 1348- 1349دا تاعون (ڕەشە مەرگ) کە سەرانسەری ئینگلستانی گرتەوە، قاتو قڕی و مەسەلەی کەمبوونی کرێکاری هێنایە پێشێ، و دێهات لە دانیشتوان خاڵی بوون، باجی جەنگیش کە لە گوندنشینانی هەژار وەردەگیرا، بەردەوام زیادی دەکرد، سەرەتای جەنگەکانی سەد ساڵە بووە مایەی ناڕەزایی زۆربەی خەڵکی، ئەنجام لە ڕۆژهەلآتی ئینگلستاندا ڕاپەڕینی جووتیاری لە ڕای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدا بەرپا بوو (1381). ئەم ڕاپەڕینە بە دەستی فیوداڵەکان، شارنشینان، دەوڵەمەندان و سوار چاکان سەرکوت کرا، بەلآم لەگەڵ ئەمەشا جەزرەبەیەکی توندی بە فیودالیزمی ئینگلستان گەیاند، و ئاقیبەت لە سەدەی پانزەیەم دا داب و ڕەسمی کۆیلایەتی و کۆیلەداری لەم دورگەیەدا روو لە نەمان چوو.

لە ئاخرو ئۆخری سەدەی پانزەیەم دا لە نێوان هەردوو ماڵباتی لنکستەرو یورك دا زنجیرە شەڕی ناسراو بە جەنگی گوڵآن(1) (1455- 1484)، لەسەر داگیرکردنی تەختو تاجی ئینگلستان رووی دا، کە لە کۆتایی دا هنری حەوتەم لە بنەماڵەی تودور گەییە دەسەلآتو پاشایەتی. مێژووی تازەی ئینگلستان لە سەرەتای پاشایەتی ئەوەوە لە ساڵی 1485 دەست پێدەکات.

## نۆڕینێکی گشتی:

ئەدەبیاتی ئینگلیزی ناڤین، ناونیشانێکە کە بە ئەدەبیاتی ئینگلستانی سالآنی 1100- 1500ز دەگوترێ.

## حفرچاسر (دەوروبەری 1340- 1400):

گەورەترین شاعیری ئینگلیزی سەدەکانی ناڤین بوو، کە بە "بابی شیعری ئینگلیز"یان ناو ناوە. پیاوێکی خوێنەوار، لاتینی زان، و ئاشنا بە شیعری فەرەنسی و ئیتاڵیایی بوو، لە لەندەن، لە خێزانێکی خزمەتکاری دەربار، هاتە دنیاوە، بە خۆشی لە ساڵی 1357دا چووە خزمەتی شازادەیەك بە ناوی لیونل. لە ساڵی 1359دا لە هێرشی سوپای ئینگلستاندا بۆ سەر فەرەنسا بەشداری کرد، و یەخسیر بوو، لێ لە ساڵی 1360 دا بە دانی فدیە ئازاد بوو، چاسەر لە ساڵی 1366 دا هاودەمێکی مەلیکەی ئینگلستانی خواست، و لە سالآنی 1368 -1378 دا بەکاری خەوەردزی سیاسی بۆ هەندەران، و زیاتر بۆ فەرەنسا رۆیی.

بەرهەمەکانی سەرەتای چاسەر وەکو: کتێبی دوشس (1366 ) و چیرۆکی گولاسۆر(1370 ، وەرگێڕانە لە فەرەنسییەوە)، زۆر لە ژێر کاریگەری داب و پێوەری شیعری عاشقانەی فەرەنسی دان. ئەم دوو کتێبەی چاسەر لە قاڵبی هۆزانێن هەشت سیلابی دا دانراون. کاریگەریی ئەدەبیاتی ئیتاڵیایی، بە تایبەتی دانتی، لە بەیتەکانی چاسردا، بە تایبەتی لە: ماڵی شۆرەت (دەوروبەری 1380) و پەرلەمانی مریشکان (دەوروبەری-1382) ئاشکرایە. لە بەیتەکانی دیکەی چاسەر،

ترویلوس و کرسیدا (دەوروبەری– 1885)، لە فیلوستراتو، کە بەیتێکی بەناوبانگی بوکاچووە وەرگیراوە.
شاکاری چاسەر، چیرۆکەکانی کونتربرییە (دەوروبەری 1387)، ئەمە گەنجینەیەکە لە چیرۆکانی جۆراوجۆر، کە لە زمانی ئەو زیارەتکەرانەوەکە بۆ زیارەتی مەزاری قەدیس تۆماس ئیبیکت لە لەندەنەوە بۆ کونتربری دەرۆن، دەگێردرێنەوە، کۆی چیرۆکەکانی کونتربری بریتییە لە بیست و چوار چیرۆك کە لە هەڤدە هەزار بەیتدا، لە قاڵبی بەیتی دە برگەیی هۆنراونەتەوە. لە میانەی چیرۆکەکانەوە کەسایەتی زیارەتکەران، کە خەڵکانی کوچەو بازاڕ، بازرگان، مافزان، ئاشپەز، دەریاوان، جووتیار، و ئاشەوانن، بە جۆرێکی زندوو و واقیعی وەسف کراوە.
چاسەر، شیعری قافیەداری لە جیاتی بەیتی بیٚ قافیەی هاوتۆن هێنایە ئاراوە، بەڵام هەر چەندە ئەو بە خۆی هاوتۆنی بەکارنەدەهێنا، ئەم قالبە کەم و زۆر لە سەردەمی ئەودا باوی هەبوو. بەیتی خەونی پیرزی جووتکار (دەوروبەری 1362– 1378)، کە زیاتر هۆنراوەی کەسێکە بە ناوی ویلیام لانگلاند (1332– 1400)، لە قاڵبی هاوتۆنی دایە. لانگلاند لەم حیکایەتە ئەخلاقی و تەنزە کۆمەڵایەتییەدا، لە دنیای خەون دا خەمگینانە ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن زۆربەی خەڵکی گەنجینە درۆینەکانی ئەم دنیا بە باشتر دەزانن لە گەنجینە راستەقینەکانی بە هەشت.
لە بەیتی سێرگاوین و سوار چاکی سەوز پۆش (دەوروبەری 1370) دانراوی شاعیرێکی گومناوە بە ناوی شاعیری مرواری، ئەویش لە قاڵبی هاوتۆنی سەرەتادایە. ئەم شاکارەی ئینگلیزی ناڤین یەکێك لە ئەفسانەکانی ئارتورشاو دلاوەرانی مێزگرد دەگێڕێتەوە. سیرگاوین،ی سوارچاکی ئەم ئەفسانەیە، بە تواناو زیرەکییەکی زۆرەوە لەگەڵ هێزێن ئەفسوناوی دا دەکەوێتە شەڕ، سەرەنجام، سەرە بەرزانە بەسەر هاتەکە بە کۆتا دەگەیەنیٚ.
رەنگە شاعیری مرواری (ئاخرو ئۆخری سەدەی چواردەیەم) جگە لە بەیتی سێرگاوین، دانەری هەرسیٚ بەیتی: مرواری، پاکی، و حەوسەڵە،–ش بیٚ، کە هەرسێکیان بە شێوەی هاوتۆنی سەرەتا دانراون.
پەخشانی ئینگلیزی ناڤین کەم و زۆر مەزەبییە، باشترین نموونەی نووسینانی مەزەبی سەرەتایی پارچەیەکە بە ناوی: دابی خواناسان (1273؟)، کە بریتییە لە زنجیرە دەستوراتێکی ورد بۆ ژنانی زاهید. بەرهەمێکی دیکەی مەزەبی ئەم قۆناغە بەناوی: شێوەی ژیانی تەواوە، بەرهەمی ریچارد رول ئوف همپول–ی زاهیدە (دەوروبەری 1300–1349). ریچارد کە بەرهەمێکی زۆری بە لاتینی و ئینگلیزی نووسیوە، لە دێر بە دێری نووسینەکانیا جۆش و خرۆش و سۆزی مەزەبی شەپۆل دەدات. پەخشانی رول لە مێژووی پەخشانی ئینگلستاندا بایەخێکی زۆری هەیە.

<u>جۆن ویکلیف</u> (دەوروبەری 1320– 1384):

پەخشاننووسێکی دیکەی بەرجەستەی ئینگلیزی میانەیە، و حەکیمێکی ئیلاهی و ریفۆرمخواز بوو، ئەو کە گەلێك لە ئەندێشە مەزەبییەکانی سەردەمی خۆی دایە بەر رەخنە، باوەڕی وابوو کە هەموو مەسیحیان دەبیٚ کتێبێکی پیرۆزیان بە زمانی خۆماڵی خۆیان لەبەر دەستدابیٚ، و یەکەمین

تەرجەمەی تەواوی کتێبی پیرۆزی بە زمانی ئینگلیزی فەراهەم کرد. ویکلیف هەندێ بەشی تەوراتی بە خۆی تەرجەمە کردو ئەویتری یاوەرەکانی کردیان.
کاری وەرگێڕانەکە لە ساڵی 1388دا تەواو بوو، بەڵام تا ساڵی 1850 بڵاونەبووەوە، ویکلیف لەبەر هێرشە توندەکانی بۆ سەر رەهبانیەت و بیروباوەڕی وشك و بنجبڕ بە "ئەستێرەی بەرەبەیانی ریفۆرمی ئاینی" بەناوبانگە.
بەرهەمێکی دیکەی پەخشانی گرنگی ئینگلیزی ناڤین، مەرگی ئارتورە، نووسینی سێرتۆماس مالورییە (دەوروبەری 1408- 1471)، ئەم بەرهەمە لە دەوروبەری ساڵی 1469دا، کە مالوری لە زینداناا بوو، تەواو بوو، و لە ساڵی 1485دا بە هەوڵ و هیمەتی ویلیام کاکستون(2) بە چاپ گەییشت. کاکستون کۆمەڵێکی جوانی مەرگی ئارتوری، کە بریتییە لە هەشت چیرۆکی جیاوازی ئارتۆرشاو سوارچاکان، لە قاڵبی چیرۆکێکی درێژدا داڕشتووە.
حیکایەتەکانی ئارتورشاو سوارچاکان-ی ئەو هەمیشە ئیلهام بەخشی گەلێك لە نووسەران بووە. دەربارەی ئارتۆر، کە کەسایەتیەکی نیمچە مێژوویی و نیمچە ئەفسانەییە، چیرۆك و حیکایەتانی زۆر ئامادەکراوە، ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم حیکایەتانەش بریتییە لە گەڕان بە دووی جامی مقەدەس دا، شەڕەکانی ئارتۆر لەگەڵ دژمناندا، بە تایبەتی لەگەڵ رۆمیاندا.
هەوەڵین شانۆنامانی ئینگلیزی چیرۆکی مەزەبیان وێنە دەگرت، و لە دەوروبەر یان لە ناو کڵێسادا نمایش دەکران. ئەم شانۆنامە کۆنانە، بە شانۆنامەی موعجیزات و شانۆنامەی رەمزوراز ناو دەبران، بەگوێرەی ئەو شارانەی تیایاندا نمایش دەکران بەسەر چوار دەستەی یورك، کاونتی، چستر، و ویکفیلدا دابەش دەکران.
شانۆنامانی رەمزوراز لە تەوراتەوە هەڵدەهێنجران، و شانۆنامەی موعجیزات لەسەر بنەمای موعجیزات و کەراماتی مریەمی مقەدەس و قەدیسان رۆنرا بوون. ناوەڕۆکێن شانۆنامانی موعجیزات یا کەشف و کەرامات فرەو هەمە جۆر بوون: سەرپێچی ئادەم و حەوا، نوح و تۆفانی مەزن، ئیبراهیم و ئیسحاق، ژیانی عیسا، و ئەم جۆرە بابەتانە، ئەم شانۆنامانە کەسانی ئاماتۆرو هاوی لەسەر جۆرە شانۆیەك کە بریتی بوو لە ئەوزارێکی عەرەبانە ئاسا، ئەنجامیان دەدا. ئەم عەرەبانە گەرۆکە بۆ دەڤەرانی جیاواز دەبراو شانۆنامەکە لە هەر گەڕەکێك دا نمایش دەکرا.
هەر چەندە شانۆنامانی موعجیزات لە دووی مەبەست و ئارمانجی مەزەبی و جددی بوون، لەگەڵ ئەوەشا، کۆمیدیای ئینگلیزی لە ناو جەرگەی ئەو شانۆنامانەوە هاتە ئارا.
لە ئاخرو ئۆخری سەدەی چواردەما جۆرە شانۆنامەیەکی تازە سەری هەڵدا کە بە شانۆنامەی ئەخلاقی بەناوبانگە. ئەم جۆرە شانۆنامانە لە شانۆنامانی رەمزو رازو موعجیزات درێژتر بوون، و هەندێ جار بە هیمەتی ئەکتەرانی پیشەیی ئەنجامدەدران، کاراکتەرانی شانۆنامانی ئەخلاقی لە قاڵبی سیفەت و خەسڵەتی مجەڕەدی وەکو حەقیقەت و تۆڵەو ئاوەزدا، دەردەکەوتن. شانۆنامانی ئەخلاقی لە رووی تەکنیکەوە زۆر پەرەیان سەند، لە کۆتایی سەدەی پانزەیەمدا بەسەر هەڵدانی یەکێك لە باشترین شانۆنامانی ئەخلاقی بەناوی: هەموو مرۆڤێك، دراما بەرە بەرە بەرەو پوختەیی تەواو دەچووە پێشێ. شانۆنامەی هەموو مرۆڤێك، کەم لە هۆڵەندییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدرا

بوو، چیرۆکی کۆتایی ژیانی "هەر مرۆڤێك" لەو دەمەدا کە مەرگ بەسەریا زاڵ دەبێ، وێنە دەگرێت. کاراکتەرانی ئەم شانۆنامەیە بریتین لە: "جوانی" ، "زانست"، "دەسەڵات" و "کرداری چاك". کاراکتەری سەرەکی شانۆنامەکە "مرۆڤە" کە مەرگ بانگی دەکات، بێهودە هەوڵدەدا "دۆستی"، "هاوکاری"، "میهرەبانی"، "سەروەت"، و "جوانی" بکات بە هاوسەفەری خۆی، بەڵام هەموویان بەجێی دێڵن، تەنیا "کرداری چاك" بە وەفاداری دەمێنێتەوەو هەمیشە لەگەڵیدایە.

لە سەدەکانی پانزەیەمو شانزەیەم دا جۆرە شانۆنامەیەکی دیکە بە ناوی ناو پەردە: INTERLUDEش باو بوو. مێژووی پەیدا بوونو ماهیەتی ناو پەردە بە تەواوەتی دیار نییە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم شانۆنامانە شێوەیەکی ئینتیقالی نێوان شانۆنامەی موعجیزات و شانۆنامەی ئەخلاقی بێ، شانۆنامانی ناو پەردە پتر پێکەنیناوی بوون، و عادەتەن دوور لە کڵێساکان، لە کۆلیجو باخەکانو ماڵە دەوڵەمەندان دا ئەنجام دەدران. باشترین نموونەیان ناو پەردەیەکە بە نێوی: چوار پ(ئەنجامدان دەوروبەری 1520، بڵاوبوونەوە دەوروبەری 1544)، نووسینی جۆن هیوودە (دەوروبەری 1497– 1580) کە شاعیرێکی تەنزەوانو ناوپەردەسازە. لەم ناو پەردەیەدا چوار کەس (کە کارەکانیان بە پیتی "پ" دەست پێ دەکەن) لەسەر گوتنی گەورەترین درۆ پێشبڕکێ لەگەڵ یەکدا دەکەن، و پیاوێك براوە دەبێ کە دەڵێت هەرگیز ژنێکی کەم حەوسەڵەی نەدیوە.

ژێدەر:

1– جەنگی گوڵان: WARS OF THE ROSES: نیشانەی لنکسترەکان گوڵە باخی سورو نیشانەی یورکەکان گوڵە باخی سپی بووەو لەبەر ئەمە جەنگی نێوان دوو بنەماڵە کە بە "جەنگی گوڵان" ناوی دەرکردووە.

2– ویلیام کاکستون– WILLIAM GAXTON: (دەوروبەری 1422– 1491) چاپخانەدارێکی ئینگلیز بوو. یەکەمین چاپخانەی لە 1476– 1477 لە وست مینستەر دامەزراندو نزیکەی سەد کتێبی بڵاوکردەوە.

((8))

# ڕێنیسانس و سەردەمی ئیلیزابت

(1485 -1625)

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

**قۆنـاغی سـەڵتەنەتی ماڵبـاتی تـودور (1485– 1603) سـەردەمی گەشـانەوەی سـەرمایەداری ئینگلسـتان و لـە قۆناغـە پرشـنگدارەکانی مێـژووی ئـەم دوڕگەیەیـە. ماڵبـاتی تـودور دەسـەڵاتێکی تەقریبـەن بـێ سـنووری بەدەسـت هێنـا، و قۆنـاغی ئـەوان قـاڵبی سـەردەمی حکومـەتی ڕەهـای ئینگلستانی وەرگرت.**

**هنـری هەشـتەم کڵێسـای ئینگلسـتانی لـە کڵێسـای ڕوم جیـاکردەوە، و خـۆی بەرابـەری کڵێسـای نۆبونیـادی ئـەنگلیکان دانـا (1534). ڕیفۆرمـانی ئـاینی ئـەنجام دا، دەسـەڵاتەکانی پاپـای ڕەتکـردەوەو دێرەکـانی هەڵوەشـاندەوە، لـە سـەردەمی ئـەودا کڵێسـای ئـەنگلیکان بـوو بـە کڵێسـای دەوڵەتی و هـەموو ئینگلیزەکـان ناچاری پـەیرەوکردنی کـران. کڵێسا تازەکە، بورژوازی و ئەشـراف تازە پێرۆکەی ڕازی نەدەکرد. بۆرژوازی دەیویست کڵێسا سادەترو کەم خەرج تـر، و لـە پاشماوەی ئـاینی کاتولیـك پـاك بێتـەوە، لایـەنگرانی ئـەم پاككردنەوەیـە لـە ئینگلسـتاندا بەپیرایشـگەران بـەناوبانگن. ئینگلسـتان لـە زەمـانی ئیـدواردی شەشـەم دا مـەزەبی پروتسـتانی قبـول کـرد.**

سەرمایەداری، بە پەرەسەندنی پیشەسازی خوری و لە ڕێگەی بازرگانی دەگەڵ ڕوسیاو عوسمانی و هندا دەستی پێکرد. لە زەمانی ئیلیزابتی یەکەم دا (1558– 1603)دا ڕکابەری بازرگانی و رامیاری شەڕی ئینلگستان و ئەسپانیای لێکەوتەوە، کە لە جەرگەی ئەو شەڕەوە ئینگلستان وەکو هێزێکی دەریایی سەری دەرهێنا . لە سەردەمی ئیلیزابت دا بازرگانی و پیشەسازیش هاندرا، و زۆر کۆمپانیای بازرگانی، کە گرنگترینیان کۆمپانیای هندی ڕۆژهەلاتی بوو، پشتیوانیان لێکراو پارێزران.

لە سەدەی شازدەیەمدا لە ئینگلستاندا ئامۆژگاریانی تازە پەرەی سەندو ڕەوت و ڕێبازانی مرۆڤپەروەرانە رووی کردە زیادی. گەورەترین مرۆڤپەروەری ئینگلیزی لەم سەردەمەدا سێرتۆماس مۆر (1478– 1538) بوو، کە یوتوپیاکەی (1516) ئەو یەکەمین بەیاننامەی مرۆڤپەروەری ئینگلیزییە.

بەمردنی مەلیکە ئیلیزابت ماڵباتی تودور بڕایەوە، و پاشای سکۆتلاند، جیمزی یەکەم ستورات (1603– 1625) لەسەر تەختی پاشایەتی ئینگلستان دانیشت. لەم سەردەمەدا پەیوەندی نێوان پەرلەمان و پاشا تێك چوو. چینی بورژواو بازرگانانی دەوڵەمەند دەسەلاتێکی زۆریان پەیدا کرد. ناکۆکی نێوان کڵێسای فەرمی و پیرایشگەران (کە لایەنگری پەرلەمان و دژی پاشا بوون) توند بوو، و ولات بەسەر دوو ئۆردووی ڕەقیب دا –لایەنگرانی پاشاو لایەنگرانی پەرلەمان– دابەش بوو، و ئەنجام کار گەییە شۆڕشی پیرایشگەری و جەنگی ناوخۆ.

## نۆڕینێکی گشتی:

قۆناغی پاشایەتی دوورو درێژی مەلیکە ئیلیزابتی یەکەم (1558– 1603)، سەردەمی ئاشتی و ئاسوودەیی بوو، ئەو کۆتایی بە دەسەلاتی مەزهەبی و رامیاری بێگانان هێنا، جارێکی دیکە ئاینی پرۆتستانی چەسپاند، گیانی ناسیونالیستی و یەکبوونخوازی بەهێز کرد. لە سەردەمی ئەودا ئینگلستان بوو بە هێزێکی دەریایی و ئیمپراتۆریەتێکی گەورە. لە سەردەمی ئەودا گەلێك لە "یەکەمینەکان"و "گەورەترینەکان" لە ئەدەبیاتدا پەیدا بوون. دەرباری ئیلیزابت بوو بە بنکەی هۆزانی لیریکی وەخت، و مەیدانی شاعیرانی وەك سێر فیلیپ سیدنی، ئیلیزابت شەیداو ئاشقی دراماش بوو، و گەلێك لە شانۆنامەکانی شکسپیر لە دەربارەکەیدا نمایش کران. بە هەر حاڵ، سەردەمی مەلیکە ئیلیزابت هەندێ جار بەسەردەمی ڕێنیسانس–ی ئینگلستان ناو دەبەن. و ئەم سەردەمە پرشنگدارە، لە واری سیاسەتدا بە ئیعدامکردنی ماری ستوارت (1587) دەست پێدەکات، و لە مەیدانی ئەدەبیاتدا بە بلاوبوونەوە ساڵنمای شوان (1579)ی دانانی ئەدمونند سپنسەر دەست پێدەکات.

**سێرتۆماس وایت** (1503؟– 1542)**و هنری هوارد، ئورل ئوف سوری** (1517؟– 1547) **عادەتەن بە بناغە دانەرانی قوتابخانەی شیعری لیریکی ئینگلیزی، کە لە ناوەندی سەدەی شانزەیەمدا گەشایەوە و تا سەدەی هەڤدەیەم بەردەوام بوو، دەزانن. ئەم جووتە شاعیرە غەزەلخوانە هەردووکیان ئیلهامیان لە شاعیرانی ئیتاڵیا وەرگرت، بەڵام یەکەمجار وایت غەزەلی هێنایە ئینگلستانەوە. هوارد لەم بارەیەوە گرنگە کە یەکەمین شیعری ئازادی ئینگلیزی نووسی.**

**لە سەردەمی ئیلیزابت دا، و تەنانەت پێش ئەویش، شیعر گوتن بەشێك بوو لە خوێندنی نەجیب زادەکان، کەشکۆڵانی غەزەل و شیعری لیریکی بازاڕێکی گەرمیان هەبوو. باشترین ئەم کەشکۆڵانە، گۆڕانی و غەزەلان** (1557)**ی ریچارد تاتلی چاپخانەدار بوو، کە نەوەدو شەش شیعری وایت، چل شیعری هوارد، و سەدوسی و پێنج شیعری شاعیرانی دیکەی لە خۆ دەگرت. ئەم یەکەمین کۆ شیعرە ئینگلیزییە لە ماوەیەکی کەمدا چاپی دووەم کرایەوە، کە ئەمڕۆ بە کەشکۆڵی تاتل بەناوبانگە.**

**ئیدمون سپنسەر** (1552؟– 1599):

**گەورە ترین شاعیری نەدراماتیك–ی رۆژ بوو، لە ساڵانی** 1591– 1599**دا میری شاعیرانی دەربار بوو، لە ساڵی** 1579**دا ساڵنمای شوانی بڵاوکردەوە، کۆی دوانزە شیعرە کە لە باشترین شیعرێن شوانکارەیی ئینگلیزییە.**

**شاکاری سپنسەر، مەلیکەی پەریان** (1589– 1596) **بوو، کە قەرار بوو لە دوانزە کتێباندا تەواو بکرێ، بەڵام سپنسەر تەنیا شەش کتێبی یەکەمو دوو بەش لە کتێبی حەوتەمی تەواو کرد. ئەم بەرهەمە مەزنە داستانێکی نەتەوەییە دەربارەی گەورەیی سەردەمی ئیلیزابت و ئینگلستان، چیرۆك و رۆمانسێکی خەیاڵییە، و حیکایەتێکی مەزهەبی و ئەخلاقییە لەمەڕ گەڕانی روحی ئینسان لە رزگاری، و گەواهی نوێین و دیدی قوڵی ئەخلاقی، وەستایی لە هونەری شیعر، و باڵا دەستی شاعیرە بەسەر زماندا. لەم داستانەدا، گلۆریانا، هەم مەلیکەی پەریانە، هەم رەمزی چەمکی رووتی "شکۆداریە"و هەم خودی مەلیکە ئیلیزابتە. نەخشەو پلانی شێوەی تەواوی کتێبەکە بەم جۆرەیە کە لە دوانزە کتێب دا دوانزە سوار چاك نوێنەری دوانزە فەزیلەتن، و شازادە ئارتور– کە هەموو ئەم فەزیلەتانە لەودا دەگەنە لوتکە، کەسایەتی یەکخەری هەموو داستانەکەیە. سپنسەر لە دانانی ئەم شاکارە گەورەیەدا، جگە لەوەی کە ئیلهامی لە ئەدەبیاتی رابردووی ئینگلستان وەرگرتووە لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی کلاسیك (هومرو ڤیرجیل)، شاعیرانی بەیتێن سوارچاکی (ئاریوستو و تاسو)و فابیل پەروەران (دانتی و چاسەر)دا بووە. نەك هەر زمانی کۆنی گونجاو لەگەڵ نێوەرۆکی داستان هەڵدەبژێرێ، بەڵکو سودێکی زۆر لە پێوەرەکانی داستانی کلاسیك، وەکو پەنا بردنە بەر نۆ خواوەندانی شیعرو هونەر، و دەست پێکردنی داستان لە ناوەندی چیرۆکەوە، وەردەگرێت.**

سپنسەر لەم داستانە تەواو نەکراوەدا کێشێکی تایبەتی بەکار دێنێ، قاڵبی ئەو بەندو پارچانەی کە دای هێناون نۆ نیوە بەیتیان هەیە، هەشت نیوە بەیتی یەکەم لەسەر وەزنی پێنج کۆڵەکەیی ئیامبیکە، و نیوە بەیتی نۆیەم لەسەر وەزنی شەش کۆڵەکەیی ئیامبیك دانراون.

بە کورتی، گەورەیی مەلیکەی پەریان زیاتر لە هەستی ئەفسوناوی و تۆن و نەوای سەرسامکەری هۆزان، و جوانی دەنگەکانیایەتی تا لە هزرو بیر یا لە دڵگیری چیرۆکەکەدا بێ.

سپنسەر کە ئاشقی ژنێك بوو بە ناوی ئیلیزابت بویل، هەشتاو هەشت غەزەلی لە ژێر سەر ناڤی ئامورتی دەربارەی ماجەرای ئاشقێنی خۆی هۆنیوەتەوە لە ساڵی 1594 دا لەگەڵ ئیلیزابتدا زەماوەندی کردو، هەندێ شیعری، کە رەنگدانەوەی هەرەتی ڤیانی خۆیەتی، لەژێر سەرناوی: سروودی زەماوەند هونییەوە. ئەم دوو کۆ شیعرە لە ساڵی 1595 دا لەیەك دیواندا بەناوی ئامورتی بڵاوبوونەوە. یەکێك لە بەرهەمەکانی تری سپنسەر: بەیتی ئەستروفیل (1586)ـە، بۆ لاوانەوەی سیرفیلیپ سیدنی دایناوە.

سپنسەر، پروتستان مەزەب و لایەنگری حیکمەتی ئەفلاتون بوو. زۆری دڵ بەمەسەلە مێژوویی و مەزەبییەکانی سەردەمەوە هەبوو، و بەرهەمەکانی بە دەربڕی چەمکی رێنیسانسی شیعری وەکو بالآترین فاکتەرو ئەوزاری فێرکردنی ئەخلاق دەژمێردرێن.

<u>**سیرفیلیپ سیدنی**</u> <u>(1554– 1586):</u>

شاعیر، سیاسەتوان، دەرباری، زانا، لەشکری، و نموونەی راستەقینەو تەواو نەجیمزادەیەکی سەردەمی رینیسانس بوو. سیدنی کە بە مۆمە پڕ شەوقەکانی دەرباری مەلیکە ئیلیزابتی یەکەم دەژمێردرا، چەند جارێك بە ماموریەتی سیاسی بۆ ئەوروپا چوو، و لە ساڵی 1577دا بە سەفیری وڵاتەکەی لە ئەڵمانیا دامەزرا.

یەکێك لە بەرهەمە پەخشانییەکانی سیدنی بەرهەمێکە دەربارەی جەوهەر و ماهیەتی شیعر بە ناوی: بەرەڤانی لە شیعر (1595)، کە رەنگە جوانترین و مکومترین رەخنەی سەردەمی ئیلیزابت بێ، ئارکادیا (1590) کتێبێکی دیکەی سیدنییە، کە رۆمانسێکی پەخشانی ئاوێتە بە شیعری لیریکییە، کتێبی سوناتاکانی سیدنی: ستروفیل و ستیلا (1591)، دەربارەی ئاشقێنی خۆیەتی. شیعری سیدنی بە هەموو پێوەندییەکیەوە بە پێوەرو دابە پەترارکییەکان، لە باری سفتی، وەستایی لە کێش و وەزندا، و توانای تۆنەوە شوێنێکی تایبەتی هەیە.

<u>**سیروالتەر رالی**</u> <u>(1552؟– 1618):</u>

لەشکری، دەریاوان، دۆزەرەوە، سیاسەتوان، موسیقازان، کیمیازان، مێژوونووس، شاعیر، و دەرباریی هەرە نزیکی دەرباری مەلیکە ئیلیزابت بوو. بەڵام بەرە بەرە لە بەر چاوی مەلیکە کەوت، و ئاقیبەت بە تاوانی هاودەستی لە کوشتنی جیمزی یەکەم، بۆ ماوەی سیانزەساڵ لە بورجی لەندەندا زیندانی کرا، و لە ئەنجامدا بە تاوانی ئیلحاد لە گەردنیان دا.

زۆربەی شیعرەکانی رالی فەوتاون، بەڵام هەندێ کۆپلەو پارچەی کورتی لە کەشکۆڵاندا ماوە، کە نیشانەی تواناو بەهرەی شاعیرانەی ئەون.

__سەموئیل دانیل (1562– 1619):__

شاعیرو درامانووس، لە ئوکسفورد، خوێندوویەتی، و ماوەیەك لە ئەوروپادا کەوتە سەفەرو گەڕان، ناوبانگی دانیل بەندە بە ناسکی زمان و رەوانی و جوانی شیعرەکانییەوە، ئەو کە لە سەردەمی خۆیدا بە "دانیلی خۆش زمان" بەناوبانگ بوو، خاوەنی زنجیرە سوناتایەکی دڵگیرە بە ناوی دیلیا (1592)، هەندێ لە بەرهەمەکانی تری ئەمانەن: شەڕی ناوخۆ (1595– 1609)، کە مێژوویییەکی شیعریی جەنگی گوڵانە. و بەرەڤانی لە قافیە (1603) کە کتێبێکە دەربارەی قافیەبەندی لە شیعری ئینگلیزی دا.

شاعیرانی دیکەش لەسەردەمی ئیلیزابێت دا کەم و زۆر رەونەقێکیان هەبوو. مایکل درایتون (1563– 1631)، یەکێك بوو لە پر کارترین ئەو شاعیرانە، شیعرەکانی سەرەتای زیاتر شەقڵ و گیانی مەزەبیان هەبوو، و بەرە بەرە رووەو شیعری شوانکارەیی چوو. لە شیعری لیریکیش دا دەستی هەبوو، و لە ساڵی 1594دا کۆمەڵێك لە سوناتاکانی بڵاوکردەوە. کریستۆفەر مارلو (1564– 1593)، گەورەترین سیمای درامانووسی سەردەمی ئیلیزابێتی پێش شەکسپیر، و گەورەترین شاعیری سەردەمی خۆی بوو. شیعرە لیریکییەکانی ناسك و بە ئاهەنگ و پڕ سۆزو هەستن... تۆماس کامپیون (1567– 1620)، موسیقا زاناو شاعیری گۆرانی بێژ، بە هۆی ئەو گۆرانیانەوە کە بۆ گۆرانی و ئاوازەکانی خۆی داینا‌ون، بەناوبانگە. ئەم گۆرانیانە لە مەجموعەی وەکو کتێبی ئاوازان (دەوروبەری 1613) کۆکراونەتەوە.

__بن جونسون (1572– 1637):__

شانۆنامەنووسێکی زەبەر دەست و شاعیرێکی دەوڵەمەند بوو. بە ناوبانگترین شیعری ئەو غەزەلێکە بە ناوی "ئاوازێك بۆ سیلیا".

## پەخشان

پەخشانی سەردەمی ئیلیزابێت زۆر لە شیعر خاوتر پەرەی سەند. ژمارەیەك لە هزرڤانانی گەورەی زەمان، وەکو مور و بیکن، هەر دڵبەندی لاتینییەکە بوون. وەرگێڕی وەکو سێرتۆماس نورث، بۆ پێش خستنی شێوازی پەخشانی ئینگلیزی دەستیان دایە ئەزموونانی گرنگەوە. نورث کە یەکێك بوو لە باشترین وەرگێڕانی سەردەم، بەزاڵی بەسەر وشەو توانای لێکدانی وشەکان لە رستەی کۆك دا، کەوتە وەرگێڕانی ژیانی پیاوانی ناودار–ی نووسینی پلوتارك، لە ژێر ناونیشانی: ژیانی گەورە

پیاوانی یونان و روم (1579)، ئەم کتێبە کە لە دەقی فەرەنسییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدرا، کارێکی قوڵی کردە سەر پەخشانی سەردەمی ئیلیزابت.

**ریچارد هەکلوت** (1533- 1616):

هزرڤان و رۆحانی ئینگلیزی، ئەم بەرهەمانەی کۆکردەوەو لە ساڵی 1538دا لە کتێبێک دا بڵاوبوونەوە: دەریاوانییەکان، سەفەران، و دۆزینەوانی گرنگ میللەتی ئینگلیز. ئەم کتێبە بەرەبەرە زۆر بوو و لە ساڵانی 1598- 1600دا لە سێ بەرگدا بە چاپ گەیی. کە بە ناوی: داستانی پەخشانی میللەتی ئینگلیز" بە ناوبانگە.

**سامۆئیل پورچس** (1575- 1626):

رۆحانی و دانەری ئینگلیزی، کتێبەکەی هەکلوتی لەگەڵ یاداشتەکانی ئەودا ئامادە کردەوەو لە ژێر سەر ناوی سەفەرەکانی پورچس دا، کە مێژووی جیهانی لە سەفەرانی دەریایی و زەمینی لە خۆ گرتووە، لە ساڵی (1625) دا بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا هەواڵی سەفەر بۆ هند، ژاپۆن، چین، ئەفریقیاو چەند شوێنێکی دیکە دەگێڕدرێتەوە. دوو بەرهەمی دیکەی ئەم نووسەرە بریتین لە: سەفەرەکانی پورچس یا پەیوەندی جیهان و مەزەبان لە هەموو سەردەمێکا (1613) و سەفەرەکانیپورچس، یا مێژووی مرۆڤ (1619).

**تۆماس ناش** (1567- 1601):

تەنزنووس و دراما نووس، و نووسەرێکی داهێنەرو خدان کەسایەتییەکی گەورە بوو. ناش لە مەیدانی چیرۆکی پەخشاندا، شاکاری خۆی لە شێوەی کتێبێکی بچووکدا بەناوی: رێبواری بەدبەخت، یا ژیانی جك و یلتن (1594) نووسی. ئەم رۆمانسە پڕ ماجەرایە کە بەهۆی نزیکی لە شێوازی رۆژنامەوانی خۆیەوە مایەی سەرنجە، بە یەکێك لە هەوەڵین رۆمانە ئینگلیزییەکان دەژمێردرێت. هەندێ لە رەخنەگران ئەم کتێبە، کە لە هەوەڵین رۆمانانی پیکارسك (ئاوارەیی)شە، بە جوانترین نموونەی پەخشانە چیرۆکی سەردەمی خۆی دەزانن.

**رۆبەرت گرین** (1558؟- 1592):

دراماو نووس و پەخشاننووسێکی پڕ بەرهەم بوو. پەخشانە رۆمانسەکەی روبەرت بەناوی: پەندوستۆ (1588) ئیلهامبەخشی شەکسپیر بووە لە شانۆنامەی چیرۆکی زستاندا، گرین هەندێ کتێبی وەك: نوکتەیەك بە بەهای فلوسێك کە بە یەك ملێون پەشیمانی کڕدراوە (1592)شی نووسیوە، کە ژیانی چینی بێبەش و چەوساوەی لەندەن بە شێوەیەکی زندوو و جوان وێنەدەگرێت.

**روجر ئەسکان** (1515- 1568):

پەخشاننووس، مرۆڤپەروەر، و مامۆستاو فێرکاری مەلیکەی ئینگلستان بوو بەر لەوەی بێتە سەر تەختی پاشایەتی. روجر پە پێچەوانەی گەلەك لە هاو عەسرانی خۆی بەرهەمە پەخشانەکانی بە ئینگلیزی دەنووسی. باشترین بەرهەمی ئەو بریتییە لە: تیرەندازان (1545)، کە نامەیەکە دەربارەی تیرەندازی،و بەڕێوەبەری قوتابخانە (1570)، دەربارەی هونەری فێرکردن و پەروەردەیە.

<u>جۆن لیلی (1554؟– 1606):</u>

پەخشاننووس، شاعیرو درامانووس بوو. لە ئوکسفورد خوێندوویەتی، لە لەندەن وەکو یەکێك لە "خواوەندانی زەوقی زانکۆیی"(1) ناوی دەرکردو ڕێگەی دەرباەی دۆزییەوە. لیلی بە دوو پەخشانە رۆمانسی: یوفیوئیز، هەیکەلناسی زەوق (1579)و درێژەکەی: یوفیوئیز و ئینگلستانی ئەو (1580) بەناوبانگە. ئەم دوو بەرهەمە عادەتەن بە یەکەمین رۆمانانی ئینگلیزی دەزانن، هەر چەندە پلۆتی هەردوو چیرۆکەکە بۆ لیلی بیانوون تابیرەکانی خۆی دەربارەی ڤیان، ژن، وەفاداری، دۆستایەتی، پەروەردەو فێرکردن و بنەماکانی ئەخلاق دەربڕێت. لە هەردوو کتێبی یوفیوئیزدا.... (کە بەناوی قارەمانەکەیەوە ناونراوە)، لیلی هەوڵی داوە تا شێوازێکی نموونەیی بۆ پەخشان بێنێتە ئاراوە، و لەم رووەوە کتێبەکەی ئەو شێوازێکی وەستایانە، هاوسەنگ، جوان، و زۆر رازاوەی هەیە. رستەکانی ئاڵۆزو درێژن، و زۆر لێکچوواندن و سنعەتی جوانکارییان تێدایە وەکو تەوزیع و نەوای پیتەکان، رەگەز دۆزی. ئەم شێوازە کە زاراوەی یوفیوئیزم لە ناوی ئەوەوە وەرگیراوە، لە مێژووی ئەدەبیات دا پەیڕەوانی زۆری هەیە. ئەسڵەن یوفیوئیزم(2) بە شێوازی دەستکردی باو لە قسەو نووسینی سەردەمی ئیلیزابت گوتراوە.

<u>سێرفرانسیس بیکون (1561– 1626):</u>

فەیلەسوف، دانەرو سیاسەتوان بوو، لە کەمبریج خوێندوویەتی، چەندین ساڵ پێوە بوو کە بگاتە دەربار، لێ مەلیکە گوێی نەدەدایێ. لەگەڵ ئەوەشا بیگون لە ساڵی 1583دا بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا، و پاشان بوو بە ئەندامی دیوانی باڵای وڵات. لە ساڵی 1606دا بوو بە شیرەتکاری قەزایی پاشایەتی، و لە ساڵی 1613 دا بوو بە یاریدەدەری دادسێنی گشتی، و سەرەنجام لە ساڵی 1618دا گەییە پایەی سەرۆکایەتی وەزارەت.

ناوبانگی بیکون لە دنیای ئەدەبیاتدا بە وتارەکانییەوەیە کە بە پەخشانێکی سفت و چڕو راشکاوانە نووسراون، و سەر رێژن لە لێکچوون، کینایەو خواستن. هەندێ لە گوتەکانی ئەو لەم وتارانەدا بوون بە پەندی باو. قسەکانی بیکون تەنانەت دەربارەی بابەتێن کۆن و سواویش هەر نویێ و رەسەن دەنوێنن. هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەمانەن: پێشکەوتنی زانست (1605)، باسێکە دەربارەی شێوە جۆراو جۆرەکانی پێشکەوتنی زانست و لقەکانی زانست، وەکو مێژوو، و ئەرگەنونی نویێ (1620) باسێکی دیکەیە دەربارەی رێبازی ئیستقرا (خوێندنەوەو ئەنجامگیری) بیکون بۆ کوێر کردنەوەی سەرچاوەی خەتاکانی مرۆڤ، و بۆ شکاندنی بتەکانی زهن (بت لە زمانی ئەودا بریتییە لە هەر جۆرە وێنایەکی نا دروست دەربارەی حەقیقەت)، دەکەوێتە پشکنینی

هەڵەکان و ریزبەندییان دەکات. ئەم بتانە لە دیدی بیکونەوە بریتین لە: بتێن خێڵەکی، بتی هەڵەێن فەردی و شەخسی، بتی بازاڕی، و بتی درامی، یەکێك لە بەرهەمە چیرۆکڤانییەکانی بیکون، ئەتلانتیسی نوێ (1626)یە، دەربارەی سەفەرێکە بۆ دوڕگەیەکی خەیاڵی لە ئۆقیانووسی ئارام، لەم کتێبەدا بیکون، هزرێن کۆمەڵایەتی لە قاڵبی چیرۆك دا دەگێڕێتەوە.

*　　*　　*

"کتێبی پیرۆزی کینگ جیمز"، یا "دەقی مۆڵەتدراو" (1611)، بەرهەمێکی گەورەی ئینگلیزییە، و لەوەیە گەورەترین بەرهەمی پەخشان بێ لە زمانی ئینگیلزیدا. وەرگێڕانی تەورات (کتێبی مقەدەس) بۆ ئینگلیزی مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، و لە راستیدا وەرگێڕانەکەی ساڵی 1611 لوتکەی وەرگێڕانەکانی کتێبی مقەدەسە. لە ئینگلیزی کۆندا، چەند وەرگێڕانێکی هەندێ سفرانی کتێبی مقەدەس ئەنجامدرا، بەڵام یەکەمین وەرگێڕانی تەواو لە ساڵی 1388دا بە هەوڵ و هیمەتی پەیڕەوانی جان ویکلیف ئەنجامدرا، کە بە کتێبی مقەدەسی ویکلیف بەناوبانگە. ویلیام تیندال (1492- 1536)ی واعیزی پروتستانش، ئینجیلی لە یونانییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا، کە لە ساڵی 1525دا بڵاوبووەوە، و ئەمە یەکەمین تەرجەمەی ئینگلیزی بوو کە چاپ بوو. تیندال پاشان هەر پێنج سفرەکەی تەوراتی لە عیبرییەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕا (1530). تیندال لە ساڵی 1536دا لەبەر بیروباوەڕەکانی سووتێنرا، لێ وەرگێڕانە وردەکەی ئەو هەروەك خۆی بە زندوویەتی ماوەتەوە، و وەرگێڕانی مۆڵەتدراوی تەوراتیش کەم و زۆر پشتی بە وەرگێڕانەکەی ئەو بەستووە، لە سەدەی شازدەیەمیشدا چەند تەرجەمەیەکی دیکەی تەورات کراوە. مایلز کوڤردیل (1488- 1568)ی کەشیشی ئینگلیزی، بەسوود وەرگرتن لەسەرچاوانی لاتینی و ئاڵمانی، دەقی تەواوەتی تەوراتی بۆ ئینگلیزی فەراهەم کرد، کە لە ساڵی 1535دا بڵاوبووەوە و یەکەمین تەوراتی تەواوی چاپکراوە بە زمانی ئینگلیزی.

دەقی مۆڵەتدراو یا وەرگێڕانی کینگ جیمز بەهیمەتی تاقمێك لە ئەهلی کڵێسا و ژمارەیەك لە زانایانی ئاینی ئینگلستان بە فەرمانی جیمزی یەکەم، پاشای ئینگلستان لە ساڵانی 1604- 1611دا ئامادەکراو لە ساڵی 1611دا بڵاوبووەوە. دەقی مۆڵەتدراو زیاتر پشتی بە وەرگێڕانەکانی پێشووتر، بە تایبەتی وەرگێڕانەکەی ویکلیف و تیندال بەستووە. ئەم وەرگێڕانە زوو بە زوو بوو بە کتێبی مقەدەسی هەموو فیرقە پروتستانە ئینگلیزی زمانەکان. زمانی وەرگێڕانەکە نایاب و بتەوە، و شێوازەکەی رەوان و سادەیە. دەقی مۆڵەتدارو کاریگەییەکی گەورەی بەسەر ئەدەبیات و زمانی ئینگلیزییەوە هەبووە، و زۆربەی نووسەرانی ئینگلیزی زمان لەروویەك لە رووەکانەوە لە ژێر کاریگەری زمانە جوانەکەیدا بوون. زێدەباری ئەمەش، لە سەدەی هەڤدەیەم بە دواوە، لە زۆربەی ماڵە ئینگلیزەکاندا نوسخەیەك لە دەقی مۆڵەتدراو هەبووە، کە هەندێ بەشی رۆژانە خوێنراوەتەوە. زمانە ئینگلیزییە جوانەکەی ئەم کتێبەی خستووەتە ریزی بەرهەمە زندووەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزییەوە.

# شانۆنامە

لوتکەی بوژانەوەو گەشانەوەی ئەدەبیاتی پڕ بەرهەمی سەردەمی ئیلیزابت لە شانۆنامەنووسیدایە.
بەر لە سەرەتای ئەم سەردەمە چەند شانۆنامەیەك بڵاو بوو بووەوە، کە باشترینیان، بەشێوەیەکی گشتی کۆمیدیاکان بوو، لەگەڵ ئەمەشا، یەکەمین کۆمیدیای تەواوی ئینگلیزی نیکولاس یودال (1504- 1556)ی شانۆنامەنووسی سەردەمی ئیلیزابت نووسی. کۆمیدیاکەی یودال کە رالف رویستر دویستر (لە 1553 نمایشکرا، لە 1566دا بڵاوبووەوە)ی ناو بوو، لە قاڵبی نەزمێکی زبرداو لەسەر نموونانی لاتینی لە پێنج پەردەدا هۆنراوەتەوە.
دووەمین کۆمیدیای ئینگلیزی، دەرزی گامەرگوتنە (لە 1566دا نمایشکرا، لە 1575 بڵاوبووەوە) کە دراوەتە پاڵ جۆن ستیل (1543؟- 1607). ئەم کۆمیدیا زبرەش کە بە چاولێکەری درامای لاتینی دانراوە، چیرۆکی شادی ونبوون و دۆزینەوەی دەرزییەك بەرجەستە دەکات.
یەکەمین تراجیدیای تەواوی ئینگلیزی، (گۆربادۆك نمایش لە ساڵی 1561، بڵاوبوونەوە: 1565)، لە نووسینی تۆماس ساکڤیل (1536- 1608)و تۆماس نورتن (1532- 1584)ـە. ئەم تراجیدیایە کە لەسەر بنەمای درامای سنکا دامەزراوە، یەکەمین شانۆنامەی ئینگلیزییە لە قاڵبی شیعری ئازادا، و یەکێکە لە هەوڵێن ئەو شانۆنامە ئینگلیزییانەی کە ناوەڕۆکیان لە مێژووی ئینگلستانەوە وەرگیراوە. گوربادوك، پاشای بەریتانیا، قەڵەمڕەوی سەڵتەنەتەکەی خۆی لە نێوان دوو کوڕەکەیدا دابەش دەکات، بەڵام ئاگری شەڕ لە نێوان دوو براکەدا هەڵدەگیرسێت.
هەر لەم ساڵانەدا، شانۆنامەی لە جۆری بازاڕی و عەوام پەسند و میللی کەم و زۆر روو لە خەملێن دەچوو، و تاقم و گروپی نواندن دروست دەبوو. ئەکتەرانی سەر بە دەرباری شا یان کۆشکی لۆردبەتوانا بوون، و زێدەباری نمایشی تایبەتی لە حوزوری وەلی نیعمەتەکانیان، لە بەردەم جەماوەری خەڵکیش دا هونەری خۆیان نمایش دەکرد.
سەرەنجام، جیمز بربیج-ی ئەکتەر (مردن: 1597) "شانۆ"ی لە ساڵی 1576دا لە دەرێی سنووری لەندەن دا دامەزراند، کە یەکەمین شانۆی ئینگلستان بوو. ئەم شانۆیە تەقریبەن بوو بە نموونەو سەر مەشقی هەموو ئەو شانۆ "تەماشاخانە)یانەی کە لەوە دوا کرانەوە و بوون بە بنکەی توێژە جیاوازەکانی جەماوەری خەڵکی.
یەکەمین درامانووسانێك کە شانۆنامانیان بۆ شانۆ گشتییەکان نووسی، "گروپی خواوەندانی زەوقی زانکۆیی" -دەرچووانی ئۆکسفۆرد و کەمبریج- بوون. روبرت گرین، توماس لوج، جون لیلی، تۆماس ناش، جورج پیل و کریستوفرمالرو، بەرجەستەترین سیمایانی ئەم گروپەن. هەروەها

دەبێ ئاماژە بۆ تۆماس کید (1558– 1594) کە درامانووسێکی دیکەی شانۆ گشتییەکان بوو بکرێ، و وەکو دیارە، خوێنەواریی زانکۆیی هەر نەبووە.
روبرت گرین لە دامەزرێنەرانی شانۆنامەنووسی بوو لە ئینگلیستان، بنیادەمێکی بێ سەروبەر بوو، کە ژیانی لەگەڵ چەقۆکێش و سەرسەریاندا بەسەر چوو، و ئەنجامیش کەوتە پەشیمانی. گرنگترین شانۆنامەی روبرت: مێژووی کۆمێك ئالفونسوس، شای ئاراگون (دەوروبەری 1587)، فرایربیکون و فرایر بانگی (1589)، کە کۆمیدیایەکە دەربارەی کیمیاگەرییە ئەفسانەییەکانی روجەر بیکون(3) (فەیلەسوف و زانایەکی ئینگلیزی بوو 1214– 1294)ن تۆماس بانگی(4)،ـە ئۆرلاندوی تورە (نمایش کردن: 1592)، کە لە بەرهەمێکی بەناوبانگی ئاریۆستۆوە، بەهەمان ناو هەڵێنجراوە.

**تۆماس لوج** (1558؟– 1625):

شاعیرو شانۆنامەنووس، بە باشترین پەیڕەوکاری شێوازی یوفیوئیزم دەژمێردرێت، تەنیا دوو دراما لە دراماکانی ئەو ماونەتەوە: ئاوێنەیەك بۆ لەندەن و ئینگلستان (1954)، کە بە هاوکاری روبرت گرین نووسراوە، و زامەکانی جەنگی ناوخۆ (1594).

**جون لیلی:**

لیلی هەشت شانۆنامەی بۆ منداڵان، بە مەبەستی نمایشکردن لە دەرباردا نووسیوە. باشترینیان بریتین لە: ئەسکەندەر و کەمپاسپە (1584، چاپی دووەمی لە ژێر سەر ناڤی کەمپاسپە کراوەتەوە، 1591)، دەربارەی ئەسکەندەرو ژنە خۆشەویستەکەی کەمپاسپەیە، ئیندیمیون (1591)و میداس (1592)، لیلی هەوێنی دراماکانی لە ئەدەبیاتی یۆنان و رۆم وەرگرتووە، و بە هەندێ ئاماژان بۆ دەربارو سیاسەتی سەردەمی خۆی ئاوێتەی کردوون. لیلی جگە لە ئافرەت و مانگ (1597)، باقی شانۆنامەکانی بە شێوەی یوفیوئیزم نووسیوە.

**تۆماس ناش:**

تۆماس ناش، زێدەباری شانۆنامەی تراجیدیای دیدو، مەلیکەی کارتاژ (1593، بە هاوکاری مارلو)، شانۆنامەیەکی کۆمیدیشی بە ناوی: دوا بڕیاری هاوین و وەستێنامە (1593) نووسیوە.

**جورج پیل** (1557؟– 1596):

شاعیرێکی لیریکی بە توانا و مامۆستای درامای شاعیرانە بوو. ناوبانگی ئەوپتر بەو هونەرکارییەوەیە کە لە ئاوێتەکردنی واقیع و خەیاڵدا لە چیرۆکی پیرەژنانی جادوبازدا (1595) بەکاری هێناوە. ئەم شانۆنامەیە یەکەمین درامای بورلسك–ە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی دا.

**کریستوفرمارلو** (1564– 1593):

یەکەمین درامانووسی گەورەی زەمان بوو، کە پرشنگی بلیمەتییە سەیرەکەی، جیهانی شانۆی سەردەمی ئیلیزابتی روناك كردەوە. یەکەمین تراجیدیای ئەو: تەیمور لەنگ (1587)، لە قاڵبی شیعری ئازادی سفت دا دارێژراوە، کە مارلۆ لە درامانووسیدا کردی بە باو، واتە هێنایە ناو دراماوە. ئەم تراجیدیا رۆمانتیکییە کە بە دەوری تەوەری ژیانی تەیمور لەنگ دا دەسووڕێتەوە، لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا تەیموری شوان دەبیّ بە رێگرێکی بە ترەف و ئاقیبەت دەگاتە پاشایی ئێران. لە بەشی دووەمدا تەیموری خوێنمژی هۆڤی بە سواری گالیسکەیەك کە دوو پاشا رایدەکێشن، بۆ بابل سەفەر دەکات، و سەرەنجام بێرەحمی و زەبرو زەنگو زوڵمو زۆرەکانی خۆی سەری دەخۆن. لەم تراجیدیایەدا، زەبرو زەنگو ستەمکاری لە پاڵ ئەدەبیاتی شکۆداری مالرودا، شەپۆل دەدات.

تراجیدیایەکی دیکەی مارلو، جولەکەکەی ماڵتە(5) (1589)یە ئەمیش پڕە لە توندو تیژی. لەم تراجیدیایەدا، وێنەیەکی دراماتیکی لەمەڕ باراباسی جولەکەی دەوڵەمەند، دەگێرێت. ئەو کە سەرپێچی لە دانی باج بە حاکمی مەسیحی ماڵتە دەکات، بە نەهەق زوڵمی لێدەکریّ، و ژیانێکی توندوتیژ دەگرێتە بەر. کیژەکەی خۆیو دانشتووانی دێرێك دەکوژێت، و لەسەر توندوتیژی بەردەوام دەبێت. بەڵام سەرەنجام، بە خۆیشی بە شێوەیەکی دڵتەزێن لە مەنجەڵێك ئاوی لە کوڵدا دەمرێت.

باشترین شانۆنامەی مارلو بە ناوی دکتور فاستوس (1590)ـە، چیرۆکە بەناوبانگەکەی فاستوس دەگێڕێتەوە کە روحی خۆی لە بری بیستو چوار ساڵ ژیانی پڕ لە شکۆو دەسەڵات بە مفیستوفلس–ی شەیتان دەفرۆشێت. مارلۆ، لە کۆتایی شانۆنامەکەدا، لەویّ دا کە فاستوس بە نزیك بوونەوە لە مەرگ، ترس سەراپای دادەگرێت، بەرجەستەترین فەسڵی دراماتیك دەئافەرێنیّ.

شاکاری مارلو، ئیدواردی دووەم (1593)ـە، کە لە ژیانی ئیدواردی دووەمەوە، پاشای ئینگلستان هەڵێنجراوە. لەم شانۆنامەیەدا کە پلۆتێکی مامۆستایانەی هەیە، مارلو مامەڵەیەکی زیرەکانە ترو ئاقڵانیتری لەگەڵ لاوازی و سنووردارییەکانی بەشەردا کردووە.

__تۆماس کید:__

باشترین نموونەی تراجیدیای ناسراو بە "خوێنو تۆڵە"ی لە ژێر سەر ناڤی تراجیدیای ئەسپانیایی (1592)دا نووسی، لەم جۆرە تراجیدیانەدا، کە لەسەر بنەمای درامای سنکا رۆنرا بوون، خوێنو مردن نەخشو رۆڵێکی گەورەیان هەیە.

__ویلیام شەکسپیر__ (1564– 1616):

سوڵتانی شاعیرانو شانۆنامەنووسانی قەرنانو رۆژگاران لە خێزانێکی بازرگاندا لە شاری جوانی ستراتفورئون ئەڤون چاوی بە دنیا هەڵێناوە. زانیارییەکی ئەوتۆ لەمەڕ ژیانی وی لە دەست دا نییە. لە زاگەی خۆی چووەتە قوتابخانە، لاتینیو کەمێك یۆنانی فێر بووە، و رەنگە ماوەیەك کاری مامۆستایەتی کردبیّ. شەکسپیر لە هەژدە ساڵی دا (1582) لەگەڵ ئافرەتێکی هەشت ساڵ لە خۆی

گەورەتردا زەماوەندی کرد، و لە ساڵی 1585دا ئەشقی شانۆ بۆ لەندەنی بکێش کرد. لە ساڵی 1594دا پەیوەندی بە "گروپی ئەکتەرانی لۆرد چەمبرلن"ەوە کرد، کە بەناوبانگترین گروپی شانۆیی بوو. لە ساڵی 1597دا موڵکێکی فراوانی لە ستراتفورد کڕی، و لە ساڵی 1599دا بوو بە بەشدارێك لە تەمەشاخانەی تازە بونیادی گلوپ کە بنکەی گروپی لوردچەمبرلن بوو بەرەبەرە بوو بە ناودارترین شانۆی سەردەم، لەم شانۆیەدا بوو کە ژمارەیەك لە بەناوبانگترین دراماکانی ئەو نمایش کران، و بە دەرامەتی ئەو درامایانە سەروەتێکی پاشەکەوت کرد.

شەکسپیر لە ساڵی 1592دا لە بواری درامانووسی و ئەکتەریدا بەناوبانگ بوو. یەکەمێن بەرهەمی کە چاپ کران، بەیتەکانی: ڤینوس و ئەدۆنیس (1593)و دەستدرێژی بۆ سەر لوکرس (1594) بوو. شەکسپیر لەم زەمانەوە تا ساڵی 1613 کە لە ستراتفورد گۆشەگیر بوو، زنجیرە شانۆنامەیەکی نووسی کە بە گەورەترین درامایانی جیهان دەژمێردرێن.

وا دیارە هەوەڵین بەرهەمێن شەکسپیر هەندێ شانۆنامەی مێژوویی، وەك: هنری شەشەم (سێ بەش، 1590، 1592) بووە. شەکسپیر لە شانۆنامە مێژووییەکانی دواتری دا: ریچاردی سێیەم (1593)و ریچاردی دووەم (1595) لە هونەری خۆیدا دەگاتە باڵا دەستی.

یەکەمین تراجیدیای شەکسپیر، تیتوس ئەندرو نیکوس (1590- 1592) بوو، و یەکەمین تراجیدیا لە زنجیرە تراجیدیا گەورەکانی: رومیو جولیت (1596) بوو، پلۆتی رۆمیو جولیت عەشقێکی نایاب و خەمناك دەگێڕێتەوە، و لە سەرانسەری جیهاندا مەنشورە، لەم تراجیدیایەدا مەرگی جووتە ئاشق، کە لە دوو بنەماڵەی دژمنن، تەنیا رێگەی هەڵاتنە لە واقیع و هەڵوێستی بێ هومێدی وان.

یەکەمین کۆمیدیای شەکسپیر، کومیدیای هەڵەکان (دەوروبەری 1594) بوو. پلۆت و سکێچی ئەم شانۆنامەیە بە دەوری تەوەری لێکچوونی عەجیبی دوو کوڕی جمکانە لەگەڵ دوو خزمەتکاری جمکانەی ئەواندا، و ئەو هەڵانەی لەم لێکچوونەوە کەوتوونەتەوە، دەسوڕێتەوە. دوو کۆمیدیای دواتری شەکسپیر، دوو نەجیمزادەی ڤیرونا (دەوروبەری 1592)و رەنجی بێهودەی ڤیان (دەوروبەری 1594) بوون.

شەکسپیر لە ساڵی 1594ەوە تا کۆتایی سەدە درەوشاوترین کۆمیدیاکانی دەنووسێت: رامکردنی ژنی سەرکێش (دەوروبەری 1594)، خەونی شەوی نیوەی هاوین (دەوروبەری 1595)، بازرگانی ڤینیس (1596)، هەر چۆنت بوێ (1599) هەرایەکی زۆر لەسەر هیچ (1599)، ژنانی شادی وینزور 01597- 1600)و شەوی دوانزەیەم (1599).

شەکسپیر باشترین شانۆنامە مێژووییەکانی: هنری چوارەم (دوو بەشە، 1597- 1598)، هنری پێنجەم (1598)و ریچاردی دووەم (1595)ش لە فاسیلەی ساڵی 1594ەوە تا کۆتایی سەدە دەنووسێت. شەکسپیر لە هنری چوارەمدا، کاراکتەری دێوئاسای کۆمیدی، واتە سێرجۆن فالستاف-ی بەخەڵکی دنیا ناساند، ئەم کاراکتەرە تەمەڵە فشەکەرە، کە لە کومیدیای ژنانی شادی وینزورشدا دەردەکەوێت، بە بەناوبانگترین سیمای کۆمیدی لە ئەدەبیاتی دراماتیکی دا دەژمێردرێ.

قۆناغی داهێنانی تراجیدیا گەورەکانی شەکسپیر بە یولیوس قەیسەر (1599– 1600) دەست پێدەکات، ئەم تراجیدیایە، کە یەکێکە لە باشترین شانۆنامەکانی شەکسپیر، پیلان دژی یولیوس قەیسەر، کوشتنی یولیوس قەیسەر، وشکستی پیلانگێڕەکان لە ڕێگەی مارك ئانتونیی سەرداری رومییەوە وێنە دەگرێت. قارەمانی سەرەکی تراجیدیاکە بروتوس–ە کە لە پیلانی کوشتنی تزاردا دەست لەگەڵ پیلانگێڕەکان تێکەڵ دەکات. بە هەر حاڵ، شەکسپیر لە ماوەی ساڵانی 1600– 1609دا مەنشورترین تراجیدیاکانی دەنووسێت:

**هاملیت (دەوروبەری 1601):**

بەناوبانگترین شانۆنامەی شەکسپیرە و یەکێکە لە جوانترین دراماکانی ئەدەبیاتی جیهان، هاملێتی شازادەی دانیمارك، پاش مردنی بابی خاوەن تاجی، گیرۆدەی جۆرە ماخۆلیایەك دەبێ، پێی وایە کە مامی، کلاودیوس، کە لەگەڵ دایکیدا زەماوەندی کردووە، بووە بە پاشا، بکوژی باوکیەتی. تاپۆی بابی هاملێتیش دێتە بەرچاوی و کلاودیوس بە بکوژی خۆی دەزانێ. هاملێت دەکەوێتە بیری تۆڵەوە. بەڵام دەکەوێتە قوڵایی بیرکردنەوەو دووچاری دوو دڵییەکی کوشندە دەبێت. زۆر بیر دەکاتەوە بەڵام ناتوانێ دەست بە کار بێ، رازی گەورەیی شانۆنامەکەش لە تەبیعەتی غەریب و هزرڤانانەی ئەودا پەنهانە، کە پتر تەبیعەتی فەلسەفی و چەندو چوونی هەیە تا جۆش و خرۆشی جۆڵەو چالاکی.

**ئوتیللو (دەوروبەری 1604):**

وەکو تراجیدیای هاملیت، شیکردنەوەیەکی قوڵی روحی مرۆڤە. ئەم شانۆنامەیە چیرۆکی ئوتیللوی زەنگی مەغریبی، فەرماندەی دلاوەری قۆشەنی فینیس لە قوبرس، و دزەدەمۆنای هاوسەری جوانی دەگێڕێتەوە، ئوتیللو، پلەی کاسیو–ی عەسکەریی فلورانسی بەرز دەکاتەوەو بەبێ ئەوەی بزانێ دژمنایەتی و حەسوودی یاگۆ–ی سەربازی پیرو شەڕەنگێز دەوروژێنێ. یاگو بە درۆ هەواڵ دەگەیەنێتە ئوتیللو کە کاسیو و دزدەمونا پەیوەندی دڵداریان لە نێواندایە. ئوتیللو کە باوەڕ بەم قسەیە دەکات، دز دەمونا دەکوژێت. ئوتیللو کاتێ کە پەی بە هەڵە سامناکەکەی خۆی دەبات، داوا دەکات کە وەکو پیاوێك کە "نەك ئاقڵ، بەڵکو زۆر ئاشق بوو" یاد بکرێتەوەو خۆی دەکوژێت.

**شالیر (دەوروبەری 1606):**

شەکسپیر لەم دراما یەدا کە هەندێ بە گەورەترین تراجیدیای ئەوی دەزانن، دەست دەگەیەنێتە قوڵایی روحی بەشەر.

لیر– شای پیرو ماندووی بەریتانیا، کە شەیدای ستایشی درۆنیەیە، قەڵەمڕەی سەڵتەنەتەکەی بە دوو کیژە شەڕانی و زمانلووسەکانی خۆی دەبەخشێت، و ئەم دوو کچەی ئەو لە وڵات و لانەی خۆی وەدەر دەنەن.

**مەکبت** (1606):

کورتترین شانۆنامەی شەکسپیرە، و خوێندنەوەیەکی قوڵە دەربارەی ترس. قارەمانی سەرەکی دراماکە، مەکبسە کە سێ ژنی سیحربازی رازئامێز پێشبینیان کردووە کە لە ئایندەدا دەبێت بە شای ئوسکاتلاند. و مەکبس لێدەبڕێ تا بە کۆمەکی چارەنووس دەسەڵاتی پاشایەتی بە دەست بێنێ. بە هاوکاری هاوسەرەکی نامەردانە پاشا دەکوژێت، بەڵام رەنگی خوێنەکە بە هیچ شێوەیەك لە دەستی ئەو و ژنەکەی نابێتەوە، و سەرەنجام ئەم خوێنە یەخەی ئەم دووانە دەگرێت.

**ئانتونی وکلیوپاترا** (دەوروبەری 1607):

تراجیدیایەکی گەورەی دیکەی شەکسپیرە، بە دەوری تەوەری ڤیانی ئانتونیی سەرداری رومی و کلیوپاترای مەلیکەی میسردا دەسوڕێتەوە..

**کوریولانوس** (دەوروبەری 1608):

بابەتی ئەم تراجیدیایە، ژیان و مردنی کایوس مارسیوس کوریولانوس-ی فەرمانەدەی لە خۆبایی رومییە کە ئاقیبەت بە هۆی غروری خۆیەوە تیا دەچێت.

**کوریولانوس و تیمونی ئایتنی** (دەوروبەری 1608):

بە دوا تراجیدیای شەکسپیر دەژمێردرێ.

هەندێ لەو شانۆنامانەی دیکەی شەکسپیر کە لە فاسیلەی ساڵانی 1600- 1609دا نووسراون بریتیین لە: شانۆنامەی تەوسئامێزی: ترویلوس و کرسیدا (دەوروبەری 1601)و "دوو کۆمیدیای رەش" بە ناونیشانی: ئەو شتە خۆشە کە کۆتاییەکەی خۆش بێ (1602)و پاداشتی کەستەك هاوێژ بەردە (دەوروبەری 1604).

دوایەمین شانۆنامانی شەکسپیر دوو کۆمیدیای رۆمانسی و دڵگیرن کە چیرۆکی زستان (1611)و تۆفان (دەوروبەری 1612)یان ناوە، کە تۆفان (گەرداو) لە راستیدا دوا شانۆنامەیەتی. شەکسپیر بەو سی و هەشت شانۆنامەیەی کە لەبەر رۆشنایی بلیمەتی سەیری خۆیدا نووسیونی، وەکو گەورەترین درامانووسی جیهانی شۆڕەتی هەمیشەیی بەدەست هێنا. زێدەباری ئەمەش، شیعرە گەرم و پڕ هەستەکانی دراماکانی، لە ریزی جوانترین هۆنراوانی زمانی ئینگلیزی دا دادەنرێن ئەسڵەن شەکسپیر یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی لیریکی.

سوناتەکانی شەکسپیر (هەمووی سەدو پەنجا و چوار سوناتەن، 1609)، کە لە ساڵانی 1593-1601دا هۆنراوەنەتەوە، لە جۆری خۆیاندا، لە جوانترین سوناتانی جیهانن، تایبەتمەندی سەرەکی ئەم سوناتانە، کە رەنگدانەوەی زەوقی موجیزە ئاسای مۆسیقی شەکسپیرن، توانای دەربڕینی هزری نایابە لەگەڵ هەستی ناسك و قوڵی هاوخەمیدا.

شەکسپیر سیمای تەواوی مرۆڤپەروەری ڕێنیسانسە. هاودەردی قوڵی لەگەڵ مرۆڤایەتی دا، ئەوی تا قوڵایی روحی کەسایەتی دراماکانی بردووە، و بەهرەو توانای بێ وێنەی لە شیعردا، نەمری بە ژنان و پیاوانی شانۆنامەکانی بەخشیوە.

بن جونسون (1573– 1637):

لە دوای شەکسپیر، سیمای پرشنگداری درامای ئینگلیستان بوو، بە هەتیوی هاتە دنیاوە، و لە ماڵی زڕ بابە هەژارەکەی کە بەننا بوو پەروەردە بوو. لە قوتابخانەی وست مینستەر خوێندی، و ماوەیەکیش خەریکی بەننایی بوو. پاشان ماوەیەکی لە هۆڵەندا بە سەربازی بردە سەرو لە ساڵی 1597 دا وەکو ئەکتەرو شانۆنامەنووس لە لەندەن چووە دنیای شانۆ. جونسون لە ساڵی 1598دا یەکێك لە ئەکتەرانی هاوکاری خۆی لە دوئیل دا کوشت، و بە تاوانی کوشتنی نا مەبەست کەوتە زیندان، بەڵام سەرەنجام لە سزا خەلەسی و ئازادی بەدەست هێنایەوە.

جونسون کە یەکێك بوو لە ئاقڵترین خەڵکی زەمانەو شارەزای بەرهەمێن کلاسیك بوو، بووە مایەی سەرنجی جیمزی یەکەم و ڕێی کەوتە دەربار. لە ساڵی 1621دابوو بە مامۆستای شانۆنامەکانی دەربار. لەم ساڵانەدا لە هەڕەتی ناوبانگ و ئیحتوباردا بوو. بەڵام لە ساڵی 1623دا کتێبخانە گەورەکەی سووتا، و سەلامەتی خۆی لە دەست داو، هەمدیس دووچاری دەستکورتی بوو.

جونسون نزیکەی بیست شانۆنامەی بە تەنیا و چەند دانەیەکیشی بە هاوکاری درامانووسانی دیکە نووسی. یەکەمین شانۆنامەی ، کۆمیدیای هەر کەسە و بەپێ حاڵی خۆی (1598 ) بوو، کە شەکسپیر دەوری تیا بینی. دووەمین کاریشی کۆمیدیای هەر کەسەو لە دەرێی حاڵی خۆی (1599) بوو کە لە شانۆی گلوب دا نمایش کرا. لەم دوو شانۆنامەیەدا، کە توانای تەوسنووسی و ریالستی

جۆنسون ئاشکرا دەکەن، قارەمانانی شانۆنامە هەریەکەیان خوو خەسێتی تایبەتی خۆیان هەیە، جۆنسون لە کاراکتەرسازی دا هیچ کاتێك مرۆڤێکی تەواوو پوختە بەرجەستە ناکات، بەڵکو بە ئانقەست یەك سوخەتی دیار بەزەقی نیشان دەدات. بۆیە، قارەمانانی کومیدیاکانی (بابی توڕە، مێردی دڵپیس، بە شەری فیشاڵباز) زیاتر شێوەی کاریکاتور وەردەگرن تا کاراکتەر و قارەمان.

جونسون پێنج کۆمیدیای دیکەشی نووسیوە: ڤولپن (1607 ) ، کومیدیایەکی تانە ئامێزە، ژنی بێدەنگ (1610 ) کە فارسێکی سادە، کیمیاگەر (1610 ) کومیدیایەکی هاڕوژێنەرە کە دەستی دەغەڵبازان دەخاتە روو، بازاڕی مەکارەی بارتولومیو (1614) کۆمیدیایەکی قەرەبالغ و خۆشە کە لەوێدا پیرایشگەران، سۆزانیان، خەڵکانی بێ سەروبەر، گیرفانبڕان، فرۆشیاران، بەرەڵڵایان، ریفۆرم خوازان لەگەڵ یەکدا دەژین، هەندێ جاریش قەرقەشەو ململانێ دەکەن. و شەیتان کەرێکە (1616) کە دوا کۆمیدیای جۆنسونە. لەم کۆمیدیایانەدا تەماعکاران و ریاکاران، چەوسێنەران و ساویلکان، شەڕەنگێزو گەوجان، بەر تەوس و توانجان دەدرێن، و خوو خەسێتی دەستە جۆراوجۆرەکانی ئینگلستانی سەردەم نمایش دەکرێ. شۆرەتی جۆنسون زیاتر بەندە بەم کۆمیدیانەوە، بەڵام تراجیدیاکانیشی کەم و زۆر پەسند کراون.

یەکەمین تراجیدیای کلاسیکی جۆنسون، کەوتنی سیانووس (1603)، و دووەمینی: کاتیلین (1611) بوو. ئەم دوو تراجیدیایە کە پڕن لە ئاماژەێن مێژوویی بۆ رومی کۆن، جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕی و زندوویەتی کۆمیدیاکانی جۆنسون-یان نییە، قوڵی کاراکتەرسازی و دیدی سایکولۆژی پێویستیان بۆ تراجیدیا، تێدا نییە. بە هەر حاڵ ئەم دوو تراجیدیایە لەسەر بناغەی نموونانی کلاسیك رۆنراون.

جۆنسون داهێنەری زنجیرەیەك شانۆنامەی ماسکیش بوو، کە لە ساڵی 1605 بە دواوە بۆ نمایش کردن لە دەربار‌دا نووسینی. ئەم شانۆنامە کورتانە کە بە دەوری تەوەری چیرۆکانی ئەفسانەیی دا دەسوڕانەوە، بە سەماو ئاوازو مۆسیقاوە بوون.

جۆنسون مامۆستای ئەدەبیاتی کلاسیك بوو و نووسەرانی رومی کردبوو بەسەر مەشقی خۆی، هۆمانیستێك بوو کە سەلاری و زەبت و رەبتی بەرهەمی کلاسیکی، لە قاڵبی ئەدەبی ئینگلیزی دا، و مامۆستایەکی ئەخلاق بوو کە درامای کرد بە ئەوزاری فێرکردن و رەخنە.

<u>پەراوێز:</u>

1- خواوەندانی زەوقی زانکۆیی: UNIVER SITYWITS:

ناوی گروپێك لە نووسەرانی لاوی ئینگلیزی سالآنی ئاخرو ئۆخری سەدەی پانزەیەم بوو، کە هەموویان دەرچووی ئوکسفورد یا کمبریج بوون و لە لەندەن زیاتر وتارو درامایان دەنووسی. ئەمانە لە پەرەسەندنی تەنز، تراژیدیای لە جۆری سنکایی و کۆمیدیای رۆمانتیك دا رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو. دیارترین ئەندامانی گروپەکە، کریستوفر مالرو، تۆماس ناش، و روبرت گرین بوون.

2- یوفیوئیزم- EUPHUEISM:

شێوازێکی پەخشانی پڕ ئاو و تاوو بە ئاهەنگ و دەستکردو پڕ لە سنعەتی جوانکاری و مەجازو خوازەی زمانەوانییە.

3- روجەر بیکون (1214- 1294): فەیلەسوف و زانایەکی ئینگلیزی بوو.

4- تۆماس بانگی (سەدەی سیانزەیەمی زایینی): سیحربازو پێشبینی بێژێگی مەنشور بوو کە بەسەرهاتی ئاوێتەی ئەفسانە بووە.

5- جولەکەکەی ماڵتە: نووسینی کریستوفر مالرۆیە، کاتی خۆی لەلایەن حەمە کەریم عارف-ەوە کراوە بە کوردی و لەلایەن تیپی نواندنی سلێمانییەوە نمایش کراو کاك فازڵ قەساب دەری هێنا بوو.

((9))

# سەدەی هەڤدەیەم

(1700 -1625)

## سەرەتایەکی مێژوویی:

ناکۆکی پەیوەندییەکانی شاو پەرلەمان لە زەمانی چارلزی یەکەمدا (پاشایەتی 1625– 1649)، و جێنیشینی جیمزی یەکەم گەییە لوتکە، چارلز لە ساڵی 1629دا پارلەمانی راگرت و دکتاتۆرانە حوکمی وڵاتی کرد. لەم قۆناغەدا تاقیب و ئازاری پیرایشگەران توند بوو و تاقیق و پرس و جۆ بە ئاگرو ئاسنی سوورەوەکراوو بڕینی گوێچکەو کەپوو بوو بە باو. سەرەنجام، چارلز کە رووبەڕووی شۆڕشی سکۆتلاند، بارودۆخی خراپی دارایی، و هاواری ناڕەزایی خەڵك بوو بووەوە، ناچار بوو رێگە بە چالاکی پارلەمان بداتەوە (1640)، بەڵام ناکۆکی لەسەر مەسەلە ئابوری و رامیاری و

مەزەبیـەکان، نـاکۆکی پەیوەندییـەکانی پارلـەمان و شـای گەیانـدە ئەوپـەڕی، و چـارلز لـە سـاڵی 1642دا جەنگی لەگەڵ پارلەماندا ڕاگەیاند.
شەڕی ناوخۆی ئینگلستان لە دوو قۆناغ دا دەستی پێکرد. لـە قۆنـاغی یەکەمـدا (1642– 1646) شەڕ لە نێوان لایەنگرانی شاو پارلەماندا هەڵگیرسا، ئەشراف و لایـەنگرانی کڵێسـای ئینگلسـتان لـە پشتی شا بوون، و چینی مامناوەندی خەڵك و پر سبیترینەکان پشتیوانیان لە پارلەمان دەکرد. ئـەم قۆناغە بەسەرکەوتنی پارلەمان کۆتایی هات. لە قۆنـاغی دووەمـدا (1648– 1652) شـەڕ لـە نێـوان شاو سوپای پارلەماندا هەڵگیرسا. لەم قۆناغەدا پارتی خۆیبوون بەسەرکردایەتی ئولیڤەر کرومویل (1599– 1658)، پشتیوانی پەرلەمان بوو، هێـزی سـەرەکی ئـەم پارتـە لەپیرایشـگەران و نـەیارانی کڵێسای فەرمی ئینگستان پێك دەهات. کرومویل بەهێزی سەربازانی خۆڕاگرو تێکۆشەری خۆی لە چەند شەڕێکا لە سوپای شای دا. سەرەنجام، لـە سـاڵی 1649دا چـارلز بـە تـاوانی خیانـەت ئیعـدام کرا، و لە ئینگلستان حکومەتی کۆماری ڕاگەیەنرا کە بە دەستی پەرلەمان بەڕێوە دەبرا. لـەم وەزع و حاڵەدا، کرومویل، کەوتە بیری لێدانی ئێرلەندا، سوپای کرومویل، دەستی دایـە هۆڤیگەرییـەکی بـێ وێنـە، و زۆر دەڤـەری ئـاوەدانی ئـاور تـێ بـەردا. ئێرلەنـدا قارەمانانـە شـەڕی کـرد، بـەلام لـە سـاڵی 1653دا ناچـار تەسـلیم بـوو. کرومیـل دوای ئێرلەنـدا، ڕووی کـردە ئوسـکاتلاند، لـە مـاوەی چـەند شەڕێك دا سوپای چارلزی دووەم، پاشای سکوتلاندی تێك شکاندو ئەم دەڤەرەی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە. سەرەنجام لە ساڵی 1654دا ئینگلستان و سکوتلاندو ئێرلەندا لە سایەی یـەك حکومـەتدا گیرسانەوە.
سەرکەوتنەکانی کرومویل لە مەیدانی سوپایی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوە، پایەکانی حکومـەتی کۆماری مکوم کرد. لە ساڵی 1652دا خودی کرومویل بە "لۆردی پـاریزەر"ی کۆمـاری ئینگلسـتان بـە درێـژایی تەمـەن هەڵبـژێردراو حکومـەتی دکتاتۆرانـەی خـۆی لەسـایەی ئـەم عینوانـە دا دەسـت پێکـرد. لـە قۆنـاغی دکتاتۆریـەتی کرومویـل دا (1652– 1658) ئینگلسـتان هێـزو دەسـەلاتێکی نێونەتـەوەیی کـەم وێنـەی بـە دەسـت هێنـا. کرومویـل لـە سـاڵی 1658دا لـە هـەرەتی دەسـەلات و بـە هێـزی دا مـرد. لـە سـالی 1660دا چـارلزی دووەم سـتورات (کـوڕی شـای ئیعـدام کـراو) بـە ڕەئـی پەرلەمان بە شای ئینگلستان دانرا، و دەستووری کۆن زندوو کرایەوە. لە مێژووی ئینگلستاندا ئەم سـەقامگیر بوونـەوە تازەیـەی شـا بـە "قۆنـاغی گەڕانـەوە" بـەناوبانگ بـووە، سیاسـەتی نـاوخۆو دەرەوەی چـارلز، و هـەوڵی ئـەو لـەپێناوی سـەقامگیری دکتاتۆریەتـدا ناڕەزاییـەکی تونـدی هێنایـە ئـاراوە. لـە میانـەی شـەڕی چـارلزو پارلەمانـدا دوو پـارتی تـوری و ویـگ دامـەزران، زەویـدارانی لایەنگری پاشایەتی موتڵـەق (دکتـاتوری) لـە پـارتی تـوری دا خـڕ بوونـەوەو، بۆرژوایـانی لایـەنگری دەسەلاتی پەرلەمان لە پارتی ویگ دا. پاش مردنی چارلزی دووەم (1685)، برایە کەللە ڕەقەکەی، واتـە جیمـزی دووەم (پاشـایەتی 1685– 1688) هاتـە سـەر حـوکم، ئـەو بـێ باکانـە لـە پێنـاوی سەقامگیری دووبارەی دکتاتۆریەت و ئاینی کاتولیك لە ئینگستان دا هەنگاوی نا، لەلایەکی دییـەوە جیمز بە ئاشکرا پەیرەوی لە ئاینی کاتولیك دەکرد، و بە لە دایك بوونی کوڕەکەی ترسی ئەوە پەیدا بوو کە سەڵتەنەت بکەوێتە دەستی کەسێکی کاتولیك. بۆیە، توری و ویگـەکان یـەکیان گـرت و دوای

شۆڕشـێکی بـێ خوێنڕێـژی جیمزیـان لابـرد، ویلیـام ئـورانج (ویلیـامی سـێیەم)و مـاری (کیـژە پروتستانەکەی جیمز) یان بە شەریکی گەیاندە دەسەلاتی پاشایەتی. ویلیام و ماری (1689–1702) بەیاننامەیەکی مافیان کە پەرلەمان پەسندی کردبوو، بە رەسمیەت ناسی، و بەمجۆرە بالا دەستی حکومەتی پارلەمانی "بەسەر ماف خوایی" پاشادا هاتە دی. رووداوەکانی سالانی 1688–1689، کە بووە مایەی لاچوونی جیمز، و هاتنە سەر کاری ویلیام و ماری، بە "شۆڕشی شکۆدار" ناسراوە.

## نۆڕینێکی گشتی:

پیرایشگەران و لایـەنگرانی شـا نـەك هـەر لـە سیاسـەت و ئاینـدا دژمـنی یەکـدی بـوون، بـەڵکو لـە ئەدەبیاتیشـدا زۆر لێکـدی دوور بـوون. پیرایشـگەران هـەر هـەموو کەلـەپووری هونـەریان بەدڵخۆشـکەرەی دنیـا پەرسـتان دەزانـی، و ئەشـراف و لایـەنگرانی شـاش بـە چـاوی سـووك دەیانڕوانییـە بێزەوقـی پرایشـگەران. درامـا کـە لـە سـەردەمی ئیلیزابـت دا، بـە هـەموو جـوانی و دەوڵەمەندییەکی شاعیرانەیەوە هونەرێك بوو هەم بۆ خەڵکی و هەم بۆ ئەشراف دەربار، لە سەردەمی جیمزی یەکەم و چارلزی یەکەمدا بونیادێکی پوختەترو تۆنێکی ئەخلاقی سست تری پەیدا کردو بوو بە مایەی سەرگەرمی ئەشراف. ئەم جۆرە درامایە بە توندی کەوتە بەر هێرشی پیرایشگەران، و ئاقیبەتیش لە ساڵی 1642دا بە قەراری پەرلەمان دەرگاکانی شانۆ داخران.

لـە سـەردەمی گەڕانـەوەی خانـەدانی سـتوارت دا گۆڕانکارییـەك لـە درامـا و شـانۆدا دروسـت بـوو. شانۆیانی لاکێشەیی و سەرگیراو بیناکران، و روناکی و ئارایشـتی دیمـەن بـوو بە بـاو. بـۆ یەکـەمین جـار ژنـان لـە جیـاتی نـەولاوان، نمایشـی رۆڵـی ژنانـەیان لـە ئەسـتۆ گـرت. لـەم قۆناغـەدا دوو جـۆرە درامـا، تراجیـدیای قارەمـانی و کۆمیـدیای رەفتـاران، گەشـەیان کـرد. تراجیـدیای قارەمـانی بـە دڵ و زەوقی ئەشراف و دەرباریان بوو، کۆمیدیای رەفتاران هەرزەیی و گەندەڵی تەلارە ئەدەبییەکانیان بە زمانێکی زندوو دەردەبڕی. یەکێك لە تایبەتیمەندییەکانی دیکەی درامای ئەم ساڵانە پەرەسـەندن و خــەملینی کاراکتــەران، بــە تایبــەتی لــە کۆمیــدیای رەفتارانــدا، بــوو. باشــترین نموونــەی ئــەم پەرەسەندنی کاراکتەرە لە کارەکانی درایدن دا دەردەکەوێ.

لە هۆزانی لیریکی دا، لـە سـەرەتاکانی قۆنـاغی خانـەدانی سـتوارت دا دوو شـاعیری بەرجەسـتە، بـن جونسون و جون دان دەرکەوتن. هەندێ شاعیرو نووسەران لە دەوری بـن جونسـون خـڕ بوونـەوە کـە بە شانازییەوە خۆیان بە "کوڕانی بن" ناو دەبرد. گەورەترین ئـەم موریدانـە، روبـرت هریـك بـوو، کـە وەکو مامۆستاکەی لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی لاتینی دا بوو.

روبرت یەکێك بوو لە دیارترین سیماکانی گرووپی شاعیرانی لیریکی وابەستە بە دەرباری چارلزی یەکەم، کە بە شاعیرانی کاڤالیر (سوارچاکی) ناویـان دەرکـردووە. شـۆرەتی ئـەم شاعیرانە پـتر بـە شـیعرە ناسـکە لیریکـی و دڵدارییەکانیانەوەیـە کـە دەربـڕی ژیـان و کـەلتووری چـینی ئەشـراف ئینگلستانی ئەو سەردەمەیە.

جـون دان، شـاعيرێکی دیکـەی ئـەو سـەردەمەیە، کاریگـەرییـەکی سـەیری بەسـەر نـەوەی خۆیـەوە هەبوو. تایبەتمەندییـە سـەرەکییەکانی شیعری پـەیڕەوانی ئـەم قوتابخانـەیـە بریتییـە لـە: ئـاڵۆزی و چڕی لە رادەبەدەری مانایانو واتاناسی، ئاڵۆزی خواستنو هێمایان، غەریبی پێکهاتەکان، و جۆرە وێنەسازییەکی نا ئاسایی کە لـە فەلسـەفە، مـەزەبو خواناسـی، هونـەر، زانسـت، و ژیـانی رۆژانـەی ئەو سەردەمەوە هەوێنی وەرگرتووە.

پەخشانی خانەدانی ستوارت لە باری جوانییەوە بەپێی هۆزانی لیریکیدا ناگات. زۆربـەی بەرهـەمی مەزەبی عالمانەو جەدەلی ئەم قۆناغە تەقریبەن مردوو و مەسخ بوون، بەڵام وەعزەکانی ژمارەیەك لـە زانایـانی ئەنـدامی کڵێسـای ئینگلسـتان، وەکـو جـون دون، لانسـلوت و جرمـی تیلـور، لـە روانگـەی هەندێ شارەزایانی ئەمڕۆوە جوان و شایەنی بایەخ و سەرنجن.

لـەم سـەردەمەدا، فـۆرم و قـاڵبێکی تـازەی پەخشـان بـەناوی کەسـایەتی پـەروەری، بەچـاولێکەری و لاسایی کردنەوەی نووسەری یۆنانی تیوفراستوس، بوو بەباو. ئەم قاڵبە رێگەی بۆ گوتارو رۆمـانی سـەدەی هەژدەیـەم خۆشـکرد. ئەسـڵەن ((کەسـایەتی)) هەنـدێ کورتـە نووسـین بـوون دەربـارەی نیشاندانی چاکە یان خراپەی نموونـەو دەسـتە تایبەتیـەکاتی کۆمەڵگـە. پـەیڕەوانی ئـەم رێبـازە یـا قوتابخانەیە زیاتر وەسفی دەستە جۆراو جۆرەکان، نەك تاکـەکانی سـەردەمیان بەشـێوەی وەسـفی، شـیکاریی، یـان تـەنز دەنووسـی. لـەنێو باشـترین کەسـایەتی نووسـانی سـەردەم دا دەشـێت نـاوی جوزف هال و سیرتوماس ئوربری ببرێت.

پێشـڕەوانی کەسـایەتی پـەروەری زەمینـەیان بـۆ هونـەری ئـاڵۆزی کاراکتەرسـازی لـە رۆمانـدا خۆشکرد.

خۆلاسـەی کـەلام، پێشـکەوتنی زانسـتان لـە سـەدەی هەڤدەیەمـدا، مرۆڤـی وا لێکـرد زیـاتر دڵبەنـدی واقیـع و روداوان بـن تـا داهێنـانی خـەیاڵی و وەهمـی. ئـەم دڵبەندییـە بـە واقیـع و ئەقڵیشـەوە، کاریگەرییەکەی بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبیاتی قۆناغی گەڕانەوەدا ئاشکرا دەبێت.

## هۆزانی کاڤالیران و پیرایشگەران

(تێبینـی: پیرایشـگەران، ئەنـدامانی ڕاپـەڕینێکی ریفـۆرمی ئـاینی مەسـیحی بـوون لـە ئینگلسـتان و ئەمریکای سەدەی 16و 17)

<u>جون دون (1573– 1631):</u>

یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی ئینگلستان، و یەکەمینو گـەورەترین شـاعیری میتـافیزیقی ئـەم سـەر زەمینـەیـە. بـە کـاتولیکی لـە دایـك بـوو، خواناسـیو مـاف خوێنـد، و لـە سـاڵی 1614 پەیوەنـدی بـە

کڵێسای ڕەسمی ئینگلستانەوە کرد. لە ساڵی 1615دا گەییە پایەی کەشیشی، و لە ساڵی 1621بوو بە سەرۆکی کڵێسای گەورەی سەنت پل. دون لە ژیانا وەکو گەورەترین ڕۆحانی سەردەم و کاریگەرترین واعیزی ڕۆژ ناوبانگی دەرکرد. لە شعرە میتافیزیکەکانیا ئەقڵ و ئەشق ئاوێتەی یەکتر بوون.

باشترین هۆزانی دون بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبن: هۆزانی تەنزئامێزو ئاشقانەی سەردەمی لاوی، و هۆزانی مەزەبی سەردەمی پوختەیی و خەمڵین. لە دەستەی یەکەمدا، جۆرێك دنیا پەرستی و نا ئومێدی و بیقەراری شەپۆل دەدا. لە دەستەی دووەمدا ئارەزووی یەکێتیی لەگەڵ خوادا بە زەقی دێتە دەربڕین. دون ژمارەیەك شیوەننامەو پەخشاننامەی لە پاش بەجێماوە. هۆزانەکانی دون لە باری هێزی هزر، قوڵی زانست، توندی سۆزو جوانی وێنەوە مایەی سەرنج و دڵگیرن. هۆزانە دڵدارییەکانی ئەو لە رووی شیکردنەوەی وردی ماهیەت و سایکۆلۆژیای دڵدارییەوە، لاسایی کراونەتەوە.

زۆربەی شیعرەکانی دون لە دوای مردنی، لە ساڵی 1633دا بڵاوبوونەوەو کارێکی گەورەیان لەسەر نەوەی دواتر هەبوو.

**<u>جورج هربرت</u>** <u>(1593– 1633):</u>

لە موریدانی جون دونە لە شێوەی میتافیزیکی، و هەموو شیعرەکانی هەوێنی مەزەبیان هەیە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم شیعرانە سادەیی دەربڕین، دڵگیریی تۆنی دیالۆگی، و بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ڕەمزو فابیل لە مەیدانی وێنەگرتنی سرووتەکانی کڵێستا، مەزرا، و ڕووداوانی ژیانی ڕۆژانەدایە، دیوانەکەی هربرت بە ناوی پەرستگە، کە لە ساڵی 1633دا بڵاوبووەوە، یەجگار لەبەر دڵان بوو. هربرت بەدەربڕی خواناسی و دەنگی کڵێسای ئینگلستان دەزانن.

**<u>ریچارد کراشاو</u>** <u>(1612؟– 1649):</u>

فەرزەنی واعیزێکی پیرایشگەر بوو. لە کەمبریج خوێندویەتی، و لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوخۆدا بۆ ئەوروپا هەڵات. لە دەیەی سیدا چووە سەر مەزەبی کاتولیك، و لە پاریسەوە بۆ ڕوم کۆچی کرد.

باشترین کۆمەڵە شیعری کراشاو لە ساڵی 1646دا لە ژێر سەرناڤی: چەند هەنگاوێك بەرەو پەرستگە، لە پاریس بڵاوبووەوە. "دڵی بەگڕ" لاوانەوەیەکە بۆ سن تریزا، کە باسی پارێزکاری شاعیرە، باشترین و بەهێزترین شیعری ئەم کۆ شیعرەیە.

کراشاو نوێنەری دیاری شاعیرانی میتافیزیکی زەمانی خۆی بوو. بە شیعرە مەزەبییەکانی بە ناوبانگە، هەر چەندە شیعری ناسووتیشی گوتووە. ژمارەیەك شیعری بەزمانی لاتینیش هەیە.

**<u>هنری ڤان</u>** <u>(1622– 1695):</u>

لە ویلز هاتۆتە دنیا، ماوەیەك لە ئۆكسفورد خوێندی، و پاشان بۆ خوێندنی ماف بۆ لەندەن رۆیی. لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا بۆ زاگەی خۆی گەڕایەوە تا پزیشكی بخوێنێ. لەگەڵ كۆتایی شەڕدا، لە ویلزا بوو بە پزیشكی گوندو ژیانێكی هێمنی گرتەبەر.
كۆمەڵە شیعرێكی مەزەبی ڤان بە ناوی بەردە چەخماخی درەوشاوە (دوو بەشە، 1650– 1655) بڵاوبووەوە. لە موریدانی جۆرج هربرت بوو، و بە یەكێك لە دوایەمین شاعیرانی میتافیزیك دەژمێردرێ.

<u>روبرت هریك (1591– 1674):</u>
باشترین شاعیری لیریكی سەدەی هەڤدەیەمە لە پاش میلتن، ناوبانگی ئەویش بەندە بە شیعرە شوانكارەیی و شیعرە لیریكییە دڵدارییەكانیەوە، هریك وێڕای ئەوەی كە كەسێكی روحانی بوو، لەگەڵ شاعیرانی لەندەنی، "خواوەندانی زەوقی زانكۆیی"و شاعیرانی ناسراو بە "كوڕانی بن جونسون"دا پەیوەندی نزیكی هەبوو. هریك سەڵتەنەتخواز و ئەندامی دەستەی شاعیرانی كاڤالیرش بوو. ئەویش وەكو بن جونسونی مامۆستای لە ژێر كاریگەری شاعیرانی لاتینیدا بوو، و زۆر شەیدای گوند بوو. خەسڵەتی سەرەكی باشترین هۆزانی ئەو سادەیی، جۆرە ئەستاتیكایەكی گونجاو لەگەڵ حەنەكبازی و سفتی زمان، هەمە جۆری و زندوویەتی وێنە، و زاڵی بەسەر قاڵب و دەوڵەمەندی سۆزدایە. گەلێك لە شیعرە كورتەكانی وەك گۆرانی لیریكی بووەتە مایەی پەسندی كە یەكێك لەوانە شیعری "لە دەست نەدانی كات"ە، كە بە یەكێك لە بەناوبانگترین گۆرانیانی سەدەی هەڤدەیەم دەژمێردرێت. بە شێوەیەكی گشتی، هریك زیاتر دەربارەی داب و نەریتی گوندی و خورافات، گوڵان، پەریان، شەراب، شیعر، ماشوقەو دڵبەرانی خەیاڵی شیعر دەڵێت، بەڵام هەندێ شیعری ئاینی جوانیشی گوتووە كە لە تاقە كۆ شیعرەكەیدا بەناوی هسپردیز (1648) بڵاوبوونەتەوە.

<u>جۆرج ویتر (1588– 1667):</u>
لە ئوكسفورد خوێندویەتی و بە دانانی چەند شیننامە، تەنز، و شیعری شوانكارەیی دەستی پێكرد. بەرەبەرە زیاتر لەگەڵ پیرایشگەراندا بوو بە هاوبیر، و جگە لە ژمارەیەك سرودو پاڕانەوە، چەند كتێبێكی سیاسی و زمانەوانی نووسی. لە كاتی شۆڕشی پیرایشگەری دا لە خزمەتی سوپایی بوو، پاشان یەخسیری لایەنگرانی شا بوو، بەڵام بە زەحمەت هەڵات، ویتر بەبڵاوكردنەوەی هۆزانانی وەكو كۆ شیعری شوانكارەیی نەی شوان (1614)، فیدلیا (1615)، و كۆ شیعری نیشانانی كۆن و نوێ (1635) ناوبانگی دەركرد.

<u>ویلیام براون (1591– 1643):</u>
لەو شاعیرە شوانكارەیی بێژە بە دەسەڵاتانەیە كە كەم و زۆر كاریگەریی بەسەر میلتن و كیتسەوە هەبووە. براون، بە شیعرە لاوانەوەكانی خۆی وەكو "دوولاوانەوە– 1613"، دەربارەی مردنی

هنریی کوڕە گەورەی جیمزی یەکەم، و هۆزانە لیریکییەکانی ناوبانگی دەرکرد. ڕۆمانسە شیعرییەکەی، شوانکارەییەکانی بەریتانیای (1613)ناوە.

**تۆماس کرو** (1598– 1639):

دەرچووی هارڤەردە، و لە هەوەڵین شاعیرانی ناسراو بە کاڤالیر بوو، و وا دیارە باشترینیان بوو، ئەو کە بە یەکێك لەگروپی "فەرزەندانی بن جونسون" دەژمێردرا، بە هۆی شیعرە جوانە پڕ لە شادیو شۆخییەکانیەوە لە سەردەمی خۆیدا شۆرەتێکی پەیدا کرد بوو.

**ئیدمۆند والەر** (1606– 1687):

لە خێزانێکی سەڵتەنەتخواز چاوی بە دنیا هەڵێنا، بەڵام پاشان لایەنی شۆڕشگێڕەکانی بە فەرەماندەیی کرامول گرت. شۆرەتی والەر بەندە بە هەوڵو کۆششی ئەو لە واری سوود وەرگرتن لە فۆرمی شیعری داستانی، کە دوای ئەو بە جۆرێکی بەربلاو باوی سەند. والەر شیعرە بەناوبانگەکەی "هەلاتنی خاوەنشکۆ" (1625) لە هەمان قاڵب دا گوتووە.

**سیرجان ساکلینگ** (1609– 1642):

لە کەمبریج خوێندوویەتی، پاشان بۆ ئەوروپا ڕۆیی، و کە بۆ ئینگلستان گەڕایەوە گیرۆدەی قومار بوو. لە دەستەی شاعیرانی کاڤالیرو دەرباری بوو. هۆزانەکانی لێوان لێون لە حەنەك، شادیو موبالەغە، کۆی هۆزان و نامەو نووسراوەکانی لە دوای مردنی، لە ساڵی 1646دا بلاّوبووەوە.

**ریچارد لوڤلیس** (1618– 1657):

دەرچووی ئوکسفوردو یەك لە جوانترین پیاوانی ڕۆژگاری خۆی بووە. لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا دوو جار لەلایەن پارلەمانەوە زندانی کرا. لوڤلیس بە جدیترین شاعیرانی کاڤالیر دەژمێردرێت. گرنگترین کۆ شیعری لوکاسترا (1649)ی ناوە.

**ئەبراهام کاولی** (1618– 1667):

لە شاعیرانی کاڤالیر بوو کە لە کەمبریج دەرکراو چوو بۆ ئۆکسفورد. یەکێك بوو لە دوایەمین و توندڕەوترین شاعیرانی میتافیزیك، کە لە پانزە ساڵیدا دیوانێکی بەناوی: شکۆفەکانی ڤیان (1633) بلاّوکردەوە. بەرهەمی دواتری کاولی کۆمیدیایەکی شوانکارەیی بوو بە نێوی: مەتەڵی ڤیان (1638). ئەمڕۆکە شۆرەتی کاولی پتر بە کتێبەکانییەوەیە.

**ئەندرو مارڤل** (1621– 1678):

لە کەمبریج خوێندوویەتی و لە ساڵی 1659دا بەنوێنەری پارلەمان هەڵبژێردرا. شۆرەتی مارڤل زیاتر بە هۆی شیعرە لیریکییەکانی سەرەتایەوەیە وەك: "بۆ ماشوقەکەی شرمرو" کە بە یەکێك لە

باشترین هۆزانی لیریکی و دڵداری لە زمانی ئینگلیزیدا، دەژمێردرێ. لە شیعرە لیریکییە بەناوبانگەکانی دیکەی مارڤل، "باغ"و "پێناسەی ڤیان" ناویان دەرکردووە. بە هەر حاڵ، مارڤل لە دەستەی شاعیرانی میتافیزیك بوو، و شیعرەکانی پتر لە ژیانی خودی خۆیەوە هەڵدەقولاَن.

<u>جون میلتون (1608– 1674):</u>

بە شێوەیەکی گشتی میلتون بە گەورەترین شاعیری ئینگلیزی لە دوای شەکسپیر، دەزانن، شاعیرێکە کە هەموو شتێکی –کرداری، کەسایەتی، بیرکردنەوەکانی و بەرهەمەکانی– قارەمانانە دەنوێنێ. لە لەندەن هاتە دنیاوە. دایکی ژنێکی چاکەکار بوو، و بابی ئاهەنگسازێکی بە ئیحتوبار. خێزانی رۆشنبیرو دەوڵەمەندی ئەو بە پیرایشگەرانی بە هەڵوێست و نەگۆر دەناسرا. میلتون هەوەڵجار لە قوتابخانەی سەنت پل خوێندی، و پاشان چووە کرایست کولیج کەمبریج (1625)، پاش تەواوکردنی خوێندنی زانستگە لە ساڵی 1632، چوو بۆ هورتن (نزیکی لەندەن) و تا ساڵی 1638 لە ماڵە باوانەکەیدا کەوتە خوێندنەوەیەکی زۆرو زانیارییەکی زۆری بە دەست هێنا. لەوێدا بەرەبەرە بلیمەتی شکۆفەی کرد. ئەوجا دوو ساڵێك لە ئەوروپادا کەوتە گەشت و گەڕان. لەم قۆناغەدا هەندێك لە پرشنگدارترین بەرهەمەکانی هۆنییەوە:

<u>"ئیل پنسروسو– 1632"</u>: بە مانای پیاوی هزرڤان، و "لالرگو– 1632" بە مانای پیاوی خۆشحاڵ... بە دوو شاکاری میلتون دەژمێردرێن. ئەم دوو هۆزانە ئەزموونی بیست و چوار سەعات لە ژیانی روحی شاعیر دەگێڕنەوە. لالرگو، لە سپێدەدا دەست پێدەکات و لەگەڵ خۆرئاوادا کۆتایی دێت. لێرەدا شاعیر لە وەرزی پاییزدا بە رۆژەوە موتاڵا دەکات و بەشەو لە کڵێسایەکی گەورەدا گوێ لە ئاوازێکی شکۆداری مۆسیقا دەگرێت. ئیل پنسروسو، لەگەڵ تاریکی شەودا دەست پێدەکات و لەگەڵ بەرەبەیاندا کۆتایی دێت. لەم شیعرەدا، شادی ژیانی گوند لە بەهاران دا دەگێڕدرێتەوە.

<u>(کاموس– 1634)</u>: شانۆنامەیەکی بە دەمامك بوو، کە هەم جوانی و هونەری سەردەمی ئیلیزابێت دەنوێنێ و هەم گیانی پیرایشگەرانەی میلتون. نێوەرۆکی شانۆنامەکە بریتییە لە کێشمانەکێشی نێوان داوێنپاکی و لەزەتی بەدەنی، و هەردوو بابەتەکە بە روونی و رەوانی دێنە دەربڕین. ئەم شانۆنامەیە لە باری دەوڵەمەندی زمان و هەمە رەنگی دەربڕینەوە لە جۆری خۆیدا کەم وێنەیە.

<u>"لیسیداس– 1637)</u>: بەیتێکی شوانکارەیی خەمناکە دەربارەی مردنی ئیدوارد شای هاوپۆلی میلتونە لە کەمبریج. لەم بەرهەمەدا کە پەڕجوویەکی هونەری لیریکییەو لە شیننامە بەناوێکانی ئینگلیزییە، نەك هەر مردنی شا دەگێڕێتەوە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ جیهانێك کە لاوانی باش تیایدا دەمرن و کە شیشان و شاعیرانی ریاکار بە شادی دەژین.

میلتون لە ماوەی ساڵانی 1641– 1642 دانانی "شیعرە گەورەکانی" خۆی وەلاوەناو دەستی بە قۆناغێکی درێژی باس نووسین کرد لەمەڕ مەسەلەکانی پیرایشگەری. لەم ماوەیەدا پێنج کتێبی ئەنتی ئەسقوف نووسی، درێژترین و دڵگیرترین ئەم بەرهەمانە، بەڵگەی حکومەتی کڵێسایە (1642)، کە کڵێسای ئینگلستان لەبەر پەیڕەوی کردنی دەسەڵاتی سیاسی مەحکوم دەکات.

میلتـون، لـەم کتێبـەدا جیابوونـەوەی کڵێسـاو دەوڵـەت دەخاتـە روو و ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە ویژدانی بنیادەم تاقە داوەری ئەوە لە کاروبارو ژیانی رۆحانی دا.
میلتون هەوڵ‌و کۆششەکانی لە رای ئازادی‌و خۆیبوونی فەردی دا بە کتێبی: دەربارەی پەروەردەو فێرکردن (1644) درێژە پێدا. میلتون بەرگری لە پەروەردەو فێرکردنی مرۆڤپەروەرانە دەکات، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پەیوەندی بە کەسانی کارامەو دیتنی وردی دەزگاکان‌و چالاکییەکانیان بکرێ وەکو تەواوکەرێك بۆ زانیاریی نووسینەوانی.

## ئاریوپا جیتیکا (1644):

کە لەوەیە بە باشترین بەرهەمی پەخشانی میلتون بێ، کتێبێکە دەربارەی بەرگری لە ئازادی چاپەمەنی، بە شێوازێکی هەندێ سادە. باوەڕی قوڵی ئەو بە ئازادی دەربڕین و قەڵەم ، ئەم کتێبەی تەژی هەستی راستگۆیانە کردووە.
لەم ساڵانەدا خەباتی پیرایشگەران گەییە لوتکە، و میلتون بە نووسینەکانی بەرگری لە کۆماریخوازی‌و کرامویل دەکرد. بەڵام بەرەبەرە بینایی لە دەست دەدا. لەکاتی نووسینی داکۆکی لە میللەتی ئینگلستان (1651) کتێبێکە لە وەڵامی دژمنانی کۆمارێدا، چاوەکانی روناکییەکەی ئەوتۆیان نەبوو، و سەرەنجام لە ساڵی 1652دا تەواو نابینا بوو. وێڕای ئەمەش هەر داکۆکیکارێکی پڕ جۆشی شۆڕش بوو. لە ساڵی 1655دا وازی لە کاری دەوڵەتی هێنا، لە ساڵی 1656دا بۆ جاری دووەم ژنی هێنا، بەڵام هاوسەرەکەی دوای پانزە هەیڤان مرد. میلتون بۆ جاری سێیەم لە ساڵی 1663دا ژنی هێنا، ئەمجارەیان هاوسەرەکەی سی دانە ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو.
ساڵانی خانەنشینی و گۆشەگیری جارێکی دیکە دەرفەتی شیعرگوتنی پێ بەخشی، و سێ شاکارە گەورەکەی بەرهەم‌و یادگاری ئەم ساڵانەن:

## "بە هەشتی گوم بوو- دوانزە کتێبە، 1667":

گەورەترین بەیتی چیرۆکڤانی ئینگلیزییە، و یەکێکە لەو داستانە هەرە گەورانەی کە بە زمانانی تازە دانراوە. ئەم کتێبە باسی ماجەرای یەکەمین سەرپێچی بنیادەم دەکات، باسی میوەی ئەو درەختە یاساغە دەکات کە بە تام‌و چێژە مەرگبارەکەی بەهەشت لە دەست چوو، و مردن و خەم هاتنە دنیا. شوێن و دیمەنی ئەم بەیتە سەرانسەری کاینات‌و گەردوونە، و لەوانە بەهەشت‌و دۆزەخ، وا دیارە میلتون بۆ دانانی بەهەشتی گوم بوو سوودی تەواوی لە هۆزانان، زانیاریان، و ئەفسانانی کۆن‌و سەدەکانی ناڤین و سەردەمی رێنیسانس وەرگرتووەو لە سکێچ‌و بونیادی بەیتەکەدا سوودی لە تەورات، تەلمود، ئیلیاد، ئودیسە، ئەنئید، تراجیدیای یونانی کۆن، رێنیسانسی ئیتاڵیا، و نووسەرانی لاتینی و فەرەنسی و ئینگلیزی‌و.... وەرگرتووە. ئەم هەموو هێماو ئاماژانە بۆ سەرچاوەکانی زانیارییەکان، هەر لە پێناوی رازاندنەوەی رووتدا نییە، بەڵکو بەشێکە لە چنینی بەیتەکە. پێناچێت هیچ بەیتێکی دیکە بەمجۆرە تەژی زانیارییەکی فرە بێ.
میلتون ئەم بەیتەی لە قاڵبی شیعری ئازادا گوتووە.

(بەهەشتی دۆزراوە- چوار کتێبە، 1671):

درێژەی بەهەشتی گوم بووە کە سەرکەوتنی یەکجارەکی مەسیح بەسەر شەیتاندا دەگێڕێتەوە. بە گوتەیەکی دیکە، بابەتی ئەم بەیتە خۆڕاگری سەرکەوتووانەی مەسیح لە بەرانبەر وەسوەسەی شەیتان، و دۆزینەوەی بە هەشتی لە دەست چووە.

((خەباتی شەمشون- 1671)):

ئەم تراجیدیایە کە لە قاڵبی شیعری ئازادا گوتراوە، دوایەمین رۆژانی ژیانی شەمشون، کە یەکێکە لە پاڵەوانانی بەنی ئیسرائیل دەگێڕێتەوە کە بە دەستی فەلەستینییەکان دیل دەکرێ و لە پەرستگەدا کۆت و زنجیر دەکرێت.

ئەم تراجیدیایە کە بە دووا شاکاری میلتون دەژمێردرێ، لەگەڵ بە هەشتی گوم بوو و بە هەشتی دۆزراوەدا، گەواهی بالاترین کەماڵ و پوختەییەك کە شاعیرێکی ئینگلیزی دوای شەکسپیر بە دەستی هێناوە. ئەم سێ شاکارە بەروبوومی کێشمانەکێش و گۆڕانە دەروونییەکانی میلتونە وەکو میراتگرێکی داب و نەریت و رێسای رێنیسانس و وەکو بابایەکی پیرایشگەری ئیماندارش.

## پەخشانی کاڤالیرەکان و پیرایشگەران

## کەسایەتی پەروەران

جون ئێریل (1600- 1665):

یەکێکە لە دیارترین کەسایەتی پەروەرانی سەردەم، و بەرهەمە پەخشانییەکەی، دنیای بچووك نووسی (1628)، لە باشترین بەرهەمەکانی کەسایەتی پەروەری سەدەی هەڤدەیەم بوو. ئەم کتێبە لە ژیانی جۆن ئێریل-ی گەورە قەشەدا دەجار چاپکرایەوەو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە چاپی یەکەمدا بوون بیست و چوار بوون، لە چاپی دەیەمدا گەییە هەفتاو هەشت. ئێریل کە شەیدای دەروونناسی بوو، زێدەباری بایەخدان بە وەسفی کەسایەتییەکانی کە لە عەوامی خەڵکی بوون، هۆو ئەنگێزەی رەفتارو کرداری ئەوانیشی لەبەر چاو بوو، بە هەر حاڵ، دنیای بچووکنووسی "کۆمیدیایەکی مرۆڤانی" بچووکی هزرمەندانەی پێکەنینۆك ئامێزە.

**ئیزاك والتون (1593– 1683):**

**یەكێكە لە خۆشەویست ترین نووسەرانی ئینگلیزی، ئەو کە لە لەندەن دا كارگوزاری ئاسنەوات بوو، كاری ئەدەبی خۆی لە دوای چل ساڵییەوە بە بەرهەمە كورتەكەی، ژیانی دون (1640) دەست پێكرد. والتون لە ساڵانی دواتردا چیرۆكی ژیانی كەسایەتیانی دیكەشی خستەسەر دون، و چاپی تەواوەتی ئەو كتێبە لە ساڵی 1670دا لە ژێر سەرناڤی ژیاننامەكانی والتون دا بڵاو بووەوە. ئەم كتێبە فرە خوێنەرەی سەدەی هەڤدەیەم بە پەخشانێكی سادەو جوان نووسراوەو بەسەرچاوەیەكی زانیاریی دەربارەی مێژووی كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەژمێردرێت. شۆرەتی والتون زیاتر بەندە بە بەرهەمە وتار ئاساكەیەوە: ماسیگری كارامە (1653)، والتون كە شەیدای ماسیگری بوو، ئەسڵەن ماسیگری نەك بە جۆرە سەرگەرمییەك، بەڵكو بە زانستێكو هونەرێكو تەنانەت دەرمانی هەموو دەردەكان دەزانی، لەم بەرهەمە پەخشانییەدا، كە لە قاڵبی گفتوگۆدا نووسراوە، بە پەخشانێكی سادەو دڵگیر دەكەوێتە باسی هونەری ماسیگری و وەسفی دیمەنی كەناری روباران.**

**سیرتوماس براون (1605– 1682):**

**نووسەرێكی زاناو پزیشكێكی سەركەوتوو بوو كە ژیانی، جگە لە ساڵانی خوێندنی لە ئوكسفوردو ئەوروپا، لە شاری نورویچ بردە سەر. براون سەڵتەنەتخوازێكی نەگۆڕ بوو. تەبیعەتێكی خەماوی، عارفانە، و خۆشباوەری هەبوو، و ئاشقێنی دەگەڵ زمانو زانستی كلاسیك دا دەكرد. ئەشقێكی تایبەتی بۆ پێشڤەچوونی زانستیش هەبوو، و كتێبخانە عالەكەی لە ئینگلستاندا وێنەی نەبوو.**

**هەوەڵین و گەورەترین كتێبی براون بە ناوی ئاینی پزیشكیك (1642 ) شاكارێكە لە دەربڕینی بێ پەردە و راستگۆ دەربارەی ئیمان و ئاینی ئەو. براون بەخۆی پەیرەوی كڵێسای ئینگلیستانە، بەڵام لە بیری ئەمەدا نییە كە خەڵكانی دیكەش رێگەكەی ئەو هەڵبژێرن، چونكە بنیادەم لە هەموو شوێنێ دەتوانن خولڤێنەری خۆیان بپەرستن. ئەم كتێبە هەم لە ئاستی شێوازو هەم لە رووی نێوەرۆكەوە بە تەواوەتی رەنگدانەوەی حاڵەتەكانی نووسەرە.**

**"هەڵە باوەكان– 1646":**

**درێژترین و وەستایانەترین بەرهەمی براونە دەربارەی بەر پەرچدانەوەی باوەڕانی نادروست لەوارێن زانست، مێژوو، جوگرافیا، و ئەم شتانە. ئەم كتێبە جەمسەرە ناكۆكەكانی كەسایەتی براون ئاشكرا دەكات.**

**ئەو لە لایەكەوە بت شكێنێكە كە دەكەوێتە رەخنەگرتن لە باوەڕە هەڵەكان (بۆ وێنە ئەمەی كە عەنقا لە خۆڵەمێشی خۆیدا دووبارە لە دایك دەبێتەوە). لەلایەكی ترەوە بە خۆی باوەڕی نادروستی هەیە، و باوەڕی بەجن و پەری هەیە.**

**"ناشتنی خۆڵەكەوەی مردووان– 1658":**

دوا بەرهەمی گەورەی براونەو لە شاکارەکانی پەخشانی ئینگلیزییە. براون لە دوا ساڵەکانی تەمەنیا بە ئیلهامی کەشفی ئەو ئامانانەی کە خۆڵەمێشی مردوانیان لە رۆژگاری کۆندا تیا دەپاراستن کەوتە بیرکردنەوە لە مردن و بیرەکانی خۆی لەم کتێبەدا تۆمار کرد. شیلەی قسەی براون ئەمەیە: بۆ ئەوەی بە کورتی تەمەن خەمبار نەبین، پێویستمان بە ئومێدی نەمری هەیە.
شێوازی پەخشانی ئاهەنگینی براون، لەگەڵ بونیادی دەوڵەمەندو وێنە سەیرەکانی دا، لە لوتکەی کەماڵ و درەوشاوەیی پەخشانی ئینگلیزی دایە.

<u>جون بونین</u> (1628– 1688):

بونین و میلتون تاقە نووسەرانی گەورە بوون کە لە باوەشی پیرایشگەری دا پەروەردە بوون، بەڵام ئەم دووە رێگەی جۆراوجۆرو جیاوازیان بڕی تا لە مەیدانی خودا شناسیدا گەیینە سەرکەوتن.
بونین کوڕی وەستایەکی بچووکی خەڵکی بدفورشایر بوو. ماوەیەك لەسەر کارەکەی بابی رۆیی و سالانی 1644– 1646ی لە خزمەتی سوپای ئەڵمانـدا گوزەرانـد. لە ساڵی 1648دا لەگەڵ ئافرەتێکی دیندارا زەماوەندی کرد، و کەوتە خوێندنەوەی زنجیرەیەك کتێبی پیرایشگەران. دوای ماوەیەك لە گوندەکاندا بوو بە واعیز، و زۆر زوو چووە دڵی گوندییانەوە. بەڵام گوێنەدانی ئەو بەقەدەغەبوونی وەعزدان بۆ کەسانێك کە پەیڕەوی کڵێسای فەرمی ئینگلستان نەبوون، گرفتی بۆ دروست کرد، و لە ساڵی 1660دا کەوتە زندان. لە ماوەی دوانزە ساڵ حەپسی دا کەوتە خوێندنەوەی تەورات و کتێبی شەهیدان،ی نووسینی جون فوکس (1517– 1587)، و گەلێك لە بەرهەمەکانی خۆی لەو ماوەیەدا نووسی. یەکێك لەم بەرهەمانەی ژیاننامە سەیرەکەی خۆیەتی لە ژێر سەر ناوی: رەحمەتی تایبەتی خوا لە زۆرتر گوناهکاران (1666)، ئەم کتێبە کە بە پێشەنگی رۆمانی سایکۆلۆژی تازە دەژمێردرێ، باسی کێشمانەکێشی روحی و خەملێنی باوەڕە ئاینییەکانی ئەوە.
بونین دوای ئازاد بوون لە ساڵی 1672دا، بوو بە کەشیشی کڵێسایەکی بچووك لە بدفورد، دوای سێ ساڵ دیسان بۆ ماوەی شەش هەیڤ زندانی کێشا، لەم قۆناغی حەپسەدا، نووسینی شاکاری رەوت و رەفتاری رێبواری دەست پێکرد کە لە دوو کتێباندا لە سالانی 1678و 1684دا بڵاوبووەوە. بونین ئەم کتێبەی، کە بە "تەمسیلی گەورەی پروتستان" ناونراوە، بە ئیلهامی تەورات و فۆلکلۆری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە نووسیوە، لە وێدا بە زەبری کاراکتەرسازی زندوو، وێنەی واقیعیانەی گوندییانی ئینگلستان، شێوازی زندوو و زمانی جوان، بەبێ پەنابردنە بەر مەسەلە ئاڵۆزو پێچاوپێچەکانی خوداشناسی، بە پەیجوری بەسەرهاتی قارەمانی کتێبەکە، رێگەی بەهەشت وێنە دەگرێت. رەوت و رەفتاری رێبوار، وادیارە لە دوای تەورات (دەقی مۆڵەتدراو، 1611) تا ماوەی سێ سەدە پڕ خوێنەرترین کتێبی دنیای ئینگلیزی زمان بووە، لەم کتێبەدا دابەکانی سەدەکانی ناڤین بە زمانی حیکایەتەوانی، و دوور لە هەر دەستکردی و وردەکارییەکی ئەدەبی، دەگێڕدرێتەوە.

((شەڕی پیرۆز– 1682)):

دوایەمین بەرهەمی گرنگی بونینە کە چۆنیەتی رزگاری روح لە قالبی چیرۆکێکی مەجازی دا دەردەبڕێت.

بەرهەمەکانی بونین کە سەر ریژن لە سۆزو گودازو جۆش و خرۆشی مەزەبی، لە باری سادەیی و بڕشتی دەربڕینەوە هەمیشە ستایش کراون.

## هۆزان و درامای قۆناغی گەڕانەوە

جون درایدن (1631– 1700):

شاعیر، شانۆنامەنووس، رەخنەگر، و سیمای دیاری ئەدەبیاتی سەردەمی گەڕانەوە بوو. لە خانەوادەیەکی پیرایشگەر چاوی بە دنیا هەڵێنا، و لە وست مینسترو کەمبریج خوێندویەتی. لە ژیانی مەزەبی و سیاسی خۆیدا چەندین جار بایداوەتەوەو دووچاری گۆڕان بووە. لە ساڵی 1659دا بە "شیعرێك بۆ مردنی پایەبەرز کرامولی لە دەست چوو، لۆردی پارێزەری ئینگلستان"، کە لاوانەوەیەکی وشك و فەرمی بوو، زۆر ستایشی رابەری پیرایشگەرانی کردو، کە چارلزی دووەم گەییە دەسەلاتی پاشایەتی، ستایشی کرد. لە ساڵی 1670دا بوو بە میری شاعیران و مێژوونووسی دەربار. لە ساڵی 1682دا شیعری "مەزەبی گشتی" بۆ بەرگری لە کلێسای ئینگلستان و رەخنە لە مەزەبی کاتولیك نووسی، بەڵام پێنج ساڵ دواتر، ئەو بە خۆی گۆڕا بوو بۆ کاتولیکێکی پڕ جۆش و خرۆش، و لە شیعری "کەڵەکێوی و پڵنگدا– 1687) بە دەم ستایشی کلێسای کاتولیکەوە، کلێسای ئینگلستانی دایە بەر هێرشێکی توند. لەم شیعرە مەجازیی و حیکائییەدا، کە بە هۆی حەنەکچیاتی و رەوانی و پاراوی بێ وێنەیەوە، بە ناودارترین بەرهەمی درایدن دەژمێردرێت، کەڵەکێوی کلێسای رومە، پڵینگ کلێسای ئینگلستان، و جیمزی دووەم شێرێکی پشتیوانی کەڵە کێوییە.

درایدن بژێوی خۆی لە رێگەی قەڵەمەوە دابین دەکرد. شاعیرێکی بە زەوق و نووسەرێکی هزرمەند بوو، کۆمەڵێك بەرهەمی لە قالبێن جۆراو جۆری وەك: تراجیدیا، کۆمێدیا، ئوپرا، بەیتی چیرۆکڤانی، تەنز، سروود، سۆناتە، نامە، و رەخنەی ئەدەبی ئەفراند. زێدەباری ئەمە شێوازێکی پەرەپێدا کە پاراو، بەهێز، نەرم، رەوان و لە زمانی خوێنەوارانەوە زۆر نزیك بوو. شێوازی شیعری داستانیشی بەکارهێنا، بە بالاَ دەستییەکی سەیرەوە بەرهەمە تەنز ئامێزو فێرکارییەکانی هۆنییەوە، ئەم شێوازە شیعرییە ماوەی یەك سەدە شێوازی زاڵ و باو بوو.

درایدن بیست ساڵێکی تەمەنی خۆی وەقفی شانۆنامەنووسین کرد، بە دانانی کۆمەڵێك شانۆنامە لە قالبی شیعری داستانی و قافیەداردا، چووە ریزی ناودارانی ئەم ژانرە ئەدەبییەوە.

فەتحی غەرناتە (1670) لە باشترین شانۆنامەکانی ئەوە بە زمانی شیعری داستانی، کە بە زمانێکی سروشتی و ڕەوان دانراوەو هۆنراوەتەوە. شانۆنامەیەکی باشی دیکەی درایدن، کە دوایەمین درامای قافیەداری ئەوە، ئورەنگ زیب (1675)ی ناوە، کە قارەمانەکەی، ئورەنگ زیب (1618-1707) یەکێکە لە گەورەترین ئیمپراتورانی مەغۆل "گورکانی" لە هندا.

یەکەمین شانۆنامەی کۆمیدی درایدن، زەماوەند بەپێی مۆد (1672) بوو کە لە قاڵبی شیعری ئازادا وتراوە.

باشترین شانۆنامەی درایدن تراجیدیای: هەموو شتێك لە رای دڵداری دا (1678)، لە قاڵبی شیعری ئازادایەو بەلاسایی کردنەوەی ئانتونی و کلیوپاترا-ی شەکسپیرە. لەم تراجیدیایەدا، کە دوایەمین ڕۆژانی ئانتونی و کلیوپاترا وێنەدەگرێت، یەکێتیی زەمان، شوێن و کردار بە وردی ڕەچاو کراوە.

دون سباستین (1691)، دوا شانۆنامەی درایدنە کە تراجی- کۆمیدییەو قارەمانەکەی دون سباستین (1554- 1578)، پاشای پرتوغالە (1557- 1578).

شیعرەکانی سەرەتای درایدن لە قاڵبی پارچەی چوار بەیتی دانراون، بەناوبانگترین شیعری ئەو قۆناغەی "ئانوس میرا بیلیس" (ساڵی عەجیب، 1667)ـە، شیعرێکە لە وەسفی ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 1661دا، واتەن ئاگرکەوتنەوە گەورەکەی لەندەن، جەنگ لەگەڵ هۆڵەنداو تاعون.

زۆربەی هۆزانەکانی درایدن، بە تایبەتی تەنزو تەرجەمەکانی، قافیەدارن، لە نموونە باشەکانی شیعری سیاسی تەنزئامێزی درایدن "ئەبسالوم و ئەختیوفل"ـە (1681) کە لە قاڵبی شیعری داستانی و بە سوود وەرگرتن لە زاراوەکانی تەورات دانراوە.

نموونەیەکی باشی دیکەی "مەك فلکنو- 1682" (1682)یە، کە تەنزێکی تیژە لە هەجوی تۆماس شدولی شاعیری خەنیمی درایدن دا. ناونیشانی ئەم شیعرە ئاماژەیە بۆ کەشیشی ئیرلەندی، ریچارد فلکنو (1600- 1678)، کە بە شیعری خراپ مەنشورە.

لە نێو شیعرە لیریکییەکانی درایدن دا، "گۆرانییەك بۆ ڕۆژی سەن سسیلیا" (1687)و "جەژنی ئەسکەندەر" (1697)، زۆر مایەی پەسند بوون. جەژنی ئەسکەندەر، کە غەزەلێکە بۆ ڕۆژی سن سسیالیا، بە ئیلهام لە ژیانی ئەسکەندەری مەقدونییەوە (نووسینی پلوتارك) دانراوە. گەلەك لە ڕەخنەگران، ئەم غەزەلە بە گەورەترین شیعری لیریکی درایدن، و بە یەکێك لە باشترین غەزەلیاتی ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەزانن.

<u>سیر چارلز سدلی (1639- 1701):</u>

شاعیرو درامانووسێکی گەڕانەوەیە، لە سەردەمی خۆیدا لەبەر حەنەکچیاتی و دزێوی زمان شۆرەتێکی هەبوو. لە بەرهەمە بەناوبانگەکانیا دوور شانۆنامەی: باغی توو (1668)و بلامیرا (1689) شایەنی باسن.

<u>جون ویلمات، ئیرلی روچستەر (1648- 1680):</u>

شاعیرێکی دەرباری بوو کە لە سەردەمی خۆیدا بە "ئیرلی شەڕانی" بەناوبانگ بوو. بنیادەمێکی مولحیدو هەرزەبوو، و هۆزانەکانی پڕ بوون لە بێ شەرمی و پڕ روویی. لەگەڵ هەموو ئەمەشا، شاعیرێکی لە رادەبەدەر بە بەهرەو توانا بوو، و هەندێ هۆزانی لیریکی جوانی گوتووە، تەنزەکانیشی یەجگار توندو بە چزە، درێژترین بەرهەمی تەوسئامێزی ئەو، کە سەر رێژە لە نائومێدی و رەشبینی "هەجوی تیرەی بەشەر" (1675)ی ناوە.

<u>سێر جورج ئیتریج</u> (1635؟– 1691):

لە جوملەی ئەو درامانووسانە بوو کە جۆرێکی نوێی کۆمیدی، ناسراو بە کۆمیدیای رەفتاران، لە ئینگلستاندا رەواج پێدا، ئەم جۆرە کۆمیدیانە شادو نوکتەئامێزن و قارەمانەکانی بێ سۆزن، و عادەتەن بە دەوری تەوەری پیلانی ئاشقانەی چینی ئەشراف دا دەسوڕێنەوە. بەناوبانگترین کۆمیدیای رەفتار–ی ئیتریج لە ژێر سەر ناوی پیاوی مۆد (1676)ـە، نموونەیەك لە داب و نەریتی گەندەڵی کۆمەڵگەی سەردەم دەخاتە روو.

<u>ویلیام ویچرلی</u> (1640– 1716):

شانۆنامەنووسی تەنزپەروەری قۆناغی گەڕانەوەیە، بە تەنزی توندوزبر، واقیعیەتی نا ئومێدانە، و گاڵتە ناشیرینەکانی ناوبانگی دەرکردووە، یەکەمین کۆمیدیای، دڵداری لە دارستاندا (1671)ی ناو بوو، باشترین کۆمیدیای ویچرلی، هاوسەری گوندی (1675)و دەلاڵی دڵساف (1676)یان ناوە، کە هەردووکیان پڕن لە گاڵتەی زبرو ناشیرین.

<u>تۆماس ئوتەوی</u> (1652– 1685):

نووسەری یەکێك لە باشترین تراجیدیاکانی قۆناغی گەڕانەوەیە، بە ناوی ڤینیس لە خەتەر بە دوورە (1682). ئەم تراجیدیا قارەمانییە کە بە شیعری ئازاد هۆنراوەتەوە، بە دەوری تەوەری پیلانێکا بۆ سەرنگون کردنی حکومەتی ڤینس دەسوڕێتەوە. لەنێو دراماکانی دیکەی ئوتەوی دا دوو تراجیدیای: دون کارلوس (1676)و هەتیو (1680)، کە هەردووکیان لە قاڵبی شیعری ئازادا هۆنراونەتەوە، بەناوبانگن. ئوتەوی لە دەربڕینی ئەڤین، هەستەکان، بەدبەختی و تەکنیکی دیمەنی سۆز بزوێندا دەستێکی باڵای هەیە.

<u>سێرجوان ڤانبرو</u> (1664– 1726):

شانۆنامەکانی ڤانبرو بەگشتی زبر، زیرەکانە، و تا رادەیەك دەربڕی رەفتاری چینی باڵای کۆمەڵگەی سەردەمن، کاراکتەرانی دراماکانی دیارو ناوازەن، و پلۆتی دراماکانی دڵگیرن. بەشێوەیەکی گشتی، شانۆنامەکانی سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمی ڤانبرو، نوقڵانە بەخشی کۆتایی قۆناغی گەڕانەوەو سەرەتای گۆڕانن لە هەجوو قۆشمەچیاتییەوە بەرەو شانۆنامانی سەنگین لە شانۆی ئینگلستاندا.

**گرنگترین شانۆنامانی ڤانبرو، گەڕانەوە (1696) و هاوسەری رەنجدیدە (1697)یان ناوە.**

**ویلیام کۆنگریڤ** (1670– 1729):

**عادەتـەن کـونگریڤ بـە مامۆسـتای کۆمیـدیای رەفتـاران لـە قۆنـاغی گەڕانـەوەدا دەزانـن. هەمووشانۆنامەکانی لە بیست تا سی ساڵیدا نووسیوەو ئەوسا نووسینی تەرك کردووە، تا ببێ بە جەنتڵمانێك نەك شانۆنامەنووسێك. "پیرەکوڕ– 1693": یەکەمین کۆمیدیای کونگریڤە دەربارەی پیاوێکی بە ساڵاچووەکە وا دەنوێنێ لە ژنان بێزارە، بەڵام لەگەڵ ژنێکی خراپدا زەماوەند دەکات.**
((**بنیادەمی دوو روو** (1694)): **کۆمیدیایەکی دواتری کونگریڤە دەربارەی ئاشقانی توڕە.**
((**ڤیـان لـە پێنـاوی ڤیـان**))– 1695: **شانۆنامەیەکی کۆمیدی دیکەیە کە کاراکتەرەکانی گەوجن و گفتوگۆیەکانی زندوو و جوانن.**
((**ڕێ و رەسمی جیهان**))– 1700: **شاکاری کونگریڤە، و یەکێکە لە باشترین کۆمیدیاکانی زەمانی ئەو، لەگەڵ ئەمەشا، ئەم کۆمیدیایە پێشـوازییەکی ئـەوتۆی لـێ نـەکراو، کـۆنگریڤ ئـیتر هـیچ شانۆنامەیەکی نەنووسی.**
((**بوکی تازیەبار**– 1697)): **تاقە تراژیدیای کونگریڤە، کە زیاتر وەکو سەرچاوەی ئەم وتە کورتە کە "موسیقا ئەفسونێکی وەهایە کە دڵە سەرکێشەکان ئارام دەکات"، بەناوبانگە.**

# پەخشانی قۆناغی گەڕانەوە

**درایـدن لـە واری پەخشـاندا، پـەرەی بـە شـێوەی نووسـینی رونـی ئینلگیـزی، مـاقولو هـەموار، دا. بەرهەمە رەخنەییە گرنگەکەی: نامەیەك دەربارەی شیعری درامی (1668) ئەو وەکو رەخنـەگرێکی لە رادەبەدەر وریاو ورد دەناسێنێ، ئەم نامەیە بە شێوەیەکی روون و رێك و پێك و بە هێز درامای ئینگلیزی و فەرەنسی لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکات، و سنووردارییەکانی درامای فەرەنسی لە رووی رەچـاوکردنی سـێ یەکێتییەکـەوە (زەمـان، شـوێن، و کـردار) دیـاری دەکـات، زێـدەباری ئەمـەش، درایدن لەم نامەیەدا، کە بووە بە نموونەی پەخشان، داکۆکی لە درامای قافیەدار دەکات.**
**پێشـەکی شـانۆنامەکانی درایـدن کـە بـە یەکـەمین بەرهـەمێن رەخنـەیی لـە ئـەدەبیاتی ئینلگیـزی دا دەژمێردرێن، رێسای شێوازی پەخشانی نوێی ئینگلیزیان دانا.**
**درایـدن لـەم پێشـەکییە رەخنەییانـەداو لـە پێشـەکی تەرجەمـەکانیا، هـەموو جـۆرە مەسـەلەیەکی ئـەدەبی وەك شـێوەی تـەکنیکی درامـا، سـێ یەکێتییەکـە، ماهیـەت و مێـژووی تـەنزو داسـتان و تەرجەمە، تاوتوێ دەکات.**

**<u>سوموئیل پیپس</u>** (1633– 1703):

بیرەوەری نووس و سیاسەتوانێکی دیار بوو، کوڕی کابرایەکی خەیات بوو، لە سایەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی زەماندا، ڕێڕەوی پێشڤەچوونی خۆی هەموار کرد، و لە قۆناغی گەڕانەوەدا پلەو پایەیەکی بالای بەدەست هێنا. ماوەیەك وەزیری هێزی دەریایی بوو، جارێکیش گەییە پایەی نوێنەرایەتی ئەنجوومەنی عەوام، و لە سالی 1684دا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پاشایەتی هەلبژێردرا، سەرەنجام، لەگەل کەوتنی جیمزی دووەمی دۆستیا لە سالی 1688دا، هەموو پلەو پایەکانی لە دەست داو، و پەنای بردە بەر کتێبخانە گەورەکەی خۆی.

سەد سال پاش مردنی پیس، بیرەوەرییەکانی، کە بەشێوەیەکی ڕەمز لە ماوەی سالانی 1660تا 1669 نووسراوە، دۆزرایەوە. و سەرەنجام پاش ئەوەی کلیل و کۆدی ڕەمزی بیرەوەرییەکانیش تا رادەیەك بە دەست هات، بۆ یەکەمجار لە سالی 1825دا بلاوبووەوە. لێ دەقی تەواوی کتێبەکە لە سالانی 1839 تا 1899 بە چاپ گەیی. بیرەوەرییەکی وێنایی تەواو دەربارەی یەکەمین دەیەی قۆناغی گەڕانەوە لە لەندەندا وێنە دەگرێت، و ژیانی خێزانی و کۆمەلایەتی و سیاسی نووسەرەکەی دەردەبڕێت.

((10))

# سەدی هەژدەیەم

(1798 -1700)

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

**پاش "شۆڕشی شکۆدار" (1688) پاشا بوو بە پاشکۆی پەرلەمان. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بە گوێرەی یاسا جێنشینی (1701) پاشایەتی لە ساڵی 1714دا بۆ خانەدانی هانۆڤەر گوێزرایەوە، دەسەڵاتی پەرلەمان مکوم بوو. یەکێك لە ئاکامەکانی دیکەی "شۆڕشی شکۆدار" یەکبوونی پەرلەمانانی ئینگلستان و سکۆتلاند بوو، هەروەها دەسکەوتێکی شۆڕش جەنگ بوو لەگەڵ فەرەنسای رەقیبی کۆلۆنی و بازرگانی ئینگلستاندا. لەم شەڕانەدا فەرەنسا دەستی لە ئەمریکای باکوورو هندا نەماو ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای گەورە پەرەی سەند (ئینگلستان پاش یەکگرتن لەگەڵ سکوتلاندا لە ساڵی (1707دا، ناونرا بەریتانیای گەورە، کە بریتیی بوو لە ئینگلستان و سکوتلاندو ویلز) پەرەسەندن و فراوان بوونی بەروبوومی کۆلۆنیالی و داگیرکردنی نیوزیلاندو ئوسترالیاو کۆمەڵێك سەرکەوتنی دیکە، سەرەنجام ئەم وڵاتانەیان گۆڕی بۆ بەهێزترین هێزی ئیستعماری.**

لە مەدیدانی سیاسەتی ناوخۆدا دەسەڵات بە تەواوەتی بە دەست پەرلەمان بوو، کە ئەنجامی ئەوە بەرقەراری دەوڵەوتی پەرلەمانی بە سەرۆکایەتی سێرروبرت والپول (1676– 1745) بوو. والپول کە بەیەکەمین سەرەك وەزیرانی بەریتانیای گەورە دەژمێردرێ، رابەری حیزبی ویگ بوو کە دەوڵەتی ئەو لە ساڵی 1721ەوە تا 1742 لەسەر کار بوو. ئەسڵەن ویگەکان لە پەرلەماندا باڵا دەست بوون، و تا ساڵی 1760، چەند قۆناغێکی کورت نەبێ، حکومەت لە دەستی ئەواندا بوو. حیزبی ویگ کە زەویدارانی دەوڵەمەند و گەورە بازرگانانی لە خۆ دەگرت، دەسەڵات و ئیمکاناتێکی گەورەی هەبوو و بۆ بەرقەراری و جێگیری حکومەتی پارلەمانی سوودی لە هەموو ئیمکاناتێك وەردەگرت.

لە سەدەی هەژدەیەمدا بە جێبەجێکردنی یاساکانی حەسارکردنی زەوی گشتی (کە دیاریکردنی سنووری گشتی و حەسارکردنی گوندانی بڕیار دەدا)، شۆڕشێك لەواری کشتوکاڵی دا هاتە ئاراوە، شۆرششی پیشەسازیش (1750– 1850) گۆڕانێکی بنچینەیی لە بونیادی ئابووری بەریتانیای گەورە هێنایە ئاراوەو وڵات لە قۆناغی کشتوکاڵی و بازرگانییەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی هەنگاوی نا. ئەم گۆڕانکارییانە بوونە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دوو چین، خودان پیشەو کرێکارانی سەنعەتی، و ململانێی نێوان ئەو دوو چینە.

## نۆڕینێکی گشتی:

سەدەی هەژدەیەم عادەتەن بە "سەدەی ئاوەز" ناو دەبەن. هزری فەلسەفی ئەم سەردەمە زیاتر جەخت لەسەر زهن و ئەقڵ دەکات تا سۆزو خەیاڵ، نەزمو ڕێكوپێکی لە هزری مرۆڤی ئاوەزگەرای ئەم قۆناغەدا بایەخ پەیدا دەکات، بە گوێری یاسای نیوتن جیهانی مادی تابعی نەزمە. ئێستا ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئایا مەزەبیش دەتوانێ لە سایەی چەند ڕێسایەکی گشتی، وەکو قانونی جازیبەی گشتی بێت یان نا. زۆر بوونی رووکردنە باوەڕانی وەکو دیانەتی سروشتی سەرەنجام بە "خواپەرستی" (دئیزم) دەشکێتەوە. ئەم دیانەتە کە لە جیاتی مکاشەفەو ئیلهام پشت بە ئاوەز دەبەستێ، لە سەدەی هەژدەیەم دا دەگاتە دوا پلەی گەشە کردن.

لە سەدەی هەژدەیەمدا، بەها کۆن و باوەکانی پێشینان لە ئەدەب و هونەردا دووبارە تین و تاو پەیدا دەکاتەوە. گەورەترین شاعیران و نووسەرانی رۆژ، بەرهەمێن کلاسیکی یۆنان و روم دەکەن بە سەر مەشقی خۆو جەخت لەسەر فۆرم، هاوسەنگی، زەبت و رەبت، باشی ئەقڵ، یەکێتی پلۆت و ئامانج، روونی، و هاوئاهەنگی دەکەن، فۆرمی شیعری داستانیش کە لەگەڵ شیعری ئەقڵانیدا گونجاوەو بەهیمەتی درایدن گەیی بووە کەماڵ، لە سەرانسەری سەدەکەدا برەوی دەبێ، هەوادارای ئەم قۆناغە لە وەرگرتنی نموونانی کلاسیك بووەتە هۆی ئەوەی کە سەدەی هەژدەیەم ناوبنەن سەردەمی نەو کلاسیك، لە زەمانی مردنی درایدنەوە (1700) تا مردنی پوپ (1744) نەوکلاسیك لە ئینگلستاندا دەگاتە هەڕەتی بەرهەم دان.

سەدەی هەژدەیەمیان بە سەردەمی ئوگوست–ش ناو ناوە. ئەم ناونانە لەوێوەیە کە ئەدیسۆن، ستیل، سویفت، پۆپ، و نووسەرانی هاوچەرخی ئەوان هەمان شکۆو گەورەییان بە ئەدەبیاتی

ئینگلیزی بەخشی، کە ڤیرجیل و هۆراس لە سەردەمی سزار ئوگوست دا بە ئەدەبیاتی رومیان بەخشی بوو. سەردەمی ئوگوست لە مەیدانی شیعردا تەنیا بە یەك شاعیری گەورە، واتە ئەلکساندەر پۆپ، دەنازی، چونکە ئەم سەردەمە لە بنچینەدا سەردەمی پەخشان بوو، کە لە بەرهەمەکانی سویفتدا گەییە لوتکەی پوختەیی و کەماڵ.

هەوڵی نووسەرانی سەدەی هەژدەیەم لە رووی رازانەوە و پوختاندنی زمانی ئینگلیزی دا زۆر دیارە، ئەم نووسەرانە پەرەیان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزیش داوە، لە زمانەوانیدا سموئیل جونسون، لە درامادا ئولیڤەر گولدسمیت، لە سیاسەتدا ئیدموند برك، لە مێژوونووسیدا دیڤید هیوم و ئیدوارد گیبون، و لە ئابووری سیاسیدا ئادەم سمیت، ناوبانگی جیهانیان دەرکردووە، بەڵام گرنگترین پێشکەوتن لە مەیدانی رۆماننووسیدا بوو. لە بنچینەدا رۆمانی ئینگلیزی مێژوویەکی درێژی هەیە. لە ئەدەبیاتی ئەم وڵاتەدا نزیکترین نووسین لە رۆمانەوە، رێبواری بەدبەخت–ی تۆماس ناشە. دانیال دیفو–ش بە رۆمانسە پڕ سەرکێشییەکانی گرنگترین هەنگاوی بەرەو رۆمان نا، چیرۆکەکانی ئەو هەموو پێداویستییەکانی رۆمانیان تێدایە، جگە لە پلۆت. کەسایەتی پەروەرانی سەدەی هەڤدەیەمیش بە وێنەگرتنی سیمای کەسایەتیان رێگەی رۆمانیان خۆشکردبوو. بەمجۆرە، لە ساڵی 1740دا یەکەمین رۆمانی ئینگلیزی بە ناوی پاملا یان تەقوای بەکرێ لەلایەن سموئیل ریچارد سونەوە بڵاوکرایەوە. ئەم رۆمانە لە قاڵبی نامەدا نووسراوە، هەوەڵجار ریچاردسون نەخشەی زنجیرە نامەیەکی لەمەڕ مەسەلە ئاساییەکانی ژیان دارشت، ئەوسا کەوتە بیری ئەوەی بە لێکدانی نامەکانی لەگەڵ چیرۆکی خزمەتکارێکی داوێن پاکدا، جۆرە یەکێتییەکیان پێ ببەخشێت، و ئەوە بوو کە پاملا هاتە ئاراوە، و رۆماننووسین بوو بەمۆد. بەڵام گرنگترین رۆمانی سەدەی هەژدەیەم لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا هنری فیلدینگ نووسی. ئەویش رۆمانی توم جونز بوو، کە بە یەکێك لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەژمێردرێت.

بزووتنەوەی رۆمانتیزم، کە کاردانەوەیەك بوو لە بەرانبەر کلاسیسزمدا، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی هەژدەیەمدا پەیدا بوو. پێشڕەوانی ئەم بزووتنەوەیە، کە لە جیاتی ئەقڵ و ئاوەز جەختیان لەسەر خەیاڵ و سۆز دەکردەوە، گری، کالینز، کوپر، برنز، چترین، و بلیك بوون.

یەکێك لە بزووتنەوەکانی بەر لە رۆمانتیك لە ئینگلیستاندا، رێبازی گۆڕستان بوو. شاعیرانی سەر بەم رێبازەی وەك پارنل، بلر، و یانگ، زیاتر روو لە تەنیایی و خەمۆکی بوون، بابەتی زۆربەی شیعرەکانیان: شەو، تەنیایی، مەرگ و گۆڕە.

## سەردەمی پوپ: شیعر

**ئەلسکاندەر پوپ (1688– 1744):**

گەورەترین شاعیری سەدەی هەژدەیەمی ئینگلستان و تەنزنووسێکی بە دەسەڵات، کوڕی کوتاڵ فرۆشێکی کاتولیك مەزەب بوو. پۆپ لە ئینگلستانی دژە کاتولیك دا، کە کاتۆلیکەکان ڕێگەی چوونە قوتابخانەو زانکۆ گەورەکانیان نەبوو، لە ژێر چاودێری مامۆستایانی تایبەتی و لە قوتابخانانی کاتولیك دا دەرسی خوێندووە. لە منداڵی دا خراپ نەخۆش کەوت، کە لە ئەنجاما هەرگیز رووی سەلامەتی و ساغی بە خۆوە نەبینی، بوو بە بنیادەمێکی قەمووری لەش بەبار. لەبەر ئەمە حەساس و توندە تەبیعەت و مەغرور دەرچوو.

پوپ لە شانزە ساڵیدا بە ئیلهامی ڤیرجیل شوانکارەییەکان (1709)ی کە چوار شیعر بوو دەربارەی چوار وەرز، هۆنییەوە، بەم شیعرانە، کە توانای ئەوی لە بواری وەزنی شیعردا نیشان دەدا، ناو و شۆرەتێکی پەیدا کرد. بەڵام پۆپ بە شیعری فێرکاری، گوتەیەك دەربارەی رەخنەی ئەدەبی (1711) کە لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا لە فۆرم و قاڵبی هەڵبەستی داستانی داو دەربارەی هونەری شاعیری داینا، گەییە لوتکەی ناوبانگ. لەم بەرهەمە کورت و بە ناوەڕۆکەدا پێوەرو تێوریانی پەیوەست بە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی سەردەم، لەگەڵ کورتە مێژووییەکی رەخنەی ئەدەبیدا باس دەکرێت.

باشترین شیعری پوپ، "دەستدرێژی بۆ سەر ئەڵقەی بسك"– 1714، شاکاری لاسایی کردنەوەیەکی تەوسئامێزی بەیتە داستانییەکانە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا، پوپ لەم شیعرەدا رەفتاری لاوێکی مێباز لەگەڵ دزێکی ئەڵقەی بسکی خانمێکی جواندا، وەکو رووداوێکی زۆر گەورەو دژوار بە شێوەیەکی بەرزو لێهاتووانە دەگێڕێتەوە. ئەم تەنزە پرشنگدارە کۆمەڵایەتییە لە گەوهەرو مروارییە بێ وێنەکانی شیعری ئینگلیزییە.

یەکێك لە بەرهەمەکانی دیکەی پۆپ "داستانی گەوجان– 1728"ـە، ئەمیش لاسایی کردنەوەیەکی تەوس ئامێزی هۆزانێن داستانییە (حماسی)، پۆپ لەم شیعرەدا بە توندی شەلاتی بازی ئەدەبی بەر هێرش دەدات.

نامەیەك دەربارەی مرۆڤ (1723) بەرهەمێکی فەلسەفییە، ئەمیش لە قاڵبی شیعری داستانی دایە، لەم بەرهەمەدا پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەوەران، بەخۆی،بە کۆمەڵگە، و بە بەختەوەرییەوە دێتە دەربڕین، بەرهەمێکی تری پۆپ، نامە ئەخلاقییەکان (1731– 1735)ـە، بریتییە لە چوار شیعری فێرکاری، لە قاڵبی نامەدا، ئەم نامانە بە ریز باسی سوود وەرگرتن لە سەروەت، زانست و کەسایەتی پیاوان، هەروەها سوود وەرگرتن لە سەروەت، و کەسایەتی ژنان (کە بەڕای پوپ زۆربەیان لە بنچینەدا بێ کەسایەتین) دەکات.

پۆپ دوو بەرهەمە بەناوبانگەکەی هۆمەری، ئیلیاد (1715– 1720)و ئۆدیسە (1725– 1726)ی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا: پۆپ بە وەرگێڕانی ئەم دوو شاکارە داستانییە سەروەتێکی (نۆ هەزار لیرە)ی پێکەوەنا، و بەمجۆرە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئینگلستاندا نووسەرێك لە رێگەی قەڵەمەوە دەوڵەمەند بوو. ئەسڵەن پۆپ بێ مووچەی کڵێسایان پشتیوانی وەلی نیعمەتێك، لە سایەی بەرەکەتی بلیمەتی و قەڵەمی خۆیەوە دەژیا، و لەم بارەیەشەوە بە پۆپ سەردەمی

وابەستەیی ئەهلی ئەدەب بە وەلی نیعمەت یا پۆستی دەوڵەتییەوە کۆتایی دێت، و سەردەمی خۆیبوون و پشت بەستنیان (ئەهلی ئەدەب) بە خوێنەری بەرهەمەکانیان دەست پێدەکات.
پۆپ بە بەرجەستەکاری نەو کلاسیسزمی ئینگلستان دەژمێردرێت، ئەو کە شاعیری سەردەمی ئەقلانیەت و ئاوەزگەرایی بوو، دیارە بلیمەتیشی پتر لە قەڵەمڕەوی ئەقلانیەتدا گەشایەوە تا مەیدانی سۆز، بایەخی ئەویش لە هەستە قوڵەکانیا نییە، بەڵکو لە بیرە روونەکان، دەربڕینە زندوو و ریالیستییەکان، و سوعبەتچیاتییە لە لاسایی کردنەوە نەهاتووەکانی دایە. پۆپ مامۆستای شیعری داستانییە، و شیعرەکانی لە باری خەسڵەتێن وەکو تینی داهێنان، نوکتەبازی پرشنگدار، پوختەیی هونەری، توانای دەربڕین، رەوانبێژی و رەوانی سروشتییەوە کەم وێنەیە.

## سەردەمی پۆپ: پەخشان

<u>دانیال دیفو</u> (1660– 1731):
رۆماننووس، مێژوونووس و گوتارنووس، کوڕی قەساوێکی لەندەنی بوو. لە دەمی لاویدا چەند ساڵێك بە بازرگانییەوە خەریك بوو، بەڵام وا دیارە بۆ نووسینەوەی رووداوان خوڵقا بوو، و کە نووسەریی کرد بە پیشە، پتر لە دوو سەدو پەنجا بەرهەمی نووسی. سەرباری ئەمەش بە دانەری ئیحتیمالی سەدو پەنجا بەرهەمی دیکەشی دەزانن، دیفو هەر چەندە باوەڕی بە پیرایشگەری بوو و لەم پێناوەدا رەنجی زندانی کێشا، کەچی هەندێ جار لە خزمەتی ویگەکاندا بوو، و هەندێ جار هاوکاری تورییەکان بوو، رۆژێك جاسووسی بۆ ئەم حیزب دەکردو رۆژێکی دی بۆ ئەو حیزب، و هەندێ جاریش دەبووە جاسوسی دووسەرە.
دیفو لە ساڵی 1704– 1713دا بڵاوکراوەی ریڤیو–ی بڵاوکردەوە، کە لەوێدا دەربارەی هەموو بابەتێك قەڵەمڕانی دەکرد، سەیر ئەمەیە کە دیفو تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بوو کە بەهرەی رۆماننووسی گەشایەوە، دیفو بە پشتیوانی ئەزمونان، بیرەوەریان، و ئیعترافاتی خۆی و خەڵکانی دی، و بەشێوەیەکی واقیعبینانە، بەرهەمی چیرۆکڤانی بەرەو قەڵەمڕەوی ریالیزم بکێش کرد. بە جۆرێ کە لەسەر بنەمای بەسەر هاتەکانی دەریاوانی کەشتی شکاوی ئوسکاتلاندی، ئەلکساندەر سلکرك (1676– 1721) رۆمانی بەناوبانگی رۆبینسون کروزوی (1719) نووسی، کە لە سەرانسەری دنیادا ناوی خستە سەرزاران. لەم رۆمانەدا، سەربوری پیاوێکی کۆڵنەدەری داهێنەر بە نێوی رۆبینسون کروزو، کە ماوەی بیست و چوار ساڵ لە دورگەیەکی دوورە دەستا بە تەنێ دەژی، دەگێڕدرێتەوە. لەبەر رۆشنایی بوێری، سەبر، توانا، زیرەکی و داهێنەری سەیری خۆدا رووبەڕووی گرفت و رووداوانی جۆراوجۆر دەبێتەوەو بەسەر هەموویاندا سەردەکەوێت.

دیفو لە دوای روبینسون کروزو، کە لە ریزی پێشەوەی رۆمانانی ئینگلیزی دایە، چیرۆکی دیکەشی نووسیون کە باشترینیان: کاپتن سینگلتون (1720)ـە، سەر بورێکە دەربارەی دزیی دەریایی لە کەناری ئەفریقیا، و مول فلاندرز (1722)، رۆمانێکی پیکارسکە (سەرگەردانی و ئاوارەیی)، کە لە قاڵبی بیرەوەرییەکانی نووسەردا دەگێردرێتەوە. قارەمانی چیرۆکەکە، مول فلاندرز، ژنێکە کە لە ماوەی شەست ساڵی تەمەندا، پێنج جاران شوو دەکات، دوانزە ساڵ بە قەحبەکاری، دوانزە ساڵ بە دزی، و هەشت ساڵ بە تاوانکاری بەسەر دەبات، و سەرەنجام دەوڵەمەندو شەرەفمەند دەبێت، و بە تۆبەکاری دەمرێت، کۆڵۆنێل جاك (1722) و رەکسانا (1724) لە رۆمانەکانی دیکەی دیفون.

عادەتەن رۆژانە یاداشتەکانی ساڵی تاعون (1722) بە باشترین بەرهەمی دیفو دەزانن، ئەم کتێبە راپۆرێکی راستگۆیانەیە دەربارەی هاووڵاتییەکی لەندەنی. ئەو سەرانسەری ساڵی 1665ی، کە تاعونێکی ترسناك لە لەندەن دا بڵاو بوو لە شاردا گوزەراند.

دیفو لە بەر دوو هۆ لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی دا دەدرەوشێتەوە. یەکەم ئەمەیە کە ئەو رێگەی بۆ رۆمانی ئینگلیزی خۆشکرد، رۆمانسەکانی ئەو هەموو مەرجەکانی رۆمانیان، جگە لە پلۆتی مکومو گونجاو بۆ رۆمان، تێدایە. دووەم ئەمەیە کە دیفو لە پەرەسەندنی پەخشانی ئینگلیزیدا بەشدارییەکی گەورەی هەیە– و ئەمە دەربارەی ئەو کە هیچ جۆرە بایەخدانێکی بە شێواز نەبوو، سەیر دەنوێنێ، بێ موبالاتی دیفو بە رەخنەی فەرمی، و هەروەها پەلەکردنی لە نووسیندا، خۆی گوتەنی شێوازێکی سادەو راشکاوی لێکەوتەوە. چۆنیەتی پەخشانی زندوو و دیالۆگی ئەو بەسەر ناسکی و سەلاری دەستکردی پەخشانی ئینگلستاندا زاڵ بوو، و لە چەسپاندنی تۆنی پەخشانی ئینگلیزی رۆژانەدا رۆڵێکی گەورەی هەبوو.

<u>**جونەتان سویفت** (1667– 1745):</u>

تەنزنووس، وتارنووس، و شاعیر بوو، لە دوبلین لە خێزانێکی ئینگلیزی نەژادی دەستکورت لە دایك بوو. لە هەمان شاردا خوێندویەتی و لە ترینتی کۆلیج کارنامەی وەرگرت. لە ساڵی 1689دا بۆ ئینگلستان رۆیی و بوو بە سکرتێری سێرویلیام تمپل، لە خزمەتی تمپل دا بوو کە سویفت، ئیستر جونسونی ناسی، و ئەم ناسینە بە تەمەنێك لە دۆستایەتی، و رەنگە زەماوەندی پەنهانیش لە ساڵی 1716دا، شکایەوە، سویفت لە هەواڵێك بۆ ستیلا (1710– 1713)دا، کە لە قاڵبی نامەدا بۆ ئیستر نووسراوە، نەمری بەم ژنە بەخشیوە، ئەم کتێبە هیواو ئومێد، نیگەرانی، ژیانی کۆمەڵایەتی و دەسیسەکارییە سیاسییەکانی نووسەرەکەی ئاشکرا دەکات، لە ماڵی تمپل دا سویفت هەندێ شت لەمەڕ سیاسەتیش فێر بوو، و یەکەمین پەخشانە بەرهەمی گرنگی، چیرۆکی تەشت (1704) بوو، کە تەنزێکی مەجازییە دەربارەی گروپە مەسیحییەکان و ناکۆکی کلێسا مەسیحییەکان. لەگەڵ چیرۆکی تەشتدا، جەنگی کتێبان (1704) بە چاپ گەیەنرا. سویفت لەم تەنزەدا داستانانی قارەمانی و هەروەها مشتومڕی ئەدەبی سەردەم لەسەر ئەوەی پێشینان باشترن

یـان ئـەمڕۆییان، بـەر تـەوس و توانجـان دەدات. بـەڵام ئـەو بـە خـۆی بـەهۆی نزیکـی پێشـینان لـە تەبیعەتەوە، لایەنی ئەوان دەگرێت.

ســویفت لــە ســاڵی 1710دا لــە ویگــەکان دابــڕاو پەیوەنــدی بــە تورییەکانــەوە کــرد. نامــە ماﻣۆسـتایانەکەی، رەفتـاری یـەکگرتووان (1711)، دەربـڕی ئاشـتیخوازی تورییەکانـە لـە جـەنگی جێنیشـینی ئەسـپانیادا، لـە سـاڵی 1713دا مەلیکـە ئـان، سـویفت-ی، بـێ ئـارەزووی خـۆی، بـۆ سەرپەرشتی دێری سەنت پاتریك هەڵبـژارد. لـەم حـاڵ و بـارەدا، دەسـەڵاتی تورییـەکان روو لـە ئـاوا بـوون چـوو، وسـویفت دڵشـکاو غـەمین ملـی دا بـۆ دوور خسـتنەوە بـۆ ئیرلەنـدا، و سـاڵانی کۆتـایی تەمەنی بە خەم و پەژارە بردە سەر.

شـاکاری سـویفت سـەفەرنامەی گولیڤـەر (1726)ــە، گـەواهی و دەربـڕی تونـدترین هێرشـی تەنزئامێزی ئـەوە بـۆ سـەر تـیرەی بەشـەر، ئـەم تـەنزە عەجیبـە، کـە چـوار کتێبـە، چیرۆکـی سـەفەری گولیڤەر، پزیشکی کەشتییەکی بازرگانییە کە دەبێ بە کەشتیوان و بۆ وڵاتانی دوورە دەست و پڕ لە سـەیرو سـەمەران سـەفەر دەکـات. لـە کتـێبی یەکەمـدا، کەشـتییەکەی گولیڤـەر تێکدەشـکێنێ و دەکەوێتە وڵاتی لیلیپوت، کە دانیشتوانەکانی شـەمولانی بـە ئەنـدازەی یـەك گرێـی قـامکن، سـویفت لێـرەدا بنیادەمـان و هـەموو شـتەکان بچـووك دەکاتـەوە، تـا مرۆڤـان و دنیـای مرۆڤـان بچـووك و پێکـەنیناوی نیشـانبدات. لـە کتـێبی دووەمـدا، گولیڤـەر، لـە برابـدنیگانگ-ی وڵاتـی زەبەلاحانـدا، وێنـەدەگیرێت. سـویفت لـەم بەشـەدا، بـە گـەورەکردنی پێوەرەکـان و گـۆڕینی بنیادەمـان بـۆ دێـوانی زەبەلاح، نەفرەت ئەنگێز دەیان نوێنێ. لە کتێبی سێیەمدا، گولیڤەر، بۆ دوورگـانی زۆر سـەیری وەك لاپوتا، قەڵەمڕەوی ئاوەزمەندان، سەفەر دەکات، سویفت لەم بەشەدا گاڵتەو تەوس بە فەیلەسـوفان، هزرمەندان و سیاسـەتوانان دەکـات، لـە کتـێبی چـوارەمدا، گولیڤـەر دەگاتـە هـوین نم لانـد-ی وڵاتـی ئەسپانی بـە ئـاوەز، ئەسـپان کـە هـوین نم-یـان نـاوە، بـە ئـەقڵ و سـادەیی و تـەقواو خێـر ئەندێشـی دەژیـن، لـە راسـتیدا رەنگدانـەوەی چاکەکانی تـیرەی بەشـەرن. هـوین نمـە کـان، بـە ناچـاری ژێـر دەسـتەیی حـەیوانانی ئینسـان ئاسـا، بـە نـاوی یاهوەکـان کـە ناڕەسـەن و نـەفرەت ئـەنگێزن قبـوڵ دەکەن. گولیڤەرش بە تەواوی وەکو ئەم ناڕەسەنانەیە، بەڵام بێهـودە پـێ دادەگرێـت کـە لـەوان نییـە، چونکە خودی سویفت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو تیرەی بەشەر یاهون.

عادەتـەن سـەفەرنامەی گولیڤـەر بـە کتێبێکـی سـەرگەرمکەر بـۆ منـداڵان دەزانـن، بـەڵام ئـەم بەرهەمـە تەنزێکی بە چزی سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەربارەی ژیان و بـەهاکانی سـەردەمی خـۆی. سـویفت لـە بنچینەدا ئەم کتێبەی بە تووڕەیییەکی زۆرەوە لـە عەلـەیی زبـری، شـەڕخوازی، خیانـەت، و حەماقـەتی بەشــەریەت، و بــە مەبەســتی ئــازاردانی خــەڵکی جیهــان نووســیوە، نــەك بــۆ ســەرگەرمکردنیان. پێشنیازێکی بچووك (1729) نموونەیەکی دیکەی تەنزی توندو بە چزی سـویفتە، کـە بـە شـاکاری تـەنزو ریشـخەن دەژمێردرێـت. سـویفت لێـرەدا پێشـنیاز دەکـات کـە دەسـتکورتان منداڵـەکانیان بـۆ خۆراکی سەرمێزی دەوڵەمەندان بفرۆشن.

<u>جۆزیف ئەدیسۆن (1672- 1719):</u>

شاعیرو گوتارنووسی ئینگلیزی، لەگەڵ سێر ریچارد ستیل (1672– 1729)ی گوتارنووس و شانۆنامەوانی ئیرلەندیدا، دوو هاوکاری دڵسۆزو دوو دۆستی نزیك بوون لە ژیانا، لەگەڵ ئەمەشا، کەسایەتی و خوو خدەیان بە ئاشکرا لێکدی جیابوو. ئەدیسۆن شەرمن، گۆشەگیر، هێمن، دەست و دڵ کراوە، و خوێنەوار بوو، و ستیل خوێنگەرم، میهرەبان، ئیجتیماعی و بەزۆری بێ موبالات بوو.

ئەدیسۆن بە هۆزانێن لاتینی، گوتارێن جۆراو جۆرو بەیتی داستانی جەنگ (1704) ناوبانگی دەرکرد، بەرهەمێکی شایستەی دیکەی ئەو کاتو(1713)یە، تراجیدیایەکی کلاسیکییە کە بە شیعری ئازادو بە گوێرەی رێساکانی بوالو دانراوە.

ستیل بە یەکەمین شانۆنامەی، دەستووری ناشتن (1701)، کە کۆمیدیایەکە دەربارەی هەجوی نەیارانی کفن و دفن، ناوبانگێکی دەرکرد. دووەمین کۆمیدیای ئەو، ئەڤیندارى درۆزنە (1703)ش ناوی دەرکرد.

لێ شۆرەتی ئەدیسۆن و ستیل بەندە بەو گوتارانەیانەوە کە لە هەردوو بڵاوکراوەی تاتلەر (1709– 1711)و سپیکتیتوز (1711– 1712)دا بڵاویان دەکردەوە. تاتلەر کە بە هەوڵ و کۆششی ستیل هەفتەی سێ ژمارەی بڵاودەبووەوە، زیاتر تەنزێن کۆمەڵایەتی و رەخنەی داب و نەریتی سەردەمی لە خۆ گرتبوو، ئەم بڵاوکراوەیە پێنج جۆرە وتاری لە خۆ دەگرت: سەرگەرمی، هۆزان، هەواڵێن ناوخۆو دەرەوە، و بابەتێن پەراگەندە، لە کۆی ئەو "271" وتارەی کە لە سەردەمی تاتلەردا بڵاوبووەوە، سەدو هەشتاو هەشتیان نووسینی ستیل، و ئەوانی دی نووسینی ئەدیسۆن و خەڵکانی دی بوو.

سپیکتیتوزش هەفتەی سێ جار دەردەچوو و زۆربەی وتارەکانی دەربارەی مۆدی ژنانە، شوێنە سەیرەکانی لەندەن، شانۆنامە، لەزەتی خەیاڵ، زمانی ئینگلیزی، حیکایەتان، رەخنەی ئەدەبی، و باس و خواسی مەزەبی بوو، لەم بڵاوکراوەیەدا پێنج سەدو پەنجاو پێنج وتار بڵاوکرایەوە، کە دوو سەدو چوار دەیان نووسینی ئەدیسۆن بوو و دوو سەدو سی و شەشیان نووسینی ستیل بوو.

گوتارەکانی ئەم دوو بڵاوکراوەیە تا ماوەی یەك قەرن سەر مەشقی وتارنووسانی گۆڤاران بوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەو خوێنەرانەی کە عەودالی راستگۆیی و داهێنان و هەست بوون، ستایشی وتارەکانی ستیل–یان دەکرد، و ئەوانەی کە عەودالی ئاوەز بوون، ئەوانەی ئەدیسۆن–یان بە دڵ بوو.

## سەردەمی جونسۆن: پەخشان

<u>سەمۆئیل جونسۆن (1709– 1784):</u>

بە دکتۆر جونسۆن ناسراوە، زمانەوان، وتارنووس، شاعیر، و سیمای بەرجەستەی ئەدەبیات بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەم دا. لە لیچفیلد، لە خێزانێکی کتێبفرۆشی دەستکورت لە دایک بوو. لە هەمان شاردا چووە قوتابخانە، و پاشان چووە کۆلیجێك لە ئۆکسفۆرد، بەڵام هەژاری لە خوێندنی کرد. چەند ساڵێك لە زاگەی خۆی بەڕێوەبەری قوتابخانەو کتێبفرۆش بوو، و لە ساڵی 1737دا چوو بۆ لەندەن، و ساڵانی دەستکورتی و پەریشانی ونەخۆشیی دەستی پێکرد، لە پێناوی چەند عانەیەك دا هەموو کارێکی دەکرد، و بۆ یەکێك لە گۆڤارەکانیش بابەتی دەنووسی، لە هەموو نووسینەکانیدا شەقڵی لاتینی، هەم لە شێوازاو هەم لە وشەکانیا ئاشکرایە.

جۆنسۆن لە ساڵی 1737دا شیعری تەنزئامێزی "لەندەن"ی بڵاوکردەوەو، لە ساڵی 1749دا شیعرێکی دیکەی بە ناوی "بێهودەیی ئارەزووە مرۆڤانییەکان" بڵاوکردەوە، کە سووکە سەرکەوتنێکی بە دەست هێنا. لە هەمان ساڵدا تراجیدیایەکی بە ناوی ئیرنە بڵاو بووەوە، کە شۆرەتێکی بۆ بەدەست هێنا. جۆنسۆن وردە وردە بە زنجیرە وتارەکانی لە ژێر سەر ناڤی قسەی بێ سەروبەر 01750- 1752)و بێکارە (1758-1760) وەکو پەخشاننووس کەوتە بەر دڵ، هەندێ لە وتارەکانی قسەی بێ سەروبەر دەربارەی بابەتی ئەخلاقی، و ئەوانی دیکە بابەتی ناوەڕۆك ئەدەبی و کۆمەڵایەتین،

جونسون لە ساڵی 1759دا، کە بە مردنی دایکی خەمبار بوو، رۆمانسی فەلسەفی راسلاس-ی نووسی، قارەمانی رۆمانەکە، راسلاس، شازادەیەکی حەبەشییە کە لە دۆڵی بەختەوەریدا دەژی. ئەو کە لە ژیانی ئاسوودە بێ تاقەت دەبێت، لەگەڵ شاعیرێکی فەلسەفەبازدا لە دۆڵی نێوبراو هەڵدێ تا بەختەوەری تەواو پەیدا بکات. جونسون کە رادەی بەدبەختییەکانی ژیانی لە خۆشییەکانی ژیان بە زیاتر دەزانی، لەم چیرۆکەدا پوچی ئارەزووەکان و بێهودەیی گەڕان بە دووی بەختەوەری تەواودا نیشاندەدات. سەیر ئەمەیە کە ئەو ئەم کتێبەی لە ماوەی یەك هەفتەدا نووسی، تا خەرجی ناشتنی تەرمی دایکی دابین بکات.

بەرهەمی ناودارو زندووی جونسون، فەرهەنگی زمانی ئینگلیزییە (1755) کە هەر لە سەردەمی ژیانی خۆیدا پێنج جاران چاپ و بڵاوکرایەوە، جونسون لەو ساڵانەدا کە هێشتا گومناو بوو دانانی ئەم کتێبەی دەست پێکرد، و تەنیا باڵ، و لە هەڕەتی هەژاریو ناڕەحەتی و نەخۆشی و خەمدا تەواوی کرد. ئامانجی ئەو لە دانانی ئەم بەرهەمە مەزنەدا چەسپاندنی فۆنەتیك، ئاسانی دۆزینەوەی وشەو دیاریکردنی سنوری بەکار هێنانی وشە بوو لە زمانی ئینگلیزی دا. جونسون بە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگەکەی وەکو یەکێك لە دیارترین سیما ئەدەبییەکانی سەردەم ناسرا. ئەو پێناسە جوانو بەهێزانەی کە جونسون لەم کتێبەدا دەربارەی وشە بە دەستییەوە داوە گەواهی خوڵق و خووی ئەوە.

جونسون لە ئا خرو ئۆخری تەمەنی دا دەوڵەمەندترین بەرهەمی خۆی، ژیانی شاعیران (دە جزمە، 1779- 1881) نووسی، لەم کتێبەدا ژیانو بەرهەمی پەنجاو دوو شاعیری دیاری ئینگلیزی هەڵدەسەنگێنرێ.

**جیمز بوزویل (1740– 1795):**

ئەدیب و ژیاننامەنووسی سکوتلاندی، کە لە ساڵی 1763ەوە دۆست و شاهیدی ژیانی جونسون بووە، ژیان و گوتە بەجێیەکانی ئەوی لە کتێبی ژیانی سەموئیل جونسون (1791)دا نووسیوە. ئەم کتێبە کە بە گەورەترین ژیاننامەی ئینگلیزی دەژمێردرێت، جونسون بە یەکێک لە جوانترین ئەو سیمایانە دەناسێنێ کە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بە خۆوەی دیتووە، لە راستیدا، بە هەوڵ و هیمەت و پشوو درێژی بوزویل، هیچ نووسەرێك وەکو جونسون بە ئینگلیزان نەناسێنراوە.

نووسینەکانی بوزویل کە ساڵانێکی زۆر بە فەوتاو دەژمێردران، لە ساڵی 1949دا دۆزرانەوە. ئەم نووسینانە کە لە زومرەی گرنگترین دۆزراوەکانی سەدەی بیستەمن، بریتیین لە نامەو بیرەوەری شەخسی بوزویل، دەستنووسەکانی جونسن و رینولدز، و چەند نووسینێکی دیکە.

**ئولیڤەر گولد سمیت (1728– 1774):**

رۆماننووس، شانۆنامەوان، گوتارنووس و شاعیرێکی گەورە بوو. لە ئیرلەندا، لە خێزانێکی کەشیشی پروتستان و دەستکورت چاوی بە دنیا هەڵێناوە، لە زاگەی خۆی خوێندویەتی، و لە ساڵی 1752دا چوو بۆ ئەدینبورگ، دوای ساڵ و نیوێك بەرەو لیدنی فەرەنسا چوو و ماوەیەك دەرسی پزیشکی خوێند، ئەوسا لە ئەوروپادا کەوتە سەفەر، و لە ساڵی 1756دا گەییە لەندەن، لەم شارەدا دەستی دایە هەموو جۆرە کارێك، و سەرەنجام بوو بە نووسەرێکی بەکرێ گیراو، لەم حاڵ و بارەدا کەسێکی تەمەن سی ساڵەی دەستکورت بوو، و تاقەتی هەموو دۆستانی خۆی بردبوو، گولدسمیت سەرەنجام رووی کردە خوێندنەوەی جدی، و زنجیرە گوتارو چیرۆکانێکی بۆ گۆڤاری بی (1759)، کە تەمەنێکی کورتی هەبوو، نووسی و وردە وردە ئیحتوبارێکی پەیدا کرد. بەڵام بە رۆمانی تەنزئامێزی خەڵکی جیهان (1762) بوو کە ناوی گولدسمیت کەوتە سەر زاران، ئەم رۆمانە کە لە قاڵبی نامەو بە پەخشانی دیالۆگی نووسراوە، لە ساڵانی 1760– 1761دا لە شێوەی زنجیرە گوتارێك دا بەناوی نامە چینییەکان لە یەکێك لە گۆڤارەکاندا بڵاوبوو بووەوە. شیعرێکی بەناوبانگی گولدسمیت بە ناوی "رێبوار– 1764"، کە لە قاڵبی داستاندا نووسرا بوو، شۆرەت و ناوبانگی چەسپاند، لەم حاڵ و بارەدا وەعزی دارایی ئەویش تۆزێ باش بوو، هەر چەندە هێشتاش هەر حیسابی دەرامەت و خەرجی نەبوو و هەمیشە قەرزار بوو.

گولدسمیت بە رۆمانی: کەشیش ویکفیلد (1766)، کە بەباشترین رۆمانی قەڕن لە قەڵەم دەدرا، دڵی خوێنەرانی داگیرکرد. ئەم رۆمانە کە بە خۆشەویست ترین رۆمانی سەدە ژمێردراوە، چیرۆکی خانەوادەیەکی نەجیب و بە تەقوایە کە گەلەك بەدبەختی هەیە، لێ ئاقیبەت هەموو شتێك دێتەوە تایم. هۆزانێن دڵگیری وەك "شین بۆ سەگێکی شێت" ئەم بەرهەمە کلاسیکەی رازاندووەتەوە، و گاڵتەبازی نووسەر لە بندێڕی ئەم شیعرانەوە خۆی دەنوێنێ.

بەناوبانگترین شیعری گولدسمیت "گوندی چۆڵ"ـە، لە ساڵی 1770دا بڵاوبووەوە. لەم شیعرەدا چۆڵ بوونی گوندەکان لە دانیشتوان لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا وێنە دەگرێت، و هۆی

ئەمە بە مۆدپەروەری، بازرگانی دەرەوە، شوراکێشی پاوان و لەوەڕگەکان، و گەشەکردنی سەرەتانی لەندەن.

گولدسمیت لە درامانووسیشدا دەستێکی هەبوو، یەکەمین شانۆنامەی، پیاوی خۆش سروشت (1768) کۆمیدیایەکی سەرکەوتوو بوو، دووەمین کۆمیدیای، ژنێك کە گویٚ رایەڵی دەکات تا داگیربکات (1773) یەکێکە لە جوانترین شانۆنامەکانی زمانی ئینگلیزی.

# شیعری بەر لە رۆمانتیك

<u>جیمز تومسن (1700– 1748):</u>

لە دوای پۆپ بەناوبانگترین شاعیری ئینگلیزی بوو لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا، ئەو کە بە یەکێك لە پێشەنگانی بزووتنەوەی رۆمانتیك دەژمێردرا، لە سکوتلاند هاتە دنیا، بە مەبەستی چوونە کڵێسا لە زانستگەی ئەدینبورگ خوێندی، بەڵام دەستبەرداری ئەم بیرە بوو و لەساڵی 1725دا چوو بۆ لەندەن تا زەوقی خۆی لەواری نووسەریی دا تاقی بکاتەوە. بڵاو بوونەوەی شیعری: "زستان" لە ساڵی 1726دا بووە مایەی سەرکەوتنی، و لە ساڵی 1727دا "هاوین"و پاشان "بەهار"– 1728ی بڵاوکردەوە، و چونکە "پاییز"شی دانا، هەر چوار شیعرەکەی لە کتێبێکدا بە ناوی وەرزەکان– 1730 بڵاوکردەوە، هۆزانەکانی ئەم کتێبە، کە لە قاڵبی شیعری ئازادا هۆنراوەتەوە، لە زومرەی هەوەڵین شیعرێن زمانی ئینگلیزین لە وەسفی سروشتدا. تۆمسن بەم کتێبەدا دەچێتە ریزی ئەو شاعیرانەی، کە شیعری سروشتیان بە شێوەیەی رۆمانتیکەکانی ساڵانی دواتر گوتووە، لە بنەڕەتا ئەو شاعیرێك بوو کە هەستی جوانیی سروشتی دووبارە کەشف کرد، و بە جورئەتەوە وەکو داکۆکی کاری شیعری سروشت هەنگاوی نا. لە وەرزەکاندا، شاعیرێکە ئاسۆساز، کە بە دڵسۆزی دەکەوێتە وێنەگرتنی بێشەکان، مەزراکان، باڵندەکان، و دەشتەکان.

دوا هۆزانی تومسن "قەڵای تەمەڵی" – 1748 بوو، کە ئەمیش سەر ریٚژە لە ڤیانی سروشت.

<u>تۆماس گری (1716– 1771):</u>

کوڕی سوو خۆرێکی گەندەڵی خەڵکی لەندەن بوو. بە هەوڵ و هیمەتی دایکی لە ئیتن خوێندی و پاشان چوو بۆ کەمبریج، بەڵام زۆر زوو ئەوێی تەرك کرد، و لەگەڵ هوراس والپولی دۆستی دا چووە سەفەری ئەوروپا.

یەکەمین دیوانە شیعری گری، چەند چامەیەك دەربارەی بەهار (1742) بوو کە شۆرەتێکی بۆ پەیدا کرد. بەڵام بڵاوبوونەوەی بەیتە بەنێوبانگەکەی "لاوانەوەیەك لە گۆڕستانی گوندێك– 1750) بوو کە وەکو گەورەترین شاعیری رۆژ ناسرا، ئەم بەرهەمە کە یەکێکە لە جوانترین بەیتە ئینگلیزییەکان،

بیرو هـزری وی لـه کـاتی تەمەشا کردنـی گـۆڕی دێهاتیانـدا دەردەبڕێـت. هـەر ئـەم بەیتەیـە کـە گـری دەخاتە خانەی گروپی "شاعیرانی ڕێبازی گۆڕستان)ـەوە.
دیوانە شیعرێکی بەناوبانگی دیکەی گـری، شـەش شیعرە، لـە سـاڵی 1753دا بڵاوبووەوە. پاشـان دوو غـەزەلی وی بـەناوی "پێشـکەوتنی هـەژاری"و "شـایەر" لـە سـاڵی 1757دا بڵاوبوونـەوە، لـە هەمان ساڵدا گری نازناوی میری شاعیرانی بەرکەوت، بەڵام بەخۆی قبوڵی نەکرد. شایەر، کە لەسەر بنچینەی ئەفسانانی ولز دانراوە، بۆ شا ئیدواردی یەکەمە کە هەموو شایەرە وڵزییـەکانی بـە مـەرگ مەحکوم دەکرد.
گری لە ساڵی 1768دا بۆ مامۆستای مێژوو و زمانە تازەکـان لـە کـەمبریج دا هەڵبـژێردرا. لـە ئـاخرو ئۆخری تەمەنی دا ئیسلاندی فێر بوو، و هەندێ شیعری بە ناوەڕۆك ئیسلاندیو سەلتی نووسی.

## ویلیام کولینز (1721– 1759):

یەکەمین شاعیری سەدەی هەژدە بوو کە بە گیانو ناسکی سـەردەمی ئیلیـزابتی روحێکـی تـازەی بـە خەیاڵ بەخشی. یەکەمین کاری ئەو، شوانکارەییە فارسییەکان (1742) بوو، کە پاشان لە ژێر سـەر ناڤی: شوانکارەییە رۆژهەڵاتییەکان (1757)دا بڵاوبووەوە، کالینز ژانرێکی تازەی غەزەلی وەسفی و حیکایەتەوانی داهێنا، ئـەویش لـە هـەوەڵین پێشـەنگانی رۆمانتیـك بـوو، کـە زۆربـەی شیعرەکانی دەربارەی تەبیعەت، و تەژی خەیاڵو هەستن.

## ویلیام کوپەر (1731– 1800):

پرشنگی درەوشـاوەی شـاعیرانی دوای ویلیـام کوپـەر بـەهرەو بلیمـەتی ئـەم شـاعیرەی شـاردۆتەوە، بـەڵام توانـاو دەسـەڵاتی لـە گـۆڕینی سـەلیقەکاندا بـە ئاراسـتەی ڕێبازەکـانی سـەدەی نۆزدەیـەم لـە هـەموو کـەس زیـاتر پـێش رۆمانتیکـەکان بـووە. ژیـانی شـیعریی کۆپـەر لـە دوا سـاڵەکانی تەمەنیـدا دەسـتی پێکـرد، و لـە ماوەیـەکی کـەما شـیعرە ئـاینی، فێرکـاریو مـەزەبی، و سـۆناتاکانی لەمـەڕ وەسفی سروشت دا هۆنیـەوە، ئـەم شـیعرانە نیشـانەی سـەرەتای جیابوونـەوەن لـە شـێوازی فـەرمی پۆپ و رووکردنە دنیای دەربڕینێکی سروشتی ترو سـادەترە کـە دوایـی لـە بەرهەمـەکانی وردزورث و کولریج دا رەنگی دایەوە.
بـەناوبانگترین بەرهـەمی کوپـەر بـە نێـوی ئـەرك (1785)ـە، بەیتێکـە لـە قـاڵبی شـیعری ئـازادا، و دەربارەی بابەتانی وەك سروشت، ژیانی گوندی، گیانلەبەران، خەڵکانی سـادەو کۆشـا، و ریفـۆرمی کۆمەڵایەتییە. ئامانجی ئەم بەیتە، کە شەقڵێکی ئوتۆبیۆگرافیانەی هەیە، بە گوتـەی خـودی کۆپـەر، دامرکاندنـەوەی جـۆشو خرۆشـی تازەیـە سـەبارەت بـە ژیـان لـە لەنـدەن، و ئامۆژگارییـە بـۆ سـود وەرگـرتن لـە ئاسـودەیی گونـد، بـەناوبانگترین گوتـەی چـڕو پـڕ مانـای کۆپـەری وەك: "خـوا گونـدی دروست کردو خوڵقاند، و مرۆڤ شار" لە هەمان بەیتدا کۆبووەتەوە.

## روبرت برونز (1759– 1796):

گەورەترین شاعیری سکۆتلاندییە کە بە هۆی وابەستەیی بە ئاوو خاك‌و خەڵكی دڵسۆزو سادەوە، کە لەگەڵ ویلیام بلیك دا، ناونیشانی یەکەمین شاعیری عەیارە بیست و چواری رۆمانتیکی سەدەی هەژدەیەم، پەیدا دەکات.

ئەو کە لە سکۆتلاند، لە نێو وەرزێرانی هەژاردا لە دایك بوو، لە چەند ساڵێك پتر نەچووە قوتابخانە، بەڵام تاسەو کەڵکەڵەیەکی سەیری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی هەبوو، برونز ئاشق و شەیدای کۆکردنەوەی گۆرانییە دەوڵەمەندەکانی سکوتلاندیش بوو، و لە بنەڕەتدا بەو سوناتانە بەناوبانگە کە دەربارەی سروشت، ڤیان، نیشتمانپەروەری‌و ژیانی گوندی، بە دیالێکتی سکوتلاندی گوتوونی. برونز شاعیری سەدان سروودو شیعری لیریکی جوانە کە جوانترینیان: "ماری ماریسن" و "جون ئاندرسن" یان ناوە. ئەمڕۆ کە برونز زیاتر لەبەر بەیتی چیرۆکڤانی: تۆم ئوشانتەر (1791) کە شاکاری ئەوە، و هەروەها لەبەر گۆرانییە دڵدارییە پڕ لە خرۆش‌و جوانەکانی بەناوبانگە.

برونز، وەکو بایرون چاسەر، توانایەکی تەواوی هەبوو لە سوود وەرگرتن لە تۆنی زمانی گفتوگۆ.

<u>**ویلیام بلیك** (1757 – 1828):</u>

شاعیرو نیگارکێش‌و مۆرهەڵکەن بوو، لە لەندەن لە دایك بوو، لە کڵێسای سن پل دا لە بەشی هونەردا خوێندی، ماوەیەکیش لە ئەکادیمیای پاشایەتی دا خوێندی. زەوقی نیگارکێشی ئەو هەر لە منداڵییەوە شکۆفەی کرد، و لە هەمان کاتدا هەندێ سروودی کینایەداری گوت، بەو رادەیەی کە دەربارەی گوتوویانە لە دە ساڵیدا هونەرمەند بوو و لە دوانزە ساڵیدا شاعیر، لەی منداڵییەوە لە نێو خەونە تایبەتییەکانی خۆیدا دەژیا، و لە جەرگی ئەم خەونانەوە ئەفسانەکانی خۆی ئەفراند.

شۆرەتی بلیك بەندە بە ئاڵۆزی‌و رەمزو هێمای شیعرەکانییەوە. گەلێك لە شیعرەکانی مانای راز ئاسایان هەیەو تێگەیشتنیان دژوارو ئەستەمە، بلیك کەسێکی شۆڕشگێڕ بوو لە هەنبەر سەردەمی ئاوەزدا، بلیك باوەڕی بە دەسەڵاتی دنیایی‌و حەقیقەتی مادە نەبوو، و لە شۆڕشی پیشەسازی بێزار بوو. هەر هەموو ئەو شتانەی لە سەدەی هەژدەیەمدا مایەی پەسند بوو تووڕی داو ، پلۆتێکی نوێی داڕشت. لە راستیا، بنەما مەزەبییەکانیشی زادەی بەرەنجامی زەینی خۆی بوو. بە هەر حاڵ، بۆچوون‌و نۆڕینی نوێ‌و خەسڵەتی غەریبی بلیك بووە مایەی ئەوەی کە ژمارەیەك ئەو بەمەیلەو شێت بزانن، بەم حاڵەشەوە، بەرهەمەکانی، لە سروودو گۆرانی نایابەوە بیگرە تا دەگاتە ئەو داستانە ئاڵۆزانەی کە لە قووڵایی نائاگاییەوە هەڵدەقوڵێن، تێکڕا درەوشانەوەیەکی بە شەوارەخەریان هەیە.

سکێچە شاعیرانەکانی (1783) کۆی سروودەکانی بلیکە لە رووی بەکارهێنانی زمانی زوڵاڵ‌و روون تۆنی زندوو، و وێنەی جوانەوە بە باشترین شیعری ئەو دەژمێردرێن.

دوو دیوانی شیعری بلیك بەناوانی: گۆرانی عیسمەت (1787)و گۆرانی تەجرەبە (1794)، جیاوازی نێوان مەعسومیەت‌و تەجرەبە،، یانی دوو حاڵەتی ناکۆکی روحی بەشەر وێنە دەگرن، لە شیعرەکانی دیوانی یەکەم دا شاعیر لە ئەشقی خوایی‌و هەستی هاوخەمی دێتە وەجدوحاڵ، و لە

کتێبی دووەمدا لە دەسەڵات پەیدا کردنی شەڕو شەیتان غەمگین دەبێت. لەم دوو دیوانەدا، کە بلیك پوختەترین و تەواوترین دەربڕینی شیعری بە دەست دێنێ، شادی منداڵێك لە بەرانبەر مناڵێك، شکۆفە لە بەرانبەر گوڵی ژاکاوا، و بەرخ (نیشانەی خێرو بێگوناهی) لە بەرانبەر بەور (نیشانەی شەڕو تەجرەبە) بە جوانی وێنە دەگیرێت.

دیوانێکی تری بلیك: ویساڵی بەهەشت و دۆزەخ (1793) نزیکی هزرو بیری ئەو لە فەلسەفەی رۆژهەڵاتەوە نیشاندەدات. لەم هۆزانەدا، بێگوناهی و تەجرەبە، خێرو شەڕو جەستەو روح بە جۆرێکی ئاوێتەو یەکگرتوو نیشاندراون.

بلیك لە شیعرەکانی دا عەوداڵی سۆزی خوایی و ئیلهام بوو و تەبیعەتێکی زێدەرۆیانەی هەبوو، و ئەمە پێچەوانەی ئەو ئەقڵە ساغڵەم و ئاوەزوو میانڕەوییە بوو کە پۆپ و جونسۆن و درایدن بڵاویان دەکردەوە. ئەو هیچ باوەڕێکی بەسەر مەشقانی پێشینان نەبوو و دەیگوت ئەگەر لەگەڵ خۆمان و خەیاڵەکانماندا دڵسۆز و راستگۆ بین، پێویستمان بە نموونەو پێوەرە یونانییەکان نابێت. دەربارەی خۆیشی هەر وابوو، سوناتەو هۆزانەکانی وێڕای نا هەمواری و دژایەتی فۆنەتیکی، سەر رێژن لە تریسکەی بلیمەتی.

بلیك حەکاك و وێنەگرێکی گەورەش بوو، و زۆر وێنەی لەمەڕ شیعرەکانی خۆی و شاعیرانی دیکە، لەوانە بە هەشتی گوم بوو،ی میلتون هەڵکەندووە، و لەم رووەوە وەکو هونەرمەند، پایەیەکی بەرزی لە جیهاندا هەیە.

((11))

## سەدەی نۆزدەیەم

**سەرەتایەکی مێژوویی:**

**لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە یەکگرتنی خودان پیشەکان و ویگەکانەوە، حیزبی لیبرال هاتە ئاراوە، ئەم حیزبە لە ساڵی 1832دا دەسەڵاتی سیاسی لەچینی ئەرستۆکراتەوە بۆ چینی بۆرژوا گواستەوە، و تا ماوەی چل ساڵ رایەکانی حیزب دەربارەی ئازادی کارو بازرگانی زاڵ بوو. لە سەردەمی پاشایەتی شەست و چوار ساڵەی مەلیکە ڤیکتۆریا (1837- 1901) رەونەق و شەوکەتی ئینگلستان گەییە لوتکەی خۆی. لیستی ریفۆرمی بوو بە سەرچاوەی ریفۆرمە رامیارییەکان، و یاسا ئابوورییەکان نا یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانی لە نێو برد. بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بەریتانیا ی گەورە، جەنگی تریاکی (1839- 1842) لەگەڵ چیندا هێنایە پێشێ، کە سەرەنجام جەنگەکە بە قازانجی بەریتانیا بڕایەوە، هەروەها سیاسەتی ئەوروپایی بەریتانیا، ئەم وڵاتەی خستە ناو جەنگی کریمەوە (1854- 1856) ویلیام ئورات گلادستون (1809- 1898) و بنجامین دیزرایلی (1804- 1881) لە پیاوە ناودارەکانی بەریتانیا بوون لە سەدەی نۆزدەیەمدا. گلادستون، کە رێبەری لیبرالەکان بوو، چوار جاران گەییە پۆستی سەرەك وەزیری بەریتانیا،**

هەوڵێکی زۆری بۆ پێشکەوتنی ئیرلاند، گۆڕین و ریفۆرمی هەڵبژاردن، بەرقەراری ئازادی بازارگانی، و ئیعترافکردن بە سەندیکا کرێکارییەکان، دا. بەڵام دیزرایلی خاڵی پێچەوانەی ئەوو داکۆکیکاری پرەنسیپەکانی پاراستنی بەرژەوەندی بازرگانی ناوخۆ بوو. ئەو کە لە ساڵی 1874دا بوو بەسەرۆك وەزیران، رابەرایەتی حیزبی محافەزەکاری لە ئەستۆ بوو، و بە نموونەی ئامانجە کۆلۆنی خوازەکانی بەریتانیا دەژمێردرا.

یەکێك لە ریفۆرمە ناوخۆکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا دامەزراندنی چینی کارمەندانی دەوڵەت بوو، کە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی باش کرد. لە هەمان قۆناغدا سەندیکا کرێکارییەکاینش پەرەیان سەند، قەیرانی ئابووری سەدەی نۆزدەیەم، لە هەمان کاتا کە رەونەقی بە ئیمپریاتۆرسازی دا، کرێکارنی، کە لە ساڵی 1817و 1885دا مافی رەئی دانیان بە دەست هێنا بوو، هاندا بۆ فراوانکردنی سەندیکا کرێکارییەکان و حیزبی کرێکار لەمەوە هاتە ئاراوە (1900). لە بەرامبەر ئەم حیزبەدا، محافەزەکاران هەبوون، کە یەیڤداری کۆلۆنی خوازی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا بوون، و ئەم وڵاتەی لەجاران زیاتر خستە سەر رێگەی فراوانخوازی لە میسرو ئەفریقای باشوور.

## سەردەمی رۆمانتیك

## (1832-1798)

**نۆڕینێکی گشتی:**

دەبێ بۆ رەگ و ریشەکانی رۆمانتیزمی سەدەی نۆزدەیەم لە سەدەی پێشوودا بگەڕێی: لە دوور کەوتنەو لە ئامۆژگارییەکانی ناودارانی وەك تومسون، گری، کولینز، چەترتن، و کوپەر، لە رەوتی شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتا، لە شۆڕشی فەرەنسادا، و لە شۆڕشی ئەدەبی ئەڵماندا، ئەمە جگە لەوەی برونزو بلیك بە مانای راستەقینەی وشە رۆمانتیك بوون.

بەڵام رۆمانتیزمی ئینگلستان لە ساڵانی 1789– 1832دا لە بەرهەمەکانی وردز ورث، کولریج، شیلی، بایرون، کتیس، سکوت، و لەندوردا شکۆفەی کرد. ساڵی 1798 بڵاوبوونەوەی چامەی لیریکی، کاری هاوبەشی وردزورس و کولریج، دوو تێوری پەروەری پێشەنگی بزووتنەوەی رۆمانتیکی بەخۆوە بینی. و ساڵی 1832 نەك هەر ساڵی پەسند کردنی لیستێکی گرنگی ریفۆرمان، بەڵکو سەرەتای سەردەمی ڤیکتۆریا بوو.

لە سەدەی نۆزدەیەم دا هەر چەندە ژمارەیەك نووسەر هەندێ شانۆنامانیان نووسی، بەڵام. شانۆنامەنووسی تەقریبەن بە تەواوەتی لە رەونەق کەوت. لە جیاتی ئەوە، رۆمان گەییە ئەوپەڕی برشت و شکۆداری خۆی. بە شێوەیەکی گشتی رۆمان کە لە سەدەی هەژدەیەم دا باش گەشایەوەو

لە قۆناغی بەر لە رۆمانتیك دا رێگەی پوختە بوونی بڕی بوو، لەم سەدەیەشدا بە گەشاوەیی ماوەیەوە.

هەر لەم سەروبەندەدا رۆمانی ترس و رەمزو رازی ناسراو بە رۆمانی گوتیك، کە بە هەوڵ و هیمەتی هوراس و والپول (1717– 1797) بە رۆمانی قەڵای ئوترانتو (1764) دەستی پێکرد بوو، لە رۆمانەکانی ئان رادکلیف (1764– 1823) وەکو رۆمانسی بێشە (1791)، نهێنییەکانی یودالفو (1794) ئیتالیایی (1797) گەییە لوتکەی پوختەیی و پەرەسەندن. باشترین نموونەی رۆمانانی گوتیك، رۆمانێکی غەریبی ویلیام بکفورد (1760– 1844) بوو بە ناوی ڤاثك VATHEK، کە هەوەڵجار بە فەرەنسی نووسراو پاشان کرا بە ئینگلیزی.

رۆمانانی گۆتیك دەورێکی گەورەیان لە پێشڤەبردنی بزووتنەوەی رۆمانتیك دا بینی، لە هەوەڵین ساڵانی سەدەی نۆزدەدا ماتیوگریگوری لویس (1775– 1818) نووسینی ئەم جۆرە رۆمانانەی بە بەرهەمێن وەکو رەبەن (1796)و چیرۆکانی ترس (1800) درێژە پێدا، و سەرەنجام ماری شیللی (1797– 1851) بەناوبانگترین رۆمانی گوتیکی، بە ناوی فرانکنشتین (1818) نووسی.

## هۆزان

<u>ویلیام وردزورث (1770– 1850)</u>:

لە دەڤەری لیك دیستریکت–ی کەمبرلاند چاوی بە دنیا هەڵێنا، لە هەشت ساڵیدا دایکی لە دەست داو لە سیانزە ساڵی دا بابی. دوای تەواو کردنی خوێندنی ناوەندی، لە سنت جان کولیج دا درێژەی بە خوێندندا (1787– 1791)، لە ساڵی 1790 بە پێیان سەفەری فەرەنسا، دۆڵی راین، سویسرا و ئیتالیای باکووری کرد. ساڵی دواتریش چوو بۆ فەرەنساو تا 1972 لە ئورلیان مایەوە. لەم ساڵانەدا بە گەرم و گوڕی و تاسەوە باسی شۆڕشی فەرەنسای دەکردو تەواو لە ژێر کاریگەری روسودا بوو، بەڵام دواتر زێدەڕۆییەکانی شۆڕشی فەرەنسا رەنجاندیان، تا زیاتر دەچووە تەمەنەوە. محافەزەکارتریش دەبوو.

هەوەڵین هۆزانانی وردزورس لە دوو دیواندا، ئێوارە گەڕان، و سکێچە وەسفییەکان، لە ساڵی 1793دا بڵاوبووەوە، ئەم شیعرانە لە قاڵبی کێشی داستانیدا، و لە ژێر کاریگەریی شیعری رێبازی گۆڕستاندا گوترا بوون.

وردزورس لە ساڵی 1799دا لەگەڵ دوروتیی خوشکیدا، کە هاودەمی هەمیشەیی بوو بۆ ناوچەی دەریا گەڕایەوە. عادەتەن وردزورس، و یاوەرو هاوکارەکانی دیکەی کولریج، و ساوتی–یان بە شاعیرانی لیك دیستریکت ناو دەبردو ئەمەش لەبەر حەزی ئەوان بوو بە ژیان لە لیك دیستریکت لە باکووری رۆژئاوای ئینگلستان.

گرنگترین بەرهەمی دواتری وردزورس، چامە لیریکییەکان (1798) بوو کە یادگاری هاوکاری ئەو لەگەڵ کولریج دا بوو. وردزورس لەم کتێبەدا کە ژمارەیەك لە جوانترین هۆزانی وی لە خۆ دەگرێت، هەوڵیداوە ئەو شتەی ئاسایی و کۆن دەنوێنێ، جادوویی و سەیری پیشان بدات، وەکو چۆن کە کولریج لە هەوڵی ئەوەدا بووە تا بابەتێن میتافیزیکی بە جۆرێکی واقیعی نیشانبدات، وردزورس بۆ چاپی دووەمی چامە لیریکییەکان، کە لە ساڵی 1800دا چاپ بووەوە، پێشەکییەکی درێژو گرنگی نووسی کە دەبڕی بۆچوونی ئەوە لەمەڕ شیعرو یەکێکە لە گرنگترین بەڵگەنامە رەخنەییەکان لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا.

یەکێك لە درێژترین و دڵگیرترین شیعری وردزورس "ئاماژەێن نەمری (1807)"ە، شیعرێکی بەناوبانگی دیکەی بەناوی ((گەڕان- 1814))ە، بەشێکە لە بەرهەمێکی گەورەی فەلسەفی کە وردزورس خەیاڵی دانانی هەبوو، بەڵام سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا. پارچە شیعرێکی درێژی تری ئەو بە ناوی "پێشەکی- 1850"یە، لە راستیدا ژیاننامەی خودی شاعیرە، ئەم شیعرە راپۆرتێکی راستگۆیانەیە لەمەڕ ئەزموونە زەینی و سۆزدارییەکانی ئەو. لێرەدا وردزورس بۆ ساڵانی منداڵیەتی خۆی، بۆ سەردەمی خوێندنی لە کەمبریج، و بۆ رۆژگاری دانیشتنی لە فەرەنسای سەردەمی شۆڕش دەگەڕێتەوە، و لەگەڵ تێپەڕ بوونی ژیانیدا گەشەکردنی زەینی خۆی وێنە دەگرێت.

وردزورس شاعیرێکی رەسەن و داهێنەر بوو. راستگۆیانە و لە ناخەوە ستایشی تەبیعەتی دەکرد، و بە خۆی شاعیری تەبیعەت بوو، بەڵام تەنیا نیگارکێشی زەبەر دەستی دیمەنانی سروشتی نەبوو. بەلای ئەوەوە هەر شتێکی لە تەبیعەت دەژنەفت، و هەر شتێك لە تەبیعەتەوە ئیلهامی پێ دەبەخشی، بایەخی هەبوو، لە راستیا، ئەو شاعیرێکی هزرمەند بوو کە سەرچاوەی هزرەکانی لە تەبیعەتدا دەبینییەوە. بوونی ئەو بە جۆرێ لە ڤیان و خۆشەویستی تەبیعەت تەژی بوو، کە دەیگوت زمانی شیعر دەبێ هەمان زمانی سادەی وەرزێرانی بێ ریا بێ، لێ خەیاڵی بەهێزی، ئەوی بەرەو ئەودیو قەڵەمڕەوی ژیان و بیری مرۆڤی گوندی بکێش کرد. وشەی بە بریق و باق و پوکی توڕداو شیعری تایبەتی خۆی بە زمانێکی سادەو بێ ئارایشت خوڵقاندن.

<u>سەموئیل تایلور کولریج (1772- 1834)</u>:

شاعیرو تیۆریزانی پێشەنگی بزووتنەوەی رۆمانتیکی ئینلگستان، کوڕی سیانزەیەمی کابرایەکی خەڵکی دونشایر بوو. هەوەڵجار لە لەندەن لە قوتابخانەیەکی خێرخوازی خوێندی، و پاشان لە ساڵی 1791دا داخڵی کەمبریج بوو، بەڵام لە ساڵی 1793دا ئەوێندەری تەرك کردو بۆ لەندەن رۆیی، کولریج لە ئوکسفوردا بروبەرت ساوتی بینی، و ئەم دووە کەوتنە بیری دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یوتوپیایی لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی رۆسۆ و گادوین. بەڵام ئەم یوتوبیایە بە هۆی نەبوونی پشتیوانی داراییەوە هەرگیز نەهاتە دی.

کولریج لە ساڵی 1796دا یەکەمین دیوانە شیعری بڵاوکردەوە، و لە هەمان ساڵدا رۆژنامەی سیاسی ئازادیخوازی واچمەن-ی دەرکرد، کە پتر لە دە ژمارە بەردەوام نەبوو.

دۆستايەتی کولریج لەگەڵ وردزورسدا کە لە ساڵی 1897دا دەستی پێکرد، کولریج-ی وا لێکرد جوانترین شیعری خۆی دابنێ.
بەرزترین بەری ئەم دۆستایەتییە چامە لیریکییەکان بوو، کە بەیتی "دەریاوانی پیر"ی کولریج-ی لە خۆ دەگرت. ئەم بەیتە درێژە سەیرترین شیعری رۆمانتیکی چیرۆکڤانییە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا. سەرسامییەکانی بەهێزو لە بیرنەچوو و عەجیبە، و سەرانسەری بەرهەمەکە تەژی جوانی لیریکییە. چیرۆکی بەیتەکە لە زمانی دەریاوانێکی پیرەوە دەگێڕدرێتەوە کە لە ناو سەهۆڵبەندانی جەمسەریدا باڵندەیەك بە گوللە دەکوژێت و کەشتییەکەی دووچاری نەفرین دەبێت، بای پێچەوانە هەڵدەکات، زەخیرەی تەواو دەبێت، کەشتیوانەکان لە برساندا دەمرن، و دەریاوانە پیرەکە بە تاقی تەنێ دەمێنێتەوە.
کولریج و وردزورس لە ساڵی 1797دا بۆ ئەڵمانیا سەفەریان کرد، و کولریج لە زانکۆی گوتینگن دا فەلسەفەی خوێندو فێری ئاڵمانی بوو. پاش گەڕانەوەی بۆ ئینگلستان لە ناوچەی دەریاچەکاندا ئاکنجی بوو تا لە وردزورس-ەوە نزیك بێت، بەڵام ئاوو هەوای شێداری ناوچەکەی پێ نەکەوت، و ئەو کە نەخۆش و پەریشان بیر بوو بوو، پەنای بردە بەر تلیاك، زۆر زوو ئالودەی تلیاك خواردن بوو. لە ساڵی 1804دا بە هێڤی چارەسەر چوو بۆ ماڵت، بەڵام لە 1806دا بێ هیچ ئەنجامێك بۆ وڵات گەڕایەوە. لە ساڵانی 1809- 1810دا بڵاوکراوەیەکی سیاسی فەلسەفی بەناوی فرێند- FRIND بڵاوکردەوە، دوو بەرهەمی ناوداری دیکەی کولریج، "کریستابل - 1816)و "قوبەلاخان- 1816"یان ناوە کە هیچیان تەواو نەکراون، کریستابل، یەکێکە لە جوانترین هۆزانێن ئینگلیزی کە لە رووی قاڵبی وەزندارو گونجاوەوە ناوبانگی دەرکردووە. و قوبەلاخان، پارچەیەکی شاعیرانەیە سەر رێژە لە نهێنی و رازو ماناو چەمکان. کولریج بە خۆی ئاماژە دەکات کە ئەم شیعرە جوانەی لە خەوێکی ئەفیونی دا گوتووە، و لە دنیای بێداری دا نووسیویەتی.
کولریج، بە یەکێك لە وتاربێژانی بەرجەستەی زەمانی خۆی و بەسیما زندووەکانی بزاڤی رۆمانتیکی ئینگلستان دەژمێردرێت. ئەو فەلسەفەی وجودی تەسەوری ئاڵمانی هێنایە ئینگلستان و هاووڵاتیانی خۆی بە گەنجینەی ئەدەبیاتی ئاڵمانی ئاشنا کرد. خەیاڵ و خەیاڵدانێکی یەجگار بەهێزی هەبوو، و ئالودە بوونی بە ئەفیون تەواو بردییە قاوغی خۆیەوەو نقومی خەونانی کردو کاری کردە سەر هاماج و کەش و هەوای شیعرە جادوییەکانی.

<u>جورج گوردون بایرون</u> (1788- 1824):

بە لۆرد بایرون بەناوبانگە، قارەمانی بزاڤی رۆمانتیك بوو. لە سێ ساڵیدا بابە دەست بڵاوو سەرکێشەکەی لە دەست داو لەلای دایکی لە سکۆتلاند گەورە بوو. لە ساڵی 1798دا بوو بە میراتگری عینوان و موڵکە خانەوادەییەکانی خۆیان، و لە ساڵی 1808دا خوێندنی لە کەمبریج تەواو کرد. لە ساڵی 1809دا کورسی ئەنجومەنی عەوامی بە دەست هێنا، بایرون لە نۆزدە ساڵی دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی سەعاتانی دەست بەتاڵی (1807) بڵاوکردەوە کە رووبەڕووی کۆمەڵێك رەخنەی کوشندە بووەوە، لە هاوینی ساڵی 1809دا رێگەی سەفەری

گرتەبەرو سەفەری پرتوغال‌و ئەسپانیا و میدیترانەو قەستەنتەنیەو ئاسیای بچووک‌و یونانی کرد، ئەم سەفەرە تەبیعەتی ڕۆمانتیکی بایرۆنی گەشانەوەو هەڵی گیرساند و بووە ئیلهام بەخشی گەلێك لە شیعرەکانی.

بایرون لە ساڵی 1811دا بۆ نیشتمان گەڕایەوەو دوو بەشی یەکەمی گەشت‌و گەڕانی چایلد هارولد (1812)ی بڵاوکردەوە، ئەم بەیتە چیرۆکڤانییە درێژە (بەشی سێیەم- 1816، بەشی چوارەم- 1818) کە بووە مایەی شۆرەتی بایرون، چیرۆکی پیاوێکی دڵ تۆراو لە لەزەتە گەوجانەکانی ژیان (لە ڕاستیا خودی بایرونە) دەگێڕێتەوە کە دەچێتە سەفەرانی دوورو درێژ، و لە هەر وڵاتێ دەکەوێتە وەسفی ڕابردووی ئەو وڵاتە..

لە نێو هۆنراوەکانی دواتری بایروندا، بووکی ئەبیدوس (1813)، چیرۆکێکی ئاشقانەیە دەربارەی ڤیان‌و مردن بە نێوەڕۆکێکی ڕۆژهەڵاتیانە، دزی دەریایی (1814)و لارا (1814)ش دوو بەیتی چیرۆکڤانین، لەسەر وەزنی داستانی، و نێوەڕۆکیان ئاوێتەیەکە لە ڤیان و مردن، قارەمانانی ئەم دوو بەیتە، وا تەکونراد و لارا، خەڵکانی زێدەڕۆ، ڕۆمانتیك، و نهێنی ئامێزن، و لە ڕاستیدا نموونەێن چۆنیەتی قارەمانی بایرونین.

باشترین بەرهەمی بایرون، دۆن جوانە (1818- 1824)، تەنزێکی داستانی تەواو نەکراو، لێوان لێوە لە گیانی پیاوەتی، دلێری هاولف لەگەڵ گاڵتەبازی‌و پڕ لە ڕەوانی زمانە. بایرون، لەم شیعرە درێژو گەورە ڕۆمانتیکییەدا، بە گێڕانەوەی ماجەرای حیرەت ئەنگێزی سەفەرێن ئاشقانەی دۆن جوان، ئەوپەڕی سۆزو جۆش‌و ئیلهامی شاعیرانە بەکار دێنێ‌و بلیمەتی قارەمانی و گاڵتەئامێزی خۆی دەردەخات. بایرون لە میانەی بەسەرهاتەکانی سەفەری دۆن جوان لە ئەسپانیاوە بۆ ئینگلستان لە ڕێگەی یۆنان‌و تورکیاو ڕوسیاوە، زۆر جار زنجیرەی سەفەرەکە دەبڕێت، و هزری خۆی لەمەڕ بابەتێن وەکو سەروەت، دەسەڵات، کۆمەڵگە، داوێن پاکی، شاعیران، سیاسەتوانان، و ئینگلستان دەردەبڕێت.

بایرون لە ساڵی 1812 بە دواوە قارەمانی ڕۆمانتیکی ئەنجوومەنەکانی لەندەن بوو و پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەك ژنانی ناسراودا هەبوو. سەرەنجام، لە ساڵی 1815دا لەگەڵ ئان میلبنکدا زەماوەندی کرد، کە ساڵی دواتر جیابوونەوە. چونکە بایرون دوای ژن هێنانیش هەر خەریکی مێبازی و ئاشقێنی بوو، و لەسەر ئەم کارەو بە هۆی پەیوەندی ئیحتیمالی لەگەڵ زڕ خوشکەکەی خۆیدا، کەوتە بازنەی ڕیسواییەوە. ناچار لە ساڵی 1816دا ئینگلستانی بە جێ هێشت‌و ماوەیەکی لە سویسرا بەسەر بردو پاشان لە ئیتاڵیا مایەوە. لەم وڵاتەدا هاوکاری نزیکی لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانپەروەراندا هەبوو، بەڵام لە ئاشقێنی خۆیشی غافڵ نەبوو. بایرون لە ئەنجاما بۆ یۆنان ڕۆیی‌و لە شەڕی سەربەخۆیی ئەو وڵاتەدا بەشداری کرد. و لەم وڵاتەدا نەخۆش کەوت‌و بە هۆی تای توندەوە مرد. بایرون لە ساڵانی مانەوەی لە ئیتاڵیاشدا چەند بەیتێکی دانا کە لە ناویانا زندانی شیلان (1816) ناوبانگی دەرکردووە.

بایرون شاعیرێکی چەلەنگ، بە جۆش، ڕەند، ئاشق، شەیدای جوانی تەبیعەت‌و ژن، شەیدای ئازادی مرۆڤ، خودانی قەریحەی تەنزو شۆخی و تەبیعەتی ساغڵەم بوو، و بە کورتی پیاوێکی تەواو

بوو. ژیانی پەریشانو شیعرە پڕ سۆزو هەستەکانی گەواهی رۆمانتیزمی زەمانی ئەون، ئەگەر رۆسۆ بە پەیامبەری بزاڤی رۆمانتیك دابنەین، ئەوا بایرون قارەمانی ئەو بزاڤەیە.

**پرسی بیش شیللی** (1792 – 1822):

لە خێزانێکی دەوڵەمەندو محافەزەکار چاوی بە دنیا هەڵێنا، بەڵام لە سەرەتای لاوییەوە کەوتە ژێر کاریگەریی رێبازە رۆشنبیرییەکانی سەردەم و بەتاسەوە کەوتە داکۆکی لە ئازادی و خەبات دژی گیروگرفتە سیاسی و مەزهەبییەکان.

لە ساڵی 1810دا بۆ خوێندن چووە ئوکسفۆرد. لەوێ نامەیەکی بەناونیشانی: زەرورەتی نکۆڵی کردن لە خوا (1811)دا بڵاوکردەوە، لەگەڵ دابەشکردنی ئەم نامەیەدا، بە تاوانی ئیلحادو یاخی بوون، لە زانکۆ دەریانکرد، لەم حاڵو بارەدا، شیللی نۆزدە ساڵە دڵبەندی ئەشقی هاریت ویستبرووك، کیژە خوێنکاری شانزەساڵە بوو و لەگەڵیا بۆ سکۆتلاند هەڵات. ئەم دووە زەماوەندیان کرد (1811) و لە ئینگلستانو ئیرلەندەدا کەوتنە بڵاوکردنەوەی نامەکانی خودی شیللی لەوانە بەیاننامەی ماف (1812)، و وتاردان دژی بێدادی سیاسی. بەرە بەرە ناکۆکی کەوتە نێوان ئەو دووانە، و لە ساڵی 1814دا لێکدی جودا بوونەوە، لە هەمان ساڵدا هاریت خۆی کوشت، شیللی لەگەڵ ماریی کیژی ویلیام گادوین دا بۆ ئەوروپا هەڵات، و دوای دوو ساڵ زەماوەندی لەگەڵدا کرد.

خۆیو هاوسەرەکەی لە ساڵی 1818 بە دواوە لە ئیتاڵیا نیشتەجێ بوون، و شیللی لەوێندەر جوانترین بەرهەمی خۆی هۆنییەوە. ئاقیبەت ئەم خۆشەویست ترین سیمایەی سەردەمی رۆمانتیك، بە وەرگەڕانی بەلەمەکەی لە دەریادا لە دنیا دەرچوو.

یەکەمین هۆزانی گرنگی شیللی بەیتی ((ئالاستور)) (1816)، لە قاڵبی شیعری ئازادا، و گەواهی کاریگەریی وردزورس بوو. شیعری دواتری شیللی، بەیتی "شۆڕشی ئیسلام" (1818) بوو کە هاوارێکە دژی ستەمکاری جیهان، شانۆنامەی لیریکی رەمزیانەی ئەو، پرومیتەی لە بەندخەلەسیو (1820) خەباتی مرۆڤ دژی دەسەڵاتی خودایانی درۆینە وێنە دەگرێت.

جوانترین شیعری شیللی بەیتی "ئادونائیس" (1821)ـە کە لاوانەوەیەکە بۆ مردنی کیتس، و یەکێکە لە گەورەترین هۆزانێن لاوانەوەی ئینگلیزی. شیعرە کورتو لیریکییەکانی شیللی لە باری دڵگیریی و جوانییەوە کەم وێنەن. بەناوبانگترین ئەم شیعرانە قەسیدەیەك بۆ بای رۆژئاوا (1820)، یەکێکە لە درەوشاوەترین هۆزانێن لیریکی ئینگلیزی و شیعرێکی پوختەو کەم وێنەیە، ئەم هۆنراوەیە لە پێنج بەش پێك هاتووە، کە لە بەشی یەکەمدا شاعیر بای نەسرەوت و توندو مەغروری پاییزی لە بێشەدا وەسف دەکات، لە بەشەکانی دووەمو سێیەمدا باسی با لە ئاسمان و دەریادا دەکات، و لە بەشی چوارەمدا وێنەکانی بێشەو ئاسمانو دەریا ئاوێتەی یەکدی دەکات، و لە بن دێڕی دوابەشدا بە دەنگی بەرز پەیامی خۆی رادەگەیەنێ.

هۆنراوەیەکی دیکەی شیللی "هەور– 1820"ی ناوە کە لە وێدا شاعیر چیرۆکی ژیانی پەڵە هەورێك لە بەینی وێنە جەزبە ئامێزەکانی روناکی و بارانو تەرزەو هەورە بریسکەو بەفرو رۆژئاواو هەیڤەشەودا دەگێڕێتەوە. بەیتێکی شۆڕشگێڕی بەناوبانگی دیکەی شیللی "مەلیکەمب" (1821)

بوو کە لەم شیعرەدا هێرش دەکاتە سەر دەزگاێن کۆمەڵایەتی و شاهان و کەشیشان و دەرمانی دەردە کۆمەڵایەتییەکان بە نابووتی ئەوان دەزانێ.

لە بەرهەمە پەخشانییەکانی شیللی، "داکۆکی لە شیعرە- 1821" کە لەوێدا ڤیان و خەیاڵ لە شیعرا بە پێویست دەزانێت.

شیللی شاعیری لاوی و جۆش و خرۆشی لاوی بوو. باوەڕی بەوە هەبوو کە مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێگەی ئەشقەوە بگاتە کەماڵ، و لە بنەڕەتدا ئەشقی ئایدیالی نێوەڕۆکی سەرەکی شیعرە سادەو ناسک و ڕەوانەکانی ئەو بوو.

<u>جۆن کیتس (1795- 1821):</u>

خۆش قەریحەترین شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلستان لە لەندەن هاتە دنیاوە. لە هەشت ساڵی دا بابی کە خاوەنی کاروانسەرا بوو لە دەست دا، و لە چواردە ساڵیدا دایکی مرد، کیتس لە پانزە ساڵیدا لە خوێندن مەحروم بوو، لەلای جەڕاح و دەرمانسازێك کەوتە شاگردی و فێربوونی کار. لە ساڵی 1815دا بە عینوانی خوێندکاری پزیشکی چووە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی لەندەن و، سەرەنجام مۆڵەتی پزیشکگەری وەرگرت، بەڵام وازی لە پزیشکی هێناو یەکسەر کەوتە شیعر دانان. یەکەمین کۆ شیعری کیتس لە ساڵی 1817دا بە ناوی هۆزانەکانی جۆن کیتس، بڵاوبووەوە. ساڵی دواتر، بەرهەمێکی دیکەی بەناوی ئیندیمیون (1818) بە چاپ گەیی. ئەم کتێبە کە بە ئیلهامی ئەفسانەی کۆنی یونانی دەربارەی ئەشقی خاوەندی هەیڤ بە شوانێکی لاو دانراوە، حیکایەت و مەجازێکی درێژە لەمەڕ ڕوح کە عەوداڵی جوانییەکی ئایدیالییە.

هیپریون (1818- 1919)، جوانترین شیعری کیتسە، کە تەواو نەکراوە، داستانێکە لە قاڵبی شیعری ئازادا، ئەم شیعرە کە لەسەر بنەمای ئەفسانەیەکی یونانی دەربارەی خولْقاندن ڕۆنراوە، دەربڕی چیرۆکی هیپریون،ی پیرە خواوەندی هەتاو، و سەرنگونی ئەوە بە دەستی ئاپولو، نمایندەی وەچەی نوێی خواوەندانە لە سایەی سەرۆکایەتی زیوس دا.

شەوی جەژنی سن ئاگنس (1819)، ڕۆمانسێکی جوانە لەسەر بنەمای ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناڤین ڕۆنراوە، کە دەڵێت ئەگەر کیژێك لە شەوی جەژنی سن ئاگنس دا بە زمانی بە ڕۆژووەوە بچێتە ناو جێگە، هاوسەری ئایندەی لە خەوا دەبینێ.

کیتس چامەیەکی جوانیشی نووسیوە، کە "خانمێکی جوانی بێ بەزەیی" (1819) ناوە، و لە چامە هەرە باشەکانی زمانی ئینگلیزییە. چیرۆکەکە دەربارەی سوار چاکێکە کە خانمە جوانەکەی لە خەوندا دەبینێ، بەڵام کە خەبەری دەبێتەوە خۆی لەسەر گردێکی ساردا دەبینێتەوە، کیتس هەندێ قەسیدەی تریشی نووسیوە، کە دەربڕو گەواهی باوەڕی ئەون بە جوانی، بە باوەڕی کیتس، کە ئەویان بە "پەیامبەری جوانی" ناو بردووە، جوانی، حەقیقەت و تاقە سەرچاوەی شادییەکانە، هەندێ لە قەسیدە باشەکانی بریتین لە: "قەسیدەیەك بۆ بلبل"، "قەسیدەیەك بۆ ماخولیا" و "قەسیدەیەك بۆ پاییز".

نامەکانی کیتس-ش لەلایەنی دیدو نۆڕینی شیعری و فەلسەفییەوە شایستەی سەرنج و بایەخن، بە کورتی، شیعرەکانی کیتس لە بەرزترین چامەو غەزەلیاتی زمانی ئینگلیزین، هەروەها نامەکانیشی کە هەمان گیانی بەرزو زەوقی ساغڵەمی شیعرەکانیان تێدا بەدی دەکرێت، لە جۆری خۆیاندا بە شاکار دەژمێردرێن.

<u>**روبرت ساوتی**</u> <u>(1774– 1843):</u>

لە رابەرانی بزاڤی رۆمانتیکی سەردەمی خۆی، و لە شاعیرانی "لیك دیستریکت" بوو، ساوتی کە ئەمڕۆ کە بە شاعیرێکی مامناوەندی دەژمێردرێت، شیعرێکی زۆری وەکو شیعری داستانی "تالابای وێرانکەر"و شیعریی فێرکاریی "دڵخۆشیەکانی پیرەمێرد"ی گوتووە کە لە جۆری خۆیاندا جوانن، هۆزانی ساوتی زیاتر ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە کە دیمەنەکانیان وڵاتانی دوورە.
ساوتی کە لە ساڵی 1813ـەوە تا ساڵی 1843 میری شاعیرانی ئینگلستان بوو، هەندێ رەخنەی ئەدەبی و ژیاننامەی کورتیشی نووسیوە کە بەناوبانگترینیان "ژیانی ویلسون – 1813)ی ناوە.

<u>**واڵتەر ساڤەج لەندور**</u> <u>(1775– 1864):</u>

شاعیر، پەخشاننووس و رەخنەگری ئەدەبی و لە سیما غەریبەکانی سەردەمی رۆمانتیك بوو. لە خێزانی پزیشکێکی بەناوبانگ چاوی بە دنیا هەڵێنا. لە کەمبریج خوێندی، و زۆر بە خەستی کەوتە ژێر کاریگەریی کەش و هەوای شۆڕشگێڕانەی زەمانی خۆیەوە. لە ساڵی 1805دا بەمردنی بابی میراتییەکی فرەی بەرکەوت، و ژیانی دڵخوازی خۆی گرتەبەر. سێ ساڵ لەوە دوا چوو بۆ ئەسپانیاو لە شەڕی دژ بە ناپلیوندا بەشداری کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ زاگەی خۆی ملی بۆ زەماوەندێکی نە بەدڵ دا، و لە ساڵی 1814بە دواوە لە ئیتاڵیا ئاکنجی بوو.
یەکەمین دیوانە شیعری لەندور لە ساڵی 1795دا بڵاوبووەوە، و چیرۆکە رۆژهەڵاتیەکەشی: "گیبیر – Gebir" کە دەربارەی موسوڵمانانی ئەسپانیایە، لە ساڵی 1798دا بڵاوبووەوە. بەرهەمەکانی دواتری لەندور بریتی بوو لە چەند کتێبێکی شیعر بە لاتینی، کە دڵبەندی قوڵی ئەوی بە مێژوو و ئەدەبیاتی رۆمەوە ئاشکرا دەکرد.
گفتوگۆیانی خەیاڵی (پێنج بەرگە، 1824– 1853) ناودارترین بەرهەمی لەندورە، زادەو بەرەنجامی خوێندنەوەی بەربڵاوو دڵبەندی ئەوە بە رابردووەوە، لەم کتێبەدا کە پەخشانێکی وەزندارو بە ئاهەنگی (ئاوێتە بە شیعری ئازاد) هەیە، زنجیرەیەك گفتوگۆیان لە نێوان کەسایەتیانی مێژوویی دەربارەی بابەتێن جۆراوجۆر دروست دەبێت، و لەندور لە بەینی گفتوگۆکاندا، بێ پەروا بۆچوون و تەفسیری خۆی لەمەڕ مێژوو، لە زمانی کەسایەتییەکانەوە دەردەبڕێت.
لەندور لە ساڵی 1846دا هیلینیکای بە چاپ گەیاند کە وەرگێڕانی ئینگلیزی یەکێك لە چامە لاتینییەکانی ئەو بوو، لەندور، هەر چەندە لە سەردەمی دەوڵەمەندی و بەرداری رۆمانتیك دا دەژیا، زیاتر پەیوەندی بە کلاسیسزمی سەدەی هەژدەیەمەوە هەبوو. لە راستیدا ئەو سیمایەك بوو کە لە

قۆناغی ڕەوتەنی نێوان ئارەزووی نەزمو تەهزیبی سەدەی هەژدەیەمو دڵبەندی بە گەرمی خەیاڵی سەدەی نۆزدەیەمدا دەژیا.

__تۆماس کەمپبل (1777– 1844):__

ئەم شاعیرە سکوتلاندییە بە چامەی "کیژی لۆرد ئولین" بەناوبانگە، کەمپبل شیعری لیریکی جوانیشی دەربارەی جەنگ گوتووە، کە گرنگترینیان: "شەڕی بالتیک– 1809"و "ئێوە ئەی دەریاوانانی ئینگلستان– 1800"یان ناوە.

# پەخشان

__چارلز لەمب (1775– 1834):__

وتارنووس و ڕەخنەگری پێشەنگی سەردەمی ڕۆمانتیک، توانای خۆی لە مەیدانی شیعرو دراما دا تاقیکردەوە، بەڵام سەرکەوتنی ئەو لە گوتارنووسیدا بوو، ئەو کە سی و سێ ساڵی تەمەنی خۆی وەکو ژمێریاری کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی لە لەندەن بەسەر برد، تاقە نووسەری ڕۆمانتیکی نەوەی خۆی بوو کە ژیانی شاری بەسەر گوندان و باوەشی تەبیعەتدا تەفزیل دەدا، و دڵی لە هەوای گەرمو شادی، هەراو هوریا و شتە سەیرەکان، و ئینسانیەتی لەندەن دا دەژیا.
یەکەمین بەرهەمی لەمب، چەند نموونەیەك لە شاعیرانی دراما نووسی هاوچەرخی شەکسپیر (1808) بوو، کە درامانووسانی فەرامۆشکراوی سەردەمی ئیلیزابتی سەر لە نوێ دەناساندەوەو هەڵسەنگاندنێکی تازەی لەمەڕ باشترین بەرهەمیان دەکرد.
لەمب بەو گوتارانە بەناوبانگە کە بە ناوی خوازراوی ئیلیا، لە فاسیلەی نێوان ساڵانی 1820– 1825دا لە گۆڤاری لەندەن مەگەزین دا بڵاوبوونەوە. ئەم گوتارانە پاشان لە دوو کۆمەڵەدا بەناوی گوتارەکانی ئیلیا (1823) و دوایەمین گوتارەکانی ئیلیا (1833) بڵاوبوونەوە.
لە بەرهەمەکانی دیکەی لەمب، ڕۆمانسە پەخشانەکەی بەناوی ڕزا موندگری (1798)، و بەسەرهاتەکانی ئولیس (1808)، کە بۆ منداڵانی نووسیوە، شایەنی بایەخن، لەمب بەهاوکاری ماریی خوشکی، چیرۆکەکانی شەکسپیر (1807)یشی بۆ منداڵان فەراهەم کردووە.
لەمب شەیدای شتی کۆن و سەیر بوو، و ئاشقێنی لەگەڵ هەڵدانەوەی کتێبانی لە یاد چوو دەکرد. سەرانسەری ژیانی –منداڵیەتی، ڕۆژانی دەرس خوێندن و مەشقی، ساڵانی کاری، ئەزموونەکانی، خەون و هێڤییەکانی، و کتێبە خۆشەویستەکانی– لە پەخشانی زندووی ئەودا ڕەنگی داوەتەوە. نامەو گوتارەکانی بە هۆی دەربڕینی قوڵی هەست و سۆزی ئەوەوە ئولفەت لەگەڵ خوێنەردا دەگرن،

و هەر ئەم خەسڵەتانەیە کە ئەویان کردووە بە یەکێك لە سیما ئەدەبییە ئینگلیزییە هەرە خۆشەویستەکان.

**ویلیام هزلیت** (1778–1830):

رەخنەگرو گوتارنووس–ی پێشەنگی سەردەمی رۆمانتیك، لە خانەوادەی کەشیشێك هاتە دنیا، سێ ساڵ چووە کۆلیجێکی زانستێن ئیلاهی، و پاشان بۆ ماوەی دە ساڵ بەگەرمی کەوتە فێربوونی رەمزەکانی نیگارکێشی، و لە ساڵی 1820دا بۆ پاریس رۆیی تا لە شاکارەکانی موزەخانەی لۆڤەر وردبێتەوەو موتالاّیان بکات. بەڵام ئەنجام بۆی دەرکەوت کە بلیمەتی وی لە نووسەری دا پەنهانە، و پاش گەڕانەوەی بۆ زاگەی خۆی، دەربارەی بابەتانی جۆراوجۆری وەك سیاسەت، ئابووری، فەلسەفە، و دەستووری زمان، کەوتە نووسین، هزلیت خاوەنی زانیارییەکی زۆر فرەبوو و بەحەساسیەتێکی هونەریو گەرمو بەهێزەوە راوبۆچوونی خۆی لەمەڕ بابەتێن جۆراوجۆر دەنووسی. ستایشی شۆڕشی فەرەنسای دەکردو خۆشی دەویست، و لە سەرانسەری تەمەنیا لەسەر ئەم خۆشەویستییەی مایەوە. کلیلی وشەی گوتارەکانی: ئازادی، یەکسانی، و مافی مرۆڤ بوو، و بە توندی ئەشراف، تورییەکان، مۆدپەرستان، و کڵێسای روم و ئینگلستانی بەر هێرش دەدا، گەورەترین کەشفی ژیانی کولریج بوو، وەکو لە وتارە جوانەکەیدا بە ناوی: "هەوەڵێن ئاشنایی من لەگەڵ شاعیران– 1823"دا دەنووسێت: "پرشنگی بلیمەتی کولریج رۆشنایی خستە روحم، وەکو چۆن هەتاو رۆشنایی دەخاتە درزو کەلێنی جادەکان.

هزلیت بە تۆژێنەوەو گوتارو وتاربێژییەکانی دەربارەی ژیانو بەرهەمی شاعیرانو شانۆنامەنووسانی سەردەمی ئیلیزابێت شۆرەتی دەرکرد. چوار گوتاری پرشنگداری ئەو: دەربارەی قارەمانانی شانۆنامەکانی شەکسپیر (1817)، دەربارەی شاعیرانی ئینگلستان (1818)، دەربارەی کۆمیدیا نووسانی ئینگلستان (1819)و دەربارەی ئەدەبیاتی درامی سەردەمی ئیلیزابت (1820) بایەخێکی شایستەیان پەیدا کردووە، لە نێو بەرهەمەکانی دیکەی هزلیتدا مێزی خڕ (1817)و گیانی سەردەم (1825) مایەی سەرنجن.

هزلیت بە هۆی پەخشانی مەحکەمو بە هۆی سفتییەوە بە یەکێك لە مامۆستایانی پەخشانی ئینگلیزی دەژمێردرێت.

**تۆماس دوکوینسی** (1785– 1859):

گوتارنووسو رەخنەگری گەورەی رۆمانتیك لە بنەماڵەیەکی بازرگانی دەوڵەمەند، لە مەنچستەر لە دایکبووە. لە منالی دا لە ماڵی کابرایەکی روحانی دا یونانی و لاتینی فێر بوو، و لە بات چووە قوتابخانە. بەڵام دوو ساڵ لەوە دوا بە هۆی جەزرەبەیەك کە بەسەری کەوت، ماوەیەك خرایە ژێر چاودێریی پزیشکییەوە. لە ساڵی 1800دا، پاش سیاحەتێك لە ئیرلەندا، لە قوتابخانەیەك لە مەنچستەر مژولی خوێندن بوو، بەڵام دوای ساڵ و نیوێك لە دەرس و دەور هەڵات و بە پێیان لە باکوری ئیرلەندەدا کەوتە گەشت و گەڕان. لە ساڵی 1803دا بۆ زاگەی خۆی گەڕایەوەو ئەم

جارەیان چووە ئۆکسفۆرد. لەم قۆناغەدا بۆ دامرکانەوەی ئازاری گەدە پەنای وەبەر تلیاك خواردن برد. و بەرە بەرە ئالودە بوو. لەم حالّ و بارەدا شتێکی ئەوتۆ لە سامانەکەی بابیشی نەما بووەوە، و پێداویستی مادی ناچاری نووسینی کرد.

یەکەمین بەرهەمی گرنگی دوکوینسی کە لە لەندەن مەگەزین دا بلاّو بووەوە، دان پێدانانی ئینگلیزێکی ئەفیون خۆر (1822) بوو، کە لە ویدا خەیالّ و وەهمەکانی خۆی بە پەخشانێکی رازاوەو رەوان دەربڕیوە. بە هێزی خەیالّ و پەخشانی پوختەو بەشکۆی دوکوینسی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم بەرهەمەیە. سەرکەوتنی ئەم کتێبە ئەوی بەرەو گۆڤاران بکێش کرد،و لە راستیدا پایەی بەرزی ئەو لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیش دا بەندە بەو، بەلایەنی کەمەوە، سەدو پەنجا گوتارەوە کە لە مەیدانی ئەدەبیات، فەلسەفە، مێژوو، ئابوری و بابەتی خەیالّی ڕووتا لە گۆڤاراندا نووسیویەتی.

دوکوینسی دە سالّی ئاخرو ئۆخری تەمەنی بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بەرهەمەکانییەوە، کە لە بیست و چوار بەرگدا، لە ماوەی سالاّنی 1851– 1859دا بلاّوبووەوە، خەریك بوو. ئەم بەرهەمانە لە سیّ دەستەدا ریزبەندی دەکرێن:

1– بەرهەمێن وەسفی، مێژوویی و ژیاننامەیی (دان پێدانان، ئوتۆبیوگرافی، ژیاننامەی کولریج، وردزورس، ساوتی، هارولدلەمب، شەکسپیر، میلتون، پوپ، لسینگ، هردر، وسکێچە مێژووییەکانی ئەو وەك سزار، و شۆڕشی تاتارەکان).

2– بەرهەمێن تێوری، فێرکاری و رەخنەیی (کانت، رەوانبێژی، شێواز، تێوری تراجیدیای یۆنانی).

3– نووسینی خەیالّی و پەخشانە شیعر (کوشتن یەکێکە لە هونەرە جوانەکان، راهیبەی میلیتاری ئەسپانیایی، و چەند دیمەنێك لە ناخەوە).

هەموو ئەم بەرهەمانە کنەکاریو تاسەو خولیای ئەو بۆ خوێندنەوەو لێکۆلّینەوە ئاشکرا دەکەن، دوکوینسی هەر چەندە لە مەیدانی رەخنەدا، داوەرییەکانی بنجبڕو سفت و یەکگرتوو نین، بەلاّم بەرهەمە خەیالّییەکانی لە باری درەوشانەوەو تۆمار کردنی خەونی مەست ئالودی ئەفیون، بیّ هاوتایە. پەخشانی دوکوینسی لەوپەڕی جوانیدایە. ئەم پەخشانە کە لە کاتی وەسفی خەوی ئەفیوندا دەگاتە لوتکەی شکۆداریو رازاوەیی و هەندیّ جار سادەیی، کۆمەلّێك تایبەتمەندی شیعریی وەك ئاهەنگی زمان، وەزن، و دەربڕینی خەیالّی تێدایە.

## رۆماننووسان

<u>سێر والتەر سکۆت</u> (1771– 1832):

شاعیرو رۆماننووسی سکوتلاندی کە بە "باوکی چیرۆکانی مێژوویی و رۆمانتیکی سەدەی نۆزدەیەم" ناسراوە، لە خێزانی پارێزەرێکی دەعاوی لە ئەدینبورگ هاتۆتە دنیاوە. لە تەمەنی دوو ساڵی دا بە هۆی تووش بوون بە ئیفلیجی منداڵان پێی راستی شەل بوو.

منداڵیەتی لە مەزراکەی بابی لە سکوتلاند بوری، و لەم قۆناغەدا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەفسانان و گۆرانی فۆلکلۆری دا پەیدا کرد. ئەو کە هەمان پیشەکەی بابی گرتە بەر، لە ساڵی 1792دا مۆڵەتی موحەقیق عەدلی وەرگرت، و لە ساڵی 1799دا بووە نوێنەری سیاسی و قەزایی دەوڵەت لە سلکرشایر. لەگەڵ ئەمەشا، زۆری کەیف لە پارێزەری نەبوو، و عەشقی رۆمانس تێکەڵ بە بوونی بوو بوو.

سکوت لە ساڵانی 1802- 1803دا کۆی بەرهەمی شایەرانی سکوتلاندەی لە سێ بەرگدا بە چاپ گەیاند. بەڵام یەکەمین دەفتەری شیعرەکانی ئاوازی دوا شایەر (1805) بوو، وەکو شاعیرێکی رەسەن ناوبانگی پێ دەرکرد، دوو بەرهەمی دواتری سکۆت، دوو چیرۆکی دڵداری و جەنگی بوو بەناوی مارمیون (1808)و خانمی دەریاچە (1810) کە پایەی ئەوی وەکو شاعیرو چیرۆکبێژی بەرجەستەی سەردەم چەسپاند. لەم شیعرە زندووانەدا، کێشی هەست پێکراو، دەربڕینی نوێ، وەسفی روون، و کاراکتەرسازی بەرجەستە و درەخشان بوو. سکۆت دوای ئەم هۆزانە چیرۆکڤانیانە کە بازاڕێکی گەرمیشی هەبوو، رووی کردە رۆماننووسی. دەبێ ئەوە بگوترێ کە لە ساڵی 1813دا دەزگای وەشانخانەی برایانی بالانتین، کە سکۆت تیایدا شەریك بوو، ئیفلاسی کردو نابووت بوو. سکۆت کە دووچاری گیروگرفتی دارایی قورس بوو بوو، بۆ دانەوەی قەرزەکانی خۆی کەوتە نووسین. ئەم نووسینە شەوو رۆژ، و تا ناو جێگەی نەخۆشی و مردن بەردەوام بوو.

یەکەمین رۆمانی سکوت، واڤیرلی (1814) ناو بوو کە سەری زنجیرە رۆمانە بەناوبانگەکانی ئەو بە هەمان ناو بوو. ئەم رۆمانانە زیاتر پەیوەست بوون بە ژیانی خەڵکی سکوتلاندەوە لە سەدەی هەژدەیەمدا، و ئەسڵەن سکۆت سوودی لە ئەفسانان و مێژوو، بە تایبەتی مێژووی سکوتلاندە وەرگرتووەو لەبەر ئەمەش بە مامۆستای رۆمانی مێژوویی ناوی دەرکردووە.

لە رۆمانە گرنگەکانی سکۆت: عەنتیکە جو (1816) چیرۆکێکی دڵداری رۆژگاری جۆرجی سێیەم دەگێڕێتەوە. ئیڤانهو (1819) چیرۆکی ریچاردی یەکەم و گەڕانەوەیەتی بۆ ئینگلستان. کینلورت (1821) سەروکاری لەگەڵ دەرباری مەلیکە ئیلیزابێت دا هەیە. کوئنتین دوروارد (1823) لە فەرەنسای سەردەمی لویسی یازدەیەم دا روو دەدات، و تەلیسم (1825) باسی شەڕی نێوان ریچاردی یەکەم و سەلاحەدینی ئەیوبی دەکات.

سکوت لە هۆزان و رۆمانەکانیدا گیانی حەماسی خەڵکی سکوتلاندە بە زندوویەتی رادەگرێت، نووسەرێکی بە تواناو پیاوانەیە، تۆژینەوە مێژووییەکانی قوڵ و، وەسفی پاژەکانی وردە، لێ شێوازو ستایلی بەرهەمەکانی تا رادەیەك تاقەتبەرە. بە شێوەیەکی گشتین، توانای وێنەگرتنی مرۆڤی، کە توانایەکی بنەڕەتییە لە رۆماننووسیدا، نییە، و لە نێو ئاپۆرای ژنانی جوان و پیاوانی ئەشراف رۆمانەکانیا، خەڵکی واقیعی کەمتر دەدەکەون، لە راستیدا قارەمانانی چیرۆکەکانی لە بوکەڵە پتر نین.

**جین ئەوستین** (1775– 1817):

رۆماننووسێك بوو كە هیچ جۆرە پەیوەندییەكی بە رۆمانتیكەكانەوە نەبوو، و تۆنی زمان و چۆنیەتی بەرهەمەكانی بە كلاسیكەكانییەوە دەبەست. جین رۆمانی خانەوادەیی گەیاندە هەرەتی كەماڵ. هەر چەندە رۆمانەكانی لە ساڵانێكی پەشێودا نووسی كە شۆڕشی فەرەنسای لە خۆ دەگرت، ئەوجاش چیرۆكەكانی وێنەیەكی هێمن لەمەڕ ژیانی كۆمەڵگە بە دەستەوە دەدا. جین كە هەوتەمین كوڕی كەشیشێكی گوندی بوو، تەقریبەن هەموو تەمەنی لە هاوینەهەوارانی بچووكدا، كە ئیلهامبەخشی ئەو بوون، قەتاند، هەرگیز ژنی نەهێنا، و هیچ پەیوەندییەكی بە ئەنجوومەنە ئەدەبییەكانی لەندەنەوەش نەبوو، ژیانی هێمن و سنووردار بوو. مەیدانی چیرۆكە كۆمەڵایەتییەكانیشی هەمان جۆرە. وێڕای ئەمەش، ئاگاداری و زانیاری ئەو لەمەڕ ئاقاری ژیانی خۆی قووڵ و ورد بوو.

یەكەمین رۆمانی ئەوستین، ئیلینورو ماریان (1795)ی ناو بوو كە چاپی دووەمی لە ژێر سەر ناڤی ئاوەزو هەست (1811)دا بڵاوبووەوە. رۆمانی بەناوبانگی ئەو غرورو تەعەسوب (1813)ـە، كە بەسەرهاتی خێزانێك لە چینی بۆرژوا باس دەكات، رۆمانێكی گرنگی دیكەی ئیما (1816)یە، بە دەوری تەوەری تایبەتمەندییە تەقلیدییەكانی كۆمەڵگەی ئینگلیزی، وەكو خۆ فریودان و بیری چینایەتی و ئەتەكێتبازی دا دەسوڕێتەوە. دوا رۆمانی ئەوستین بە ناوی تەفرەدان (1818)ـە، كە چیرۆكێكی دڵدارییە.

جین ئەوستین كە گەلەك لە رەخنەگران بە گەورەترین رۆماننووسی دەزانن، بە هۆی بەهرەی گاڵتەبازی، هەڵسەنگاندنی هۆشمەندانەی تەبیعەتی ئاڵۆزی مرۆڤانی، تێگەیشتنی باشی ئەخلاقی، مامەڵەی هونەرمەندانەی لەگەڵ قارەمانانی چیرۆك و كینایە نەرم و لەبارەكانی شۆرەتێكی پایەداری پەیدا كردووە، بە زەبەر دەستی قارەمانانی چیرۆكەكەكانی، كە هەندێ جار داهێنراوانی ئەدەبی دەستی یەكن، دەباتە پێشێ. وردی و لێهاتووی جین لە وێنەگرتنی سیمای قارەمانانی رۆمانەكانیا، و هەروەها شێوازە مەحكەم میانڕەوەكەی، بەرهەمەكانی خستووەتە ریزی شاكارەكانی جیهانەوە.

((12))

# سەردەمی ڤیکتوریا

(1900 -1832)

**نۆڕینێکی گشتی:**

لە سەردەمی پاشایەتی شەست و چوار ساڵەی مەلیکە ڤیکتوریادا (1837– 1901)، زانستگەرایی و سنعەتگەرایی و سەرهەڵدانی دیموکراسیەت، خوو شێوەی ژیانی خەڵکی بە تەواوەتی گۆڕی. لەتایبەتمەندییەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەردەمە، ریفۆرمی سیاسی بەرەبەرە و بەردەوام، نەشونمای بلەزی سنعەت، زۆربوونی خەڵکی، دەسەڵات پەیداکردنی چینی بۆرژوای

سەنعەتییە، کە خەباتی دژایەتی چینی کرێکارو ئەرستۆکرات، نێوەڕۆکی بنچینەیی ئەدەبیاتی سەردەمی ڤیکتوریا پێك دەهێنێ. لە خەسڵەتەکانی نیوەی دووەمی ئەو سەردەمە، کەم بوونەوەی ژمارەی لە دایك بووان، گەشەکردنی ناسیونالیزمی توندڕەو، بە دیارکەوتنی تاپۆی دێوئاسای بێکاری، قەیرانی ئابووری، و مەیلی زانستو هزرێن تازە بەلای لە نێو بردنی باوەڕە ریشەدارە مەزەبییەکاندایە، و ئەدەبیاتی سەردەمەکە رەنگدانەوەی بێزارییە لە بەها ئەخلاقیو تەقلیدییەکان.

لە سەرانسەری دەیەکانی 30, 50,40 دا، گەلێك لە نووسەرەکان گەندەڵییە باوە کۆمەڵایەتییەکانیان خستە ئەو گۆڕە و ئاشکرا کرد. وەزعو حاڵی هەژاران، زیانی کارکردنی منالان، رەنجی کرێکاران، و ململانێی هەمیشەیی نێوان چینی بۆرژواو کرێکار، لە ئولیڤەرتویستو رۆژگاری دەستکورتیی، نووسینی چارلز دیکنزدا، بەوپەڕی بەهێزی و مامۆستایەتییەوە هاتۆتە دەربڕین.

لە دەیەکانی 60، 70، 80، دا بە هاکانی قۆناغی ناڤینی سەردەمی ڤیکتۆریا بە توندی کەوتە بەر هێرش. جون راسکین کەوتە ستایشی جوانیی سروشتو هونەر، و دزێوی جیهانی پیشەسازی لە بەرهەمەکانی وەکو: کونجدو زەمەقان، و تاجو زەیتونی کێوی دا وێنەگرت.

چارلز روبەرت داروین (1809– 1882)، دۆزەرەوەی گەورەی یاساکانی پەرەسەندنی سروشتی، بە بڵاوکردنەوەی ئەسڵی ئەنواع (1859) بونیادی جیهانبینی کۆنی داڕوخاند، ئەم کتێبە دەربڕی تیۆرییە بەناوبانگەکەی داروین بوو دەربارەی چۆنیەتی و فاکتەرەکانی پەرەسەندنو بنەمای هەڵبژاردنی سروشتی یان مانی شیاوتر.

لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئیدی هیچ جۆرە پەناگەیەکی هزری و فەلسەفی مکوم نەما بووەوە تا باوەڕیارانی کەلەپوری هزری قۆناغی ناڤینی سەڵتەنەتی ڤیکتۆریا تیایدا بحەوێنەوە. باوەڕە کۆنەکان لە قوڵی جیاوازەوە کەوتبووە بەر هێرشی زیرەکانەی نووسەرانی ئینگلیزی وەك باتلەر، کۆنراد، وایلد، ولزو نووسەرانی بێگانەی وەك: زۆلا، موپاسان، و دۆستوفسکی. لەم حاڵو بارەدا، خوێنەری ئاسایی هیچ چارەیەکی نەبوو جگە لەمەی کە یا بە رێگەی تازەو بە زۆری نەناسراودا دوای ئەم نووسەرانە بکەوێ، و یان بۆ هەڵاتن لە ژیانی جەڵەبی و یەکهاوی خۆی هاوڕێ لەگەڵ روبرت لویس ستیونسن و رادبردکیپلینگ دا بۆ دەریاکانی باشوورو سەر زەمینانی دوور سەفەر بکات.

## شاعیرانی سەردەمی ڤیکتۆریا

<u>لۆرد ئالفرید تینی سون (1809– 1892):</u>

لە ماڵباتێکی کەشیشی لە لینکنشایر هاتە دنیاوە. لە منداڵییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شیعردا پەیدا کرد، و حەزی چووە سەر لاسایی کردنەوەی پۆپ، سکۆت، تۆماس مۆر و بایرۆن. لە هەژدە

ساڵیدا بە هاوکاری چارلزی برای کتێبێکی بە ناوی هۆزانی دوو برا (1827 ) بڵاوکردەوە، و لە ساڵی 1828 دا چووە کەمبریج. لە ساڵی 1830 دا هۆنراوەکانی لە کۆ شیعری چەند هۆزانێکی زیاتر لیریکی، بەچاپ گەیاند، و ساڵی دواتر خوێندنەکەی بەنیوەچڵی تەرك کرد.

تینی سون، کە لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی رۆمانتیکی ئینگلستاندا، بە تایبەتی جۆن کیتس دا بوو، لە ساڵی 1832 دا کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی لە ژێر سەرناڤی هۆزانەکانی تینی سون دا بڵاوکردەوە، کە جوانترین شیعری (( کۆشکی هونەر)) و (( خەیاڵپلاوانی بێ خەم ))ـە. تینی سون لەساڵی 1833 دا باشترین و خۆشەویست ترین دۆستی خۆی ئارتور هنری هلم (1811-1833)ی شاعیرو گوتارنووسی لە دەست داو زۆر خەمبار بوو. تینی سون لە شینی ئەودا لاوانەوەی کتێبی بەیادی ئا... (1850 ) دانا، کە باشترین لاوانەوەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە خۆگرتووە. ئەم لاوانەوانە رەنگدانەوەی هێڤی و دوو دڵییەکانی نەوەی تینی سون و دەربڕی ئارەزووە رۆحییەکانی ئینسانێکە کە جگە لە مردن چ سەرەنجامو ئاقیبەتێکی نییە،

تینی سۆن، دوای دە ساڵ بێدەنگی، دیسان لە ساڵی 1842دا کەوتەوە دانانو بڵاوکردنەوەی شیعرە ئەندێشمەندانەو وردەکانی خۆی، و زۆر زوو وەکو شاعیرێکی بە تواناو هۆگری جیهانە بەربڵاوەکانی خەیاڵ شۆرەتی پەیدا کرد. ((ئولیس- 1842))، یەکێکە لە دڵگیرترین هۆزانەکانی تینی سون، بە ئیلهامی سەربوری ئولیسی قارەمانی ئودیسەی هۆمەر دانراوە. لەم بەیتەدا قارەمانە پیرەکە باسی ئارەزووەکانی خۆی بۆ سەفەری وڵاتانی دوور دەکات. بەیتی چیرۆکڤانی کیژە شا (1847)، کە جوانترین هۆزانی لیریکی تینی سون لەخۆ دەگرێت، لە راستیدا رۆمانێکە لە قاڵبی پەخشانە شیعردا، و ((چامەکانی شا- 1859))، کە سیاحەتێکی دڵگیرە لەسەر زەمینی خەیاڵ ئەنگێزی ئارتور شادا.

تینی سون، تراجیدیایەکی سێ بەشیشی لە پاش بە جێماوە کە بریتییە لە: مەلیکە ماری (1875)، هارولد (1877)و بیکیت (1884).

هۆزانی تینی سۆن لە باری لێکدانی وشەێن بە ئاهەنگ، کێشی پوختەو وێنەی وردو سفت-ەوە زۆر پرشنگدارن. ئەو نوێنەری سەردەمی ڤیکتۆریایە لە ئینگلستانداو هۆزانەکانی رەنگدانەوەو دەربڕی هوشیاری و بەها فیکریی و ئەخلاقییەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا و چینی کۆمەڵایەتی حوکمڕانی ئەو سەردەمەیە. تینی سون لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بوو بە ئامانج و نیشانەی هێرشی شاعیرانی ئینگلیزیو ئەمریکایی نەیاری پێوەرەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا، و بە سۆزپەروەری، بێ گیانی، سەتحیەتی فیکری، و میللەتپەروەری کورت بینانە تاوانبار کرا. بەڵام لە ساڵانی دواتردا رەخنەگران بەردەوام ستایشی کارامەیی ئەویان لە کێشو وێنەسازی بەرجەستەی هەندێ شیعری لیریکی، ئەویان کردووە.

<u>روبرت براونینگ</u> (1812- 1899):

لە دەوروبەری لەندەن هاتۆتە دنیاوە. بابی فەرمانبەری بانکی ئینگلستان بوو و شەیدای ئەفسانانی سەدەکانی ناڤین، دایکیشی لە مۆسیقادا زەوقو توانایەکی فرەی هەبوو. بابو دایکی

براونینگ هیچیان ئەندامی کڵێسای فەرمی ئینگلستان نەبوون، بۆیە روبەرت لە خوێندنی زانکۆ بێ بەش بوو، بەڵام کتێبخانەی خێزانیان، بە کۆمەڵێك کتێبی جۆراوجۆر دەوڵەمەندەوە، بۆ ئەو زانکۆیەکی گەورە بوو، و براونینگ لە ماڵەوە زانیارییەکی فرەی کلاسیك، مۆسیقا، مێژوو و فەلسەفە فێر بوو. جگە لەوەی کە دڵبەندی ئەو بە هۆزانی کیتس و شیلییەوە، ئەوی بەرەو دنیای شیعر بکێش کرد.

یەکەمین کۆ شیعری براونینگ بە ناوی پولین (1833)، هیچ جۆرە سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێناو نەفرۆشرا.

هۆزانەکانی ئەم دیوانە دەربڕی تەسەوراتی براونینگە دەربارەی شاعیر وەکو مێژوونووسی رۆحی بەشەر، دیوانە شیعری دواتری براونینگ، پاراسلسوس (1835)ی ناو بوو کە لە ئەنجوومەن ئەدەبییەکانی لەندەندا ناوبانگی دەرکرد.

براونینگ، بە هاندانی ویلیام چارلز مکردی (1793- 1873)ی دۆستی، کە ئەکتەرو شرۆڤەکاری تراجیدیاکانی شەکسپیر بوو، چەند درامایەکی بۆ نواندن نووسی، کە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، تەنیا تراجیدیای سترافورد (1837) چەند شەوێك لە لەندەن پێشکەش کرا. براونینگ لە بنەڕەتدا کارامەییەکی ئەوتۆی لە پەرداختی رەگەزەکانی شانۆنامەدا نەبوو، بەڵام لە دەربڕینی دراماتیکی، مەنەلۆگ و هەروەها لە نووسینی دەقی شانۆنامەی کورتدا بە توانا بوو. بە هەرحاڵ دراماکانی دواتری براونینگ بریتی بوون لە: ڤیکتۆر شاو چارلز شا (1842)، گەڕانەوەی درۆسس (1843)، شەرمەزاری لە خێزاندا (1843)، رۆژی لە دایکبوونی کولومبس (1844)، لوریا (1846)و تراجیدیای رۆح (1846).

براونینگ لە ماوەی ساڵانی 1841- 1846دا زنجیرەیەك لە هۆزانەکانی بەناوی زەنگ و هەناران بڵاوکردەوە. لەم کۆمەڵەیەدا کە تێکڕا هەشت بەرهەمی لە خۆی دەگرت هەوڵی دابوو تا گوتار لەگەڵ مۆسیقادا، مانا لەگەڵ دەنگداو ئەندێشە لەگەڵ شیعردا تێکەڵ بکات. لە کۆ شیعری یەکەمی، زەنگ و هەناراندا سەرکەوتووترین شیعری دراماتیکی براونینگ، "پیپا تێ دەپەڕێ (1841)"یە، کە چیرۆکی کیژێکی هەژاری ئیتاڵی دەگێڕێتەوە کە لە رۆژی پشووی ساڵی نوێدا بە دەم سترینەوە بە گەڕەك و باناندا تێدەپەڕێ و کار دەکاتە سەر رۆحی ژمارەیەك لە خەڵکی.

بەشی سێیەمی زەنگ و هەناران، ((لیریکا درامییەکان)) (1842)ی ناو بوو کە هەندێ پارچەی وەکو پەیڤانی (رەبەنی ئەسپانیایی) لە خۆ دەگرت، لەم پارچانەدا بوو کە براونینگ قاڵبێکی پوختەی بۆ نیشاندانی بەهرەی خۆی لە مەیدانی درامای سایکۆلۆژیدا بە دەست هێنا، و ئەم قاڵبە مەنەلۆگی شانۆیی بوو. لە ساڵی 1845دا حەوتەمین زنجیرەی لە کۆی شیعری زەنگ و هەناران بە ناونیشانی "رۆمانس و لیریکای دراماتیك" بڵاوکردەوە کە "رابەری گوم بوو" باشترین و گرنگترین پارچەی بوو.

براونینگ لە ساڵی 1846دا بە دزییەوە لەگەڵ خانمە شاعیری بەرجەستە، ئیلیزابت بیرت دا (1806- 1861) زەماوەندی کرد، و لە ئیتاڵیادا ئاکنجی بوو. بیرت کە هەمیشە لەش بە بارو

نەخۆش بوو لە ساڵی 1861 کۆچی دوایی کرد، و براونینگ بە خەمینی بۆ لەندەن گەڕایەوە، بەڵام دوای ماوەیەك بە گەرمو گوڕییەکی زیاتر لە جاران دەستی بە کار کردەوە.

یەکەمین کتێبی براونینگ کە فرۆش و سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێنا کەسایەتییانی درامی (1864)ی ناو بوو، کە بەناوبانگترین شیعری (رابی بین ئەزرا) بوو.

بەناو بانگترین بەرهەمی براونینگ، موستیلەو کتێب (1868– 1869)ـە، بەیتێکی درێژە لە دوانزە کتێب دا لەسەر بنەمای دادگایی قەتلێك لە ئیتاڵیا لە ساڵی 1698دا، لەم کتێبەدا کە لە قاڵبی مەنەلۆگی درامیدا هۆنراوەتەوە، دوانزە کەسایەتی، هەر یەکەیان بابەتی قەتلەکە لە روانگەیەکی جیاوازەوە دەگێڕنەوە. براونینگ ئەم چیرۆکەی لەسەر بناغەی "کۆنە بەیازێك" (دەربارەی دادگایی قەتلێك) کە لە ساڵی 1860دا لە فلورانس دۆزی بوویەوە، داناوە.

براونینگ بە دیدی سایکۆلۆژیانە لە دەربڕینی ئەنگێزەی کەسایەتییەکان، کارامەیی لە قاڵبی مەنەلۆگی درامی، زانیاری فرە، ئارەزووی لە نێوەڕۆك و بابەتێن رێنیسانسی ئیتاڵیا بەناوبانگەو لە بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆییدا زۆر بە توانایە.

<u>ئیلیزابت بیرت براونینگ (1806– 1861):</u>

کیژە گەورەی خێزانێکی یازدە منداڵی بوو. رۆژانی خۆشی منداڵیەتی لە ناوچەی جوانی هرفورد شایر، لە سنووری ویلز بوری. بابە چاکەکار، بەڵام وشك و سەرسەختەکەشی چاودێری تەواو دەکرد، لە راستیدا، براونینگ تا بەر لە شووکردنی زندانی بابی بوو، و کتێب هاودەمی شەوو رۆژی بوو.

ئیلیزابت لەسیانزە ساڵیدا داستانی جەنگی ماراتون–ی دانا کە لەسەر ئەرکی بابی بڵاوبووەوە، لەپانزە ساڵیدا بڕبڕەی پشتی ئاسیوی دیت و تا کۆتایی تەمەن رووی سەلامەتی بەخۆیەوە نەبینی. هەروەها تووشبوونی بە نەخۆشی سیل لە زەمانی ئاکنجی بوونیەوە لە لەندەن، سەرباری نەخۆشییەکەی بوو.

ئیلیزابت لە ساڵی 1843دا کۆمەڵێك لە شیعرەکانی بەناوی هاواری منداڵان بڵاوکردەوە، کە لەوێدا هاوسۆزی قوڵی خۆی لەگەڵ ئەو منداڵانەدا کە لە کان و کارخانەکاندا رەنج دەدەن دەردەبڕێت و بە توندی هێرش دەکاتە سەر ئەو کەسانەی کە فاکتەری چەوساندنەوەی منداڵانن.

ئیلیزابت لە ساڵی 1846دا لە دوای ئەڤینێکی پڕ سۆزی پەنهانی لەگەڵ روبرت براونینگدا زەماوەندی کرد. بەسەرهاتی ئەڤین و دڵداری ئەم جووتە، توڕەبوونی بابە سەر سەختەکەی ئیلیزابت لەم بەسەرهاتە, زەماوەندی شادی ئەم دووانە، هەڵاتنیان بۆ ئیتاڵیاو رۆژانی خۆشی پاش زەماوەندیان، بە یەکێك لە جوانترین رۆمانسە ئەدەبییەکان دەژمێردرێت. یادگاری ئەم زەماوەندە زنجیرە سۆناتەیەکە کە ئیلیزابت لەکۆ شیعری سۆناتەی پرتوغالیدا (1850)بەمێردەکەی پێشکەش کردووە. لە نێو هۆزانەکانی دیکەی ئیلیزابت دا، پەنجەرەکانی کازا گوئیدی (1851)، شیعرێکی درێژە دەربارەی خواست و ئارەزووە نەتەوەییەکانی فلورانسییەکان، و ئوروراليی (1856) چیرۆکە شیعرێکە دەربارەی کچۆڵەیەکی هەتیو.

گویٚ نەدانی بیرت بە کێش و قافیە لە هەندیٚ شوێندا، زیانی زۆری بە شیعری ئەو گەیاندووە، لەگەڵ ئەمەشدا، راستگۆیی و دڵسۆزی ئەو، حەساسیەتی سەبارەت بەستەمی کۆمەڵایەتی و دڵبەندی بە جوانییەکانی سروشت، شیعرەکانیان خستوەتە ریزی باشترین هۆزانانی رۆژگاری خۆیەوە.

**ئیدوارد فیتزجیراڵد** (1809– 1883):

ئەدیب و یەکێك لە گەورەترین وەرگێڕانی شیعر، لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندو خاوەنی ئیحتوبارێکی کۆمەڵایەتی دیار هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی 1830دا زانستگەی کەمبریج–ی تەواو کرد، و کەوتە خوێندنەوەو توژینەوەی زمانانی رۆژهەڵاتی، بە تایبەتی زمان و ئەدەبیاتی فارسی. فیتزجیراڵد لە ساڵی 1853دا وەرگێڕانی ئینگلیزی شەش شانۆنامەی کالدرونی بڵاوکردەوە، و پاشان بە هاوکاری دۆستی رۆژهەڵاتناسی ئی. بی کاول، بەیتی سەلامان و ئەبسال–ی جامیی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، کە لە ساڵی 1856دا بڵاوبووەوە. فیتز جیرالد کە لەم حاڵ و بارەدا زۆر شەیدای عومەر خەیام بوو بوو. دەستی بە وەرگێڕانی چوارینەکانی ئەو کرد. وەرگێڕانی شیعریی چوارینەکانی خەیام لە ساڵی 1859دا بەبیٚ ناوی وەرگێڕ بڵاوبووەوە. ئەم وەرگێڕانە هەر چەندە وشە بە وشە نییە، و وەرگێڕانێکی تەواو ئازادە، لیٚ فیتز جیرالد روحی بەرهەمەکەی پاراستووە، و چەمك و مانای گشتی چوارینەکان و فەلسەفەی خەیامی بە باشی دەربڕیوە.

**ماتیوئارنولد** (1822– 1888):

شاعیرو رەخنەگری گەورە، لە خانەوادەی کەشیشێك کە بوو بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەی راگبی، چاوی بە دنیا هەڵێنا، ماتیو لەقوتابخانەکەی بابی، کە بە یەکێك لە ناودارترین قوتابخانانی گشتی ئینگلستان دەژمێردرا، خوێندویەتی، و لە ساڵی 1841دا چووەتە ئوکسفۆرد، لەوێندەر کەوتە خوێندنەوەیەکی فرە، و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی یونان و رومدا پەیدا کرد. لە ساڵی 1845دا خوێندنی تەواوکردو ماوەیەك لە قوتابخانەی راگبی دەرسی گوتەوە، ئارنوڵد لە ساڵی 1847دا بوو بە سکرتێری تایبەتی لوردلترداون–ی سیاسەتوان، سیٚ ساڵان هاوکاری لەگەڵدا کرد، سەرەنجام لە ساڵی 1851دا لەسەر راسپاردەی لترداون بووبە سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان، و تا ساڵی 1886 لەم پۆستەدا مایەوە، زۆربەی ئەم ماوەیەی بە سەفەری ئەوروپا، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی سیستەمانی پەروەردەو فێرکردن قەتاند، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کاتێك لە شیعر دوور نەکەوتەوە، و هەر لەم سەفەرانەدا دەلیڤەی دیدارو ئاشنابوونی لەگەڵ نووسەرانی گەورەی وەك سەنت بوف و ریناندا پەیدا کرد.

یەکەمین کتێبی هۆزانی ئارلوند لە ژێر سەر ناڤی خۆشگوزەرانی ئاوارە، لە ساڵی 1849دا بڵاوبووەوە. دیوانەکانی دواتری ئەو، ئیمپدوکلس لەسەر ئیتنا (1852)، هۆزانان (1853) و هۆزانان، بەشی دووەم (1855) تراجیدیایەکی کلاسیکی بەناوی میرۆپ (1858) و هۆزانێن نویٚ

(1867) یان ناوە. هۆزانەکانی ئارنولد زیاتر لاوانەوەو خەمناکن. باشترین نموونەی ئەم شیعرانە "کێوەلی حەکیم"- (1853)ـە، شیعرێکە دەربارەی یەکێك لە خوێندکارەکانی ئۆکسفۆرد کە هەژاری و دەستکورتی دەیخاتە باوەشی کێوەلییانی بەڕەڵلا، "ترسیس"- (1866)، کە ئارنۆڵد بۆ مردنی ئارتور هیوکلاوی دۆستی گوتووە، لە لاوانەوە هەر جوانەکانی زمانی ئینگلزییە. ڕەنگە بەناوبانگترین هۆزانی ئارنۆڵد "کەناری دۆڤەر"- (1867) بێ کە پەریشانی و پەرتی زەینی هەستیاری ئەو لەسەردەمێکی پەشێودا دەردەبڕێت.

ئارنۆڵد لە ساڵی 1857دا بە مامۆستایەتی کورسی شیعری زانستگەی ئۆکسفۆرد هەڵبـژێردرا، و لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە ئەم پۆستەی هەبوو، هەندێ کۆڕی گێڕا کە بەشێك لە کۆ گوتارو ڕەخنەکانی ئەو پێکدەهێنن.

یەکەمین ئەم کۆ نووسینانە، دەربارەی وەرگێڕانی هۆمەر (1861) بوو، کە بەسەرەتای قۆناغی پەخشاننووسی ئارنۆڵد دەژمێردرێت، و دووەم کۆنووسینی، دوا وتە دەربارەی وەرگێڕانی هۆمەر (1862)ی ناو بوو.

یەکەمین بەرهەمی پەخشانی گەورەی ئارنۆڵد، چەند گوتارێك دەربارەی ڕەخنە بوو کە لە دوو بەشدا (1865، 888) بڵاوبووەوە. وا باوە کە ئەم کتێبە شێوەی ڕەخنەنووسینی فێری ئینگلیزەکان کردووە. بۆچوونەکانی ئارنولد دەربارەی وەزع و حاڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیش لەکۆ گۆتارێکدا بە ناوی کەلتوورو ئەنارشیزم (1869)دا کۆکراوەتەوە. کۆ بەرهەمێکی گرنگی دیکەی ئارنۆڵد، ئەدەبیات و دۆگما (1873) بوو کە لەوێدا زمانەوانەکان لەسەر شرۆڤەی وشە بە وشەو بە هەند نەگرتنی ڕۆحی کتێبی مقەدەس لۆمە دەکات، بە بۆچوونی ئارنۆڵد، کتێبی مقەدەس زیاتر کتێبی ڕەفتار و ئەتوارەو بایەخەکەشی لەمەدایە کە دەتوانێ بەشەران بەرەو ژیانێکی ساغڵەم و میانڕەو ڕێنوێنی بکات.

ئارنۆڵد کاریگەرییەکی قوڵی کردۆتە سەر دیدو ڕەوتە فیکرییەکانی ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەم، ئارنۆڵد لەگەڵ کارلایل و راسکین دا، لەهەنبەر ماددیگەریی سەردەمدا یاخی بوو. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانەوە عەوداڵی بەها مەعنەوییەکانی سەدەکانی ناڤین نەبوو، بەلکو چاوی بڕی بووە ئایندەی بەشەر. لە ڕوانگەی گەلێك لە هزرڤانانەوە، بە پێشکەوتنی زانستان، بونیادی خوایی ئەخلاقیات و مەعنەویات هەرەسی هێنا بوو، و ئارنۆڵد باش دەیزانی کە دەبێ بەهایەك جێی بەهای مەزەب بگرێتەوە، ئەوەی ئەو پێشنیازی دەکرد ئەو بەها خودییە شارانەوەی ناو سروشتی بەشەران بوو.

<u>دەنتی گابریل روستی (1828- 1882):</u>

شاعیرو نیگارکێشی ئیتاڵیایی ئینگلیزی نەژاد لە لەندەن هاتۆتە دنیا، گابریل روستیی بابی (1783- 1854)، لە شاعیرانی نیشتمانپەروەرو لە پەناهەندە سیاسییەکانی ئیتاڵیا بوو لە لەندەن. دەنتی لەمنداڵیدا لە هونەرخانەیەك خوێندوویەتی و لە هەژدە ساڵیدا چووە قوتابخانەی ئەکادیمیای پاشایەتی، لە ساڵی 1848دا لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجوومەنی برایانی بەر لە

رافائیلیان دامەزراند، هۆی ناونانەکەی ئەمە بوو کە ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە باوەڕیان وا بوو کە حەقیقەت و راستگۆیی لە نیگارکێشانی دوای رافائیلدا نەماوە، و خۆیان بە لایەنگری سادەیی و راستگۆیی نیگارکێشانی بەر لەو دەژمارد. ئەوان دژی قەرارادە باوەکان وەستانەوەو گەڕانەوە بۆ سروشتیان راگەیاند، بڵاوکەرەوەی بیری ئەم ئەنجوومەنە بڵاوکراوەیەك بوو بە ناوی جرم – Grem (1850) کە لە چوار ژمارە پتر بەردەوام نەبوو. بەیتی "کیژی موبارەك"، کە شیعری تەمەنی نۆزدەساڵی روستی بوو، و چەند شیعرێکی دیکەی یەکەمجار لەم بڵاوکراوەیەدا بڵاوبووەوە.

یەکەمین دیوانی شیعریی رۆستی لە ساڵی 1870دا بەناوی هۆزانان بڵاوبووەوە. یەکێك لە دیوانەکانی دیکەی چامەو سۆناتان (1881) بوو کە لە باری دەوڵەمەندی و رازئاسای غەزەلە خۆش ئاهەنگەکانیەوە بووە مایەی ستایشی رەخنەگران. روستی بەرهەمی شاعیرانی ئیتاڵیایی و ئاڵمانیو فەرەنسیشی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، بەڵام شۆڕەتو ناوبانگی ئەو بەندە بە شیعرە گەرمو گوڕو پڕ هەستەکانی خۆیەوە کە کاریگەرنو لە نیگارەکانی نایەنە دابڕان.

<u>کریستینا روستی</u> (1830– 1894):

خوشکی دەنتی گابریل روستی و ئەندامی ئەنجوومەنی برایی بەر لە رافائیلیان بوو کە بە سۆناتەو هۆزانە لیریکییە مەزەبییەکانی بەناوبانگە. بە ئاوێتە کردنی لوتفو تەقواو شۆخی، باشترین هۆزانی ژنانەی سەردەمی ڤیکتۆریای نووسیوە، کریستینا، تێکڕا نۆ سەد شیعری کورتی ئینگلیزی و شەست شیعری ئیتاڵیایی لە دوا بەجێماوە کە زیاتر مەزەبیو خەمناکن.

یەکەمین دەفتەری شیعریی کریستینا، بازاڕی گابلین (1862) بوو کە نیشانەی مامۆستایی ئەوە لە واری دەربڕین و نیشاندانا، دیوانی دواتری ئەو پێشکەوتنی شازادە (1866)ی ناو بوو.

<u>ویلیام موریس</u> (1834– 1896):

شاعیر، هونەرمەند و نەخشەسازێکی باڵادەست، لە بەهرەدارترین ئەندامانی ئەنجوومەنی برایی بەر لە رافائیلیان بوو. لە کەمبریج خوێندیو ماوەیەکیش نیگارکێشی لە دەنتی گابریلەوە فێر بوو، پاشان بە مەبەستی دروستکردنی گۆڕانکارییەك لە مۆبێلمان و رازانەوەی ماڵان، کۆمپانیایەکی دامەزراندو کەوتە نەخشەسازیو بەرهەم هێنانی پەردەی نەخشدار، کاری داروتەختە، شووشەو جامی رەنگاو رەنگو پێداویستییانی سیرامیکی و کانزایی.

پاشان زەوقو سەلیقەی خۆی لە رۆژنامەوانیو نەخشەسازی کتێبدا بەکار هێنا. چاپخانەیەکیشی داناو کتێبانی بە نرخی چاپکرد.

یەکەمین دەفتەری شیعریی موریس، داکۆکی گونیڤەر (1858)، رەنگدانەوەی تاسەو دڵبەندی ئەو بوو بە سەدەکانی ناڤین، بەناوبانگترین کتێبی ئەو بە هەشتی زەمینی (1868– 1870) بوو کە کۆمەڵە چیرۆکێکی شیعرییە.

موریس پەخشانە چیرۆکیشی نووسیوەو کتێبیانی وەکو ئودیسەی هومەری بۆ ئینگلیزی وەرگێڕاوە، ئەو کە سوسیالیستێکی نەگۆڕ بوو، لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا هەندێ بەرهەمی دەربارەی سوسیالیزم نووسی یەکێك لەوانە هەواڵەکانی یوتوپیا (1896)یە.

<u>ئەلجیرنن چارلز سوینبرن (1837– 1901):</u>
لە ماڵباتێکی قەدیمی و ناسراو لە لەندەن هاتە دنیاوە. بابی دەریاسالاری هێزی دەریایی ئینگلستان بوو، دایکیشی رەچەڵەکێکی ئەشراف هەبوو. سوینبرن لە منداڵیدا فەرەنسیو ئیتاڵیایی فێربوو، و لە ئۆکسفۆرد یۆنانیو لاتینی خوێند. لە ساڵی 1857دا پەیوەندی بە گروپی بەر لەرافائیلیانەوە کردو بوو بە یەکێك لە موریدانی دەنتی گابریل روستی. سوینبرن زۆر ئاشقی شیللی و ڤیکتۆر هۆگۆ بوو، و لە ژێر کاریگەریی ئەفسانانی یۆنانی ئەدەبیاتی کلاسیکی روم، رۆمانسانی سەدەکانی ناڤینو درامای سەردەمی ئیلیزابێتدا بوو. بە هۆی یاخی بوون لە هەنبەر قەراردادەکانی سەردەمی ڤیکتوریا، هاوسۆزی لەگەڵ راپەڕینو رێبەرانی شۆڕشی سیاسی سەردەم،و هەروەها دەوڵەندی مۆسیقای شیعرەکانییەوە ناوبانگی دەرکردووە.
سوینبرن لە ساڵی 1860دا دوو درامای شیعریی مەلیکە دایكو روزاموند–ی بڵاوکردەوە، و لە ساڵی 1864دا کەوتە سەفەرو سیاحەت بە ئەوروپادا. پاش گەڕانەوە، لە لەندەن دا ئاکنجی بوو و لە ساڵی 1879ەوە تاکۆتایی تەمەنی بە گۆشەگیری ژیا. بەرهەمەکانی ئاوێتەیەك لە تایبەتمەندییەکانی کلاسیكو رازانەوە رۆمانتیزمیەکانیان لە خۆدا کۆکردوەتەوە. کۆ شیعرەکانی کە دەگاتە بیستو پێنج بەرگ نیشانەی مامۆستایەتی ئەون لە هونەرو سنعەتە شیعرییەکاندا.
ئاتلانتە لە کالودوندا (1865)، کە تراجیدیایەکی شیعرییەتیو لە قاڵبی درامای کلاسیکی یۆنانیدا هۆنراوەتەوە، کەمو زۆر بووە مایەی ناوبانگی. بەرهەمی دواتری سوینبرن بە ناوی چسترلند (1865) بوو، یەکەمین کتێبی درامایەکی سێ بەشی بوو کە دوو بەشەکەی تری بۆت ویل (1874)و ماری ستوارت (1881)یان ناو بوو. ناوی سوینبرن بە دوو کۆ بەرهەم بە ناوی هۆزانانو گۆرانیان (1866، 1874) کەوتە سەر زاران، بەڵام بە هۆی خوودانە ئاشقێنیو لەزەتێن بەدەنییەوە سەرزەنشتێکی زۆریش کرا. سوینبرن لە بەرهەمێن دیکەی وەکو گۆرانییەکانی ئیتاڵیا (1867)و گۆرانیانی بەرەبەیانی (1871)دا بە باسی مەسەلەی سەربەخۆیی ئیتاڵیا، دڵبەندی خۆی بە ئازادی سیاسی نیشاندەدات. بەیتی تریسترام لاینسی (1882)، کە بە باشترین بەرهەمی سوینبرن دەژمێردرێت، چیرۆکی نەمری تریسترامو ئیزولت دەگێڕێتەوە. لەم کتێبەدا سوودێکی زۆر لە هاودەنگی سەرەتاکانی وشەکان وەردەگرێت.
سوینبرن لە شیعرە بەراییەکانی خۆیدا ئەزموونانی سێکسی تەمو مژدار دەردەبڕێت، بەڵام لە شیعرە پوختەترەکانی دا بە توانایەکی هونەری سەیرەوە روو دەکاتە مەسەلە هزرییەکانو لە رۆمانتیزمی سەردەمی لاوی دوور دەکەویتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا، بایەخی ئەو پتر لە هەر شتێکی دی بەندە بە ئەفسونی زمانو مۆسیقای شیعرەکانییەوە.

**<u>جیرارد منلی هۆپکینز (1844– 1889):</u>**

**لە ئیسکس لە دایك بووەو لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی. لە ساڵی 1866دا چووە سەر ئاینی کاتولیکی رووم‌و لە ساڵی 1868دا بوو بە کەشیشی یەسوعی، لە ساڵی 1884 گەییە پلەی مامۆستای پسپۆڕی زمانی یۆنانی لە زانستگەی دوبلین.**

**یەکەمین دەفتەری شیعریی هوپکینز لە دوای مردنی لە ساڵی 1918 بە ناوی هۆزانان بڵاوبووەوە. ئەم کتێبە لێوڕێژە لە هەستی قوڵ‌و وێنەی توڕەو یەك لەسەر یەك. شۆڕەتی هۆپکینزش بە هۆزانە پرشنگدارەکانی دەربارەی مەزەب‌و سروشت، تازەگەرییە شۆڕشگێڕانەکانی لە شێوەی تەکنیك‌و هاوسەنگی و گونجانی تەواوی پاژو رەگەزەکانی شیعری ئەوەوەیە.**

**<u>ویلیام ئیرنست هنلی (1849– 1903):</u>**

**شاعیر، شانۆنامەنووس‌و رۆژنامەڤان بوو. لە منداڵییەوە دووچاری نەخۆشی سیل بوو و لەبەر ئەمە پێیەکی لە دەستدا، خوێندنیشی لە سنووری قۆناغی قوتابخانە دەرنەچوو. لە ساڵی 1877دا هاوکاری خۆی لەگەڵ بڵاوکراوەکانی لەندەندا دەست پێکردو بوو بە سەرنووسەری چەند بڵاوکراوەیەکی بەرجەستە، و بەرەبەرە لە مەیدانی رەخنەدا ناوو ناوبانگێکی پەیدا کرد. هنلی بیست مانگێکیشی لە نەخۆشخانەدا بەسەر بردو دیوانێکی بەناوی لە نەخۆشخانەدا (1873– 1875) بڵاوکردەوە.**

**هنلی کە لە پێشڕەوانی شیعری ئازادی ئینگلستان بوو، بە هۆی چەند کۆ شیعرێکی وەکو: کتێبی هەڵبەست (1888)، گۆرانی شمشێر (1893)و لەبەر خاتری ئینگلستان (1900) ناوبانگی دەرکردووە.**

**<u>فرانسیس تومپسن (1859– 1907):</u>**

**کوڕی پزیشکێکی کاتولیك بوو کە لەسەر داوای بابی ماوەیەك پزیشکی خوێند، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناو دەستی لێ هەڵگرت. باقی تەمەنی لە لەندەندا بە دەستکورتی‌و نەخۆشی‌و ئالوودە بوون بە تلیاك بەسەر چوو.**

**تۆمپسن لەو ساڵانەدا کە لەگەڵ هەژاری‌و دەستکورتیدا دەستەویەخە بوو، هەندێ هۆزانی دانا کە لە رووی مۆرك‌و وێنەسازییەوە کاریگەریی کیتس‌و شیللی پێوەیە،و لە باری رۆح‌و تۆنەوە هۆزانی هۆزانڤانانی میتافیزیك وەیاد دێننەوە. زۆربەی شیعرە سۆفیانەکانی بە خەون‌و جەزبەی بەهەشت ئاوێتە کردووە. بە ناوبانگترین شیعری ئەویش ((تاژی بەهەشت))ە، تۆمپسن سێ کۆمەڵە شیعری لە پاش بەجێماوە کە لە ژێر سەر ناڤی: هۆزانان (1893)، سترانێن چوونیەك (1895)و هۆزانێن نوێ (1897) بڵاوبوونەتەوە.**

**<u>ئالفرید ئیدوارد هاوسمان (1859– 1936):</u>**

ماموٚستای شیعری لیریکی نایاب‌و زانای ئەدەبیاتی کلاسیك بوو. لە ئوکسفوٚرد خوێندوویەتی. چەند ساڵێك لە دایەرەی توٚماری داهێنانی بەریتانیا کاری کرد، ئەوسا، یەکەمجار لە زانستگەی لەندەن، و پاشان لە ساڵی 1911دا لە کەمبریج بوو بە ماموٚستای زمانی لاتینی.
شوٚرەتی هاوسمان بەندە بە کوٚ شیعرە لیریکییەکەیەوە، لاوی شەراپشایری (1896) کە رەنگدانەوەی گیانی تەنزو تەوس، هەستی خەمی زادەی نا ئومێدی لاوی، رەوتەنیەتی ئەڤین‌و لاوی، خەم‌و پەژارەی ژیان‌و رەشبینی قوڵی شاعیرێکە کە مەرگ بە تەسەلابەخشی هەموو بەشەران دەزانێ، هاوسمان دوای بڵاوکردنەوەی ئەم کوٚ شیعرە تا ماوەی بیست‌و شەش ساڵی دیکە هیچ شیعرێکی نەگوت‌و تەنیا لە ساڵی 1922دا دیوانێکی بە ناوی دوا هوٚزانان، بڵاوکردەوە.

<u>**رادیەرد کیپلینگ**</u> <u>(1865– 1936):</u>
شاعیرو چیروٚکنووسی بەرجەستە لە بومبەی لە خێزانێکی ئینگلیزی هاتە دنیاوە، لە شەش ساڵی تا هەڤدە ساڵی لە ئینگلستان خوێندی، پاشان لە هندا کەوتە روٚژنامەڤانی، و وەکو شروٚڤەکاری ژیانی هندیان لە ئیمپراتوٚریەتی بەریتانیا‌و لای خەڵکی جیهان ناوی دەرکرد.
کیپلینگ لە بیست و یەك ساڵیدا کوٚمەڵێك لە شیعرەکانی لە ژێر سەر ناڤی سروودێن ئیداری (1886)دا بڵاوکردەوە. بەرهەمی دواتری، چیروٚکانی بێ پەردە لە گردانەوە (1888) بوو کە لە شیعرەکانی زیاتر رەواجیان پەیدا کرد. و سەرەنجام، بە بڵاوکردنەوەی کوٚمەڵێکی تازە لە چیروٚکەکانی بەناوی لەمپەرەکانی ژیان (1891)، وەکو نووسەرێکی پێشرەوی کورتە چیروٚکان لە ئینگلستاندا ناسرا، بەڵام مەنشورترین بەرهەمی کیپلینگ، کتێبی بێشە (دوو بەرگە، 1894، 1895) بوو کە زنجیرە حیکایەتێکی جوانی لە خوٚ دەگرت‌و بوٚ نەوجەوانان نووسرا بوو، کیپلینگ دوو روٚمانیشی بە ناوانی: ئەو روناکییەی روٚشنایی نەبەخشی (1890)و کیم (1901) نووسی بەڵام لەم مەیدانەدا هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا، سەرکەوتنی ئەو بە کورتە چیروٚکەکانییەوە بوو.
کیپلینگ بە هەمە جوٚری‌و بەربڵاوی بەرهەمەکانی بوٚ نەوەی خوٚی‌و لە ناو نەوەی خوٚیدا رەواجێکی فرەی هەبوو، لە زوٚر رووەوە بە یەکەمین شاعیری ئیمپراتوٚریەتی بەریتانیاش دەژمێردرێت، چونکە دیدی ئەو تەنیا لە چوار چێوەی ئینگلستاندا قەتیس نامێنێ، بەڵکو لە شیعرەکانی دا لە ئوستralیاو کەنەداوە بیگرە تا ئەفریقای باشوورو دوورترین دەڤەری قەڵەمرەوی ئیمپریالیزمی بەریتانیا دەروات. لەم شیعرانەدا لە پشت پەردەی نیشتمانپەروەرییەوە، کەوتووەتە لایەنگری لە ئیمپریالیزمی وڵاتەکەی، کە ئەم بابەتە شوٚرەتی ئەوی لەکەدار کردووە، بە هەر حاڵ کیپلینگ بە هوٚی هوٚزانانی وەکو "گونگادین" و "ماندلی"یەوە کە لە کوٚ شیعری سرودێن سەربازخانە (1892)دا کوٚ کراوەتەوە، نەمر بووە، کیپلینگ یەکەمین شاعیری ئینگلیزیشە کە خەڵاتی نوٚبڵی ئەدەبیاتی ساڵی (1907)ی وەرگرت.

ئێرنست داوسن (1867– 1900):

دەرچووی ئۆکسفۆردە، لە پەیڕەوانی قوتابخانەی ناسراو بە یارانی داروخان بوو کە شاعیرانی فەرەنسی: رامبۆ، ڤارلین، و مالارمیە بە پێشەنگی دەژمێردران، هونەرمەندانی سەر بەم قوتابخانەنەیە خۆیان لە بابەتێن سادەو سروشتی دوور دەگرتو بەلای بابەتو نێوەڕۆکی ئاڵۆزو دەستکردا دایان دەشکاند، ئەمانە لەو باوەڕەوە کە هونەر جگە لە خودی خۆی چ ئامانجێکی دیکەی نییە، خۆیان لە هەر بابەتێکی ئەخلاقی یان کۆمەڵایەتی دوورە پەرێز دەگرت، داوسن–ی بەرجەستەترین نوێنەری یارانی داروخان لە ئینگلستاندا، وەکو هونەرمەندانی هاو قوتابخانەی فەرەنسەوی خۆی پەرەی بە دەربڕینی شیعری دا، بەڵام ئیزافەیەکی زۆری نەبوو، کۆ شیعرەکانی لە دوو دیوانی کەم قەوارەدا لە ژێر سەر ناڤی هۆزانان (1896)و ئارایش (1899) بڵاوبووەتەوە. شۆرەتی داوسن بەر لە هەر شتێك بەندە بە شیعرێکەوە بە ناوی سی نارا، کە بە یەکێك لە ناودارترین هۆزانێن سەردەمی شاعیر دەزانریٚو بۆ کیژۆڵەیەك دانراوە کە دڵی ئەوی رفاندووە.

## ڕۆماننووسانی سەردەمی ڤیکتۆریا

بنجامین دیزرائیلی، ئێریل ئۆف بیکنزفیلد (1804– 1881):

سیاسەتوانی محافەزەکارو ڕۆماننووسی ئینگلیزی، کوڕی ئەدیبێکی جولەکە بوو، لە سیانزە ساڵی دا تەعمید کراو بوو بە مەسیحی بەڵام هیچ کاتێك غیرەی نەژادی خۆی لە دەست نەدا، دیزرائیلی لە ساڵی 1837دا بوو بە نوێنەری پارلەمانو پاشان گەییە ڕێبەرایەتی ئەنجوومەنی گشتی. دوو جاران، لە ساڵی 1868 و 1874، بە سەرەك وەزیری ئینگلستان هەڵبـژێردراو دەوڵەتێکی بە سیاسەت ئیمپریالیستی دامەزراند، بە دەست پێشکەری ئەو بوو کە ئیمتیازی کاروباری کەناڵی سوێس کەوتە دەستی ئینگلستان، و مەلیکە ڤیکتۆریا وەکو ئیمپراتۆری هند تاجی لەسەرنا (1876).

دیزرائیلی ژیانی ئەدەبی خۆی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی ڤیڤن گری (1826) دەست پێکرد، پاشان شەش چیرۆكو چەند وتارێکی سیاسی نووسیو ڕۆمانێکی بە ناوی: دۆکی لاو (1831)، چیرۆکی دڵدارانەی پەرستگەی هنریتا (1836)، و ڕۆمانانی دیکەی بڵاوکردەوە، بەڵام مەنشورترین بەرهەمی چیرۆکڤانی ئەو ڕۆمانێکی سیٚ بەشییە کە بەشی یەکەمیان کونینگزبی (1844)، کە زۆر بۆچوونی سیاسی ئەوە دەربارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم، بەشی دووەم: سیبیل (1846)، ژیانی خەڵکی دەوڵەمەندو چینی هەژاری کرێکار لە ئینگلستانی دەیەی 1840دا تاوتویٚ دەکات، و بەشی سێیەم: تنکرد (1847)، دەربارەی لاوێکی خەیاڵ پڵاوە کە لە کۆڕو ئەنجومەنە کۆمەڵایەتییەکانی لەندەنی سەردەم دادەبڕێتو بۆ ڕۆژهەڵاتو

خـاكی مقـەدەس دەڕوات. دیزرائیلـی دوو ڕۆمـانی سیاسیشـی بـە نـاوی لوتـەر (1870) و ئەندیمبیون (1880) نووسیوە.
بەرهەمـە نـا چـیرۆکڤانیەکانی دیزرائیلـی لـە ڕووی مێژووییـەوە شـایەنی سـەرنجن، بـەڵام ئـەم نووسینانەش وەکو ڕۆمانەکانی دەربڕی باوەڕێن محافەزەکارانەی ئەوو نیشانەی شانازی ئەون بە ئیمپراتۆریەتو تەختو تاجی بەریتانیاوە.

**<u>ویلیام مەکپیس تاکری</u>** (1811- 1863):
ڕۆمـاننووس و تەنزنووسـی بـە توانـا، لـە کلکەتـە لـە دایـك بـووە، لـە شـەش سـاڵی دا بـابی کـە بازرگـانێکی دەوڵەمەنـدو لـە کەسـایەتییە بەرجەسـتەکانی کۆمپانیـای هنـدی ڕۆژهـەڵاتی بـوو، لـە دەسـت داو بـۆ ئینگلسـتان چـوو، ماوەیـەك لـە ئۆکسـفۆرد خوێنـدی، بـەڵام زانسـتگەی تـەرك کـرد، ماوەیـەکیش مـاف خوێنـد، و پاشـان ڕووی کـردە ڕۆژنامەنووسـی و هونـەر، لـەم حـاڵو بـارەدا، میراتیەکەی بابی لە قۆماردا بە باداو لە ساڵی 1833دا بۆ پاریس ڕۆیی و سێ ساڵێك نیگارکێشی فێـر بـوو، بـەڵام لـەم بەشـەش دا سـەرکەوتنێکی بـە دەسـت نـەهێنا، لـە سـاڵی 1836دا کـیژێکی ئیرلەنـدی خواسـتو بـۆ ئینگلسـتان گەڕایـەوە تـا بـەهرەو توانـای خـۆی لـە نووسـەرییش دا تـاقی بکاتەوە، بەرە بەرە بە نووسینەکانی لە گۆڤارێن وەك: تایمزو فریزەر،و بە کتێبانی وەك: چیرۆکی هـەژاری جـەنتڵ ئاسـا (1840) ناوبـانگێکی دەرکـرد، بـەڵام ڕۆژانـی خۆشـی سـەرکەوتنی زۆری نەخایاندو شێت بوونی ژنەکەی لە 1840دا، ئەوی تامردن پەریشان و نیگەران کرد.
تاکری بە کتێبی خونوێنەکان (1848)، کە کۆمەڵێك تەنز بوو، و بە ڕۆمانی بێهودە بازاڕ (1848) کە خۆی گوتەنی دەربارەی خەڵکێکە کە بەبێ خودا لە جیهاندا دەژین، پایەکانی شۆرەتی خۆی قایم کرد، لە بەرهەمەکانیا زیاتر بە زمانی تەنز ئامێز دەکەوێتە وەسفی ژیانو خووی ئەشرافو چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی ئینگلستان.
ڕۆمانەکانی هەر چەندە کە سەرڤە سەرڤەو شاش دەنوێنن، کاراکتەرسازیو پەخشـانێکی ڕەوانـی هەیە، تاکری لـە هەڵبـژاردنو وێنـەگرتنی قارەمانـانی ڕۆمانەکانیـدا نـوێڕینو تێگەیشـتنێکی قـوڵی هەیـەو بـەو تێگەیشـتنە بەهێزەوە کـە لەمـەڕ دیمەنـەکانی ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا هەیـەتی دەتـوانێ هەڵوێسـت و شـوێنی پـڕ جوڵـە بخـوڵقێنێ، کۆمـەڵێك وێنـەی جـوانو مامۆسـتایانە دەربـارەی کۆمەڵگـەی ئینگلسـتانی سـەدی هەژدەیـەم دەگرێت، و بـە دەربـڕینو نیشـاندانی تایبەتمەندییـە سـەیرەکانی قارەمانـانی ڕۆمانـەکانی، پـەردە لـە ڕووی گەنـدەڵیو نزمـی ئـەخلاقی ئەشـراف هەڵدەماڵێت. بە شێوەیەکی گشتی نووسـەرێکە خاوەنـدی دیدێکی کۆمەڵایـەتی تیـژو شـێوازێکی سادەو دڵگیر، لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی دیکەی: ڕۆمانانی پندنیس (1848تا 1850)، هنـری ئیسمۆند (1852)و هـەروەها کتـێبی: پێکـەنینۆك نووسـانی ئینگلیـزی لـە سـەدەی هەژدەیەمـدا (1851).

**<u>چارلز دیکنز</u>** (1812- 1870):

مەنشورترین رۆماننووسی ئینگلیزیو یەکێك لە گەورەترین رۆماننووسانی جیهانە، کوڕی فەرمانبەرێکی هێزی دەریایی بوو. لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا باوکە هەژارەکەی کەوتە زیندانی خاوەن قەرزانەوەو چارلز ناچار دەستی لە دەرس و مەشق هەڵگرت، ئەویان لە قوتابخانەوە بۆ کارخانەیەکی بۆیاخسازی نارد، و شەش مانگێك لەوێدا کاری کرد، کە ئەم ماوەیە دنیای پاكو روونی منداڵیەتی ئەوی تاریك کرد، و بێرەحمی کۆمەڵگە داچۆڕایە قوڵایی بوونییەوە, پاشان کەوتە کاری بچووکی وەکو شاگردی نووسینگەیەکی مافەوانی، و لە ئەنجامدا، لە ساڵی 1835دا بوو بە پەیامنێری پارلەمانی یەکێك لە رۆژنامەکان، بەدەم ئەوەوە هەندێ سکێچانو پلۆتی تەنز ئامێزی دەربارەی ژیانی رۆژانەی لەندەن نووسی کە لە ساڵی 1833ەوە تا ساڵی 1835 بەناوی خوازراوی "بۆز" بە زنجیرە لە گۆڤارێکدا بڵاوی کردەوە، سەرکەوتنی ئەم بە ناو سکێچانەی بۆز بە رادەیەك بوو کە دیکنز کۆمەڵێکی دیکەی بە ناونیشانی: نامەیە لە پاشماوەکانی یانەی پیك ویك (1836) بڵاوکردەوە. ئەم نووسینانە کە لە قاڵبی رۆمانێکدا بە ناوی نامەکانی پیك ویك-شدا بڵاوبووەوە، دیکنزی لە بیستو چوار ساڵی دا گەیاندە شۆرەتو ناوبانگ.

دیکنز بە ئولیڤەر تویست (1837- 1838)، کە پایەکانی شۆرەتی ئەوی مکوم کرد، خەباتی دژ بە ناپاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەست پێکرد. دیکنز لەم رۆمانەدا بە وێنەگرتنی دنیای هەژاریو تاوانی کارگەکانی لەندەنی سەدەی نۆزدەیەم، چیرۆکی زەلیلی کوڕێژگەیەکی هەژارو ئەو زوڵمو زۆرەی لێی دەکرێت دەگێڕێتەوە. رۆمانی نیکولاس نیکول بی (1838- 1839)ش، چیرۆکی ژیانی کوڕێژگەیەکی برسییە کە بۆ قوتابخانەیەك بە ناوی (دو دبۆیز هۆل) دەنێردرێت کە بەڕێوەبەرێکی حەیوان سیفەتی هەیە لەگەڵ چل منداڵدا، دیکنز لەم رۆمانەدا وەزعو حاڵی نالەباری بەزەیی ئەنگێزی ئەم جۆرە قوتابخانانانە بە توندی مەحکوم دەکات، وەکو چۆن لە ئۆلیڤەرتویست دا دەکەوتە رەخنەیەکی توند لە کارگەکانی لەو جۆرە.

دیکنز لە ساڵی 1842دا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەفەری کرد. لەم وڵاتەدا بە هۆی سووربوونی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیو پشتیوانی لە مافی دانەران، هەندێ لە ئەنجوومەنەکانی خراپ رەنجاند، پاش گەڕانەوەی بۆ وڵات، کتێبی یاداشتە ئەمریکاییەکان (1842)و رۆمانی تەنز ئامێزی مارتین چوزلویت (1844) دژی کۆیلەیەتیو کورتبینی ئەمریکاییان نووسی، کە لە ئینگلستاندا درەوشانەوە.

لەگەڵ دەیڤدکوپەر فیلدا (1849- 1850) نووسینی بەرهەمی پوختەتری دیکنز دەست پێدەکات. لەم رۆمانەدا، کە فەسڵێکی خەمناك لە ژیانی خۆی دەگرێتە خۆ، هەمدیس باسی ئەو زوڵمو زۆرەی کردووە کە لە منالانی ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەم دەکرێت، لە رۆمانی بلیك هاوسدا (1852) دەکەوێتە ئاشکرا کردنی گەندەڵی سیاسیو خاوە خاوو چاو پۆشی دادگاکان لە تاوتوێ کردنی تاوانەکان، و هێرش دەکاتە سەر دەزگا دەوڵەتییە گیرۆدەکانی شێوازی کۆنو کاغەزبازی. رۆمانی کۆمەڵایەتی رۆژگاری دەستکورتی (1845) توندترین سکاڵانامەی دیکنزە دژی بیانووی فەلسەفەی سەنعەتگەرایی نیوەی سەدەی نۆزدەیەم لە ئینگلستاندا. رۆمانی دوریت-ی بچووك (1855- 1857) کە رەنگدانەوەو نیشاندەری بیرەوەرییەکانی بابی دیکنزە لە

زیندانی خاوەن قەرزان، توندترین جەزرەبەی رەخنەیی نووسەر لەپەیکەری رزیوی سیستەمی کارگێڕی سەردەم دەدات. رۆمانی مێژوویی چیرۆکی دوو شار (1859) چیرۆکێکە دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا، و رووداوەکانی هەردوو شاری لەندەن و پاریس، ئارەزووە گەورەکان (1860–1861) رۆمانێکە هەندێ ئاماژەی بۆ ژیانی دیکنز تێدایەو سەرکەوتوترین بەرهەمی ئەوە. هاوڕێی هاوبەشمان (1864)، گەلێك لە رەخنەگران بە جوانترین بەرهەمی دیکنز، و ژمارەیەکیش بە دوورو درێژیان داناوە، سەرانسەری فەزای چیرۆکەکە پڕە لە غوبار (کینایەیە لە پارە)، فریوو مەرگ کە ئەم فەزاسازییە نیشانەو گەواهی گومان و رەشبینی قوڵی دیکنزە سەبارەت بە چینە باڵاکانی کۆمەڵگە.

دیکنز تەبیعەتێکی توڕەی هەبوو، جوانە مەرگ بوونی ژن خوشکەکەی، کە ئاشقانە خۆشی دەویست، خەمێکی هەمیشەیی خستبووە دڵییەوە. ژیانی ژن و مێردایەتیشی ناخۆش بوو، و لە ساڵی 1858 دوای بیست و شەش ساڵ ژیانی هاوبەش، بە دە منداڵەوە لە ژنەکەی جیا بووەوە، بەڵام لە دنیای نووسەریدا، کەم کەس بە پێی سەرکەوتنی ئەودا گەییوە، رازی بلیمەتی داهێنەرانەی ئەو لە شارەزایی قوڵی لە دنیای منداڵی دا پەنهانە، و هیچ نووسەرێك وەکو ئەو نەیتوانیوە پاکی منداڵان و رەفتاری زاڵمانەی گەورە لەگەڵ منداڵاندا وێنەبگرێت و دنیایەك لە کەسایەتیانی جۆراوجۆری وەکو زاڵم، غەمگین، قۆشمە، یا نەفرەت ئەنگێز بئافەرێنێ، ئەو لە رۆمانەکانیا سەر لە هەموو شوێنێ –لە قوتابخانەی منداڵانی برسی و ئیداراتی سەر لێ شێواوەوە بیگرە تا ماڵانی بەش مەینەت و شوێنانی پیس و پۆخڵ– دەدات، و سۆراخی هەر جۆرە بنیادەمێکی وەکو دزان، بکوژان، قەرزاران، ژنان و پیاوانی ساویلکەو منداڵانی هەتیوو بێ پەنا دەکات. توانای ئەو لە بەرجەستەکردنی سیمای ئەم کەسانەو هەستیان، و هەروەها باڵادەستی لە بەرجەستەکردنی دیمەنانی ژیانی ئەوانەدا مایەی سەرسامییە، ئامانجی ئەو پەروەردەکردنی نەمامی دۆستایەتی و چاکییە لە دڵاندا، لەم پێناوەدا، بە پەخشانێکی هەمە جۆرو خۆش، و بە بەکارهێنانی شێوەی فرمێسك و خەندە، دنیای خۆی دەئافەرێنێ و ژیان و جوڵەی پێدەبەخشێت.

<u>چارلز رید (1814– 1884):</u>

کاری خۆی بە شانۆنامەنووسی دەست پێکرد، یەکەمین دارمای ئەو دەمامکان و دەموچاوان (1852) بوو کە کردی بە رۆمانێك بە ناوی پگ و فینگتون (1853). قارەمانی سەرەکی ئەم رۆمانە ئەکتەری بەناوبانگی ئیرلەندی مارگریت و فینگتون (1714؟– 1760)ـە کە جیلوە هونەرییەکانی ئەو لە قاڵبی دوو کەسایەتی نا ئاساییدا لە دوو بەرهەمی نێوبراو دەردەکەوێ، شۆرەتی رید بەندە بە رۆمانە مێژووییەکەیەوە: رەبەن و ئاگردان (1861) کە بەسەرهات و رووداوەکانی لە ئەورووپای ئاخرو ئۆخری سەدەی پانزەیەمدا روو دەدات، رید لە رۆمانەکانی دیکەیدا زیاتر باسی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و هێرش دەباتە سەر ناڕەواییە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لەم رۆمانانە: هەرگیز بۆ ریفۆرم درەنگ نییە (1856)، کە تۆژینەوەیەکی چیرۆکڤانی دۆزینەوەی زێڕە لە ئوسترالیا. رید لەم چیرۆکەدا یەکەم هەنگاو لە

مەیدانی وێنەگرتنی سیمای پەسندی جولەکاندا دەنێ. ڕۆمانی دواتری ئەو: کە مت خۆش بوێم، هەمیشە خۆشت بوێم (1859) و پاشماوەکەی سکەی کاش (1864) وەزعی خەمناکی شێتخانە تایبەتیەکانی ئینگلستان ئاشکرا دەکات.

**ئانتونی ترولوپ (1815- 1882):**

کوڕی بابێکی مافناس و داکێکی نووسەر بوو، خوێندنی بە هۆی دەستکورتی خێزانەکەیەوە بە نیوە چڵی تەرک کردو لە ساڵی 1834دا لە دایەرەی پۆست دامەزرا، بەرە بەرە تەرەقی کردو لە ساڵی 1841دا بوو بە بەرپرسی دایەرەی پۆستی ئیرلەندەو دە ساڵێك لەوێندەر مایەوە.
ترولوپ نووسەرێکی فرەکاریش بوو و زۆر ڕۆمانی بە ئیلهامی ژیانی سەردەمی ڤیکتۆریا نووسین کە لە دوو گروپ دا، ڕووداوەکانی بارستشایرو ڕۆمانانی پارلەمانی دا بڵاوبوونەتەوە. ڕووداوەکانی ڕۆمانانی دەستەی یەکەم لە شاری خەیاڵی و کڵێسایی بارستشایردا روو دەدەن، وترولوپ لەو ڕۆمانانەدا ژیانی گوندە دوورەکانی لەندەن و پەیوەندی خەڵکی بە کڵێساوە دەگرێت، مەنشوورترین ئەم ڕۆمانانە: سەرپەرشت (1855)، تاوەرەکانی بارستشایر (1858) و دوایەمین ڕووداونامەی بارست (1867) یان ناو بوو. ڕۆمانانی پارلەمانی دەربارەی ژیانی سیاسی -ن، و بە دەوری تەوەری پارلەمانی بەریتانیادا دەسوڕێنەوە. لەم ڕۆمانانە دەتوانرێ ناوی سەرەك وەزیر (1876)و منالانی دۆك (1880) ببرێت.

**ماڵباتی برونتە:**

برونتە، ناوی ماڵباتێکی ئینگلیزی ئیرلەندی نەژادە کەسێ ڕۆماننووسی ئینگلستانی سەدەی نۆزدەیەمی تیا هەڵکەوتووە. ئەم سێ کەسە کە شارلوت، ئیمیلی و ئان-یان ناوە، لە گوندی هاورت (لە یورکشایر) لە ژینگەیەکی مەزەبی و هەژارانە گەورە بوون و هەر لە منالییەوە خەیاڵی و خەیاڵپەروەرانە هەڵکەوتن، دوو خوشکە گەورەکە، شارلوت و ئیمیلی، لە یەك قوتابخانەی ئاینی شەوانە ڕۆژی خوێندیان، بۆ ماوەیەکیش بوونە مامۆستا، و لە ساڵی 1842دا، چوون بۆ برۆکسل و لەسەر خوێندنەکەیان بەردەوام بوون.

**شارلوت برونتە (1816- 1855):**

یەکەمین ڕۆمانی شارلوت، پرۆفیسۆر (1857) بوو کە بە دەوری تەوەری ژیانی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی بروکسل دا دەسوڕایەوە، شارلۆت دوای ئەم ڕۆمانە، کە بۆ بڵاوکردنەوەی لە هەموو دەرگایەکی دا، جەین ئیر (1847)ی نووسی و شۆرەتێکی جاویدانی بە دەست هێنا. ئەو لەم ڕۆمانە جوان و خەیاڵئەنگێزەدا کە چیرۆك و بەسەر هاتی کیژۆڵەیەکی هەتیو وێنەدەگرێت، بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی، کە ئاوێتەی واقیعگەرایی ژنانە بووە، هەندێ گۆشەی دنیای تاریك و غەمینی خۆیشی گێڕاوەتەوە، ماجەرای سێیەمین ڕۆمانی شارلوت، شیرلی (1849)، لە یورکشایر لە دوا ساڵەکانی کۆتایی قۆناغی جەنگەکانی ناپلیۆن، دەربارەی سنعەتی کەسادی

خـوری روو دەدا، دوا ڕۆمـانی شـارلوت ڤیلیـت (1853)، ڕەنگدانـەوەی ئـەزموونانی خۆیـەتی لـە کاتی ئاکنجی بوونی لە برۆکسل.

__ئیمیلی برونتە (1818– 1848):__
عادەتــەن ئیمیلــی بــە بــەهرەدارترین خوشــکانی برونتــە دەزانــن، ئەمــە بەنــدە بــە ڕۆمانــە پرشنگدارەکەی: تەپە باگرەکان (1847)، و هەندێ لە شیعرە جوانەکانی.
تەپـە باگرەکـان، کـە تـاکو ئـەمڕۆش لـە نێـو بەرهەمـە کلاسـیکە پـڕ فرۆشـەکانی جیهانـدا، بـە شـاکارێکی نـا ئاسـایی دەژمێردرێـت، چیرۆکی ئـارەزوو شـەهوەتێکی سێکسـی دێـو ئاسـایە کـە نەوەیـەك لـوش دەکـات، چیرۆکی بوونـەوەرێکی دزێـوو نـا هـەموارە، بـە ئەشـقێکی شـەهوانیو ترسناکەوە.

__ئان برونتە (1820– 1849):__
بچووکترین کیژی ماڵباتی بەدبەختی برونتەیە، کە بەهرەیەکی زۆر درەوشاوەشی نەبوو، دوو ڕۆمانی بەناوانی: ئاگنس گری (1847)و کرێداری وایلدفیل هۆڵ (1848)ی نووسی کە ئەمڕۆکە تەقریبەن لەبیرچوونەتەوە. ڕۆمانی یەکەم، چیرۆکی ژیانی ئافرەتێکی مامۆستای تەنیایە کە بە کەشیش یاری ناحیەیەك شوو دەکات، و ڕۆمانی دووەم بەسەرهاتی مێردێکی ئەهلی رابواردن و دەستبادە.

__جۆرج ئیلیوت (ناوی خوازراوی ماری ئان ئیڤانزە: 1819– 1880):__
خـانمی ڕۆماننووسـی تـەرزی یەکـەمی سـەردەمی ڤیکتۆریـا، کیـژی کـارگوزارێکی زەوی بـوو لـە واریکشـایر، و زۆربـەی تەمـەنی لـەم ویلایەتـەدا بـوری، ئیلیـوت لـە سـەرەتاکانی دەیـەی چـل دا شـارەزای دیـدگا تازەکـانی خوێنـدکارانی ئـەڵمانی لـە حیکمـەتی ئیلاهـی دابوو، و ژیـانی مەسـیح (1835)ی نووسـینی دیڤیـد فردریـك شـتراوس–ی لـە سـاڵی 1836دا وەرگێڕایـە سـەر زمـانی ئینگلیزی. لە ساڵی 1851دا چووە ریزی هاوکارانی گۆڤاری پێشـکەوتووی ویسـت مینسـتر ریـو ریو، و تا ساڵی 1854 یاریدەدەری سەرنووسەری گۆڤاری نێو براو بوو. لەم حاڵو بارەدا لەگەڵ جۆرج هنـری لیـوئیس (1817– 1878)ی ڕەخنـەگری بەرهـەمێن دراماتیکی و نووسـەری چـەند بەرهەمێك لـە مەیـدانی زینـدەوەرزانی و دەروونزانیو فەلسـەفەدا، هاتوچۆی پەیدا کـرد، لیـوئیس ژنی هێنا بوو و لە ژنەکەی جیا بوو بووەوە، بەڵام نەیدەتوانی مۆڵـەتی تـەڵاق وەربگرێـت. ئیلیـوت بێ گوێدان بە ڕەسمیات، و بێ ئەوەی بە فەرمی شوو بە لیوئیس بکات تا مردنی ئەو هەر لەگەڵیا بوو.
یەکەمین بەرهەمی چیرۆکڤانی ئیلیوت، سێ کورتە چیرۆك بوو، لە ساڵی 1857دا لە گۆڤاری بلاك وود بڵاوبـووەوە. یەکـەمین ڕۆمـانی، ئـادام بیـد–ش لـە سـاڵی 1859دا بڵاوبـووەوە. دوای ئـەم ڕۆمانـە، کـە بـە ئیلـهامی بیرەوەریـانی منـداڵی خـۆی نووسـی بـووی، دوو ڕۆمـانی بـە نـاوانی:

ئاسیاوی کەناری فلوس (1860)و سایلاس مارنر (1861) نووسی. ئەم سێ ڕۆمانە کە دەربڕی تەوجوهاتی ئەخلاقی نووسەرەکەین، وێنەی واقیع بینانە لەمەڕ ژیانی بۆرژوا دەگرن.
شاکاری ئیلیوت ڕۆمانی چوار بەرگی: میدل مارچ (1871– 1872)ـە لەوێدا وێنەیەکی روون دەربارەی کۆمەڵگەی شارێك بە سیمای جۆراوجۆرو دیارەوە نیشاندەدات. دوا ڕۆمانی: دانیل دروندا (1876)، ڕەنگدانەوەو دەربڕی فەلسەفەی ئەخلاقی ئەو بوو.
ئیلیوت لە بنەڕەتدا ئامانجێکی فێرکاری هەیە، و ڕۆمانەکانی ئەوزاریێکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی سەردەم. باوەڕە مەزەبی و ئەخلاقی و هزرە سیاسیەکانی خۆیشی دێنێتە ناو قەڵەمڕەوی ڕۆمانەوە، و بە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی وردی قارەمانانی چیرۆکەکانی، و بە دیدێکی ژنانەی تیژەوە، کە حەنەك و وردبینی لێ دەبارێت، دنیای جووتیاران و هاوشاریان وێنەدەگرێت.

## ویلکی کولینز (1824– 1889):

هەمووان (ویلیام) ویلکی کولینز بە یەکەمین نووسەری ئینگلیزی ڕۆمانانی جدی پۆلیسی و نهێنی ئامێز دەزانن، لە خەملاندن و پەرەپێدانی ئەم جۆرە ڕۆمانانە لە باری داهێنان و پلۆت و کەش و هەوای ترس و سەرنج ڕاکێشان بۆ ئەو ژانرە ئەدەبییە کاریگەرییەکی فرەی هەبوو.
شۆرەتی کولینز بەندە بە دوو ڕۆمانی نهێنی ئامێزی ئەوەوە: ژنی سپی پۆش (1860) و بەردی مانگ (1868). یەکەمیان چیرۆکێکی ئاڵۆزە کە پلۆتەکەی بە دەوری تەوەری لێکچوونی ژنێکی میراتگری دەوڵەمەند لەگەڵ ژنێکی سپی پۆش و نهێنی ئامێزدا کە لە شێتخانەیەك دەژی، دەسوڕێتەوە. و دووەمیان، نهێنی نەمانی پارچە ئەڵماسێکی بە نرخە کە ڕۆژگارێك زینەتبەخشی بتێك بووە لە هندو پاشان کەوتووەتە دەستی ئەفسەرێکی ئینگلیزی. گروبان کوف کە دەکەوێتە سۆراخی ئەم ئەڵماسە، ڕەنگە یەکەمین خەفی بێ لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا.

## جۆرج میردیت (1828– 1909):

ڕۆماننووس، شاعیرو ڕەخنەگرێکی پێشڕەوی ئینگلیزی، لە بابێکی ویلزی ڕەچەڵەك و دایکێکی ئیرلەندی نەژاد هاتۆتە دنیا، لە چواردەساڵی دا بۆ خوێندن بۆ قوتابخانەی تەرزی یەکەم لە ئەڵمانیا نێردرا کە لەوێندەر شێوەی لێکۆڵینەوە فێر بوو و ئاشنایەتی دەگەڵ تیۆری ئینتەرناسیونالیزم و ڕۆمانتیزمی توندڕەودا پەیدا کرد. پاش گەڕانەوە بۆ ئینگلستان تا ساڵی 1894وەکو ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر کاری بۆ وەشانکارێك کرد.
یەکەمین دیوانە شیعری میردیت بە ناوی هۆزانان (1851) ڕووبەڕووی خەمساردی و بێ موبالاتی جەماوەر بووەوە، و بۆیە ڕووی کردە ڕۆماننووسی. یەکەمین ڕۆمانی سەرکەوتووی میردیت، ڕەنجی ریچارد فوریل (1859)ـە، باسی گرفتەکانی کوڕێژگەیەك دەکات کە لە جیاتی قوتابخانە، لە ماڵەوە بە بەرنامە فێرکارییەکانی بابی، خوێندویەتی. شاکاری میردیت ڕۆمانی خۆپەرست (1879) بوو کە خۆپەرستی و غروری پیاو لە ڤیاندا بەرجەستە دەکات. میردیت کە

له بنچینەدا له خۆپەرستی بێزار بوو، لەم رۆمانەدا کە لە کۆمیدیای مەعنەوی نزیك دەبێتەوە، ئەوپەڕی توانا دەنوێنێ. لە رۆمانەکانی دیکەی میردیت، رۆمانێکی مێژوویی ئەو بە ناوی ڤیتوریا (1866)و کۆمیدێنە خەمینەکان (1825- 1864) پەسەند بوونە.
میردیت بەرهەمێکی نە چیرۆکڤانی دیاریشی لە پاش بەجێماوە بەناوی: دەربارەی بیری کۆمیدیا (1877) کە شیکردنەوەیەکی هۆشمەندانەی رۆحی کۆمیدیایە. لەم کتێبەدا، بە نیشاندانی باوەڕی خۆی بە پێکەنین، ئەم تیۆرییە دەخاتە روو کە کۆمیدیا، هەستپەروەری توندڕەوانەو خۆپەرستیو غرور هەموار دەکات.
هەر چەندە یەکەمین دیوانە شیعری میردیت سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا، کەچی چەند کۆ شیعرێکی دیکەشی بلاْوکردەوە کە لە ناویاندا: ئەڤینی مۆدرن (1862)و سروود و هۆزانێن ژیانی مسیبەتبار (1887) باش شەوقیان داوەتەوە.
میردیت لە پەرداختی دیمەنێن رۆمانەکانیا زۆر بە توانایە، لە باری هێزی دەرك کردنو مامەڵەو لەزی گواستنەوەو تیژی زەینەوە کەم وێنەیە، بەڵام شیعرو پەخشانی ئەو، تا ئەو کاتەی کە خوێنەر بە تەکنیکی شێوازی ئەو ئاشناو شارەزا نەبێ، زەحمەت دێتە بەرچاو.

<u>**توماس هاردی** (1840- 1928):</u>

رۆماننووسو شاعیری فرەکار، لە مەرکەزی ویلایەتی دورچستر، کە لە رۆمانەکانیدا ناوی وسکس-ی وەرگرتووە، لە دایك بوو. کوڕی کابرایەکی بەنا بوو، و لە لەندەن چووە قوتابخانە. لە شانزە ساڵی دا بوو بە شاگردی کابرایەکی تەلارکارو هونەری تەلارکاری فێر بوو، بەڵام هەر چەندە لەواری تەلارکاریدا بە توانا بوو، و هەندێ خەڵاتانیشی لەو مەیدانەدا وەرگرت، هەر هەوای شاعیری و چیرۆکبێژی لەسەردا بوو، و ئاقیبەتیش نووسەریی کرد بە پیشە.
هاردی یەکەمین رۆمانی سەرکەوتووی خۆی، چارەسەرێن نا ئومێدانە (1871)ی بەناوی خوازراوەوە بلاْوکردەوە، رۆمانی دواتری هاردی کە ناوی خۆی لەسەر بوو: جووتێ چاوی شین (1873) بوو، کە کڕیارێکی زۆری بوو. هاردی تەقریبەن تا شەست ساڵی، بە تەواوەتی مژولی نووسینی رۆمانانی پڕ لە جەبرییەتگەراییو بەدگومانی و نائومێدی بوو. لەم رۆمانانەدا -کە خۆی ناوی ناون "رۆمانانی کەسایەتی و ژینگە- چارەنووسو شانسو رێکەوتی کوێرانە رۆڵی سەرەکیان هەیە، قارەمانانی چیرۆك گیرۆدەی داوی جۆراو جۆرن، و لە ئەنجامیشدا هەر بە دەست و پێ بەستراوی دەمێننەوە، و دیلی چارەنووس دەبن. رۆمانەکانی هاردی بە شێوەیەکی گشتی وێنەی مرۆڤی گیرۆدەی ململانێن لەگەڵ بەختو چارەنووسدا، و هاردی داوا دەکات کە دەبێ بە ئارامیو هێمنی جەزرەبەکانی چارەنووس وەربگرێتو قبوڵ بکرێت. لە رۆمانەکانی هاردیدا تەبیعەتیش رۆڵێکی گەورەی هەیە، و لە راستیدا سروشت بۆ خۆی قارەمانێکە، و هاردی شرۆڤەکاریەتی.
لە نێو پرشنگدارترین رۆمانانی هاردی دا، دوور لە خەڵکی یاخی (1874)، گەڕانەوەی خۆیی (1878)، شارداری کاستربریج (1886)و تیسی دور برڤیل (1891) شۆرەتێکی پایەداریان

وەرگرتووە. دوا رۆمانی هاردی: جودی گومناو (1896)، رووبەڕووی بێ موبالاتی خوێنەرانی بووەوە، و لەبەر ئەمە هاردی پیر، وەکو سالآنی لاوی، دیسان رووی کردەوە شیعر، ئەم قۆناغەی ژیانی یەجگار پڕ بەرهەم بوو. ئەو شیعرانەی کە هاردی لە نێوان سالآنی 1898- 1928دا گوتوونی هەم لە ئاستی چەندیو هەم لە رووی رەسەنایەتییەوە، بایەخێکی بەرزیان هەیە. گەورەترین بەرهەمی هاردی درامای داستانی: سەرجەلەی خانەدانان (سێ کتێبە، 1903، 1906، 1908)، بەرهەمو یادگاری ئەم قۆناغەیە، ئەم شانۆنامە تەواوە (کە لەوێدا هۆو ئەنجام کاراکتەرەکانی شانۆنامەکە دەخەنە بازنەی خۆوەو لە نێوان پلۆتو ئەکتەرەکانیا پەیوەندییەکی لوجیکی دێنێتە ئاراوە). نۆزدە پەردەو سەدو سی دیمەنی هەیە، کە بە دەوری تەوەری ناپلیۆنو رووداوە مێژووییە پەیوەندارەکان بەوەوە، دەسوڕێتەوە.

بەمجۆرە لەم درامایەدا تەدارەکی ناپلیۆن بۆ هێرشکردنە سەر ئینگلستانو شەڕەکانی ئەو، مردنی نلسون لە شەڕی ترافالگار، شکستی پروس لە شەڕی ینا، زەماوەندی ناپلیۆن لەگەڵ ماری لوئیز، و شکستی ئەو لە واترلۆدا وەسف دەکرێت. لەم شانۆنامەیەدا، کە بە شیعرو پەخشان ئاوێتەیە، روحانی دەرەوەی ئەم جیهانە، سەرپەرشتی و چاودێری هەموو رووداوەکان دەکەن، و هاردی بە رەشبینییەکی قوڵەوە ئەوە نیشاندەدات کە چۆن جیهانی خیلقەت بە زبری بە بنیادەمان رادەبوێریو پاشان کە تاقەتی چوو، لە ناویان دەبات.

هاردی شاعیری وێنەساز، کە بیرەکانی لە تێوریانی مادیگەرایی و جەبریەتگرایی سەدەی نۆزدەیەم پێکهاتووە، مرۆڤ بە گێرۆدەی هێزانێك دەزانێ کە نە لێیان حاڵی دەبێتو نە دەسەڵاتی بەسەریاندا هەیە، و لە زەمینەسازی رۆمانەکانیدا تەواو پشتی بە سەبەبیەت بەستووە. پلۆت و نەخشەی سەرەتایی رۆمان هی نووسەرە، و قارەمانانی چیرۆك ناچار تەسلیمی هەلومەرجن. بە کورتی، رۆمانەکانی هاردی هەڵسەنگاندنو توژینەوەی ژیانن، و قارەمانەکانی خەڵکانێك-ن لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتیدا لە ململانێ دان، و لەگەڵ ئەنگێزەکانی خۆیاندا لە شەڕان، و سەرەنجامیش تەسلیم دەبن.

روبرت لویس ستیڤنسون (1850- 1894):

رۆماننووس، شاعیرو گوتارنووسی ناودار لە ئیدینبورگ (سکوتلاند) هاتە دنیاوە، باوکیو باپیری دوو ئەندازیاری گەورە بوون کە بە دامەزراندنی زنجیرە تاوەری روناکی لە کەنارەکانی سکوتلاندەدا بە ناوبانگ بوون.

ستیڤنسون لە زاگەی خۆی چووە قوتابخانەو باشترین ئیمکانیاتی خوێندنیشی بۆ فەراهەم کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا، چونکە لە منداڵییەوە لە رادەبەدەر لاوازو کەم جورم بوو، خوێندنی فەرمی رێكو پێك نەبوو. بە هەر حاڵ بۆ درێژەدان بە پیشەکەی بابی خوێندیو باشیش چووە پێشێ، تا ئەو رادەیەی کە هەندێ گوتاری هونەری دەربارەی ئەندازەکاری بورجانی روناکی نووسی. بەڵام، دڵی بەم پیشەیەوە نەبوو، و وازی لێهێنا تا ماف بخوێنێ. لەم بەشەش دا

سەرکەوتوو بوو، و دوای تەواو کردنی خوێندن، مۆڵەتی پارێزەری وەرگرت، بەڵام ئەم کارەش لەگەڵ زەوقی دا نەدەگونجاو وازی لەمەش هێناو کەوتە سەفەر،
تەقدیر وابوو کە ستیڤنسون گیرۆدەی شەڕێکی دوورو درێژ ببێ لەگەڵ نەخۆشی سیلدا، لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵییەوە تا کۆتایی تەمەن تەقریبەن بەردەوام لە سەفەرا بوو، و عەوداڵی سەلامەتی بوو.
ستیڤنسون کە لە رۆژانی منداڵییەوە ئارەزووی خوێندنەوەی هەبوو و شەیدای کتێبانی خەیاڵی وەکو هەزارو یەك شەوە بوو، بە خوێندنەوەی بەرهەمی گەورە نووسەرانی ئینگلستانو لاسایی کردنەوەی شێوازی نووسینی ئەوان، مەشقی نووسەرایەتی دەکرد، و بەمجۆرە پەرەی بە شێوازی خۆی دەدا.
هەوەڵین نووسینی ئەدەبی ستیڤنسون وەك "سەفەری ناوخۆ- 1878"و "هەندێ سەفەران لەگەڵ کەرێکدا – 1879" دەربارەی وەسفی سەفەرەکانی خۆی بوون، پاشان، ستیڤنسون گوتاران، کورتە چیرۆکانو بەرهەمی خەیاڵی نووسین کە لە گۆڤاراندا بلاوبوونەوە. پاش سەفەرێکی بۆ ئەوروپاو ئەمریکا، لە ساڵی 1880دا بۆ سکۆتلاندە گەڕایەوەو دوو کۆمەڵە گوتارو چەند بەرهەمێکی دیکەی خۆی بلاوکردەوە. گرنگترین کتێبی چیرۆکڤانی ئەو لەم قۆناغەدا رۆمانێکی سەرکێشی بوو بە ناوی دوورگەی گەنج (1883) کە ئیحتوبارو سامانێکی بۆ وەدەست هێنا. لە ساڵی 1885دا کۆمەڵێك شیعری بۆ منداڵان بە ناوی باخی شیعری منداڵان، و رۆمانانی: شازادە ئۆتۆ، و مردوو دز–ی بلاوکردنەوە، کە ناویان خستە سەر زاران، ستیڤنسون بە بلاوکردنەوەی رۆمانسی مێژوویی: منداڵی دزراو، و رۆمانی سایکۆلۆژی دۆزی عەجیبی دکتۆر جکیلو مستەر هاید، لە ساڵی 1886دا شۆرەتێکی گەورەو پایەداری پەیدا کرد. ئەو لەم رۆمانەی دواییدا چەمکێکی زندوو لەمەڕ بەدی و ململانێی بەدی لەگەڵ چاکەدا لە سروشتی بنیادەما دەردێنێ، و چیرۆکی پڕ ئاژاوەی کەسایەتی دووفاقی دکتۆر جکیل دەگێڕێتەوە. لە ساڵی 1887دا کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی ستیڤنسون: پیاوانی خۆشحاڵ، و کۆمەڵە وتارێکی بەناوی بیرەوەریو پۆرترێتان، بلاوبوونەوە.
ئەمڕۆکە شۆرەتی ستیڤنسون تا رادەیەك قەرزاری زەوقی چیرۆکبێژیی، و هەروەها شێوازی پاراوو رەوانی نووسینی ئەوە.

ئۆسکار (فینگال ئوفلاهرتی ویلز) وایڵد (1854– 1900):

رۆماننووس، شاعیرو درامانووسی ئیرلەندی، لە دوبلین لە خانەوادەی دکتۆرێکی گەورەی چاو هاتە دنیاوە، ماوەیەك لە کۆلیجی ترینیتی خوێندی، پاشان چووە ئۆکسفۆرد، لەم قۆناغەدا بەدیارترین خوێندکاری ئەدەبیاتی کلاسیك دەژمێردرا، و لە سەر شیعرێکی بە ناوی "راڤینا"، خەڵاتی نیودیگیت (1878)ی وەرگرت.
***(سەرنج– Newdigate Prize: خەڵاتی شیعری زانستگەی ئۆکسفۆردە، کە دامەزرێنەرەکەی سێر روجەر نیودیگیت 1719– 1806ی کەونینەناسی ئینگلیزی بوو).***

لەم قۆناغەدا چووە ریزی موریدانی والتەر پاتەری رەخنەگری ئینگلیزی و کەوتە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەی جوانیناسی ئەو (کە پێی وا بوو هونەرو جوانیناسی یەکێکە لە ئامانجەکانی ژیان).
وایلد دوای تەواو کردنی خوێندن چوو بۆ لەندەن و لە سایەی رۆحی یاخی، تەبعی هەستیار، دەربڕینی دڵگیر، زەوقی ناسك، و دڵبەندی بە هونەرو جوانی زۆر زوو ناوبانگی دەرکردو وەکو پەیامبەری جوانیپەرستی و رابەری بزاڤی جوانیناسی کە لایەنگری لە تیۆری هونەر بۆ هونەر دەکرد، ناسرا، بە تیۆری جوانیناسی خۆی لە ئەدەبیاتو هونەرا لافاوێکی هەستاند. تەنانەت لە ژیانی تایبەتی و جلو بەرگ پۆشینشدا شۆڕشێکی بەرپا کرد. قژی درێژ دەکرد، جلی سەیرو نا ئاسایی لەبەر دەکرد، و هەمیشە لە دووی مۆدەو جوانیو بە کورتییەکەی پچڕینی زنجیری دابو نەریتان بوو.
وایڵد لە ساڵی 1881دا هۆنراوەکانی لە کتێبێکدا بە ناوی هۆزانان، بە بەرگێکی یەجگار جوان بڵاوکردەوە. ساڵی دواتر لەسەر دەعوەتی ئەمریکاییەکان بۆ وتنەوەی محازەرە چوو بۆ ئەوێندەر. ئەم سەفەرە وایلدی هێندەی دی بە ناوبانگ کرد، و پاش گەڕانەوەی بۆ ئینگلستان بە جۆشو خرۆشەوە کەوتە گوتارنووسینو چیرۆکدانان.
لە ساڵی 1884دا کۆمەڵە چیرۆکێکی پەرییانی بەناوی شازادەی خۆشحاڵ، و لە ساڵی 1891دا کۆمەڵێکی دیکەی بەناوی عەماری هەنار بڵاوکردەوە. لە هەمان ساڵدا زنجیرە وتارە رەخنەییە پرشنگدارەکانی: تەسەورات، و شاکارە نەمرەکەی: وێنەی دۆریان گری، بە چاپ گەیاند، وایڵد لە پێشەکی ئەم رۆمانە گەورەیەدا، باوەڕی خۆی دەربارەی هونەرو هونەرمەندانو جوانیو بەرهەمێن ئەخلاقی بەڕاشکاوی، و بێ گوێدان بە دابی نەتەوەیی و گیانی محافەزەکاریی ئینگلیزان دەردەبڕێت:
ئاشکرا کردنی هونەرو شاردنەوەی هونەرمەند، مەبەستی هونەرە.
سەراپای هونەر رەمزو رازە.
هونەرمەند خوڵقێنەری جوانییەکانە.
هزرو زمان، لای هونەرمەند ئەوزاری هونەرە.
پیسیو پاکی، لای هونەرمەند کەرەستەی هونەرە.
شتێك بەناوی کتێبی ئەخلاقی و نووسینی پێچەوانەی ئەخلاق نییە. کتێبان یان باش نووسراون، ویان خراپ و وەسەلام.
وێنەی دۆریان گری بەو پێشەکییەوە بووە مایەی رەخنەو تەکفیری مامۆستایانی ئەخلاقو وشکە موقەدەسان، کەربو کینەیەکی توندی دژ بە وایڵد چێکرد، بەڵام ئەو بێ گوێدان بە هیچ لەسەر نووسین سوور بوو.
وایڵد لە ساڵی 1892دا بە کۆمیدیای رەخنەیی کۆمەڵایەتی: باوەشێنەکەی خانمو یندرمیر، سەرکەوتنێکی سەیری بەدەست هێنا. لە ساڵی 1893دا بە دوو شانۆنامەی: ژنی بێ بایەخ، و سالومە (بە فەرەنسی)، ئەوپەڕی مامۆستایەتیو ناسکیو زەوقی خۆی ئاشکرا کرد. و سەرەنجام، لە ساڵی 1895دا بە بڵاوکردنەوەی شانۆنامانی: مێردی ئایدیال، و گرنگی جدی

بوون، تەنزو کینایەو حەنەکچیاتی و بزێوی بۆ سوننەتی کۆمیدیای ئینگلیزی گەڕانەوەو گەرمی بەو شانۆیانە بەخشییەوە کە سالآنێکی دوورو درێژ ساردو خامۆش مابوونەوە، گرنگیی جدی بوون، کە بە شاکاری وایڵد دەژمێردرێ، بە هۆی نوکتە چزودارەکانییەوە، دروستکردنی پێگەو هەڵوێستی زیرەکانە، تەنزی بە چزی دەربارەی ئەشراف و ڕۆحانیانی ئینگلیزی، هەرایەکی نایەوەو وایڵد شۆرەت و خۆشەویستییەکی کەم وێنەی بەدەست هێنا.

بەلآم سالّی لوتکەی سەرکەوتنی وایلد، سالّی زیلەت و کەوتنیشی بوو. بە هۆی بلیمەتی پرشنگداری خۆیەوە. کە ئاوێتەیەك بوو لە زەوقی ناسك و شیرین زمانی و گاڵتەبازی و دەربڕینی کاریگەرو تەبیعەتی هەستیار و هەڵچوو، کەرب و کینەی حەسودانی هاڕوژاندبوو، لە هەڵس وکەوت و نووسینەکانیشیدا بە تەوسە چزودارو زمانی تیژو رەخنە بێ پەردەو نوکتەتوندو تیژەکانی کۆمەڵە دژمنێکی بۆ خۆی دروست کردبوو، سەرباری ئەمەش بە پێچەوانەی رەوتی ئاوەوە مەلەی دەکرد، و گاڵتەو تەوسی بە داب و نەریت و کاروباری کۆمەلآیەتی کۆن و کۆت و زنجیرو هەلومەرجی ژینگەو ڕۆژگارو سفتی و بتەوی ئەخلاقی میللی دەکرد. لەبەر ئەمە گیانی محافەزەکارانەی ئینگلیزی لێڕا تەمبێی بکات و تۆڵەی لێ بستێنێ. وایلد-یان بەنێربازی تاوانبار کرد. درایە دادگا، بە دوو ساڵ زندانی لەگەڵ کاری قورس دا (1895- 1897) حوکم درا، لە ناو چوار دیواری زیندانی ریدینگ گول- Reading goel دا راستگۆترین بەرهەمی خۆی، چامەی ریدینگ گول-ی نووسی کەسەر ڕێژە لە هەست و سۆزو مرۆڤدۆستی.

وایڵد پاش ئازاد بوون لە زیندان، لە کاتێکدا لە باری بەدەنی و روحییەوە سست و لاواز بوو بوو، بە ناوی خوازراوی سباستیان میلموت چوو بۆ پاریس و تا رۆژی مردن بە هەژاری و تاڵی و نا ئومێدی ژیا.

<u>**جۆزیف کونراد** (1857- 1924):</u>

ناوی خوازراوی جوزیف تیودور کونراد کورزنیفسکییە. رۆماننووسی پۆڵەندی رەچەڵەکی ئینگلیز لە ئۆکراین هاتە دنیاوە. بابی لە ناسیونالیستانی سوپایی پۆڵەندە بوو کە بە تاوانی چەلەنگی شۆڕشگێڕانە بۆ رووسیای باکووری دوورخرابووەوە، و سالآنی منداڵیەتی کونرادیش لەو دەڤەرە بوری، لە ساڵی 1878دا لە کەشتییەکی بازرگانی بەریتانیاییدا دامەزرا، تا ساڵی 1894 لە کەشتیانی جیاوازدا خزمەتی کرد. کۆنراد لە ئەنجامدا گەییە دەرەجەی کەشتیوانی و لە ساڵی 1886 بوو بە هاوولآتی بەریتانیا، لە ساڵی 1894دا دەستبەرداری خزمەتی دەریایی بوو، و لە نزیکی لەندەندا ئاکنجی بوو تا پاشماوەی تەمەنی بۆ نووسین تەرخان بکات.

هەوەڵین رۆمانانی کۆنراد، گەوجایەتیەکانی ئەلمایر (1895)و دوورخراوە لە دوڕگان (1896) بوو کە لێوان لێو بوون لە وەسفێن رۆمانتیکی و هاماجی نهێنی ئامێزو راز ئاسایان هەبوو. مەیدانی زۆربەی بەرهەمەکانی کۆنراد دەریایەو بە چیرۆکە دەریاییەکانی بەناوبانگە. یەکێك لە گەورەترین رۆمانەکانی بە ناوی لورد جیمە (1900)، بەسەرهاتی پیاوێکی ئینگلیزە کە کەشتییەك لە حاڵی غەرق بووندا بەجێدێڵێ، رۆمانە کورت ترەکەی: لافاو (1903) بەسەرهاتی

کەشتیوانێك کە لە لافاوێك رزگار دەبێت و سەرنشینانی کەشتییەکە دەگەیەنێتە کەنارو رزگاریان دەکات، توانای وەسفیی کۆنراد لە وێنەگرتنی ئامێران‌و ماتۆڕی کەشتیدا لە میانەی لوتکەی چیرۆکەوە مایەی سەرسامییە. زۆربەی رۆمانەکانی سەردەمی پێگەیشتنی کۆنراد، کە ئاوێتەیەکن لە ریالیزم‌و رۆمانتیزم، بەدەوری تەوەری داڕوخانی ئەخلاقی، تەنیایی‌و غوربەت، ململانێی دەروونی بەشەراندا دەسووڕێنەوە، لە راستیدا کۆنراد نووسەری کەشفکاری ئەخلاقی، خەڵکانی غەریب‌و بێکەسە، لە نێو رۆمانەکانیا، خەفیە (1907)، لە ژێر چاوانی رۆژئاوایی (1911)، بەخت (1913)و سەرکەوتن (1915) خوێنەرانی فرەیان پەیدا کردووە. کۆنراد لە وێنەگرتنی چەنگەڵان‌و کەش‌و هەوای داخراوو نهێنی ئامێزیاندا دەستێکی باڵای هەبوو. کورتە چیرۆکی "دڵی تاریکی" (1902)، باشترین نموونەی ئەم چیرۆکانەیە کە بەرەنجامی سەفەری شەش مانگەی نووسەرە بۆ کۆنگوی بەلچیك.

کۆنراد مامۆستای تەکنیکی بەرهەمی چیرۆکڤانییە، پەخشانە جوان‌و دڵگیرەکەی لە زۆر نووسەرانی ئینگلیز دەوڵەمەندترە، ئەمە خۆی لە خۆیدا لە شتە سەیرەکانی مێژووی ئەدەبیاتە کە نووسەرێك تا بیست ساڵ یەك وشە ئینگلیزی نەدەزانی، پاشان لە ریزی مامۆستایانی پەخشانی تازەی ئینگلیزی دا پایەیەکی بەرزی بەدەست هێنا.

## رۆماننووسانی دیکە

لە سەردەمی بە بڕشتی ڤیکتوریادا، جگە لەو رۆماننووسە گەورانەی کە باسی ژیان‌و بەرهەمیان کرا، ژمارەیەکی دیکەش بە بەرهەمە چیرۆکڤانیە کەم تا زۆر سەرکەوتووەکانیان لە مێژووی ئەدەبیاتدا ناوێکی زندوویان بە دەست هێناوە.

<u>فردریك ماریات (1792– 1848)</u>:
کەشتیوانی ناوداری دەریایی بەریتانیا، پاش چەندین ساڵی ژیان لە دەریادا روویکردە رۆماننووسین، بە زانیاریی خۆی لەمەڕ ژیانی دەریایی، و توانای قەڵەم‌و گاڵتەبازی خۆیەوە، زۆر نموونەی پرشنگداری لەمەڕ هەوەڵین "رۆمانانی دەریا" داهێنا، بەناوبانگتر ئەم رۆمانانەی: پیتەری ساویلکە (1834)یە، بەسەرهاتی کوڕیژگەیەك دەگێڕێتەوە کە لە دەریادا ماجەرای گەوجانە دەخوڵقێنێ.

<u>ئیدوارد جورج ئیرل لیتن بولور– لیتن (1803– 1873)</u>:
بولور – لیتن، ناسراو بە بارون لیتن کە پانزە ساڵان نوێنەری پارلەمانی بەریتانیا بوو، زەوق‌و بەهرەی خۆی لە زۆر جۆرە رۆمانی باوی سەردەمدا تاقیکردەوە. بە ئیلهامی قارەمانەکانی لۆرد

بایرۆنەوە، خەڵکانی خۆسازی لە رۆمانانی فالکلاند (1827)و پیلهام (1832) وێنە گرت، پاشان لە رۆمانانی: پۆل کلیفورد (1830) و یوجین ئارام (1832) ژیان و روحیاتی تاوانکارانی وەسف کرد. پاشان لە ژێر کاریگەریی رۆمانە مێژووییەکانی والتەر سکوتدا: دوا رۆژانی بومپی (1834)، دوا بارونەکان (1843)و هارولد (1848)ی نووسی. بولور- لیتن چەند شانۆنامەیەکیشی لەپاش بە جێماوە، کە بەناوبانگترینیان ریشیلویە (1839).

<u>ئیلیزابت کلیورن گەسکل</u> (1810- 1865):

ئەم خانمە رۆماننووسە کە لەماڵی بابی ناوی ستیڤنسون بوو، بە هۆی وێنەکانی لەمەڕ ژیانی گوندی و لێکۆڵینەوە جوانەکانی لەمەڕ پێکدادانی کارو سەرمایە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی سەردەمی ڤیکتۆریادا بەناوبانگە. جوانترین رۆمانی ئەو: کرانفورد (1853)ی ناوە کە ژیانی ئارامی دانیشتووانی گوندێك بە هەمان ناوەوە وێنەدەگرێت. یەکێك لە رۆمانە کۆمەڵایەتییەکانی گەسکل، ماری بارتن (1855)ــە، دەربڕی هاوخەمی قوڵی نووسەرە لەگەڵ خەڵکانێکی زەحمەتکێشدا کە لە کارخانەکاندا رەنج دەدەن، و باکوورو باشوور (1855) هەڵسەنگاندنی ژیانی ئینگلیزانی هەژار لە باکوورو بەختەوەران لە باشوورە.

<u>چارلز کینگزلی</u> (1819- 1875):

رۆحانی و رۆماننووسی ئینگلیزی، لە دامەزرێنەرانی سوسیالیزمی مەسیحی، و لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی بوو. هەوەڵین رۆمانانی کینگزلی: ییست (1848)و ئاڵتن لوك (1850) بوو، کە دەربڕی ئامانجێن ریفۆرمخوازی و هاو سۆزی و خەمی ئەوە لەگەڵ چینی کرێکاردا. بە تایبەتی ئالتن لوك لە رۆمانە ئینگلیزییە بەراییەکانە لە واری لێکۆڵینەوەی مەوقیعیەتی پیشەسازی ئینگلستان. کینگزلی بە رۆمانە مێژووییەکانیشی ئیحتوبارێکی پەیدا کردووە.

هیپاتیا (1853)، کە دیمەنەکەی ئەسکەندەرییەی سەدەی پێنجەمە بە دەوری تەوەری مەسیحیەتی بەراییدا دەسوڕێتەوە. بەرەو رۆژئاوا (1855) رۆمانسێکە دەربارەی ئەسپانیای ئەمریکاو دەریاوانانی سەردەمی ئیلیزابت.

## پەخشاننووسان

<u>تۆماس کارلایل</u> (1795- 1881):

لە باشووری سکوتلاند هاتە دنیاوە، بابی پیاوێکی بەردکار بوو کە پاشان مەزرادارى کرد بە پیشە. ماڵباتی کارلایل شوێنکەوتووی فیرقەیەکی سەخت گیری ئاینی کالون بوون، و ئەو لە کەش‌و هەوایەکی پڕ میهرو سۆز بەڵام ئاوێتە بە ریازەت گەورە بوو. لە چواردە ساڵیدا بە هۆی زیرەکی زۆری لە خوێندندا، بۆ زانستگەی ئەدینبورگ-یان نارد تا دەرسی رۆحانیەت بخوێنێ (1809). کارلایل لە ساڵی 1818دا وازی لە رۆحانی بوون هێناو چەند ساڵێك کەوتە دەرس دانەوە. لە ساڵی 1819دا دەستی بە فێربوونی زمانی ئاڵمانی کرد،و زۆر زوو شەیدای شیعرو فەلسەفەی ئەو وڵاتە بوو. تا ئەو زەمانە بەرهەمی ئەدەبیاتی ئاڵمانی لە ئینگلستاندا نەناسرا بوو، و کارلایل کە لە ژێر کاریگەریی ئەفسوونی هزرو فەلسەفەی ئاڵماندا بوو، دەستی بە وەرگێڕانیان کرد. یەکەمین کاری ئەو وەرگێرانی هەندێك لە مامۆستا ویلهام-ی گوتە بوو. لەم حاڵ‌و بارەدا، وتارانیشی بۆ گۆڤاران دەنووسی.. هەندێ لەم گوتارانە، کە بوو بە کتێب: سارتور ریسارتوس (1833- 1834) بوو، کە هەجوویەکی فەلسەفی، و ژیاننامەی رۆحی نووسەر بوو.

بە بورینی زەمان، کێشمانەکێشە سۆزداری‌و هزرییەکانی کارلایل، کەشفەکانی ئەو لەمەڕ فەلسەفەی باڵاگەریی ئاڵمان، و نەفرەت‌و بێزاری لە هەموو ئەوەی زەمانی ئەو شانازی پێوە دەکرد، جۆش‌و خرۆشێکی لا هەڵایساند تا سەردەمەکەی کە کەوتە چنگی مادیگەرایی رزگار بکات. بەرهەمەکانی ئەو، لە مێژوو، رەخنەی ئەدەبی، سیاسەت، کۆمەڵناسی‌و ژیاننامە، هەر هەمووی لەم جۆش‌و خرۆشەوە سەرچاوە دەگرن.

مێژووی شۆڕشی فەرەنسا 0سێ بەرگە، 1837) پەخشانە داستانێکە، شەهامەت‌و بوێری روحی ئەو نیشاندەدات. کارلایل لەم کتێبەدا هەندێ دیمەنی دراماتێکی لەمەڕ ئەو رووداوانە وێنەدەگرێت کە جیهانیان هەژاند، قارەمان‌و قارەمان پەرستی (1841) دەربڕی ستایشی ئەوە بۆ رابەران. ئەو نەك هەر لە ناو فەرمانڕەوایان‌و جەنگاوەراندا، بەڵکو لەناو شاعیران‌و نووسەران —و ئەوانەی کە چارەنووسسازی سەردەمی خۆیان بوون- بۆ قارەمانان دەگەڕێت. کارلایل لە بنەڕەتدا هیچ باوەڕێکی بە جەماوەری خەڵك، دیموکراسی‌و یەکسانی بەشەران نەبوو. شەیدای تواناو دەسەڵاتی تاك، بە تایبەتی رابەرانی دەسەڵاتداری قارەمان‌و حکومەتایەتی ئەوان بوو. ئەم باوەڕە لێکچوونێکی فرەی بەتیۆری سوپەرمانەوە هەیە، کە پاشان نیتشە بوو بە شرۆڤەکاری. کتێبانی وەك ئولیڤەر کرمویل (1845) و مێژووی فردریکی گەورەی (1858- 1865) کارلایل-ش لەسەر بناغەی هەمان باوەڕ رۆنراون.

کارلایل لە کتێبی رابردوو و ئێستادا (1848) بوێرانە مەسەلە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی دەخاتە روو. هێرش دەکاتە سەر دڵڕەقی‌و پوچەڵی، کە بەزادەی شۆڕشی پیشەسازی‌و دیموکراسیان دەزانێ، و ئایدیالە رەهبانیەکانی سەدەکانی ناڤین بۆ کۆمەڵگە پێشنیاز دەکات. دەبێ ئەوە بگوترێ کە کارلایل لە بنەڕەتدا رزگاری بەشەریەت لە راستگۆیی‌و کارو ئازایەتی‌و شەهامەتدا دەبینێ.

بە کورتییەکەی، کارلایل دژمنی فێڵبازی‌و ریاکاری‌و مادییەت بوو. شۆڕشی پیشەسازی-و هەروەها شۆڕشی فەرەنسا- لە دیدی ئەوا مسیبەتی ترسناك بوون. شێوازی ئەو بەهێز، و توندو

زبره، له راستیا، شێوازی ئەسڵی ئەو ئاوێتەیەکە لە شکۆو سادەیی، غەمو گاڵتەبازی، و ئەوپەڕی زرك‌و زندوویـــەتی، گـــەش، و رازاوه بـــه دەســـتەواژەی زنـــدوو، بـــه کورتیەکـــەی شـــاعیرێکه پەخشاننووس، به دیتنێکی پەیامبەرانه.

__تۆماس بابینگتن مەکولی (1800– 1895):__

سیاسەتوان، شاعیر، مێژوونووس، وتارنووس‌و ژیاننامه نووسی باڵادەست، له خێزانی پیاوێکی بەشەر دۆست کەلایەنگری پڕ جۆشی هەڵوەشانەوەی بازرگانی کۆیله بوو، چاوی به دنیا هـەڵێنا، تۆمـاس لـه ژینگەیـەکی تونـدی مـەزەبی دا گـەوره بـوو. لـه چـوار ساڵییەوه توانـای تێگەیشـتن‌و بەهرەی سـەیری بووه مایـەی سەرسـامی دەوروبەرەکـەی، و بەڕاسـتی زەینێکـی یـەجگار سـەیری هەبوو. هێشتا منـداڵ بـوو، کـه هـەر هـەموو بەهەشـتی گـوم بـوو–ی میلتـونی لەبـەر دەخوێنـدەوه، ئەزقەزا یەکەم وتاریشی ((دەربارەی میلتون– 1825)) بوو. تۆماس له ترینیتی کۆلیجی کەمبریج بەشـی مـاڤ خوێنـدو لـه سـاڵی 1826دا کارنامـەی پارێزەری وەرگـرت، لـه هـەمان کاتـدا بـه جـدی کەوتـه نووسـین‌و، بـەهۆی توانـا زۆرەکانیـەوه لـه کـۆڕو ئەنجوومەنـەکانی لەندەنـدا ئیحتوبـارێکی پەیـدا کـرد. لـه سـی سـاڵیدا گەییـه ئەنجوومـەنی عـەوام، و قسـه دڵگیرەکـانی لـه کـۆڕی "لایحـەی ریفۆرمان"دا وەکو رابەری سیاسەتی ئینگلستان ناساندی. تۆماس له دەیەی چلدا چەند جارێك گەییـه وەزارەت، و لـه پارلـەمان و وەزارەتـی مسـتەعمەراتدا سیمایەکی دیـار بـوو. سـەرەنجام لـه هەڵبـژاردنی سـاڵی 1847داکورسـی پارلـەمانی لـه دەسـتدا، و تەقریبـەن بـۆ هەمیشـه لـه کـار دوورکەوتەوه تا تەمەنی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات.

مەکولی تا بەهاری 1843، بەگشتی سی‌و شەش گوتاری رەخنەیی نووسی بوو کە له سێ بەرگدا بڵاوبـووەوه، ئـەم گوتارانـه دەربـارەی بابـەتێن هەمـەجۆری –ئـەدەبی، مێـژوویی، سیاسـی– بوون.بەڵام گرنگترین بەرهەمی ئەو مێژووی ئینگلستان (بەرگی یەك‌و دوو 1848، بەرگی سێ‌و چوار، 1855، بەرگی پێنج، 1816) بوو.کە مەکولی بۆ نووسینی، راپۆرتەکانی پارلەمان، نامەو بیرەوەرییه جۆراوجۆرەکان‌و زۆر سەرچاوەی ژێروبان کرد، و بۆ دوورتـرین شـوێنانی ئینگلسـتان سەفەری کرد. ئەو له سەرەتاوه خەیاڵی وا بوو مێژووی وڵاتەکەی له هاتنه سەر حوکمی جیمزی شـای سـکوتلاندەوه تـا رۆژگـاری خـۆی بنووسـێت، بـەڵام نـەیتوانی لەمـەرگی ویلیـامی سـێیەم هێوەتری ببات. لەگەڵ ئەمەشدا، رەوتـی ژیـانی سـەدەی هەڤدەیـەمی ئینگلستانی به توانایـەکی وەهـاوه دروسـت کردووەتـەوه کـه بـه دەگمـەن دەتـوانرێ هاوتایـەکی بۆ پەیـدا بکـرێ. هەوڵیـداوه مێـژوو نـەك هـەر بـه شـێوەیەکی ورد، بـەڵکو وەکـو رۆمـانێکی دڵگیر بگێڕێتـەوه. رازی پەسـەندی کتێبەکەش لەمەدایه.

بەرهـەمێکی گرنگـی دیکـەی مـەکولی: ئەفسـانانی رومـی کـون (1842)ـه بریتییـه لـه چـیرۆکه شیعرییەکانی دەربارەی قارەمانانی رومی، بەڵام ناوبانگی ئەو بە مێژووی ئینگلستانەکەیەوەیه، هەر چەند رەخنەگران لەم بەرهەمەشدا بەکورت بینیـان داناوەو ئیرادی ئـەوەیان لێگرتـووه کـه بـه زۆری ئەنجامگیری هەڵەی کردووه.

پەخشانی مەکولی، کە لە سەردەمی خۆیدا زۆر ستایش دەکرا، تا رادەیەك یەکهاوی، وشك و فەرمییە. بە هەر حاڵ بەرهەمە پەخشانیەکانی هەر چەندە هەندێ جار سستو توندو موبالەغە ئامێزە، بەشی خۆیان دڵگیرن و نموونەی سەلیقەو پێوەرەکانی سەردەمی ڤیکتۆریان.

جون راسکین (1819– 1900):

لە ماڵباتێکی خۆش ژیان لە لەندەن هاتە دنیاوە، بابی کە بازرگانی شەراب بوو زەوقی ئەدەبو هونەری لا وروژاند، دایکی فێری خوێندنەوەی تەوراتی کرد، و جون مەشقی نیگارکێشیشی بینی، کە هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی شایستەیان لە پەروەردەکردنی بەهرەکانیا هەبوو. بە جۆرێ کە لە هەشت ساڵیدا شیعری جوانی دەگوت. و کاتێ کە چووە ئۆکسفۆرد تا دەرسی رۆحانیەت بخوێنێ، خەڵاتی شیعریی نیودگیت–ی وەرگرت، بە هەر حاڵ راسکین لە ساڵی 1842دا خوێندنی لە ئۆکسفۆرد تەواو کرد، بەڵام ملی بۆ چوونە سلکی رۆحانیەت، کە بەو مەبەستە خوێندبووی، نەدا.

راسکین لە ساڵی 1832دا دیوانە شیعرێکی بە هەندێ سکێچانی نیگارکێشی ئینگلیزی: ج.م.و. ترنر= (Joseph Mallord William Turner)ـەوە کەوتە دەست، ناسینی ئەم هونەرمەندە هەرایەکی لە بوونو ناخیا بەرپاکردو لەیەکەمین بەرگی کتێبەکەیدا بە ناوی نیگارکێشانی مودرین (پێنج بەرگە، 1843– 1860) کەوتە ستایشی ترنر و باڵایی بەسەر مامۆستایانی کۆنەوە.

بەرگەکانی دواتری ئەم کتێبە شەرحو باسی ئەم گۆشەنیگایەی راسکینن کە هونەر لەسەر بنەمای حەقیقەتو پارێزکاری فەردیو نەتەوەیی وەستاوە. شێوازی پرشنگدارو هزرە رەسەنەکانی ئەم کتێبە، ترنری بە ئینگلیزەکان ناساندەوەو شۆرەتی راسکینی وەکو رەخنەگرێکی هونەری چەسپاند.

راسکین دیدو بۆچوونەکانی خۆی بۆ هونەری تەلارکاریش هاویشتووە. کتێبی حەوت چرای تەلارکاری (1849)ی راسکین دەربارەی ئەو حەوت چەمکەیە کە بەشەر لە بینا گەورەکاندا مانایان پێداوە، و ئەم حەوت چەمکانە، فیداکاری، حەقیقەت، توانا، جوانی، ژیان، بیرەوەری و گوێڕایەڵییە. شاکارێکی تری راسکین، بەردەکانی ڤینیس ـە (سێ بەرگە، 1851– 1853)، دەربارەی تەلارکاریو مێژووی سەرنج راکێشو سەیری تەلارکاری ڤینیسە. ئەو لەم کتێبەدا پێشکەوتنی تەلارکاری بیزانس و گوتیك لە ڤینیس داو، هەرەسی ئەخلاقی، ژیانی، و هونەری ئەم شارە بە پەخشانێکی جوان دەردەبڕێت.

کۆی وتارەکانی راسکین وەك: چەند وتارێك دەربارەی هونەر (1870)، هێلانەی هەڵۆ (1871)و چەند وتارێك دەربارەی دیمەنسازی (1898)ش پوختە بوونی فەلسەفەی هونەریی ئەو نیشاندەدەن.

راسکین پێی وا بوو کە "شکۆدارترین وێنە" ئەوەیە کە "زۆرترینو بەرزترین هزران بۆ زەینی بینەر" بگوازێتەوە، و مەبەستیشی لە بەرزترین هزران، توانا، تەقلید، حەقیقەت، جوانیو

پەیوەندی بوو. ئەو لایەنگری لە جوانیناسییەکی لە بنچینەدا مەزەبی، کە لەوێدا تێگەیشتن لە ئەخلاقی جوانی لە خودی جوانی زیاتر بوو، دەکرد.
راسکین باوەڕی وابوو، ئیمان، ئەخلاقیات، پەروەردەو فێرکردن، وەزعو حاڵی کۆمەڵایەتی لەبار، لە پێداویستییەکانی داهێنانی هونەری شایستەن، لە ساڵی 1860 بە دواوە بابەتی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە بەرهەمەکانیا هێنایە پێشێ، کونجی و زەمەقان (1865)و تاجی زەیتونی کێوی (1866) لە کتێبەکانی ئەم مەیدانەین.

<u>لویس کەرول</u> (1832– 1898):
ناوی خوازراوی چارلز لوتویج دۆجسونە، بیرکاریزانو فەیلەسوفی ئینگلیزی، مامۆستای زانستگەی ئۆکسفۆرد بوو کە چەند کتێبێکی دەربارەی بیرکاریو لۆجیك نووسی.
کەرول هونەری پوچ نووسی لە زمانی ئینگلیزیدا گەیاندە ئەوپەڕی پەسندی، هەروەها زۆر بەرهەمی جوانی بۆ منالاّن نووسی. ئەمڕۆ شۆرەتی ئەویش بەندە بەو کتێبانەوە، بە تایبەتی: ئەلیس لە وڵاتی عەجایەباندا (1865)و لە نێو ئاوێنەکان (1872).

<u>سەموئیل بوتلەر</u> (1835– 1902):
رۆماننووسی تەنزپەروەری ئینگلیز، سیمایەکی غەریبو سەرشێتو یاخی و پەرێشان حاڵ بوو. لە بنەماڵەیەکی مەزەبی چاوی بە دنیا هەڵێناو لە کەمبریج دا دەرسی روحانیەتی خوێند، بەڵام گومان لە کاروباری مەزەبی، ئەوی لە کلێساو خزمەتی کلێسا دوور خستەوە. بوتلەر لە ساڵی 1859دا چوو بۆ نیوزیلاند و چەند ساڵێك خەریکی گەلەداری بوو. لەم رێگەیەوە سەروەتێکی پێکەوە ناو لە ساڵی 1864دا بۆ ئینگلستان گەڕایەوە. لەم سەروبەندەدا، کە تیۆرییەکانی داروین مەسەلەی رۆژ بوو، بوتلەر چەند گوتارێکی رەخنەیی دەربارەی تیۆرییەکانی داروینو چەند کتێبێکی دەربارەی پەرەسەندن نووسی.
گوتاری: "دارونیزم لە بن بەستەدایە" و کتێبانی: ژیانو عادەت (1877)و پەرەسەندن، کۆنو نوێ(1879)ی ئەو هێشتاش هەر شایستەی خوێندنەوە و جوانن. بەڵام شۆرەتی بوتلەر بەندە بە بەرهەمە تەنزئامێزەکانییەوە.
شاکاری تەنز ئامێزی بوتلەر، ئێرون (1872)ە، بە یەکێك لەرۆمانە هەرە پرشنگدارەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەژمێردرێت، ئەم رۆمانە کە رووداوەکانی لە یوتوپیایەکدا روو دەدەن، هەجوی رەوتو رێبازە ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی، مەزەبیو زانستییەکانی رۆژ دەکات، رۆمانێکی تری بوتلەر، رێگەی هەمووان –Wayofall flesh (1903)، ئاوێنەیەکە کە ژیانی خانەوادەیی رۆژگاری ڤیکتۆریا بە روونی نیشاندەدات.

<u>والتر پاتەر</u> (1839– 1894):

گوتارنووس و رەخنەگری ئینگلیزی لە گەڕەکێکی هەژارنشینی لەندەن لە دایك بوو. لە چواردە ساڵیدا بۆ کونتەر بری نێردرا تا بە مەبەستی خزمەت لە کۆمەڵگەی رۆحانیەت، بخوێنێ، پاشان، لە ساڵی 1858دا چووە ئۆکسفۆردو درێژەی بە خوێندنەکەی دا، بەڵام ئەم خوێندنە گومانێکی مەزەبی وەهای لا دروست کرد کە لە بیست و یەك ساڵیدا ئیدی باوەڕی بە مەسیحیەت نەبوو، لەم حاڵو بارەدا، شەیدای فەلسەفە، بە تایبەتی بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و هزرمەندانی ئاڵمانی بوو. خوێندنەوەی پاتەر لە مەیدانی جوانیناسیدا بەرەو رێنیسانسی بکێش کردو لە ساڵی 1865دا چوو بۆ ئیتاڵیا تا هونەری کلاسیك و رێنیسانس بە وردی ورد بکاتەوە. یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی ژیانی، ناسینی هزرڤانی ئاڵمانی: وینکلمان بوو. لە ساڵی 1867دا وتارێکی بەناونیشانی "وینکلمان" بڵاوکردەوە کە دەستپێکی زنجیرە وتارێکی بوو دەربارەی هونەری رێنیسانس. ئەم گوتارانە لە ساڵی 1873دا لە کتێبێکدا بە ناوی: چەند توێژینەوەیەك لە مێژووی رێنیسانس، بڵاوبووەوە.

پاتەر رۆمانێکیشی لە پاش بەجێماوە کە ماریوس ئەپیکوری (1885) ناوە. ئەم رۆمانە فەلسەفییە کە بە شاکاری پاتەر دەژمێردرێت، رومی رۆژگاری مارکوس ئورلیوس وێنەدەگرێت.

پاتەر لە جوملەی ئەو هزرڤانانەیە کە هونەرو ئەستاتیکا بە ئامانجێکی ژیان دەزانن، و ئەم رێبازو میتۆدە لە هەموو بەرهەمەکانی خۆیدا بە پەخشانێکی ناوازەو ناسك دەڵێتەوە.



# سەدەی بیستەم

## سەرەتایەکی مێژوویی:

لە هەوەڵین دەیەکانی سەدەی بیستەمدا شێوەی ژیانی سەردەمی ڤیکتۆریا بەرەبەرە هەڵوەشایەوە. میللەتی ئینگلستان گەییە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی و شەوکەت.

دەسەڵاتی سیاسی کرێکار زیادی کرد. "بودجەی نەتەوەیی" بە مەبەستی پەرەسەندنی خزمەتی کۆمەڵایەتی و زۆر بوونی باج لەسەر دەرامەتانی بەرز ئیحتوباری یاسایی وەرگرت.

پارلەمان ملی بۆ گەلێك لە داخوازییەکانی چینی زەحمەتکێشدا، وەکو دانی غەرامەت بە کرێکاران، قەدەغە کردنی مامەڵەو کار لە کاتی مانگرتندا، بەردەوامی موچەی قۆناغی پیری،

**تۆمارکردنی یاساێن لایەنی کەمی هەقدەست، و هەروەها پەسند کردنی یاسای بیمەی بێکاری و بیمەی تەندروستی نەتەوەیی.**

**لە هەوەڵین دەیەی سەدەی بیستەمدا، رکابەری کۆڵۆنی و دەریایی بەریتانیا لەگەڵ ئەڵماندا توند بوو. بۆیە بەریتانیا زنجیرە یەکێتییەکی لە ئەوروپادا دامەزراند. و ئەو ئەوروپایەی کە لە ئەنجامی رکابەری رامیاری، ئابوری، وسوپایی هێزە گەورەکاندا لە قەراخی جەنگدا بوو، بووە مەیدانی پێشبڕکێی چەکداری و سەر ئەنجام بووە مەیدانی جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) ئەم کارەساتە کە ژمارەی کوژراوانی دە ملیۆن نەفەرو وێرانکارییەکانی لە مێژوودا بێ پێشینە بوو، بە پێی پەیمانی ڤێرسای (1919) کۆتایی هات.**

**پاش جەنگ، بەریتانیای سەرکەوتوو بەڵام بێ توانا رووبەڕووی زۆر گیروگرفتی گەورەی وەك قەرزی جەنگ، یاخی بوونەکانی ئیرلەندە، رووداوەکانی هند، و مانگرتنی گەورە بووەوە، وێڕای ئەمەش، لە ساڵانی 1919- 1920 بوژانەوەیەکی ئابووری کەم وێنە بەڵام رەوتەنی بەخۆوە بینی، چونکە دەیەی پاشتر قۆناغی داروخانی ئابوری وڵات بوو، و بەریتانیای مەزن بەزەحمەت لە قەیرانی ئابووری عالەمگیری 1929- 1931 دەرباز بوو.**

**لەم وەزعو حاڵەدا، ئینگلیزەکان بەنیگەرانییەکی زادەی دەسەڵات پەیداکردنی ستالین، هیتلەر، و موسولینی، دەستدرێژییەکانی ژاپۆن، و تەدارەکی جەنگ لە ئەسپانیاو چین، چاودێری سنوورە دەرەکییەکانی خۆیان دەکرد، نویل چمبرلن (1869- 1940)ی سەرەك وەزیرانی محافەزەکاری ئینگلستان (1937- 1940) بە مەبەستی دابینکردنی ئاشتیو دڵ راگرتنی دەوڵەتانی میحوەر سیاسەتێکی ئاشتیانەی گرتەبەر. کە بە بەستنی پەیمانی میونیخ لەگەڵ هیتلەردا (1938) گەییە لوتکە، سیاسەتی مداراکاری ئینگلستان، و هەروەها فەرەنسە، لە بەرانبەر ئاڵمانی دەست درێژیکار، بناغەی کۆمەڵەی میللەتانی لەق کرد. لەم وەزعو حاڵەدا، هەردوو وڵات، خۆیبوونی قوربانیانی ئیحتمالی دەوڵەتانی تەوەری وەك پۆڵەندەیان زامن کرد. یەکێتیی سۆڤیەتیش لەگەڵ ئاڵماندا بوو بە هاوپەیمان، و هیتلەر هێرشی بردە سەر پۆڵەندا، و جەنگی جیهانی دووەم (1939- 1945) بە فەرمی دەستی پێکرد. لە کاتی جەنگداو پاش شکستی بەریتانیا لە نەرویج، سێروینستن چەرچل، سیاسەتوانی محافەزەکاری ئینگلستان، بوو بە سەرەك وەزیری (1940- 1945) دەوڵەتی فیدرالی، چەرچل لە ساڵانی سەختی شکست لە جەنگدا نموونەی بەرخودانی ئینگلیزان بوو، و بە گوتارە ئاگرینەکانی خۆی گیانی فیداکاری و قارەمانیی ئینگلیزانی گەیاندە لوتکە. ئاڵمان لەم شەڕەدا هەوڵیدا تا بە بۆمبارانی هەوایی بەربڵاو بەریتانیا بێنێتە سەر چۆك، بەڵام وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەپەلە کەوتە یارمەتی دانی ئەم وڵاتەو بە زەبری کۆمەکی فرە رزگاری کرد. سەرەنجام، بە تەسلیم بوونی ئاڵمان (1945)، ئەم جەنگە گەورەیەش کۆتایی هات.**

**لە کۆتایی جەنگدا، حیزبی کرێکاران لە بەریتانیادا جڵەوی کاروباری گرتە دەست، لەم قۆناغەدا، بەریتانیا بە ناچاری دەستی لە هند هەڵگرت (1948)، مەسەلەی فەلەستینی بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان سپارد، و لەگەڵ فەرەنسا، بەلچیکا، لوکسمبرگ، و هۆڵەندەدا پەیمانێکی**

پەنجاو پێنج ساڵەی بەست. بەرنامەی خۆماڵی کردنی پیشەسازی و خزمەتی پزیشکی و ریفۆرم لە پەروەردەو فێرکردندا، و مەسەلەی سوکنەش جێبەجێ کرا، سەرباری ئەمەش، ئەم وڵاتە لە ساڵی 1953دا چەکی ئەتومی خۆی تاقیکردەوە، و لە ساڵی 1956دا یەکەمین کارخانەی هێزی ئەتۆمی خۆی خستە کار.

## نۆڕینێکی گشتی:

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە گۆڕانکارییە عەجیبەکانی تەنانەت تیژ بین ترین مێژوونووسانی کۆمەڵایەتی لە رەسمکردنی وێنەیەکی روون، رووبەڕووی دژواریان دەکاتەوە. و کاری مێژوونووسانی ئەدەبیات زۆر دژوارترە. چونکە ئەم سەدەیە، سەردەمی کۆمەڵێکی ئاڵۆزە لە تواناو بەهرە، ململانێ و کێشمانەکێش، و میتۆدو رێبازانی جۆراوجۆر.

مۆدێرنیزم دیارترین تایبەتمەندی ئەدەبیاتی سەردەمی ئێمەیە. هەر چەندە کە تا نهۆ پێناسەیەکی گشتگیرو وردی مۆدێرنیزم لە هونەردا نەکراوە. بەڵام کاتێ تووشی نیگارکێشی پیکاسۆ، مۆسیقای شنبرگ(1)، یا چیرۆکی گرترود ستاین دەبی، دەکرێ پەی پێ ببرێ، تاقیب کردنی رەگو ریشەی مۆدێرنیزم دەری دەخات کە لەم بزووتنەوەیەدا تەنیا شێوەو تەکنیك لە ئارادا نییە، بەڵکو نووسەران هەمیشە عەوداڵی بابەتی نوێ و شێوازێن تازە بوونە، و لەبەر رۆشنایی ئەزموونداو، هەوڵی کنەکاری هەموو شتێکیان، تەنانەت لاشعوری بەشەرشیان داوە، لە نێو ئەزموونە چڕو زۆرو زەبەندەکاندا، تەنانەت ئاماژەکردن بۆ بزووتنەوە مۆدێرنیزمەکان، کە هەندێکیان (ئیماجیزم، دادائیزم، ڤێرتیسیزم، سورریالیزم، ئەگزیستانسیالزم...) بۆ وڵاتانی جیاواز پەڕیونەتەوە، زۆر زەحمەت دێتە بەرچاو.

مۆدێرنیزم لە ئەدەبیاتدا هەر چەندە تا ئێستا عەوام پەسندی بەدەست نەهێناوە، بەڵام تەنانەت رەخنەگران و شارەزایانی محافەزەکار نەیان توانیوە بایەخی کاری ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە پەرەپێدانی هونەرو ناوەڕۆکاندا خەباتیان کردووە ئینکار بکەن و گەورەیی ئەوان بەهەند نەگرن، ئەوەتا تی. ئێس، ئیلیوت کە لە پێشەنگانی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم و ئەزموونگەرییە، ئەمڕۆکە بە پرشنگدارترین سیمایانی ئەدەبیاتی سەردەمی ئێمە دەژمێردرێت، کاریگەریی جیمز جۆیس، بە داهێنانە شۆڕشگێڕانەکانی لە هونەرا، و د.هـ. لورانس، بە بەرهەمە چیرۆکڤانییە هەرە جوان و دڵگیرەکانی یەجگار گەورە بووە، جۆیس مەوداو رەهەندانی تازەی بە زمان و فۆرمی رۆمان بەخشی، و تەکنیکانی زەینی- نەقڵی کە بەشەپۆلی هۆش و تەداعی ئازادو مەنەلۆگی دەروونی ناسراوە، دەوڵەمەندکرد، و لورانس ئەو پێکادان و کێشمانەکێشانەی کە لە تاریك و روونی جیهانی دەروندا و لە مەیدانی ویژدانی نا ئاگادا روو دەدەن، بە توانایەکی کەم وێنەوە وەسف کردووە، لێکۆڵینەوەی کارەکانی لورانس رۆڵێکی گەورەی لە دروست بوونی تیۆرییەکانی فرۆیدا هەبوو.

لورانس لە هەندێ رۆمانیدا وەکو فەرزەندان و دڵداران، کە بەسەرهاتەکانی لە شارێکی مەعدەنی دا روو دەدا، هاواری نارەزایی لە عەلەیی کۆمەڵگەیەکدا لە بەرەو کارەسات دەڕوات، بەرز

دەکاتـەوە. لـورانس لـە بنچینەدا یاخییـەك بـوو بەرانبـەر بـە کۆمەڵگـەی پیشەسـازی، و قـەرارداده پوچـەڵە کۆمەڵایـەتییـەکان. جـۆرج برناردشـۆ، مامۆسـتای کۆمیدیانووسـی سـەردەمیش لـەو شانۆنامانەیدا کە ئاوێتەی گاڵتەبازیو تەوسو توانج بوون، دژی قەراردادو فۆرمە پوچو بێ مانا کۆمەڵایەتییەکان رادەبێت. ئەو بتـەکان دەدا بەزەویدا، لـە رژێمـی نزمـی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری سواوی بۆرژوازی دەداتو گاڵتـە بـە لۆجیکی سـەرمایەداری دەکات. جۆن کـالزورتی بـە رۆمـانو شانۆنامەکانی دژی کورتبینی توێژی باڵای چینی بـۆرژوا رادەبێو هێـرش دەکاتـە سـەر لاوازی، بێ توانایی، و لافو گەزافیان، و هاوسۆزی دەگەڵ قوربانیانی ئەم چینەدا دەکات. ویلفردئـوون-ش، لـە شیعرەکانیا تـرسو بێرەحمـی مەیدانـەکانی شـەڕ بـە تەوسـەوە وەسـف دەکـات، و زمـانی ناڕەزایی لەوە دەکاتەوە کە هەزاران لاوی ئینگلیزی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لـەخۆڵو خوێنـدا گـەوزان، شـاعیرانی وەك ئـودنو سـپندەرش کـە لـە دەیـەی سـیدا ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی مارکسیسـتی بـەریتانیا بـوون، سیسـتەمی کۆمەڵایـەتیان بـەر رەخنـەدا، و رایـان گەیانـد کـە تـەنیا سوسیالیزم دەتوانێ نەخۆشییە سیاسیو ئابوورییەکانی شارستانیەت دەرمان بکات.

شـایانی باسـە کـە وێـڕای جۆشو خرۆشو گـەرم و گـوڕی ئەزموونگـەرایان و پێشـەنگانی بزاڤـی مودێرنیزم بۆ فۆرمو نێوەڕۆکانی نـوێ، گەلـەك لـە نـاودارترین نووسـەرانی سـەردەم هـەر پابەنـدی سـونەتی ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی بـوون، و زۆر شـاکاری تـەڕو تازەیـان بـە زمـانی تایبـەتی خۆیـان خولّقانـد. هربـرت جـورج ویلـز، چیرۆکنووسو مێـژوونووسو کۆمـەڵناس، یەکـەمین نووسـەری گەورەی چیرۆکانی زانستیو بە ناوەڕۆك تـەواو کۆمەڵایەتیـە. لەلایەکەوە پەرەسـەندنی ژینناسـی بەشەر دەکات بە بناغەی چیرۆکەکانی، و لەلایەکی ترەوە بە دانـانی زەمـانی روودانـی چیرۆکەکان لــە ئاینــدەدا، بیانوویــەك بــۆ خســتنەرووی گیروگــرفتێن کۆمەڵایــەتیو رامیــاری ســەردەمو چارەســەریان دەدۆزێتــەوە. نووســەرێکی پــڕ بەرهــەمی دیکــە، ئارنولــدبنت، رۆماننووســیو رۆژنامەنووسی ئاوێتـەی یەکـدی دەکـات. ئیـدوارد مۆرگـان فۆرسـتەر، بـە ریشـخەنێکی هێـدی، لـە هـەموو رۆمانـەکانیا کەموکوڕییـە ئـەخلاقیو سۆزدارییەکانی چینـی بـۆرژوای ئینگلیـزی ئاشـکرا دەکات. لـە نێـو بەهرەدارترین ژنانی نووسـەردا، فێرجینیا وولـف، لـە رووی بـەکارهێنانو سـوود وەرگرتن لە شێوەکانی گفتوگۆی دەروونیو شەپۆلی هۆش لە رۆمانەکانیا، شۆرەتێکی پایـەداری وەرگرتووە. و دەیان شاعیرو نووسەری دیکە...

لـە کۆتاییدا، دەبـێ ئامـاژە بـە رێنیسانسـی ئـەدەبی ئیرلەنـدە کـە لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیەمـدا دەسـتی پێکـرد، بکـرێ. ئـەم بزووتنەوەیـە بـە سـەر هەڵـدانو پەیـدابوونی ئەنجوومـەنی ئـەدەبی ئیرلەنـدە لـە لەنـدەن (1891)، ئەنجوومـەنی ئـەدەبی نەتـەوەیی ئیرلەنـدە (1892) لـە دوبلـین، و شـانۆی ئـابی (Abi)(2)(1901) شـکایەوە کـە بـە نوانـدنی بەرهـەمی گـەورە درامانووسـانی ئـەو وڵاتە کاریگـەرییەکی گەورەی لەسەر بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی ئیرلەندییەکان هـەبوو. رەنگـە گەورەترین درامانووسی ئەم بزووتنەوەیە جۆن میلینگتون بێ کە گفتوگۆی شانۆنامەکانی لەسەر بناغەی زمانی گوندییانی ئیرلەندەو تۆنی قسەکردنی ئەوان رۆناوە.

رابەری ئەم ڕێنیسانسەش ویلیام باتلەر ییتس-ی شاعیرو درامانووس بوو کە بە یەکێك لە ڕابەرانی بزاڤی ئازادیی ئیرلەندەش دەژمێردرێت. ییتس کە لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئابییە، دڵبەندییەکی قوڵی بە ئیرلەندەو فۆلکلۆرو حیکایەتو ئەفسانانی ئیرلەندییەوە هەبوو، لە هەوڵێکی بیٚوچاندا بوو بۆ تێکەڵکردنو نزیك خستنەوەی شاعیرانو نووسەران لە خەڵکی ئیرلەندە. درامانووسێکی دیکەی ئیرلەندی، شون ئوکیسی-ش، دراماکانی لە شانۆی ئابیدا نمایش کران، بەڵام دەکەوێتە دەرێی ڕێنیسانسی ئەدەبی ئیرلەندە، چونکە دراماکانی زیاتر سەرو سەختیان لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتیو سیاسییە شارییەکاندایە تا فۆلکلۆرو بابەتی دێهاتیی ئیرلەندە.

## شاعیرانی سەدەی بیستەم

<u>روبرت بریجز</u> (1844- 1930):

شاعیری لیریکی ئینگلستان، لە ساڵی 1913دا بوو بە میری شاعیرانی وڵاتەکەی. ماوەیەك لە ئیتن و ئۆکسفۆرد دەرسی پزیشکی خوێندو کاری پزیشکی کرد. بەڵام زوو دەستی لیٚ کێشایەوە تا دەرفەتی پێویستی بوجسوجۆی جوانی، کە بابەتی زەوقی بوو، هەبیٚ.

گرنگترین کاری بریجز: بەرهەمێن شاعیرانە (شەش بەرگ، 1898- 1905)، بریتییە لە جوانترین شیعری لیریکی ئەوو هەشت شانۆنامە لەمەڕ بابەتێن کلاسیك، لیٚ مەنشورترین دیوانە شیعری: "وەسیەتی جوانی"یە (1929) شیعرێکی درێژە کە لە تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵیدا وتراوە. هۆزانی بریجز گیانو دەربڕینێکی کلاسیکیان هەیە، و لە بنەڕەتدا لایەنگری گەڕانەوە بۆ شێوازی دەربڕینی سەدەی هەژدەیەم و زمانی پاكو ڕازاوە بوو. بۆیە لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکەدا ئەنجوومەنی زمانی ئینگلیزی پەتیی لە ساڵی 1913دا دامەزراند. بریجز زاناو ڕەخنەگرێکی بە تواناش بوو و هەندیٚ بەرهەمی لەمەڕ ڕەخنەی شیعر نووسی.

<u>ویلیام بوتلەر ییتس</u> (1865- 1939):

شاعیرو درامانووسی خەڵکی دوبلن، کوڕی نیگارکێشێکی بەناوبانگی ئیرلەندی بوو. بە خۆیشی سیٚ ساڵێك هەر بۆ دڵخۆشی بابی نیگارکێشی فێر بوو، بەڵام دڵی هەر بۆ شیعرو شانۆنامە لێی دەدا، لە نۆزدە ساڵیدا شیعرەکانی لە گۆڤارانی دوبلین دا بڵاوکردەوە، و یەکەم دیوانە شیعری "سەرگەردانییەکانی ئویسین"ی لە ساڵی 1889دا بڵاوکردەوە.

ییتس لە ژیاندا دڵبەندی سێ شت بوو: هونەر، ئیرلەندەچیاتی، و خوێندنەوەی نهێنییەکانی غەیب و لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا زۆر بە قوڵی خووی دایە جۆرە تیۆرییەکی ئەستێرەگەریی دەربارەی جیهانانی غەیب و سوڕان و گەڕانی ڕۆژان.
گەلێك لە شیعرەکانیشی بە دەوری تەوەری هەمان دڵبەندیاندا دەسوڕێنەوە. جۆرە خەمینییەکی ڕۆمانتیکی و شەیدایی بە ئەفسانانی ئیرلەندی لە شیعرەکانی سەرەتای ییتسدا شەپۆل دەدات. بەڵام باشترین هۆنراوەی ئەو، هۆزانانی سەردەمی کامڵی و خەملینی ئەوە، کە چۆنیەتی لیریکی و دراماتیکی، ڕەمزییەت، سوود وەرگرتن لە ئەفسانانی فۆلکلۆری ئیرلەندی و ڕازی غەیبی، بابەتی سیاسی و ژیانی شەخسی، جوانیی سایکۆلۆژی، وردی و، پاشەکەوت لە زماندا، لە تایبەتمەندەییەکانی ئەو شیعرانەیە، ییتس باوەڕی وا بوو کە شاعیرانی ئیرلەندی لەسەریانە تێکەڵاوی خەڵکی ئیرلەندە بن. شیعرە سادەو ڕاشکاوەکانی دوو دیوانە شیعرەکەی: با لە نەیجەزاردا (1899)و لە هەوت بێشەدا (1903) نیشانەی هەمان باوەڕە. دیوانە شیعرەکانی دواتری ییتس: کڵاو خودی سەوز (1910)، پلیکانەی پێچاوپێچ (1922) و بورج (1928)یان ناوە کە لەو دیوانانەدا شاعیر کەمتر گوێ بە مەسەلەکانی جیهانی ئەمڕۆ دەدات.
ییتس کە لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئابی بوو، بە خۆیشی هەندێ شانۆنامانی نووسی. وڵاتی دڵخواز (1894) یەکێکە لەو شانۆنامانە کە لە شانۆی ئابیدا نمایش کرا.
ییتس ڕابەری ڕینیانس ئەدەبی ئیرلەندەو هەروەها لە ڕابەرانی بزاڤی ئازادیی ئیرلەندە بوو، و لە ساڵی 1922ەوە تا 1928ش نوێنەری سینا بوو لە وڵاتی ئازادی ئیرلەندە، ئەو کە بە یەکێك لە گەورەترین شاعیرانی سەدەی بیستەمیش دەژمێردرێت، لە ساڵی 1923دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت.

<u>جون میسفیلد</u> (1874– 1967):
شاعیر، درامانووس و ڕۆماننووسی ئینگلیزی لە ساڵی 1930ەوە میری شاعیرانی وڵاتەکەی بوو. زیاتر لە شیعرە دەریاییەکانی بەناوبانگە کە کۆمەڵێکیان لە یەکەم دیوانیدا: هۆنراوانی ئاوی سوێر (1902) بڵاوبوونەتەوە. یەکێك لە جوانترین شیعرەکانی میسفیلد شیعرێکی نەقڵی درێژە بە ناوی "ڕەحمەتی هەمیشەیی– 1911"، کە لە ڕووی وێنەگرتنی ژیانی دێهاتی و هەروەها زمانی دیالۆگی و هەندێ جار زۆر عامانەیەوە بایەخی پەیدا کردووە. ئەم شیعرە سەرەتای شیعری شاعیرانی سەردەمی جدورجیشە(3)، ئەم دەستە شاعیرە لە ناوەڕۆکدا چاویان بڕی بووە تەبیعەت و ژیانی دێهاتی و لە تەکنیکدا چاویان لە شێوەی تەقلیدی وردزورس دەکرد. لە شیعرە نەقڵییەکانی دیکەی میسفیلد "پەنجەرە لە شەقامێکی فەرعیدا– 1912" حیکایەت و نەقڵی ئیعدامێك دەگێڕێتەوە، و "چێنەری نێرگزی زەرد– 1913" نەقڵی کوشتنێك دەگێڕێتەوە. شیعری نەقڵی ناوداری "نیگارکێشی ناشی –1923" چیرۆکی خەمناکی خەیاتێکە کە ئارەزووی بوون بە نیگارکێشی هەیەو دەبێتە مایەی گاڵتەی دەوروبەرەکانی.

**میسفیلد چەند شانۆنامەیەکی شیعریشی نووسیوە کە لە ناویاندا تراجیدیای راهبەرێک (1908)، بە باشترین تراجیدیای سەردەمی ئەو دەزانرێ.**

**روپیرت بروک** (1887– 1915):

**شاعیری سونەتگەرای سەردەمی جۆرجە، لەو دەستە شاعیرانەیە کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا گیانی خۆی بەخت کرد،و بە "شاعیری جەنگ" بەناوبانگە. بروك ئەمڕۆکە بەو شیعرانە بەناوبانگە کە لە جەنگداو دەربارەی جەنگ گوتوونی بە تایبەتی ئەو زنجیرە سۆناتانەی کە لە ژێر سەر ناڤی 1914دا گوتونی، نیشانەی ئایدیالیزمی نیشتمانپەروەرانەی ئەون لە هەوەڵین سالانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بروك لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا کەوتە ژێر کاریگەریی شاعیرانەی سەدەی حەڤدەیەم، و هۆزانانی تەنزئامێزو رەسەنی وەك "بەهەشت"و "غومار"ی گوت.**

**ویلفرید ئۆوین** (1893– 1918):

**یەکێك لە باشترین ئەو شاعیرانەی کە شیعرەکانی لە جەنگداو دەربارەی جەنگی جیهانی یەکەم گوتووە، جارێك لە جەنگدا زامدار بوو و هەر کە برینەکەی ساڕێژ بوو بە پەلە بۆ شەڕگە رۆییشتەوە، و سەرەنجام هەفتەیەك پێش وەستانی شەڕ، بە گوللەی رەشاشی نازییەکان کوژرا. ئۆوین، وەکو لە نامەکانیا دەنووسێت، لە سەرانسەری جەنگدا شیعری تەنیا وەکو ئەوزارێك بەکار دێنا تا لە رێگەیەوە حەقیقەتەکانی جەنگ نیشانبدات. شیعرە ئەزمونگەرییەکانی ئۆوین رەنگدانەوەی نەفرەت و بێزاری شاعیران لە جەنگ، ترس و بێرەحمی مەیدانی شەڕ بە تەوسەوە دەگێڕێتەوە. ئۆوین لە ژیانیا تەنیا بلاوبوونەوەی چوار شیعری خۆی بینی، و کۆ شیعرەکەی بە ناوی: هۆزانان (1920) لە دوای مردنی بە چاپ گەیی، لە پێشەکی ئەم دیوانەدا دەنووسێت: ئەم کتێبە دەربارەی قارەمانان نییە، دەربارەی رووداوان یان وڵاتان، یا شانازی و گەورەیی و شکۆو سەڵتەنەت و پاشایەتی، یان دەسەلات و هێزیش نییە، دەربارەی جەنگە، من بەشێوەیەکی گشتی چ پەیوەندییەکم بە شیعرەوە نییە. بابەتی کاری من جەنگە، و داخ لە دەست جەنگ.**

**بە هەر حاڵ "ڤیانی گەورەتر"، "دیدارێکی سەیر" و "سرودێك بۆ لاوێکی مەحکوم بە نەمان" بە باشترین شیعری ئۆوین دەربارەی جەنگ دەژمێردرێن**

**ویستن هیو ئودین** (1907– 1973):

**لە خانەوادەی پزیشکێك لە یورك لە دایك بوو و لە ئۆکسفۆرد خوێندی, لەم زانستگەیەدا بوو بە رابەری گروپی ئەدەبیی بالی چەپ و چووە ریزی بەناوبانگترین ئەندامانی گروپی نووسەرانی مارکسیستی بەریتانیا، کە سوسیالیزمیان بە دەرمانی گرفتە ئابوری و سیاسییەکانی سەردەم دەزانی، ئودین لە سالانی 1928– 1933دا لە سکوتلاندو ئینگلستاندا خەریکی گوتنەوەی وانەی زمانی ئینگلیزی بوو، و پاشان شەش مانگێکیش سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێن**

دیکومێنتی بوو. له ساڵی 1936دا کەوتە گەشتو سەفەر، یەکەمجار لەگەڵ شاعیری هاووڵاتی خۆیدا لویس مك نیسدا بۆ ئیسلاند ڕۆیی، و ساڵی دواتر له جەنگی ناوخۆی ئەسپانیادا بوو بە شوفێری ئامبولانس، لە ساڵی 1938دا لەگەڵ کریستوفر ئیشروود سەردانی چینی کرد، و ساڵی دواتر لەگەڵ ئێریکامان-ی هاوسەریدا (کیژی تۆماس مان بوو) بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕۆیی و بوو به هاووڵاتی ئەوێ.

ئۆدین دڵگیرترین هۆزانی خۆی لە دەیەی سی دا گوت، و یەکێك بوو لە گروپی شاعیرانی ئۆکسفۆرد (سیندەر، مەك نیس، سسیل دی لویس) کە لە دەیەی سیدا ناوبانگیان دەرکرد، و لە شیعرەکانیاندا بانگەشەیان بۆ کۆمۆنیزم دەکرد. لەم قۆناغەدا ئۆدین-ش بانگەشەچی ئەم بیرە بوو کە سوسیالیزم نەخۆشییە سیاسیو ئابوورییەکانی کۆمەڵگە دەرمان دەکات، و پسپۆڕی دەروونی دەرمانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات، و خۆشەویستی دەرمانی هەموو دەردانە. لە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا ئۆدین وازی لە سوسیالیزم هێناو شەیدای مەسیحیەت بوو، کیرکەگاردو حەکیمانی تازەی پرۆتستان-ش جێگەی مارکسو فرۆیدیان لە بیرو بیرکردنەوەیدا گرت، و شیعرەکانی بەرەبەرە مەوداو ڕەهەندی مەعنەویان پەیدا کرد. شیعرێکی ئۆدین بە ناوی "نامەی ساڵی نوێ- 1941" ڕەنگدانەوەی هەمان پەرەسەندنی فیکریو گۆڕانی دیدی ئەوە.

گرنگترین دیوانی سەرەتاکانی ئۆدین لە ژێر سەر ناوی هۆزانان (1930)، خەتیبان (1932)، بێگانە، تەمەشاکە (1936)و زەمانێکی دیکە (1940)دا بڵاوبوونەتەوە. شانۆنامەی شیعریی تەنز ئامێزی: سەمای مەرگ (1935)و شانۆنامانی ئەزموونگەری و مارکسیستی: سەگی ژێر پێست (1935)و سەرکەوتنی ئێف 6 (1936)و لە شەڕگەدا (1938)ی بە هاوکاری ئیشرو ود نووسی. چەند نامەیەك لە ئیسلاندەوە (1937) تێکەڵەیەکە لە شیعرو پەخشانو بەرەنجامی هاوکاری ئۆدینو مەك نیس بوو، و سەفەرێك بۆ شەڕ (1939) دەربارەی جەنگی چینو ژاپۆنە، ئەمیش یادگاری هاوکاریەتی لەگەڵ ئیشروود،

بەرهەمێن قۆناغی گەییوی ئودین، کە مۆرکێکی تەواو مەزەبیان پێوەیە جاڕی برایەتی جیهانی لەسەر بنەمای ئامۆژگارییەکانی مەسیح دەدات، بریتیین لە زنجیرە سۆناتایەك بە ناوی سۆراخ (1941)، و دەریاو ئاوێنە (1944)، کە شرۆڤەیەکی شانۆنامەی گەرداوی شەکسپیرە، دوو دیوانە شیعریشی لەم بوارەدا: سەردەمی نیگەرانی (1947)و زرێیەکەی ئاخیلوس (1955)یان ناوە.

<u>لویس مەك نیس (1907- 1963):</u>

شاعیری ئیرلەندی نەژادی ئینگلیزی، لە دەیەی 1930دا هاوکاری لەگەڵ شاعیرانی باڵی چەپدا دەکرد، بەڵام زۆریش گوێڕاڵ و پابەندی تیۆرییە مارکسیستییەکان نەبوو، تۆنی گفتوگۆیی، و هەندێ جار ئاوێنە بە تەنزو گاڵتە، و سوود وەرگرتن لە وێناو وێنەی زەمانە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری مەك نیسە.

**دیوانەکانی مەك نیس: ئاگربازی کوێرانە (1929)، کۆ شیعران (1949)، پاشماوەی پاییز (1945)و کودەتایان (1961) یان ناوە. مەك نیس زانایەکی بەرهەمێن کلاسیکیش بوو، و تراجیدیای ئاگامەمنونی ئاسخیلوس، و فاوستی گۆتەشی گۆڕینە سەر زمانی ئینگلیزی.**

<u>**سسیل دەی لیویس**</u> (1904– 1972):

**شاعیری ئینگلیز لە دایکبووی ئیرلەندەو نووسەری چیرۆکانی پۆلیسی (بەناوی خوازراوی نیکۆلاس بلیك)و لە دەیەی سی دا وابەستە شاعیرانی مارکسی بەریتانیا بوو. وەکو ئەوان هۆزانانی فێرکاری گوت، و وێنەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی بەکارهێنا، شیعرەکانی لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا زاتی ترو هزرمەندانە تر بوون.**

**دیوانە شیعرەکانی دەی لیویس: لە پەڕانەوە تا ئاسن (1931)، کێوی موگناتیس (1933)، کاتی رەقسین (1935) سەردانێکی ئیتاڵیا (1953)یان ناوە، دوو کۆ گوتاری رەخنەیی بە ناوی: هیوایەك بۆ شیعر (1934) و کودەتا لە نووسیندا (1935) دەربارەی ئامانجەکانی شاعیرانی مارکسی نووسیوە، دەی لیویس هەندێ بەرهەمی ڤیرجیلی وەك ئەنائیدی تەرجەمە کردووەو چەند کتێبێکیشی بۆ منالآن نووسیوە، کرمی مەرگ، یەکێکە لە رۆمانە پۆلیسییەکانی، لە ساڵی 1961دا بڵاوبووەتەوە.**

<u>**ستیڤن سپندەر**</u> (1909– ...):

**لە دوای ئۆدین گەورەترین ئەندامی شاعیرانی گروپی باڵی چەپی ئۆکسفۆرد بوو. ستیڤن کە هارولد سپندەری بابیشی لە رۆماننووس و رۆژنامەنووسیدا ناوێکی هەبوو، ساڵانی 1928– 1931 لە زانستگەی ئۆکسفۆرد خوێندی. لەم قۆناغەدا پەیوەندی بە ئامادەکارانی کتێبی شیعری ئۆکسفۆردەوە کردو دوو دیوانی چکۆڵەی شیعرەکانی خۆی بە ناوی: نۆ تەجروبە (1928)و بیست شیعر (1930) بڵاوکردەوە. سێیەمین دیوانی شیعری لە ساڵی 1933 بە چاپ گەیی، و وەکو شاعیرێکی جدیو دیار جێ پێی قایم کرد.**

**سپندەر، وەکو ئۆدین، لە ناو ئاژاوەو ئاشوبە سیاسییە نێو نەتەوەییەکاندا کە نزیکی کارەساتی جەنگی جیهانی دووەمی دەنواند، دەخولایەوە، لە ساڵی 1934دا لە شۆڕشی بێ ئەنجامی سوسیالیستەکان لە ڤینا، و لە ساڵی 1937دا لە کۆنگرەی نێو دەوڵەتی نووسەران لە ئەسپانیادا بەشداری کرد، و چەند مانگێك لەوێندەر مایەوە تا پشتگیری هێزە لایەنگرەکانی سەڵتەنەت، لە جەنگی ناوخۆدا بە دەست بێنێ، لە ململانێی توندی نێوان کۆمۆنیزم و فاشیزم لە ئەوروپاش دا بە گەرمی پشتیوانی لە باڵی چەپ دەکرد، وێڕای ئەمەش بە رەوای نەدەزانی کە زیادەڕۆیی توندڕەوەکان بە هەند نەگرێت، و حورمەتو رێزی بۆ ئازادی هونەری، کردییە کارێك کە گوێڕایەڵی موتڵەقی سیستەمێك نەبێ کە شاعیرانی دەخستە خزمەتی ئامانجێن یەك حیزبی تایبەتییەوە.**

شیعری سپندەر بە گشتی دەربڕی کاردانەوەی سۆزداری ئەون لە هەنبەر بێکاری، هەژاری، چەوسانەوەو بێدادی، و ڕەنگدانەوەی باوەڕە سیاسی و ئەخلاقییەکانین. ((ڤێنا-1935)) شیعرێکی ئەنتی نازییە، دادگایی قازی (1938) تراجیدیایەکی شیعری پێنج پەردەییە کە زوڵمی نازیزم وێنە دەگرێت، کاکتوسی ئاگرین (1936) نۆڤڵێك و چوار کورتە چیرۆك لەخۆ دەگرێت، ڕەگەزی وێرانکەر (1935)، کتێبێکە دەربارەی ڕەخنە کە لەوێدا سپندەر لە وەزعو حاڵی هونەری جیمز، ییتس، ئیلیوت، ئۆدین، و ژمارەیەکی دیکە، بەرەچاو کردنی هەوڵو تەقەلایان لە بەرانبەر لافاوو ئاڵۆزییەکانی "جیهانێکی بێ ئیمان" دەکۆڵێتەوە.
سەنتەری ئارام (1939)، خەرابەو خەونان (1942)و شیعرێن پێشکەشی (1947)ش دوایەمین دیوانە شیعری ئەون، شایەدی ئەورووپایی (1946)، راپۆرتی گەشتی نووسەرە لە ئەورووپای وێران لە هاوین و پاییزی 1945دا. ژیاننامەکەی سپندەر بەناوی جیهان لە ناو جیهاندا (1951) لەبەر ئەو ئاماژانەی کە بۆ دۆستەکانی خۆی (ئۆدین، ئیشروود، مەك نیس، و دەی لیویس) کردویەتی، و هەروەها بە هۆی دەربڕینو نیشاندانی باوەڕی سیاسیو پەرەسەندنی فیکری نووسەرەوە دڵگیرو شایستەی خوێندنەوەیە

## شاعیرانی دیکە

لە نێو شاعیرانی ئینگلیزی سەدەی بیستەمدا دەکرێت ناوی ژمارەیەکی زۆر ببرێ، کە هەندێکیان تەنیا بە یەك دیوانە شیعر ناویان دەرکردووە، بەڵام بە هۆی کەمی دەرفەتەوە تەنیا ناوی چەند شاعیرێکی ناوداریان دەبەین.

<u>**ڕالف هۆجسن** (1871- 1962):</u>
شاعیرێکی ئینگلیزی سەردەمی جۆرج، بە شێوەیەکی گشتی کەم کار بوو. لەگەڵ ئەمەشا نامیلکە شیعرییە لیریکییەکانی: دوا تورلی (1907)، جوانەگا، حەوا، و گۆرانی شانازی (1913) بوونە مایەی ستایشی ڕەخنەگران، شۆرەتی هۆجسن لە بنەڕەتدا بەندە بە ناڕەزایی گەرمو گوڕی ئەو دژ بە زوڵمی بەشەر لە گیانلەبەران، و هەروەها بەندە بە شیعرە سادەکانی، شێوازی ڕوونی، غەرابەتی لەبەر دڵانی، دڵسۆزی، و دڵبەندی بە سروشتەوە.
هوجسن هەمیشە خۆی لە باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەدزییەوە، زانیارییەکی زۆر دەربارەی ژیانی وی لەبەر دەست دا نییە، بۆیە لە بەهاری 1946دا کە خەڵاتی هەزار دۆلاری ساڵانەی ئەنیستیتۆی نەتەوەییو هونەرو ئەدەبیاتی ئەمریکای درایێ، گەلێك لە شەیدایانی شیعرەکانی

سەریان سوڕما، چونکە ئەم خەڵاتە بە بۆنەی "سەرکەوتنی بەرچاوی هونەرمەندێك، موسیقازانێك، یان نووسەرێکی بێگانەی ئاکنجی ئەمریکا" بەو دەدرێت، و زۆر کەس نەیاندەزانی هوجسن ماوەیەك ئاکنجی ئەمریکا بووە.

ئیدیت سیتول (1887– 1964):

خانمە شاعیرو پەخشاننووس–ی پایە بەرز بە هۆی نموونە پرشنگدارو تەجریبییەکانی سەداو وێنەپەروەری شیعرەکانییەوە ناوبانگی دەرکردووە. یەکەمین دیوانی سەرکەوتووی شیعریی: ماڵەکانی شون (1918) بوو. و پاشان شیعرە درێژو دژوارەکەی سەردەری (1922) بڵاوبووەوە. شیعری ساڵانی جەنگی دووەمی سیتول سۆزدار، پڕ جۆش، و مەزەبی بوون. "هێشتا باران دەبارێت" کە، لە شیعرە هەر باشەکانیەتی، بیری لە خاچ دان لەگەڵ کاریگەریی بۆردومان کردنی لەندەن دا ئاوێتە دەکات، دوو کۆ شیعری دیکەی: باغەوانانو نجومگەران (1953) و مۆسیقاو تەشریفات (1963)یان ناوە.

ئازبیرت سیتول (1892– 1969):

شاعیرو پەخشاننووس، برای ئیدیت سیتول بوو. ناوبانگی ئەو زیاتر بە ژیاننامە پێنج بەرگییەکەیەوەیە کە بە دەوری تەوەری ماڵباتی خۆی، و ئینگلستانی ئەشراف سەردەمی منداڵی و جەوانی خۆیدا دەسوڕێتەوە، ئەم پێنج بەرگە بەپێی ریزبەندی مێژوویی بریتین لە: دەستی چەپ! دەستی راست! (1944)، درەختی سور (1945)، بەیانی مەزن (1947)، پێکەنین لە ژوورەکەی تەنیشت (1948)و گەوهەری رەسەن (1950). شیعرەکانی ئازبیرت کە لە کۆمەڵەی ئارگونات و جوگرنات (1919)دا کۆکراونەتەوە، تەنزئامێزو دەربارەی جەنگن.

سشڤیرل سیتول (1894– 1988):

برای ئیدیتو ئازبیرت سیتول، بە دیوانە شیعرێن سەدو یەك لیبوٚك (1922)و ڤیانی پیرۆزو کوفرئامێز (1940) ناوبانگی دەرکردووە. دەربارەی هونەر، بەتایبەتی مۆسیقا، و دەربارەی سەفەر لە گۆشەنیگای هونەردۆستانیشەوە هەندێ بەرهەمی نووسیوە، دیواری زێڕینو بورجی دیدەوان (1961) کە سەفەرنامەیەکە دەربارەی وڵاتی پیرۆ، لە جوملەی ئەم بەرهەمانەیە.

دیلن توماس (1914– 1953):

شاعیرو پەخشاننووسی ویڵزی لە ئینگلستانو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ناوبانگێکی هەیە، شیعرەکانی بە هۆی بەهێزی لیریکی، مۆرکی سورریالیستی، خواستنی چڕو زندوو، رەگەزدۆزیو نموونەی ئاڵۆزی دەنگو ماناوە ناوبانگیان دەرکردووە، زۆربەی ئەم شیعرانە لە دڵبەندی شاعیر بەشکۆو گەورەیی پێکهاتەی ژیان، ڕوانو مردنەوە سەرچاوە دەگرن، یەکەم دیوانە شیعری توماس: هەژدە شیعر (1934) بوو کە شێوازە خەونئامێزەکەی بووە مایەی

ستایشی رابەرانی بزووتنەوەی مکاشەفەی نویٚ(4)، بابەتێن سەرەکی هۆزانێن ئەم دیوانە ئاوو ئاگرو خوێنو ئێسقان بوو، کۆ شیعرەکانیشی لە ساڵی 1953دا بڵاوبووەوە.
هەوەڵین بەرهەمی پەخشانی تۆماس چەند کورتە چیرۆکێکی سوورریالیستی بوو، کە لە کتێبێکدا بەناونیشانی: بەسەرهاتەکانی بازرگانی پێست (1955) کۆکراونەتەوە. تۆماس لە دەیەی 1940دا لە مەیدانی فیلمو فیلمنامەشدا کاری کردووە، و هەندێ بەرهەمی عەوام پەسندو گاڵتەئامێزی، بەڵام لە هەمان کاتدا بە پەخشانێکی شاعیرانە نووسی، کە گەواهی دڵبەندی زۆری ئەون بە ژیان، پۆرترێتی هونەرمەند لە پایەی سەگێکی گەنجدا (1940) کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەم قۆناغەی ژیانی ئەوە، کە ئەمیش لە منداڵیەتی و لاوی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، (ناونیشانەکەی لە رۆمانەکەی جیمز جویسەوە، پۆرترێتی هونەرمەند لە پایەی لاوێکدا، وەرگیراوە).

## رۆماننووسانی سەدەی بیستەم

<u>جۆرج مور</u> (1852– 1933):
رۆماننووس، شانۆنامەنووس، شاعیر، و رەخنەگری ئیرلەندی، لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئەدەبی دوبلین، و نووسەری شانۆنامانی: مانگرتن لە ئارلینگتون (1893)و چەماندنەوەی لق (1900) بوو.
مور لە بەرهەمە چیرۆکڤانییەکانی دا لە سایەی کاریگەریی بالزاك، زولا، و فلوبیرا، لە هەوڵی داهێنانی رۆمانانی راشکاوو واقیعی دا بوو، و لە راستیدا بە رۆمانەکانی ریالیزمی هێنایە ناو رۆمانی ئینگلیزی. لە رۆمانی هاوسەری ئەکتەر (1885)دا، کۆتایی ترسناکی ژیانی قارەمانی چیرۆکەکە کە ژنە (کە لە شەرابخۆری دا دەمرێت) ئەنجامی رووداوەکانی ژیانی خۆیەتی. رۆمانی: ئیستراترز (1894)ش کە رۆمانێکی مەنشووری مورە چیرۆکی کیژێکی کارەکەری ئیرلەندییە کە لە هەوڵی گەورە کردنی کوڕە بیژەکەیدایە. رۆمانی سێ بەشی دروودو ماڵاوایی (1911– 1914)، کە شاکاری پەخشانی رونە، بە دەوری تەوەری ژیانی خودی نووسەردا دەسوڕێتەوە. ئەم کتێبە نموودە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتی غەریبی مور، کە لەوێدا، هەستیاریی و بێ هەستی و راشکاوی نا ئاسایی و درۆی بێ شەرمانەو زەوقو بەهرەو گەوجێتی ئاوێتەی یەکدی بوون، نیشاندەدات. هلوئیزو ئابلار (1921) رۆمانسێکی مێژووییە، و ئافرودیت لە ئولیس (1931) بەرهەمێکی ئەفسانەییە، و هەردوو کتێبەکە شێوازێکی جوانو دڵگیریان هەیە.

مور لەواری رەخنەدا، داکۆکیکاری قوتابخانەی ئەمپر سیونیزم لە نیگارکێشی و قوتابخانەی ناتورالیزم لە ئەدەبیاتدا بوو. لە دیوانە شیعرەکانیشی گوڵی سۆزان (1878) بە چاپ گەییوە.

هربرت جۆرج ویڵز (1866– 1946):

رۆماننووس و رۆژنامەنووسی زانا لە خێزانێکی تا رادەیەك دەستکورت هاتە دنیاوە، بابی بازرگانێکی بچووك و قاشۆبازێکی پیشەیی بوو. هربرت ماوەیەك لای دەرمانسازێك کاری کردو پاشان چووە کۆلیجی پاشایەتی زانستی و لەوێ دەرسی زندەوەرزانی خوێند، پاشان چەند ساڵێك مامۆستایەتی کرد، و دواتر چووە دنیای رۆژنامەوانییەوە.

ویڵز یەکەمین نووسەری گەورەی چیرۆکی زانستییە، ناوبانگیشی لەسەر پایەی چیرۆکە زانستی، رۆمانە تەنزئامێز، و نووسینە مەردم پەسندەکانی دەربارەی مێژوو و زانست وەستاوە، بەهۆی لایەنگری لە سوسیالیزم، دژایەتی سەرسەختانە لەگەڵ ئیمپریالیزم و فاشیزم، باوەڕ بە یەکسانی ژن و پیاو، لایەنگری رەسەنایەتی پەرەسەندن، ئاوەزگەرایی و هەقانیەتی زانست–ەوە ناوێکی پایەداری پەیدا کردووە.

ویڵز پێشکەوتنە تازە زانستییەکانی کرد بە پلۆت و نەخشەی چیرۆکەکانی، و لەم بارەیەوە کارەکەی کەم وێنە بوو، لە رۆمانی زانستی مەکینەی زەمان (1895)، چیرۆکەکە دەربارەی مەکینەیەکە لە زەماندا (نەك لە فەزا) دەجولێت، و داهێنەری مەکینەکە بە سەفەر لە ئایندەدا دەکەوێتە گەڕان بە قۆناغەکانی گۆڕانی ژیاندا، لە رۆمانی: جەنگی دنیاکاندا (1898)، بوونەوەرانێك لە مەریخەوە بە مەکینەی پێشکەوتووەوە هێرش بۆ گۆی زەوی دێنن، رۆمانی یەکەمین مرۆڤ لە مانگدا (1901) نزیکەی شەست ساڵ بەر لەوەی هیچ شتێکی دەستکردی مرۆڤ تەماس لەگەڵ مانگدا پەیدا بکات، بڵاو بووەوە، ویڵز لە رۆمانە زانستییەکاندا ئایندە بە بیانوویەك دەزانێ بۆ خستنەڕوو و چارەسەری گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستا، بۆیە دیدو بۆچوونی ئەو بەشێوەیەکی گشتی گەشبینانە دیارە، رۆمانانی: جەنگی دنیاکان، یەکەمین مرۆڤ لە مانگدا، پیاوی نەبینراو (1897)و خوانی خودایان (1904)، هەموو لەم جۆرەن.

ویڵز لە عەلەیی بڕیارو قەرارادە وشك و سواوە ئەخلاقی و مەزەبییەکان، بێدادی کۆمەڵایەتی و عەوام خەڵەتێنی سیاسی دەخەبتی. رۆمانە فێرکاریی و ئاوێتە بە تەنزو گاڵتەبازییەکانی لەسەر ئەم بابەتە دەڕۆن. لە رۆمانانی کیپس (1905)و سەربوری مستەر پالی (1910) قارەمانانی سەرەکی چیرۆك: ئارتورکیپس و مستەرپالی، کە نموونەی بەرزی کاراکتەرسازی و وردبینی و حەنەکبازی و دیتنی قوڵن، لە بنچینەدا سیمای نوێ بوون، چونکە لە گۆشەنیگای چینێکی بەربڵاوەوە کە لە چاو دوور بوو، دەیانڕوانییە ژیان و کۆمەڵگە، ئەم چینە بەرینە توێژە دەستکورتەکەی چینی بۆرژوا واتە فەرمانبەران و شاگردان و دوکانداران و زەحمەتکێشان و کلۆڵان بوون. تونوبنگە (1909)، کە گەورەترین رۆمانی رۆژو رەنگە شاکاری ویڵز بێ، چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە کە چاو دەبرێتە ناخی ژیانی تاکی و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی ئینگلستانی ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەیەم وێنە دەگرێت.

ویڵز کە نووسەری چیرۆکی زانستی، مێژوونووس، کۆمەڵناس، و خەباتکاری سیاسی بوو، لە بەرهەمەکانی دواتری خۆیدا پتر چاوی لە زانستو سیاسەتو کۆمەڵناسی بوو، یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەی ویڵز: گولیاتی مێژوو (1920) دەربارەی رووداوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی بەشەرەو سەربوری مرۆڤ لە سەرەتای پەیدا بوونەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ وێنەدەگرێت. ویڵز لەم کتێبە تەقریبەن کلاسیکەدا بە پشتیوانی ئەم کە لە رووی مێژووییەوە جیاوازی لە نێو بەشەراندا نییە، و مێژوو بەرەنجامی کاری هەموو بەشەرە، شانازی بە شارستانیەتێکی تایبەتییەوە بە خۆ فریودانێکی پەتی دەزانیٚ، کولیاتی مێژوو یەکەم کتێبی ویڵزە لە کۆ بەرهەمێکی سیٚ بەشی. دوو کتێبەکەی دی ژیانناسی (بە هاوکاری کوڕەکەی، 1929) دەربارەی زانستو دۆزینەوانی زانستییە، و کار، سەروەتو شادمانی بەشەر (1932) دەربارەی کۆمەڵناسییە.

ویڵز باوەڕی وابوو کە پێشکەوتنە زانستییەکانی بەشەر بەگشتی زادەی پەرەسەندنی فیکریو کۆمەڵایەتی بەشەر بووە، و ئەم باوەڕە لە کتێبە کۆمەڵناسییەکاینی ویڵزدا ئاشکرایە. لە جوملەی ئەم جۆرە بەرهەمانەی ویڵز: پێشبینیەکان (1901) کتێبێکە دەربارەی پرەنسیپە هونەرییەکانی کۆمەڵناسیو پێشبینی کردنی بونیادی کۆمەڵایەتی جیهانی ئاینده، یوتوپیای نویٚ (1905) دەربارەی رێگەکانی دەرمانی کۆمەڵگەیە، کە باوەڕ بە پاراستنو رەچاوکردنی بەرژەوەندی هەموو میللەتان، سوسیالیزم، و پێشکەوتنو بەکارهێنانی دروستی زانست لە خۆ دەگرێت، و بەشەرانی وەك خودا (1925) ئەمیش چیرۆکێکە دەربارەی جیهانی ئایدیالی.

ویڵز کە دڵبەندی سوسیالیزم بوو و لە گەنجایەتیدا ئەندامی فابیان – Fabian بوو، ئاقیبەت وازی لیٚ هینا، چونکە ئەم ئەنجوومەنە کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەم دا بە هیمەتی سوسیالیستانی وەك برناردشۆ دامەزرا بوو، لایەنگری جۆرە سوسیالیزمێکی محافەزەکارانەو ریفۆرمخوازو باوەڕی بە پێشکەوتنی بەرە بەرە بوو، نەك بە شۆڕشو گۆڕانکاری هەنووکەیی، ویڵز ئەم شێوەیەی پەسند نەدەکرد، ئەویش باوەڕی بە ریفۆرمو گۆڕانی بەرە بەرە هەبوو، بەڵام تەربێتو پەروەردەی بە فاکتەری بنچینەیی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان دەزانی. بە باوەڕی ئەو بەشەر چەند هوشیارترو زاناتر بن، یەکێتیو هەڤبەندی تیرەی بەشەریش لەگێن تر دەبیٚ.

<u>**ئارنولد بنت** (1867– 1931):</u>

رۆماننووس، شانۆنامەنووس، و رۆژنامەنووسێکی ریالیستی بوو. بنت بە جووتە رۆمانی دڵگیری: حیکایەتی پیرەژنان (1908)و کلای هەنگەر (1910) ناوی دەرکردووە، کە هەردووکیان لە ناوچەی پیشەسازی ئینگلستان (لە ستافورد شایری باشوور) روو دەدەن، ئەم ناوچەیە کە زاگەی نووسەرە، لە رۆمانەکانی ئەودا ناوی پێند شاری لیٚ دەنرێت، رۆمانی بەهێز، راستگۆیانە، و خەمناکی حیکایەتی پیرەژنان، توێژینەوەی ژینگەی ژیانو گۆڕانی ژیانو کەسایەتی دوو خوشکە کە لە برسلی دا، یەکێکە لە پێنج شارەکە، گەورە دەبن، زەماوەند دەکەن، و دەمرن، و ئەم جووتە خوشکە لە راستیا منداڵی زەمانەن، و ژیانی رۆژانەی ئێمەش، لە رووی زەمانەوە،

ڕێك بەو شێوەیەیە، لەو ڕۆمانانەی دی کە دەربارەی پێنج شارن، دەکرێ ناوی: هیلدا لیسوەیس (1911)، ئەم جمکانە (1915)، ڕایسیمەن ستپس (1923)و کۆشکی پاشایەتی (1930) ببرێت، کە ژیان لە هەلومەرجی خەمناکی ناوچەی پیشەسازی دەگرن. بنت کە لە سایەی کاریگەریی زۆلادا بوو لەم ڕۆمانە ناتورالیزمیانەدا، ئەوە نیشادەدات کە قارەمانی چیرۆکەکانی زادەی ژینگەی خۆیانن.

بنت، لە کورتە چیرۆکەکانیشی دا ژیانی خەمینی پێنج شارەکە بە وەسفی ورد وێنەدەگرێت، هەڵبژاردەی ئەم چیرۆکانە لە دوو کۆ چیرۆکی: چیرۆکی پێنج شار (1905) و گابازی پێنج شاردا (1912) کۆکراونەتەوە.

تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕۆمانەکانی بنت بریتییە لە نمایشی تێپەڕبوونی زەمان، وەسفی وردی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەکی خەمناك بەڵام نا ڕۆمانتیکی، و ڕەسمکردنی خەمخۆرانەی وێنەی ژنان، و دوا گوتە، بنت کە ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو بوو، مامۆستایانە ڕۆژنامەنووسی بە ڕۆماننووسی ئاوێتە کرد.

<u>جۆن گالزورتی (1867– 1933)</u>:

لە ماڵباتێکی قەیمەی توێژی باڵای چینی بۆرژوا لە دایك بوو. ماڤ لە ئۆکسفۆرد خوێندو لە ساڵی 1894دا دەستی بە سەفەرو گەڕان کرد. لەم سەفەرانەدا ئاشنایەتی لەگەڵ جۆزیف کۆنرادا پەیدا کرد، بیری پارێزەری لە مێشکی دەرکردو ڕوویکردە ئەدەبیات. لە سەرەتادا، کە زۆر لە ژێر کاریگەریی تورگینیف دابوو، چەند کورتە چیرۆك‌و ڕۆمانی بەناوی خوازراوی جۆن سینجون–ەوە نووسی. گالزورتی لەم بەرهەمانەدا هێرشی کردە سەر کورتبینی و ڕیاکاریی ماڵباتە زۆر دەوڵەمەندەکانی چینی بۆرژوای ئینگلستانی سەردەمی ڤیکتۆریا، و کەوتە داکۆکی لە هونەرمەندان، شۆڕشگێڕان، و قوربانیانی بێدادییەکان. بەرەبەرە بەبڵاوکردنەوەی ڕۆمانی پیاوی موڵکدار (1906)و شانۆنامەی سەندوقی زیوین (1909) هەنگاوی نایە ناو قۆناغی پێگەیشتنەوە.

بەناوبانگترین بەرهەمی گالزورتی زنجیرە ڕۆمانێکیەتی بە ناوی "فورسایت ساگا" (1906– 1922)، کە نووسینیان عومرێکی خایاند، ئەم ڕۆمانانە دەربارەی شەرحی ژیانی ماڵباتێکە بە ناوی فورسایت، کە ڕەمزو نموونەی چینی ماڵدۆستو دنیادارە، گالزورتی چیرۆکی ئەم ماڵباتەی لە سێ بەشدا، و هەر بەشەی لە سێ پاژدا، گێڕاوەتەوە. بەشی یەکەم بریتییە لە سێ ڕۆمانی: پیاوی موڵکدار (1906)، لە دادگادا (1920)و ڕزگاری (1921)، بەشی دووەم کە کۆمیدیای مۆدرینی (1929)ی ناوە، بریتییە لە سێ ڕۆمانی: مەیمونی سپی، مراکی زیوین، و گۆڕانی قو،و بەشی سێیەم ڕۆمانی سێ بەشی کۆتایی فەسڵ (1933) دەگرێتـــــــــەوە.

گالزورتی لەم زنجیرە ڕۆمانەدا دژی توێژی باڵای چینی بۆرژوا، کە تەنانەت ژنەکانی خۆیانیش بە بەشێك لە موڵك‌و ماڵەکانیان حەساو دەکەن، دەوەستێ‌و هێرش دەکاتە سەر لاوازی‌و لافو گەزافیان، و هاوسۆزی دەگەڵ قوربانیانی ئەم چینەدا دەکات.

له شانۆنامەکانی گالزورتی دا مەسەلە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە دیدێکی ریالیزمی و تەنز ئامێز شیدەکرێتەوە. لەوانە شانۆنامەی: کۆشش (1909) بە دەوری تەوەری ململانێیەکی نێوان کرێکاران و خودانکاراندا لە ژینگەیەکی پیشەسازیدا دەسوڕێتەوە، و وەفادارییەکان (1922) دەربارەی گیروگرفتی جیاوازیی نەژادییە.
شۆرەتی گالزورتی دەگەڕێتەوە بۆ وێنەگرتنی ژیانی چینی باڵای بەریتانیاو تەنزە کۆمەڵایەتییەکانی، بە بۆنەی ئەو بەرهەمانەوە کە لەم وارەدا هەیەتی، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 1932ی وەرگرتووە.

<u>**ویلیام سومرست موام (1874– 1965):**</u>
نووسەری رۆمان، شانۆنامەو چیرۆکی کورت، لە منداڵیدا باوکی لە دەست داو کەوتە بەر دەستی مامی کە کەشیشی گوندێك بوو. لە ژینگەی مەزەبی گوندەکەدا گەورە بوو و خوێندی. پاشان لە قوتابخانەی سەڵتەنەتی درێژەی بە خوێندنەکەی دا، پاش تەواوکردنی قۆناغی قوتابخانە، چوو بۆ ئەڵمانیا و دوو ساڵیش لە زانستگەی هایدلبرگ خوێندی. پاش گەڕانەوەی بۆ ئینگلستان بە هاندانی مامی لە زانکۆی پزیشکیی سەنت تومس–ی لەندەن دەرسی پزیشکیی خوێندو بوو بە دکتۆر، بەڵام دەس بەرداری دکتۆری بوو و نووسەری کرد بە پیشە.
یەکەمین رۆمانی موام، لیزای لامبتی (1897) بوو کە بیرەوەری رۆژانی خوێندنی ئەو بوو لە نەخۆشخانەیەکی گەڕەکی لامبت، تاخی کرێکارانی لەندەن، موام لەم نەخۆشخانەیەدا لە نزیکەوە ئاشنای کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو، و بە هەموو بوونی هەستی بە دەست کورتی، نەخۆشی، دەردو ئازار، برسێتی و مەینەتیان کردبوو، ئەم رۆمانەی ئەویش، چیرۆکی ڤیان و ژیانی کیژۆڵەیەکی ئاکنجی هەمان گەڕەکی مەینەتبار دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکە کە بەگوێرەی رێبازی ناتورالیزم نووسراوە سەر رێژە لە وەسفی وردی ژیانی خەمناکی کرێکارێك، هەژاری و سەختی و نەخۆشییە بەدەنی و روحییەکان. ئەم رۆمانە کە پەردەی لە رووی گەندەڵی و بێدادی کۆمەڵگەی محافەزەکاری ئینگلستان هەڵدەدایەوە، لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا هەرایەکی نایەوە، چونکە لەگەڵ داب و نەریتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو رۆژگارەدا ناساز بوو، رۆمانی دووەمی موام: خانم کرادوك (1902)، سەروکاری دەگەڵ مەسەلە سێکسییەکاندایە و لە ریزی پێشەوەی ئەو نووسەرانەیە کە بە پێچەوانەی داب و نەریتی ئینگلیزان، بێ پەروا مامەڵەی لەگەڵ مەسەلە سێکسییەکاندا کردووە، جادوگەر (1908)، سێیەم رۆمانی موام بە دەوری تەوەری ژیانی ئالیسترکراولی (1875– 1947)، ی شاعیرو نووسەری ئینگلیزی و کتێبەکانی لە مەیدانی جادوو و نهێنی غەیبیدا، دەسوڕێتەوە، باشترین رۆمانی موام، ئەسارەتی بەشەری (1915)یە کە بەشی یەکەمی کەم دابێژێك ژیاننامەی خودی خۆیەتی، قارەمانی چیرۆکەکە ناوی فیلیپ کرییە، و لاوێکی هەتیوی شەلە، هەستیارو بەهرەیە کە لە ماڵی پورو مامە دڵڕەقەکەی خۆی گەورە دەبێت، و نووسەر هەوڵی لاوەکە لە رای خویبوون، پەرەسەندنی فیکری، و ئارەزووی بە هونەرمەند بوونی وەسف دەکات.

هەیڤ و شەش پینس (1919)، رۆمانێکە کە بە ئیلهامی ژیانی پول گۆگان (1848– 1903)ی شێوەکاری فەرەنسی نووسراوە، رۆمانێکی مەنشووری دیکەی موام، دەمی کێرد (1944)ـە، سەربوری پیاوێکی دنیا پەرستە کە دەچێتە سەر ئاینی هیندویزم، ئەشندەن، یا ماموری بەریتانیا (1929)، رۆمانێکە لەسەر ئەزموونەکانی نووسەر کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وەکو خەفیە بۆ روسیا رۆییشت، ئەم رۆمانە لە ریزی پێشەوەی ئەو چیرۆکانەیە کە دەربارەی ماموریەتی نهێنی و جاسوسی نووسراون، لە رۆمانەکانی دیکەی موام: تەنگانە (1932)و شانۆ (1937)، شایستەی خوێندنەوەن.

موام لە ساڵی 1904ـەوە دەستی بە گەڕان و سیاحەت کردو کەوتە گەشت و گوزار بە ئەوروپاو ئەمریکادا، پاشان چوو بۆ رۆژهەڵاتی دووریش و سەفەری چین و ئەندونیسیاو مالیزی کرد، ئەم سەفەرانە بوونە ئیلهامبەخشی ئەو لە نووسین و داهێنانی چیرۆکانێکدا کە رووداوەکانیان لە ولاتانی رۆژهەڵاتی یا ولاتانی رۆژئاواییدا روو دەدەن، ئەم چیرۆکانە لە راستیدا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەن دەربارەی ژن و ژنخوازی و تێکەڵاوبوونی نەژادانی جیاواز، جیاوازی چینایەتی، و کاریگەریی ئاووهەوا، لەسەر سپی پێستان، لە نێو ئەم کورتە چیرۆکانە: "خانم تومپسون"و "درەختی کازوارینا" ناوبانگێکی پایەداریان دەرکردووە. بایەخی ئەم چیرۆکانە پتر لە شێوەو تەکنیکدایە.

موام وەکو شانۆنامەنووسیش سیمایەکی پرشنگدارە، لە نێو شانۆنامە تەنزئامێز، نائومێدانە، و تەواو مەردمییەکانیدا: بازنە (1921)و لەمەچێتران (1923) دڵگیرو جوانن.

بەرهەمێکی گەورەی دیکەی موام: گەورە رۆماننووسان و رۆمانەکانیان (1955)ـە، کۆمەڵە بەرهەمێکە دەربارەی دە رۆمانی گەورە.

<u>گیلبرت کیت چیسترتن (1874– 1936):</u>

رۆماننووس، رۆژنامەنووس، گوتارنووس، شاعیر، و رەخنەگری پڕ بەرهەم، لە لەندەن هاتە دنیاوە، لە قوتابخانەی سنت پل و کینگز کولیج دەرسی خوێندووە. ماوەیەکی کورتیش دەورەی فێربوونی هونەری بینی و پاشان هەندێ لە کتێبەکانی خۆی وێنەدار کرد، لە ساڵی 1922دا ئاینی کاتولیکی رومی قەبوڵ کردو چەندین نامەو کتێبانی داکۆکی لەم مەزهەبەو گۆشەنیگا سیاسی و محافەزەکارانەکانی خۆی نووسی.

هەمە جۆری بەرهەمەکانی چیسترتن مایەی سەرسامییە. لە راستیدا لە هەموو مەیدانێکدا قەڵەمی تاوداوە، گوتارەکانی وەك "داکۆکیکار" (1902)، زندوو زیرەکانەن, شیعرەکانی، "لیپانتو– 1911"و "بەیتی کۆشکی سپی– 1915" جوان و تەڕی زەوقن، رۆمانەکانی وەك، ئەو پیاوەی کە پێنج شەمە بوو (1908)، هزرە جدییەکان بە شێوەیەکی خەیاڵیانە وێنە دەگرن، و هەر ئەم رۆمانە حیکایەتێکی تەنزئامێزە دەربارەی ئەنارشیستان، جاسوسان، و خەفێیان، چیسترتن کە نووسەرێکی نەریتگەرا بوو و ستایشی سەردەمی ڤیکتۆریای دەکرد، مێژووی بایەخداری: سەردەمی ڤیکتۆریا لە ئەدەبیات دا (1913) نووسی, لە واری فەلسەفەو مەزهەبیشدا چەند

کتێبێکی شایستەی خوێندنەوەی هەیە کە باشترینیان: سونەتگەرایی (1908) و دنیا چی لێدیَ (1910) یان ناوە، چیسترتن لە واری رەخنەی ئەدەبیشدا چەند بەرهەمێکی دەربارەی براونینگ (1903)، دیکنز (1906) و شۆ (1908) لە دوای خۆی بە جێهێشتووە. سەرباری ئەمەش، زنجیرە رۆمانێکی پۆلیسیشی نووسیوە کە یەکەمینیان: بێ تاوانی بابە براون (1911)ە،

<u>جیمز جویس (1882- 1941):</u>

نووسەری رۆمان‌و کورتە چیرۆك و شاعیری ئیرلەندی، لە دوبلین چاوی بە دنیا هەڵێنا، بابی فەرمانبەری دەوڵەت‌و دایکی ژنێکی دیندار بوو. لە قوتابخانە یەسوعییەکاندا خوێندویەتی، و بە تەواوەتی فێری ئامۆژگارییەکانی کاتولیکەکان‌و چەند زمانێك بوو.

لە ساڵی 1902دا، لە تەمەنی بیست ساڵیدا، دوبلینی بەجێ هێشت‌و باقی تەمەنی بە خوایشتی خۆی لە دوورە وڵاتیدا، لەپاریس‌و رۆم و زوریخ بەسەر برد، وێڕای ئەمەش، ئەو دنیایەی کە لێی هەڵاتبوو، بوو بە ماك‌و مەیدانی بەرهەمەکانی.

جویس هەموو تەمەنی هەر شەیدای مۆسیقا بوو و لە هەموو تەمەنیا هەر ستایشی ئیبسنی کرد. تەنانەت زمانی نەرویجی فێر بوو تا بەرهەمەکانی ئیبسن بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێتەوە. یەکەمین بەرهەمیشی گوتارێك بوو بەناوی "دراما نوێیەکانی ئیبسن" کە لە ساڵی 1900دا لە یەکێك لە گۆڤارەکاندا بڵاوی کردەوە.

تاقە شانۆنامەی جۆیس: دوورخراوەکان (1918) پتر لایەنی ئوتوبیوگرافی هەیە، ئەم شانۆنامە ناتورالیزمییە کە کاریگەریی ئیبسن بەسەر نووسەرەوە نیشاندەدات، غەریبی‌و نامۆیی هونەرمەند سەبارەت بەکۆمەڵگە وێنە دەگرێت.

شۆرەت‌و ئیحتوباری جویس لەسەر پایەی چوار بەرهەمی چیرۆکڤانی ئەو بە ناوانی: دوبلینییەکان (1914)، وێنەی هونەرمەند لە پایەی پیاوێکی گەنجدا (1916)، ئولیس (1922)و بێداری فینیگانەکان (1939) وەستاوە. ئەم چوار کتێبە گۆڕانی ژیان‌و گۆشەنیگای نووسەر لە رۆژانی هەژاری قوتابخانەوە تا کۆتایی قۆناغی دوورە وڵاتی دوورو درێژی ئەو ئاشکرا دەکات، و پێشکەوتنی شێوازی ئەو لە ناتورالیزمی راستەوخۆو روونەوە تا سەمبولیزمی ئاڵۆز بە تەم‌و مژ وێنە دەگرێت.

<u>دوبلینییەکان:</u>

کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکە، کە تا دە ساڵ هیچ وەشانکارێك ئامادەی چاپ کردنی نەبوو، و کاتیَ بڵاوش بووەوە، چونکە ئاماژەی بۆ ناوی راستەقینەی هەندیَ لە دوبلینییەکان تێدا بوو، زۆر بە توندی کەوتە بەر هێرش. جویس لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بە باسی رووداوەکانی منداڵی، گەنجی، و کامڵی، و ژیانی کۆمەڵایەتی دوبلینییەکان، وێنەیەکی ئەو دنیا نەزۆکەی کە لێی یاخی بوو بوو و لێی هەڵاتبوو، گرتووە، لە راستیدا، ئەو لەم کتێبەدا ژیانی نوێنەرانی هاوشاری و هاووڵاتیانی دوبلین، کە لە جیهانێکی نزم‌و پیسدا دەجولێن، دەخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە.

**وێنەی هونەرمەند لە پایەی پیاوێکی گەنجدا:**

**یەکەمین رۆمانی جویسە، و تەقریبەن ژیاننامەی خۆیەتی، نووسەر لەم کتێبەدا رۆژانی منداڵیەتی، قۆناغی خوێندن، لاوی، و سەرەتای ساڵانی کامڵبوونی ستیفن دیدالوس دەگێڕێتەوە. هوشیاری زۆری دیدالوس لە پایەی هونەرمەندێکدا وای لێدەکات تا روو لە حەقارەتو بچووکی و کورت بینی ئەو دنیایەی کە تیای دەژی، و لە پەیوەندییانی خانەوادەیی، لە نەتەوە پەروەری، و مەزەبی کاتولیك وەربگێڕێت. سەرەنجام نووسەریی دەکات بە پیشەو، و لە ئانو ساتی بەجێهێشتنی دوبلین دایە بەرەو پاریس کە رۆمانەکە کۆتایی دێت.**

**ئولیس:**

**شاکاری جویس، گەورەترین ئەزموونی ئەدەبی سەدەی بیستەم، و بە گوتەی تی. ئیس، ئیلیوت گەورەترین بەرهەمی خەیاڵی رۆژگاری مەیە بە زمانی ئینگلیزی، ئەم رۆمانە ئاوێتەیەکە لە ریالیزمو خەیاڵو سەرڕێژە لە وێنەی خەیاڵ ئەنگێزی کۆمەڵایەتی، دەروونی، خەمناکو کۆمێدی، رووداوەکانی چیرۆکەکە لە چوار سەد هەزار وشەدا، تەنیا یەك رۆژی ئاسایی "16ی حوزەیرانی 1904" لە ژیانی سێ قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە: لیوپولدبلوم، مولیی هاوسەری، و ستیفن دیدالوس لە خۆ دەگرێت، مەیدانی رووداوانی چیرۆکەکە دوبلینە، و بابەتەکەی هەڵسوکەوتی بنیادەمێکی رۆژگاری ئەمڕۆیە، لە بەیانییەوە تانیوەشەو: هەستان لە خەو، بەڕێکردنی جەنازە، چوون بۆ نووسینگەی رۆژنامەو کتێبخانەو مەیفرۆشخانە، پیاسەی رەخی دەریا، گەرانێك بە گەڕەکی سۆزانیاندا، و سەرەنجام گەڕانەوە بۆ ناو جێگە، پلۆتی چیرۆکەکە هاوشێوەی ئۆدیسەی هومەرە، لیوپولد بلوم کە جولەکەیەکی چاوچنۆك، خۆپەرست و ترسنۆکە، ئولیسی قارەمانی ئودیسە وەبیر دێنێتەوە، و هەڵس‌وکەوتی یەك رۆژەی ئەو رەمزو نموونەیەکی سەرگەردانی نۆزدە ساڵەی ئولیسە، خانم مولی بلومی هەرزەو شەهوەتپەرست، هەر پنلوپی هاوسەری ئولیسەو ستیفن دیدالوس–ش لە راستیا تلماکۆسی کوڕی ئولیسە.**

**رەخنەگران دەربارەی ئولیس گوتویانە کە بۆ تێگەیشتن لێی بەلای کەمەوە دەبێ لە ئیلاهیاتی کاتولیکی رۆمی، مێژووی بیدعەتەکان، ئەفسانانی ئیرلەندی، مێژووی ئەوروپا، ئەفسانان، ستێران، عیبری، لاتینی، و زمانو زاراوەی کێوەلیو قەرەجان شارەزابی، نێوەڕۆکی بنچینەیی رۆمانەکە، واتە تاراوگە، هەمیشە جویسی بە خۆیەوە مژول دەکرد، دوو قارەمانی سەرەکی رۆمانەکە، ستیفنو بلوم–ش لە ماڵو وڵاتو مەزەبیان دوور خراونەتەوە، ستیفن بە هۆی ئەوەی کە رووی لە دایکی روو لە مردنی، و بە مانایەکی فراوانتر لە ئیرلەندە، وەرگێڕاوە، و بلوم لەبەرە ئەوەی کە چووەتە سەر ئاینی جولەکە، بلوم لەلایەکەوە نموونەی ئینسانیەتە، چونکە لە جسوجۆی هەلومەرجی ئایدیالی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەخلاقی دایە، و حاڵبوکی ستیفن لە دووی بەها مەعنەویو سۆزدارییەکاندایە.**

بێداری فینیگانەکان:

دواین و شۆڕشگێڕانەترین رۆمانی جویسە، پەخشانە شیعرێکە دەربارەی ژیان و دنیای خەون و، لاشعوری فەردی و جەمی. جویس لەم رۆمانەدا هەوڵدەدات تا وێنە سەیرو بێ شێوە زەینییەکانی خۆی بە وشەو رستەی بێ فۆرم و شێوە، و بە زمانی پەرەسەندوو، و دەستکردی خۆی وێنەبگرێت، لە راستیا، زمانی چیرۆکەکە سەرڕێژە لە رەگەزدۆزی، گەمەی جۆراوجۆراو بە وشەو فۆنەتیك و بەکارهێنانی زمانانی بێگانە، و جویس ئاماژەێن ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفی، ناوی کەسان و شوێنانی دوبلینی، زمانی عامیانە، هەندێ دەستەواژەی رۆژنامەکان و گۆرانی و سترانێن بازاڕی، زاراوەێن هونەری و وەرزشی، و ئەو جۆرە شتانە ئاوێتەی یەکدی دەکات و بە کۆمەکی هەمان زمانی ئاڵۆزو هێماو ئاماژە بێ شومارانە، چیرۆکی بنەڕەتی و تارادەیەك بە تەمتومانی کتێبەکە بەسەر لەبەری ئەزمونانی مێژوویی، و سایکۆلۆژی، مەزەبی و هونەری تیرەی بەشەرەوە گرێ دەدات. لەبەر ئەمە، تێگەیشتنی ئەم رۆمانە، کە نووسینی هەڤدە ساڵی (1922– 1939) خایاند، زۆر ئەستەمە. شا قارەمانی چیرۆکەکە ئێرویکەری ناوە، پیاوێکی میانە ساڵە، ئێرلەندییەکی ئەسکەندەنافی نەژادو پروتستان مەزەبە، کە لە دوبلیندا مەیخانەدارە.

جویس، لە رۆماننووسیدا، نووسەرێکی غەریب، خودان بەهرەو بلیمەتێکی سەیر، و داهێنەری بیدعەتانی شۆڕشگێڕانەیە لە رۆماننووسیدا، شێوەی جۆراو جۆری گێڕانەوەی زهنی، هەروەها مەنەلۆگ–ی دەروونی، و شەپۆلی هۆش–ی (لە جووتە رۆمانی ئولیس، و بێداری فینیگانەکاندا) گەیاندە لوتکەی کەماڵ و پوختەیی، شۆرەتی ئەویش تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەم شێوە تەجریبی و نەقلیانە، زمانی بێ وێنەی ئاوێتە لە وشان، رەگەزدۆزی، و تۆڕێك لە هێماو ئاماژەێن ئاڵۆزو ئەو رەمزانەی کە لە ئەفسانان و مێژوو و ئەدەبیاتەوە وەری گرتووە، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ وێنەگرتن و وەسفی وردی ژیانی دوبلینییەکان.

لیهاتوویی نائاسایی ئەو لە وردکردنەوە دەروونی و بەهرەو توانای نوکتەبازی دایە، بەشێوەیەکی گشتی جویس ئاوێتەیەکە لە شاعیرێك و فانتازی نووسێك.

ڤێرجینیا وولف (1882– 1941):

رۆماننووس، رەخنەگر، و گوتارنووسی بەرجەستەو بە زەوق، لە خێزانێك کە بنکەی ئەدەب و زانست بوو چاوی بە دنیا هەڵێنا، لیسلی ستیفنی (1832– 1904)ی بابی، پیاوێکی ئەدیب، و لیونار وولفی (1880– 1969)ی هاوسەری خاوەنی چەند کتێبێکی سیاسی و ئابووری بوو.

ڤێرجینیا وولف خزمایەتی لەگەڵ گەورە ماڵباتانی وەك چارلز داروین، سیموندز، لیتن ستراچی، و جیمز راسل لوول (باپیرەی) هەبوو. ئەندامی ئەنجوومەنی نووسەران، هونەرمەندان، و فەیلەسوفانی ناسراو بە گروپی بلومز بوری–ش بوو، کە ناودارانی وەك لیتن ستراچی، ئیدوارد مورگان فۆرستەر، روجەر فری (1866– 1934)ی رەخنەگری هونەری و نیگارکێشی ئینگلیز، و برتراند راسلی لە خۆ دەگرت.

ڕۆمانەکانی وولّف بە نموونەی بەرزی شێوەی مەنەلۆگی دەروونیو شەپۆلی هۆش لە چیرۆکنووسیدا دەژمێردرێن، دوو ڕۆمانی هەوەڵی ئەو: سەفەری دوور (1915)و شەوو ڕۆژ (1919) تا ڕادەیەك تەقلیدیو واقیعین. ژوورەکەی جاکوب (1922)، سەرەتای زنجیرە ڕۆمانە ڕەسەنو پرشنگدارەکانی وولّف بوو. ڕۆمانێکی دیکەی ئەم زنجیرەیە، خانم دا لووەی (1925)یە، ڕووداوەکانی یەك ڕۆژی ئاسایی ژیانی ژنێکی ئینگلیز وێنەدەگرێت. بەرەو فانۆسی دەریایی (1927)، کە باشترین ڕۆمانی ئەوە، بە شێوەیەکی شەپۆلی هۆشو سەمبولیك، لە چوارچێوەی کورتە سکێچێکدا، بەڵام لە پانتایی هاماجو سۆزێکی دەولەمەندا، ئەندێشەو ژیانی سات بە ساتی قارەمانانی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە. وولف لەم شاکارەدا، هەم لە مەیدانی سوود وەرگرتن لە زەمانو هەم لە بونیادی دوو ئاستی گێڕانەوەی پەخشانی و ڕەمزییەتی شیعریدا، دەستی داوەتە ئەزموونێکی گەورە. بەرەو فانۆسی دەریایی کە زیاتر پەخشانە شیعرە تا ڕۆمانیکی ئاسایی بێ، لە ڕاستیدا شرۆڤەیەکە دەربارەی زەمانو مردنو دەوامی هونەر، ئورلاندو (1928) ڕۆمانێکی جیاوازی دیکەی وولفە، ژیاننامەی خەیاڵی شاعیرێکە بە هەمان ناو، کە نووسەر تیایدا بەدیدێکی تەنزئامێزەوە مێژووی کۆمەڵایەتی سەردەمی ئەم شاعیرە شیدەکاتەوە، شەپۆلان (1931) نموونەیەکی باشی شیکردنەوەی جەرەیانو ڕەوتی هزرە لە بری جەرەیانو ڕەوتی واقیع, وولف لەم ڕۆمانە یەجگار ڕەسەنو شاعیرانەیەدا، هەمدیس بەشێوەی شەپۆلی هۆشو مەنەلۆگی دەروونی، خوو خدەو ژیانو پەیوەندییانی شەش کەسایەتی وەسف دەکات. ساڵان (1937)، ڕۆمانێکی تەقلیدی تری وولفە، واریقاتی ماڵباتێکی ئینگلیزە لە ساڵی 1880ــەوە تا زەمانی دانانی کتێبەکە. دوا ڕۆمانی وولّف بەناوی نێوان پەردەکان (1941) نمایشێکە لە مێژووی ئینگلستان و کاریگەریی بەسەر بینەرانەوە.

وولّف هەندێ کورتە چیرۆکی دڵگیریشی لە پاش بەجێ ماوە، کە باشترینیان لە کۆمەڵێکدا بەناوی دوو شەممە یان سێ شەممە(1921) کۆکراوەتەوە. وولّف نووسەری هەندێ گوتارانیشە لەواری ڕەخنەی ئەدەبیو بابەتانی دیکە.

"مستەر بنتو خانم براون- 1924)، وتارێکی ڕەخنەییە دەربارەی سێ ڕۆماننووسی ناتۆرالیست (ئارنولد بنت، گالزورتی, و ویلز)، و "ژوورێك بۆ خۆ- 1929" گوتارێکی دیکەیە دەربارەی وەزعی ژنانو گیروگرفتی ژنێکی هونەرمەند.

وولّف باوەڕی وابوو کە ئەرکی ڕۆماننووسە کە بە ڕەهاکردنی ئەوەی سەبارەت بە "ئاگایی" بێگانەیە خودی ژیان تۆمار بکات. ئەو بە خۆی لە ڕۆماننووسیدا ئەزموونگەرو داهێنەرەو لە بەکار هێنانی شێوەی مەنەلۆگی دەروونیو شەپۆلی هۆشدا زۆر لێهاتوو و کارامەیە.

ڕۆمانەکانیشی بە چۆنیەتی شاعیرانەو ڕەمزیانە، ناسکیو هەستیاریی شێوە دەربڕینی شیکاری و سایکولۆجی، و تیمەی مێژوویيو ئەدەبی بەناوبانگن، مەیدانی گەلەك لەم ڕۆمانانە لەندەنە کە تەمەنی نووسەر لەوێندەر بوری، و سەرەنجام، لە هەمان شاردا خۆی لە ڕوباردا خنکاند.

<u>ئیدوارد مورگان فورستەر (1879- 1970):</u>

نووسەری رۆمان، کورتە چیرۆك و گوتار بوو، پاش تەواو کردنی خوێندنی قوتابخانەیی، لە ساڵی 1897دا چووە کینگز کولیجی کەمبریج، تەمەنێك لەگەڵیا مایەوە, فورستەر لە کەمبریج و لەندەن ئولفەتێکی بە گروپی بلومز بورییەوە گرت، سەفەری ئەوروپاو هندیشی کرد، و ماوەیەکی لە ئەسکەندەریە گوزەراند.

یەکەمین رۆمانی فۆرستەر، ئەو شوێنەی کە فریشتەکان لە هەنگاونان دەترسن (1905)ـە، مەیدانی سەرەکی ئەم رۆمانە ئیتاڵیایە، و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە کاریگەریی کەلتووری زۆر جیاوازی ئەو وڵاتە لەسەر کەسایەتی بەریتانیاییەکان، ژوورێك بە دیمەنێکەوە (1908) رۆمانێکی تری فورستەرە، ئەمیش لە ئیتاڵیادا روو دەدات، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە کاریگەریی داب و نەریت و کرداری ئیتاڵیاییەکان بەسەر ئینگلیزانی چینی بۆرژواوە، درێژترین سەفەر (1907)، سێیەمین رۆمانی فۆرستەرە، بەدەوری تەوەری ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتی خوێندکارانی کەمبریج دا دەسووڕێتەوە. گوزەرێك بە هندا (1924) شاکاری فۆرستەرە، رۆمانێکی تەنزئامێزە کە هەندێ لە خەڵکی توێژی بۆرژوای ئینگلیز لە نێو بێگانانی رۆژهەڵاتی دووردا وێنە دەگرێت، بە گوتەیەکی وردتر، ئەم رۆمانە گەورەیە جۆرە هەڵسەنگاندنێکی گیروگرفتی پەیوەندییە نەژدای و هەروەها خویندنەوەی پێش داوەری و بێدادییەکانی حکومەتی ئینگلستانە لە هندی ئیمپریالیزم زەدەدا، هاوەردزئێند (1910)، دوایین رۆمانی فۆرستەرە، یادئاوەری ئەو ماڵە دێهاتییەیە کە منداڵی نووسەر لەوێندەر بەسەر چووە.

فۆرستەر جگە لە پێنج رۆمان، چەندین بەرهەمی دیکەشی بڵاوکردەوە، کە بریتیین لە: کۆ کورتە چیرۆکێك بەناوی ساتی هەمیشەیی (1928) کۆمەڵێك گوتاری ئەدەبی و کۆمەڵناسی لە ژێر سەر ناڤی دوو هورا بۆ دیموکراسی (1951)و کتێبی پایەکانی رۆمان (1927) کە کۆی وتارەکانیەتی لە کەمبریج، فورستەر لەم کتێبەدا باسی هەوت پایە یان لایەنی رۆمان دەکات، واتە: چیرۆك، قارەمان، پلۆت، فانتازیا، دووربینی، نموونە، و تۆن، و داکۆکی لە رۆمان وەکو فۆرم و قاڵبی چیرۆکی پەخشان، دەکات.

رۆمانەکانی فۆرستەر بە گشتی لە رووی فۆرم و قاڵبەوە محافەزەکارانەن و بەپێی پێوەرو پێوانەی چیرۆکێن ئەخلاقی ئینگلیزی نووسران، لەم رۆمانانەدا، نووسەر بە تەوس و توانجێکی هێدییەوە عەیب و عارە ئەخلاقی و سۆزدارییەکانی ئینگلیزاانی چینی بۆرژوا ئاشکرا دەکات.

## دەیڤید هیربرت لورانس (1885– 1930):

رۆماننووس، نووسەری کورتە چیرۆکان، و گوتارنووس بوو، لە ناتینگهام، ویلایەتی باکووری ئینگلستان، هاتە دنیاوە، بابی کرێکاری کانە زوخاڵی بەردو بنیادەمێکی مەیخۆر بوو، لورانس لەزاگەی خۆی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردو کەوتە کاری مامۆستایەتی دوای سێ ساڵ، لە حاڵێکا کە نەخۆشی سیل ئازاری دەدا، چووە کۆلیجی پەروەردەو فێرکردنی زانستگەی ناتینگهام، بەڵام نەخۆشی و دەستکورتی نەیانهێشت درێژە بە خوێندن بدات، لورانس هەمدیس رووی کردەوە دەرسگوتنەوە لە قوتابخانەدا، لەم حاڵ و بارەدا، یەکەمین

هۆزانی خۆی له یەکێك له گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆمانیدا: تاوسی سپی (1911) بۆ هەمیشە دەستی لە دەرسگوتنەوە کێشایەوە تا نووسەریی بکات بە پیشە.

لورانس بە رۆمانی کوڕان و دڵدارەکان (1913) کە کەم دابێژێك ژیاننامەی خۆیەتی، ناوی کەوتە سەر زاران، ئەم رۆمانە پڕسۆزە کە لە باری وێنەگرتنی ژیانی مەعدەنچیانی ئینگلیزی، کاراکتەرسازی زندوو جوان، و وەسفی شاعیرانەی سروشت–ەوە، لە ریزی باشترین بەرهەمی نووسەردایە، دەنگێکی زۆری دایەوەو هەراو هوریایەکی فرەی نایەوە، و رەخنەگران زۆر بە توندی هێرشیان کردە سەر سەراحەت و راشکاوی لۆرانس لە باسی مەسەلە سێکسییەکاندا رۆمانی دواتری لۆرانس: کۆڵکە زێڕینە (1915) دەربارەی ژیانی سۆزداری و ڤیانی سێ وەچەی ماڵباتێکی وەرزێرو پیشەوەری ئینگلیزی بوو، کە ئەمیش هەرایەکی نایەوە، دادگا ئەم کتێبەی بە تۆمەتی پەردەدڕی لە مەسەلە سێکسییە نەشیاوەکان لەگەڵ پاکی کۆمەڵگەدا ناساندو رای گرت، لەم حاڵ و بارەدا، لۆرانس رۆمانی ژنانی ئاشقی نووسی، بەڵام تا ساڵی 1920 هیچ وەشانکارێکی بۆ بڵاوکردنەوەی دەست نەکەوت. لەم کتێبەشدا قوڵایی پەیوەندییە سێکسییەکان بە ناسکی و حەساسییەتیکەوە کە لە بەرهەمێن چیرۆکڤانی دا کەمە، شیدەکاتەوە. رۆمانە بەناوبانگەکەی لۆرانس: فاسقەکەی چترلی خانم (1928)ش لەبەر زمانە راشکاوو بێ پەردەکەی و وەسفی وردەکارییەکانی ئەشقبازی راگیرا، چیرۆکەکە دەربارەی ژنێکە، کە مێردێکی ئەرستۆکراتی ئیفلیجی هەیە، ئەم ژنە لەگەڵ پاسەوانی راوگەیەکدا کە ئاشقی ئەوە دەڕەڤێ.

لۆرانس لە نووسینی کورتە چیرۆکیشدا دەستێکی باڵای هەبوو. دڵگیرترین نموونەی کورتە چیرۆکەکانی "ئەفسەری پروسی– 1914"یە، ئەوە دەسەلمێنێ کە لۆرانس لە نواندنی نەفرەت و بێزاریش دا توانایەکی سەیری هەیە. لە نێو کورتە چیرۆکەکانی دیکەدا "خۆر"، "رێوی"، "ئەو ژنەی کەڕەڤی"و "ئەو پیاوەی ئاشقی دوڕگەکان بوو"، باش دەرکەوتوون.

یەکەمین بەرهەمی لورانس هۆزانەکانی بوو کە بە پێی رێبازی ئیماجیزم دانرا بوون. باشترین ئەم هۆزانانە لە قاڵبی شیعری ئازادو دەربارەی سروشتی ناوەوەی گیانلەبەران و گیایانە. جوانترین هۆزانێن لۆرانس لە کۆمەڵەیەکدایە ناوی: باڵندان، گیانلەبەران و گوڵان (1923) کۆکراوەتەوە.

ژیانی لۆرانس لە سەفەری بەردەوام دا بوری و لە ئاسودەیی و ئارامی بەدوور بوو. بە تایبەتی لە دەیەی کۆتایی تەمەنیدا، بە هێڤی رەڤین لە شارستانیەت، لە ئیتاڵیا، سیسیل, ئاڵمان، ساردنی، سیلان، ئوستڕالیا، مەکسیك و باشووری فەرەنسادا سەرگەردان بوو، نەخۆشی سیلش رۆژ بە رۆژ کەسیرەتری دەکرد. کۆمەڵگەی محافەزەکاری ئینگلستانیش بەرهەمەکانیان پەسند نەدەکردو لۆرانس بوو بوو بە نیشانەی توندترین رەخنە و ئیرادان، سەرباری ئەمەش، لەگەڵ هاوسەرە ئەڵمانیەکەیدا ناکۆك بوو و هەمیشە کاریان دەگەییە قەرقەشە و کێشە، بێ پارەیی و گوشاری ئابووریش سەرباری ئەم هەموو دەردو رەنجە بوو، و لۆرانس هەرگیز نەیتوانی لە ژێر باری قەرزاندا پشت راست بکاتەوە.

بیرە واقیعییەکانی لۆرانس دەربارەی پەیوەندییە سێکسییەکان، کە رۆژگارێك مایەی ریسوایی بوو، ئەمڕۆکە مایەی ناوبانگیەتی، ئەو نووسەرە کە لە زەمانی خۆیدا وەکو پۆخڵەوات نووس

سەرزەنشت دەکرا، ئەمڕۆ وەکو نیمچە شاعیرو نیمچە پەیامبەر ستایش دەکرێت. لە راستیشا یەکێکە لە هۆشیارترین و هەستیارترین نووسەرانی سەدەی بیستەمو یەکێکە لە گەورەترین رۆماننووسانی ئینگلیزی. لۆرانس لە رێگەی هەستەکانو دەرکی شهودی خۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ هەموو دیاردەکانی ژیاندا پەیدا دەکات. لە رۆمانەکانی دا لەجیاتی مامەڵە کردن لەگەڵ سیماو رووداوە ئاساییەکاندا، لەگەڵ کێشمانەکێشە تاریكو روونەکانی جیهانی دەروونو نائاگاییدا سەروکار پەیدا دەکات، و کە بە ئاشکرا دەبینێ کۆمەڵگە بە خێرایی بەرەو مسیبەت دەڕوات، دەکەوێتە تاقیبی چارە، بە کورتیەکەی، بەرهەمەکانی لۆرانس کە لە باری قەوارەو هەمە جۆرییەوە زۆر بەربڵاون، لە باری پڕ هەستی، دیتنی سایکۆلۆجی، نیشاندانی وێنەی زندووی رووداوو شوێن و دیاردە سروشتییەکانەوە، لە ریزی جوانترین و پەسندترین بەرهەمی ئەدەبی جیهاندان.

<u>**ئالدوس هاکسلی** (1894– 1963):</u>

رۆماننووس، وتارنووسو تەنز نووسی بەرجەستە لە ساری (لە باشووری ئینگلستان) هاتە دنیاوە, ئالدوس برای جیلین هاکسلی (1887– 1975)ی ژیناسی گەورە، و لە باوکەوە نەوەو نەتیرەوی توماس هنری هاکسلی (1825– 1895)ی ژیناسی بەناوبانگ، و لە دایکەوە نەوەی ماتیوئارنولد بوو، و لە راستیا میراتگری ئەدەبیاتو زانستێن سەردەمی ڤیکتۆریا بوو. لە پاڵ ئەم ئیمتیازاتانەدا، دەبێ ئامازە بۆ خوێندنی هاکسلی لە ئیتن و ئۆکسفۆرد بکرێت . ماوەیەکیش دەرسی پزیشکی خوێند، لێ نەخۆشی چاو بینایی خستە خەتەرەوەو ناچار دەستی لە خوێندن هەڵگرت، لەم حاڵو بارەدا رووی کردە عیرفانو فەلسەفەی هندی.

یەکەم کتێبی هاکسلی دیوانە شیعرەکەی، چەرخی سوتێنەر (1916) بوو، بەڵام زۆر زوو وەکو نووسەری چیرۆکان دەربارەی نائومێدی و شکستەکانی ساڵانی دوای جەنگ ئیحتوباری پەیدا کرد. رۆمانانی زەردی کرومی (1921)، گیای کۆنینە (1923)، و ئەم گەڵا بێ بەرانە (1925) کۆمەڵێك تەنزی بێ شێوەو نا ئومێدانەن دەربارەی کۆمەڵگەی دەیەی 1920و رۆشنبیرانی فیشاڵبازی ئەم قۆناغە. هەمان ناوەڕۆك لە رۆمانی تەنز ئامێزی: ئاوازە هاوسازەکان (1928)دا بەردەوام دەبێت. لەم رۆمانەدا کە وێنەیەکی تەوس ئامێزە لەمەڕ رۆشنبیرانو خەڵکی چینی باڵای ئینگلستان لە دەیەی بیستدا، ئاماژەی پەیتا پەیتا بۆ ئەدەبیات، نیگارکێشی، مۆسیقا، و سیاسەتی زەمانە دەکرێت. لە باشترین رۆمانی هاکسلیدا: دنیای جوانی نوێ (1932)، یوتوپیاکانی "کۆمۆنیزمی زانستی" تەوسو گاڵتەی پێدەکرێت، هاکسلی لەم رۆمانە تەنزئامێزەدا کە رووداوەکانی لە یوتوپیای ئایندەدا لە ساڵی 632پ.ف (632 ساڵ پاش فرۆید) روو دەدەن، وێنەیەکی شومو ترسناك دەربارەی دنیای داهێنراوی پێشکەوتنە زانستیو کۆمەڵایەتیەکان وێنە دەگرێت، و مەترسییەکانی پێشکەوتنی زانستو دەستکەوتەکانی (ئەو منداڵانەی لە ئەنکوباتوردا بەرهەم دێن) زانستانە باس دەکرێت، پەخشانی کتێبەکە ئاڵۆزو پڕە لە زاراوەو چەمکی زانستی.

رۆمانەکانی دەیەی 1930ی هاکسلی گەواهی سەرەتای دڵبەندی ئەون بە خوێندنەوەی زانستە پەنهانەکان‌و نهێنییەکانی جیهانی غەیب، لە راستیدا هاکسلی تەنزپەروەر لە رۆمانانی وەك: نابینا لە غەزەدا (1936)، پاش چەندین هاوین قو دەمرێت (1939) و زەمان دەبێ بوەستێت (1944) وەکو نووسەرێکی عارف دەردەکەوێ.

هەر چەندە هاکسلی وەکو رۆماننووس ناوبانگی دەرکردووە، کورتە چیرۆك‌و گوتارە رەخنەیی و فەلسەفیەکانیشی بەڵگەی فراوانبینی، تەبیعەتی کنەکارانەو خەیاڵی بەهێزی زانستانەی ئەوە، باشترین کورتە چیرۆکەکانی لە دوو کۆمەڵەدا بە ناوی ئارشمیدسی گەنج (1924)و مۆمانی کەم تەمەن (1930)دا کۆکراونەتەوە. لە نێو گرنگترین گوتارەکانی هاکسلی دا دەکرێ ناوی: "مۆسیقا لە شەوا- 1931"و "ئەوبەری کەنداوی مەکسیك- 1934" ببرێت، لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ چل‌و پێنجەمین و دوا کتێبی ئەو: ئەدەبیات‌و زانست، (1963) بکرێت کە زادەی دڵبەندی نووسەرە بە هەردوو زاراوەکەوە (ئەدەبیات‌و زانست).

<u>جۆرج ئورویل</u> (1903- 1950):

ناوی خوازراوی ئێریل بلێر-ە. رۆماننووس، گوتارنووس، و رەخنەگرێکی سوسیالیست‌و ئازادهزر بوو، لە ئیتن خوێندی، و ساڵانی 1922- 1928ی لە خزمەتی پۆلیسی برمەدا گوزەراند، پاشان دوو ساڵێك لە پاریس، و ئەوسا لە لەندەن، سەرگەردان‌و ماڵ بە کۆڵ ژیا، ئورویل لە جەنگی ناوخۆی ئەسپانیا دا چوو بۆ ئەو وڵاتەو لە ریزی کۆماریخوازاندا کەوتە شەڕ، هەوەڵین بەرهەمەکانی ئورویل زیاتر لێکۆڵینەوەن دەربارەی کەلتورو ژیانی چینی کرێکار، لە رۆمانی هەورازو نشێوان لە پاریس و لەندەن (1933)دا ساڵانی دەستکورتی‌و ئاوارەیی خۆی وێنە دەگرێت، لە رۆژانی بورمەدا (1934)، کە قۆناغی هاوکاری خۆیەتی لەگەڵ پۆلیسی بورمەدا، هێرشی توند دەکاتە سەر ئیمپریالیزمی بەریتانیا، سڵاو لە کاتالونیا (1938)، رۆمانێکی دیکەی ئورویل-ە نا ئومێدی خۆی لە جەنگی ناوخۆیی ئەسپانیا دەگێڕێتەوە، و نیفاق‌و ریای ناوخۆی نێوان کۆماریخوازان و هاوپەیمانانی کۆمۆنیست، و هەروەها نێرەنگ‌و فێڵ‌و دەهۆی کۆمۆنیستەکان‌و نا دروستی رۆشنبیران دەخاتە روو و ئاشکرا دەکات.

دوا رۆمان و بەناوبانگترین رۆمانی ئۆرویل، مەزرای گیانلەبەران (1945) و 1948 (1949)ـە کە بە تەوس و توانجێکی توندەوە دەکەوێتە لێدانی کۆمۆنیزم، لەمەزرای گیانلەبەراندا، کۆمەڵە گیانلەرێك کە لە کۆیلایەتی بۆ ئاغاو خاوەن (بنیادەم) بێ تاقەت بوون، شۆڕش دەکەن، و مەزرایەکی ئایدیالی لە ئاقاری کۆمۆنیزمدا دادەمەزرێنن، بەڵام دوای دوو ساڵ لە ژێر فەرمانڕەوایی ئاغایانی تازەدا، واتە بەرازان، وەزع و حاڵیان لە جاران خراتر دەبێ، دروشمی سەرەکی فەرمانڕەوایان (بەرازەکان) ئەمەیە: "هەموو گیانلەبەران یەکسانن، بەڵام هەندێ لە گیانلەبەرەکان یەکسانترن"، بە هەر حاڵ مەزرای گیانلەبەران هەجویەکە دەربارەی پێشکەوتنی شۆڕشی روسیا لە سایەی رابەرایەتی ستالیندا.

1984 که دوا رۆمانی ئۆرویله، چیرۆکی پیاوو ژنێکه که دژی سیستەمی حکومەتێکی دکتاتۆرو توتالیتاری یاخی دەبن. مەیدانی چیرۆکەکە کۆمەڵگەیەکە لە جیهانی ئایندەدا، و ئۆرویل گوتەنی که پێشقەرەولانی چەپ و راست حوکمی دەکەن، لەم کۆمەڵگە ترسناکەدا شوێنێك بۆ حەقیقەت نییە، راستییە مێژوویییەکان لەبەین چوون و بانگەشە شوێنی زانیاری گرتووەتەوە، هزرین و ئاشقێنی سزایان لەسەرە، و تەنیایی و خەڵوەتیش بێ مانایە، حوکمڕانی کۆمەڵگە پیاوێکی بەهێزە کە بە برا گەورە ناو دەبرێ، و وئیعلانیان بە دەرکەو دیواراندا داوە کە "برا گەورە برای ئێوەیە". لە راستیدا، مەبەست لە برا گەورە ستالینە، و تەنزەکە ئاراستەی روسیایە.

**گراهام گرین** (1904– 1991):

نووسەری رۆمان، کورتە چیرۆك، و شانۆنامە، لە قوتابخانەی بریکامستد، کە بابی بەڕێوەبەری بوو، خوێندویەتی، و پاشان چووە زانستگەی ئۆکسفۆردو دیوانە شیعرێکی بڵاوکردەوە، پاش تەرك کردنی ئۆکسفۆرد سێ ساڵێك لە رۆژنامەی تایمز وەکو یاریدەدەری سەرنووسەر کاری کرد، لەم قۆناغەدا، چەند رۆمانێکی نووسی کە چوارەمینیان قیتاری ئەستامبول، ناوی خستە سەرزاران، گرین لەم ماوەیەدا بەرەو رۆژئاوای ئەفریقا چوو و سەردانی لیبیریای کرد (1935)، ماجەرای ئەم گەشت و گەڕانەی لە کتێبی سەفەر بەبێ نەخشە (1936)دا باسکراوە، سەفەری دواتری گرین بۆ مەکسیك بوو. گرین کە لە ساڵی 1926 چوو بووە سەر ئاینی کاتولیکی رۆم، لە ساڵی 1938دا لەلایەن کڵێسای کاتولیکی رۆمەوە کرا بەبەرپرسی لێکۆڵینەوەی ئازارو ئەشکەنجەی مەزەبی لەمەکسیك، بە ناوبانگترین رۆمانی گرین (کە لەوەیە یەك لە گەورە رۆمانانی سەدە بێ)، قودرەت و جەلال (1940)ـە، کە دەست و دیاری ئەم سەفەرە بوو، چیرۆکەکە لە ئەمریکای باشووردا لە وڵاتێکا بە خەڵکانی خراپ، خەمین، چڵکن، و نائومێدەوە روو دەدات، لە راستیدا لە دۆزەخی سەر زەویدا روو دەدات. قارەمانی چیرۆکەکەش کەشیشێکی بەرەڵڵای هەمیشە مەستە، کە دەڵێت "بەهەشت ئێرەیە" و رەنج و ئازاریش پێشەکی بەهەشتەو بەشێکە لەو. لە رووی چەوسانەوەو ئازارو ئەشکەنجەی سیاسیدا دەوەستێ و ئاقیبەت مەسیح ئاسا دەمرێت.

گرین لە ساڵی 1941دا دیسان بۆ رۆژئاوای ئەفریقا رۆیی و ماوەی سێ ساڵان لە سیێرالیون ماموری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەی بوو. یەکێك لە باشترین رۆمانەکانی ئەوو یەك لە گەورەترین رۆمانانی پاش جەنگ، جەوهەری قسە (1948)، یادگاری ئەم سێ ساڵەیە. ماجەرای رۆمانەکە لە رۆژئاوای ئەفریقا روو دەدات، و قارەمانی چیرۆکەکە پیاوێکی ئینلگیزی کاتولیکە کە لە نێوان ڤیانی کیژێکی گەنج و ئەرکیا لە هەنبەر هاوسەرو مەزەبدا گرفتارو گیرۆدە بووە.

رۆمانەکانی گرین ئاوێتەیە کە لە خوێندنەوەی دەروونی، بەسەرهاتی وروژێنەر، بابەتی ئەخلاقی، و حیکمەتی ئیلاهی، و قارەمانانی رۆمانەکان گیرۆدەی قەرقەشەو ململانێی نێوان هەق و ناهەقن، لە نێو ئەم رۆمانانەدا، کەڤری برایتن (1938) رەگەزێن چیرۆکی پۆلیسی تیایە. وەزارەتی ترس (1943)و کۆتایی پەیوەندییەك (1951) لە لەندەنی قۆناغی جەنگدا روو دەدەن،

کاژە هەورێکی دڵەڕاوکێ ئاسمانی تەنیون، هەندێ لە رۆمانەکانی گرین تەنیا مایەی سەرگەرمی خوێنەرن، بەڵام ئەم رۆمانانەش تەژی هەستی گوناحن، پیاوی سێیەم (1950)، کە کراوە بە فیلمش، لە جوملەی ئەم رۆمانانەیە، مەیدانی هەندێ لە رۆمانەکانی گرین وڵاتانێکە کە ماوەیەك لەوە دوا بوون بە خاڵی قەیرانی جیهانی: ئەمریکایی هێمن (1955) دیمەنەکەی ڤێتنامی سەردەمی جەنگی ساردە، مامورەکان لە هاڤانا (1958) بەسەرهاتێکی جاسوسییە کە لە کوبا روو دەدات.

گرین جگە لە سی رۆمان، سەفەرنامە، کتێبی منالان، و کۆمەڵە گوتار، چیرۆك و شانۆنامانیشی نووسیوە، کە ناوەڕۆکی ئەوانیش وەکو رۆمانەکانی ترس، خەم، خشونەت، و گەڕانی بنیادەمە لە رزگاری، کورتە چیرۆکەکانی لە کۆمەڵێکدا بە ناوی بیست و یەك چیرۆك (1954) کۆکراونەتەوە. لە شانۆنامەکانیشی، ژووری نیشتمان (1953)، لە رووی ناوەرۆکی تراجیدیو باسی تێوریییە بونیادییەکانی ئاینی کاتولیکەوە, بە خاڵی وەرچەرخان لە درامای دەیەی 1950ی بەریتانیا دەژمێردرێ.

## رۆماننووسانی دیکە

باسی ژیانو بەرهەمی هەموو رۆماننووسانی سەدەی بیستەم کارێکی گەلەك ئەستەمە، کە لەم کتێبەدا جێی نابێتەوە، بەڵام زۆرن ئەو چیرۆکنووسانەی کە ناوو ناوبانگێکیان پەیدا کردووەو ناتوانرێ بەبێ ئاماژەیەك بە سەریاندا رابوری. لێرەدا دەکەوینە پێناسەیەکی گشتی ژمارەیەك لەوانە:

<u>سێر ئارتور کونان دویل (1859– 1930):</u>

نووسەری رۆمانانی پۆلیسیو خولقێنەری کەسایەتی جاسوسی بەناوبانگ شێرلۆك هۆڵمزە. رۆمانەکانی بە ناوی سەرکێشییەکانی شێرلوك هوڵمز (1891)، بیرەوەرییەکانی شێرلۆك هوڵمز (1893)و دۆڵی ترس (1915) بە دەوری کەسایەتی هوڵمز و ژیانی ئەودا دەسوڕێنەوە. دویل دڵبەندی زانستە غەیبییەکانیش بوو، کتێبی روحگەرایی (1926) بەڵگەو گەواهی دڵبەندی ئەوە بە دنیای غەیبەوە.

<u>ساکی (1870– 1916):</u>

ناوی خوازراوی هیکتور هیومونرۆیە. خەڵکی سکوتلاندەو نووسەری کورتە چیرۆکی کۆمیدی، هەجوئامێز، ترسناكو مەرگ ئامێزە، دوو قارەمانی بەرجەستەو لاوی چیرۆکە کۆمیدی و هەجوو

ئامێزەکانی، رجینالدو کلوڤیس یان ناوە کە بە گاڵتەبازی و شۆخی تۆڵە لە دنیای پیرو گەنج و وشك دەسەنن. زنجیرە کورتە چیرۆکەکانی ساکی لە دوو کۆمەڵەدا بەناوی رجینالد (1904)و رووداونامەکانی کلوڤیس (1912) بڵاوبوونەتەوە. موسیقا لەسەر گرد، و ئیسمە لە چیرۆکە خەمناكو مەرگ ئامێزەکانی ساکی-ن.

## سیرهیو (سیمور) والپول (1884- 1941):

نووسەری فرەکاری ئینگلیزی (لە دایك بوو نوزیلاند) بە رۆمانە مەردمپەسندەکانی بەنێوبانگە، بەڵام کورتە چیرۆکان، رەخنە، گوتارین جۆراوجۆر، سەفەرنامانو هەندێ شانۆنامەشی لە پاش بەجێماون، رۆمانەکانی والپول نێوەرۆکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە، مستەرپرینو مستەرتریل (1911) کە بەناوبانگترین ئەم رۆمانانەن، شیکردنەوەیەکی جوانە دەربارەی نەخۆشانی دەروونی، مەیدانی چیرۆکەکە قوتابخانەیەکی شەوانەو رۆژانەیە، و بابەتەکەی ژیانی دوو مامۆستای زۆر جیان لە یەکدی لە قوتابخانەیەکی ناوچە هەژارنشینەکانی ئینگلستان. ئەسپی دارین (1909)، سەبر (1913)، بێشەی تاریك (1916)، و کاتە درائیە (1922) چەند رۆمانێکی دیکەی ئەم نووسەرەن.

## کاترین مەنسفیلد (1888- 1923):

ناوی خوازراوی کاتلین مەنسفیلد موری-یە. خانمی نووسەری کورتە چیرۆك، لە دایکبووی نیوزیلاندە. بە ناسکی شاعیرانە، شیکردنەوەی دەروونیو هاوخەمی لەگەڵ منداڵانو ژناندا بە ناوبانگە. مەنسفیلد لە چیرۆکەکانیا تەنیا ماوەیەکی کورتی ژیانی قارەمانەکانی وەسف دەکات. لە راستیا چیرۆکەکانی لەسەر بناغەی رووداوێکی بچووك بەڵام گرنگی ئەوتۆ کە سیمای قارەمانی چیرۆکەکە روون دەکاتەوە، رۆنراون.
یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی مەنسفیلد بە ناوی لە پانسیونێکی ئاڵمانیدا (1911) بوو کە دیاریی سەفەری نووسەر بوو بۆ ئاڵمان، سێ کۆمەڵە کورتە چیرۆکی دیکەی مەنسفیلد: شادی: (1920)، گاردن پارتی (1922)و هێلانەی کۆتر (1923) ناویان نەمر کردووە. هەورێکی خەمناك فەزاو هاماجی چیرۆکەکانی مەنسفیلدی تاریك کردووە، کە ئەمە رەنگدانەوەی خەمو نەخۆشی خودی ئەوە.

## جویس کاری (1888- 1957):

ناوی تەواوی: ئارتور جۆیس لنل کاری-یە. رۆماننووسی ئینگلیزی- ئیرلەندی، بەو رۆمانانەی کە دەربارەی ئەفریقا، ئەفریقاییان، گرفتی نەژادی، و ئەرکی حکومەتو یاسان، ناوێکی دەرکرد. لەنێو ئەم زنجیرە رۆمانانەی لەودا، میوانی ئەمریکایی (1933) جادوگەری ئەفریقایی (1936)، توانای خەیاڵی داهێنەری ئەو ئاشکرا دەکەن. رۆمانەکانی دواتری کاری، کە دەوڵەمەندی قارەمانانو کەشو هەوای چیرۆکەکانی دیکنزیان پێوە دیارە، پەیوەندییان بەمێژووی

کۆمەڵایەتی ئینگلستانەوە هەیە. هەیڤە شەو (1946)، شادیی ترسناك (1949)و دیل و ئازاد (1959) گرنگترین رۆمانانی ئەم زنجیرەیەن. زاری ئەسپ (1944) کە دەربارەی هونەرمەندێکە، و ئەسیری لوتف (1952) کە دەربارەی سیاسەتوانێکە، لە رۆمانەکانی دیکەی ئەم نووسەرەن.

<u>ئاگاتا کریستی (1891- 1976):</u>

خانمی نووسەری چیرۆکی پۆلیسی، لەپڕ بەرهەمترین نووسەرانی رۆژگاری ئێمەیە. کریستی پتر لە هەشتا کتێبی نووسیوە، کە هەمیشە لە ریزی کتێبە پڕ فرۆشەکاندا بوون. قارەمانی ئەفرێنراوی زەینی کریستی، هەرکول پوارو، پۆلیسێکی نهێنی بەلچیکییە کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەودا لەگەڵ تاوانکاراندا خەریکە، باشترین و راشکاوانەترین چیرۆکی کریستی: کوشتنی رۆجەر ئاکرۆیدە (1926)کە بە ناودارترین کتێبی ئەویش دەژمێردرێت. کریستی سەرباری چیرۆکێن پۆلیسی و راز ئامێز، هەندێ رۆمانیشی بەناوی خوازراوی ماری ویستماکوت بڵاوکردۆتەوە. ئەسپی رەنگ پەڕیو (1962) چیرۆکێکی نهێنی ئامێزی ناوەڕۆك میتا سروشتییەتی، و گوناهی کەبیرە (1961) کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکییەتی.
کریستی دراماشی نووسیوە کە سەرکەوتووترینیان شایەت بۆ تاقیب کردن (1953)ـە، کە شانۆنامەیەکی مەزەبییە.

<u>ئیڤی کومپتون- بیرنت (1884- 1969):</u>

خانمی رۆماننووس، گێڕەرەوەی بێ رەحمی بەشەرو ئارەزووی دەسەڵات خوازی بەشەرە، لایەنە کۆمەڵایەتییە ترسناك و کۆمیدییەکانی ژیانی خانەوادەیی، لە قاڵبی گفتوگۆدا، بە تەوس و توانجەوە دەگێڕێتەوە. هەموو رۆمانەکانی یەك فۆرم و قاڵبیان هەیە. ماڵە گەورە گوندییەکانی ئینگلستان ساڵانی 1885- 1901 مەیدان و زەمینەی سەرەکی چیرۆکەکانن. بابەتی چیرۆکەکانیش لە سنووری شەڕی دەسەڵات لە نێوان بنیادەمی ستەمکارو ستەملێکراو دەرناچێت، و بە زۆری مەسەلەی کوشتنێك لە ئارادایە، تەنانەت ناونیشانی رۆمانەکانیشی لێکدی دەچن. برایان و خوشکان (1929)، پیاوان و هاوسەران (1931)، تاریکی و رۆژ (1951)، ئێستاو رابردوو (1953)، دایك و فەرزەند (1955)،....

<u>دوروتی سەیرز (1893- 1957):</u>

خانمی، نووسەری چیرۆکێن پۆلیسی و کتێبان لەواری زانستی کەلامی مەسیحی دایە. چیرۆکە پۆلیسییەکانی سەیرز، کە ئەمنی بە ئەدەب و خۆشڕەفتار لورد پیتەر وەیمسی رۆڵی قارەمانەکانیان دەگێڕێت، لە نێو رۆشنبیراندا بازاڕێکی گەرمیان هەبوو، ژەهری بەقوەت (1930)و نۆ خەیات (1934)، بەباشترین ئەم چیرۆکانە دەزانرێن.
سەیرز هەندێ شانۆنامەشی لە دوو بەجێماوە، کە وەکو دراما مەنشورەکەی، ئەو پیاوەی کە بۆ پاشایی لە دایك بوو (1942)، بنەمای مەزەبیان هەیە.

باوەڕ یان بێ سەروبەری (1947) یەکێکە لە کتێبەکانی سەیرز لە مەیدانی زانستی کەلام دا.

**<u>کلیڤا ستەیلێز لیویس</u> (1898- 1963):**

رۆماننوس، رەخنەگری ئەدەبی، و نووسەری گوتاران دەربارەی مەسەلەێن ئەخلاقیو کەلامی مەسیحی، چیرۆکە زانستییە خەیاڵییەکانی لیویس لە راستیدا حیکایەتی مەسیحین دەربارەی خێرو شەڕ. لە دەرێی ئەستێرەی بێدەنگ (1938)و دەسەڵاتی ترسناک (1945) لە رۆمانەکانی ئەم مەیدانەی ئەون. لە بەرهەمەکانی ئەو لەواری ئیلاهیاتو کەلامی مەسیحیدا، مەسەلەی رەنج (1940) خوێنەرانی زۆری هەبووە، لەواری رەخنەی ئەدەبیدا کتێبی حیکایەتی ئەڤین (1936) لە رووی نزیکییەوە لە رۆحو گیانی سەدەکانی ناڤین جوانو شایستەی خوێندنەوەیە.

**<u>سیسیل سکۆت فۆرستەر</u> (1889- 1966):**

رۆماننووسی ئینگلیزی، لە دایکبوونی قاهیرە، دیمەن و مەیدانی گەلەك لە رۆمانەکانی دەریایە، قارەمانی سەرەکی ئەم رۆمانانە، هوراشیو هورن بلاوەرە، بنیادەمێکی بوێرو ئازا بەڵام هەستیارو ناسکە. نووسەر، ژیانی ئەو لە پلە نزمەکانی هێزی دەریاییەوە تا پلەی دەریاسالاری و جەنگ لەگەڵ هێزەکانی ناپلیۆندا دەگێڕێتەوە.

بەناوبانگترین رۆمانانی فۆرستەر کە لەسەر بنەمای کەسایەتی هورن بلاوەر رۆنراون، گەڕانەوەی شاد (1937)و لۆرد هورن بلاوەر-یان ناوە. فورستەر زێدەباری رۆمانێن دەریایی، رۆمانێکی پۆلیسی سەرکەوتووشی نووسیوە، کە لە ژێر سەر ناڤی قیستەکە دواکەوتووە ( 1926) بڵاو بووەتەوە رۆمانێکی رەونەقداری دیکەی ئەو: جەنەڕاڵە (1936) کە چیرۆکێکە دەربارەی جەنگ لە وشکاییدا.

**<u>نڤیل شوت</u> (1899-1960):**

ناوی خوازراوی نڤیل شوت نوروەییە. رۆماننووس، ئەندازیاری هەواییو بەڕێوەبەری کارخانەیەکی فڕۆکەسازی بوو. زۆربەی تەمەنی لە فڕیندا بەسەر بردو لە ساڵی 1930دا دووجار بە فڕۆکە بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسدا رەت بوو، شۆت تێکڕا بیست رۆمانی مەردم پەسندی نووسی کەزۆربەیان لەسەر بناغەی سکێچو پلۆتی هاڕوژێنەر رۆنراون، هەوەڵین بەرهەمەکانی شوت وەك: ئەسارەتی کۆن (1940) چیرۆکێن سەرکێشی بوون، رووداوی رۆمانەکانی دواتری شوت، واتە: شارێکی وەك ئالیس (1950) و لە کەنارا (1957) لە ئوسترالیادا روو دەدەن. ئەم رۆمانەی دوایی چیرۆکێکی زانستییە کە نابوتی دنیا بە هۆی بۆمبای ئەتۆمییەوە وێنەدەگرێت.

**<u>جەیمز هیلتون</u> (1900- 1954):**

هیلتون بەجووتە رۆمانی پڕفرۆشی: ئاسۆی گوم بوو (1933)و خوا حافیز، مستەر چیپس (1934) بەناوبانگە. رۆمانی یەکەم دەربارەی رێبوارێکە کە وڵاتێکی ئەفسانەییو جوان بەنێوی

شانگری- لا دەدۆزێتەوە، ئەم یوتوپیایە کە دیارە لە جەرگەی تبت دایە، وڵاتی لاوی نەمرو خۆشی و ئاشتییە. و رۆمانی دووەم، سەربوری بەڕێوەبەرێکی پیری قوتابخانەیەکە کە خانەنشین دەبێت و خوا حافیزی لە قوتابییەکانی دەکات.

ئیڤلین وو (1903- 1966):

رۆماننووسی نوکتەباز، لە هەوەڵین و بەناوبانگترین رۆمانەکانیا کۆمەڵگەی مۆدپەرستی لەندەن و رۆشنبیرانی لاوی دەیەی 1920ی دایە بەر هێرشی تەنزو توانجێکی توند. لەم رۆمانانە: داڕوخان و کەوتن (1928) و ئالودەکان (1930)، کە لە راستیدا کۆمیدیای پڕ پێکەنین بەلام ئاوێتە بە توندی و بێڕەحمین، بەناوبانگترین رۆمانی و، دیداری دووبارەی برایدزهد (1945) کە ناوەڕۆکێکی کاتولیکی هەیە. وو، رۆمانێن جەنگیشی نووسیوە کە وەکو: ئاڵای دیکەش هەڵکەن (1942) مۆرکی تەنزو توانجیان پێوەیە.

دافنە دوموریە (1907- 000):

ئەم خانمە نووسەرەی رۆمان و کورتە چیرۆکان، نەوەی جۆرج دوموریە (1834- 1896)ی نیگارکێش و رۆماننووسی ئینگلیزی و کیژی سیرجیرارد دوموریە (1873- 1934)ی ئەکتەری بەناوبانگ بوو، رۆمانە بازاڕییەکانی دوموریە، ئاوێتەیەکن لەمیلودراما، چیرۆکێن سەرکێشی و دڵداری، ئاسۆو دیمەنی ویلایەتی کورنوال، و مێژوو. بەناوبانگترین رۆمانی بریتین لە: میوانخانەی جامایکا (1936)، ربکا (1938)، و راشل-ی دۆتمام (1951).

ویلیام گولدینگ (1911- 1991):

لە رۆماننووسە گەورەکانی ساڵانی پاش جەنگە، مامۆستای داهێنانی رووداوێن سەیرو پڕ پێچ و پەنای غافڵگیرییە لە چیرۆکنووسیدا. ئەزموونەکانی گولدینگ لە هێزی دەریایی لە جەنگی جیهانی دووەم و ساڵانی وانە گوتنەوەی بە کوڕانی مندالْ بۆچوونە فەلسەفیەکانی ئەویان پێك هێناوە. رۆمانەکانی دەربڕی بۆچوونی خەمین و ترساوی ئەون بۆ جیهان. جیهانێك کە بەشەرەکانی شەڕانی و ژیانیان جۆرە شەڕێکە بە چنگ و بە ددان. یەکێك لە رۆمانە هەرە بەناوبانگەکانی گولدینگ: خواوەندی مەگەسان (1954)ە، چیرۆك و سەربوری دەستەیەك منداڵە کە لە دوای کەوتنی فڕۆکەکەیان لە دوڕگەیەکی بەهەشتیدا بە تەنیا دەمێننەوە. نووسەر لەم کتێبەدا سەربوری سەرکێشانەی منداڵان و کۆمەڵناسی سەرکەوتووانە لەگەڵ بەهەشتی عەدەن و گوناهی زاتی دا ئاوێتە دەکات.

میراتگران (1955)، رۆمانێکی سایکۆلۆژییە دەربارەی خەڵکانێکە کە زۆر نائاساییـن، دوو رۆمانی بەرجەستەی دیکەی گوڵدینگ: پینچرمارتین (1956)و کەوتنی ئازاد (1959) یان ناوە.

ئەنگوس ویڵسون (1913- 000):

رۆمـاننووس و نووسـەری کورتـە چـیرۆکانە. تەقریبـەن هـەموو لایەنـەکانی ژیـانی قارەمانـانی چیرۆکەکانی بەتـەوس و توانجـەوە وەسـف دەکات. لـە رۆمانـە هـەرە بـە ناوبانگـەکانی: رێبازەکـانی ئەنگلو ساکسۆن (1956) دەربارەی کەسایەتی مێژوونووسێکی سەدە ناڤینییەکانە، و پیرەمێرد لە باغی گیاندارانـدا (1961)، دەربارەی گیانلەبـەران و بەرپێوەبـەرانی باخێکی گیانلەبەرانە. ویلسـون لەم رۆمانەدا بە تەوسەوە دەروانێتە شێوە جۆراوجۆرەکـانی حکومـەت. لـە نێـو کورتـە چیرۆکەکـانی ویلسوندا دۆدۆ(5) جوانەکان (1950) دڵگیرترین چیرۆکێن وی لەخۆ دەگرێت.

## شانۆنامەنووسانی سەدەی بیستەم

<u>جۆرج برناردشۆ (1856– 1950):</u>

سـیمای پرشـنگداری درامـای ئینگلسـتان و مامۆسـتای کۆمیدیانووسـی سـەردەم، رەخنـەگرو چاکسـازی کۆمەڵایـەتی ئیرلەنـدی لـە دوبلین هاتـە دنیـاوە. بـابی هـەوەڵجار فەرمانبـەرێکی بچـووکی دەوڵـەت بـوو و پاشـان بـوو بـە بازرگـانێکی نـا سـەرکەوتوو. دایکـی لـە مۆسـیقاو گۆرانیـدا زەوق و بەهرەیـەکی هـەبوو و کورەکـەی بـە مۆسـیقاو بەرهـەمی هەنـدێ لـە مۆسـیقازانان ئاشـنا کـرد. شـۆ خوێندن و نووسینیش لەماڵەوە فێر بوو، و لەزاگەی خۆی چووە قوتابخانە، بەڵام لە چواردە ساڵیدا دەرس و دەوری تەرك کرد. لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بوو بە فەرمانبـەری ئیدارەی معامـەلاتی زەوی، بەڵام دوای چوار ساڵ دەستی لە ژیانی یەکهاوی و رۆتینی فەرمانبەرییش کێشایەوەو بیست ساڵان بوو کە چوو بۆ لەندەن. شۆ لەم شارە گەورەیەدا پتر لەدووی چالاکییەێن ئەدەبی بوو تا کـار کـردن و دابینکردنـی بـژێوی. خـۆی گوتـەنی "دایکـی لـە جیـاتی خـۆی خسـتە نێـو گێروگـازی ژیانـەوەو بـە مەسرەفی دایکی خۆی کرد بە پیاو".

شـۆ لـە لەندەنـدا ئاشـنایەتی لەگـەڵ هـزرێن سوسیالیسـتەکاندا پەیـدا کـردو چارەسـەری گرفتـە کۆمەڵایەتییەکانی لە سوسیالیزمی زانستی و خۆماڵیکردنی سەرمایەو زەویاندا بینییەوە. بۆیـە لـە ساڵی 1884 دا بە فەرمی بوو بـە ئەنـدامی ئەنجوومـەنی سوسیالیسـتی فابیـان، و چـەند گوتـارێکی دەربارەی سوسیالیزم، سیاسەت، ئابووری، هـەروەها رەخنـەو هەڵسـەنگاندنی مۆسیقا نووسـی. و زۆری نـەبرد وەکـو بانگەشـەکاری سوسـیالیزم و رەخنـەگری مۆسـیقا نـاوێکی پەیـدا کـرد، تـا سـاڵی 1884 پێنج رۆمانی سوسیالیستی–شی نووسی بوو کە سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا بـوو، و ئیـدی لـە سـاڵی 1885ــەوە، دەسـتی بەشانۆنامەنووسـین کـرد، بـەڵام سانسۆرچیان دراماکانیـان قەدەغە کرد، شانۆکانیش خۆیان لە نواندن و نمایش کردنیان نەدا.

سەرەنجام، یەکەم کۆ شانۆنامەی شـۆ لـە ژێـر سـەر نـاڤی "شـانونامانی خـۆش و نـاخۆش– 1898" بڵاوبووەوە. شانۆنامە خۆشەکان بریتیین لە: "چەك و مرۆڤ– 1894) کە مەیدانەکەی بولغارستانەو

به توندی هێرش دەکاتە سەر تیۆرییە رۆمانتیکەکان دەربارەی جەنگ، کاندیدا (1894) یەك لە سەرکەوتوترین بەرهەمی شانۆیی شۆیە دەربارەی مەسەلەی هاوسەرگری، پیاوی چارەنووس (1896) دەربارەی ناپلیۆن بونا پارتە، کە خۆی بە ئالەتێکی دەستی چارەنووس دەزانی، و تۆ هەرگیز ناتوانی بڵێی (1896). سێ شانۆنامەی ناخۆشیش بریتیین لە: ماڵانی کرێ (1892)، کە یەکەم شانۆنامەی شۆ بوو، مێباز (1893) و کاروکاسبی وارن خانم (1893) دەربارەی فاشەییە. شۆ بەم کۆ شانۆنامەیە دەستی بە پێشەکی نووسین بۆ شانۆنامەکانی کرد، و ئەم پێشەکییە رەوان و بە تەنزو تەوسانە هەندێ جار لە دەقی شانۆنامەکان درێژترن.

سەرناڤی دووەم کۆ دراماى شۆ "سێ شانۆنامە بۆ پیوریتنەکان" (1900) بوو. ئەم سێ شانۆنامەیە بریتی بوون لە: موریدی شەیتان (1897)، کە باسی ئەمریکای ساڵانی شۆڕشە، بە شێوەیەکی تایبەتی سوپای ئەو وڵاتە. گۆڕینی ئاینی کاپتن براس باوند (1900) کە لە مەراکش روو دەدا، و تزارو کلیوپاترا (1906) دەربارەی دەسیسەکاری سیاسییە لە میسری کۆن.

باشترین دراماى شۆ، کە خستویانەتە ریزی شانۆنامەنووسانی نمرە یەکی ئینگلستانەوە، ئەوانەن کە لە ساڵی 1900 بەدواوە بڵاوبوونەوە: مرۆڤو سۆپەرمان (1903) کە عینوانی فەرعی "کۆمیدیایەك و فەلسەفەیەك"ی هەیە، کۆمیدیاکەی بریتییە لە تاقیبی هەمیشەیی رەگەزی نێر لەلایەن رەگەزی مێوە، و فەلسەفەکەی، مەزەبی شۆیە، کە گۆڕانی داهێنەرانەیە. مێجەربار بارا (1905) شانۆنامەیەکی سەرنج راکێشی شۆیە، جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە دەکات کە هەژاری "خراپترین تاوانکارییە". ئاندروکلوس و شێر (1912) کە لە ئەفسانەی رۆمی ئاندرۆکلیسەوە(6) هەڵێنجراوە، دەربارەی ئیمانی مەسیحیانی سەرەتایە، شانۆنامەی پیگمالیون(7) (1913)ش لە ئەفسانەیەکی کلاسیکی یۆنانییەوە بە هەمان ناو هەڵێنجراوە، بەڵام شۆ لەم شانۆنامەیەدا مامەڵەی لەگەڵ پەیوەندییە بەشەری و سیستەمێن کۆمەڵایەتی تازەدا کردووە. ئەم شانۆنامەیە لە ساڵی 1956داکرا بە فیلمێکی کۆمیدی موزیکال-ی سەرکەوتوو بە ناوی "خانمە جوانەکەم". لە شانۆنامە سەرکەوتووەکانی دواتری شۆ: دکتۆر لەسەر دووڕیان (1918)و دراماى رەمزی و ئاڵۆزی ماڵی دڵشکێن (1920) دەربارەی نەمانی شارستانیەتی ئەوروپایە، گەڕانەوە بۆ میتوشالح (1922) شانۆنامەیەکی تەنزئامێزە، لەمەڕ درێژکردنەوەی ژیان و کەماڵپەزێری تیرەی بەشەر، و سینت جۆن (1923)، درامایەکی بە هێزی مێژوویییە دەربارەی کەسایەتی جاندارکی کیژە قارەمانی فەرەنسی.

شۆ کە یەکێکە لە شانۆنامەنووسانی نمرە یەکی ئینگلستان و لە دوای مۆلێر بە گەورەترین کۆمیدیانووس دەزانرێ، جگە لەو بەرهەمانەی نێو بران، زۆر گوتاری جۆراوجۆر، کتێبێك بەناونیشانی: رێنوێنی ژنانی هۆشمەند بەرەو سوسیالیزم و کاپیتالیزم (1928)، و رۆمانانی وەك بەسەرهاتی کچۆڵەیەکی رەش لە سۆراخی خودادا (1932)ی بە یادگار لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. سەرباری ئەمەش، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی تازەدا، کە سەردەمی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوو و گفتوگۆو باس بازاڕێکی گەرمی هەبوو، شۆ لەم باسانەدا بە پێشەنگ دەژمێردرا.

شۆ لەو نووسەرانە بوو کە دەیتوانی هەردوو رووی دراو ببینیّ و دەیویست شتی هەژێنەر بڵیّ تا مەردم ناچاری هزرین بکات، و شانۆنامە پڕ جوڵەو هێزی ژیانەکانی ئەو هزری نوێیان لە خۆ گرتبوو. بۆ شۆ زەحمەت بوو قاڵبە قەراردادی و پوچەڵ و گفتوگۆ بیّ ماناکانی کۆمەڵگە قبوڵ بکات. ئەندێشەو بیری جێگری ئەو کەسانەی کە هەرگیز زەحمەتی بیرکردنەوەیان دەربارەی مەسەلەکان بە خۆ نەدەدا، بۆ زەینی رۆشنی شۆ گەوجانە دەهاتە بەرچاو. هەر بۆیە بیرکردنەوەی لۆجیکی، وردبینی، حەقیقەتجۆیی، جیهانبینی، و دەرکی هۆی داماویی بەشەر، لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی ئەون. ئەو لە شانۆنامە بە توێکڵ و پڕ هەجوو و تەوسەکانیدا، بەکۆمەکی بلیمەتی و هونەرو لۆجیك، گاڵتە بەسەرمایەداری دەکات و رژێمی بودەڵەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری سواوی بۆرژوازی دەکوتێت.

شانۆنامەکانی شۆ، و بە گوتەیەکی وردتر، کۆمیدیا نوێیەکانی ئەو، کە لە ناکۆکییە هزری و چالاکییەکانی ژیانەوە هەڵدەقوڵێن، لەسەر بناغەو پایەی بابەتێن کۆمەڵایەتی رۆنراون... ئەم شانۆنامانە جۆرێك لە ریالیزمی ئیبسنانەیان تێدایە، بەڵام ئەم ریالیزمە لە پەردەیەکی گوساخی و نوکتەبێژییەوە پێچراوە، هەر ئەم تایبەتمەندیانە بوونە مایەی ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵی 1925ی پیّ ببرێت.

دەتوانریّ بگوتریّ شۆ دوو سیمای رواڵەتی و حەقیقی بوو. شۆی رواڵەتی، ئەو سیمایە بوو کە بە خۆی لە بەردەم خەڵکیدا دروستی کردبوو، و ئەم خەسڵەتانەی هەبوو: جۆرج برناردشۆی ریشنی ئەبرو پڕو پەیوەست، داکۆکیکار لە سوسیالیزمی سیاسی و ئابووری، مەزەبی نوێی گۆڕانی داهێنەرانە، و گیاخۆری، ناسکی و گوساخی ئاوێتەی رەخنەی توند دەکرد، رێزی هیچ کەس و هیچ شتێکی نە دەگرت، رەحمی بە هەست و بیری کەسدا نەدەکرد، بتەکانی دەکوتی بە زەویدا و پایەماڵی دەکردن، بەڵام شۆی حەقیقی مرۆڤێك بوو ئایدیالیست، بەشەر دۆست، میهرەبان، خاکی، شەرمن، لێبوردە، راستگۆو بیّ ریا.

<u>سێر جێمز مایتوبری (1860– 1937):</u>

درامانووس و رۆژنامەڤانی سکۆتلاندی، لە زانستگەی ئەدینبۆرگ خوێندی و ماوەیەك بە رۆژنامەنووسییەوە مژول بوو. یەکێك لەبەرهەمە هەرە باشەکانی سەرەتای مارگرێت ئوگیلڤی (1896) بوو کە ژیانی دایکی خۆی دەگێڕێتەوە.

شۆرەتی بری بەندە بە شانۆنامە عاتیفی و خەیاڵئەنگیزەکانی و بەو چیرۆکانەیەوە کە دەربارەی سکوتلاندەی زاگەیین، رەسەنترین درامای ئەو، شەقامی چۆنیەتییە (1901) دەربارەی چیرۆکێکی دڵدارییە. کریتنی سەرسامکەر (1902) شانۆنامەیەکی دیاری دیکەی برییە کە دەربارەی خانەوادەیەکی ئەشرافییە کە لە دورگەیەکی دوورا دووچاری کەشتی شکان دەبن، و لەم بەینەدا، لەهەنبەر داماوی و دەسەپاچەیی ئەم ئەشرافانەدا، هێزو توانای خزمەتکاری خانەوادەکە مایەی سەرسامییە. یەکێك لە شانۆنامە سەرکەوتووەکانی دیکەی ئەو، ئەوەی هەر ژنێك دەیزانیّ (1908) گاڵتە بەغروری رەگەزی نێر دەکات. بەڵام ناودارترین شانۆنامەی بری، پیتەرپن (1904)ی ناوە کە

دەربارەی منالانەو بۆ منالان نووسراوە. قارەمانی شانۆنامەکە، پیتەرپن، کوڕیژگەیەکە کە بۆ ولاتێکی سەیر دەڕەڤێ‌و دەبێت بە هاونشینی پەرییان.
لە ڕۆمانەکانی بری: کەشیشی بچووک (1891)، دەربارەی کەشیشێکی سکۆتلاندییە کە دلبەندی ئەشقی کیژێکی کێوەلی دەبێت، و تۆمی عاتیفی (1896) دەربارەی لاوێکە کە توانایەکی خەیالپەروەری نا ئاسایی هەیە.

جۆن میلینگتون سینگ (1871– 1909):

لە درامانووسانی پێشڕەوی ڕێنیسانسی ئەدەبی ئیرلەندە، و لە دیارترین سیماکانی شانۆی ئابی بوو، لە دوبلین‌و ئالمان‌و پاریس خوێندویەتی، و ژیانی ئەدەبی خۆی بە وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی سەمبولیزم دەست پێکرد.
پاشان بە هاندانی ییتس–ی ڕابەری ڕێنیسانسی ئەدەبی ئیرلەندە، چوو بۆ ڕۆژئاوای ئیرلەندە، یتس کە بینی بووی سینگ بە زگماك شانۆنامەنووس‌و بلیمەتە، لە هاندانیدا بەرەو ئەفسانانی کۆنی ئیرلەندی‌و ژیان‌و زمان‌و تۆنی قسەی گوندییان‌و دێهاتنشینانی ڕۆژئاوای ئەم دەڤەرە کاریگەرییەکی قولی هەبوو.
یەکەم شانۆنامەی سینگ، لە سێبەری دۆلدا (1903)ی ناو بوو. لە شانۆنامەکانی دواتریا، تراجیدیای تاکپەڕدەیی سوارانی دەریا (1904) گەورەیی و شکۆی دراماکانی ئاسخیلوس وەبیر دێنێتەوە. لاوی خۆشگوزەرانی ڕۆژئاوا (1907) کە بە شاکاری دەزانرێ، ئاوێتەیەکە لە ڕیالیزم‌و خەیال‌و تەنز، نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە لە شانۆی ئابی ئیرلەندییەکانی زۆر تووڕە کرد، و ناڕەزاییەکی توندی لە دوبلین نایەوە، چونکە بە ڕوالەت حورمەتی ژنانی ئیرلەندەی لەبەر چاو نەگرتبوو، و تراجیدیای تەواو نەکراوی سینگ: دیردری خەمین (1915) لە ئەفسانەی دیردرەوە وەرگیراوە، کە گەورەترین چیرۆکی ئەڤینداری ئیرلەندییە.

جان درینك واتەر (1882– 1937):

درامانووس، شاعیر، و ژیاننامەنووس، کە شانۆنامەکانی پتر لەسەر بنەمای مێژوو و ژیاننامان ڕۆنراون. شانۆنامەی ئەبراهام لینکۆلن (1918)، ژیانی سەر کۆماری ناسراوی ئەمریکا، کێشەی کۆیلایەتی، و جەنگی باکوورو باشوور وێنە دەگرێت. ماری ستوارت (1921)و ئولیڤەر کرامول (1921)ش دوو درامای مێژوویین.

جیمز ئیلروی فلکەر (1884– 1915):

درامانووس‌و شاعیری ئینگلیزی، کە بە دوا شاعیری قوتابخانەی پارناس دەژمێردرێت، فلکەر بە بت شکێنییەکانی، دلبەندیی بە یۆنان‌و ڕۆژهەلات، و دەولەمەندی وێنەیی دراماکانی بەناوبانگە.
ناودارترین شانۆنامەی فلکەر بە ناونیشانی (حەسەن– 1923)ە، کە بەلگەی زانیاری وردو فرەی ئەوە دەربارەی ڕۆژهەلات‌و هەروەها ڕەنگدانەوەی توانای شاعیرانەو دراماتیکی ئەوە. ئەم

شانۆنامەیە کەسایەتی شیرینی سازێك وێنە دەگرێت کە دەگاتە دەرباری بەغداو لەخەلیفە نزیك دەبێتەوە. شانۆنامەیەکی دیکەی فلکەر، دون جوان (1925)ـە کە کەم دابێژێك سەرکەوتوو بووە. پردی ئاگرین (1908) و سەفەری زێڕین بۆ سەمەرقەند (1913) لە دیوانە شیعرییەکانی فلکەرن، وردی شاعیر لەجۆری تەکنیك و هەروەها بیرونگەرایی ئەو لە ناوەڕۆك دا نیشاندەدەن.

<u>**شون ئۆکەیسی (1884– 1964):**</u>

درامانووسی ئیرلەندی، لە یەکێك لە گەڕەکە پیسەکانی دوبلین، لە بنەماڵەیەکی پروتستان هاتۆتە دنیا، لە منداڵی دا برسێتی و هەژاری و ناخۆشی چەشتووەو لە دنیای تەژی ترس و نەخۆشی و مەستیدا گەورە بوو. چونکە چاوەکانی کز بوون، نەچووە قوتابخانە. هەر چەندە تا دوانزە ساڵان توانای خوێندن و نووسینی نەبوو، بەڵام دوایی بەو تاسەو لەزەتەی لەکتێب خوێندنەوەدا دەیبینی، هەقی ئەو ساڵانەی کردەوە کە دواکەوتبوو، بەڵام خوێندنی ئەو، خۆی گوتەنی لە جادەکانی دوبلین دابووە. ئوکەیسی لە سەرەتای لاوی دا پەیوەندی بە "برای شۆڕشگێڕی ئیرلەندە"وە کرد، بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی گەیلی(8)و فێری زمانی ئیرلەندی بوو، لەم ساڵانەدا کاری جۆراوجۆری وەك کەناسی و کرێکاریشی کرد، و سەرەنجام بوو بە ئەندامی یەکێتی نۆ بونیادی کرێکارانی نە پسپۆر. لەم وەزع و حاڵانەدا، مانگرتنی ساڵی 1913ی کرێکارانی رێك خست و، چەند گوتارێکی بۆ رۆژنامەی یەکێتی نووسی.

ئوکەیسی کە لە شۆڕشی ئیرلەندەدا سیمایەکی خەباتکاری پەیدا کردبوو، بە سێ شانۆنامەی پڕ سەروسەدا کە لە شانۆی ئابیدا نمایش کران، وەکو رامانووسێکی گەورەش ناوبانگی پەیدا کرد. یەکەم شانۆنامە: لە پێستی شێرای ناوبوو کە لە ساڵی 1923دا چووە سەر شانۆ، دووەم شانۆنامەی جونۆ و پەیکوك (1924) ئاوێتەیەکی جوانی تراجیدیاو کۆمیدیا بوو، ئەو لەم درامایایەدا، کە بە شاکاری ئەو دەژمێردرێت، بەکۆمەکی شێوەیەکی تراجیدی –کۆمیدی و لە هەمان کاتدا ناتورالیزمی، ژیانی خەڵکی دوبلین لە واری جەنگی ناوخۆی ساڵی 1922دا وێنە دەگریت، ئەنجامدانی شانۆنامەی سێیەم، گاسن و ستێران (1926) لە شانۆی ئابیدا لافاوێکی بەرپا کردو ناڕەزایی و جۆش و خرۆشی ئیرلەندییەکان– کە هەستیان زۆر بریندار بوو بوو– پەلی بۆ شەقامەکانی دوبلین کێشا. سەرەنجام، شانۆی ئابی لە ساڵی 1928دا خۆی لە ئەنجامی شانۆنامەی سێیەمی ئوکەیسی بە ناوی تاسی زیوین –Silver Tassie) دوورەپەرێز گرت.

ئۆکەیسی لە شانۆی ئابی و لە ئیرلەندە دابڕاو چوو بۆ ئینگلستان و هەندێ شانۆنامەی دەربارەی سیاسەت و جەنگی چینایەتی نووسی. ئەم درامایانە لە چاو بەرهەمە ئیرلەندییەکانیدا رەسەنایەتی و هێزێکی کەمتریان هەیە. ئۆکەیسی لە دووری ئیرلەندە هەرگیز نەیتوانی بە باشی جاران بنووسێت، عادەتەن ئۆکەیسی لە دەرێی بازنەی رێنیسانسی ئەدەبی ئیرلەندە دادەنەن، چونکە دراماکانی زیاتر لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییە شارییە واقیعییەکاندا سەروکاریان هەیە تا کاروباری کەسایەتیانی گوندی و فۆلکلۆری نەتەوەییدا. سینگ–ی درامانووسی گەورەی رێنیسانسی ئیرلەندە، نیشانی دابوو کە شانۆنامانی باش دەکرێت لەسەر

ژیانی گوندێکی ئیرلەندی بینا بکرێ. ئوکەیسی ئەم شانۆنامە واقیعیانەی لەسەر ژیانی شاری بونیادنا. بە هەر حاڵ، تاسی زیوین، کە درامایەکی ئیکسپر سیونیستی بوو دەربارەی جەنگی جیهانی یەکەم، لە ساڵی 1932دا لە لەندەن نمایش کرا. شانۆنامەیەکی دیکەی ئۆکەیسی، لە دەروازەدا (1933) کە ئەمیش بە شێوە ئیکسپرسیونیستییە، جارێکی دی هاوخەمی قوڵی نووسەر لەگەڵ چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکات. ئەم شانۆنامەیە کە مەیدانەکەی سەیرانگەیەکە لە لەندەن، بە دەوری تەوەری بەرخوردی قەشەیەك لەگەڵ چەند بنیادەمێکی لاتو لەوێر، یەکێکی مولحید ژنێکی پۆلیس، ژنێکی سۆزانی (کە کیژی قەشەکە دەردەچێت)، و چەند کەسێکی دیکەدا دەسوڕێتەوە. و ئامانژەیەکی زۆری بۆ ستەمی کۆیلایەتی، هەژاری، ئەخلاقیاتو مەزەب تێدایە. شانۆنامەکانی دواتری ئۆکەیسی کە لە زەوق و قەریحەی لێوان لێوی کاراکتەرسازی دراماکانی سەرەتای ئەو بەتاڵ بوونەتەوە، و جۆرە پەیامێکی کۆمەڵایەتییان لێ بارکراوە، نا سەرکەوتوو بوون. غوماری ئەرخەوانی (1940)، ئەستێرە سور هەڵدەگەڕێ (1940) و سۆر گوڵان بۆ من (1947) لە جوملەی ئەم شانۆنامانەن.
ئۆکەیسی لە ساڵی 1936دا یەکەم کتێبی لە ژینامە شەش بەرگییەکەی خۆی لە ژێر سەر ناڤی: من لە دەرکە دەدەم، بڵاوکردەوە، کە بەرهەمێکی تەواو لیریکییەو پەخشانێکی پوختەی هەیە.

## جیمز برایدی (1888- 1951):

نـاوی خـوازراوی ئۆزبـورن هنـری مـەڤۆرە، شانۆنامەنووسـێکی سـکۆتلاندییە، نزیکـەی سـی شانۆنامەی لە دوا بەجێماوە کە پڕن لە سەر گەرمی و گاڵتەبازی. برایدی لەو شانۆنامەنووسانە بـوو کـە هەسـتی بـە پێویسـتی هەوڵـدان بـۆ چاکترکردنی وەزعو حـاڵی کۆمەڵایـەتی نـەدەکرد، و لەگەڵ ئەمەشا هەمیشە قسەی کردنی پێ بوو.
یەکەمین شانۆنامانی سەرکەوتووی برایدی، تویێکار (1930)و کەشیشی نووستوو (1933) لە دۆزی تاوانکاریی پڕ هەراو هەنگامەوە وەرگیران، شانۆنامەیەکی تری ئەو: ئاو لە خەوتنگەی مێرولاندا (1933) لە سکۆتلاندە روو دەدات. ئەژدیهاو کۆتر (1942) لە دراما بەناوبانگەکانی دیکەی برایدییە، و درەوشانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە.
برایـدی لـە سەرانسـەری تەمـەنیا شانۆنامەنووسـێکی ئەزمونگـەر بـوو, بۆیـە شـانۆنامەکانی بونیـادێکی مکومیـان نییـە. بەشـێوەیەکی گشـتی لـە رەسمـی دیمەنانـدا بـە توانایـە، بـەلاّم لـە کاراکتەرسازیو نیشاندانی رووداواندا نا سەرکەوتووە.

## جون بۆینتن پریستلی (1894- 1984):

درامـانووس، رۆمـاننووس، رەخنـەگر، گوتارنووسـی فـرە بەرهـەم و بـەناوبانگ لـە زانسـتگەی کەمبریج خوێندویەتی. ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمی لە خزمەتی هەنگەکانی (بەتالیۆن) دۆکی ولینگتون و دون گوزەراند، و ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم لە نووسینگەی قسە بڵاوکردنەوەی بەریتانیا (بی. بی. سی) گوزەراند، پریستلی لە ساڵی 1947 لە پاریس و لە ساڵی 1948 لە

پراگ سەرۆکایەتی کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی شانۆی یونسکۆی لە ئەستۆ بوو، و لە ساڵی 1949دا بوو بە سەرۆکی ئەنیستیتۆی نێو دەوڵەتی شانۆ.

بریستلی بە رۆمانی هاودەمانی باش (1929) گەییە ناوبانگ، ئەم رۆمانە کە کاراکتەرانی شادو دیمەنێن جۆراوجۆری ژیانی ئینگلیزی وێنە دەگرێت، لە ساڵی 1913دا بە شێوەی دراما لە لەندەن پێشکەش کرا، یەکێك لە رۆمانە بەناوبانگەکانی دیکەی: جادەی فریشتە (1930) چیرۆکی کاسبکارانی بچووك‌و سەرمایەدارێکی چاوچنۆك دەگێڕێتەوە. لە رۆمانەکانی دواتریا دەبێ ئاماژە بۆ فیستیڤاڵی فاربریج (1951)، سیحربازان (1954) و سی‌و یەکی حوزەیران (1961) بکرێت.

شانۆنامەکانی پریستلی دوو دەستەن: (1) کۆمیدیا خێزانییەکان دەربارەی چینی بۆرژوا کە باشترین نموونەیان گۆشەیەکی ترسناك (1932)ـە، یەکەمین شانۆنامەیەتی، (2) شانۆنامە ئەزمونگەرییەکانی دەربارەی زەمان. لەوانە، زەمان‌و خانەوادەی کونوای (1937) باسی رووداوێکە لە زەمانی ئایندەدان جونسون بەسەر ئوردەنەوە (1939) شانۆنامەیەکە دەربارەی فرۆکەوانێك کە لە رووداوێکا بەسەرهاتەکانی ژیانی رابردووی تاقی دەکاتەوە. لە دراماکانی دیکەی پریستلی: من پێشتر لێرە بووم (1937)، ئەمیش بە دەوری مەسەلەکانی زەماندا دەسووڕێتەوە، درەختی لەندەن (1948) بێحاڵی‌و حاڵەتی زێرەڤانی ساڵانی پاش جەنگ وێنە دەگرێت، ژووری تیابەتی (1953) کۆمیدیایەکی تاکپەردەییە، و ئەوان بۆ شار هاتن (1943) دەربارەی یوتوپیایەکە.

ئەمانە لە جوملەی بەرهەمە زۆرەکانی پریستلی-ن لەواری رەخنەی ئەدەبیدا: سیماکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن (1924) ئەبلەهان‌و فەیلەسوفان (1925) دەربارەی کەسایەتییە کۆمیدییەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی، کەسایەتییە کۆمیدییە ئینگلیزەکان (1925)، رۆمانی ئینگلیزی (1927)، و ئەدەبیات‌و مرۆڤی رۆژئاوایی (1960)ن ئەمانەش لە کتێب‌و نامەکانی ئەون لەواری رەخنەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا: مەیمونەکان‌و فریشەکان (1928)، بەریتانیا لە جەنگدا (1942)، هێزی نەفەرات (1944) دەربارەی ئامادەکردنی بەریتانیا بۆ شەڕ، سەفەری ئینگلیز (1933)، راپۆرتێکە لەمەڕ سەفەرێك لە ئینگلستانا لە ساڵانی قەیرانی ئابووریدا، و سەفەری روس (1946).

<u>سەموئیل بیکت (1906- 1989):</u>

درامانووس‌و رۆماننووسی ئیرلەندی، لە دوبلین چاوی بە دنیا هەڵێنا، لە ترینیتی کۆلیجی ئۆکسفۆرد خوێندویەتی، و لە ساڵی 1928 بۆ فەرەنسا رۆیی، لە پاریسدا کەوتە شیعر گوتن‌و نووسینی چیرۆك، و چەند سەفەرێکی ئینگلستانیشی کرد. سەرەنجام لە ساڵی 1937دا پاریسی بە مەفتەنی خۆی هەڵبژارد.

بیکت، هەوەڵین رۆمانەکانی لە ژێر سەرناڤانی: مورفی (1938)و وات (لە 1944دا نووسرا، لە 1953دا بڵاوبووەوە) بە زمانی ئینگلیزی نووسی. بەڵام لە ساڵی 1945 بە دواوە کتێبەکانی

هەوەڵجار بە زمانی فەرەنسی دەنووسیو پاشان بە خۆی وەریدەگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی، لە ساڵانی 1947– 1949دا رۆمانانی: مەولەوی، مالون دەمرێت، و بێ ئابڕو–ی نووسی کە لە راستیدا رۆمانێکی سێ بەشییە (تریلۆژی) بە گرنگترین سەرکەوتنی ئەدەبی ئەو دەژمێردرێت، مەولەوی (1951)– Molloy، شرۆڤەیەکی تاڵە لەمەڕ وەزعی کۆمیدی و خەمناکی بەشەرو عەودالی ئەو بۆ وەدەست هێنانی وەزعێکی باشتر، بەشی یەکەمی ئەم رۆمانە، چیرۆکی سەرگەردانی و گەڕانی بێهودەیی مەولەوی پیرەمێری ئیفلیجی تێك شکاو، بۆ گەییشتن بە دایکی خۆی بەر لە مردنی ئەوە. و بەشی دووەم گەڕانی بێ وەری موریانی، ماموری حەقیرو مل ئەستورە بۆ دۆزینەوەی مەولەوی. مالون دەمرێت(1951)، چیرۆکی بنیادەمێکی ئاوارەیە کە لە ژوورێکی سەیردا بەتەنیا لە جێگەی مەرگدا دەکەوێ، ژیانی رابردووی وەبیر دێنێتەوە. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کە ئەمە پیاو کوژێك بووە، و وەزعو حاڵی بەزەیی ئەنگێزی لە رۆژی پیریو تەنیاییدا، وێنەیەکە لە وەزعو حاڵی هەموو بەشەرێك.

بێ ئابڕو (1953) بەشی سێیەمی رۆمانەکە، بە کۆمەکی شێوەی شەپۆلی هۆش، چیرۆکی بوونی پوچی کەسایەتییە لە جوڵە کەوتوەکانی بیکت دەگێڕێتەوە: چیرۆکی بنیادەمێکی بێ دەسەڵاتو دەستو پێ سپییە کەلە خەمرەیەکی گەورەدا دەژی.

بیکت بە شانۆنامەی: لە چاوەڕوانی گۆدۆدا (1952)دا شۆرەتێکی عالەمگیری پەیدا کرد. ئەم بەرهەمە تراجی– کۆمیدییە کە دەربارەی نیشاندانی ئەوپەڕی نائومێدی و داماوی بەشەر، بەشەرێك کە لە ژیاندا –یا لە راستیا لە دوای مردن– بە تەماو چاوەڕوانی هیچ شتێك نییە. چیرۆکی شانۆنامەکە دەربارەی دوو بنیادەمی ماڵ بە کۆڵ، فلادیمییر،ستراگونە،و هیچ شتێك لە چیرۆکەکەدا روو نادات، جگە لە هەندێ وردە رووداوو گفتوگۆی دووبارە و تانەئامێز، کە ئاماژەن بۆ پوچی ژیان، فلادیمیرو ستراگۆنی هەژارو رووتو رەجاڵ، کە پاشان پیاوێکی دەوڵەمەند بە ناوی پوزو لەگەڵ لاکیی خزمەتکاریدا پەیوەندییان پێوە دەکەن، بێ ئەوەی وێنایەکی روونیان لەمەڕ گۆدۆ هەبێ، چاوەنۆڕی ئەون. بۆ وەخت کوشتن خۆ بە زنجیرە "وازییەك" بە پەیڤەوە خەریك دەکەن، و چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆ دەکەن. کە هەڵبەتە نایەت، هیچ شتێکیش روو نادات، تەنانەت گفتوگۆی دوو پیاوەکەش دەربارەی هیچە، لە کۆتاییدا ئەو جووتە دەکەونە بیری خۆ هەڵواسین، تا شتێك روو بدات، و بەڕاستی کارێك ئەنجام بدەن. بەڵام پەتیان پێویستە، و پێیان پەیدا ناکرێت، تەنانەت ناتوانن خۆیان بەدارا بکەن. ئیدی دێنە سەر ئەوەی لێکدی جودا ببنەوەو بڕۆن. بەڵام لە جوڵەو رۆییشتنیش دەکەون. ئەو جووتە وابەستەی یەکترنو هەرگیز هیچ کارێك ناکەن. ئەوانە تا کۆتایی شانۆنامەکە تەنیا چاوەڕوان دەکەن. بەڕاست گۆدۆ کێیە؟ ئایا خودایە؟ بەڵام هیچ رونکردنەوەیەك نادرێتو سەری داوەکە لە کەس دیار نییە. ئەم تراجیدی– کۆمیدییە جوانو قوڵو لە هەمان کاتدا تەفەکور ئامێزە یەکێکە لە شاکارەکانی شانۆی ناسراو بە "ئەبسێردیەت– پوچی".

یەکێك لە دراماکانی دواتری بیکت، دوا شریتی کروپە (1958) شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە، تەنیا کاراکتەری شانۆنامەکە پیرەمێردێکە بە ناوی کروپ، کرۆپ ئەو شریتی گفتوگۆیەی کە لە

لاویدا پڕی کردۆتەوە دووبارە لێدەداتەوەو گاڵتە بەو تاسەو کەڵکەڵەو ئارەزووانەی ساڵانی لاوی‌و میانساڵی خۆی، کە ئێستا بوون بە هیچ، دەکات. گرنگترین تایبەتمەندی دوا شریتی کروپ و هەروەها شانۆنامەی ڕۆژانی شاد (1961) پەرەسەندنی گفتوگۆیە تیایانا وەکو فۆرمێکی شانۆیی.

لە شانۆنامە مەنشورەکانی دیکەی بیکت: دوا گەمە (1957)یەو لەگەڵ دوو کاری ئەزموونی غەریبدا: یەکێکیان بەناوی: گەمە (1964)، کە پەردەی دووەمی دەقاو دەق دووبارە کردنەوەی پەردەی یەکەمە، و ئەویتریان بەناوی: هاتوچۆ (1967)یە، کە دوو زەمان لە سێ دەقیقەدا نیشاندەدات. شانۆنامەیەکی کورتی دیکەی بیکت، هەناسە (1971)ی ناوەو کورتەی ژیان لە سێ سانییەدا نیشاندەدات.

دراماکانی بیکت مەجازو نەقڵێکی نا ئومێدیانەو کومیدین دەربارەی وەزع‌و حاڵی بەشەر. لەم درامایانەدا لاوازی‌و مەحرومیەت‌و کلۆڵی‌و داماوی بەشەرەکان پتر بە کۆمەکی ئاماژەو جوڵەی تەوساوی لیبۆکانی سێرك وێنە دەگیرێن. بە کورتیەکەی، ئەم داهێنەرەی سیمایانی غەریب لە درامای سەردەمدا، بە یەکێك لە گەورەترین نووسەرانی ئەوروپای ساڵانی دوای جەنگ دەزانرێ.

**کریستوفەر فرای** (1907–000):

شانۆنامەنووس، ئەکتەرو دەرهێنەری خەڵکی بریستول، زۆربەی دراماکانی لە قاڵبی شیعردا داناوە. شانۆنامەکانی کە پڕن لە نوکتەبازی‌و لێکچوونی شاعیرانە، بە زۆری لە دابە مەزەبییە مەسیحییەکانەوە هەڵدەهێنجرێن. کوڕێك بە عەرەبانەوە (1939)، شانۆنامەیەکی سادەی مەزەبییە، ناوەڕۆکی شانۆنامەی نۆبەرە (1946) لە تەوراتەوە وەرگیراوەو باسی مەرگی کوڕەکەی فیرعەون‌و کۆچی ئیسرائیلیان لە میسرەوە دەکات. خانم نەسوتێنن (1949)، کە بەناوبانگترین درامای ئەوە، دەربارەی ژنێکی گەنجە کە دەیەوێ بمێنێ، بەڵام لەبەرە ئەوەی سیحربازە دەبێ بمرێت، خەوی زندانیان (1951)، باشترین شانۆنامەی دژە جەنگی ڕۆژگاری خۆیەتی، و لە چیرۆکەکانی تەوراتەوە وەرگیراوە. ئەم درامایە کە یەکەمجار لە کڵێسای زانستگەی ئۆکسفۆرد ئەنجامدرا، لە بنچینەدا بۆ ئەنجامدان لە کڵێسادا نووسراوە. دوا شانۆنامەی فرای، ساڵی هەتاو (1970)ش بە شێوەی شانۆنامە شیعرییەکانی سەرەتای ئەو هۆنراوەتەوە.

شۆرەتی فرای بەندە بە مامۆستایەتی ئەوەوە لە شیعراو ئەزموونی لە ئەکتەری و دەرهێنانی شانۆییدا.

**ترنس مرڤین راتیگان** (1911–0000):

لە لەندەن هاتۆتە دنیا، لە ترینیتی کۆلیجی ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی، لە ساڵی 1940 تا 1945 ستوانی هێزی هەوایی پاشایەتی بوو. راتیگان لە ساڵی 1934ەوە کاری خۆی بە نووسینی کۆمیدیای سووك‌و بازاڕی دەربارەی چینی بۆرژوازی دەست پێکرد، کۆمیدیا شادو بوێرانەکانی

ئەو کە لە ئینگلستان و ئەمریکا دەرهێنران، هەر چەندە پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمەوە نەبوو، تەمەشاڤانێکی زۆریان پەیدا کرد.

یەکەمین شانۆنامەی سەرکەوتوی راتیگان، فەرەنسەویانی بێ گریان (1937) بوو کە لە ساڵی 1936 لە لەندەن و لە ساڵی 1937 لە نیویورك پێشکەش کرا، و لە 1939دا لە قاڵبی فیلمنامەدا بڵاو بووەوە، کوڕی وینزیلو (1946) کە دەربارەی دۆزێکی جەنجاڵ ئەنگێزی مافەوانییەو تا رادەیەك مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە، لە 1946دا لە لەندەن و لە 1948دا لە نیویورك ئەنجامدرا، بەڵام شۆرەتی راتیگان زیاتر بەندە بە شانۆنامەکانی، دەریای قوڵی شین (1952)، مێزەجیاکان (1955)، هەمە جۆری لەناوەڕۆکدا (1958)و پیاو و کوڕ (1963).

لەم شانۆنامانەدا دوو بابەت، سوکایەتی و نیگەرانی زەینی، پێکەوە دەگێڕدرێنەوە. قارەمانی هەر درامایەك وێڕای ئەو سوکایەتیەی کە دەیبینێ، نەفس بەرزی خۆی پەیدا دەکاتەوە، سێ شانۆنامەی مێژوویی راتیگان بەناوی: چیرۆکی سەرکێشی (1950) دەربارەی ئەسکەندەر، روس (1960) دەربارەی ت.ا.لورنس ناسراو بە لورانسی عەرەبستان، و میرات بۆ میللەت (1970) دەربارەی هوراشیونلسون، خاڵە لاوازە بچووکە بەشەرییەکان شیدەکەنەوە.

<u>جۆن ئوزبورن (1929– 000):</u>

شانۆنامەنووس و دەرهێنەری خەڵکی لەندەن، لە کۆلیجی بلمونت خوێندویەتی، لە رابەرانی گروپی نووسەرانی ناسراو بە "پیاوانی گەنجی توڕە" بوو کە لە دەیەی 1950دا لە ئینگلستان دەرکەوتن، بەرهەمی ئەم گروپە دەربڕی توڕەیی و نەفرەتی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسی بەریتانیاو بودەڵەیی و ریاکاری چینی ناوەڕاست و باڵای کۆمەڵگەی بەریتانیا بوو.

یەکەم شانۆنامەی گرنگی ئوزبورن، بە توڕەیی ئاوڕ بدەوە (1956)یە، لە ساڵی 1956 لە لەندەن دەرهێنراو ساڵی دواتر لەنیویورك. قارەمانی سەرەکی ئەم شانۆنامە سێ پەردەییە جیمی پۆرتەر، پیاوێکە لە چینی بێ بەشی کۆمەڵگەو دەرچووی زانستگەیە کە لەگەڵ ئافرەتێکی سەر بە چینی باڵا زەماوەند دەکات و توڕەیی و نەفرەتی خۆی لەبەها چینایەتییەکانی ئینگلستان بەسەر ژنەکەیدا دەبارێنێ. جیمی زۆر زوو بوو بە قارەمانی وەچەیەکی نوێی سەرسام لە شۆڕشی مەجەڕستان، و نائومێد لە فەزاحەتی بەریتانیا لەسویس، و سەراپا ناڕەزایی دژی بۆمباو هەموو مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەم، لە شانۆنامەکانی دیکەی ئۆزبورن،بابەتی ریسوایی و حەز (1961) نمایشێکی تەلەفزیونییە، و لۆتەر (1961) درامایەکی مێژووییە دەربارەی مارتن لوتەری ریفۆرمیستی ئاینی ئەڵمانی، لە دراما مەنشورەکانی تری ئوزبورن دەتوانرێ ناوی ئەمانە ببرێ: گەواهی ناڕەوا (1965)، ئوتێلی ئەمستردام (1968) و زەمانی حازر (1968).

**هارولد پینتەر (1930– 000):**

لە ناوچەی کرێکاریی لەندەن، لە خانەوادەی خەیاتێکی جولەکە هاتۆتە دنیا، ماوەیەك لە ئەکادیمیای سەڵتەنەتی هونەرە درامییەکان خوێندی، و لە ساڵی 1949ـەوە. تا 1960 بوو بە ئەکتەرێکی پێشەیی. پینتەر لە پاڵ کاری ئەکتەریدا، هەندێ شانۆنامانیشی دەرهێنا، لە هەمان کاتدا، شیعرەکانیشی لە گۆڤاری شیعری لەندەن بڵاوکردەوە.

جگە لە درامایەکی زۆر، چەند فیلمنانەو نمایشێکی تەلەفزیۆنی و رادیۆییشی نووسی. یەکەم شانۆنامەی پینتەر بەناوی: ژوور (1957) لە ساڵی 1960دا لە بریستول دەرهێنرا، ئەم دراما یەکپەردەییە لەگەڵ دوو شانۆنامەی دواتری نووسەردا بەناوانی: جەژنی لە دایکبوون (1958)و (Dumb Waiter) (1960) بە "کۆمیدیایانی ترس" ناویان دەرکردووە. چونکە پینتەر لەم سێ درامایەدا لە زەمینەسازی ژوورێکی ئاساییدا حاڵەتی ترسێکی هەست پێکراوی بەسەردا سەپاندووە. جەژنی لە دایکبوون، کە یەکەم شانۆنامەی تەواوی پینتەر بوو، گەلەك جاران لە ئینگلستانو ئەمریکادا وازی کراو لە ساڵی 1968دا کرا بە فیلم. سەری دار (1960) دووەم درامای تەواوی پینتەر بوو کە لە ساڵی 1963دا کرا بە فیلم. لەم شانۆنامەیەشدا، وەکو لە چاوەڕوانی گۆدۆ کەی بیکتدا، قارەمانی سەرەکی بنیادەمێکی ئاوارەیە، گفتوگۆکان دەربارەی پوچی، کەسایەتی و ژینگەی ئاڵۆزکاو و پیس، و قسە لەسەر پوچی دنیای تازەو نائومێدی بەشەرەکانە کە چاوەڕوانی رزگاری لە خەم نین. گەڕانەوە بۆ نیشتمان (1965) بە گوتەی پینتەر خۆی، شانۆنامەیەکە دەربارەی ڤیانو حورمان، دڵبەندی پینتەر بەشەڕ لە پێناوی زاڵبووندا، لەم شانۆنامەیەو دراماکانی دواتریا وەك: ئاسۆ (1970)، بێدەنگی (1969)و رۆژگاری کۆن (1971) رەهەندی جنسی وەردەگرێت.

<u>ژێدەران:</u>

1- شنبرگ: (1874- 1951): مۆسیقازانی نەمساوی رەچەڵەکی ئەمریکایی.

2- ئابی (Abi): شانۆخانەیەکە لە دوبلینی ئیرلەندە، کە تایبەتە بە بوژانەوەی ئەدەبیی ئیرلەندی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە ساڵی 1904دا کرایەوەو خەڵکانی ناوداری وەك لیدی ا. گریگوری، و. ب. ییتسو ج. م. سینگ لە شانۆنامەنووسانو کار بەدەستانی ئەو شانۆیە بوون، لە ساڵی 1952دا شوێنەکەی سوتا.

3- سەردەمی جۆرج: گروپە شاعیرێکی ئینگلیزی هاوعەسری جۆرجی پێنجەم پاشای ئینگلستان بوو.

4- مکاشەفەی نوێ: ناونیشانی بزووتنەوەیەکی رۆمانتیکیو سوورریالیستی شیعریی ئینگلیزی بوو، کە ج. س. فریزر (لە دایکبووی 1915)ی شاعیری سکۆتلاندیو هنری تریس (1912- 1966)ی شاعیری ئینگلیزی لە رابەرەکانی بوون، ئەم بزووتنەوەیە

وەکـو کاردانەوەیـەك لـە هەنبـەر هـۆزانی کۆمەڵایـەتی شـاعیرانی بەرجەسـتەی دەیـەی 1930ی وەك ویستن هیو ئودن، هاتە ئاراوەو تەمەنێکی کورتی هەبوو.

5- دۆدۆ جوانـەکان: دۆدۆ، مـەلێك بـووە کـە توانـای فـڕینی نـەبووەو لـە دورگـەی موریسـدا ژیاوەو پاشان لە ناو چووە.

6- ئانـدروکلیس: کۆیلەیـەکی رومـی بـووە لـە سـەدەی یەکـەمی زاینیـدا دڕکێـك لـە دەسـتی شێرێك دەردێنێ و پاشان شێرەکە فریای دەکەوێ.

7- پیگمـالیون: پاشـای قـوبرس بـوو کـە ئاشـقی پەکـەرێکی مەڕمـەڕینی دەسـتکردی خـۆی دەبێـت. ئافرۆدێـت پەیکەرەکـە دەکـات بـە ژنێکـی راسـتەقینە، و پیگمـالیون زەماوەنـدی لەگەڵدا دەکات.

8- کۆمەڵەی گەیلی: رێکخراوێك بـوو کـە بـە مەبەسـتی پاراستن‌و پەرەپێـدانی زمـانی گـەیلی (زمانی ناوچەیی ئیرلەندی) لە ساڵی 1863دا هاتە ئاراوە.

<u>تێبینی:</u>

لە رۆژی 2007/11/2 لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە وەرم گێڕاوە:

تاریخ ادبیات جهان (جلد دوم)

باکنر ب.تراویك / عربعلی رضایی

چاپ اول: 1373

# براوەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات

لە نێو خەڵاتە ئەدەبییەکاندا، خەڵاتی نۆبڵ لە هەموویان بەنرخترو شانازی ئامێزترە.ئەم خەڵاتە یەکێکە لەو چەند خەڵاتەی کە لەسەر وەسێتی ئالفرید برنهارد نۆبڵ (1833- 1899)ی کیمیازانی سوێدی هاتە ئاراوە، نۆبڵ کە بە داهێنانی دینامیتو باروتی بێ دووکەڵ (نیترو گلیسیرین) سەروەتێکی زۆری دەستکەوتبوو، وەختێ بینی کە داهێنانەکەی ئەو، بە پێچەوانەی پێشبینی و چاوەڕوانی خۆیەوە، بۆ زیادکردنی هێزی چەکێن جەنگیو مرۆڤکوژی بەکار دەهێنرێ، زۆر نارەحەتو نیگەران بوو، و هەموو سەرمایەو دارایی خۆی بۆ پاداشتی دەستەبژێرانی زانست و ئەدەب و ئاشتی جیهانی تەرخان کرد. بە گوێرەی وەسێتنامەی نۆبڵ، لە دەرامەتی سەرمایە نۆ ملیۆن دۆلارییەکەی ئەو، پێنج خەڵات بۆ لقەکانی فیزیا، کیمیا، پزیشکی، ئەدەبیاتو ئاشتی هاتە ئاراوە تاساڵانە بدرێ بەو پیاوو ژنانەی، بێ جیاوازی نەتەوەییان، کە خزمەتی شایستەیان بە "قازانجی بەشەریەت" ئەنجام دابێ. ئەم خەڵاتانە یەکەمجار لە ساڵی 1901دا بە دەستەبژێران درا، لە ساڵی 1969شدا خەڵاتێك بۆ زانستی ئابووری هاتە کایەوە.

خەڵاتی نوبڵی ئەدەبیات بە "کەسێك دەدرێت کە لە مەیدانی ئەدەبیاتدا، بەرجەستەترین بەرهەمی -بەماهیەتی مەعنەوییەوە- ئەفراند بێ،" ئەم خەڵاتە بریتییە لە مەدالیایەکی زێڕ، دیبلۆمو بڕێك پارە کە لە چلو دوو هەزار دۆلارەوە لە ساڵی 1953دا بۆ 1,400,000 دۆلار لە ساڵی 1993دا زیادی کردووە، خەڵاتەکە لە دیسامبەری هەموو ساڵێکا -ساڵوەگەڕی مردنی نۆبڵ- لەلایەن ئەکادیمیای سوێدەوە لە ستۆکهۆڵم، بە ئامادەبوونی پاشای سوێد، دەدرێت. عادەتەن خەلاتەکەش بە کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر دەدرێ، نەك بە یەك بەرهەمی تایبەتی. هەندێ جاریش خەڵاتەکە بە دوو یان بە سێ نووسەر بە شەریکی دەدرێت، لە هەندێ ساڵیشدا

لەوەیە خەڵاتەکە براوەی نەبێ یان کۆسپێ بێتە رێ. وەکو ئەوەی کە لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەمدا، لە ماوەی ساڵانی 1940– 1943دا خەڵاتەکە بە هیچ کەسێك نەدرا.

1901: رنە فرانسواسوالی پرودوم (1839– 1907 فەرەنسی) لەسەر شیعرەکانی.
1902: تیودۆر مونرن (1817– 1903، ئەڵمانی) لەسەر بەرهەمە مێژووییەکانی.
1903: بیورنستیرنە بیورنسن (1832– 1910، نەرویجی) لەسەر رۆمان، شیعرو شانۆنامەکانی.
1904: فردریك مسترال (1830– 1914، فەرەنسی) لەسەر شیعرەکانی، و خوزیەئیچگاری ای ئیساگویری (1832– 1910، ئەسپانیایی) لەسەر شانۆنامەکانی.
1905: هنریك سینیکویچ (1846– 1916، پۆلاندی) لەسەر رۆمانەکانی
1906: جوزوپەکاردوچی (1835– 1907، ئیتاڵیایی) لەسەر شیعرەکانی.
1907: رادیرد کیپلنگ (1865– 1936، ئینگلیزی) لەسەر چیرۆك، رۆمانو شیعرەکانی.
1908: رودولف کریستف ئویکن (1846– 1926، ئاڵمانی) لەسەر چیرۆکە فەلسەفییەکانی.
1909: سلما لاگرولوف (1858– 1940، سوێدی) لەسەر رۆمانو شیعرەکانی.
1910: پل فن لودیك هیزە (1830– 1914، ئاڵمانی) لەسەر شیعرو رۆمانو شانۆنامەکانی.
1911: موریس مەتەرلینگ (1862– 1949، بەلچیکی) لە سەر شانۆنامەکانی.
1912: گرهارت هاوپتمان (1862–1946، ئاڵمانی) لەسەر شانۆنامەکانی.
1913: سیر دابیندرانات تاگور (1861– 1941، هندی) لەبەر شیعرەکانی.
1914: خەڵات نەدراوە.
1915: رۆمان رولان (1866– 1944، فەرەنسی) لەسەر رۆمانەکانی.
1916: ورنرفن هایدنستام (1859– 1940، سوێدی) لەسەر شیعرەکانی.
1917: کارل گلروپ (1857– 1919، سوێدی) لەسەر شیعرو رۆمانەکانیو هنریك پونتو پیدان (1857– 1943، دانیمارکی) لەسەر رۆمانو کورتە چیرۆکەکانی.
1918: خەڵات نەدرا.
1919: کارل فردریك شپیتلر (1845– 1924، سویسری) لەسەر داستان، کورتە چیرۆكو گوتارەکانی.
1920: کنوت هومسن (1859– 1952، نەرویجی) لەسەر رۆمانەکانی.
1921: ئاناتول فرانس (1844– 1924، فەرەنسی) لەسەر رۆمان، کورتە چیرۆكو گوتارەکانی.
1922: خاتینتو بناونتە ای مارتینز (1866– 1954، ئەسپانیایی) لەسەر شانۆنامەکانی.
1923: ویلیام بوتلەر یتس (1865– 1939، ئیرلەندی) لەسەر شیعرەکانی.
1924: فلادیسلاڤ ستانیسلاف رایمونت (1867– 1925، پۆلاندی) لەسەر رۆمانەکانی.
1925: جورج برناردشۆ (1856– 1950، ئینگلیزی) لەسەر شانۆنامەکانی.
1926: گراتسیادلدا (1875– 1936، ئیتاڵیایی) لەسەر رۆمانەکانی.
1927: هنری برگسون (1859– 1941، فەرەنسی) لەسەر کارە فەلسەفییەکانی.

1928: سیگرید ئوندست (1882– 1949، نەرویجی) لەسەر رۆمانەکانی.

1929: تۆماس مان (1875– 1955، ئاڵمانی) لەسەر رۆمانەکانی.

1930: سینکلر لویس (1885– 1951، ئەمریکایی) لەسەر رۆمانەکانی.

1931: ئەریك ئاکسل کارلفت (1864– 1931، سوێدی) لەسەر شیعرە لیریکییەکانی.

1932: جـون گـالزورتی (1867– 1933، ئینگلیـزی) لەسـەر رۆمـان، شـانۆنامەو کورتـە چیرۆکەکانی.

1933: ئیڤـان ئالکسـیوفیچ بـونین (1870– 1953، روسـی) لەسـەر رۆمـان، کورتـە چـیرۆك و شیعرەکانی.

1934: لویجی پیراندیلو (1867– 1936، ئیتاڵیایی) لەسەر شانۆنامەکانی.

1935: خەڵات نەدرا.

1936: یوجین گلادستون ئونیل (1888– 1953، ئەمریکایی) لەسەر شانۆنامەکانی.

1937: رۆژیە مارتن دگار (1881– 1957، فەرەنسی) لەسەر رۆمانەکانی.

1938: پیرل س. باك (1892– 1973، ئەمریکایی) لەسەر رۆمانەکانی

1939: فرانس ئەمیل سیلانپا (1888– 1964، فنلەندی) ) لەسەر رۆمانەکانی

1940 – 1943: خەڵات نەدرا

1944: یوهانس ویلهام نیسن (1873– 1950، دانیماریك) لەسەر شیعرو رۆمانەکانی.

1945: گابریلامیسترال (1899– 1957، شیلیایی) لەسەر شیعرەکانی.

1946: هیرمان هیسە (1877– 1962، ئاڵمانی) لەسەر شیعرو گوتارەکانی.

1947: ئاندریە جید (1869– 1951، فەرەنسی) ) لەسەر رۆمانەکانی.

1948: تومـاس سـترنزئیلیوت (1888– 1965، ئینگلیـزی) لـە سـەر شـیعر، گوتـارو شانۆنامەکانی.

1949: ویلیام فوکنەر (1897– 1962، ئەمریکایی) ) لەسەر رۆمانەکانی.

1950: برتراند رەسل (1872– 1970، ئینگلیزی) لەسەر بەرهەمە فەلسەفییەکانی.

1951: پرفابیـان لاگرکویسـت (1891– 1974، سـوێدی) لەسـەر رۆمانـەکانی، بـە تایبـەتی باراباس.

1952: فرانسوا موریاك (1855– 1970، فەرەنسی) لەسەر رۆمان و گوتارو شیعرەکانی.

1953: سـێر وینسـتن چەرچـیل (1874– 1965، ئینگلیـزی) لەسـەر گوتـارو بەرهەمـە مێژووییەکانی.

1954: ئیرنست هەمینگوای (1899– 1961، ئەمریکایی) لەسەر رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی.

1955: هارولد لوکسنس (1902– 2000، ئایسلاندی) ) لەسەر رۆمانەکانی.

1956: خوان رامون خیمەنز (1881– 1951، ئەسپانیایی) لەسەر شیعرەکانی.

1957: ئەلبیر کامۆ (1913– 1960، فەرەنسی) ) لەسەر رۆمانەکانی.

1958: بــوریس باســترناك (1890– 1960، رووســی) لەســەر رۆمانــەكانی، بەتایبــەتی دكتــۆر زیفاگو، باسترناك خەڵاتەكەی قەبوڵ نەكرد.

1959: سالڤاتور كوا سیمودو (1901– 1968، ئیتاڵیایی) لەسەر شیعرە لیریكییەكانی.

1960: سان جون پیرس (1887– 000، فەرەنسی) لەسەر شیعرەكانی.

1961: ئیڤ ئاندریچ (1892– 1975، یوگسلاڤ) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1962: جون ستاینبك (1802– 1968، ئەمریكایی) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1963: گیورگ سفریس (1900– 1971، یۆنانی) لەسەر شیعرە لیریكییەكانی.

1964: جــان پــول ســارتەر (1905– 1980، فەرەنســی) لەســەر بەرهەمــە فەلســەفییەكانی، خەڵاتەكەی قبوڵ نەكرد.

1965: میخائیل شولوخوف (1905– 1984، روسی) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1966: شمیویــل یــوزێ ئاگنــان (1888– 1970، ئیســرائیلی) لەســەر چــیرۆكەكانی دەربــارەی جولەكــەێن ئــەوروپای رۆژهــەڵاتی، و تیلــی زاكــس (1891– 1970، ئاڵمــانی– ســوێدی) لەســەر هۆزان و شانۆنامەكانی دەربارەی جولەكە.

1967: میگل ئانخل ئاستوریاس (1899– 1974، گواتیمالایی) لەسەر بەرهەمـەكانی دەربارەی كەسایەتی و داب و نەریتی خەڵكی وڵاتەكەی.

1968: یاسوناری كاواباتا (1899– 1972، ژاپۆنی) لەسەر رۆمانەكانی.

1969: سەموئیل بیكت (1906– 1990، ئیرلەندی) ) لەسەر رۆمان و شانۆنامەكانی.

1970: ئالكساندەر سولجنستن (1918– 000، روسی) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1971: پایلونێرودا (1904– 1973، شیلیایی) لەسەر شیعرەكانی.

1972: هاینریش بل (1917– 1985، ئاڵمانی) ) لەسەر رۆمان و كورتە چیرۆك و شانۆنامەكانی.

1973: پاتریك وایت (1912– 000، ئوسترالیایی) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1974: ئیونیدیونســن (1900– 1976، سویســری) ) لەســەر رۆمــان و چــیرۆكە كورتــەكانی، و هنری ئیدموند مارتینس (1904– 1978، سویسری) لەسەر كۆی بەرهەمەكانی.

1975: یوجینیومونتالە (1896– 1981، ئیتاڵیایی) لەسەر شیعرەكانی.

1976: ساویل بلو (1915– 000، ئەمریكایی) ) لەسەر رۆمانەكانی.

1977: ویسنتە ئالكسیاندر (1898– 1984، ئەسپانیایی) لەسەر شیعرەكانی.

1978: ئیساك بشویس سینگر (1904– 000، لـە دایكبـووی پۆڵانـدە) ) لەسـەر رۆمـان و كورتـە چیرۆكەكانی.

1979: ئودیسیوس ئیلیتیس (1912–000، یۆنانی) لەسەر شیعرەكانی.

1980: چسلاف میلوش (1911– 000، پۆڵاندی) لەسەر شیعرەكانی.

1981: ئیلیاس كانتی (1905– 000، لە دایكبـووی بولغاریا) لەسـەر بەرهەمـە چیرۆكڤانی و نـە چیرۆكڤانییەكانی.

1982: گابریــل گارســیا مــارکیز (1928– 000، کولۆمبیــایی) ) لەســەر رۆمــان و کورتــە چیرۆکەکانی.

1983: ویلیام گولدینگ (1911– 000، ئینگلیزی) ) لەسەر رۆمانەکانی.

1984: یاروسلاف سیفرت (1910– 000، چیکی) لەسەر شیعرەکانی.

1985: کلود سیمون (1913– 000، فەرەنسی) لەسەر شیعرەکانی.

1986: ول سونیکا (1936– 000، نایجری) لەسەر شیعر، شانۆنامەو رۆمانەکانی.

1987: جوزیف برودسکی (1940–000، روسی) لەسەر شیعرەکانی.

1988: نەجیب مەحفوز (1912– 000، میسری) ) لەسەر رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی.

1989: کامیلو خوزەسلا (1937– 000، ئەسپانیایی)

1990: ئۆکتافیوپاز (1914–000، مەکسیکی) لەسەر شیعرەکانی.

1991: نی دین گوردمیر (1923– 000، خەڵکی ئەفریقای باشوور) لەسەر کۆی بەرهەمەکانی.

1992: درك والکـات (000– 000، خـەڵکی دورگـەکانی هنـدی رۆژئـاوایی) لەســەر بەرهەمــە ئەدەبییە شیعر ئاساکانی.

1993: تونی ماریسن (1931– 000، رەش پێستی ئەمریکایی) لەسەر کۆی بەرهەمەکانی.

## حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکـەم بەرهـەمی شـیعرێکە بـەناوی (هـەڵبەسـتێکی هـەتیو کـەوتوو) کـە لـە ژمـارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسـەر یـان بەڕێوەبـەری نووسـین یـان سـکرتێری نووسـین یـان ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەرانی ئـەم گۆڤـار و بڵاوکراوانـە بـووە: گۆڤـاری گزنگـی نووسـەرانی کـەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 00222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگـە لـە نـاوی خـۆی, بـە تایبـەتی لـە گۆڤـاری گزنگـی نووسـەرانی کـەرکووك, نووسـەری کوردستان, کەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تـا ژ: 222 بـەناوی گۆڤەنـد, زنـار, سـیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع، هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بێ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لێ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور, ڕۆمان, چاپی یەکەم 1988
3- بەیداخ, چیرۆك, 1988
4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ, کۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا, ڕۆمان, سابت ڕەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002
8- نامۆ, ڕۆمان, ئەلبێر کامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس، چاپی سێیەم 2007، ئینتەرنێت.
9- ڕێبەر, ڕۆمان, مەهدی حسین, یەك چاپ (شاخ)، چاپی دووەم، 2007
10- شکست, ڕۆمان, ئەلکساندەر فەدایەف, چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم: 2007 ئینتەرنێت، و لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کورد (ز: 94).
11 – هاوماڵەکان, ڕۆمان, ئەحمەد مەحمود, دوو چاپ, شاخ, شار 2000 گوڵان
12- بێناسنامەکان, ڕۆمان, عەزیز نەسین, 3 چاپ شاخ, شار 2003
13- قوربانی, ڕۆمان, هیرب میدۆ, چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دوورە وڵات, ڕۆمان ع. ڤاسموف, چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ, ڕۆمان, کازانتزاکیس, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی, دوو چاپ, شاخ, شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی, چاپی شاخ 1985، چاپی دووەم (1987) چریکانی فیدایی خەڵکی ئێران.
18- دلێریی خۆراگرتن, ئەشرەف دەهقانی, چاپی شاخ

19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا, عزیز شەریف، چاپی دووەم (2008).
20- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد, ئیحسان نوری پاشا, یەك چاپ (1998).
21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ
22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو, د. کوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس
23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006
24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فۆاد زەکەریا. چاپی یەکەم، یانەی قەڵەم: 2006
25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی.چاپی دووەم، 2007
26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, باول ئایز لەر
27- بە دوعا شاعیرەکان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
28- جولەکەکەیماڵتا, شانۆنامە, کریستوفەر مالرۆ.
29- دادپەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
30-بەد حاڵی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.
31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەکسپیر.
33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوڵلائەلبوسێری.
34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.
35- هونەر و ژیانی کۆمەلایەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی
36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین ریید، چاپی یەکەم، 2006
37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ, لویس ریی.
38- منداڵە دارینە, چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان, یەلماز گونای
40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)
43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)
44- زندە خەون, کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی
45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران, هەولێر
46- جیٚ پیٚ, کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی) چاپی یەکەم: 2006
47- چیرۆکستان, کۆمەڵێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك
48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف
49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی - کوردی) حەمە کەریم عارف

50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری
51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە (ئەو رۆژەی کە ون بووم) چاپی یەکەم .2006
52- چزنیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.
54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.
55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی
56- گوگول, نووسەری ریالیست
57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی، (2007)، یانەی قەڵەم.
58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی ، (2007)، یانەی قەڵەم.
59- خافروغ لە شیعر دەدوێ, ژیان و بەرهەمی
60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
61- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز
62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا, حەمە کەریم عارف
64- دیدار و دەق و رەخنە. چاپی یەکەم (2005).
65- دیداری چیرۆکڤانی. چاپی یەکەم (2005).
66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.(چاپی یەکەم 2006، دەزگای موکریانی)
67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف
68- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف (1005).
69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران
70- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).
71- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).
72- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).
73- چینی کۆن
74- دەربارەی رۆمان و چیرۆك
75- پەیڤستانی من
76- ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ

* لە راپەرینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێران) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, دەتوانێ پەیوەندی بە نووسەرەوە بکات.